KURDISTAN




# سەرهەڵدانی داعش و هێرش بۆسەر کوردستان

## کۆمەڵێک: دیدو بۆچوونی نووسەرانی کوردو بیانی

بەشی دوویەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤

### ٩ی جوونی ٢٠١٤ تا ١٨ی فیبریۆیری ٢٠١٥

١- کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو مەترسی داعش ............................................................... هیوا محەمەد

٢- مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ...............................,,........................... مستەفا مەعرووفی

٣- گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش ................ حوسێن باوەجانی

٤- داعش خەونی سەربەخۆیی کورد دەزڕێنێ؟ ........................................................................ وەردا ئۆزۆر

٥- هەلومەرجی کوردستانو عیراق، لــەدوای تێکشکاندنی داعش .............................................. مەلا بەختیار

٦- بۆچی ئۆباما هەولێری پاراست؟ .......................................................................... و: خالد ئەحمەدیان پەسوێ

٧- داعش و هەڵوێستی هێزە کوردییەکان ............................................................... تالب قەیسەری

٨- روبرت جۆرج : داعش و دیکتاتۆریی و ١١ی سیبتەمبەر ................................................ هیوا محەمەد

٩- داعش لە کوێوە بۆ کوێ؟ ............................................................................ ئامادەکردنی: محەمەد ئەحمەد

١٠- گرینگترین کێشە و بەرەی ستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چییە؟ ........................................ مایکڵ دۆران

١١- هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ داعش دا............. محەمەد هادیفەر ... و. خالد ئەحمەدیان

١٢- هەولێر و پاشهاژەکانی ڕووخانی شەنگال ........................................................... سەلاحەددین خەدیو

١٣- داعش و شەنگالهەندێ زانیاری گرنگ لەبارەی شەنگال و ئێزدیەوە ................................... لەتیف فاتیح فەرەج

١٤- سەری مارەکە هێشتا هەر ئێرانە .................................................................................... مەنسوور مروەتی

١٥- تورکیا چی بۆ داعش کردوە؟ ......................................................................... ئامادەکردنی: چیا عەباس

١٦- بەرەی دژی داعش و دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستم .............................................. حەسەن شێخانی

١٧- پوختەیەک لەسەر داعش هۆکاری سەرهەڵدان و سەرچاوەی دارایی و ڕەهەندەکانی لە ناوبردنی ..... هەڵوێست میرانی

١٨- تورکیا پیلاندارێژی تاوانەکانی چەتەکانی داعشە لە دژی کورد ........................................ ڕەزا شوان

١٩- داعش لێرە، دورویی لێرە ................................................................................... عەبدولا مەحمود

٢٠- داعش چۆن ڕازی بوو بارمتە تورکەکان ئازاد بکا؟ .............. ئەمرە ئوسلو- تودەی زەمان ....... و: مەسعوود مەناف

## بەشی دوویەم

٢١- ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کوردو عیراق ..................... مایکل نایتس ........ ئا: ڕەمەزان شێخانی
٢٢- ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لەناوچەکەدا، لەغاو کردنی ئێرانە .................................. تالب قەیسەری
٢٣- داعش، دروستکراوی ئێران، یان گەرای تورکیایە؟! .......................................... گەرمیانی حەمەی پوور
٢٤- کۆتایی شانۆگەریی کۆنسوڵگەریی تورکیا لەموسڵ ......................................... د.محەمەد نورەدین
٢٥- ئایندەی داعش بەرەو کوێ؟! ........................................................ عومەر عەلی غەفوور
٢٦- تەنێ هەر هێرشی هەوایی ناتوانێ پێشی داعش بگرێ ..................... پاتریک کاکبرن ..... و: حەسەن قازی
٢٧- ئاڵۆزییەکانی شەڕی لەناوبردنی داعش ................................................. حەسەن یاسین
٢٨- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ...................................... هیوا مەجید
٢٩- داعش و ئاینی ئیسلام – چی پەیوەندیەک؟ ................................................. سیروان عەبدول
٣٠- تورکیاو داعش، خەلافەت دژی کورد؟ ............................................... ئاسۆ عەبدوللەتیف
٣١- لەناوبردنی داعش چەندی تێدەچێت؟ ........................................... ئامادەکردنی: لاوک ئەمجەد
٣٢- رووی شاراوەی داعش و سیاسەتی کوردی ............................................ سەید فەرهاد حەیدەری
٣٣- هەڵە ستراتێژیکەکانی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی داعش ....................................... حسێن مەعرووف پوور
٣٤- داعش زادەی سیاسەتی نادروست و ململانێی رۆژئاوا و رۆژهەڵات ........................................ نازم عومەر دەباغ
٣٥- گرینگترین کێشە و بەرەی ستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چییە؟ ........................................ مایکڵ دۆران
٣٦- ئاستەنگی شەڕی ناتۆ لەگەڵ داعش، لە نێوان تورکیا و کوردا ........................................ عارف باوەجانی
٣٧- ئەگەر برا لە دژ برا بێ ................................................................ عومەر عەلی غەفوور
٣٨- داعش فەزاحەتێک بۆ رادیکالیزمی راستەقینە .......................................... سلۆڤی ژیژک
٣٩- سەرۆ قادر: داعش درێژکراوەی کولتووری بەدەویی عەرەبییە ............................................ فەرهاد عومەر
٤٠- تورکیا لە دورێیانی کورد و داعشدا .......................................................... د.فایق گۆلپی
٤١- ئەرکی، ئەنتی فەندەمێنتالیستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ........................................... ئەنوەر حسێن
٤٢- پێگەی کورد لەنەخشەی سیاسیی دوای داعشدا ..................................................... هیوا محەمەد
٤٣- مەترسیدارترین شەش ژنی داعشی ............................................................ عەبدولکەریم شێخانی
٤٤- ئامانج لەبونی داعش ............................................................... ئومێد خدر
٤٥- داعش و مان ....................................................................... حەسەن یاسین
٤٦- تورکیاو ئەگەری بەشداری نەکردنی لەشەڕی دژ بە داعشدا ........................................ فەرید ئەسەسەرد
٤٧- کوردستان هەر یەک کوردستانە ..................................................... عەبدولکەریم شێخانی

## بەشی دوویەم

٤٨- داعش لەنێوان ناوەوەو دەرەوەی ئیسلامدا ........................................................ موحسین ئەدیب
٤٩- ئایندەی كوردستان لە شەڕی داعشدا ................................................................ ئاسۆ كەمال
٥٠- فرۆكەكانی داعش بەسەر سەرمەوە ....................................................................... سەربەست جیهاد
٥١- توركیاش بەرژەوەندیی هەیە ................................................................................ هاوڕێ باوەیس
٥٢- داعش و تەنینەوەی رۆژهەڵاتی كوردستان ........................................................ هەڵمەت (عومەر) مەعرووفی
٥٣- كوردو داعش و ئەوانی دیكە! ................................................................................ ئەكرەمی میهرداد
٥٤- ئەورووپییەكانی ناو داعش .................................................................. رێكەوت ئیسماعیل ئیبراهیم
٥٥- داعش... دەرهێنانی لە ریشە ................................................................................ مەحمود رەزا
٥٦- داعش وهەڵبژاردنی تونس ................................................................................ سەربەست جیهاد
٥٧- بۆ ئەمریكا:ئەم ئەستێڵە كەی ماسیی لێدەبڕێت؟ .................................................... هیوا محەمەد
٥٨- داعش تەواودەبێت ........................................................................................... محەممەد رەئوف
٥٩- شەڕی دوای داعش .......................................................................................... عەبدوڵڵا رێشاوی
٦٠- داعش و رەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەوان ........................................................................ شەهلا دەباغی
٦١- داعش وەک رەشەبایەکی ستاندارد ......................................................................... دانا ئیبراهیم
٦٢- سیاسەت لەسەردەمی داعشدا ................................................................................ ئاراس فەتاح
٦٣- شەڕی داعش بە خێر گەڕایەوە بۆ كورد! ........................................................ عەبدولڕحمان موهەندیس
٦٤- داعش، ستراتیژی هێنانەوە پاشی مەسەلەی كورد ................................................ خالید حەسەنپور
٦٥- دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقو شام چۆن دروستبو؟! ................................................ فەرەیدون كونجرینی
٦٦- توركیاو داعش، پارتیو پەیەدە ........................................................................ سەرتیپ جەوهەر
٦٧- توركیا داعش دەبووژێنێتەوەو شارەكانی سنووریش ماڵی موجاهیدەكانن ............................ داریوس ئەلدەروێش
٦٨- هەریسەی نەوت؛ كێ خێری لەداعش بینی؟.......................................................... زاگرۆس رێباز

# کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو مەترسی داعش



## داعش وەک قاعیدە نییەو چارەسەری سەربازیی تەنها رێگە نییە بۆ لە ناوبردنی

هیوا محەمەد

ئەم بارودۆخەی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و عیراق و سوریا بەتایبەت کە بە هۆی داگیرکردنی موسڵ و چەند شارو شارۆچکەی دیکەی عیراق و کوردستان لە لایەن تیروریستانی داعشەوە دروست بووە، هەموو جیهانی هێناوەتە زمان و جوڵە، زیاتر ئەو جوڵەیە روو لە کوردستانە بەو پێیەی کە کوردستان چەند ساڵێکە ناوچەیەکی پر لە ئارامی و ئاسایشە ئەگەرچی ئایین و نەتەوەی جیاوازیش تیایدا پێکەوە دەژین.

زۆر لە ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەستی هاوکارییان درێژ کردوە و بەردەوامیش روو لە زیاد بوونە، ولاتانی دراوسێ هەلوێستیان نەرمە بەرامبەر هەرێم و دەزانن کە مەترسی داعش بۆسەر ئەوانیشە، پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزە کە بەردەوام رووبەروی داعش دەبێتەوەو قوربانی دەبەخشێ. میدیاکانی جیهان، سیاسەتمەداران هەموویان کردەوەکانی داعش و مەترسییان بۆسەر کۆمەڵگا لە سەرەتای باسەکانیان دادەنێن، هەموو جیهان داعش بە میکروبێکی کوشەندە دادەنێن کە زوو بلاو دەبێتەوە.

### ستراتیجی چاوەڕوانی

لێرەدا هەوڵمداوە کە هەندێک لە بۆچوونی چەند کەسێکی سیاسەتمەدارو نووسەری جیهانی لەم بارەوە کۆبکەمەوە کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەلام هەموویان لەیەک نزیک دەبنەوە کاتێ هەست بە مەترسی داعش دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

عەبدولرەحمن راشد بەڕێوەبەری کەناڵی ئەلعەرەبیە لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنیدا دەڵێ: نەبوونی ستراتیژیەتێکی ئەمریکا لە سێ ساڵی رابردوودا لە سوریا جگە لە ستراتیژیەتی چاوەڕوانی دەرباز بوون، بوە هۆی دروست بوونی رێکخراوی تیروریستی بەهێز وێنەی قاعیدە و نەسرە و داعش و جوڵانی بزووتنەوە جیهادییە توندڕەوە ئسلامیەکان و دەرکەوتنیان وەکو بۆکۆ حەرام لەمالی و ئەنساری شەریعە لە لیبیا و ئەنساری بەیت مەقدەس لەسینا و قاعیدە لە یەمەن.

جیهادیەکان لە جیهاندا پێیانوایە زلهێزی جیهان واتا ئەمریکا شەڕیان لەگەڵدا ناکات و کشاوەتەوە بۆ ناو خاکی ئەمریکا و ئێستا لەبەردەمیاندا هەلێکی باش و بۆشاییەکی گەورە هەیە دەتوانن ئاژاوە و پشێوی تیادا بنێنەوە، بەتایبەتیش عیراق و لیبیا و سوریا و یەمەن.

نەبوونی ستراتیژی ئەمریکی وای کرد کە ئەو گروپە تیروریستانە وەک شێرپەنجە بڵاو ببنەوە و ببنە هەڕەشە لەسەر هەموو جیهان نەک بەتەنها روژهەڵاتی ناوەراست. هەروا دەنووسێت: ئەمریکا دەیتوانی هاوکاری ئوپۆزسیونی خاوێنی سوریا بکات کە لە هەموو پێکهاتەکانی تیادا بوو کە باوەڕیان بە بەها شارستانییەکان هەبوو و لەناو سەرکردەکانیدا ئافرەت و مەسیحی و کورد و عەلەویش هەن شانبەشانی عەرەبی سوننە، ئەمریکا دەیتوانی رێگە بگرێت لە ولاتانی دراوسێ کە نەهێڵن ئەو شەڕکەرە بیانیانە بە خاکەکانیاندا بپەڕنەوە بۆ ناو سوریا بەتایبەت تورکیا کە خۆی ئەندامی ناتۆیە.

**جو سیستاک سیناتوری پێشووی دیموکراتەکان لە ئەمریکا (ئیم سی تی – ئنترناشیونال** ٣١ - ٨) **دەڵێ:** تێدەگەم لەوەی کە ئەمریکییەکان ماندوو بوون و دەیانەوێت زۆر خۆیان بە جیهانی دەرەوە خەریک نەکەن، بەلام ئەگەر بەو جۆرەش رۆڵی خۆمان لەدەست بدەین ئەوە مەترسی دەکەوێتە سەر ئاسایشی ئەمریکاش، دەبێت چاوێک بە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆماندا بخشێنینەوەو بۆ ئەمەش هەندێ کۆسپ و تەگەرەی سەخت دێتە رێمان و لە هەموویان گرنگ تر نەمانی سنووری نێوان سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نیشتیمانی ناوخۆ کە زۆر تێکەڵ بوون، ئەوەی کە لە روژهەلاتی ناوەراست رووەدەدات یان ئەوەی لە تەنگاوە دەرییاییەکانی خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیا هەیە کارتێکەری بۆ سەر بارودۆخی دۆڵی سیلیکون لە کالیفۆرنیا دەبێت.

### بەشداری هاوپەیمانەکانمان

**هەروا دەڵێت:** ئەوەی وامان لێ دەکات هەست بە مەترسی داعش بکەین ئەو گیرفانە پڕە و ئەو هاوکارییەیە کە لە دەوروبەریان بۆیان دەکرێت، هەر ئەمەش دەبێت هاندەر بێت بۆ بەشداری هاوپەیمانەکانمان لە رێگەی دەریایی و ئاژانسە

هەواڵگرییەکان لەسەر ئاستی جیهان پێکەوە کار بکەین بۆ رێگرتن لە هەموو ئەو هاوکارییانەی کە بە تیرۆریستان دەکرێت و ئەو تۆڕانە تێک بدرێت کە بنیاتیان ناوە.

**جون ماکین سیناتوری کۆمارییەکان لە روژنامەی نیویورک تایمز ١ - ٩ دەڵێ:** مەترسی داعش لەگەڵ تێپەڕینی کات زیاتر دەبێت، دەبێت رووبەروویان بینەوە بۆ ئەمەش پێویستمان بە ستراتیژیەتی فراوان و سەرکردایەتیەکی راستەوخۆی سەرۆک هەیە کە زیاتر هەست بە سنووری مەترسییەکان بکرێت، ئەگەر ئۆباما رێرەوی گۆڕی و رەوتێکی ستراتیژی بۆ شکاندنی داعش گرتە بەر ئەوە شایانی هەموو پشتگیرییەکە.

دەبێت ئەمریکا بیر لەوە بکاتەوە کە هاوکات لەگەڵ پشتگیری کوردەکان و عەشایەرە عەرەبە سوننەکان هاوکاری ئۆپۆزسیونی سوریاش بکات و نەهێڵێت ئیران بێتە ناوەوە چونکە ئەوە کێشەکە زیاتر دەکات و داعشی پێ پتەوتر دەبێت.
جون ماکین لەو روانگەوە کە دیارە کەسانێکی زۆر لە حکومەت و کونگریسی ئەمریکا نارازین بەو هەڵوێستانەی ئەمریکا و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆیە دەڵێ: پێویستە سەرۆکی ئەرکانی ئەمریکی ئەوە بۆ ئەو ئەمریکیە ترسەنوکانە روون بکاتەوە کە مەترسی داعش تا چەند بۆ سەر ئەمریکاش هەیە، دەبێ بزانن داعش کە گەورەترین و دەوڵەمەندترین رێکخراوی تیروریستییە لە مێژوودا کە پانتاییەکیان داگیر کردوە لەناو جەرگەی روژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە قەبارەی پانتایی ویلایەتی ئەندیانای ئەمریکا دەبێت و لەناو ریزەکانیدا هەزاران توندڕەو هەن کە هەڵگری پەساپۆرتی رۆژئاوایین و تیاشیاندایە ئەمریکین.

لەوە دەچێت چارەسەری سەربازی تەنها رێگە نەبێت بۆ داعش، بەڵکو دەبێت ستراتیژیەکە فراوان تر بێت، لەوانە رێگری بکرێت لە هاوکاری کردنی داعش و حکومەتێک دابمەزرێت لە عیراق کە هەموو پێکهاتەکانی تیادا بەشدار بێت، سوننە بەشدار بێت لە سەروەت و دەسەڵات نەک پشتگوێ بخرێن بۆ ئەوەی بەلای داعشدا برۆن.

**جون کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (نیویورک تایمز ٣١ - ٨) دەڵێ:** رەگی داعش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخراوی قاعیدە لە عیراق کە خاوەنی ئەزموونێکی دەساڵەی کاری تیروریستین کە لە رێکخراوێکدا چەندین جیهادیی توندڕەویان کۆ کردوەتەوە لەوانەی خۆیان بۆ شەڕ تەرخان کردووە و نیازیان فراوان کردنی کارەکانیانە لە جیهاندا.

بۆ رووبەرووبونەوەشیان هێرشە ئاسمانییەکان بە تەنها ئەو دوژمنە ناشکێنێت، دەبێت رووبەرووبوونەوەیەکی تەواو لەلایەن هەموو وولاتانی جیهانەوە رێک بخرێت، پێویستە هاوکاری هێزەکانی عیراق و ئۆپۆزسیونی سوریا بکەین کە دژی داعش شەڕ



سەرچاوە
Serchawe

دەکەن، هەروا دەبێت تواناکانی داعش کەم بکەینەوە و لە راگەیاندنەکانەوە ئەو پەیامە توندڕەوانەیان ریسوا بکەین و بەمەش دەستەبەری ئاسایش بۆ گەلەکانمان دەکەین.

### کردەوە ڤێزەونەکانی داعش

**جون کیری لە بابەتەکەیدا نووسیویەتی:** کردەوە ڤێزەونەکانی داعش وڵاتانی دراوسێ یەک دەخات و کۆیان دەکاتەوە بۆ پشتگیری حکومەتی نوێی عیراق سەرەڕای جیاوازی بەرژەوەندییە کانیان کە لە مێژەوە هەیە، بە تێپەڕ بوونی کات ئەو هاوپەیمانێتیانە دەتوانن ئەو کارە بنچینەییانە بن بڕ بکەن کە دەبنە هۆکاری بەهێز کردنی داعش و هەموو ئەو گروپە تیروریستیانەی کە سەر هەڵ ئەدەن.

**فلافیا بانسییری جێگری کۆمیسیاری مافی مروڤ لە دانیشتنی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە جنێف دەڵێ:** کەمینەکان لە مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان هەروەها شیعەکان رووبەرووی چەوساندنەوە و ئازاردان هاتوون بە پلەیەک کە دەگاتە سڕینەوەی رەگەزو ئایین، پێدەچێت داعشیەکان بە مەبەستی دارێژراو ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن بەرامبەریان و بێبەری بکرێن لە مافەکانیان و بیروباوەڕیان لێ بسڕدرێتەوە و لێیان قەدەغە بکرێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زۆریان ئاوارە ببن و لەترسی داعش جێگە و ماڵی خۆیان جێ بهێڵن، داعش مەترسی بۆسەر هەمووان هەیە.

زۆرن ئەوانەی کە داعشیەکان بە پەیڕەوانی سەلەفی پێناس دەکەن هەر بۆیە لەناو گشتی ئیسلامدا رای جۆراوجۆر لەم بارەوە دێت و دەچێت، هەندێک پێیان وایە ئەوانە دوورن لە ئیسلامەوە و هەندێکیش پێیان وایە ئەوانە بە تەواوی پەیڕەوی ئیسلام و قورئان دەکەن، هەندێک لە روانگەی مەزهەبی جیاجیاوە بۆیان دەڕوانن، شیعە مەزهەبەکان بێ گوێدانە هەرچیەک بە تەکفیری ناویان دەبەن.

**حەمەد ماجد لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی (٢ - ٩ - ٢٠١٤) لە وتارێکیدا کە لە ژێر ناوی (تیرۆر تەنها لای سەلەفیەکانە) دەڵێ:** سەلەفیەتی سوننە تەنها باوەڕە لەسەر روی زەوی کە لە پشت تیروری رابردوو و ئێستا و داهاتوو دەوەستێ و هانی دەدات، تەنها باوەڕە کە لە ئەدەبیات و هەڵسوکەوتی کەسەکانیدا پڕە لەهەڵەی نابەجێ.

لە ناو چەکدارە تیروریستەکانی داعشدا زۆر جنسیەی جیاواز هەن، بەرێژەیەک و بە جۆرێک کە یەکەم گروپی تیروریستین لە جیهاندا کە لە پێکهاتەکەیاندا خەڵکی وڵاتانی جیاواز هەیە.

بەشی دوویەم

**دیڤید کامیرون سەرۆک وەزیرانی بەریتانی ڕۆژی ٢٩ - ٨ وتی؛** کە گومانیان هەیە ٥٠٠ کەسی خاوەن رەگەزنامەی بەریتانی پەیوەندی کردبێت بە داعشەوە و ئەوەشی بە مەترسیدار لە قەڵەمدا.

**دەبێت گەورەترین سزابدرێن**

هەروا بە پێی زانیارییەکان لە سعودیەوە پێدەچێت ٢٥٠٠ کەسی سعودی لەسوریادا لە ناو گروپە تیروریستەکاندا شەڕ بکەن، کۆمپانیای هەواڵگری سوفان کە بارەگای لە نیویورکە دەڵێ نزیکەی ١٢ هەزار چەکداری بیانی کە لە ٨١ وڵاتەوە هاتوون بۆ شەڕی سوریا لەوانەش ٣ هەزاریان لە ئەوروپاوە هاتوون، بەو پێیەش کە داعش چالاک ترینیانە و لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە درێژە بەکارەکانیان دەدەن پێدەچێت زۆرینەی ئەو کەسانە پەیوەندییان بەداعشەوە کردبێت تا هێزە چەکدارە بەرەنگارەکانی دیکەی سوریا.

**جویل ماتیس و بن بوهیتشاک لە بابەتێکی هاوبەشدا کە لە (ئیم سی تی ئەنترناشیونال ٣ - ٩) بڵاو بۆتەوە و تیایدا هاتووە دەڵێن؛** داعش بەتەنها هەڕەشە نییە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە روژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڵکو هەڕەشەشە بۆ سەر ژیانی ئەمریکییەکان لەدەرەوە و ناوەوەی نیشتمان، ئەمریکا ئەگەر ئیرادەی هەبێت دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر داعشداو لەناویان بەرێت، ئەمریکا نابێت وابزانێت داعش قاعیدەیە و بەم شێوەیەی ئێستا و بەرێگەی هێرشی ئاسمانی و هاوکاری کوردەکان وابزانێت دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر داعشدا، ئەوانە بەو شێوە ترسەناکە سەری (جیمس فولی) رۆژنامەنوسیان لێ کردەوە ئەبێت گەورەترین سزابدرێن لە بەرامبەر ئەو کردەوە تیروریستانەیان.

**هەروەها لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیاندا دەڵێن:** پێویستە لەسەرمان ئابلۆقەی ئابووریی روخێنەر بسەپێنین بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە هاوکاری داعش دەکەن، ئەگەر ئەو هەوالانە راست بن پێدەچێت هاوکارییە خواردمەنیەکانی داعش بەرەو کۆتایی بچێت لەوەی کە هەیانە، ئەو گروپە تیروریستە ناتوانن خۆ رابگرن بۆ ماوەیەکی درێژ بێ هاوکاری خواردن و کەلوپەلی پێویست.

**ئەنجیلو کودفیلا نووسەری کتێبی (دروست کردنی ئاشتی و پاراستنی) دەڵێ:** دەبێت ئەمریکا شەڕ لەبەرامبەر داعش هەڵگیرسێنێت بەمەرجێک لە رۆح و جەستەیان بدات و لەناویان بەرێت بە شێوەیەک کە نەتوانن جارێکی تر سەر هەڵبدەنەوە و کەسیش نەتوانێ لە داهاتوودا هەڵەی ئەوان دوبارە بکاتەوە و لاساییان بکاتەوە.

سەرچاوە: انصات مرکزی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتامبری ٢٠١٤

# مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



مستەفا مەعرووفی

«دەوڵەتی ئیسلامی» کە بە داعش ناوی ڕۆیشتوە، نیگەرانییەکی زۆری بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ناوچە بە تایبەتی پێک هێناوە. ئەم گرووپە کە بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵات و باشووری سووریەی داگیر کردوە لە هەردوو وڵاتدا بەرەیەکی نزیک بە ٢٠٠٠ ک.م ی لە دژی کورد کردۆتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ بزانین ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستا لە بەرامبەر ئەم گرووپەدا هەڵوێستی چ بووە؟ ئەم گرووپە دەتوانێ هەڕەشە بێ بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ئەو مەترسیانە چەندە جیددین؟

### هەڵوێستی ڕێژیمی ئێران لە بەرامبەر داعشدا

هەرچەند یەکێک لە سیاسەتەکانی گرووپی داعش دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی شیعەیە، بەڵام هەتا ئێستا کردەوەیەکی تێرۆریستیی لە دژی شیعە یان ڕێژیمی ئێران ئەنجام نەداوە. جگە لە دەرکردنی سوپای عێراق لە ناوچەی سوننی نشینی عەرەب، شەڕی تەنیا لە دژی کورد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بووە. هەر چەند ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئێران لێی نیگەران نەبێ، هەڵوێسی ڕێژیمی ئێران لە چەند بواردا خۆی دەنوێنێ: ئێران بە ڕەسمی دژایەتیی خۆی لەبەرامبەر داعشدا ڕاگەیاندوە و تەنانەت ڕایگەیاندوە کە بە هەر نرخێک بووە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق لە مەترسییەکانی داعش دەپارێزێ. هەروەها، هەر کات و لە هەرجێگایەک ئەمریکا دەستی بۆ هێرشێکی نیزامی بردبێ، تەنانەت بۆ سەر ڕێژیمی سەددامیش کە دوژمنی لەمێژینەی بوو، دژایەتیی خۆی ڕاگەاندوە و مەحکوومی کردوە، بەڵام دژی ئەو هێرشانە نیە کە ئێستا ئەمریکا بۆسەر پێگەکانی داعش ئەنجامیان دەدا. تەنانەت وەک دەگوترێ ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە دژی ئەم گرووپەشە. جگە لەمانەش قەت نەبووە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیو سووکایەتییانەی

## بەشی دوویەم

هێندێک کەس بە تایبەتی چەند کاناڵێکی تەڤزیۆنی بە خێزانی پێغەمبەری ئیسلام و خولەفای ڕاشیدین دەکرێ وەدەنگ هاتبێ، بەڵام لەو ماوەیەدا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەم کارەی بە حەرام و ناڕەوا زانی، چونکە لە نفووزی داعش لە نێو سوننییەکانی ئێران نیگەرانە.

### ئایا داعش مەترسییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە، سنە و چەند ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسانێک بە شەقامەکانی شار بە ئاڵا و دروشمی داعشەوە مانۆڕیان داوە. ئەمە لایەنی ئاشکراو و بەرچاوی حوزووری داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕێکخراوە نهێنی و شاراوەکەی جارێ بۆ کەس ڕوون نیە. ئەم ڕووداونە بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین کە لە خوارەوە باسی هۆیەکانی دەکەین:

لەمێژە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئاڵتێرناتیڤسازی بۆ بزووتنەوەی دێموکراتی و میللیی کورد بە یارمەتیدانی تاقم و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان یان بە چاوپۆشی لە چالاکییەکانیان هەوڵ دەدا لە ڕادەی نفووزی هێزە ڕەسەنە کوردییەکان کەم بکاتەوە. بۆیە لە ١٥ - ٢٠ساڵی ڕابردوو چەند گرووپ و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوون. ئەمانە کە بە ڕواڵەت نەیاری کۆماری ئیسلامین لاوانی ناڕازی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. بۆ کۆماری ئیسلامییش وا باشترە ئەو گەنجانە بەرەو ئەوان بکشێن تا بەرەو هێزە سیاسییە دیموکراتو پێشکەوتن خوازەکان. ئەو کەسانەی لەو گرووپە توندڕەوانەدا چالاکن، زەمینەی ڕاکێشرانیان بۆ نێو داعش زۆر تێدا بەهێزە.

سیاسەتی هەڵاواردنو فەرق و جیاوازی لە دژی ناوچە کورد نشینەکان، بە کردەوە کوردستانی کردوە بە یەکێک لە ناوچە هەژارەکانی ئێران، ئەم سیاسەتە ناوچەکانی بەلووچستانیشی کە سوننی نشینن تووشی ئەم دۆخە کردوە. بۆیە هەژاری لەو ناوچانەدا لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر زیاترە. بە پێی ئامارەکان دەرسەدی خەڵکی ژێرەوەی هێڵی هەژاری لە سەرانسەری ئێراندا لە سەرێیە، ڕێژەی هەژاری لە کوردستان لە چاو ئێران لەسەرتریشە. ئەزموونی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە وڵاتانی دەروبەر و ئێران ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلامی توندڕەوی سیاسی لەو ناوچە هەژارنشینانە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوەو تووڕەیی و ناڕەزایەتیی ئەوان بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە. داعشیش وەک هەر گرووپێکی توندڕەوی دیکەی ئیسلامی کەڵک لەو دۆخە وەردەگرێ.

سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وای کردوە کە هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان

دەرفەت و مەجالی ڕاکێشان و ڕێکخستنیان لە نێو خەڵکدا کەم بێتەوە و ئەو مەجال و دەرفەتە بۆ توندڕەوانی وەک داعش برەخسێ‌و ئەوان کەڵکی لێوەرگرن. هەر لە جێدا سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە یەک سەدەی ڕابردوودا لە ئاکامی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر وڵاتانی ناوچەدا بوو کە هەر چەشنە حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکیان بە توندی سەرکوت دەکرد. ئەمەش دەرفەتی بۆ فکری توندڕەوانەی مەزهەبی پێک هێناو لە خەلەئی دیموکراسی‌دا بواری بۆ ئەوە ڕەخساند نارەزایەتییەکان لە شکڵی مەزهەبدا خۆیان بنوێنن. کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ئاکامی سەرکوتی ئەحزابی دیموکراتو مۆدێرن لە سەردەمی رەزا شاو حەمەڕەزاشا لە ماوەی نزیک بە ٥٠ ساڵدا بوو. لە ئاکامی سەرکوتی ئەمانەدا بوو دەرفەت بۆ بناژۆیی ئیسلامی پێک هات و خومەینی و هاوفکرەکانی کەڵکیان لە نارەزایەتیی خەڵک لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەرگرت.

نەبوونی ئازادیی بیروڕا زەمینەی بۆ توندڕەویی مەزهەبی خۆش کردوە. دژکردەوەی خەڵکی ناڕازی‌و جیابیر لە بەرامبەر پاوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێراندا لە کاتێکدا کە فکری جیاجیا، بەرنامەی سیاسیی جۆراوجۆر، ئیدئۆلۆژیی جۆراوجۆر لە گۆڕێ‌دا نیە، ئەوە دەبێ کە خەڵکی نارازی بکەونە نوختەی بەرامبەری کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی هەڵگری فکری توندڕەوانەی مەزهەبی لەسەر بنەمانی مەزهەبی شیعە، نوختەی بەرامبەری لە گرووپی توندڕەوی مەزهەبی لەسەر بنەمای مەزهەبی سوننی‌دا خۆی دەنوێنێ، ڕاست ئەوەی کە داعیش ئەمڕۆ ئاڵا هەڵگریەتی.

### کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەو زەمینەیەی بۆ چالاکیی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش بووە، هەر ئەوەش بۆخۆی زەمینەی بۆ لایەنگری لە داعش خۆش کردوە. ئەگەر داعش لە عێراق و سووریە لە نێو نەچێ یان، کۆنترۆڵ نەکرێ، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە خاوەن پێگەو لە ئاکامدا کێشەی مەزهەبی و تەنانەت تێکهەڵچوونی مەزهەبییش روو بدا. ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی وێرانی‌و دواکەوتووی زیاتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ئەگەرێکی وادا زیانێکی زۆر بە یەکپارچەی نەتەوەیی کورد دەگا؛ چونکە بەشێک لە کورد بە تایبەتی لە ناوچەی ئیلام و کرماشان لەسەر مەزهەبی شیعەن. لە کاتی قووڵبوونەوەی کێشەی مەزهەبی‌دا بیری توندڕەوانە بە دوای خاڵی هاوبەشدا - کە باری نەتەوەیی هەیە ـ ناگەڕێ بەڵکوو پێ لەسەر جیاوازییەکان دادەگرێ.

هەورووەها لە ئەگەرێکی وادا مەترسیی ئەوە هەیە بۆ ماوەیەک کێشەی سەرەکیی نەتەوەی کورد بکەوێتە ژێر کاریگەریی

**بەشی دوویەم**

کێشە مەزهەبییەکانەوەو زیان بە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللی دیموکراتیکی کورد بگەیەنێ. کێشەی سەرەکی کورد لە ئێراندا کێشەی نەتەوایەتییە، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان مەزهەب قەدەغە نیە، باس لە مافی نەتەوەیی‌و دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد و ئازادی‌و دێموکراسی قەدەغەن.

## رێگا چارە

لە کاتێکدا نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان خاوەنی دەسەلات و مافی خۆی نیە، پێگەو جێگەیکی زۆر لاوازی هەیە. ئەگەر داعش لە ناوچەدا زەبری کاریگەری لێنەدرێ ئەو مەترسیانەی لەسەرەوە باسمان کردن، زۆر جیددین. بەو حاڵەش پێویستە ڕاگەیاندنی ئەحزابی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە خستنەڕووی مەترسییەکانی داعش‌و ڕوونکردنەوەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە بارەی گەورەیی بەلایەک بە ناوی داعشەوە چالاک بن. پێویستە ناوەندە ئایینییەکان، مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی و نیشتمناپەروەر خەڵک، بە تایبەتی لاوەکان لەوە ڕوون بکەنەوە کە داعش جگە لە زیانگەیاندن بە ئایین، ناتوانێ خزمەتێک بە ئایین بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتامبری ٢٠١٤

## گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش



حوسێن باوەجانی (شوانە)

گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی روژهەلاتی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی بە دژی داعش بۆ بنکەکانی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، دەکرێ چەند سووکە لەنگەرێکی بۆ بگری.

دیارە بەپێی سەرجەم لێدوانە فەرمیو نافەرمییەکان ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بووە کە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کردووە کە ئەو هێزانە لە شەڕگەکان بکشێنێتەوە.

چەند پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبنەوە ئەوانەن:

- کۆماری ئیسلامی بۆ داوای لە هەرێم کردووە هێزەکانی روژهەلات بگەڕێنێتەوە؟
- بۆچی هەرێم بەدەم ئەو داواکارییەی ئێرانەوە چوو؟
- هەڵوێستی حیزبەکانی رۆژهەلات لەهەمبەر ئەو داواکارییە دەبێ چۆن بێ؟
- دوا پرسیار؛ ئەو هاوکێشە سیاسیە کە ئێستا سەرێکی ئێرانە و سەرێکی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، چۆن بە قازانجی کورد دەشکێتەوە؟

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سەرجەم وڵاتانی دیکتاتۆڕ " ترس"ێکی گەورەی هەیە لە هەموو چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هتد. تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتداتابشتی ئەوەی نیە بە فەرمی ئیزنی بەرەی یەکگرتووی کورد

## بەشی دوویەم

بدا کە دەیەوێ لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا چالاکی بکا، چ بگا بەوەی کە شاهیدی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی ڕوژهەڵات بێ کە خۆشەویستو جێگای هیوای دوارۆژی کۆمەڵانی خەڵکی ڕوژهەڵاتی کوردستانن، ئەویش نەک لەسەر خاکی ڕوژهەڵات بەڵکوو لە باشوور! هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە بە ڕەچاو کردنی ئەو واقعییەتە کە پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٧٥ی هەتاوی کە قرمەی چەکەکەی لەبەر هەندێ هۆکار بە تایبەتی بەرژەوەندی باشوور وەستاوە، چەشنێ ئاسوودەیی سنووری بۆ کۆماری ئیسلامی ساز داوە کە نایەوێ بە هیچ شێوەیەک بارودۆخی سەردەمانی پێشوو لە ناوچە کوردنشینەکان دووپات بێتەوە، هەر بۆیە پێیوایە بێتوو بوونی پێشمەرگە تەنانەت لە بەرەکانی شەڕ لە باشور لە باری ڕەوانیەوە تەشەنە بکاتە ناوخۆی ڕوژهەڵات ژێلەمۆی خەباتی نەتەوایەتی سەر لە نوێ دەگەشێتەوە، هەر بۆیە داوای لە هەرێم کردووە بەر بە هاتنی پێشمەرگە بگرێ، تەنانەت بە وتەی سەرۆکی هەرێم، ئێران یەکەم وڵات بووە کە چەکو چۆکی بۆ باشوور ناردووە. ڕەنگە بە هەڵە نەچین کە لێرەدا وەک ساتو سەودایەک بە ناردنی چەک و تەقەمەنی، پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتیان بەرەو ماڵ کردەوە. ئەوەی ئاشکرایە حکومەتی هەرێم وەک دەوڵەتێکی " ژێلاتینی " لە پاش ئەوەی لە لایان بارزانییەوە پرسی سەربەخۆییو ڕێفراندۆم هاتە گۆڕێ بەشێوەیەکی تەمو مژاوی ئاراستەی هێرشەکای داعش لە بری بەغدا بەرەو کوردستان گۆڕا!!! چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەو بارودۆخە دەسکردی ئێستاو داسەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان دەبێ لەو ڕوانگەوە شرۆڤە بکرێ. هەروەک ئاماژەم پێدا، پێکهاتەی ژێلاتینی حکوومەتی هەرێم، لاوازی ژێرخانە ئابووریو سەنعەتییەکانو ...، وایکردووە کە هەڵسووکەوتی هەرێم لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تایبەتی لەگەڵ دراوسێکانی بە شێوەیەکی "خەسیو" بێ، واتە نەتوانێ بەرژەوەندی ڕۆژهەڵات بەداخەوە ڕەچاو بکا. ڕەنگە ڕواڵەتی دۆزەکە ببێتە هۆی ئازارو داڕوشانی هەستی پێشمەرگەو خەڵکی ڕوژهەڵات، بەڵام با ئەو وتەیەیی شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملوو وەبیر بێنمەوە کە دەیگوت "ئێمە حیزبێکی مەسئوولین". ئەمن ئیزن دەخوازم کە ئەم ڕەستەیەش زیاد بکەمو بڵێم خەڵکی ڕوژهەڵاتیش مەسئوولن. هەر ئەم چەند ڕۆژەی کە پێشمەرگە چوو بۆ بەرەکانی شەڕو هەروەها هەڵمەتی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ یارمەتی باشوور و بەتایبەتی شنگاڵ، بوو بەهۆی لێک گرێدانی خەباتی شاخ و شار، ڕێک ئەو شتەی کە کۆماری ئیسلامی لێیتۆقیوەو بە دڵنیایەوە ئەوە سەرەتایی قۆناخێکی نوێیە لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ڕەنگە هەرێم لەبەر هێندێ مەسڵەحەتی سیاسیو ناوچەیی نەتوانێ ڕاستەوخۆ ڕێز لە ئامادەیی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بگرێ... بەڵام ... با ئەوەی لە بیر بێ سادفترین ڕۆڵەکانی نیشتمانی لەت لەت کراو کە بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتو باکوورو ڕۆژئاوان وەک پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤان سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی دوژمنانی کورد بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشوور.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتامبری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش خەونی سەربەخۆیی کورد دەزڕێنێ؟



**وەردا ئۆزۆر**

کوردەکان ناچارن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لەگەڵ تورکیا، عێراق و ئێران هاوکاری بکەن و دەبێ هەموو هەنگاوەکانیان لەگەڵ ئەواندا هەماهەنگ بکەن و ئاساییە لەم کەشە شڵەژاوەدا تورکیا و ئێران، گڵۆپی سەوز بە سەربەخۆیی کوردکان نیشان نادەن. هەڵبەت پرسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق، لە ئێران و تورکیا ئەولاتر دەچێت و هەولێر دەبێ ڕەزامەندی ئەمەریکا وەربگرێت.

کوردپرێس: داگیر کردنی شاری کوردنشینی شەنگال یان سەنجار، نیشتیمانی کوردە ئێزدییەکان لەلایەن داعش و هێرشەکانی ئەم گرووپە بەرەو مەخموور، جەلەولا و دیکەی ناوچە کوردنشینەکان، هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی گۆڕا سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان کە پاش هێرش بۆ سەر شاری ستراتیژیکی مووسڵ، لە بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق و "عێراقی نوێ پاش ڕووخانی مووسڵ" قسەیان دەکرد، لە ناکاو تووشی کێشە و قەیرانێکی جیددی گەورە بەناو کوشتوبڕی کوردە ئێزدییەکان و شەپۆلی ئاوارە و پەنابەران هاتن و لە ئێستادا نەهێشتنی هەڕەشەی داعش بۆتە سەرەکیترین نیگەرانی هەرێمی کوردستان. لەم نێوانەشدا، هەڵوێستی ئەمەریکا و کاریگەری گۆڕانکارییە نوێیەکان هاوپەیوەند بە کابینەی نوێی دەوڵەتی ناوەندی عێراق پەیوەندی حاشاهەڵنەگری لەگەڵ هەڵوێستی کوردەکان هەیە. وەردا ئۆزۆر، شرۆڤەکاری ڕۆژنامەی حورییەت لە دوو وتاری کورت دا ئەم پرسانەی لێکداوەتەوە کە هەردوو وتارەکە پێکەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لێرەدا هاتووە.

ئۆزۆر - حورییەت؛ دەسبەجێ دوای ئەوەی کە هێرشەکانی داعش و داگیر کردنی شاری مووسڵ لەلایەن ئەو گرووپە



سەرچاوە
Serchawe

توندڕەوە، بووە هۆی دابەش بوونی عێراق، کوردەکان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا و کەرکووکیان کۆنترۆڵ کرد. مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بە بەڕێوەبردنی ڕێفڕاندۆمێک، چارەنووسی سەربەخۆیی کوردستان دیاری دەکات. بەڵام لە ناکاو هەموو لێکدانەوەکان تێکدرا و داعش هێرش بۆ سەر باکووری عێراقی دەستپێکرد. ئەگەرچی هێمن هەورامی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە هێرشەکانی داعش هیچ گۆڕانکارییەک لە خواستی کوردەکان بۆ هەڵنان بەرەو سەربەخۆیی دروست ناکات. بەڵام ڕاستی ئەمە نییە و ئەم ڕووداوانە هەموو شتێکیان شێواند.

زۆربەی هێز و پارتە کوردییەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشەکانی داعش هەموو گرووپە چەکدارەکانی خۆیان ڕێکخست. لە ئێستادا لە دەڤەری هەولێر، جگە لە پێشمەرگەکانی ژێر فەرمانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی، هێزەکانی پەکەکە و لقی سووری پارتی کرێکارانی کوردستان واتا، یەکینەکانی پاراستنی گەل لە بەرەیەکدا لەگەڵ داعش شەڕ دەکەن. ئەم بابەتە هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی وروژاندووە و چەمکی بەرژەوەندی هاوبەش و دوژمنی هاوبەشی لەلای ئەوان زەق کردۆتەوە. لەم ڕۆژانەی دواییدا دەبینین کە چەندین وەجبە یارمەتی سەربازی ڕۆژئاوا گەیشتۆتە هەولێر. جگە لە ئەمەریکا، بریتانیا، فەڕەنسا و چەندین وڵاتی دیکەش لەم ڕێگادا کاریان کردووە. ئەم یارمەتییە سەربازییانە دەتوانێ لە داهاتوودا ڕێگای کوردەکان بۆ جیابوونەوەی لە بەغدا، خوش بکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە ڕۆژئاوا بۆ یارمەتی سەربازی بە کوردەکان، ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیان پەیوەندی گرتووە، ئەم کارە لە باری سیاسی و سەمبۆلیکەوە مانای تایبەتی هەیە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەمەریکا هێشتاش باس لە زەرووەرەتی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکات و ڕایگەیاندووە کە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (سیا) چەندین جار جەختی کردۆتە سەر ئەم بابەتە کە دەبێ بە هەماهەنگی بەغدا یارمەتی سەربازی بە هەولێر بدرێت.

شرۆڤەی دۆخی ئێستای باکووری عێراق، نیشاندەری ئەمەیە کە کوردەکان لە ئێستادا نیگەرانی گرینگیان زەرووەرەتی ڕزگار کردن و پاراستنی گیانە و هەر بۆیە بۆ خولێکی کاتی، دۆسیەی هەوڵ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان وەلاوە ناوە. سەرەڕای ئەمەش هەولێر لە بارودۆخی ئێستادا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە یارمەتییەکانی بەغدا و دیکەی وڵاتان هەیە. من مانگی ڕابردوو لەگەڵ دوکتۆر فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیدارم کرد و ئەویش ئاماژەی بەوە کرد کە لانی کەم لە ئێستادا و بە شێوەی کاتی، دۆسیەی سەربەخۆیی و پرۆژەی جیابوونەوە لە بەغدا وەلاوە نراوە و کوردەکان ناچارن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لەگەڵ تورکیا، عێراق و ئێران هاوکاری بکەن و دەبێ هەموو کارەکانیان لەگەڵ ئەوان هەماهەنگ بکەن و ئاساییە لە کەشی وا شڵەژاودا تورکیا و ئێران گڵۆپی سەوز بە سەربەخۆیی کوردەکان نیشان نادەن. هەڵبەت پرسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق لە ئێران و تورکیا ئەولاتر چووە و دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

هەولێر، ئەمەریکا ڕازی بکات چونکوو کوردەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ بتوانن بڕشتی فەرمی لە جیهان وەدەست بێنن و ئەمە لە دۆخێکدا مسۆگەر دەبێت کە واشنتۆن سەربەخۆیی کوردەکان بە فەرمی بناسێت. لە بیر نەکەین کە سەرچاوەی ئابووری باکووری عێراق تا ئێستا پشتیوانی ئابووری هەولێری بەردەوام هێشتووە. پشکی ١٧ لەسەدی کوردەکان لە داهاتەکانی فرۆشی نەوتی عێراقە و لە ئەگەرێکدا کە بەندی پەیوەندی هەولێر و بەغدا بە تەواوەتی بپسێت هیچ پارەیەک لە بەغدا بۆ کوردەکان ڕەوانە ناکرێت و لەم بوارەدا کێشە و قەیرانێکی گەورە دێتە ئاراوە و فرۆشی نەوت بۆ ئەوان مسۆگەر نابێت. ئەم بابەتانە سەرەکیترین خاڵی وەرچەرخانە لە بارودۆخی ئێستادا بەڵام ڕەنگە بە کۆتایی هاتنی هێرشەکانی داعش، گۆڕانکاری نوێ دروست ببێت. واتا ئەگەر لە ماوەی یەک مانگدا، کابینەی نوێ لە بەغدا پێکبێت و هەڕەشەی داعش کەم بێتەوە، لاپەڕەیەکی دیکە دەخرێتە ڕوو و لەم کاتەدا، ئەمەریکا هەوڵ دەدات کە لە نێوان هەولێر و بەغدا، جۆرێک ڕێککەوتن و سازش بێتە ئاراوە، ئەمەریکا دەتوانێ ئەلعەبادی، سەرۆک وەزیری نوێ عێراق قەناعەت پێبێنێ کە بەپێی یاسای فیدراڵی عێراق، لەگەڵ کوردەکان ڕێکبکەوێت. ڕەنگە ئەمەریکا ئەلعەبادی ڕازی بکات بە قبووڵ کردنی ئەم سێ خاڵە: ١- بەغدا ڕێگە بە کوردەکان بدات کە نەوت بە بێ وەرگرتنی مۆڵەت لە حکوومەتی ناوەندی بفرۆشێت ٢- کوردەکان ئیزنیان ببێت کە سنووری ئاسمانی خۆیان بەکار بێنن (لە ئێستادا هیچ فڕۆکەیەک بە بێ ئیزنی بەغدا مافی نیشتنەوەی لە فڕۆکەخانەی هەولێر نییە). 3- کوردەکان بەپێی داخوازی و پێداویستی خۆیان چەک و تەقەمەنی وەرگرن.

بێگومان بەغدا ناتوانێ لە بەرانبەر ئەم داخوازییانە، خۆڕاگر بێت چونکوو بە هەمان ڕادە کە کورد پێویستی بە بەغدا هەیە بەغدایش پێویستی بە هێز و پشتیوانی کوردەکانە. هەر بۆیە کە بەغدا لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە بەرانبەر پێدانی یارمەتی چەکداری بە کورد هیچ نارەزایەتییەکی نەکرد و کوردەکان لە بارودۆخی ئێستادا و لە گۆڕەپانی شەڕ لە بەرانبەر داعش، تواناتر و بزۆزتر لە سوپای عێراق شەڕیان کرد.

ئەم دۆخ و پەیوەندییە دوو لایەنە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو لایەن زیاتر بیر لە سازش و ڕێککەوتن بکەنەوە تا جیابوونەوە و سەربەخۆیی. ئەگەر عێراق بەپێی سیستەمی کۆنفیدراڵیزم ئیدارە بکرێت، کوردەکان، لانیکەم بۆ خولێکی چەند ساڵە دەست لە خەونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەڵدەگرن بەڵام ئەگەر بڕیار بێت کە ئەلعەبادی بە شێوەی مالیکی کار بکات و مافەکانی کورد پێشێل بکات کوردیش یارییەکە بە شێوەیەکی دیکە ئەنجام دەدات.

### گۆڕانی ستراتیژی ئەمەریکا

"من نامەوێت هێزی ئاسمانی عێراق یان کورد بم" ئەمە وتەی باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمەریکایە. چەند ڕۆژ

بەشی دوویەم

لەمەوپێش لە گفتوگۆ لەگەڵ نیویۆرک تایمز، ئۆباما ئەمەی وت و هەر ئەم چەند دەستەواژەیە نیشاندەری ئەمەیە کە هەڵوێستی ئۆباما سەبارەت بە سووریا نەگۆڕاوە و ئەمەریکا نایەوێت ڕاستەوخۆ بێتە ناو جەرگەی شەڕی ناوچەکە و دەیەوێت کێشەکانی ناوچەکە بە دەستی خودی دەوڵەتەکان چارەسەر بکرێت.
هەڵبەت دەبێ ئەم بابەتە لە بیر نەکەین کە لە نێوان دەستەواژەی کشانەوە لە عێراق، هێزی ئاسمانیی بوونی عێراق و دیکەی کارەکانی ئەمەریکا تۆفیری مانادار هەیە و ئۆباما بژاردەی دیکەی لە بەردەمدایە. هەم کۆماری خوازان و هەم لایەنگرانی ئۆباما لە پارتی دیموکرات بەهۆی بەکارنەهێنانی بژاردەکانی دیکە، ڕەخنەیان لە ئۆباما گرت.

هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی پێشووی کابینەی ئۆباما یەکێک لە ڕەخنەگران بوو. کلینتۆن لە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاریئاتلانتیک وتی: سەرەکیترین هۆکاری بەهێزبوونەوەی داعش سیاسەتە خامساردانەکانی ئۆباما بووە. ڕەنگە هەر بەم بۆنەوە دەبێت کە ئەمەریکا هەندێ سیاسەتی ناوچەیی خۆی دەگۆڕێت و دەیەوێت هەڵەکانی ڕابردووی قەرەبوو بکاتەوە.
کلینتۆن لە هەمان دیمانەدا جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە لە بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی ئیسلامی ڕادیکاڵ، پێویستە ئەزموونەکانی شەڕی سارد بەکار بێنین و ئەم شەڕە لەو سەردەمەدا دوو بنەمای سەرەکی بوو لەوانە، دەوردان و ناکارامە کردن.
ژێنراڵ مارتین دەمپسی، سەرۆک ئەرکانی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکاش ستراتیژی ئەمەریکا لە بەرانبەر داعش بەم شێوە ڕاگەیاند: دەوردان، دابەش کردن، شکست پێهێنان.

### ئێستا دەبێ پرسیار بکەین: ستراتیژی شەڕی سارد لە عێراق و لە گۆڕەپانی شەڕ، چۆن جێبەجێ بکرێت؟

بەر لە هەموو شتێک دەبێ بوترێت کە هێرشە زەوینییەکان و بەکارهێنانی سەربازانی ئەمەریکایی لە بەرنامەی کاردا نییە و ئەمەریکا هەوڵ دەدات بۆ هێرشی ئاسمانی دژی مۆڵگەکانی داعش. ئەمە تەدبیرێکی تایبەتە بۆ ڕێگری کردن لە هێرشی داعش بۆ سەر ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە. ئەگەر لە بیرمان بێت "کامی" سەرۆکی ڕێکخراوەی سیا ڕایگەیاندبوو کە "لە ترسی دووبارەبوونەوەی هێرشی ١١ سێپتێمبێر لەلایەن داعش، شەوانە خەو ناچێتە چاوم." هەڵبەت هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا لە ئێستادا تەنیا لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق ڕوو دەدات بەڵام پاش پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق هێرش بۆ سەر دیکەی مۆڵگەکانی داعش لە بەرنامەی کاردا دەبێت و ئەمەریکا شەڕی زەوینی بە هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەسپێرێت.
یەکێک لەو پرسانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کابینەی نوێ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارەیە: ئەگەر لە کابینەی نوێدا، سەربەشی زیاتر بە سوننەکان بدرێت، ئایا عەشیرە سوننەکان دووبارە پشتیوانی خۆیان لە داعش درێژە پێدەدەن یان نا؟ ئەگەر عەشیرە سوننەکان پشتیوانی نەکەن، داعش لاواز دەبێت. بەڵام لە ماوەیەکی کورت دا بەر لە پێکهێنانی

## بەشی دوویەم

کابینەی نوێی دەوڵەتی بەغدا، داعش لە ناوچە کوردنشینەکان چەندین هێرشی گرینگ و ستراتێژیکی ئەنجام دا. ڕەنگە ئەمەریکا بۆ هێرش کردنە سەر مۆڵگەکانی داعش، دان بەخۆدا نەگرێت. تەنیا مەرجی پابەندی ئەمەریکا بە ڕۆژژمێرێکی ڕوون لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەمەیە کە لە ڕەوتی پێکهێنانی کابینەی نوێ، هەموو گرووپەکان بەشداری بکەن.

بە شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستا بەم دەرئەنجامە دەگەیین کە تەنیا لە ئەگەرێکدا هێزی زەوینی سوپای ئەمەریکا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش دەست بە کار دەبێت کە داعش هێرشەکانی دژی ئەمەریکا یان یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپی ئەنجام بدات. لەم ئەگەرەدا ئەمەریکا هەوڵ دەدات بە دامەزراندنی گرووپێکی یەکگرتووی جیهانی و وەرگرتنی مۆڵەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە شێوەی زەوینی هێرش بکاتە سەر داعش.

ئێستا ئەگەر پرسیار بکرێت کە بۆچی ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر بنکەکانی داعش لە سووریا؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: حکوومەتی سووریا بە پێچەوانەی دەوڵەتی عێراق، خوازیاری هێرشی ئاسمانی نییە و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاوەها مۆڵەتێک نادات و چین و ڕووسیا هیچ مافێکیان بۆ دەستێوەردان لە سووریا نییە و لەلایەکی دیکەوە نابێت لە بیر بکەین کە هێرش بۆ بنکەکانی داعش لە سووریا، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بەشار ئەسەد و ئەمەریکا بە ئاوەها دەرئەنجامێک ڕازی نییە.بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تابلۆوە ئاڵۆزە، ئەمەریکا پێ باشترە لە جێگەی دارشتنی ستراتێژی و دەرکردنی بڕیارگەلێکی سەربەخۆ و یەکلایکەرەوە، لەگەڵ وڵاتانی ناوچە هاوڕا بێت و پلانەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا باس بکات و بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچە، ستراتێژی هاوبەش دروست بکات و ئەمەریکا لەم ڕێگایەدا تا ئاستێک چووەتە پێشەوە کە تەنانەت باوەڕیشی بە زەروورەتی هاوکاری لەگەڵ ئێران لەمەڕ پرسەکانی عێراق هەیە.

ئەمەریکا تووشی هەڵەکانی خۆی بوەتەوە و بە باشی دەزانێت کە لە ئەگەری دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردووی لەگەڵ چ مەترسی و پاشهاتەیەک ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەمەریکا لە ڕەفتاری ڕابردووی پێداچوونەوە بە کارەکانی خۆیدا دەکاتەوە و باشتروایە کەسانێک کە تورکیا لە بەهێزبوونەوەی داعش بە بەرپرس دەزانن، هەموو ئەم ڕاستیانە جارێکی دیکە بهێننە بەرچاو.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حورییەت

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پریس - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## هەلومەرجی کوردستانو عیراق، لەدوای تێکشکاندنی داعش



**مەلا بەختیار**

ئێوارەی ٣ی ئەیلولی ٢٠١٤، مەڵبەندی (١١)ی ڕێکخستنی گەرمیان، ئێوارە کۆڕێکی بەناونیشانی (هەلومەرجی کوردستانو عیراق، لەدوای تێکشکاندنی داعش) بۆ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی، بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی شارەکە، بەڕێوەبرد.

**ئەمەش دەقی کۆڕەکەیە:**

ئەم هەلومەرجە، هەلومەرجێکی زۆر گرنگە، هەلومەرجێکە دەتوانم بڵێم: ئەگەر زیاتر نەبێ لەهەلومەرجی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١)، دوای داگیرکردنی کوێت، بۆ دیاریکردنی ئاییندەی سیاسی نەتەوەکەمان، بۆ دیموکراسی، بۆ چۆنێتی ڕێکخستنەوەی عیراقو دەوروبەرمان، ئەوا هەرگیز لەو کەمتر نییە.

**بۆ؟**

لەبەرئەوەی لەدوای ڕاپەڕین، پاشماوەکانی سیاسەتی بەعس، لەدوای ڕوخانیش، پاشماوەکانی دواکەوتن، پاشماوەی ململانێکان، پاشماوەی پەنگ خواردنی ئەو وو ڕقو کینە لەناو خەڵکو کۆمەڵ، بەئاراستە جیاوازەکانی مەزهەبی، تائیفی، سیاسی، ئایدۆلۆجیو فەلسەفییەوە، وو وایکردبوو، بەترسێکەوە هەر حزبێک مامەڵەی لەگەڵ واقیع دەکردو بەحەزەرێکی زۆرەوە بەرنامەی دادەنا. تەنانەت دەوڵەتە گەورەکانو دەوڵەتانی هەرێمایەتیش لەو هەلومەرجەدا، مامەڵەیەکی

هەستیاریان لەگەڵ رووداوەکاندا دەکردو بەحەزەریشەوە بڕیاریان لەسەر چارەنوسی عیراق، نەتەوەو پێکهاتەکانی عیراق، کورد، شیعەو سوننەو چۆنێتی رێکخستنەوەی عیراق، چۆنێتی نوسینی دەستورو وو ئەمانە دەدا.

### پرسیارەکان لەپێش رزگارکردنی عیراق

ئەگەر ئێوە یاداشتنامەکەی برێمەرو وو وتارە نوسراوەکان بخوێننەوە کە هاتنە عیراقو رۆیشتن، لەوانە ئەو رۆژنامەنووسو پەرلەمانتارو وەفدە گەورانەی هاتنو چاوپێکەوتنەکانیان بخوێننەوە. دەبینن کە لەدوای داگیرکردنی کوێتو روخاندا، دڕدۆنگییەکی زۆر، نیگەرانییەکی زۆر لەسەر چۆنێتی رێکخستنی ئەم عیراقە، هەبوو.

رۆژئاوا دەترسا عیراق بڕوخێ، شیعە زاڵ ببێ بەسەریدا، سوننە دەترسا عیراق بڕوخێ شیعە زاڵ ببێ بەسەریدا. شیعە دەترسا عیراق بڕوخێ، وو دەوڵەتە سوننەکان، لەگەڵا سوننەکانی عیراق یەکبگرنو ئەم عیراقە بەجۆرێکی تر کۆنترۆڵ بکەنو هەیبەتو هەیمەنەتی تاڕادەیەک کۆماری ئیسلامی ئێرانو شیعەکان لەناوچەکە کەمبکەنەوە. هێزە دیموکراتەکان وو دەترسان لەعیراقدا کە شیعەو سوننە یەکبگرن، لەجۆرێک لەجۆرەکان بەرژەوەندیان وابخوازێ سەرکوتو دەربەدەریان بکەن. ئێمەی کوردیش دەترسایین کە ئەم هەلومەرجە، دوای روخانی سەدام وای لێبێ دیسانەوە ناسیونالیزمی عەرەبی، لەبەرگی مەزهەبدا بێ، لەبەرگی تائیفەدا بێ، لەبەرگی سیاسی یاهەر بەرگێکی تردا بێ، دەستورێکی دڵخواز جێبەجێ نەکەن، بەڵکو مافەکانی کە بەدیشمان هێناون لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەو مافانەشمان لێ زەوت بکەن.

ئەمریکا دەترسا کە دێت بۆ عیراق ئایا سەدام دەڕوخێ؟ ئایا ئەو عیراقە بەخۆی کۆنترۆڵ دەکرێ یان نا؟ ئایا خۆیو رۆژئاوا دەتوانن ئەم وڵاتە بکەن بەوڵاتێک کە بەپێی سیاسەتی ئەوان بچێ بەڕێوە؟ ئایا بەرامبەر بەئێران، بەرامبەر بەسوریا، بەرامبەر ئەو بارودۆخەی لێرە هەیەو سەرەنجام، ئیسرائیل رۆڵی چی بێ، جوڵە بکات یان نا؟ کردارو پەرچەکردای هەبێ؟ ئەمە دەیانو سەدان پرسیاری بێ وەڵام بوون، کە دوای داگیرکردنی کوێت، لەسەر چارەنوسی عیراق هەبوو. وردە وردەش کار بۆ ئەوەکرا کە بێنە ناو مەسەلەکەوە، وو لایەکیش بەپێی سەنگو سیاسەتی خۆی، بەرژەوەندییو تێگەیشتنی خۆی چووە ناو مەسەلەکەوە. کە چووشنە ناو مەسەلەکەوە خۆتان دەزانن عیراق بوو بەزەلکاوێک لەو زەلکاوانەی کە وو سیاسەتەکانی هەڵدەمژیو کاردانەوەکەشی کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو بوو لەهەندێک بارەوە. ئەمریکا هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد، لەدوای هەفتەیەک لەهاتنیان بۆناو عیراق، ئیتر دژایەتیو دوژمنایەتی کردنیان دەستپێبکاتو بگاتە رادەی کوشتنی سەربازەکانیشیان. ئەوان وایان دانابوو، بەهاتنی سوپاکەیانو لەشەڕدا هەزارانیان بکوژرێ. بەڵام مەزندەیان نەدەکرد، کە بەکەمترین سەربازی کوژراو سەدام بڕوخێنن، کەچی دوای ئەوە سەربازی زۆرتریان بکوژرێ. رۆژئاواو عەرەبیش

## بەشی دوویەم

لەمە دەترسان. سوریا خواستی بوو سەدام بڕوخێ، بەڵام زۆریش لەوەدەترسا کە ڕۆژئاوا بەشێوەیەک لەشێوەکان عیراق ببات بەڕێوە کە ئەمنی قەومی سوری بخاتە مەترسییەوە. ئێران لەوویان و وانیش لەئێران دەترسان!. لەبەرامبەر کوردیشدا بارودۆخێکی زۆر نالەبار هاتە پێشەوە. بەشێوەیەک بریمەر لەزۆر دانیشتنی خۆیدا وتبووی، کاتێک ناوی فیدراڵ دەبیستم موچڕکم پێدادێت. بەشێوەیەک کە لەیاداشتنامەکەشیدا وو ئەم شتانەی نوسیوە. هیچ جۆرە سیاسەتێکی دڵخۆشکەرەی سەبارەت بەکورد نەبوو، تەنانەت هەندێکجار کوردیشی ئازار دەدا. بەوەی سەیتەرەی پێشمەرگەی دەڕوخاندو گوێی لەکاروبارەکان، لەسەرکردەکان نەدەگرت. بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەوەی خۆیان ناویاننابوو ناشناڵی عیراقی، دروست بکەن وەک ئەمریکاو چۆنیان بوێ عیراق بەوشێوەیە لەقاڵب بدەن. بەڵام ڕووداوەکان بەهیچ شێوەیەک پێشبینی کراونەبوو بۆ هیچ لایەک لەو لایەنانەی کە دەیانویست چارەنووسی عیراق دیاری بکەن. تەنها بۆ ئێمەی کورد، دەتوانم بڵێم چارەنووسی عیراق لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتیدا روون بوو، ئەوەی کە ئێمە لەکۆنگرەکاندا لەسەر عیراق، لەسەر سیاسەتی عیراق، لەسەر چارەنوسی عیراق، لەگەڵا ئەمریکییەکان، لەگەڵ بەریتانییەکان، لەگەڵ وو حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی کە وترا لەڕاستیدا هەر ئەوەش هاتەدی.

### پەیامەکەی مام جەلال بۆ ئەمریکییەکان

لەبیرمە، لە لەندەن بووین، بەماوەیەکی کەم پێش لێدانی سەدامو رووخانی، لەدواین کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن، هەوڵێکی زۆر دراو مام جەلال-یش داینەمۆی کارەکە بوو، کە قەناعەت بەئەمریکییەکان بکات کە باحکومەتێکی کاتی لەمەنفا رابگەیەنینو ئەم حکومەت کاتێک گەڕایەوە بۆ عیراق، بتوانێت ئیدارەی کاتی عیراق بکات، تا ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر هەڵدەبژێرێ، دەستور دادەنرێو هەڵبژاردنێکی ئازاد دەکرێ. تەنانەت دوو ڕۆژ کۆنگرەی لەندەن لەسەر ئەم گفتوگۆیانە دوا کەوت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەیان سەلماند. تادواجار مام جەلال چاری نەما ناردی بەدوای باڵیۆزەکانی ئەمریکادا، بەزاڵمای خەلیلزادەوە، دوو باڵیۆز لەکۆنگرەکە بوون، پاشان هەردووکیشیان هاتن بۆ عیراق. لەژوورەکەی خۆی، مام جەلال پێیوتن: پەیامێکم هەیە بۆ سەرۆکی ئەمریکاو حکومەتی ئەمریکاش کە حەزدەکەم بیگەیەنن. ئەوانیش پەیامەکەیان نووسی. مام جەلال، پێی وتن، من گرەنتیتان دەدەمێ، کە بەمانگێگ حکومەتی عیراق دەڕوخێ، بەڵام بەسیاسەتەی ئێوە، عیراقتان بە ١٠ ساڵ پێ کۆنترۆڵ ناکرێت. زاڵمای وتی «جەنابی تاڵەبانی چۆن وا دەڵێت»؟! مام جەلال-یش وەڵامیدایەوە، کە «من خۆم کوردستانیم، خۆم عیراقیم، کوردمو لەبەغدا ژیاوم، خەڵکی عیراق، شیعەو سوننە باش دەناسم. عەلمانییەکانو وو لاینەکانی باش دەناسمو تەداخولاتی ئەملاو ئەولا دەزانم.». وتیشی «ئێستا ئێوە لەم کۆنگرە دانیشتوون، لەوو نیو سەعاتێک جارێک لەدەوڵەتێکی ئیقلیمییەوە، تەلەفۆنێک بۆ یەکێک لەم حزبانە دێت کە ئێ ٌوە بەرامبەریان دانیشتوون. بۆیە من وو ئەمانە دەزانمو ئێوە نایزانن. دڵنیام پەشیمانیش دەبنەوە لەو سیاسەتەی خۆتان».

ئەمریکاش نەک ئەمەی نەکرد، بەڵکو لەئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی وەرگرت، کە عیراق وەک وڵاتێکی کۆلۆنیالی حساب کرد. کردی بەداگیرکراوی خۆی. ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیجی بکوژ بوو، کە ئەمریکا لەکاتی خۆیدا کردی. وەک بینیتان ئەمریکا وو سیاسەتەکانی لەچۆنێتی بەڕێوەبردنی عیراقدا، کورتی هێناو سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. سەرەنجام وو دەوڵەتە زلهێزەکان بۆیان دەرکەوت ئەنجومەنی دامەزراندن لەسەر بنەمای سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە دامەزرا. لەسەر بنەمای سەرنەکەوتن نەک لەسەر بنەمای سەرکەوتن، ئەنجومەنی حوکم لەعیراق دامەزرا، ئەوەبوو وو مانگێگ سەرۆک کۆمارێک لەعیراقدا بوو. کاتێکیش مام جەلال بوو بەسەرۆک کۆمار، بەسەر بریمەر-یدا سەپاندی کە سەربەخۆیی عیراق دەبێ بسەلمێنێو بەیانێکی بەهاوبەشی جەلال تاڵەبانی- بریمەر پێ ئیمزاکرد، کە ئیعتیرافی بەسەربەخۆیی عیراق کرد، بەوەی کە عیراقییەکان خۆیان لێپرسراون لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو لەنوسینی دەستوری خۆیان.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم، عیراقی کۆنو دامەزراندنی، پێش سەدامو سەدام، عیراقی پاش داگیرکردنی کوێت-یش دەزانن، کە یانزە ساڵ بۆ دوانزە ساڵ ئەم وڵاتە گەمارۆ درا. عیراقی دوای سەدامیش دەزانن کە ئەمە سیاسەتەکانی بوو، ئایەو مایە هاتەوە سەر ئێستا، کە عیراق، بەئەزمونێکی تردا تێپەڕی، کە ئەویش ئەزموونی حوکمڕانی شیعەیە.

### خوێندنەوەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنیی سوننەو شیعە

لێرەدا مەبەستمە سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم، نەشیعە وردبین بوو لەحوکمڕانی عیراقدا، نە سوننەش وردبین بوو لەئۆپۆزسیۆنی خۆیدا. شیعە بە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنو حساب نەکردن بۆ سوننە مامەڵەی دەکرد. ئەویش بەکۆنترۆڵکردنی عیراق بەتەواوەتیو دەستەبەرکردنی ئەمنی شیعە، ئەمنی دەسەڵاتی شیعە، ئەمنی سیاسەتی شیعە وو توانایەکی خۆی خستەکارو خۆشتان دەبینن، ساڵانە لەمانگی موحەڕڕەمدا چ کەشێکی دینی مەزهەبی لەم عیراقەدا بەڕێوەدەچێ. سەرەنجام هێزێکی چەکدار، میلیشیای چەکدار، توانای چەکدارو هەموو ئیمکانیاتی عیراق کەوتە دەستیان، ئەو جۆرە مامەڵەیەو ئەو جۆرە سیاسەتە لەحوکمڕانی عیراقدا، سیاسەتێک بوو کەمتر دیقەتی حکومەتی تەوافوقی تێدابوو، کەمتر دیقەتی پێکەوە هەڵکردنی سیاسەتی تێدابوو. کەئەمەش لایەنێکی مەسەلەکە بوو. کە بەشی زۆری ئەم سیاسەتە لەحەقیقەتدا، دەتوانم بڵێم دەوڵەتی قانونو خودی جەنابی مالیکی لێی بەرپرسیارە.

لەبەرامبەریشیدا ئۆپۆزسیۆن، کە ئۆپۆزسیۆنی سوننە بوو، ئەوانیش هەتا دەیانتوانی گاسنەکەیان دەچەقاندو بەرقێکی زۆرەوە، بەرامبەر بەشیعەو بەرامبەر بەدەوڵەتی قانوون، بەرامبەر بەهەموو حزبەکان سیاسەتیان دەکردو فەزایەکیان لەناو سوننە، لەناو عەشائیری سوننە، لەناو دەوڵەتانی عەرەبی سوننە دروستکرد، کە ئەوە سوننە خەریکە قوتدەچێو پیلانێکی

## بەشی دوویەم

گەورەی لەسەرە. بەوشێوەیەش رقیان لەناو هەموو سوننەیەک کە باوەڕی بەسوننە هەیە چاند، تائەو فەزایە وایلێهات داعش بەئاسانی هاتو توانیشی هەزاران کەسیان لێ چەکدار بکات.

ژینگەی سایکۆلۆجی سوننەکانی عیراق، لەبنەڕەتدا بەشێکی بەرچاوی بەئاراستەی کەسایەتیو مەلاو حزبە سوننەکانی عیراق وای لێهات، کە خەڵکی سوننە باوەڕی وابێت کە شیعە قەتڵو عامی دەکاتو ئەگەر ئەم حکومەتی شیعەیە نەگۆڕنو هەرەس بەشیعە لەدەسەڵاتدا نەهێنن، هەموو سوننە قڕ دەکرێت. ئەم دوو جەمسەرە، ئەم دوو سیاسەتە لەبنچینەدا بەیەکتری ناکۆک، بێگومان کە دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن بوونی دەکەوێتە دەست، پەرلەمان یان چەند وەزارەتێکی دەکەوێتە دەست. یان چەند دەوڵەتێک لەملاو لەولا پشتیوانی دەکات. هەڵبەتە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، ئەمە مەنگەنەیەکی گەورە بوو بۆ ئەم وڵاتەو هەتا دەهات، بەرتەسکیان دەکردەوەو خەڵکانی وەکو ئێمە، خەڵکانی پاکو نیشتمانپەروەر هەیە، هەرچی پرۆژەو سیاسەتی باش هەبوو، وردە وردە کەوتنە ناو ئەم مەنگەنەیە. سەرەنجام، ئەنجامەکەشتان بینی، کە ئاراستەیەک بەئاراستەی سوننە، بەرەسمی لەحکومەتو پەرلەمان شکستی هێنا، هەموویان شکستیان هێنا. ئەوی کە پێیدەڵێن حزبی سوننە، ئەوەی کە پێیدەڵێن لیستی عیراقییەو سوننەکانی ناو لیستی عیراقی، کە عەلاوی شیعەیەو سوننە نییە. ئەوەی کە پێیدەڵێن لیستی عیراقییەو ماڵە لەسەر سوننە، هیچ حزبێک لەحزبەکانی ئەو لیستە، بەحزبی ئیسلامی، بەکەسایەتییەکانیانەوە، هیچکامیان نەیاتوانی لەهیچ پلەو پۆستێکی خۆیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لەسەردەمی ئوسامە نوجەیفی-دا، بارودۆخی پەرلەمانتارمان بینی کە پشێوی زۆر، یاسا جێبەجێ نەدەکرا، ئەوەتا تائێستاش بودجەی (٢٠١٣- ٢٠١٤) تائێستاش لەپەرلەمانی عیراق تێنەپەڕیوەو رەنگدانەوە خراپەکەشتان لەسەر ژیانو ئابوری خەڵک بینی، لەسەر کوردستان، لەسەر پەیوەندی شیعەو سوننە، لەسەر پەیوەندی کوردو سوننەو شیعە بینی، کە هەموو جۆرە سیاسەتە رەنگدانەوەیەکی سلبی هەبووە. تاریق هاشمی بەجۆرەها تۆمەت هەڵهات، کورد داڵدەی داو بۆخۆی دەربازی بوو. لەولاوە جێگری سەرۆک وەزیران، کە وەزیری دارایی بوو هەڵهات. واتە کە نەخشەی دەسەڵاتدارێتی چەندساڵی رابردوو دەخوێنمەوە، دەبینم سوننە لەلایەکەوە دەیانویست ئۆپۆزسیۆنێکی توندبنو شیعە بگۆڕن، لەلایەکیشەوە دەهاتن لەناو پەرلەمان، ئۆپۆسیۆن بونیان بۆ ئەوێ دەگواستەوە. بێئەوەی بیرلەوە بکەنەوە لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەی بەدەستیانەوەیە، کە دەسەڵاتی تەشریعیان بەدەستەوەبوو، نیوەی دەسەڵاتی عیراقیان بەدەستەوەبوو، کە دەیانتوانی لەگەڵ کورد هاوپەیمان ببەستن، بەوەی کەبەشێکی زۆری سوننەیە، دەیانتوانی کاری زۆر گەورە بکەن. بەڵام هیچکام لەمەیان نەکرد. نەدەهاتن مافی کورد بسەلمێنن، نەمافی دیموکراسی راستەقینە، نەفیدراڵیان لەلا قبوڵەو نەمادەی (١٤٠)یشیان تا ئەم چرکەساتە لەلا قبوڵە. شیعەش لەبەرامبەریاندا، هەموو توانایەکی خۆیان دەخستەکار بۆ ئەوەی سوننە نەتوانێ لەوە زیاتر پێ لەبەڕی خۆی رابکێشێ‌و جارێکی تر مەترسی لەسەر شیعە دروست بکات. بێگومان بەم ستراتیجانە، کە دوو ستراتیجی زۆر لەگەڵ یەک ناکۆک بوون، کە ئاگرو بەنزین بوون، دۆخەکە تێکدەچوو.

## بەشی دوویەم

ئێمەی کوردیش، بەشێوەیەک لەشێوەکان تاتوانیمان ئەو دروشمە سەرەکییەی هەبوو لەعیراقدا، کە بۆ یەکەمجار عەمرو موسا کە هات بۆ سلێمانی ئەو قسەیەی کردو بوو بەقسەی باو لەناو میدیاو رۆژنامەکانی عەرەبدا، کە »کورد هەتا روخانی سەدام بەشێک بوو لەکێشە، بەڵام لەدوای سەدام بەشێکە لەچارەسەر«. ئێمە ئەمەمان تاڕادەیەک هەتا لەسەدا شەست بۆ حەفتاش پاراست، بەڵام لەدوا ئەنجامدا، ئاگرەکە وابەربۆتە گیانی سوننەو شیعە، کە گەیشتە ئاستی ئینقیلابو پیلانگێڕان، گەیشتە سەر تەقینەوە لەناو پەرلەمانو جارێکیش گەیشتە دۆخی رۆخی شەڕی ئەهلی، نەخێر شەڕی تائیفی، مەرقەدەکانیان تەقاندەوە. جارێک سوپا بۆ خانەقین نێردرا، جارێک فیرقە بۆ کەرکوک دادەمەزرا! واتە بەوەوە نەوەستا، خۆیان لەناو خۆیاندا کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵکو ئەو کێشانەی کە ئێمەش توانیبومان بەحیکمەتی سیاسی گەورە، بەدەسەڵاتی سیاسیو بە بڕیاری سەرکردایەتی چارەسەری بکەین، دەیانویست لەبایەخی ئەوەش کەمبکەنەوەو دوای ئەوەشی کە عیراق حەوت سەد بۆ هەشت سەد هەزار چەکدارو نزیکی خستەوە لەملیۆنێک چەکدار،سسس کە بۆی دورست بوو، زۆر بێ منەتانە هەڵسوکەوتی لەگەڵا کوردستان دەکرد، لەسەر پڕ چەککردنی پێشمەرگە، لەسەر بوجە، لەسەر سنوری کوردستان، لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، لەسەر نەوتو گاز، لەسەر فڕۆکەخانەکان، لەسەر هەموو ئەمانە کێشەی گەورە گەورە دروست بوو.

**وردە وردە لەولاوە سوننەو شیعە تێکچوون، لەملاوە لەگەڵ کورد وردە وردە کێشەکان قوڵبوونەوە.**

### تەشەنەکردنی داعشو توندڕەوەکان لەعیراق

لەڕووی بابەتییەوە، فەزایەکی سیاسی وا لەم وڵاتەدا دروستبوو، کە ئەم داعشانەو هەموو ئەوانەی لەپشت ئەم داعشانەوە بوونو هەموو ئەوانەشی کە سەلەفی توندڕەوی رەشەکوژ بوون، وردە وردە وەکو ژیلەمۆ لەبنی خۆڵەمێشی ئەم بارودۆخەی عیراق گەشانەوە، بەتەنها شەماڵێکی ویست کە گەشاندییەوەو گڕێکی گەورەیان بەردایە ئەم وڵاتەو سەرەنجام توانیان هەم شەڕی شیعە بکەنو هەم سوننە خۆشی توشی شکستێکی گەورە بکەن، هەم ویستیان ئەم دەستکەوتانەی لەکوردستانو بەتایبەتی لەناوچە کێشە لەسەرەکان بەدەستهاتووە بپێچنەوە، کە خۆتان باشدەزانن شەڕەکان بەرەو کوێ رۆشتنو چیان لێهات.

لەسەرەتاوە تێگەیشتنێک هەبوو، کە باوەڕیان وابوو ئەم داعشانە، پرۆژەی سوننەکانە، واتە درێژکراوەی هەمان سیاسەتی سوننەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات لەشیعەکان وەربگرێتەوە. ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەبوو. بە پێچەوانەوە، ئەم داعشانە درێژەپێدەری پرۆژەی سوننە نەبوون، بەڵکو سود وەرگر بوون لەو پرۆژە هەڵەیەی سوننە هەیبوو. ئەمانە، ئەو سوننەیەی دەسەڵاتی رەسمی کە هەبوون لەعیراقدا، یان ئەحزابی سوننە کە هەن لەعیراقدا، ئەمانە مامانی لەدایکبوونی داعش



سەرچاوە
Serchawe

نەبوون، بەڵکو یارمەتیدەری لەدایکبوونی داعش بوون. بەڵێ فەزای سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی عروبەویی ئەوان، ئەو فەزایە بوو کە داعش سودێکی زۆری لێ بینی. بۆیە کە ئەوان هاتنە پێشەوە بەو شێوەیە نەبوو کە ئەوان درێژەپێدەری سوننەگەرایی عیراق بن. بەپێچەوانەوە، واهاتنە پێشەوە کە سەلەفییەت بەمانا بونیەوییەکەی خۆی لەعیراقدا بسەپێنن. تەنانەت سوننەکانیشیان نابوت کرد. تەنانەت یەکەمجار دەسەڵاتی سوننەیان لەنەینەوا نابوت کرد. لەبیرتان نەچێت ئەم خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە دوو قەڵا لەعیراق بۆ سوننە هەبوو، ئەوانیش قەڵای نەینەواو قەڵای ئەنبار بوو. بەڵام ئەوان هەردوو قەڵاکەیان تێکو پێکدا. بەتێکدانی ئەو قەڵایانەش سوننە پەرشو بڵاوبۆوە. شتێکی نەما بۆ سوننە، کە پێی بڵێن ئەمە مەرجەعی سوننەیەو قسەیان لەگەڵدا بکەیت. چونکە هەریەک بەئارەزووی خۆی قسەی دەکرد، لەم لاوە مەلاکان بەئارەزووی خۆیان قسەیان دەکرد. لەولاوە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بەدەست سوننەوە بوو شکستی هێنا. سەرانیان لەخۆیانەوە قسەیان هەڵدەوەراند. حزبی ئیسلامی عیراقی لاوازبوو. جاران ئەگەر هەر دەنگێکی هەبوایە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەی داعشو ئەهلی سوننەو سەلەفی سالح، حزبی ئیسلامی عیراقی، زۆر لاوازبوو. شیعەش لەسەرەتاوە بەرامبەر بەداعش بێمنەت بوون، بەتایبەتی دەوڵەتی یاسا.

ئێمە سێ ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ برای بەڕێز فازڵ میرانی لەبەغداد بووین، بەڕێز مالیکی-مان بینی لەسەر سوپای عیراق قسەمان کرد. کە ئەوکاتە تازە هاشمی کێشەی هەبوو، کە دوای ئەوکاتە بەهەفتەیەک هاشمی رایکرد. مالیکی باسی ئینقیلابی دەکرد، بۆیە شەقامەکانی بەغدای کۆنترۆڵ کردبوو، ناوچەی سەوزیشی، کۆڵان بەکۆڵانو باخچە بەباخچەو ماڵ بەماڵ دەبابەی بەرامبەر دانابوو. چونکە دەیوت مەترسی ئینقیلابم لەسەرە. کاتێکیش کە هاتینەوە پێمانوت ئەم سوپایەی تۆ دروستت کردووە، پڕە لەئەفسەرو ئیستیخباراتی بەعسی، بۆیە ئەمانە یان ئینقیلابەکە سەردەخەن بەسەرتا، یان ئەم سوپایە هەرەس پێدەهێنن، وەک تابوری پێنجەم.

## بارودۆخی عیراق

ئەویش وا وەڵامیدایەوە کە تازە ئەمە لەگەڵ ئێمە ناکرێ، چونکە ملیان دەپەڕێنین. وتیشی (ئێوە کێشەی نەتەوەییو مادەی ١٤٠- تان هەیە، بەڵام ئێمە شەڕی مانو نەمانمان لەگەڵیاندا هەیە. بۆیە زۆر بێ منەتو بێباک بوو، پێوابوو ئەو سوپایەی دروستیکردووە، ئەو ئەفسەرانەی دەچن بۆلای پێیدەڵێن قوربان تۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی، ئەمر بکەو دنیات بۆ دەخۆین. بەم عەقڵییەتە مامەڵەی دەکرد، بەڵام سەرەنجام، ئەو سوپایەی پڕی کردبوو، لەکۆنە بەعسی، لەکۆنە ئیستیخباراتو موخابەرات، بەعسییەکان، هەموویان کێشایەوە. دەزانن کە نەینەوا لەدوای جەنگی ئێرانو عیراق بەتایبەتی لەسەدا پەنجای ئەفسەرە گەورەکانی عیراق، لەسەرۆکی ئەرکانەوە بۆ قائید فرقەکانو...تد، خەڵکی نەینەوا



سەرچاوە Serchawe

بوون.لەشوێنەکانی تریش بەهەمانشێوە. لەکۆتایشدا ئەمانە وەکو تابوری پێنجەمیان لێهات، کە داعش هات، بەعسییەکانو داعش هاوپەیمانێتیان بەستو ئەمریان کرد، ئەوانەی باوەڕییان بەداعشو سەلەفیەکان بوو، بەرگریان نەکردو ئەوانەشی کەباوەڕیان بە بەعسییەکان بوو، کشانەوە لەسوپاو بەرگریان نەکردو هەرەسهێنانی سوپای عیراقیش لێرەوە دەستیپێکرد. سەرچاوەی هەرەسی سوپا لەوێوە دەستپێدەکات، کە ئەفسەرە هەرە سەرەکییەکانیان تا بەپلەکانی خوارتر دەگات، هەموویان دەستکێش بوون لەناو سوپای عیراقی. بۆیە کە دەستکێشەکانیان راکێشا، بێگومان سەربازو رەئیس عورەفا کە دەبینن، قائید فرقەکەی، یان ئامر لیواکەی، یان ئامر فەوجو ئەفسەرە گەورەکانی، هەموویان دەکشێنەوەو باوەڕیان بەشەڕەکە نییە، بێگومان سەربازەکانیش هەموویان رایان دەکردو بەو شێوەیەش سوپای عیراقی هەرەسی هێنا. کاتێکیش هەرەسی هێنا، ئەوکاتە مالیکی زۆر بەخراپی تێگەیشت کە چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بەڵام تازە دوای چی؟

ئێمە دانیشتنی رەسمیمان لەگەڵا دەوڵەتی عیراق کرد، تا پێکەوە هەندێک شتی هاوبەش بکەین، بۆیە پرسیارمان کرد، کە عیراق چەند لیواو فرقەی ماوە؟ وتیان واز لەفرقەو لیوا بهێنن. چونکە ئەوەی ماوە تەنها لیوایەکەو دەوروبەری خۆیان پێگرتووەو لێرە دەیگوازنەوە بۆ ئەولاو ناوێرن بەهیچ شێوەیەک لەبەغداد دووری بخەنەوە.

بۆ شیعە وای بەسەرهات؟ بۆ سوننە تەفروتونا بوو؟ ئێمەی کوردیش بەشبەحاڵی خۆمان، وەکو کورد لەسەرەتاوە بڕیاری لێبڕاومان نەبوو بۆ ئەوەی شەڕی داعش بکەینو مەترسییەکانی لەسەرخۆمان لابدەین. بەڵام بەکردەوە دەرکەوت کە داعشەکان چەند رقیان لەشیعەیە، دوو ئەوەندەش رقیان لەکوردە. بینیتان وردە وردە کە نەینەوایان کۆنترۆڵ کرد، سەلاحەدینیان کۆنترۆڵ کرد، خەمیان ئەوەبوو کورد بشکێننو ئەگەر بۆشیان بکرایە خانەقینو کەرکوک-یان لەشەنگال خراپتر پێدەکرد. بەڵام خۆشبەختانە بەرگری پێشمەرگە لەناوچەی خانەقین، قەرەتەپە، جەبارە، دووز خورماتوو بۆ سەرەوە، هەتا دەگاتە دووبز مقاوەمەتێکی گەورە بوو، پێشئەوەی هیچ هاوکارییەکمان لەگەڵ سوپای عیراق هەبێو فڕۆکەی عیراق بڕیاری بۆ بدرێ تا بەرگری لەئێمە بکات، پێشئەوەی ئەمریکا بجوڵێو هیچ دەوڵەتێک بڕیاری پشتیوانی لەکورد رابگەیەنێ، کە داعش نەینەوای گرت، ئێمە ئەم ناوچانەمان بەباشیو تۆکمەیی گرتبوو، ئەو هێرشانەشی کە دەیانکرد، لەهیچ شوێنێک نەیاتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

### سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە

سەبارەت بەجەلەولاش، کە پاشەکشەیەکی کاتیو بەرگرییەکی تەکتیکی لەوێ کراوە، هەندێک سایتو رۆژنامە هەن کە دەیانەوێ مەسەلەکە گەورە بکەن، هەرچەند نامانەوێت بکەوینە ناو ئەو مشتومڕە، ئەگەرنا بێینە سەر ئاماری شارە

گیراوەکانو پاشەکشەکان، ئەوا ئەمە زۆر هەڵدەگرێتو لەخزمەتی ئێستای سوپای یەکگرتووی کوردستانو یەکڕیزی سیاسی کوردایەتی نییە، بۆیە خۆمان ناخەینە ناو ئەو مشتومڕەوە، وازی لێدەهێنین بۆ مێژوو، بزانین ماوەیەکی تر ئەمە چۆن باسدەکرێ. بەڵام هەقیقەتەکانیش دیارنو بەشبەحاڵی خۆشمان، لەهەر لایەکی ئەم کوردستانە، پێشمەرگە سەرکەوتووبێ، ئەوا تاجی سەرمانە. لەهەرلایەکیش تێکشکابێ، ئەوا ئێمە تێکشکاوین. هەر لایەک پاشەکشەی کردبێ، ئێمە پاشەکشەمان کردووە، چونکە ئێمە بەوشێوەیە سەیری پرسی نەتەوەیی دەکەینو خۆمان بەلێپرسراو دەزانین هەم لەسەرکەوتنو هەم لەژێر کەوتن. ئەگەر ئەزموونەکەمان کەوتە بەر مەترسی، پاساوی حزبی ناخوات. بۆیە تۆزێک فراوانتر بیربکەینەوە باشە. دڵنیابن پاساوی حزبی دادی تێکشان نادات. کاتێک لەشوێنێک تێکدەشکێیت، بیر لەوە بکەرەوە سیستەمی بەرگری، سیستمی هێزی پێشمەرگە چۆن کۆدەکەیتەوەو سەرلەنوێ چۆن دایدەڕێژیتەوە. ڕەنگە ئەمە بۆ حزبەکەمان ئازاری هەبێ، بۆ فەرماندەکانمان، بەڵام ئەمە ئازارێکی کاتییە. چونکە ئازارە گەورەکە ئەوەیە، کە ئاگات لێنەبێ هەموو ئەزموونەکە، وەکو ئەزموونەکەی مالیکی لێ بێ. وەکو ئەزموونی سوننەکانی لێبێ، ئەمە مەترسیدارە. ئێمە کارەساتمان بەسەردا هات، بەڵام چارەنووسمان رەش نەبوو، وەکو چارەنوسی سوپای عیراقو وەکو سوننەی عیراق. بەپێچەوانەوە، هەم سوننەو هەم شیعەی عیراق دەبینن، کە بەرنامەی هاوبەش لەحەمرین بەرەو خوارەوە، بەبێ کورد لەهیچ شوێنێک هیچیان پێ ناکرێت. ئێمەش لەهەندێک شوێن وەکو عوزێمو ، دەوروبەری، شارەبانو ئەو شوێنانەی کەپشتی ناوچەکەی کوردنو مەترسیدارن لەسەر ناوچەکانمان، ئەگەر بەڕاستگۆییە قسە بکەین، ئەوا ئێمەش بەبێ ئەوان هیچمان پێنەدەکرا. ئێستاش لەهەندێک شوێن پێمان ناکرێت، چونکە پێمان ناکرێ هێز بنێرین بۆ سدور، بۆ بەربەستی عوزێم، ئەگەر کارێکی وا بکەین، ئەوە سەرکێشییەکی گەورەیە. بەڵام رێگای چارەسەر ئەوەیە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەینو بەرنامەی هاوبەشمان لەگەڵیاندا هەبێ. بەدیقەتەوە سنوری بەرگری خۆمانو سنوری بەرگری ئەوانیش دیاری بکەین. خاڵی تێکەڵاوبوونو خاڵی یەکگرتنەوەو ستراتیژی هاوبەش دیاری بکەین، ئێمەش ئەوەمان کردووە. ئەو ماوەیەی ئەو هەڤاڵانەی کە فەرماندەی میحوەرەکانو منیش لەخزمەتیاندابووم، ئەمەمان کردووە. لەگەڵا هەمووانداو تەنانەت لەگەڵا ئێرانیشدا وامان کردووەو زۆر بەدیقەتەوە لەسەر ئەمە وەستاوین. ئاشکرایە کە لەو ماوەیەدا ئێمە دوو شەڕمان کردووە. هەردوو شەڕەکەش چوار رۆژی خایاندووە. بەڵام ئێمە زیاتر لەیەک مانگە لێرەین. واتە بیستو شەش رۆژ لێکۆڵینەوەمان کردوە، تەنها دووجار هێرشمان کردووە. چونکە هەردووجارەکەش بەرنامەو لێکۆڵینەوەی باش کراوە، هەڵمان لەبەرنامە سەربازیو ئەمنییەکەدا، لەدابینکردنی پێداویستییەکانی جەنگدا نەهێشتووە، لەهەردوو هێرشەکەدا سەرکەوتووبووین. نەک هەر سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم بەتەواوەتی مەسەلەکانمان هەتا رادەیەکی زۆری عەسکەری یەکالا کردۆتەوە، باقییەکەشی زۆر ئاسانترە لەوەی هەتا ئێستا کردوومانە. ئەوەی کە ماویشە، وەکو ئەوە وایە کردبێتمان، نەک ناتوانین بیکەین. دەبێ ئێوە وابزانن کە جەلەولاو سەعدییەمان رزگار کردووە. تائێستا لەترسی قوربانی مینو تەقینەوە ناچینە ناو سەعدییەو جەلەولا. بۆیە هەر بەوەدا بزانن کە جەلەولاو سەعدیە ئەوان ناتوانن دەستدرێژی بکەنە سەر هیچ سەنگەرێکی

ئێمە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە توانای هێرشی ئەوان نەماو توانای شەڕی ئەوانمان تێکوپێکداوە. لەڕووی مەعنەوییەوە، لەڕووی چەکەوە، لەڕووی تەکنەلۆجیای جەنگەوە، لەڕووی سەنگەرەوە، لەڕووی گۆڕەپانی مناوەرە، لەڕووی تەکتیکی عەسکەرییەوە، توانای ئەوانمان تێکوپێکداوە. ئەوە ئەوانن چاوەڕێدەکەن باقییەکەی تریان لێوەربگرینو ئەگەر مەترسیشمان هەبێ، ئەوە بۆ ئیحتیاتی عەسکەرییە نەک لەبەر ئەوەی ئەوان سەرنەکەون بەسەرماندا. چونکە باشترین نەخشەی سەربازی ئەو نەخشەیەیە کە بۆ خراپترین ئەگەری سەربازی دادەڕێژرێ, نەک بێبکانە لێی دابنیشیتو گوێی نەدەیتێو بڵێیت پێشمەرگە بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆتو هەرکاتێک هاتن لێیاندەدەین. نەخێر، بەڵکو تائەوکاتەی دڵنیادەبین، ئەمانە بچوکترین مەترسییان لەسەر ناوچەکانمان نامێنێ. تەواوی ئیحتیاتی عەسکەری خۆمان دەکەینو تەواوی توانای خۆشمان دەهێڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەمانە لەهەر لایەک بیانەوێ سەرکێشییەک بکەن، لەوێش سەرکوتیان بکەین.

### پاشەکشەو تێکشکانی داعش

کەوابێ ئازیزان! ئەم قسەیەم بۆ ئەوەبوو، کە دڵنیابن لەوەی داعش بەمانای مەترسی، بەمانای سامی داعش کە دروستیکرد. بەمانای ترس لەسەر چارەنووسی ئێوە، ناوچەکە، کوردستان، ناوچە کێشە لەسەرەکانو گۆڕینی ئەم سیستمە، لەسیستمێکی فیدراڵو دیموکراسییەوە، بۆ سیستمێکی خەلافەت، وەکو خۆیان رایانگەیاند، ئەمە نەما. ئێستا ئەوان لەبەرگرییەکی مردوودان، ئەم بەرگرییە مردووەش، بێگومان کۆتایی هەڵمەتی ئەوانو کۆتایی نەخشەی ئەوان دەبێو سەرەنجام تێکو پێکدەشکێن.

مانگێک یان رەنگە دوو مانگی تر، پێویست بکات بەتەواوەتی پاشماوەکانیشیان لەناوبەرین، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەوان پێیدەڵێن کۆنترۆڵی موسڵ، سەلاحەددین، ئەنبارو شەقامەکانو مەترسی لەسەر ئابووری ئەم وڵاتە، ئەوە نامێنێت. بەڵام تەقینەوە، کەمین دانانو ئەو شتانە جارێ دەمێنێت. هەروەکو چۆن هەموو ئەوانە لەیانزە ساڵی رابردوودا هەبوو. ئەوەی کە ئەوان خەیاڵێکی گەورەیان کردوو خەلیفەیان راگەیاندو بەجلی رەشو ریشی رەشییەوە، ئەبوبەکریان هێناو لەنەینەواو بەکەماڵی ئیسراحەت وتاری دەدا، ئەوە خۆتان دەزانن کە ماوەی سێ هەفتەیە، جەنابی خەلیفە خۆی شاردۆتەوەو دیار نەماوە!!. ئەگەر جاران جەنابی خەلیفە لەمزگەتو بەکەماڵی ئیسراحەت بانگیدەدا، ئەوا ئێستا لەکولەکەی تەڕدا بانگدەدات. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خەلیفە بارودۆخی زۆر زۆر خراپەو کەس نازانێت خۆی لەکوێ شاردۆتەوە.

ئێستا ئەوان زۆرتر پشت بەهێزی ناوخۆییو عەشایەر دەبەستن. ئێستا لەجەلەولاو سەعدیە بەپێی زانیارییەكان، خۆیان ببڕنو بكوژن، ئەوپەڕییەكەی سەدو پەنجا كەسیان ماوەو لەو ڕێژەیەش پەنجا داعشی تێدا نییە.

بۆیە ناوی هیچ عەشیرەتێك ناهێنم بۆ ئەوەی نەترسن، چونكە ئێمە هێزێكی لێبوردەینو هەر كەسێك بێتەوە ناومان لێی دەبورین، ئەگەرچی تاوانیشیان بەرامبەرمان كردبێ. هەموو ئەو عەشیرەتانەی بەدرێژایی مێژوو خراپەكاریان بەرامبەرمان كردووە، ئەمجارەیان بەداخەوە هەندێكیان بەڵێنەكانیان نەبردە سەر بەرامبەرمانو بەپێچەوانەوە لەخشتەبرانو پێنج سەد بۆ شەش سەد كەسێكی داعشیان لەم ناوەبینی، وایان زانی ئیتر ناوچەكە كۆنترۆڵ دەبێتو خەلافەت لەم ناوچەیە جێبەجێ دەبێت!. بەڵام ئەوە بۆ دوو هەفتەش دەبێ، كە نەك كاڵەك، بەردیش بەئەژنۆ دەشكێننو پەیتا پەیتا لەهەموو شوێنێك خەڵك دەنێرن بۆ ئەوەی لێیان ببورین. لەناوخۆشیاندا شەڕیانە، كروی لەگەڵ ئەواندا، ئەوانیش لەگەڵ خەڵكی ترو ماڵی یەكتر دەتەقێننەوەو لەچەند ڕۆژی ڕابردوو یانزە كرویان لەجەلەولا كوشتووەو سێ بۆ چوار ماڵیان ئاگر تێبەرداوە.

## عیراقو كوردستان لەدوای داعش بەرەو كوێ؟

كەوابێ، ئەم سوكە قسانەشم بۆ ئەوەبوو، كە بڵێم لەبەرامبەر مەترسییەكی گەورەی پڕ لەسامی هاشوهوشی سەرەتای سەرهەڵدانی داعش نین، بەڵكو لەكۆتایی جەنگداین لەگەڵیاندا، بۆ كۆتایی پێهێنانی شتێك بەناوی خەلافەت، یان شتێك بەناوی كۆنترۆڵكردنی ناوچەكانو سەرەنجام بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی ناوچەكانو ئیدارەكان، ناحییەو قەزاكان، دێهاتەكان. كۆبوونەوە لەگەڵ ناحییەكانی جەلەولاو سەعدییەو ئەوانی تریش دەكەین، بۆئەوەی تەواوی دامودەزگاكان ئامادەبكەین، بۆئەوەی لەدوای سەركەوتن بچنەوەو ئیدارەی شارو شوێنی خۆیان بكەن.

عیراقو كوردستان لەدوای داعش بەرەو كوێ؟ ئەم قسەو پێشەكیانەم بۆ ئەوەیە كە قسە لەسەر ئەوەبكەم. چونكە ئێمە فێربووین، یان ئەزموونی سیاسی حوكمڕانی وای فێركردین، كە هەمیشە سنیاریۆكان هاوشێوەن. ماوەیەك گۆڕانكاری دەبێ، گفتوگۆی گەرم دەبێ. دۆستایەتی سیاسی دەبێ. بەڵام دوای ماوەیەك ئەو هێزانەی كە هێزی دیموكرات نین، دەگەڕێنە دواوەو پەشیمان دەبنەوە لەپەیمانەكانیانو سەرەنجام هەموو ئەو ڕێككەوتننامانەی لەنێوانماندا دەكرێن، هیچیان جێبەجێ ناكرێن. ئەگەر ئێستا سەیری سیناریۆكانی وڵاتانی كۆماری بكەین، كە لەعیراق كۆماری بوو، لەسوریا، لەتوركیاو لەئێرانیش كۆماری ئیسلامی هەبوو. لەگەرمەی شۆڕشەكاندا قسەی جوان دەكرێ، بەڵام كە هاتە سەر ئەوەی دەسەڵات كۆنترۆڵ دەكرێو هێز پەیدا دەكرێ، دامودەزگاكانی موخابەرات كۆنترۆڵ دەكرێ، ئیتر وردە وردە مافە دیموكراسییەكان نامێنێ. ئازادییەكانی سەر شەقام، كە ئازادی خۆڕسكیشن، نامێننو تەنها یەك ئازادی قوتدەكەنەوە، ئەویش ئەوەیە كە ئایا دەسەڵاتت قبوڵە

یان نا. ئەم سیناریۆیانە زۆر دووبارە بۆتەوە، ئێستا مەترسییەکی گەورە لەسەر هەموولایەکەمان پەیدابوو، کە داعشەکانەو ئەزمونێکی گەورەش بۆ هەموو لایەکمان پەیدابووە، ئەو ئەزموونە پێویستە هەمووانەی کە لەعیراقین، شیعە پێش سوننە، سوننە دوای شیعەو کوردیش لەدوای سوننە، پێویستە پەندێکی گەورە لەیانزە ساڵی حوکمڕانی رابردووی دوای روخانی سەدام وەربگرین، پەندەکانی سەردەمی عەبدولسەلامو عەبدولڕەحمانو بەعسییەکانی ئەوکاتەش هەموو لەبەرچاو بگرین.

یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی تێکشکانی ئەم ئەزموونەو ئەوەی بەسەر سوپای عیراقدا هاتو داعشەکان سەرکەوت، چارەسەرنەکردنی کێشە سیاسییە بنەڕەتییەکانی عیراق بوو، لەدوای روخانو جێبەجێنەکردنی دەستورە. ئەمە گەورەترین کەلێنە کە هەموو دوژمنێک دەتوانێت دزەی تێدا بکات. بێگومان کە کێشەی بنچینەیی سیاسی هەبوو، ئۆپۆزسیۆنێکی سلبی خراپ بەرهەم دەهێنێت. کە کێشەی سیاسی بنچینەیی نەبوو، ئاسودەیی دروستدەبێ، خۆشگوزەرانی دروست دەبێ، تەنگو چەڵەمە ئابوورییەکان چارەسەر دەبنو سەرەنجام متمانەو لەخۆبوردوویی‌و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا دروست دەبێ. ئێستا ئەوە ئێمە داعش دەشکێنینو ئاشکراشە کە پێشمەرگەو ئەزموونی فیدراڵ لەکوردستاندا، چ کاریگەریەکی هەبوو لەسەر عیراق. ئێستاش لەگفتوگۆو دانوستاندااین لەگەڵ حکومەتێکی تازە لەعیراقدا، بەسەرکردایەتی بەڕێز حەیدەر عەبادی. عەبادی حزبی دەعوەو زۆربەی شیعە پشتیوانی دەکەن، هیچ کێشەیەکەمان نییە. چونکە وتومانە هاوپەیمانی نیشتمانی کێ هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەودا دانوستان دەکەینو ئێستاش وەفدی کوردستان لەگفتوگۆدان لەگەڵیدا.

## گرەنتی بۆ ئامانجە دیموکراسییەکان

ئەوەی دەیبیستین گفتوگۆکان بەشێوەیەکی گشتی خراپ نییە، بەڵام کە دێتە سەر رەگەزە سەرەکییەکانی مافە بنچینەییەکانی گەلەمانو مافە دیموکراتییەکان، دیسانەوە جارێ ماوێتی. نائومێدتان ناکەم بڵێم خراپە، بەڵام جارێ ماوێتی.

دانوستاندن لەسەرەتاوە هەرچی دەوترێت نابێت بەپێوەر. بەڵکو دانوستاندن کە گەیشتە سەر ئیمزاکردنو نەکردن، ئەوا ئیتر مەحەکەکە لەوێیە، نەک لەسەرەتای گفتوگۆکاندا. ئێمە سیاسین، دەشزانین هیچ هێزێکی سیاسی لەسەرەتادا راست ناکات. هەموو هێزێکی سیاسی بنمیچی داخوازییەکانی خۆی بەرزدەکاتەوەو هەموو هێزێکی دەسەڵاتیش، بنمیچی رەفزی خۆی کەمدەکاتەوە. ئەمە هاوکێشەیەکە لەهەموو دەوڵەتانی دنیادا وایە. ئەوەی داوا دەکات، زۆر داوا دەکاتو ئەوەشی نایدات، کەم دەدات. لەئەنجامدا ئەوەی نییەتی ئەزموونی لێوەرگیراوی ئەزموونەکانی هەبێ، ئەوەی زۆر داوادەکات، کەمێک دێتە خوارەوەو ئەوەی دەسەڵاتی هەیەو کەم دەدات، دەبێ بێتە سەرەوە.

ئەوان بێنە سەرەوەو ئێمە بێینە خوارەوە یەکدەگرینەوە. بەڵام ئەوانە نەیەنە سەرەوەو ئێمەش لەکەلی شەیتان نەیەینە خوارەوە، ئەوا ناگەینە ئەنجام. کە ئێمە وەکو کورد ئامادەینو کەلی شەیتانمان نییە، کەلی رەحمان-مان هەیە. داخوازییە حەقیقییەکانی ئێمەش پابەندبوونە بەدەستوورو هەر بەپێی دەستوریش مامەڵە لەگەڵ دانوستاندنەکە دەکەین، کە ئێستا هەیە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بزانین لەدوا ئەنجامدا دەگەینە کوێ؟. حەزدەکەم ئێستا زۆر بەگەشبینییەوە قسەتان لەگەڵدا بکەمو پێمخۆشە کە لەم کۆڕەش چووینە دەرەوە هەموو شتێک تەواوو بووبێو چووبێتە سەر سکەی مێژوویی خۆی. بەڵام بەشبەحاڵی خۆم، وەک مەلا بەختیار، قسەیەک هەیە کردوومە، نەک ئێستا، بەڵکو ١٠ ساڵ لەمەوپێش، لەکۆڕو کۆبوونەوەو لەنووسینیشدا کردوومە، تاهێزی دیموکراسی کۆمەڵایەتیی راستەقینە، خەباتی کۆمەڵی مەدەنی راستەقینە، عەقڵییەتی دیموکراتی راستەقینە، لەدەسەڵات، لەپەرلەماندا زاڵ نەبێ. ناتوانم هیچ گرەنتییەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراسییەکانمان لەم وڵاتەدا ببینم. بنەمای دیموکراسی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان لەعیراقدا نییە. تەنیا بەسێ هێزی سێ پێکهاتە هاوسەنگیو لەنگەرێکمان دروست کردووە، ئەویش شیعە، سوننە، کورد-ەوە بەمەش سێگۆشەیەکی سیاسی لەم وڵاتەدا هەیە.

## گرنگیی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە

ئەم سێگۆشەیەش لەسەر تەرازووی هێز وەستاوە، نەک لەسەر بنچینەی پرنسیپی دیموکراسی. پێویستە ئەوەش بزانن کاتێک سوننە بەشە هێزەکەی خۆی تێکچوو، بزانە وڵاتەکە چی بەسەرهات. هەموو پرۆسەکە تێکچوو. شیعە بەشە هێزەکەی تێکچوو، هەموو سوپای عیراق هەرەسی هێناو هەموو دەزگا ئەمنییەکان هەرەسیانهێناو بەغدادیش کەوتەبەر مەترسییەوە. بەڵام کوردستان هێزەکەی تێکنەچوو، نەک سێ پارێزگای فیدراڵ، بەڵکو بەشێکی زۆری ناوچە دابڕێنراوەکانیشمان پاراست. کەوابێ، دەبێ جارێکی تر ئێمە، بەدەستکەوتی سیاسی هاوسەنگی هێز لەم وڵاتەدا بگێڕینەوە. سوننە دەبێ مافی بدرێتێو سوننە راستەقینەکان ئەوانەی کەدەتوانن بێنە ناو پرۆسەکەوە بۆ دوو ساڵ سێ ساڵ مافەکانیان بدرێتێو کێشە بنچینەییەکانیان چارەسەر بکرێ. دەبێ شیعە لەو عەقڵییەتە وازبێنێ، کە ئەو هەرچییەکی بوێت لەم وڵاتەدا بۆی دەچێتە سەر. دەبێ ئێمەی کوردیش، تا لەچوارچێوەی عیراقداین، بیر لەوەبکەینەوە کە تەنها پێداگیریمان لەسەر جێبەجێکردنی مادەکانی دەستور بکەین. ئەمە ماوەیەک دەخایەنێ، بەڵام دوای ئەو ماوەیە، بێگومان کێشەی ترمان بۆ دێتە پێشەوە. ئەم کێشەیە بەردەوام دەبێو ناوبەناو بەشێوەی تر سەرهەڵدەداتەوە. چونکە هێشتا ئەزموونی دیموکراسی، فکری دیموکراسی، فەلسەفەی دیموکراسیو هێزی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆر لاوازە. تا ئەمانەش لاوازبن، کێشە بە بەردەوامی دەبێ. زامنی ئەمەش چییە بۆ ئەوەی کە ئەگەر خراپترین ئەگەر بەسەرماندا هات؟ ئەوا زامنی ئێمە



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی خۆمان رێکبخەینەوە، ئەم ئەزموونەی بەسەرماندا هات، پێشمەرگە بکەینەوە، بە پێشمەرگەیەکی نیزامی پڕ چەک، سیستەمی نیزامی خۆمان زۆر بەهێز بکەین. سیستەمی ئەمنی خۆمان بەهێز بکەین‌و کوردایەتی لەچوارچێوەی ستراتیجی یەکگرتووی هەموو هێزە سیاسییەکاندا بپارێزین. هەم میللەت‌و هەم خۆشمان لەئەحزابی سیاسی، هەم قیادەی سیاسی، هەم بزووتنەوەی مەدەنی لەکۆمەڵدا، ئەم ئەزموونە دەبێ بەئەزموونێکی گەورە بزانین، بۆ ئەوەی هەریەکە ئەرکی لەمەوداوی خۆمان باشتر بزانین. ئەوە واز لێبهێنین هەر رێکخراوێکی بچووک، هەر نووسەرێک، هەر رۆژنامەو تەلەفزیۆنێک چۆنی بوێ وەها بیبینێت. ناڕەزایی لەجێگەی خۆی، رەخنە لەجێگەی خۆی. هەمیشە ئەوە دەڵێم، کۆمەڵێک، ئەزموونێک، حزبێک‌و گروپێک، رەخنەی لێ دەربهاوی زۆر مەترسیدارە. چونکە بەبێ رەخنە هیچ بونیادنانرێ. عەقڵ گەشەناکات، کۆمەڵ پێشناکەوێت‌و دامودەزگانیش کامڵ نابن. هەڵەکان چارەسەر ناکرێن‌و گەندەڵی بنەبڕناکرێ. بەڵام رەخنەی بونیادنەر. ئەو رەخنانەو ئەو سیاسەتانەی لەمیدیای ئێمە، لەحزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێمە لەچەند ساڵی رابردوودا هەبوو، خزمەتێک نەبوو زۆرتر بچێتە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئەگەری مەترسیدار باش لەبەرچاو گیرابێ، نەخێر نەگیرا. ئەگەری مەترسیدار لەبەرچاو نەدەگیرا. پێشمەرگە کرا بەمیلیشیاو رەخنە نابەجێی لێگیرا. ئیحترامی پێشمەرگە کەمکرایەوە. هێرشی گەورە دەکرایە سەر حزبەکان، هێرشی گەورە دەکرایە سەر دەسەڵات، حزبەکانی دەسەڵاتدار واپیشاندەدرا، کە دەسەڵات شتێکی گەڕوگولە. حزبایەتی گەڕو گولە. فەزایەک دروستکرا کە تەکاندنەوەی خەڵک بوو لەراپەڕاندنی لێپرسراوێتی دیموکراسی‌و نەتەوەیی خۆی.

## پێگەی نوێی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەراپەڕاندنی پاراستنی چۆنێتی دیموکراسی. ئەم سیاسەتە چۆن ئێمە وەکو حزب، تا لەدەسەڵاتیشدابین وەک دەسەڵات، دەبێ بەسیستمی پێشمەرگە، بەحوکمڕانی، چۆنێتی چەسپاندنی یاسا، بەهەمواکردنەوەی دەستورو هەموو ئەرکەکانی خۆماندا بچینەوە، بەئۆپۆزسیۆن‌و کۆمەڵی مەدەنیش‌و رێکخراوەکان‌و میدیای ئێمەش، جۆرێک لەبەخۆداچوونەوە، بەخۆیاندا بچنەوە، ئامانجێکی سیاسی بۆ ئەم قۆناغە لەبەرچاو بگرن، تا ئەوکاتەی لەم وڵاتەدا گرەنتی مافەکانی ئێمە، پاراستنی مافەکانمان‌و پەرەپێدانیان، بەدیهێنانی ئامانجە بەدینەهاتووەکانمان، تازەمانەتەکەی، بزوتنەوەیەکی دیموکراسی راستەقینە نەبێ.

**هەڤاڵان.. ئامادەبووان،** تاکە گرەنتی بۆ ئێمە ئەوەیە، کورد وەکو شیعەو سوننەی چەند مانگی رابردووی لێ نەیات. لەبەرئەوەی ئەگەر وەک شیعەو سوننەمان لێ بهاتایە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک شکست‌و بەدبەختی‌و ناخۆشی بەسەر شەنگال‌و هەندێک ناوچەدا هات، کە ئێستا بەتەنها لەخانەقین شەست‌و پێنج هەزار ئاوارە هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەمە،



سەرچاوە
Serchawe

بڕبڕەی پشتی موقاوەمەتی ئێمە، توانای ئیدارەکردنی پێشمەرگەو رێکخستنی پێشمەرگە، دابەشکردنەوەی پێشمەرگەو دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە لەجێگەی خۆیدا ماوەتەوەو ئەوە سەرکەوتنانەشی بەدەستهاتوون. سەرکەوتنێک بوون، بوون بەمایەی ئەوەی کە لەسەر ئاستی دنیادا هۆشیارییەکی سیاسی زیاتر بۆ رۆژهەڵاتو لەرۆژهەڵاتیشدا، ئەمجارە زیاتر بۆ کورد پەیدا بوو. بۆ نموونە، دوو رووداو لەیەککاتدا لەرۆژهەڵاتدا تەقییەوە. یەکەمیان رووداوەکانی شەنگالو ناوچەکانی ئێمەو داعش بوو. رووداوێکی تریان بریتی بوو لەرووداوی ئیسرائیلو غەززە. لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ هیچ بۆردومانێکو بەدبەختییەک نیم، نە لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل ئەم بەدبەختییەی بەسەر غەززە هێناوە، نە لەگەڵ ئەوەی هاویشتنی جۆرەها موشەکی پێشکەوتووین بۆ ئەوەی هاوولاتی لەتەلئەبیب بکوژرێت. ئەگەر شەڕ دەکەیت، ئەوە سوپا.

خۆ ئێستا ئێمە لەهەموو ئەو شوێنانەی سەرکەوتین، بەدەیان دێهاتو ناحییەی عەرەبو سوننە لەبەر دەستماندایە، کە بەشێکیان لەگەڵ داعشدا کەوتن، ئەگەر مەسەلەکە تۆڵەسەندنەوەو هێزبێ، ئەوا هەموو شتێکمان پێدەکرێت. چونکە تاوانە لەسەرکەوتندا موراعاتی مافەکانی مرۆڤ نەکەیتو ئایندە نەخوێنیتەوەو پەیوەندی نێوان ئێمەو سوننەو یان پەیوەندی کوردو عەرەب، یان جوگرافیای ئێمەو دراوسێکانمان نەخوێنیتەوە. لەغەززە چی بەسەرهات. ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە حەماس دەیگرتەبەر، بەتەقاندنەوەی بۆمب لەناوچە مەدەنییەکاندا، ئەنجامەکەی وایلێهات، جگە لەهەزاران قوربانیو ملیارەها زیانی مادی، زیانە سیاسییەکەشی ئەوەیە کە بەتەنیا سۆزێکی مرۆیی بەرامبەر بەغەززە هەبوو، هەموو پشتیوانییە سیاسیو سەربازییەکە لەغەززە کشایەوە. تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش کۆمەکی سەربازی نەکردن. بەڵام بۆ ئێمە بەپێچەوانەوە، مرۆڤایەتی، میدیایی، دیپلۆماسی، لەنەتەوە یەکگرتووەکان، لەئەنجومەنی ئاسایش، لەیەکێتی ئەوروپا، لەئەمریکاو لەدەوڵەتانی ئەنجومەنی ئاسایش، هەم لەرووی سەربازی، هەم لەرووی میدیاییو هەم لەرووی ماددییەوە، پشتیوانییەکی گەورەی مەسەلەکەمان کرا. ئەمە مانای چییە؟ واتە مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەی ژمارە یەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوەی پێی دەوترێت ستراتیجی دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت بێتەدی، سەرچاوەکەی بوو بەکوردستان. بەڵام جاران شۆڕشی فەڵەستین بوو. ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

## عیراق لەسێ ریانێکی چارەنووسسازدایە

**گەلۆ!..** ئێوە دیقەت لەگوتارەکان بدەن، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کە دەڵێت، پێشمەرگە دژی داعش بەرگری لەئازادی دەکات، ئێمەش وڵاتێکی ئازادین، واتە پێشمەرگە بەرگری لەئازادی جیهانی دەکات. ئەمە زەخیرەیەکی زۆر گرنگ دەبێ بۆ پاشخانی ئایندەی نەتەوەکەمان. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاو مێرکڵ، سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا کە دەڵێت پێشمەرگە، بەرگری لەدیموکراسی دەکات، لەوە زیاتریش کە دەڵێت ئێمەی ئەڵمانیا، کە پشتیوانی پێشمەرگەمان کرد، بەهۆی



سەرچاوە
Serchawe

پێشمەرگەوە چووینە ناو هاوکێشەی نێودەوڵەتییەوە!. ئێمەی کورد کە لێرە دانیشتبووین، لەولاوە هێرشی داعشو لەملاوە هێرشی داعش، چیمان بەسەردەهاتو نەماندەزانی چیترمان بەسەردێ، وامان لێهات یەکێک لەدەوڵەمەندترین وڵاتەکانی ئەوروپا، بەهۆی ئێمەوە چۆتەوە ناو هاوکێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. ئەم قسانە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، نەک هەر بۆ ئێستا گرنگە، چونکە بۆ عیراق ئەم قسانەیان نەکرد، بۆ هیچ حزبێکی عیراقیو تەنانەت ڕێکخراوی تەحریری فەڵەستین-یش ئەمەیان نەوت. تەنانەت بەپێچەوانەوە، بەهیچ جۆرێک ئامادەنەبوون، یارمەتی حەماسو جیهادی فەڵەستین بکەن. ئەمە لەکاتێکدا فڕۆکەخانەی سلێمانیو هەولێر، جۆرەها وەفد دێتو دادەبەزێتو جۆرەها چەکو تەقەمەنی لەو فڕۆکەخانانە دادەبەزێ. لەهەموو شوێنێکەوە ئەمە هەیە، لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بۆ پشتیوانیمان، ئەمەش هێزێکی گەورەیە بۆ ئێمە کاتێک خۆمان ڕێکدەخەینەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزەی هەمانبوو، کە تووانی تائێستا خۆی رابگرێ، لەهاوکێشەی هاوسەنگی هێز لەنێوان شیعەو سوننەو ئێمەدا، ئەوان ئەو بارودۆخەیان بەسەردا هاتو ئێمە خۆمان پاراست، لەمەوداو ئەگەر خۆمان ڕێکسختەوە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەهێزکرد، هەرکاتێک، هەر ئەگەرێکی تری مەترسیدار هاتە سەرمان، ئەوکاتە پاشخانێکی باشە بۆ ئێمە، بەئەڵمانیا، بەفەڕەنسا، بەئەمریکا، بەریتانیاو بەئیتاڵیا، تەنانەت ئەلبانیا رایگەیاندووە، کە بیستو دوو ملیۆن جۆر تەقەمەنی دەگەیەننە کوردستان.

ئەم هەموو وڵاتە کۆی بکەیتەوە بەیەکێتیی ئەوروپاوە، کە تەنها یەکێتیی ئەوروپا خۆی ٢٨ وڵاتە، دەکاتە زیاتر لە (٥٠) وڵات کە لەم ڕووداوانەدا پشتیوانیان کردین. وەکو ئاماژەشم پێدا، بەڕێکخستنەوەی خۆمان بارودۆخەکە باشتر دەبێت. عیراقیش لەدوای داعش، یان دەبێ شیعە مافە دیموکراسییەکان بسەلمێنێتو بنچینەی کێشەکان چارەسەر بکات، یان عیراق بەرەو جیابوونەوە دەڕواتو ڕێگەیەی تر لەبەردەمیدا نییە. جیابوونەوەکە، فیدراڵ دەبێ یان کۆنفیدراڵ، یان دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوە پەیوەستە بەدوا بڕیاری دەسەڵاتداری شیعە لەعیراقداو سیاسەتی ژێری پاشماوەی سوننە لەعیراقدا.

**ئێمەش وەکو کورد هێشتا بنمیچی داخوازییەکانمان لەچوارچێوەی دەستوردایەو عیراقیش لەسێ ریانێکی چارەنووسسازدایە. یان چارەسەر، یان هەر پێکهاتەیەکی عیراق، ڕێی تایبەتی خۆی دەگرێتەبەر.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## بۆچی ئۆباما هەولێری پاراست؟



وەرگێڕان لە فارسییەوە: خالد ئەحمەدیان پەسوێ

هێندێک لە ڕاڤەکاران، پاراستنی هەولێر وەک ئۆهەمین ناوچەی پڕ نەوتی جیهان، بە هۆکاری هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر پێگەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان دادەنێن.

بە پێی هەواڵی کوردپرێس، باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمەریکا چەند حەوتە پێش ئێستا و بە دوای داگیر کردنی شاری شەنگال لەلایەن هێزەکانی داعش و پێشڕەوی ئەم هێزە توندئاژۆیە تا نێزیکی شاری هەولیر و تەنانەت ۳۰ کیلۆمەتری پایتەختی هەرێمی کوردستان، فەرمانی بە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەم وڵاتە دا پێگەکانی داعش بۆردومان بکەن. سەرۆک کۆماری ئەمەریکا ڕایگەیاند کە مەبەست لە هێرشی ئاسمانی لە دژی پێگەکانی داعش، پشتیوانی لە ئاوارەکانی ئێزدی و پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتییانی ئەمەریکایە کە نیشتەجێی هەولێرن. بەڵام وەک هێندێک لە ڕاڤەکاران دەڵێن؛ باراک ئۆباما وشەی "نەوتی" لە قەڵەم خستووە، چونکە وەک ئەم ڕاڤەکارانە دەڵێن مەبەستی ئەمەریکا لەم هێرشە ئاسمانیانە، پارێزگاری لە کاربەدەستەکانی کومپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکاییە و ڕێگرتن لە ڕووخانی هەولێر وەک ئۆهەمین پایتەختی نەوتی جیهانە.

هێندێک لە کاربەدەستە نیزامییە ئەمەریکاییەکانیش ڕایانگەیاندووە ئامانجە سەرەتاییەکان لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی داعش، پێشگیری لە چوونە پێشی داعش بەرەو هەولێر بووە. جان کری وتەبێژی پێنتاگۆن پاش هێرشی ئاسمانی لە لاپەڕەی تویتری خۆیدا نووسی: "فڕۆکە شەڕکەرەکان یەکینەیەکی تۆپخانەی داعشیان کردۆتە ئامانج. ئەم تۆپخانەیە، دەستی دابووە تۆپباران کردنی هێزە کوردەکان کە پارێزگارییان لە هەولێر دەکرد."



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دوویەم**

**ویلیام می ویل**، سەرۆکی بەشی ئۆپراسیۆنی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی ئەمەریکاش لە وتوویژ لەگەڵ میلیتاری تایمز، ئامانجی سەرەتایی لە بۆردومانی پێگەکانی داعشی ڕاگرتنی پێشڕەوی ئەم تاقمە بەرەو شاری هەولێر وەبیر هێناوەتەوە.

**ستیو کۆل**، سەرۆکی کالیجی ڕۆژنامەنووسی زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمەریکا لە نووسراوەیەک بە ناوی "نەوت و هەولێر"دا کە لە دوایین ژمارەی **حەوتەنامەی نیویۆرکردا** بڵاو کردۆتەوە، هۆکارێکی سەرەکی بۆ هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا لە دژی پێگەکانی داعش باس کردووە: "بۆ پارێزگاری لە هەولێر".

**ئەو لە نووسراوەکەی خۆیدا پێیوایە کە:** "پارێزگاری ئۆباما لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕاستیدا پارێزگاری لە پایتەختی وڵاتێکی خاوەن نەوت "ڕانەگەیێندراوە".

ئەم ڕاڤەکارە لە نووسراوەکەی خۆی لەمەڕ هۆکارەکانی پارێزگاری ئۆباما لە کوردان، ئاماژە دەکاتە سەر ئاخاوتنەکەی باراک ئۆباما لە وتوویژ لەگەڵ تۆماس فریدمەن لە کەناڵی CNN. باراک ئۆباما لەو وتوویژەدا گوتبووی: "هەرێمی کوردی لەو بوارەدا کە ئێمە پێمان خۆشە، هەنگاو هەڵدێنێتەوە. ئەم ناوچەیە، لەگەڵ کەسە ئایینی و نەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە گرینگە ئاسایشی ئەم ناوچەیە بپارێزرێ."

**بەڵام جان بی جودیس**، لە گوتارێکدا کە لە نیو ریپابلیکدا بڵاو بۆتەوە لە هەڵوێستی ئەمەریکا بۆ هێرش کردنە سەر پێگەکانی داعش پشتیوانی دەکات و دەنووسێ: "ئەگەر داعش هەولێری داگیر کردبا، بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق دەکەوتە مەترسی و لە ئاکامدا دەست ڕاگەیشتنە سەر سەرچاوە نەوتییەکان بۆ جیهان کەم دەبووەوە."

**ئۆلیور جاکۆب، ڕاڤەکارێکی سویسیش بە ڕۆیتێرزی گوتبوو:** "هەرچەندە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر داعش بازاڕی بوورسی نەوتی ئاڵۆز کرد، بەڵام دواجار ئەم هێرشانە، سنوورێکی بۆ داعش دانا و یارمەتیشی بە ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد."

**سایتی شرۆڤەکاری down.com هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا و دەستێوەردانی ئەم وڵاتە لە شەڕەکانی عێراقی، بە شەڕی نەوت ناو ناوە و دەنووسێ:** "مێژووی جیهان گەلێ شەڕی لەپێناو نەوتدا تۆمار کردووە. جەنابی ئۆباماش شەڕێکی تری خستە سەر ئەم شەڕانە."

**بەشی دوویەم**

**سایتی واشنتۆن بلاکیش وێڕای ئاماژە بەمە کە هەر ئێستا ٢٩ کۆمپانیای نەوتی دەرەکی کە ١١ کۆمپانیایان ئەمەریکین وەکوو غوولەکانی ئێکسۆن مۆبیل و شێڤرۆن لە هەرێمی کوردستاندا چالاکی دەکەن، ئەم ناوچەی بە ناوەندی گەورەی چالاکییە نەوتییەکانی جیهان لە قەڵەمداوە کە وڵاتە بەرژەوەندیخوازەکان ئامادە نین قازانجی ئەوان بکەوێتە مەترسی.**

**دامەزراوەی برۆکینزیش کاریگەری نەرێنی هێرشی داعش لەسەر بەرهەم هێنانی نەوت لە عێراق و ئابووری ئەمەریکا بە هۆکارێکی گرینگی ئەمەریکا بۆ هێرش بردنە سەر پێگەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان و هەولێر داناوە.**

**برۆکینز لەمبارەوە نووسیوەتی: "ئاشکرایە کە سەرەکی ترین دڵەڕاوکێی ئەمەریکا لە داگیر کردنی چەند ناوچەیەک لە عێراق لەلایەن داعشەوە، کاریگەری ئەم ڕووداوەیە لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق. هەر جۆرە دابەزینێک لە بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم وڵاتە، کارتێکردنی نەرێنی لەسەر ئابووری ئەمەریکا دادەنێ."**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## داعش و هەڵوێستی هێزە کوردییەکان



تالب قەیسەری

ئەوەی راستی بێت هێرشی گرووپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڵگری چەند پەیامێک و لەهەمان کاتیشدا رووی راستەقینەی هەندێ حیزب و لایەنی ناخۆیی و کوردستانی بۆ رای گشتی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەرخست.

پەیامی داعش و هەندێ لەسەرۆک عەشیرەتەعەرەبەسوننەکان و چەند وڵاتێکی هەرێمی ئەوەبوو وەک پیشەی هەمیشەییان تا بۆیان دەکرێ دژی سەرەتاییترین مافەکانی گەلی کورد دەوەستنەوەو هەموو هەوڵی خۆیان وەگەڕ دەخەن تا ئەم پارچەرزگارکراوەی کوردستان کەبەخوێنی سەدان هەزار رۆڵەی ئەم نیشتمانەهاتۆتەبەرهەم داگیر بکەن و هەمدیس کورد ببێتەوەکۆیلەو ژێر چەپۆکەو یەغسیر و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی سەدان ساڵەی ئەم گەلەبەش مەینەتەکەسەربەخۆیی کوردستانە مایەپوچ بکەن و هەمیش بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەست بەسەر ئەم بەشەلەکوردستاندا بگرن کەبەهیمەتی پێشمەرگەقارەمانەکانی کوردستان و سەرکردایەتی کورد لەباشوور و یارمەتی وڵاتانی هاوپەیمانی کوردستان ئەم سناریۆیەیان بۆ نەچووەسەر و بەپێچەوانەوەلەوەدەچێ سەری خۆیان بخوات و ئەو وڵاتەئیقلیمیانەش بەم سیاسەتەیان گورزێکی کوشندەیان لەخۆیان وەشان لەئەگەری هاتنەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکەبەتایبەت عێراق.

ئەوەی دەگەرێتەوەسەر حیزب و لایەنەکوردییەکان بەخۆشحاڵییەوەهێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر کەمەترسی هێزەکانی داعشیان بۆ سەر هەولێری پایتەختی کوردستان هەست پێکرد، خێرا و دەستوبرد هێزەکانی خۆیان رەوانەی بەرەکانی شەڕ دژ بەداعش کرد و دواتر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان چوونەبەرەکانی شەڕەوە، هەرچەند ماوەیەکی زۆر لەبەرەکانی شەڕدا نەمانەوەو بەهەر هۆکارێک بوو پاشەکشەیان پێکرا بەڵام نییەت پاکی و هاوسۆزی و ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان بەنیسبەت

ئەو بەشەی کوردستان بەجێهێنا. بەڵام بەداخەوەهەندێ لایەنی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان جیا لە شەڕی ئێعلامی و ناوزراندنی پێشمەرگەهەوڵی ئەوەیان دا بەشێوازی جۆراوجۆر بەناوی هێزی رزگاریدەر و قارەمان هەندێ حیزب بکەنە پاڵەوانی گۆڕەپانەکەو ببنەمایەسەرئێشەبۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لەکەس شاراوەنییەکەێ و بەپیلانی کام وڵاتی هەرێمی هێزەکانی پەکەکەبێ ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم ئیزنی هاتنەناوەوەیان پێدابن، کاروان کاروان بەسواری سەیارەو بەبەرزکردنەوەی ئاڵاکەیان و بەهۆتاف کێشان گوێی خەڵکیان کەڕ کرد و خەڵکانێکیش هاندران بۆ پێشوازی کردن لێیان، دیارەخەڵکی باشووری کوردستان پێشوازی لەهەر لایەنێک دەکەن کەبەدڵسۆزییەوەو دوور لەهەر هەلپەرەستییەک لەرۆژی تەنگانەدا بەدەمیانەوەبێت، بەڵام ئەوەی پەکەکەکردی هاسۆزی و ئینتیمای نیشتمانی نەبوو بەڵکو ملکەچکردنی پەکەکەبۆ کۆماری ئیسلامی و کەوتنەداوی هەندێ هێزی ناوخۆیی و هەڵپەرەستی بوو وای کرد پەکەکەبێتەباشووری کوردستان و وەک خۆشیان ئەماژەیان پێداوەبەتەمای ئەوەنین لەو ناوچانەبکشنەوە.

بۆیەدەڵێم هەلپەرەستی چونکوو ئێستا کەشنگال هێشتا رزگار نەکراوەئەوان لەو ناوچەیەخەریکی دامەزراندنی کانتۆنن و هێزی چەکدار دادەمەزرێنن و تەنانەت زۆر جاریش دەبنەرێگر لەبەرانبەر گەیاندنی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی چیای شنگال.

کۆماری ئیسلامیش ویستی لەرێگای پەکەکەوەبۆشاییەک لەچیای شنگال بدۆزێتەوەتا لەم رێگایەوەمەترسی بۆ سەرەکیترین هاوپەیمانی ئەمریکا کەئیسراییلەدروست بکات، چونکو چیای شنگال هەم لەباری سەربازییەوەو هەم لەباری ستراتیژییەوەناوچەیەکی زۆر هەستیارەکەدەکرێ هەم بنکەی موشەکی لێ دابمەزرێ و هەم دژەموشەک، دیارەلەم شوێنەوەکاتی خۆی سەدام حوسێن چەندین جار ئیسرائیلی موشەکباران کردبوو. مەبەستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی و پەکەکەلەچوونەچیای شنگال نانەوەی دووبەرەکی و درزخستنەناو ریزەکانی گەلی کورد بەتایبەت هێزەدەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیەو خەڵکی ناوچەکەو دواجار سەرئێشەدروستکردن و نانەوەی کۆسپ و تەگەرەلەبەردەم رایی کردنی ئەرکەکانیاندا و سەرئەنجامیش سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشەی قوڵ کەئاکامەکەی تەنیا دڵی دوژمنانی کورد خۆش دەکا تا بەم شێوەیەلەئاوی لێڵ ماسی بگرن. ئەوەی راستی بێت نەئەمریکا و نەپارتی دیموکراتی کوردستانیش پێموانییەقبووڵی ئەوەبکەن کەپەکەکەلەو شوێنەبمێنێتەوەو دیارەئەو سیگناڵەشیان پێگەیشتووەکەئەگەر نەکشنەوەئەوەئەمریکا بەشێوەیەکی دیکەپاشەکشەیان پێدەکات، لەم رووەوەهەم سناریۆکەی ئێران و هەم پەکەکەو هەم لایەنەکانی تریش دەبنەبڵقی سەر ئاو و هەمیش خەڵکی هەرچوارپارچەی کوردستان لەمەرامی راستەقینەی ئەو بەناو هێزەرزگاریدەرانەتێدەگەن.

ئەوەی راستی بێت مێژوو رەحم بەکەس ناکات و سەرەنجام ئەوەی رۆژێک لەرۆژان پاڵی بەدوژمنەوەدابێت، وەک پەڵەیەکی

بەشی دوویەم

رەش لەمێژوودا بەناو چاوانیەیەدەمێنێتەوەو دڵنیاشم پەکەکەدیسانەوەبەرەو سنوورەکانی ئێران پاشەکشەدەکات تا وەک هەمیشە پارێزەری سنوورەکانی رژێمی ئێران بێت و پەیەدەش کەوەک باڵی رۆژاوای پەکەکەناسراوەدەچێتەوەناو خاکی رۆژای کوردستان تا وەک ٣ساڵی رابردوو شەڕی بەوەکالەت بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد بکات و رێگر بێت لەچوونەناوەوەی هێزەکانی دیکەی ئەو پارچەیەبۆ رۆژاوای کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - رێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

## روبرت جۆرج: داعش و دیکتاتۆریی و ١١ی سیبتەمبەر



هیوا محەمەد

لەکاتێکدا کە یادی سێزدە ساڵەی هێرشە تیرۆریستیەکەی بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١١ی سیبتەمبەری ٢٠٠١ دەکەینەوە، دەستکەوتە جەنگیەکانی تیرۆریستانی داعش‌و هەڕەشە بەردەوامەکانی رێکخراوی قاعیدەو هەموو گروپە تیرۆریستەکانی تر پێمان دەڵێت کە مەترسی تاوانەکانی تیرۆریستان زۆرەو ناکرێت وەک یادێکی بەسەرچوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. سەرەڕای ئەوەی ئەو گروپانە هەوڵی گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی‌و ئەفسانەیی رابردوویەکی قوڵ دەدەن، دەرکەوت کە بیرۆکەیەکی تازەی ترسێنەر هاندەریانە، ئەو بیرۆکەیەش لەکۆتایی سەدەی رابردووەوە پێش چەند ساڵێک لەڕووداوی ١١ی سیبتەمبەر سەری هەڵداو خۆی ناساند بەمەزهەبی (شمولی) یان دیکتاتۆری‌و خۆسەپاندن. ئەگەر بمانەوێت ئەو ئیسلامییە رادیکاڵانە کە کوشتن‌و تیرۆر دروشمی سەرەکییانەو مەترسی گەورەن بۆ سەر هەموو جیهان لەناوبەرین پێویستمان بەلێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکی قوڵی ئەو بیرۆکە پیسەیە کە هەڵیان گرتووە کردوویانەتە بناغەی ئایدیۆلۆژیای کار کردنیان، هەروا دەبێ بزانین کە ناتوانین تەنها بە هێزی چەک لەناویان بەرین بەڵکو دەبێت بەبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری، بیری دژە دیکتاتۆری‌و خۆسەپاندن لەڕوویان بوەستینەوەو بیرۆکەی ئەوانە ریسوا بکەین‌و خەڵکیان لێ دوور بخەینەوە پێش ئەوەی بچنە ریزەکانیانەوە. دەبێت مانای خۆسەپاندن روون بکەینەوە کە بریتیە لەو دەسەڵاتە زۆرەی دەیدات بە سەرکردەکان‌و دەسەڵاتداران‌و بزوتنەوە سیاسیەکان‌و بێ گەڕانەوە بۆ هیچ شتێک خۆیان تاکڕەوانە بڕیار دەدەن. ئەوانە خۆیان وا پیشان دەدەن کە لەلایەن خواوە نێردراون‌و دەیانەوێت خۆیان مێژوو بنەخشێنن‌و ئەو بیرو باوەڕانەی کە مرۆڤایەتی لەسەر بنیات نراوە بیگۆڕن. دیکتاتۆری بە پێی مێژوو لەهەر جێگەیەکو لەهەر کاتێکدا بوویێت لەکارەسات‌و کوشتن‌و وێرانکردن هیچی دیکەی بۆ مرۆڤایەتی نەهێناوە، ئەو بارودۆخەی بووە هۆی دەرکەوتنی نازییەکان‌و شیوعیەکان، هەر ئەمەش هۆکاری دەرکەوتنی ئیسلامی رادیکالی بوو. لەداعشەوە تا قاعیدەو تاڵیبان هەموویان شێوەیەکن لەدیکتاتۆری‌و هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی‌و ئارامی یەکسانی لەجیهاندا، ئەوانە یاساو رێساکانیان تێک

**بەشی دوویەم**

شکاندووەو هەندێک ئیمتیازو ماف دەدەنە شەڕکەرە تیرۆریستەکانیان کە بێ سنوورە، بەتایبەت لەدژی خەڵکی سڤیلو ئەنجامدانی کوشتنی بە کۆمەڵ هەروەک ئەوەی نازییەکان کردیان. ئەوانە لەئەفغانستانەوە ١١ی سیپتەمبەریان ئەنجام داو لەئێستاشدا دەیانەوێت مافەکانی مرۆڤ پێشیل بکەنو هیچ بەهایەک بۆ مروڤ نەهێڵنەوە بەتایبەت ئافرەتان، لەعیراق تیرۆریستان سڵ ناکەنەوە لەسەربڕینی ژنو منداڵو کوشتنی ئەوانەی لەکەمینە ئایینەکانی دیکەن، تەنانەت زۆرینەی شیعەش، هەموو ئەو کەسایەتیانە دەکوژن کە لەدژیان دەوەستن یان دوای ئەو بیروباوەڕە توندڕەوو لادەرو دژە مرۆڤانەی ئەوان ناکەون. پێویستە لەسەر مسوڵمانان هەست بە لێپرسینەوە بکەنو لەڕێی خۆیانەوە رەتی بکەنەوەو دژی بوەستن چونکە ئەوانە بڕیاریان داوە ئیسلام ون بکەنو ڕێڕەوی ستالینو بۆلبۆتو هیتلەر بگرنەبەر لەکارە بەربەریەکانیان، ئێمەی غەیرە مسوڵمان شەڕی ئەوان دەکەین هەوڵ دەدەین هەرچی زووتر باشترو ئاسانتر لەناویان بەرین، ئێمە دڵو ژیریو ویژدانمان لەبەرامبەر ئەو شەڕە دەخەینەکار، دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هەمیشە پشتگیری سەربەستینو بۆ هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی یان حکومەتێک کۆڵی لێ نادەین، ١١ی سیبتەمبەر کێشکردنی ئەمریکا بوو بۆ شەڕ، ئێمەش لەئێستادا لەپێناوی پاراستنی خۆمانو نەوەی داهاتوومان ئەو شەڕە دەکەین.

ئیم سی تی ئینترناشیۆنال ٩ - ٩ - ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

بەشی دوویەم

## هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ داعش دا



محەمەد هادیفەر

وەرگێران لە فارسییەوە: خالد ئەحمەدیان- پەسوێ

"خۆگێل کردن لە کینە و دوژمنایەتی ڕەوتی بەعسی- تەکفیری لەگەڵ خەڵکی عێراق و بە تایبەت کۆمەڵانی کوردستان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەکرێ بە خۆگێل کردنێکی سیاسی ئەوتۆ دابندرێ کە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستانی کێشایە نێو بێنە و بەرەیەکی جیددییەوە."

کوردپرێس: زیاتر لە دوو مانگ بە سەر چالاکی تاقمە تەکفیری و ئەو بەعسییانەی کە خۆیان لە باکووری عێراق دا مەڵاس دابوو، تێدەپەڕێ. نێوبانگی جیهانی ڕەوتی تەکفیری- بەعسی پاش دەست بە سەر داگرتنی شاری مووسڵ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. پێشڕەوی بێ بەرگری ڕەوتی تێکەڵاو لە بەعسی- تەکفیری لە پارێزگا عەرەب نشینەکانی عێراقدا بووە هۆی ئەوە ئەم هێرشکارە تەکفیریانە نێوبانگێکی جیهانی پەیدا بکەن. لە هێندێک لە ناوچەدا، ئەم پێشڕەوییانە لەگەڵ بەرگری ڕۆڵە ئازادە عێراقییەکانی کورد و عەرەب بەرەوڕوو بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر بەریان بە پێشڕەوی پیادە نیزامەکانی تاقمی ناوبراو گرت. بە گریمانەی ئەمە کە ڕەخنە و پێشڕەوی ئەم تاقمە سەرکێشە بۆ ناوچە سوننەنشینەکانە، پێش بینی ڕاوەستانی ئەوان لە پارێزگا شیعەنشینەکاندا، شتێکی ئاشکرا بوو. نووسەری ئەم دێرانە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تاقمە تیرۆریستییەدا، نووسراوەیەکی لەژێر سەردێری "ڕووبەڕووبوونەوەی جەریانی داعشی- بەعسی لەگەڵ خەڵکی عێراقدا" نووسیبوو، کە لەودا چەند خاڵ وەبیر هێنرابوونەوە؛ یەک لەوان ئەمە بوو کە هێرشکارەکان، هەموویان لە تاقمی بەستراوە بە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام ناسراو بە داعش نین بەڵکوو زۆربەی جووڵە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پاشماوەکانی حیزبی هەڵوەشاوەی بەعس و هەروەها کەسانی نارازی لە دۆخی عێراقی نوێ دەکرێن کە ڕەوتی

بەشی دووەم

تەکفیری بە سوار بوون بۆ سەر ئەم شەپۆلانە و لە ئامانجەکانی خۆی نێزیک دەکاتەوە. هەر لەو دێرانەدا، وەبیرهێندرا بووە کە تاقمی ناسراو بە داعش یان دەبێ بە ڕوانگەی بیر و باوەڕەوە، کۆمەڵی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەرێوەبەرێ یان لەگەڵ هەلومەرجی زاڵی فەرهەنگی کۆمەڵی داگیرکراودا هەڵسوکەوت بکات و لەگەڵی ڕێک بکەوێ کە لە گریمانەی یەکەمدا دەبێتە هاوتەریبی داعشی بیر و باوەڕی و لە گریمانەی دووهەمیشدا داعشی سیاسی بوون پەیدا دەکات.

زیاتر لە دوو مانگ بە سەر داگیر کردنی ئەم ناوچانە لەلایەن تاقمە تەکفیری- بەعسییەکاندا تێدەپەڕێ. بە سەرنجدان بۆ ئەو هەمووە سامانە تالانکراوە و هێندێ لەو پووڵ و پارەی کە لە فرۆشتنی نەوتی ناوچە داگیرکراوەکانی عێراق و سووریا بە دەوڵەتی تورکیا هاتۆتە دەست، ئەم ناوچانە لە ڕوانگەی ڕەوتی تەکفیری داعشی بیر و باوەڕیەوە بەرێوەچووە. ئەگەرچی ناکۆکی بنەڕەتی و توندیش لە نێوان هاوپەیمانە تالانچییەکانەوە هەیە و تا ئێستا چەند جاریش لەگەڵ یەکتر تووشی پێکدادان بوون بەڵام تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەم هاوپەیمانییە بۆ ئەوان بە پێویست دادەندرێ.

هەر لەو نووسراوەدا ئاماژە کرابوو کە ئەم تاقمە تێکەڵاوییەی بەعسی- تەکفیری لە هەر دوو حاڵەتی سەرکەوتن یان تێکشکان بۆ گەیشتن بە بەغدا، ئامانجی دوایی ئەوان ناوچە کوردنشینەکان و هەرێمی کوردستانی عێراقە. وادیارە هێرشکاران بە هۆکاری جیاواز و یەک ئامانج هێرش دەکەنە سەر وڵاتە هاوسێیەکانیان. بەعسییەکان بە ئامانجی تۆڵە ئەستاندنەوە لەو کەسانەی دەستیان لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدامدا هەبوو، و هاوپەیمانەکەی دواتریشیان واتا تاقمی ناسراو بە داعش بە مەبەستی ئازاد کردنی وڵاتە ئیسلامییەکان لە چنگی جەریانە سیکۆلارەکان کە هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ بەشێک لە ئامانجە هاوبەشەکانی ئەوان بێ. ڕوونترین پەیامی هەڵخەڵەتێنەرانەی کە جەریانی ملهور و داگیرکەری مووسڵ دای بە هەرێمی کوردستانی عێراق، وتووێژی وتەبێژی تاقمی تیرۆریستی لەگەڵ تۆڕی تەلەڤزیۆنی ڕووداو نێزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو کە گوویا داعش هێرش ناکاتە سەر هەرێمی کوردستان کە ئەم فریودانە ئاشکرایەش کاری خۆی کرد و ڕێبەرانی هەرێم لەگەڵ ئەم گشتە ئەزموونەی بوویان بە سانایی کەوتنە داوی مەکری ئەوانەوە. لە نێوان گۆڕانکارییەکانی عێراق، هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ گۆڕانگەلێ بەرەوڕوو بوو کە بابەتی سەرەکی ئەم نووسراوە پێک دێنن.

## هەلومەرجی سیاسی هەرێمی کوردستان

دوای پاشەکشێ هێزە چەکدارە کوردەکان لە مووسڵ و داگیر کردنی ئەم شارە و دەوروبەری لەلایەن هێزە هێرشکارەکان، هێزە

چەکدارەکانی یەکێتی نیشتیمانی بە پێی مەبەستێکی بەرز ناوچەکانی کەرکووکیان داگیر کرد و تا ڕادەیەک ناوچە کێشەلەسەرەکانی کە لەگەڵ عەرەبدا لەسەری ناکۆک بوون، خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە پاشان ڕاگەیێندرا کە ماددەی ١٤٠ لە کردەوەدا جێبەجێ کرا و ئێمەش لەمبارەوە نیازێکمان بە وتوویژ نییە (مەسعوود بارزانی، بەرواری ٥ی پووشپەڕی ٩٣ - ٢٦ی جوونی ٢٠١٤). هێزە هێرشکارە تەکفیری- بەعسییەکان بۆچوونە نێو بەغداوە، لەگەڵ بەربەرەکانێکی خەڵک بەرەوڕوو بوون و لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی نوێی عێراقیش سەرەڕای بوونی قەیران و تووش بوون لەگەڵ بێنە و بەرەیەکی هەراوی ناوچەیی لە ڕێبازی دامەزرانی یاسایی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات.

سەلیم جبووری لە عەرەبە سوننەکان (٢٤ی پووشپەڕی ٩٣ - ١٥ی جووڵای ٢٠١٤) پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەدەستەوە گرتووە. فوئاد مەعسوومیش لە هاوپەیمانی کوردستان لە بەرواری (٢ی گەلاوێژی ٩٣ / ٢٤ی جووڵای ٢٠١٤) وەک سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا کە بەم جۆرە دوو ناوەندی دەسەڵاتی تا ڕادەیەک ناتەبا لەگەڵ ناوەند، لە دەوری مێزی ئاشتی و یەکێتی عێراقی نوێ کۆبوونەوە و چارەنووسی سەرەکی ترین بنیاتی دەسەڵات کە پۆستی سەرۆک وەزیرانە و خاوەن دەسەڵاتێکی زیاترە، بە هەڵبژاردنی حەیدەر ئەلعەبادی لە بەرواری (٢٠ی ٩٣ - ١١ی ئەگێستی ٢٠١٤) دیاریکرا و ئالقەی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی عێراق تەواو کرا. دیارە بەم هەڵبژاردنەش گەورە خاڵەکانی ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی ناتەبا لەگەڵ ناوەندا چارەسەر کران و بنیاتە ڕاپەراندن و بەڕێوەبەرایەتییەکانیش بە ئامانجەکانیان گەیشتن. هەرچەند کە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات بە مەبەستی ناکۆکی نانەوە و دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز کەند و کۆسپێکی بەرچاوی هێنایە پێش بەڵام ویستە نەتەوەییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە پشتیوانی خەڵک لێبراوانە و جیددییە.

لەم سەروبەندەشدا کوردستان، ئاوقای گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بوو کە نەیدەتوانی لە ڕوانینی ڕاڤەکار و چاودێرە سیاسییەکانی بە دوور بمێنێتەوە، ڕاگەیاندنی سەرخۆبوونی کوردستانی عێراق، لێبراوانە کەوتبووە نێو دەستووری کاری مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە بەرواری (٣ی پووشپەڕی ٩٣ - ٢٤ی جوونی ٢٠١٤)دا بە ڕاسپاردەیی ئەمەریکا تەنیا پێداویستی ئەم کارە داکۆکی لەسەر کرا و ڕاگەیاندنەکەی بۆ داهاتوو وەدوا خرا. دوای ڕەسانەیی بوونی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق، ئیسرائیل یەکەم دەوڵەت بوو کە پشتیوانی خۆی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە عێراق ڕاگەیاند. وەک چاودێرە سیاسییەکان گوتیان ئەم پشتیوانییە خۆسەرییە لە نێو چین و توێژە کوردستانی و کۆڕ و کۆمەڵە ناوچەییەکاندا، ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەبوو کە بە چەشنێک بە خراپترین جۆری دیفاع لە هزری سەرخۆبوونی کوردستانیان دانا. هەلومەرجی عێراق و ناوچەکە بۆ هێندی لە ڕێبەرانی کوردستان بە چەشنێکی وابوو کە ڕاگەیاندنی سەرخۆبوونیان بە کارێکی خۆلێنەپارێزراو دەزانی بەڵام هێندی لێپرسینەوە هەبوون کە نەکەوتبوونە بەرچاو و بینینی

ڕێبەرانی کوردستان و حسێبیان بۆ نەکردبوون، بۆ نموونە یەک لەوانە نەبوونی بواری جیهانی و ناوچەیی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناڤینە. کینە و دوژمنی هێرشکارانی تازە پێگەیشتوو سەبارەت بە بەدیهێنەرانی عێراقی نوێ کە کوردان بەشێک لە ئاکامی ئەم پرۆسەیە بوون، بێ باوەڕی بە دەوڵەتی هەڵکەوتوو لە باکووری عێراق (تورکیا) وەک میوانێکی بانگهێشت نەکراو کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی کانە ژێر زەوی و بەرژەوەندییە ئاسایشیە نەتەوەییەکانی خۆی، چۆکی لەسەر خوانی هەراوی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق داداوە. هەروەها نەبوونی یەکڕیزی و یەکپارچەیی نەتەوەیی ناوخۆ سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سەرخۆبوونی کوردستانی عێراق.

هەروەکوو لە سەرەتای ئەم هەنگاوەدا، زۆربەی ڕێبەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی عێراق بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە تەماشای ئەم بابەتەیان دەکرد بەڵام بەهۆی گوشارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی تر، لەگەڵی دا هاوڕێ بوون. ئەم بابەتانە و گەلێک پرسی تر بە کردەوە هزری سەربەخۆیی کوردیان لە ئەم وڵاتەدا بێ ڕەنگ کرد. کۆمەڵە لێکدانەوەیەکی هەڵەی ناوخۆیی و دەرەکی بوونە هۆکار بۆ ئەوەی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان وەک ئێستای بە سەر بێ، یەکێک لە لێکدانەوە هەڵەکان ئەمە بوو کە لە خراپترین دۆخدا کە بە سەر وڵاتی عێراق هاتبوو بە هەست کردن بە ئاسایش لە تاوانبارترین دوژمنی کۆمەڵگای جیهانی و عێراقدا واتا تاقمی تیرۆریستی داعش دەیانویست سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنن کە ئەم کارە شک و گومانێکی زۆری بەدواوە بوو. خۆگێل کردن لە کینە و دوژمنایەتی ڕەوتی بەعسی- تەکفیری لەگەڵ خەڵکی عێراق و بە تایبەت کۆمەڵانی (خەڵکی) کوردستان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەکرێ بە خۆگێل کردنێکی سیاسی ئەوتۆ دابندرێ کە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستانی کێشایە نێو بێنە و بەرەیەکی جیددییەوە.

هەرێمی کوردستانی عێراق لە دۆخێکدا دەیویست سەربەخۆیی ڕابگەیێنێ کە بێ ئەوەی بخوازێ لەگەڵ تاقمێکی تیرۆریست ببووە هاوسێ کە زیاتر لە ١٠٥٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی زەوینی لەگەڵ تاقمە توندئاژۆکانی تێکەڵاو لە داعش و پاشماوە بەعسییەکاندا هەبوو. بە سەرەنجدانە سەر کردەوەی تاقمی توندئاژۆ لە هاوسێی هەرێمی کوردستاندا، وادیارە کە شێوەی کار و کردەوەی ئەوان بەم جۆرەیە کە لە پاش هەر هێرشێکی توند و لەناکاو، هەرچی لە توانایاندا بێ لە قۆناخی یەکەمدا، داگیر دەکات و بە جێگیر کردنی پێگە داگیراوەکان، قۆناخی دوایی مەبەستەکانی دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و بە ئەنجامدانی هێندێک کردەوەی نەرم بوار بۆ هێرشە بەربڵاوەکانی داهاتووی خۆش دەکات. ئەو وچانەی کە داعش لە دوای هێرشەکانی بۆ سەر پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەددین دای و لە پاشان هێرشێکی لە ناکاوی کردە سەر ناوچە کوردستانییەکان و ڕێبەرە کوردستانییەکانی غافڵگیر کرد لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا یەکدەگرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

### ئەگەری مەترسییەکانی سەر هەرێم

بێگومان بەشی هەرەزۆری هێز و توانای هێزە تێکەڵاوە بەعسی- تەکفیرییەکان، بریتییە لە هێزی نەرم کە لایەنگرەکانیان بەشێک لە بوار بۆ زۆربەی کردەوە داگیرکەرەکانیان خۆش دەکەن بۆ نموونە هەر ئێستا هەزاران کەس لە شارومەندە عەرەبەکان لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک وەک پەنابەر لەژێر ناوی ئاوارەی مووسڵی و تکریتییەکان لەم پارێزگایانەدا جێگیر بوونە کە شانە چالاکەکانی داعش لە ڕیزی ئەواندا خۆیان مەڵاس داوە. شاری کەرکووک و شارەکانی دەوروبەری ئەو بەهۆی تێکەڵاویی دانیشتووەکانیان، بواری هاوگەرایی لەگەڵ هێرشکارەکانی تێدا شاردراوەتەوە. بە جۆرێ کە دەکرێ بگوترێ لە کاتی ئێستادا، کەرکووک وەک شارێکی گرینگ و ستراتیژیک دەتوانێ وەک ئامانجی دوایی تاقمە هێرشکارەکان دابندرێ. لەلایەکی ترەوە، هێندێک لە ڕێبەرانی کوردستانی، بێ خەبەر لە هێزی خەڵکی خۆیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەرکوتکردنی هێرشکاران داوای یارمەتیان کرد و ئەمەریکاش وەڵامی دانەوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی ئاسمانی کوردان لە شاڵاوی هێرشکاران بپارێزێ. ئەوان لەمە غافل بوون کە ئەگەر هێز و توانای سەربازی بۆ سەرکەوتن مەرجێکی پێویستە بەڵام مەرجی سەرەکی بیر و باوەڕ و گیانی خۆڕاگری کە هێرشکاران بە چۆک دادێنی. هەرچەند هێندی لە هێزە کوردستانییەکان لە وزە و توانای خەڵکی خۆیان بێ خەبەرن و بێهوودە، کوردان قەرزداری ئەمەریکا دەکەن! جگە لەوەش ئەگەر هێرشکاران بزانن کە ئەوە هێزی ئاسمانی ئەمەریکایە لەگەڵ ئەواندا بەربەرەکانی دەکات، هێرشی ئەوان بۆ سەر کوردستان چەن قات پتر دەبێ. دیارە ئەمەریکاییەکانیش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تاقمە تیرۆریستییەکان بە جیاوازییەوە هەڵسوکەوت دەکەن و هێزەکانی داعش کاتێ خۆیان گەیاندبووە ٤٠ کیلۆمەتری هەولێر، کەوتنە بەر هێرش و بۆردومانی ئەوان و سەنگەری تیرۆریستان بۆ دووبارە گرتنەوەی مەخموور بۆردومان کران و بەم جۆرە یارمەتی هێزەکانی هەرێمیان دا. بەڵام لە بەرامبەر داگیر کردنی شاری جەلەولا و دەوروبەری هیچ جۆرە دژ کردەوەییەکیان لە خۆ نیشان نەدا. ئەمەش نیشاندەری ڕاستێکە کە پشتیوانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پشتیوانییەکی دیاریکراوە و تەنانەت لە ناردنی چەک و تەقەمەنیشدا بۆ هێزە چەکدارە کوردستانییەکان جیاوازیان دانا کە ئەمەش ناکۆکی نێوان پارتە کوردییەکان زیاتر دەکات. ڕەنگە شەڕکەرانی کوێستانەکانی کوردستان لە بیریان چووبێتەوە کە لە شەڕی نابەرابەردا ئەم بڕوا و گیانی شەڕ کردنە بە سەر ژمارە و چەک و تەقەمەنیدا سەردەکەوێ. ئاخۆ دەبێ پێشمەرگە کوردەکان بیرەوەری شەڕە نابەرابەر و بەرخۆدانەکانی کوێستانەکانیان لە بیر چووبێتەوە و ژیانی ڕەنگاوڕەنگ و فریودەرانەی شار چوار دەیە خۆڕاگری ئەوانی سڕیبێتەوە؟ لە شەڕەکانی دوایی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هێرشکارەکانی داعشی- بەعسیدا، خاڵە لاوازەکانی پارێزەرانی هەرێم بە باشی خۆی دەرخست و ئێمە ئەم مەودایە لە هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستانی سووریادا دەبینین کە هێزەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتیکی

## بەشی دوویەم

کوردانی سووریا چۆن بە پاڵدان وەبیر و باوەڕ و بڕیاری هێزە خەڵکییەکان و بە کەڵک وەرگرتن لە چەکە ناسراوەکان، دەیان هێرشی بەربڵاوی هەمان تاقمی داعشیان بۆ سەر شاری کۆبانی تێکشکاند و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە پشتیوانی گشتی وڵاتە دەرەکییەکان و چەکە قورسەکان بێبەش بوون و لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ پارێزگاری لە شارەکانی شەنگال (سنجار)، زوممار و مەخموور هێزیان نارد و بۆ پارێزگاری لە مەخموور و پێشگیری لە هاتنە پێشی هێرشکارانی داعش بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا. بە سەرەنجدانە سەر دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان و هاوسنووری و بەربڵاو بوونی جوگرافیای ئەو لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراق و تێکەڵاوی دانیشتووان لە هێندی ناوچەی کێشەلەسەردا، وادیارە باشترین شێوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ هەرێم پابەندبوون بە نیزامی فیدراڵی عێراق بێ، ئەگینا لەم هەلومەرجەی ئێستا و ئەم دەمارگرژییەی کە بۆ وڵات و نەتەوە لە نێو عەرەب و کورددا هەیە، ئاستەمە جگە لە فیدراڵیزم نیزامێکی تر وەڵام بداتەوە. ئەزموونی وڵاتی عێراق نیشانی داوە کە ڕژێمە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە سەبارەت بەم بەشە لە وڵاتدا کە کوردی تێیدایە، هەمیشە هەستیار بوون. تەنانەت تاقمێکی توندئاژۆی وەک دەوڵەتی عەرەبی شام و عێراق کە هێشتا لە وڵاتدا بە ئاسایش نەگەیشتووە لە یەکەم کردەوەدا هێرش دەکاتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و هەروەکوو داستانە بەنێوبانگەکەی عەلی حەسەن ئاغا، شورتە هەر شورتەیە (ناوبراو یەکێک لە سەرۆک هۆزە کوردە عێراقییەکان بوو کە لە بەغدا پۆلیسێک بە زلە لێدەدا و ئەویش کە دەگەڕێتەوە قەلادزێ، پۆلیسێک دەگرێ و دەیداتە بەر شەق و زلە و لە وەڵامی خەڵکیشدا کە دەڵێن بۆ لەم پۆلیسە دەدەی؟ دەڵێ: شورتە، شورتەیە. عەلی حەسەن ئاغا لە دەیەکانی ٨٠ی زایینی دا بە دەست هێزە ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی بەعس کوژرا). ئێستا ئەم موعادەلەیە دوو لایەنی هەیە بۆ نیزامە سیاسییە عێراقییەکان، کورد هەر کوردە، عەرەبی عێراقیش چ خاوەن حکوومەتێکی یەکگرتووی سیاسی بێ و چ (وەک داعش) سەرکێش و بێ وەتەن بێ سەبارەت بە دابەش بوونی عێراق حەساسییەتێکی قووڵیان هەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکوو ئێستا ئەم حەساسییەتە بەردەوام هەبووە. لە هەر حاڵدا بیر و هزری دابەش بوون و جیابوونەوە، هەزینەی زۆر هەڵدەگرێ کە دابین کردنی ئەم هەزینەش بۆ ڕۆڵە کوردە عێراقییەکان قورسە. گریمان کە ئەم جیابوونەوە ڕووی دا بۆ پارێزگاری لە سنوورێکی ١٤٠٠ کیلۆمەتری هاوبەش لەگەڵ جوگرافیایەکی تێکەڵاو لەگەڵ عەرەبدا، بەو دەمارگرژییە قەومییەی عەرەبی کە هەیە، بیر لە چ ڕێگەچارەیەک کراوەتەوە؟ بۆ ڕاگرتن و پارێزگاری لەم ڕووبەرە جوگرافیاییە، دەبێ هێزێکی گەورەی نیزامی هەبێ هێزێک کە بۆ گەشەپێدان و بەرهەم هێنان و ئاوەدانی ناوچەکەی خۆشی چالاکانە بەشداری بکات، ڕەوا نییە ئاوا هێزێک بۆ مەیدانی شەڕە نەژادییەکان ڕابکێشرێ و جگە لەمەش سنووری باکوور و ڕۆژهەڵاتییەکانی هەرێمیش خاوەن هەلومەرجی تایبەت بە خۆیانن.

### بەستراوییەکانی داعش

دابەش کردنی دوژمنان لەلایەن داعشەوە بە دوژمنانی دوور و نێزیک کە ڕیشەی لە بیر و باوەڕە تێکەڵاوییەکانی ئەواندا

هەیە و هەروەها کارکردی دۆسیەی چەند ساڵەی ئەوان نیشانی داوە کە زۆرترین پانتایی جوگرافیایی ئەوان، ناوچە عەرەب نشینەکانی ئەهلی سوننەن و تەنانەت لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریا بە هەموو ئەم هەوڵ و تەقالایە ڕێکخراوەیی و بوارە دژە کردنەکانی کە بۆیان ڕەخسابوو، سەرکەوتنێکیان لە ڕاکێشانی خەڵک لەم ناوچانە وەدەست نەخست و نەیانتوانی پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن. هەروەها لەم ناوچانەی عێراقیش کە دانیشتووەکانی سوننە نین، جا ئەم ناوچانە کوردی یان عەرەبی بن، نەیانتوانیوە ڕەخنەیەکی ئەوتۆیان تێدا بکەن. بەم پێیە، دەکرێ بڵێیی ئەم هەلومەرجە وارە ناوچەییەکانی کە تاقمە تەکفیرییەکان هەوڵ دەدەن بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان دیاری دەکات. بەڵام لەم ناوچە فرە نەژادەکاندا زۆرترین خاڵی بەهێزی تاقمی ناوبراو کەڵک وەرگرتن لە پارسەنگی نەژادی عەرەبی سوننەیە و لەم پارسەنگەش چەندی بڵێیی کەڵکیان وەرگرتووە. بەم گریمانەیە، ناوچە تێکەڵاوییە نەتەوەییەکان هەمیشە یەکێک لە ژێنگەکانی جێگەی سرەنجی تاقمە تەکفیرییەکان لەم برگە زەمەنییەی ئێستاکەدا بووە. بۆیە دەکرێ بڵێیی لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و حکوومەتی ناوەندی کە خاوەن دانیشتووانی تێکەڵاون، بواری هاوگەرایی لەگەڵ تاقمە توندئاژۆکاندا هەیە. هەروەکوو ئەم ئەزموونە لە شەنگال، مەخموور، جەلەولا و هێندی ناوچەی سەر بە مووسڵ بە ئاشکرا دەبینرا وادیارە هێزە هێرشکارە تەکفیرییەکان لەم ناوچە باسکراوانەدا ئاگاداریان لەسەر دۆخی هێزە چەکدارە کوردستانییەکاندا هەبووبێ بەڵام بە پێچەوانە هێزە کوردستانییەکان زانیارییەکی ئەوتۆیان لە توانای نیزامی هێزە داعشی- بەعسییەکاندا لە دەستدا نەبووە. هەر بۆیە لە دەستپێکی هێرشەکەدا هێزە تیرۆریستەکان دەستپێشخەر بوون لەگەڵ ئەمەشدا، هێزە هێرشکارەکان کەڵکیان لە کردەوەی پارتیزانی وەرگرت و هێزەکانی پێشمەرگەش جگە لە پارێزگاری مەیدانی چارەیەکیان نەبوو. هەر بۆیە، ئەم جۆرە شەڕە بۆ هێزە پارێزەرەکان شەڕێکی ماندووکارانەی بەدواوە بوو و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرەڕای بەستراوەیی حیزبی، هێزێکی بەرچاو بوون بەڵام بەهۆی ۱۰۵۰ کیلۆمەتری سنووری هاوبەش لەگەڵ ئەم ناوچانەی کە لەلایەن هێزە تیرۆریستییەکانەوە داگیر کراوە پارێزگاری لە ناوچەگەلێکی هەراو، بۆ هێزێکی کەم پتەوی وەک هێزە چەکدارە کوردستانییەکان کارێکی دژوارە. تاقمە تەکفیرییەکان بەپێی چۆنیەتی کە هەیانە هێزگەلێکی بێ وەتەن و بێ چییەتین کە خاوەن هیچ جۆرە بەستراوەیەکی نیشتیمانی نین و سەبارەت بە هیچ جێگایەک هەست بە خاوەنداری ناکەن و بە باوەڕی ئەوان ژمارە و هزر و بیری خەڵک بۆیان گرینگە کە ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێ بەڵام پارێزەرانی هەرێمی کوردستان کە لە بیری ئاگاداری لە وڵات و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکی خۆیان دان. دەبێ لێبراوانە ڕۆڵی هێزێکی پارێزەر بۆ ئەو ناوچانە بگێڕن کە خەڵکی تێیادا دەژی کە بەم پێناسەیە، دەکرێ بڵێیی جێگیر بوونی هێزی دیفاعی لەم سنوورە هاوبەشەدا بۆ هێزی میلیشیای نیزامی پێشمەرگە، شەڕێکی ماندووکارانەی بەربڵاوی بەدوادا دێ.



سەرچاوە
Serchawe

## داهاتووی داعش لە ناوچەدا

درێژەدان بە ژیان بۆ هێزەکانی هێرشکاری داعش تەنیا لە هێرش و پەلاماردانی ناوچە تازەکاندا دەرفەت پەیدا دەکات. چونکە لە حاڵەتی ئارامی و جێگیر بووندا بە ناچار دەبێ وەڵامدەری ویستەکانی کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکە بن کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەژین کە ئەمەش بە سرنجدان بۆ سەر ماهییەتی ئەم تاقمانە و هەڵکەوتەیی کۆمەڵایەتی کە تێیادا دەژین ناتوانن وەڵامی ئەم ویستانە بدەنەوە. لە دۆخێکی ئاوادایە کە کار دەگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی پێکدادەرانە کە لەم مەیدانەش دا تەنیا هێزە دەسەڵاتدارە داگیرکەر و توندئاژۆکانن کە دەدۆڕێن. کەوایە داعش و هاوپەیمانەکانی چارەیەکیان نییە جگە لە دەستدرێژی بۆ سەر هاوسێیەکان و ڕنینی ئەوان تا بەم جۆرە بەهانە وەدەست بخەن بۆ جێگیر کردنی دەسەڵات و خنکاندنی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ژێر دەسەڵاتیان کە لەم دۆخەدا هەرێمی کوردستانی عێراق لە لیستی هاوسێ داسەپاوەکانی ئەم هێزە سەرکێشەدا جێ دەگرێ.

سەرشێواوی و سیاسەت ڕەفتاری لەرزۆکی بەدیهێنەرانی داعش، بابەتێکی ئاڵۆزکاوە کە بە سانایی لەم نووسراوەدا شرۆڤە ناکرێ بەڵام گۆڕانکارییە دەروونییەکان لە قەبارەی سیاسی داعش و سنووربەندییە ڕێکخراوەییەکانی ئەوان لە سووریا و چونێتی هاتنیان بۆ عێراق و دەستکەوتەکانیان لە پارێزگا باکوورییەکانی ئەم وڵاتە و کردەوەی دڕندانەیان بەشێکی هەرەزۆری کۆمەڵگای جیهانی سەبارەت بەم تاقمە هەستیار و تووڕە کرد و ئامانجەکانی دوایی ئەوانی خستە نێو بێنە و بەرەوە کە یەکەمین و گرینگترین گرفتی ناوچەیی ئەم تاقمە بێ وەتەن و سەرلێشێواوەی لەگەڵ بەدیهێنەرانی ئەودا بەدواوەبوو.

هەڵسوکەوتە دوو لایەنەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەم تاقمە لە سووریا و عێراقدا و ناکۆکی عەرەبستان و قەتەر لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی ئەم تاقمە، سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەم وڵاتانەی خستۆتە نێو خەرمانەیەکی نادیارەوە. تورکیا یەکێک لە یارمەتیدەرانی ئەم تاقمە لە سووریا تووشی بێنە و بەرەیەکی جیددی بۆتەوە، ئەم وڵاتە کە لە سیاسەتی تورکیای نوێدا پێوەندیگەلێکی هەراوی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دامەزراندووە، لە کاتی شەڕەکاندا نە تەنیا دیفاعی لە هەرێم نەکرد و هاوپەیمانە نوێیەکەی لە بەرامبەر هێرشی شەرکەرە بێ وەتەنەکاندا تەنیا هێشتەوە بەڵکوو دەرگای شارە سنوورییەکانی بە سەر بریندارەکانی هێزە داعشییەکاندا کردەوە کە لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستاندا زامار ببوون. تورکیا بۆ ئەم کارە دەست بە سەری دیپلۆماتەکانی لەلایەن داعش و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە بەرامبەر پڕ مەترسی ترین هەڕەشە لەسەر هاوسێ باشووریی و هاوپەیمانە ئابوورییە نوێیەکەیدا کردە بەهانە و خۆی

لە گێلی دا. هەڵبەت ئەم بابەتە لە بەرچاوی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ون نابێ بەڵام ڕوانینە سیاسی و پێوەندییە دوو لایەنەکان لە هەڵوێستی ئەواندا کاریگەریی دانا و ئاوا ڕەفتارێکی سیاسیش بە سانایی لە بیر و زەینی مێژووی خەڵکی کوردستانی عێراقدا پاک نابێتەوە. لە نێوان وڵاتە ناوچەییەکاندا تەنیا ئێران بوو کە بە ناردنی یارمەتییە تەقەمەنی و پشتیوانییە سیاسییەکان بۆ جارێکی تریش هاوڕێیی خۆی لەگەڵ کوردان لەم برگە زەمەنییەدا دووپات کردەوە. لەم نێوەدا دەستپاچەیی و سەرلێشێواوی وڵاتە عەرەبییەکان بە تەواوی دەبینرا. عەرەبستان وەکوو باوکی ڕۆحانی تاقمە توندئاژۆ ئایینییەکان لە ناوچەدا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر لە ڕێکی سیاسەتی دەرەوەیدا دووچاری ناکۆکی و پارادوکسیکال بوو. گلە و گازندە توندەکانی موفتییە دەوڵەتی و هێندێک کەسایەتی ڕادیکاڵی سعوودی سەبارەت بە شکستی سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە سەر ڕووداوەکانی سووریا بووە هۆی بەدیهێنانی شەپۆلێکی توند لە دژایەتی لە پەیکەرەی دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا. ئەم ڕەوتە بەگژچوونەوەییانە بوونە هۆی ئەمە تا عەرەبستان بە سیاسەتە کەلانەکانی خۆیدا بچێتەوە. دانانی موحەمەدی کوڕی نایف لە جێگای بەندەری کوڕی سوڵتان وەک سەرۆکی دۆسیەی ئاسایش و هەواڵگری عەرەبستان وەک چاکسازییەکی قەبارەیی لە سیاسەتی کەلانی عەرەبستان دەژمێردرێ. ڕەنگە عەرەبستان زووتر لە دیتران، مەترسییەکانی داعشی هەست پێ کردبێ کە بەر لە گەیشتن بۆ سنوورەکانی ئەم وڵاتە خەریکی پووچەڵ کردنەوەی وادیارە شکستەکانی ئەم تاقمە سەرکێشە، گەیشتۆتە جێگایەک کە "ڕامبۆ" داعشییەکان، ڕێگایەکیان جگە لە گەڕانەوە بۆ هێلانەکانیان لەبەر نەبێ و ئاگر و خوێنی تۆڵە، داوێنی وڵاتە هاندەرەکانی ئەوان دەگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## هەولێر و پاشهاژەکانی ڕووخانی شەنگال



سەلاحەددین خەدیو

"شکستی ئەم دواییە بۆ کوردەکانی عێراق هاوکات لەگەڵ بیرئانینی دووبارەی دروست بوونی داخوازی و خواستەکانیان و هەروەها ڕەنج و کوێرەوەرییەکانیان لە وڵاتێکی بێ عەقەبەی مێژوویی و جۆرێک خەلقولساعە، لە ڕاستیدا شکست هێنانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتییانە."

کاتێک کە دوو مانگ لەمەوپێش هێزە چەکدارەکانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێشڕەوی خێرا لە ڕۆژئاوا و باکووری عێراق، شارەکانی مووسڵ و تکریتیان کۆنترۆڵ کرد. مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە خۆشحاڵی لەم دۆخە، مێژووی عێراقی نوێی بە دوو قۆناغی پێش ڕووخان و پاش ڕووخانی مووسڵ دابەش و ڕایگەیاند کە عێراق هەرگیز ناگەڕێتەوە سەردەمی پێش ئەم ڕووخانە. ڕەوتی ڕووداوەکان لە حەوتە دواییەکاندا مزگێنیدەری گەشبینی بارزانی بوو. بە تایبەت ئەوەی کە کوردەکان، بۆشاییەکەیان قۆستەوە و دەسبەجێ ناوچە کوردنشینەکانی جێی ناکۆکی لەگەڵ بەغدا بە تایبەت شاری نەوت خێزی کەرکووکیان کۆنترۆڵ کرد. لەم کەشە تێکەڵ بە گەشبینی و هیوایە، سەرەڕای هەندێ ناکۆکی و فرەدەنگی لە بەرەی کوردەکان، بەڵام هاواری سەربەخۆیی خوازی بەرزترین دەنگ بوو کە لەم خولە کورتەدا لە ئوردووی کوردەوە دەبیسترا.

لە ڕاستیدا یەک و دوو کردنی کوردەکان لەسەر بنەمای دوو پێش گریمانەی سەرەکی بوو کە هەڵبەت هێرشی ئەم دواییەی گرووپی داعش بۆ سەر کوردەکان، چییەتی سادەبیرانە و زیاد لە ڕادە گەشبینانەی هەردوو پێش گریمانەکانی ئاشکرا کرد. پێش گریمانەی یەکەم یان لە پێش چاوگری سەرەکی سیاسی کوردەکان کە بنەمای بڕیاردانی ستراتێژیکی خستنە ڕووی

پرسی سەربەخۆیی بوو، بە دەرفەت زانینی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی داعش وەک پچڕان لە بەغدا بوو.

هەولێر داعشی وەک جۆرێک قەڵغان لە نێوان خۆی و بەغدا دەزانی کە دەیتوانی دەرفەتی شەڕی نێوان ئەو گرووپە و بەغدا بقۆزێتەوە و دوایین زنجیری نێوان هەولێر و بەغدا بپچڕێت. ئەم بەڵگە هێنانەوە لە خۆیدا، هەڵگری پەیامێکی ئیقناعی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بوو کە ڕێبەرانی سیاسی کورد زۆر جار دووپاتیان کردۆتەوە. دوو جەمسەریی کوردستانی ئەمن و ڕسکاو لە بەرانبەر عێراقی نائەمن و ناپاوەجێی پرسێک بوو کە کوردەکان ناو بە ناو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و بیانیدا باسیان دەکرد بۆ ئەوەی ناومکین بوونی پێکەوەژیانی نێوان ئەم دوو سیستەمە سیاسییە دژبەیەک زیاتر بنوێنن.

پێش گریمانەی سەرەکی دووەم، "شکست نەهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە" وەک پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بوو. لەم بوارەدە پاشەکشێ و تێکشکانی سوپای عێراق لە مووسڵ، وەک سەمبۆلی شکست و سەرنەکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق باس دەکرا و بە پێچەوانەوە، پێشمەرگەی کورد وەک جەنگاوەری بە ئەزموونی جەنگی پارتیزانی و وەفاداریی نیشتیمانی سەمبۆلێکی دیکەی سەرکەوتنی حکوومەتداری کوردی ڕێزیان لێدەگیرا. کەشی ڕاگەیێنەریش بە شێوەیەک لەم ماوەیەدا کاری دەکرد کە ئەم دوو گریمانەیەی یارمەتی دەدا. تەنانەت دەکرێ بڵێین کە لەم گەشبینیانەدا ڕۆژنامەوانان و چاودێرانی ڕۆژئاواییش بە شێوەیەک بەشدار بوون.

مانگی هەنگوینی هەولێر و مووسڵ دوو مانگ زیاتری نەخایاند، پێشڕەوی خێرایی داعش لە ناوچە باکوورییەکان و ڕووخانی چاوەڕواننەکراوی شارەکان و شارۆچکەکانی نێزیک بە هەولێر و کەوتنە مەترسی پایتەختی هەرێمی کوردستان پێش گریمانەکان و گەشبینییە لە پێش وتراوەکانی تێکدا. ڕووخانی شاری شەنگال، نیشتیمانی کەمینەی کوردی ئێزدی کە بووە هۆی نیگەرانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئەنفالی ئەم گرووپە مەزەبییە. لە باری سەربازییەوە لە ئەندازەیەکی بچووکتردا، چیرۆکی ڕووخانی مووسڵ و پاشەکشێ سوپای عێراق دەگەڕێنێتەوە. ئەگەرچی دەستێوەردانی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا و پشتیوانییە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئێران و عێراق، هەولێری لە هەڕەشەی ڕووخان ڕزگار کرد. بەڵام پاشهاتی سیاسی و سەربازی ئەم گۆڕانکارییە چاوەڕوان نەکراوە لە ئاستێکدا بوو کە ڕەنگە وەک خاڵێکی وەرچەرخان بتوانێ لە کوردستانی پێش و پاش ڕووخانی شەنگال قسە بکات.

گومان لەمەدا نییە کە سەرەڕای هاوخەمی و پشتیوانی نێودەوڵەتی لە کوردەکان، بەهۆی گەمارۆدانی دەیان هەزار کوردی ئێزدی لە چیاکان و ئەگەری مەرگی بە کۆمەڵیان کە کۆچی مێژوویی کورد لە بەهاری ١٩٩١ دێنێتەوە یاد، یەکێک لە پاشهاتە جیددییەکانی قەیرانی ئەم دواییەدا لاوازیی پێگەی سیاسی هەولێرە.



سەرچاوە
Serchawe

هەڵگەڕانەوەی لە ناکاوی مەترسی داعش بەرەو کوردستان و خافڵ بوونی ڕێبەری سیاسی کوردەکان لە گرینگایەتی و لایەنەکانی ئەم مەترسییە ستراتێژیکە، سەرەڕای ئەوەی کە تا ڕادەیەکی زۆر دوورنواڕی و دەرایەتی ئەم سەرکردایەتییەی خستە ژێر پرسیارەوە، گریمانەی "حەسانەی ئاسنین"ی کوردستان لە کاتی خوێن و ئاگری عێراقی قڵیشاند و بە ناچار تۆکمەتربوونی پەیوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی عێراقی بەدواوە بوو. دەوڵەتی ناوەندی بە تێگەیشتن لەم دۆخە هەستیارە و پشت گوێ خستنی ناکۆکییەکانی ڕابردوو، دەسبەجێ پشتیوانی لە هەولێر کرد بۆ ئەوەی لەم دۆخە کەڵکی باش وەرگرێت. ئێران و ئەمەریکاش وەک دوو ئەکتەری سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق لە ژێر سێبەری مەترسییە سیاسی و ئەمنییە بەدیهاتووەکان بەهۆی پێشڕەوی داعش، بە پێداچوونەوە بە سیاسەتی یەک لایەنەی ڕابردوویان، لە بەرژەوەندی جۆرێک هاوکاری ناڕاستەوخۆ، یارمەتی ڕەوتی هەڤگری نێوان بەغدا و هەولێریان دا.

دەکرێت وا بیر بکەینەوە کە لە ئەگەری بەردەوامی هێزەکانی پێشمەرگە لە خەبات و گرتنەبەری تاکتیکەکانی شەڕی "توودەیی" هاوشێوەی ئەزموونی ویت کونگەکان لە ڤییەتنامی باشووری یان یەکینەکانی پاراستنی گەل لە کوردستانی سووریا، ئایدیای سەربەخۆیی بارزانی شەرعییەتی کارکردی و خەباتگێڕانەی پێدەبەخشرا و پاش شکست پێهێنانی داعش بۆ دامەزراندنی وڵاتی کورد ئیجابی بوو بەم بۆنەوە سەخت دەکرێ یارمەتییەکانی ئەمەریکا بە بێ وەرگرتنی هەڤیازی سیاسی لە هەولێر لە بەرژەوەندی پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی نیشتیمانی و تەڤل بوونی دووبارەی هەرێمی کوردستان بە ڕەوتی سیاسی عێراق، لێکبدرێتەوە.

سەرهەڵدانی ئاشکرای ڕکابەری و ناکۆکی نێوان دوو پارتی سەرەکی کورد، واتا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی یەکێک تر لە پاشهاتەکانی شەڕ لەگەڵ داعش بوو، هەڵبەت بە گشتی دەکرێ ئەم پرسە - قڵیش و دوودەستەیی سیاسی و سەربازی نێوان هەولێر و سلێمانی- وەک یەکێک لە هۆکارەکانی شکست پێهێنانی ئەم دواییە چاولێبکرێت. شکست هێنانی هەوڵی تێکەڵ کردنی یەکینە حزبییەکانی پێشمەرگە لە ڕیزی سوپایەکی یەکگرتوو لەلایەک و ناکارامەیی لە گۆڕانی ئەم هێزە پارتیزانییە بە سوپایەکی کلاسیک دەتوانێک یەکێک تر لە هۆکارەکانی ئەم شکست هێنانە کارەساتبارە بێت. پارتی دیموکراتی کوردستان پێش گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییە لە بواری ناوخۆییدا لە ڕکابەرە دێرینەکەی واتا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێش کەوتبوو و لە بواری دەرکیشدا دەستی دابوە دژایەتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا و سووریا. لە بواری گشتی کوردیدا، چیرۆکی ڕکابەری ئەم دوو پارتە لە کوردستانی سووریا هەندێ جار لە شەڕ و تەنگژە نێزیک دەبووەوە. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە هەڵوێستی هەر دوو پارتی ڕکابەری لە بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان پتەوتر کردەوە.

بەرگری کاریگەری باڵی سووری پەکەکە لە بەرانبەر داعش لە کۆبانی و پاشەکشێ پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەنگال، وادیارە کە لە بەشێکی کوردستانی سووریا پارتی دیموکرات برشتی نەماوە و هاوسەنگییەکە بە لای پارتی کرێکارانی کوردستاندا قورس دەبێت. هاتنی یەکینە چەکدارەکانی ئەم پارتە بۆ ناو کوردستانی عێراق بە ئامانجی شەڕ لەگەڵ داعش و ئەگەری مانەوەیان لە ناوچەکە بە ئاماژە و بە ئاشکرا بەرپرسانی ئەم پارتە باسی دەکەن، پاشهاتێکی دیکەی ئەم بارودۆخە نوێیەیە. دەکرێ ئەو پاگەندە بکرێت کە ئەم ئاڕایشە سەربازییە بە مەبەستی لە گەمارۆدەرهێنانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری پەکەکە لە سووریا و قووڵتر کردنەوەی ستراتێژیکی زەرووڕەتێکی ستراتێژیکە. لەلایەکی دیکەوە پێشینەی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان نیشان دەدات کە ئەم پارتە پرسی وا واتا خستنە ژێر پرسیار لەلایەن ڕکابەرە کوردەکانیەوە لە فایلەکانی "هێڵی سوور" و "قەبووڵ نەکراو" دادەنێت. هەڵوێستی دەوڵەتی نوێ بەغدایش لەسەر ئەوەی کە ئەم ناوچانە بەشێک لە ناوچە جێناکۆکییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییە، گرینگ دەبێت پاش گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرانبەر یەکێتی نیشتیمانی و پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵوێستێکی لاوازتری دەبێت.

پرسی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوت و وەرگرتنی ڕاستەوخۆی داهاتە نەوتییەکان کە ورووژێنەر و پشتیوانی سەرەکی پرسی سەربەخۆیی بوو، لە ئێستادا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم قەیرانە. سەرەڕای کەوتنە مەترسی کسم و کار و ئابووری ژێر سێبەری قەیرانی ئەم دواییە، ئەم پرسە بە جۆرێک پاشهاتی لاوازی دەسەڵات و هێزی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لاواز بوونی ئەم پارتە لە بارودۆخی ئێستا و ئەگەری پتەوبوونی دەسەڵات لە بەغدا بەهۆی سەرکەوتنی دەوڵەتی عەبادی و ڕەزامەندی عەرەبە سوننەکان لە ئەو، دەتوانێ تا داهاتوویەکی نادیار ئەم پرسە دوابخات و قۆناغێکی نوێ لە هاوکاری نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکات. بارودۆخی سەرۆک وەزیرانی نوێ لە پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی نیشتیمانی بە هاوبەشی ڕاستەقینەی کوردەکان و عەرەبە سوننەکان، ئەنگێزەی ئەمەریکا بۆ شەڕی کۆتایی لەگەڵ داعش زیاتر کردۆتەوە و عێراق دەباتە کەناڵێکی جیاواز لە گومانەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی. بە پێچەوانەوە بەردەوامیی قەیران وەک ئێستا نیگەرانییەکانی ئەم دواییە سەبارەت بە داهاتووی عێراق و گومان لەسەر داهاتووی ئەم وڵاتە وەک وڵاتێکی یەکگرتوو زیاتر دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا وتنی ئەم خاڵە پێویستە کە شکستی کوردەکان و بە تایبەتی بارزانی لە شەنگال- وەک ئاشکراترین سەمبۆلی ناسیۆنالیزمی کورد لەم خولە- وەبیرهێنەری شکستی عەرەبەکان لە شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ و تێکشکانی ئوستوورەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئایدیا بنەماییەکانی ئەو سەبارەت بە یەکگرتوویی و دەسەڵاتی عەرەبەکانە. شکستی ١٩٦٧



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دووەم**

پووچەڵ بوونی زۆرێک لە دروشم دانە ناسیۆناڵیستییەکانی سەلماند و ڕێگای بۆ ئیسلام گەرایی وەک بزووتنەوەی بەدیل و لە درێژەی بەشێک لە ئایدۆلۆژییە توندڕەوانەکان کردەوە. شکستی ئەم دوایییە بۆ کوردی عێراق هاوکات وەبیرهێنەرەوەی دووبارەی ڕاست بوونی داخوازییەکانیان و هەروەها ڕەنج و کوێرەوەرییەکانیان لەناو وڵاتێکی بێ پێشینەی مێژوویی و بە جۆرێک خەلق ئەلساعەیە، بەڵام لە ڕاستیدا شکستی سیستەمی حوکمڕانی ئەوانە. گەشەی نارێک و بەندیواری ئابووری ئالیگاریشە بنەماڵەییەکان لە سەرووی دەسەڵات و پاوانی سیاسی، دووبەرەکی حزبی لە هەولێر و سلێمانی، کۆمەڵگای نابەرهەمهێنەر و ڕانتی و بەکارهێنەر لەگەڵ گەندەڵی دارایی هەموویان بناغەکانی سیستەمێکی سیاسی پێک دێنن کە بڕیار بوو ڕێبەرایەتی و ڕێنوێنی کۆمەڵگا بەرەو سەردەمی دژواری سەربەخۆیی بگرێتە ئەستۆ. قەیرانی ئەم دوایییە لاوازییە پێکهاتی و بنەماییەکانی ئەم سیستەمە و کەم و کورتی سیاسی، سەربازی و ئابووری- ناتوانی دەوڵەت لە خەرج کردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم سەرەڕای داهاتی زۆری نەوتی وماڵیاتی - خستە ڕوو و چاوەکانی بە ڕووی کەم و کورتی و عەیبەکاندا کردەوە. چاکسازی ناوخۆیی ئێستا زەروورەتێکی حاشاهەڵنەگرە. بێ گومان پاشهاتە سیاسییەکانی ئەم شکستە ستراتێژیکە لە لایەنە سەربازییەکانی گرینگترە. لە ڕاستیدا تەنیا پێشمەرگەی کورد نەبوون کە شەڕی شەنگالیان دۆڕاند بەڵکوو سیستەمی دەسەڵاتداری کوردی بە گشتی و بە ڕێبەرایەتی بنەماڵەیی و ئابووری ڕانتی و حیزبایەتی باوک سالارانە و عەشیرەیی بوو کە لە یەکەمین تاقیکردنەوەی جیددی دا سەرکەوتوو نەبوو.

سەرچاوە: گۆڤاری ئێرانی فەردا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## داعش و شەنگالهەندێ زانیاری گرنگ لەبارەی شەنگال و ئێزدیەوە



لەتیف فاتیح فەرەج

بەرەبەیانی رۆژی ٣ - ٨ - ٢٠١٤ لەدوای شەڕێكی كەمخایەن شەنگال كەوتە دەست داعش، داعش رەشی لەسەر فەرمانگە و بارەگا حیزبیەكان هەڵكرد و تەواوی رێگا سەرەكیەكانی گرت و خەڵكەكە بە ناچاری رویانكردە چیای شەنگال.

رۆژی دواترو رۆژانی دوای گەورەترین مەینەتی بەسەر شەنگالیەكان و كوردانی ئێزدی هات، تەنانەت هەندێ لەوان بە ناچاری موسڵمان بونی خۆیان راگەیاند ئەوەش دادی نەدان، داعشیەكان كەوتنە تالانی كچانی ئێزدی كورد. لەو پەلامارانەدا بەدەیان هەزار كەس ئاوارە بون لە شەنگال و بەعشیقە و گرد زەرك و شیپا شێخ خدر و كوشت و بڕی فراوانی خەڵكی سڤیل دەستی پێكرد.

هەمان رۆژ چەكدارانی داعش مەزارگەی سەیدە زەینەبیان لەناوچەی شەنگال تەقاندەوە، ئەو مەزارگەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەینەبی كچی عەلی كوڕی ئەبو تالیب و لای خەڵكی ناوچەكە بە چاوی رێزەوە تەماشا دەكرێت.

رۆژی ٥ - ٨ - ٢٠١٤ داعش لە بازاڕی موسڵ دەستی كرد بە فرۆشتنی كچانی ئێزدی و مەسیحی و باس لەوە كراوە، كە لە بازاڕێكی موسڵ ئەو كچانە وەك كۆیلە نمایش دەكرێن و دەفرۆشرێن هەروەها باس لەوە كرا كە كچانێكی زۆر لە قوتابخانەیەكی تەلەعفەر دەست بەسەرن، ئەوە جگە لەوەی ٥٠٠ كچی ئێزدی لەناو هۆڵێكی وەرزشی موسڵ دەستبەسەر كرابون .

رۆژی ٥ - ٨ - ٢٠١٤ پەرلەمانتاری ئێزدی ڤیان دەخیل بەچاوی پڕگریانەوە لەناو پارلەمانی عێراق باسی لە نەهامەتی

ئێزدیەکان کرد، کە داعشیەکان لەژێر ئالای خودا ٥٠٠ کچی ئێزدیان رفاندوە، ئەو دادو گریانە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، ئەگەرچی لەناو هۆڵی پارلەمانی عێراقی هەوڵی ئەوەدرا ڤیان دەخیل بێدەنگ بکرێت، تەواوی کەناڵە بەناوبانگەکانی دنیا ئەو گریان و ئازارەی ڤیان دەخیلیان گواستەوە و بە دوای ئەوەدا ئۆباما وەک دڵدانەوەیەک وتی؛ ئێمە بە هاناتانەوە دێین .

رۆژی ٥ - ٨ - ٢٠١٤ لە چیای شەنگال بەهۆی تینویەتی و گەرمای زۆرەوە ٦ منداڵ گیانیان لەدەستدا، ئەمە لەکاتێکا رۆژی پێشتریش دو مناڵ گیانیان لە دەستدابو، ئەوە جگەلەوەی لەناو گەورەکانیشدا رۆژی ٤ - ٨ - ١٨ کەسی تر گیانیان لەدەستدابو، کە هەمو ئەمانە پێویستە ناوەکانیان بنوسرێتەوە و لە ئایندەدا لە مۆنۆمێنتی جینۆسایدی شەنگال دابنرێن. لەناو مردوەکاندا ئافرەتی دو گیانیش هەبو.

لە سێیەم رۆژی دوای هێرشی داعشدا بۆ سەر شەنگال، جگەلەوەی هەزاران کەس بەسەر چیای شەنگالەوە بون، خدر ماملی ئەندامی کۆمیتەی بە هاناوە چونی شەنگالیەکان رایگەیاند، کە ٧٠ هەزار لە خەڵکی شەنگال رویانکردوەتە ئۆردوگا یان شارۆکەی شاریا، هەروەها زیاتر لە ٥٠ هەزاری دیکەش چونەتە ناوچەی خانک و باعەدری.

بە پێی قسەو باسی ئێزدیەکان و هەندێ سەرچاوەی نافەرمی قوربانیەکانی ئێزدی یان "ئێزیدی" بریتین لە "٣٠٠٠" شەهید، "٥ هەزار" بێسەروشوێن لەناو بێسەروشوێنەکاندا نزیکەی ١٧٠٠ کچ و ژنی گەنج هەن، داعش ئەوانی بەسەر بنکە و بارەگا و زیندانی جیاجیادا دابەشکردوە، هەندێک لەوانیش کڕاونەتەوە، ئەوە جگەلەوەی بیست رۆژ دوای پەلاماری شەنگال قسەی ئەوە هەبو، کە چەند کچێک لەوان هێنراوەتە گوندێک لای حەویجە.

لەگەڵ گەیشتنی داعش بە ناوچەکە دەستیانکرد بە تەقاندنەوەی مەزارگەی ئێزدیەکان لەوانە، تەقاندنەوەی مەزارگەی شێخ مەند، تەقاندنەوەی مەزارگەی "ئێزدی" لەناو سەنتەری شەنگال، تەقاندنەوەی حەوت مەزارگەی دیکە لە باشیق و بەحزانی، جگە لە تەقاندنەوەی کۆی مەزارگەکانی سنوری گوندەکانی تلکێف .

**لەمێژودا ئێزدیەکان چەندین جاری تر روبەڕوی ئەم جۆرە لەجینۆساید و سڕینەوە بونەتەوە، وەک:**

**یەکەم**: پەلاماری بەدرەدین لولوی حاکمی موسڵ لە ساڵی ١٢٥٤ی زاینی بە بیانوی ئەوەی کە باج و سەرانە نادەن و دان

بە دەسەڵاتەکەی ئەودا نانێن، ئەویش هێرشی کردەسەریان لە شەنگال و شێخان و سەدانی لێکوشت و بڕکردن، ئەوە جگەلەوەی لاشەی میرەکەیانی بە دەروازەی موسڵەوە هەڵواسی.

**دووەم:** کوشتوبڕی ساڵی ١٧١٥ لە شەنگال لەسەر دەستی عوسمانیەکان و لەناودانی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سڤیل و تالانکردنی ناوچەکە.

**سێیەم:** بۆ جارێکی تر عوسمانیەکان و بەبڕیاری سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٨٩٠ پەلاماری شەنگال درایەوە و کوشتوبڕێکی بێئامانی لێکرا، هەمو ئەو رووداوانە لە مێژودا باسکراون.

**چوارەم:** ساڵی ١٩٣٥ حکومەتی عێراقی پەلاماری شەنگالی داو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەناوبرد ئەم شەڕە ١٧ رۆژ درێژەی کێشا و نزیکەی ٧٠٠ چەکداری ئێزدی بەرگریان لەبون و مانەوەی خۆیان دەکرد، عەبدولرەزاق حەسەنی کە دواتر کتێبێکیشی لەسەر ئێزدیەکان نوسیوە، لەمێژوی وەزارەتە عێراقیەکان بەرگی چوارەم لاپەڕە ١٤٦ باسی ئەو رووداوە دەکات و بە شۆڕشی ئێزدیەکان ناوی دەبات. سوپا بە سەرپەرشتی لیوا حوسێن فەوزی لە ٧ - ١٠ - ١٩٣٥ پەلاماری داون، سەرکردەکانی شۆڕشەکە داود داود و رەشۆ قۆلۆ بونە.

بەرنامەی سەرەکی داعش بەتەواوەتی لەناودانی ئێزدیەکان بوە و بۆ ئەو مەبەستەش پشتیان بە سەرچاوەکانی وەک حەسەنی بەنا و سەید قوتب و عەبدولا عەزام و ئەوانی تر بەستوە، ئەو سەرچاوانە بۆ لەناودانی خەڵکانی ناموسڵمان و بە قەولی خۆیان کافر و غەیرە دین، دەیان نمونەی ئایەت و حەدیس دێننەوە، داعش درێژکراوەی ئەو بیروبۆچونانەیە لەڕوی فکریەوە و ئەو کارەش بە جیهاد و فەرزی عەین دەزانن، لێرەدا دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکی داعش لەناودانی ئێزدیەکان بوە، کەواتە بە هەمو پێوەرێک مادام ئامانج و مەبەستەکە هەبوە ئەوە جینۆسایدە.

ئێزدیەکان لەتەواوی عێراقدا جگە لە پێدەشتەکانی نەینەوا وەک قەزاکانی شەنگال، شێخان، تلکێف، هەروەها لەناو سەنتەری قەزای موسڵ، تەلەعفەر، حەمدانیە، لە دهۆکیش لەناو قەزای دهۆک و زاخۆ و ئامێدی هەن ئەوە جگەلەوەی ژمارەیەکیش لە بەغداو ئەو دەوروبەرن، سلێمانی و هەولێریش ئێزدی تیایە.

بەدرێژایی مێژو ئێزیدیەکان روبەڕوی رق و غەزەبی ئەوانی تر بونەتەوەو بێ هۆ سوکایەتیان پێکراوە و هەوڵی ئەوەدراوە ناشرین بکرێن و لێیان بدرێ، هەروەک چۆن قسەوقسەڵۆکی زۆر ناجۆر و ناشرینیان بۆ هەڵبەستون کە هیچ راستی تیا

نەبوە.

زۆر نوسەر و رۆشنبیر لەمێژودا بە نوسینەکانیان ستەمیان لەئێزدی کردوە و بەناهەق شتی لابەلایان داوەتە پاڵیان، ئەمەش هەر لەبەرئەوە بوە ئێزدیەکان خاوەن ئاینێکی تایبەتی خۆیان بونە، کە یەکێکە لە ئاینە هەرە کۆنەکانی سەرزەوی و نزیکە لە ئاینی زەردەشتیەوە.

لەدوای روداوەکانی شەنگال و دەوروبەرەیەوە ئێزدیەکان هیچ هۆگری و خۆشەویستیەکیان بۆ عێراق و کوردستان نەماوە و زۆربەیان، بەتایبەت گەنجەکان دەیانەوێ هەرچۆنێکە ئەم وڵاتە بەجێبێڵن، ئەوان دەڵێن "تازە ژیان بۆ ئێمە نەماوە لێرە". دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بون ئێزدی بە عەرەب بنوسن و بۆ ئەمە دەیان سەرچاوەی درۆزنانەیان دروستکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە چڕی هەڵی تەعریبی ئێزدیەکانیان داوە، ئێزدیەکان و هەمو ئەوانەش کە بە ویژدانەوە توێژینەوە لەبارەی ئێزدیەوە دەکەن، دەپرسن ئەگەر ئێزدی عەرەبن و پاشماوەی یەزیدی کوڕی معاویەن، ئەی بۆ تەعریب دەکرێن، ئایە دەکرێ خەڵک عەرەب بێت و تەعریب بکرێت.

لەدوای جینۆسایدی شەنگالەوە کچان و ژنانی ئێزدی روبەڕوی ستەمکارترین گروپ بونەوە و سەتمی زۆریان لێکرا، کچێکی ئێزدی دوای ئەوەی لە دەستی داعشیەکان رزگاری دەبێت، بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردساتنیوز باسی ستەمکاریەکانی داعش و گێچەڵە سێکسیەکانی ئەوان دەکات، ئەو کچە کە خەڵکی گوندی کۆجۆی لای شەنگالە دەگێڕێتەوە چۆن هەرجارە و چەند کەسێکیان هەڵبژێردراون بۆئەوەی ئەمیری داعشیەکان سەرجێیی لەگەڵ بکات و دواتریش بەخشیویەتی بە دەست و پێوەندەکانی.

لەبەر ئەو ستەمکارییەی لێیان کراوە ئێزدیەکان جگە لەدو پەڕاوی بچوکی جیلوە و مەسحەفا رەش، هیچی تری نوسراویان لەلایەن خۆیانەوە نیە سەبارەت رێ و شوێنە ئاینیەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ویستویانە خۆیان لە دڕندەیی ئەوانی تر بپارێزن، هەر ئەمەش وایکردوە کەسانێک بە ئارەزوی خۆیان لەبارەیانەوە بنوسن.

ئاینی ئێزدی وەک ئاینی زەردەشتی ئاینی دوالیزمی چاکە و خەراپەیە و ئەوانیش بە جۆرێکی تر ئاهورامەزدا و ئەهریمەنیان هەیە، مەلەک تاوس لای ئەوان پایە و مەقامێکی گرنگی هەیە و لەبۆنە ئاینیەکانی خۆیاندا بەناو خەڵکەکەدا دەیگێڕن.

## بەشی دوویەم

ئێزدیەکان خەڵکانی لاشەڕ و بێدەنگ و نەرم و نیانن، کاتێ سەردانیان دەکەیت، دەیانەوێ زۆرترین ڕێزت دەرهەق بنوێنن، لەبۆنە ئاینیەکاندا هیچ جیاوازیەک لەنێوان ژن و پیاودا ناکرێ و هەمو پێکەوە سەردانی مەزارگەی لالش دەکەن، لەو مەزارگەیەدا چەندین سروتی ئاینی جێبەجێ دەکرێت و خەڵکەکە بە رویەکی گەشەوە ڕێز بەرانبەر ئەم مەزارگەیە دەنوێنن، لە سەردانێکمدا بۆ لالش جگە لە خۆشەویستی و ڕێز هیچی ترم لەو خەڵکە بەدینەکرد، پاشتریش لە شێخان لە ماڵی بابە شێخ میوانداریان کردم، لەکاتی میوانداریەکەدا دەمبینی کە چۆن خەڵک بۆ دوعا و نزا و پاڕانەوە سەردانی بابە شێخیان دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## سەری مارەکە هێشتا هەر ئێرانە



**مەنسوور مروەتی**

دوابەدوای پێشنیار و راسپاردەکەی باراک ئۆباما سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لە ١١ی سپتامبر بۆ لێدانی داعش و دەسپێشخەریی دەوڵەتی فەرانسە بۆ گرتنی کونفرانسەکەی پاریس، سەرنجام هاوپەیمانان و بەشدارانی ئەو کونفرانسە کە لە ٣٠ وڵات و رێکخراوی نێودەوڵەتی پێک هاتبوون، رۆژی دووشەممە ٢٤ی خەرمانان بە تێکڕای دەنگ و هەر کام بە گوێرەی بەشی خۆیان بڕیاریان دا کە بۆ لە بەین بردنی داعش یارمەتیی عێراق بدەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لە گەڵ بەشداریی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو کونفرانسەدا دژایەتیی کرد و کونفرانسەکە بە بێ سووریە و ئێران بەڕێوەچوو.

بەڕێوەچوون و ئەنجامی ئەو کۆنفرانسە دەکرێ لە زۆر لایەنەوە و هەر لە سەرەتای هێرشی داعش و گرتنی مووسڵ و دواتر پەلاماری داعش بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان و پشتیوانیی دەسبەجێی ئامریکا لە کوردستان تا دەگاتە بەستنی ئەم کۆنفرانسە و رێگە نەدان بە ئێران بۆ بەشداریی کۆنفرانسەکە، لێک بدرێتەوە بەڵام ئەوەی کە مەبەستی ئەم وتارەیە هەڵوێستی رێبەری کۆماری ئیسلامیە کە دەکرێ زۆر بە وردی و لە چەند رووەوە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ.

کەسێک کە خۆی بە ( وەلی ئەمری موسڵمانانی جیهان) دەزانێ، زمانێک کە هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ ئەبووبەکر بەغدادی رێبەری داعش کە ئەویش خۆی بە خەلیفەی موسڵمانانی جیهان دەزانێ، نیە. بەو جیاوازییەی کە کار و کردەوەکان و جینایەتەکانی خامنەیی و پێش ئەو خومەینی و دار و دەستەکەی لە مێژ ساڵە لە ئێران و بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکردوە و ئێستاش بوەتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر مرۆڤایەتی لە جیهان و مۆتەکەیەکی رەش بە

سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

ئەم لێدوانەی خامنەیی کە یەکەم لێدوانی ناوبراو پاش هەستانی لە سەر تەختی نەخۆشخانە لە رۆژی دووشەممەدایە لێدوانی کەسێکە کە دوو هەفتە پێشتر رەزامەندیی نیشان دابوو کە هێزەکانی سپای پاسداران لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاریی هێزەکانی ئامریکا بکەن، بەڵام ئامریکا نە تەنیا ئەوەی قەبووڵ نەکرد تەنانەت رێگەی نەدا کە ئێران بانگهێشتی کۆنفرانسی پاریس بکرێ. بۆیەخامنەیی بە رۆژی رووناک پەنا دەباتە بەر درۆ و دەڵێ ئێمە پێشتر داوای ئامریکامان بۆ بەشداریی کۆنفرانسی پاریس قەبووڵ نەکرد.

لە لایەکی دیکەوە رێبەری کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەی ساڵی پاری ئامریکا و ئەو وڵاتانە وەبیر دێنێتەوە کە نەیانتوانی بە قەولی ناوبراو "هیچ غەڵەتێک" لە پێوەندی لە گەڵ سووریەدا بکەن. دیسان هەر ئەم قسانەی خامنەیی لە سەر وڵاتێک کە لەم سێ ساڵەدا تووشی وەها دۆخێک بووەتەوە و بە سەدان هەزار خەڵک کوژراون و میلیۆنانیش تووشی ئاوارەیی بوون،و کۆماری ئیسلامیش بە هەموو توانایەوە رۆڵی لە راگرتنی بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەیدا هەبووە، چ جیاوازیەکی لە گەڵ رێبەری داعش واتە ئەبووبەکر بەغدادیدا هەیە.

ئەم هەڵوێستەی ئامریکا ئەگەرچی زۆر بە جێ و لە جێی خۆیدا بوو بەڵام بێگومان ئامریکا و هاوپەیمانانی چاک ئەوە دەزانن کە لەوەتی دەستیان داوەتە شەڕی دژە تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە ئێران بووە کە چ لە ئەفغانستان و چ لە عێراق و چ لە سووریە پێشی بە سەرکەوتنەکانی ئەوان گرتوە و راستەوخۆ یارمەتیی مانەوە و سەر لە نوێ خۆ رێکخستنەوەی رێکخراوە تیرۆریستیەکانی داوە.

ئەم رۆژانە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە کێشەی داعشەوە خەریکە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یادی تیرۆر کرانی رێبەرێکیان دەکەنەوە کە ٢٢ ساڵ لەوەپێش لە شاری برلینی ئاڵمان و لە رێستۆرانێک بە ناوی میکۆنۆس بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا،و دواتریش لە کەیسێکدا کە هەر بە کەیسی میکۆنۆس ناوبانگی دەرکرد، کۆماری ئیسلامی ئێران و لە سەرووی هەموویانە هەر ئەم رێبەرەی ئێستا (خامنەیی) بە یەکێک لە کەسە سەرەکیەکانی تاوانباری ئەو تیرۆرە ناسرا و تەنانەت پۆلیسی ئینترپۆلیش بۆ گرتنی ناوبراو راسپێردرا.

هەموو ئەمانە و دەیان و سەدان بەڵگەی دیکە لە سەر کۆماری ئیسلامی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە چەندین ساڵ پێش دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)، ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران و تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێرانە کە بە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

ئایدۆلۆژیی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی ئاسایش و ئاشتی لە جیهاندا.
بێ گومان ئەگەر ئامریکا و هاوپەیمانانی کە لەم دوو دەیەی رابردوودا لە هەوڵی ئەوەدان رێکخراوە تیرۆریستیەکانی وەکوو

داعش لە جیهاندا خاشەبڕ بکەن دەبێ بە کردەوە و لە پێشدا هەوڵی ئەوە بدەن کە سەری مارەکە واتە کۆماری ئیسلامی پان بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## تورکیا چی بۆ داعش کردوە؟



ئامادەکردنی: چیا عەباس

### سەرەتا

لە گەڵ گەرمبونی شەڕی ناوخۆی سوریا و هێرشەکانی داعش لە باکوری عێراق قەیرانێکی تازە دروستبوە. لە واقیعدا تورکیا ئێستا دو وڵاتی شکستخواردوی پڕ لە کێشەی سیاسی و مەزهەبی و تێرۆریزم لە سنورەکانی باشوریدا هەیە و روبەڕوی تەحەدای ئاسایش و سیاسی و ئابوری بۆتەوە.

Gönül Tol بەڕێوەبەری سەنتەری دراساتی تورکی لە پەیمانگای خۆرهەڵاتی ناوەراست باس لە لە وەڵامدانەوەی تورکیا بۆ ئەم دۆخە نوێیە دەکات.

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر سوریا و عێراق لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریاوە بە کاریگەری کێشەی کوردی باکور دیاریکراوە، لەو ساتەوەی بەشێکی بەرچاوی ناوچە ستراتیژیەکانی سنوری سوریا لە گەڵ تورکیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی پەیەدە ئێتر پەیەدە بۆتە گەورەترین مەترسی بۆ تورکیا. تورکیا بەمەبستی ئیحتواکردنی ئەم مەترسیە پەیوەندیەکانی لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان توندتر کرد تا رۆلی پەیەدە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سوریادا لاواز بکرێت، هاوکاتیش تورکیا پشتگیری گروپە تێرۆریست و جیهادیەکانی سوریای کردوە تا دژ بە پەیەدە بەکاریان بهێنێت و پەیەدە لەژێر فشارێکی زۆردا بمێنێتەوە.

لە ئەرزی واقیعدا دەرکەوت کاریگەری بارزانی لەسەر کوردی رۆژئاوا سنوردارە، پەیەدەش زۆر بەهێزترە لەوەی پەراوێز

بکرێت و پشتگیری جیهادیستەکانیش هەنگاوێکی زۆر هەڵە بو.

گرتنی موسڵ و چەند ناوچەیەکی تر لەلایەن داعشەوە مەترسیەکی زۆر گەورەتر لەوەی پەیەدەی بۆ تورکیا هێناوەتە ئاراوە.

لە سەرەتادا ئەردۆگان هاوپەیمانی نزیکی بەشار ئەسەد بو، دوای روداوە خوێناویەکانی ٢٠١١ لە سوریا ئەردۆگان خێرا داوای کاری نێودەوڵەتی بۆ روخاندنی بەشار ئەسەد کرد.

ئەردۆگان هەوڵی دەدا کەشوهەوایەکی ئیمپراتۆری عوسمانی نوێ بۆ کاریگەری و دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەراست بخەڵقێنێت، هەنگاوی تەکتیکی بۆ پشتگیریکردنی بەرەی بەرفراوانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دوچاری شکست هات و زنجیرەیەک پاشەکشەی گەورەی بۆ ئەردۆگان لێکەوتەوە. لەکاتی گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە حوزەیرانی ئەمساڵدا داعش ٨٠ تورکی وەک بارمتە گرت، بەشێک دیبلۆماتکار بون و تائێستا ٤١ کەس لێیان دەستگیکراون، لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە زیاتر لە یەک ملیۆن پەنابەر چونە تورکیا کە سێ ملیارد دۆلار مەسرەفیان بوە و تورکیا چەند ملیاردێکی تری لە بازرگانی لە گەڵ سوریا و عێراق زەرەر کردوە.

حکومەتی تورکیا لە قەیرانەکەی عێراق بەخەبەر هاتەوە، لەو ساتەوەی داعش وەک گەمەکەرێکی سەرەکی لە سوریا دەرکەوت و تایبەت دوای ئەوەی لە مانگی کانونی دوەمی ٢٠١٤ شاری جاربولسی ستراتیژی کۆنترۆڵ کرد ئاسایشی نیشتمانی تورکیا کەوتۆتە ژێر مەترسیەوە. لە ئێستادا کە داعش کۆنترۆڵی بەسەر شارەکانی سەر سنور لە گەڵ تورکیا لە سوریا و عێراق بەرفراوان بوە بۆچی ئەردۆگان جەخت لەوە دەکاتەوە داعش وەک "کیانێک" پێناسە بکات و نایەوێت وەک گروپێکی تێرۆریست ناویان ببات.

ئەگەر داعش مەترسی بێت بۆ ئاسایشی تورکیا زۆر لە چاودێران خەتای دۆخەکە دەخەنە ئەستۆی ئاکەپەی حوکمڕان، چونکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا رێگەی داوە جیهادیستەکان ئازادانە بەرێگەی تورکیاوە بۆ لای داعش برۆن، ئەگەر ئەنقەرە یارمەتی راستەوخۆی نەدابن بێگومان چاوی لێیان داخستوە. کوردەکانی رۆژئاوا بەردەوام وتویانە کە تورکیا بە چەک و لۆجیستیک یارمەتی گروپە سوننە جیهادیستەکانی داوە بە داعشیشەوە، لەو باوەڕەدان تورکیا ئەم کارەی کردوە تا دژ بە یەپەگە بەکاریان بهێنێت.

ئـەردۆگان و پارتەكـەی (ئاكەپـە) ناسـراون بـەوەی دژ بـە رەگـەزی سـامی و سیاسـەتی ئیسـرائیلن، لـەماوەی دواییـدا پەیوەندیـەكانیان لـە گـەڵ داعشدا ئاشكرا دەبن، رۆژنامەی Jerusalem Postی ئیسرائیلی لـە زاری داعشێكەوە بڵاوی كردۆتەوە كە توركیا یارمەتی دارایی داعشی داوە، لەو راپۆرتەدا داعشەكە وتویەتی: "توركیـا زەمینەسازی بـۆ كردوین، ئەگەر توركیا لێتێگەیشتنی لە گەڵ ئێمە نەبوایە ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی ئەو پێگەیەی ئێستای بەدەست نەدەهێنا، توركیا هاوسۆزی دەربڕیوە، ژمارەیەكی زۆری بریندارەكانمان لە توركیا چارە كراون". لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: "پشتگیریكردنی سعودیەمان نەبو، بەڵام چەندین خانەوادەی سعودی كە باوەڕیان بە جیهاد هەیە یارمەتیان داوین، هەرچۆنێك بێت لە ئایندەدا پێویستمان بەوانە نامێنێت". لە بەردەوامی لێدوانەكەیدا داعشەكە دەڵێت: "دەوڵـەتی ئیسلامی لـە ناوچەی دجلەوە بۆ ئوردون و فەلەستین و لوبنان دادەمەزرێنین و یاسای سوننە حوكمڕانی دەكات".

Kemal Kilicdaroglu سەركردەی گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆن لـە توركیا لـە كۆبونەوەیەكی حیزبەكەیدا لـە ١٧ی حوزەیران ئـەردۆگانی بـە هاریكـاریكردنی داعش تۆمەتبار كرد و راشیگەیاند بـۆ یەكەمجارە لـە مێـژودا توركیا یارمـەتی تێرۆریزم دەدات، دوای ئەم قسانە پارتی كۆماری پێشنیازێكی خستە بەردەم پەرلـەمان بۆ لێكۆڵینـەوە لـە یارمـەتی دارایی توركیـا بـۆ داعـش. هـەمان رۆژ دەوڵـەت باغچـەلی، سـەرۆكی پـارتی ناسیۆناڵیسـتی توركیـا لێـدوانێكی هاوشـێوەی Kilicdaroglu دا و وتی؛ ئەوانەی یارمەتی داعشیان لە سوریادا ئێستا بەرپرسی یەكەمن لـەو خوێنـەی رژاوە، ئاكەپە لەناو ئەو پیساییەدا گیرساوەتەوە و وەحشی داعشی وروژاندوە.

سنوری نێوان توركیا و باكوری سوریا دەروازەی سەرەكی بو بۆ هاتنی چەكدارانی داعش بۆ خەلافەتەكەیان لە بەشێكی زۆری خۆرهەڵاتی سوریا و خۆرئاوای عێراق. لە كۆتایی مانگی هەشتدا ژمارەیەكی زۆری چەكدارانی داعش بەرەو سنور رۆیشتن لە هەوڵێكدا بۆ بەرفراوان كردنی سنوری خەلافەت.

لەم هەوڵانەی داعش بۆ كۆنترۆڵكردنی سنور هێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لـە سەرەتای ئەمسـاڵدا زۆر بەتوندی روبـەرویان بونەوە، شەڕێك شەش هەفتەی خایاند ٢،٥٠٠ كوژراوی شەركەرانی ئۆپۆزسیۆنی لێكەوتـەوە و رێگەخۆشكەریش بـو رژێمی ئەسەد لە باكوری خۆرهەڵاتەوە لەسەرخۆ گەمارۆی حەلەب بدات، لە ساتی ئەم شەرانەوە هـاتنی شەڕكەران بـۆ داعش لـەو سنورەی توركیاوە كەمبۆتەوە و داعش هەوڵ دەدات ئەو شریتە سنوریە بـەدرێژایی ٣٠٠ كلم بەتـەواوی كۆنترۆڵ كاتـەوە كە زۆربەی شەڕكەران و جیهادیستەكان لە دەرەوە بۆ گەیشتن بە داعش بەكاریان هێناوە.

ئەم سنورە لە گەڵ توركیا تەنها رێگەیە بۆ قاچاغكردن بە نەوتەوە، هێنانی چەك و شەركەر بۆ سوریا و عێراق، بە



سەرچاوە
Serchawe

هەڵسەنگاندنی چاودێران کاتێک داعش ئەم سنورە لەدەست بدات توشی زیانێکی گەورە دەبێت و لەو حاڵەتەدا هەوڵ دەدات دەروازەیەک بۆ لوبنان بکەنەوە.

زیاتر لە ساڵ و نیوێکە ئەمەریکا و حکومەتەکانی ئەوروپا فشاریان خستۆتە سەر تورکیا، کە ئەندامی ناتۆیە، تا کاری جدی زیاتر بکات بۆ راگرتنی پەرینەوەی جیهادیستەکان لە سنوری ئەو وڵاتەوە بۆ لای داعش. بەرپرسانی تورکیا لە سەرەتادا دەیان وت ئاسان نیە ئەوانەی بۆ جیهاد دێن لە گەڵ ئەوانەی بۆ سەردانی ئاینیی دێن بۆ تورکیا جیابکەنەوە. حکومەتە ئەوروپییەکان بەردەوام پێشوەخت تورکیایان لە ناوی ئەو کەسانە ئاگادار کردۆتەوە کە بۆ جیهاد لە ئەوروپاوە بۆ تورکیا دەڕۆن، هاوکاتیش نارەزایی خۆیان دەربریوە کە تورکیا زۆر کاری کەمی کردوە بۆ راگرتنی ئەو پرۆسەیە.

چەند دەزگایەکی هەواڵگری لەو باوەڕەدان کە جەندرمەی تورکی زیاتر لە دەزگای هەواڵگری تورکی (میت) مەبەستیانە رێگری لە داعش بکەن، بەپێی چەند سەرچاوەیەک پۆلیس لە ئاکامی ململانێی دەسەڵات لە گەڵ ئەردۆگان پەراوێز کراون، دەوروبەری ئەردۆگان بەرپرسیاریەتی مەلەفی جیهادیستەکانیان لە دەزگای میت دا وەرگرتوە. حکومەتی تورکیا لە لێدوانەکانی لە گەڵ وڵاتانی ئەوروپا لەسەر مەسەلەی جیهادیستەکان کە بەرێگەی تورکیاوە دەچنە لای داعش دەستەواژەی "تێرۆریست" و "جیهادیست" بەکارناهێنێت، بەڵکو وەک ئەوانەی ئایین بەخراپی بەکاردەهێنن باسیان دەکات.

لە بەرامبەردا ئەنقەرە هەمو تۆمەتەکانی رەتکردەوە و رۆژئاوای گوناهبار کرد کە لە گەڵ سەرهەڵدانی شەری ئەهلی سوریا تەدەخولی نەکرد و بێدەنگیش بو کاتێک رژێمی ئەسەد چەکی کیمیاوی بەکارهێنا. هاوکات تورکیا بەفەرمی چەندجار رایگەیاندوە کە توندتر کۆنترۆڵی سنورەکانی دەکات، بەڵام لە قسەی پوچەڵ زیاتر نەبوە، مایەی پرسیاریشە بۆچی تورکیا لە 3 حوزەیران تەنها بەرەی نەسرەی وەک تێرۆریست پێناسەکرد و داعشی نەکرد.

Anthony Faiola و Souad Mekhennet لە شاری رێحانلی تورکیاوە راپۆرتێکیان بۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست ناردوە کە لە ١٢ ئابی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتوە: چەکدارەکانی داعش پێش هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق لە شاری رێحانلی تورکیا وەک ماڵی خۆیان رەفتار و مامەڵەیان دەکرد. تورکیا فەرشی سوری بۆ هەمو دوژمنەکانی بەشار ئەسەد رادەخست. لە بازاڕی ئەم شارە لە نێو دوکانەکانی پاقلاوە و کەبابخانەکاندا شەرکەرانی داعش بەجلوبەرگی فەرمی خۆیان و دواترین مۆدێلی تەلەفۆنی سامسۆن دەبینران، برینندارەکانی داعش و بەرەی نوسرە لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارە دەکرێن، گرنگتر لەمانە تورکەکان چاویان داخستوە بەرامبەر بەوەی ریحانلی و شارەکانی تری تورکیا وەک وێستگەی گواستنەوەی چەک و شەرکەران بۆ ئەو دیو سنوریان لێهاتوە.

تامیر ئاپیس، سیاسەتمەدارێک لە ریحانلی وتی: "تورکیا پێشوازی لە هەمو کەسێکی دژ بە ئەسەد کردوە، ئێستا ئەوانە سەرقاڵی کوشتن و بڵاوکردنەوەی نەخۆشیەکانی خۆیانن و ئێمەش نرخەکەی دەدەین". لەو شارە لە ساڵی رابوردو تەقینەوەی دو ئۆتۆمۆبێلی بۆمبرێژکراو ٥٢ کەسی کوشت. لەنزیک ئەو شارە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ دەزگاکانی تورکیا ئۆتۆمۆبێلێکی تری بۆمبرێژکراویان پوچەڵ کردەوە. ئەم روداوانە ترسی لای خەڵکەکە دروست کردوە کە داعش تۆوی مەزهەبی لە تورکیا بچێنێت. ئاپیس لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "ئەمە ئەو زەلکاوەیە تورکیا دروستی دەکات".

زۆر لە چاودێران پرسیارێکی رەوا دەکان، ئایا سیاسەتی مەترسیداری تورکیا سەبارەت بە سنور رێگاخۆشکەر نەبوە بۆ دروستکردنی شانەی تێرۆریستی لە ناو تورکیادا.

وێرای ئیجرائاتە نوێکانی تورکیا هێشتا داعش لە تورکیاوە دزەدەکات. ئەبو یوسف، ٢٧ ساڵ، کۆماندۆیەکی ئاسایشی داعش لە چاوپێکەوتنێکدا لە ریحانلی دەڵێت: "چیتر ئاسان نیە خەڵک بێن بۆ تورکیا، بۆخۆم پێویست بو لە گەڵ قاچاغچیەکاندا برۆم تا بگەمە ئێرە".

یوسف کۆماندۆیەکی داعش کە بۆ چاوپێکەوتن لە گەڵ واشنتۆن پۆست لە سوریاوە هاتبو بۆ ریحانلی وتی؛ کە گروپەکەی سوپاسی تورکیا دەکات بۆ بەشێک لە سەرکەوتنەکانی، لە بەشێکی چاوپێکەوتنەکەدا یوسف وتی: "چەند شەڕکەرێکمان، هەندێک لێیان لە سەرکردە باڵاکانی داعش، لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەیان بۆ کراوە، زۆربەی شەرکەرەکان لە رێگەی تورکیاوە هاتونەتە ریزەکانمانەوە، هەروەها پێداویستیەکانیش بەرێگەی تورکیاوە پێمان گەیشتون".

یوسف نەیشاردەوە کە دوا کارە توندڕەویەکان وایان کردوە کە زۆر ئەستەم بێت تورکیا وەک کەناڵی تەجهیزکردن بەکاربهێنین، وتیشی؛ گروپەکەی ئەوەندە لە عێراق بەهێز بوە و هۆزە سوننەکان هاوپەیمانیەتی دەکەن بۆیە ئەوەندە پشت بە تورکیا نابەستن. یوسف لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "ئێستا چەکی پێویستمان لە عێراق دەست دەکەوێت و چیشمان بوێت دەیکرین، تەنانەت لەناو سوریاشدا، هیچ پێویستمان نەماوە بەوەی شتومەک لە دەرەوە بهێنین".

سەبارەت بە رەخنەکانی ئەوروپا لە تورکیا کە بێباکانە سنورەکەی بە درێژایی ٩٠٠ کلم بۆ جیهادیست و چەک بۆ داعش کردۆتەوە کارمەندانی تورکیا رایانگەیاند کە پێویستیان بەلیستی ناوی ئەو کەسانەیە کە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ تورکیا دێن تا لە سەر سنورەکان رێگری لە هاتنە ناوەوەی تورکیایان لێبکەن. لە هەمانکاتیشدا رایانگەیاند بەهاوکاری وڵاتان لیستێکی ٦.٠٠٠ ناویان ئامادە کردوە کە رێگریان لێدەکەن بێنە ناو تورکیا یا لەوێوە رو لە سوریا بکەن. وەک نمونە



سەرچاوە
Serchawe

باسیان لە بەریتانیا کرد، راپۆرتەکان باس لە هاتنی ٥٠٠ هەڵگری رەگەزنامەی بەریتانیا دەکەن، کەچی حکومەتی بەریتانیا تەنها لیستێکی ١٧٧ کەسی بە تورکیا داوە.

## نەوت

هێشتا تورکیا بازاڕێکی گەرمە بۆ نەوتی قاچاخ لە سوریا و عێراقەوە، بەشێک لەم نەوتە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دەنێردرێت. بۆ نمونە لە شارۆچکەی حاجی پاشان، نزیک لە سنوری سوریا، دەیان جوتیار و کرێکار بون بە قاچاغچی نەوت.

هەرچەندە حکومەتی تورکیا هەوڵ دەدات ئەم قاچاغچییەتە کەم بکاتەوە، بەڵام نیشتەجێبوە زیرەکەکانی ناوچە سنوریەکان دەیان نەفەقی ژێر زەمینیان لێداوە و بۆری گواستنەوەی نەوتیان لەو نەفەقانەدا لە سنوری نێوان تورکیا و سوریادا راکێشاوە.

لە راپۆرتێکی تایبەت لە ١١ - ٩ - ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە هاتوە کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی داعش لە فرۆشتنی نەوتی عێراق و سوریایە بە قاچاغی. رۆڵی تورکیا لە کارئاسانی و یارمەتی بۆ فرۆشتنی ئەم نەوتە گومانی بەرامبەر تەعەهودی ئەم ئەندامەی ناتۆ بۆ شەرکردن داعش دروستکردوە.

لوئەی ئەلخەتیب، پسپۆڕ لە بواری قاچاغکردنی داعش بە نەوت دەڵێت: "داعش مامەڵە لە گەڵ تۆڕێکی تۆکمە و مۆدێرندا دەکات، بەشێک لێیان لە کۆمپانیاکانی نەوتی عێراقەوە زۆر نزیکن. بۆ دەربازکردنی نەوت دەبێت پارە بە چەندین بازگەکانی کۆنترۆڵ بدەن تا قافڵەی نەوت هەڵگرەکان بگاتە تورکیا. پاشئەوەی داعش چەند ناوچەیەکی لەدەست داوە رۆژانە بەئاسانی ٢٥.٠٠٠ بەرمیل نەوت بەبری ٢,١ ملیۆن دۆلار دەفرۆشن، ئەمە ئەگەر داوای نرخی نێوان ٢٥ - ٦٠ دۆلار بۆ بەرمیلێک بکەن".

بەپێی راپۆرتێکی Daily Beast لە رۆژی ٨ - ٩ - ٢٠١٤ سەبارەت بە رۆڵی تورکیا لە فرۆشتنی نەوتی قاچاغ، شرۆڤەکاری سیاسی تورکی Celalettin Yavuz دەڵێت: نەوتەکەی داعش لە کێڵگە نەوتەکانی نزیک بنکەی بەهێزی داعش، رەقەوە هاتوە و بە بارهەڵگر بۆ سنوری تورکیا دەیگوازنەوە، لەوێشەوە بە بۆری یا کۆنتێنەری پلاستیک دەیبەنە ناو تورکیا. Yavuz ئاماژە دەدات کە قاچاغچییەکان لەلایەن گوندنشینەکانی لایەنی تورکیای سنورەوە یارمەتی دەدرێن.

Yavuz دەڵێت: "بۆریەکانی نەوت بەشەو دانانرین، بەڵکو بەرۆژی نیوەرۆ، داعش کۆنترۆڵی ئەم بازرگانیە رەشەی کردوە، بەڵام لە هەمو پرۆسەکەدا بەشدار نیە و پێی باشترە قاچاغچی پرۆفیشێناڵ کارەکان بکەن".

Jonathan Schanzer، پسپۆڕی بواری دژە تێرۆر، کارمەندی باڵای هەواڵگری وەزارەتی بازرگانی ئەمەریکا بوە، لە نوسینێکیدا بۆ گوڤاری Tower لە ئەیلولی ئەمساڵدا بلاوبۆتەوە لەژێر ناونیشانی: لە کوێ گەمەکەرە تارماویەکان ماڵیان هەیە، تێیدا باس لەوە دەکات کە بێباکی تورکیا بەرامبەر قاچاغچییەتی داعش بەنەوتەوە زۆر باش دەگونجێت لە گەڵ شێواز و ئەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی تورکیا: تورکیا بۆتە کەنارگەی ئارام بۆ گەمەکەرە نایاساییەکان بۆ هەڵسوراندنی کارەکانیان، یاساکانی ئەو وڵاتە بۆ رێگرتن لەو جۆرە کارانە هێچ کاریگەرییان نیە. ئەم راستیە زۆر راشکاوانە لە مانگی شوباتی ٢٠١٣ دەدا دەرکەوت کاتێک ئەوەندەی نەمابو تورکیا بخرێتە لیستی رەشی رێکخراوێکی نێودەوڵەتیەوە کە کار دژ بە پشتگیری دارایی تێرۆریزم دەکات، ئەویش رێکخراوی( Financial Action Task Force (FATF.

### هاوپەیمانی: دودڵی تورکیا

رۆژی ١١ی ئەیلول ئۆباما وتی: "پێویستە تورکیا بەشێک بێت لە هاوپەیمانی دژ بە داعش".

ئەردۆگان بە ئۆبامای وت: نەخێر، سوپاس.

لە ١١ی ئەیلول تورکیا رایگەیاند رێگە نادات ئەمەریکا بنکەی فرۆکە سەربازیەکانی بەکاربهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر داعش و تورکیا بەشداری ئۆپەراسیۆنە چەکداریەکان ناکات و تەواوی تواناکانی بۆ پێویستیە مرۆییەکان تەرخان دەکات. تورکیا بیانوی "بارمتەکانی" لای داعش کردۆتە پاساوی هەڵوێستەکانی.

Blaise Misztal، پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوە و بەڕێوەبەری بەشی سیاسەتی دەرەوە لە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لە نوسینێکیدا لە ١٠ ئەیلول بەناونیشانی "دودڵی هاوپەیمانێک" بڵاوبۆتەوە نوسیویەتی:

دەبێت تورکیا کاندیدێکی سروشتی بێت بۆ هاوپەیمانیەتی دژ بە داعش، تورکیا سنوری لە گەڵ سوریا و عێراق هەیە، داعش هاوڵاتیانی تورکی بەبارمتە گرتوە و تورکیا ئەندامی ناتۆیە. تورکیا یەکێکە لە دە ئەندامی "کرۆکی هاوپەیمانی" دژ بە داعش و تەنها وڵاتی موسڵمانە لە کرۆکەدا. پاش سەردانی وەزیری بەرگری ئەمەریکا بۆ ئەنقەرە لە سەرەتای هەفتەی


سەرچاوە Serchawe

دوەمی مانگی ئەیلول سەلمێندرا كە توركیا زۆر دودڵە لە هاوپەیمانیەكە.

وەزیری بەرگری ئەمەریكا، هاگێڵ، باسی لە "كرۆكی هاوپەیمان" دژ بە داعش كرد كە پێكدێت لە: ئەمەریكا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئۆستراليا، كەنەدا، ئەڵمانیا، توركیا، ئیتاڵیا، پۆڵۆنیا و دانمارک. ئەم هاوپەیمانیە بەتەنیشت كۆبونەوەی لوتكەی ناتۆدا دروستكراوە، هاوپەیمانیەكە لەسەر دو ئاراستەی ستراتیژی كار دەكات: هێرشی ئاسمانی دژ بە داعش و بەهێزكردنی هاوپەیمانەكان لەسەر ئەرزی عێراق و سوریا.

بلێس لە درێژەی نوسینەكەیدا دەڵێت: ئەگەر توركیا مەبەستی جدی بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش و گروپە رادیكاڵەكانی تر لە سوریا هەبێت دەبێت لە گەڵ ئەمەریكا كاربكات و لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە گەڵ پەكەكە بەردەوام بێت.

توركیا ئێستا زیاتر نیەت بۆ كاركردن لە گەڵ ئەمەریكا دەردەبرێت پاشئەوەی بۆ ماوەیەک داوای ئەمەریكا و خۆرئاوا بۆ پەرواێزكردنی بەرەی نوسرەی پشتگوێ خست. لە ٣ حوزەیران توركیا گروپەكەی بەتێرۆریست پێناسە كرد، هاوكات توركیا رازیبوە بەشداری لە پرۆگرامێكی مەشقی سەربازی تایبەتی ئەمەریكا بكات بۆ بەرەنگاربونەوەی جیهادیستەكان لە ئۆپۆزسیۆنی سوریادا.

توركیا تەنها وڵاتی ئیسلامیە كە لەلایەن ئیدارەی ئۆباما بە بەشێكی گرنگی هاوپەیمانی دژ بە داعش حسابی بۆ كراوە، لە سەردانی وەزیری بەرگری ئەمەریكا لە ٨ ئەیلول بۆ ئەنقەرە بۆ ئەو مەبەستە كارمەندە توركەكان پێیان وابو ئەمەریكا حساباتی هەڵەی كردوە. وەزیری تازەی دەرەوەی توركیا خەمی خۆی دەربری كە هەوڵە نێودەوڵەتیەكان بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش لە باكوری عێراق ئاكامی نەرێنی لەسەر توركیا دەبێت، هاوكات ئەم وەزیرە تازەیە بە ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵی راگەیاندوە بەهۆی زەمینەی مەزهەبی هێزە چەكدارەكانی عێراقەوە ئاسان نابێت كۆنترۆڵی دابەشكردنی ئەو چەكانە بكرێت كە دنیای دەرەوە پێیان دەدات.

پێش لێدوان لە گەڵ وەزیری بەرگری ئەمەریكا، وەزیری دەرەوەی توركیا بە حەزەرەوە باسی بەشداری و پشكی توركیا لە هاوپەیمانی دژ بە داعش كردوە، بەپێی هەواڵێكی CNS News وەزیرەكە وتویەتی توركیا لە پرەنسیپدا رەزامەندە پشكی خۆی لە ئارامكردنەوەی ناوچەكە جێبەجێ بكات، هاوكاتیش توركیا زۆر باش شارەزای واقیعی ناوچەكەیە، بە هاوپەیمەنەكانیشی وتوە: "راشكاوانە پێمان وتون چاوەڕوانی چی دەكەن، ئێمە چی دەكەین و چی ناكەین". پاش كۆبونەوەكە وەزیری بەرگری ئەمەریكا رایگەیاند كە بۆ توركیا نەهاتوە تا داوای كارێكی تایبەت یا رۆڵێكی تایبەت بكات.

بەشی دوویەم

پێدەچیت تورکیا بیەوێت مەرجەکانی خۆی بۆ پشتگیری ئەمەریکا بسەپێنێت.

تورکیا لەم هاوپەیمانیەدا باشترین شەرێکی ئەمەریکایە، دەتوانێت لە گەڵ وڵاتانی سوننەی تری ناوچەکە کاریگەری زۆریان لەسەر سوننەی عێراق هەبێت تا پشتگیری داعش نەکەن.
تورکیا دەتوانێت مامەڵە لە گەڵ کوردەکانی عێراق بکات، رۆڵی کوردەکان گرنگە لە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان لە بەغداد و لە شەرکردنی داعشدا.

لەروی سەربازیەوە تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی گرنگی هەبێت. لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە ئەندامی ناتۆیە، لە هاوپەیمانیەکەدا دوای ئەمەریکا گەورەترین سوپای هەیە و تەنها ئەندامی ناتۆیە سنوری لە گەڵ عێراق و سوریادا هەیە، پێگەی ستراتیژی تورکیا بۆ دژایەتیکردنی داعش زۆر کاریگەرە.

هاگێل پاش سەردانەکەی بۆ تورکیا شتێکی ئەوتۆی سەبارەت بەهەوڵەکانی لە گەڵ ئەو وڵاتە باس نەکرد، بەگشتی ئەمە رەنگدانەوەیەکە بۆ سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان هەر دو وڵات و هاوکاتیش گونجاوە لە گەڵ دودڵی تورکیا بۆ وەستانەوە دژ بە داعش.

لە ٥ ئەیلول ٢٠١٤، The Wall Street Journal، راپۆرتیکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتوە کە تورکیا رەتیکردۆتەوە ئەمەریکا لە تورکیاوە هەوڵی رزگاردکردنی گیراوەکانی لای داعش بدات، بە دو رۆژنامە ئەمەریکیەکەوە، کە دواتر داعش سەریانی بری. لەو ساتانەی هاگێل سەرقاڵی لێدوان بو لە گەڵ تورکیادا رۆژنامەی Turkish dailyلە ٩ ئەیلول لە راپۆرتێکدا باسیکردوە کە چەکدارانی داعش لە شەڕەکانی دەوروبەری هەولێر تەقەمەنی دروستکراویان لە تورکیا بەکارهێناوە.

هاگێل تورکیای جێهێشت بێئەوەی بیرۆکەیەکی رونی هەبێت سەبارەت بەوەی ویستی تورکیا بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش چیە، هەرچەندە هاگێل جەختی لە بەڵێنی تورکیا کردەوە کە بەشێک بێت لە هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی داعش، هاوکاتیش رایگەیاند تورکیا "رۆڵی تایبەتی دەبێت، ئەو رۆڵانەی پاش بریاری حکومەتی تورکیا پێیان باشە...". Bülent Arınç جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا رونیکردەوە کە جارێ بریاری لەو جۆرە نەدراوە و وتی: "وڵاتەکەمان پێویستی بەهەڵسەنگاندنی ورد هەیە سەبارەت بەو هەڵوێستەی بەرامبەر بەم مەسەلەیە وەریدەگرین".



سەرچاوە Serchawe

### تەحەفوزاتی تورکیا

تورکیا چەند مەراقێکی هەیە کە بونەتە زەمینەی دودڵیەکەی: بارمتە تورکە گیراوەکان لای داعش، بڵاوبونەوەی چەک لە ناوچەکە - تایبەت بۆ گروپە کوردەکان - بەردەوامبونی شەر و ناکۆکیەکانی سوریا.

لێکدانەوە و شرۆڤەی زۆر لەسەر دو خاڵی یەکەم کراون، بابزانین بۆچی خاڵی سوریا بۆ تورکیا ئەوەندە گرنگە. تورکیا دەترسێت هێزی داعش لە سوریا لاواز بکرێت، کە خودی تورکیا لە سەرەتاوە پشتگیری کردوە و یارمەتی داوە تا دژ بە ئەسەد شەر بکەن و رژێمەکەی بروخێنن، تورکیا ترسی هەیە کە بەشار ئەسەد لە پەراوێزی شەڕی دژ بە داعش هاریکاری ئەمەریکا بکات و بتوانێت ناوچەکان بگرێتەوە دەست و بەهێزتر بێت و متمانەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێتەوە. پێدەچێت تورکیا هۆکاری شاراوەشی هەبێت بۆ پشتگیرینەکردنی پێویستی هاوپەیمانیەکە بەسەرکردایەتی ئەمەریکا. وەک ئاشکرایە بەپشتگیریکردنی داعش و گروپە سوننەکانی تر تورکیا خزمایەتیەکی ئایدیۆلۆژی لە گەڵ میلیشیاکاندا دروستکردوە، ئەم هاوبەشیە لە سوریاوە دەستی پێکرد، لە سەرەتادا تورکیا پشتگیری ئیخوانی سوریای کرد و دواتر پشتگیری چەک و مادی داعش و بەرەی نوسرە و چەند گروپێکی رادیکاڵی کرد. تورکیا لەو باوەرەدا بو ئەم گروپانە لە شەرکردنی رژێمی ئەسەدا زۆر بەتوانان، هاوکاتیش کاری لەسەر دارشتنەوەی قۆناغی دوای ئەسەد دەکرد بەئاراستەی دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننە مەزهەب تا گۆرەپانی دەسەڵاتی تورکیا گەورەتر بێت.

ئەم سیاسەتە شکستی هێنا، نائارامی ناوچەکە و بەهێزبونی داعش نائارامیان لەسەر سنورەکانی تورکیا دروست کرد و خزاوەتە ناو تورکیاشەوە، هەروەها تادێت تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا دابراو بەرچاو دەکەوێت. وا چاوەران دەکرێت تورکیا بەشداریەکی سنوردا لە شەری دژ بە داعش بکات بۆ زیاتر نەشێواندنی روخساری و تا سیاسەتەکانی رابوردوی توشی شکستی تەواو نەبن. کێشەکە لەوەدا دەبێت ئەگەر ئەردۆگان و سەرۆک وەزیرانەکەی، داودغلۆ کە ئەندازیاری سیاسەتی تورکیا بو لە خۆرهەڵاتی ناوەراست، هیشتا قەناعەتی تەواویان سەبارەت بە هەڵە گەورەکانیان لا دروست نەبوبێت و بەردەوامی بدەن بەهەمان تموحاتە مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیەکانیان.

### کورد

پێشرەویەکانی داعش لەماوەی دواییدا لە باشوری کوردستان هۆکارێکی گرنگی یەک هەڵوێستی سەرجەم هێزەکانی بەشەکانی کوردستان بو دژ بە داعش، کارکردنی هێزی پێشمەرگە و گەریلاکانی پەکەکە و پەیەدە بەیەکەوە زەنگی مەترسی لە تورکیا

بەشی دوویەم

لێدا، تورکیا دەترسێت ئەمە سەربەخۆیی کوردستان لای کوردی باکور زیاتر بوروژێنێت.

سەلمێندراوە کە پەیەدە کاریگەرترین هێزە توانیبێتی شەری داعش بکات. لەدوای رووداوەکانی چەند مانگی رابوردو نیشانەکانی نەرمبونی ئەنقەرە بەرامبەر پەیەدە دەبینرێن، هەروەها تورکیا رێگە دەدات یارمەتی دیاریکراو لە سنورەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە بنێردرێت، هەواڵەکانیش ئاماژە دەدەن بە سازدانی لێدوان نێوان پەیەدە و تورکیا.

بەڕێز ساڵح موسلم، هاوسەرۆکی پەیەدە، لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ مۆنیتۆر دەڵێت؛ تورکیا راشکاوانە یارمەتی داعش دەدات، وەک نمونە باسی پەلاماردانی هاوینی رابوردی بۆ سەر سەرکانیان کرد کە تورکیا پشتگیری داعش و بەرەی نوسرە و تورکمانەکان و سوپای ئازادی سوریا و ئەحرار شام ی دەکرد لە شەردا دژ بە ئێمە.

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی گرژی نێوان پەکەکە و پەیەدە لە گەڵ بارزانی پەیوەندیە توندەکانی بارزانی لە گەڵ تورکیادا بو. ئەگەر ئەنقەرە هەنگاوی جدی بنێت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی کوردی باکور، ئەوا بەڕێز ئۆجەلان لە زیندانەوە دەتوانێت رۆڵێکی ئەرێنی لەنێوان پەیەدە و بارزانیدا هەبێت. چاودێران پێیان وایە دەکرێت کاتێک ئەم هاوکێشەیە بوە ئەمری واقع هێزەکانی پێشمەرگە و پەیەدە بەدرێژایی سنور لە گەڵ تورکیادا زۆنێکی جێگیر نێوان تورکیا و بەشە کێشەدارەکانی سوریا و عێراق دروست بکەن.

دوا رووداوەکان تیشک دەخەنەسەر ستراتیژیەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان. هێزەکانی پێشمەرگە، تایبەت هێزەکانی پارتی، پاش کشانەوەی سوپای عێراق لە کەرکوک، کۆنترۆڵی کێڵگەکانی نەوتی ئەو ناوچەیەیان کرد، وێرای رەفزکردنی چەند ساڵی تورکیا کە حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات پێدەچێت تورکیا ئێستا بتوانێت لە گەڵ دەسەڵاتی کوردی لەو شارەدا بژیت و مامەڵە بکات و تەنانەت هاوردەی نەوتی کەرکوک بکات.

وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم لەو ساتانەدا رایگەیاند؛ کە بەستنەوەی کیڵگە نەوتیەکانی کەرکوک بە هێڵی گواستنەوەی بۆریەکانی هەرێم بۆ تورکیا لە ١٧ حوزەیراندا تەواو بوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## بەرەی دژی داعش و دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستم



**حەسەن شێخانی**

بەشداری پێ نەکردنی ئێران لە بەرەی دژی داعش دا، دژکردەوەی باڵەکانی نێو سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە و، رووبەرێکی زۆری لە رۆژنامە و سایتەکانی ئێران لەم هەفتەیەدا(لە شەممە ٢٢ی خەرمانانەوە تا پێنج شەممە ٢٧ی خەرمانان) بۆ تەرخان کرا.

دووپات کردنەوەی ژێنێڤی ٢، خەونی پێنج شەممەی ئۆباما، رانتخۆریی ئەمریکا لە تێرۆریزم و، بەرەی شانۆیی پاریس، بەشێک لە سەردێڕی سەروتار و وتار و لێدوانەکانی رۆژنامەکانی ئەم هەفتەیەی ئێران بوون سەبارەت بە بەرەی دژی داعش بە رێبەریی ئەمریکا.

گریمانەی ئەم وتارە ئەوەیە کە ریفۆرمخواز و بناژۆخواز بە هاوبەشی و وەک یەک لە هەمبەر دەرهاویشتنی ئێران لە بەرەی دژی داعش دا، کاردانەوەیان نیشان دا و جیاوازییەکی زۆر کەم نەبێ، لە لێدوان و هەڵوێستیان بەرامبەر بەو پرسە دا بەدی نەکرا.لەم پێناوە دا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە سەروتاری رۆژنامەکانی ئێران سەبارەت بەم پرسە دەکەین و دواتر لە چەند خاڵ دا ئاکامی لێ وەردەگرین.

- محەممەد جەعفەر قەناد باشی لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی خوراسان دا ئاوا باس لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە لە دژی داعش دەکا: ئەم بەرەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی لاوازیی ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەی دا و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی کۆنگرەی ئەمریکا و، بەرگرتن لە دەرکەوتنی هێزی "بەرەی خۆراگریی" لە

سەرکوتی داعش دا پێکهات( ئەگەر ئەمریکا دەستێوەردانی نەکردبا، بەرەی خۆراگریی ئیسلامی داعشی لە ناو دەبرد).

– سەید حوسێن مووسەوی لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی شەرق دا ئەم پرسیارە دێنێتە ئارا، کە ئایا ئامانجی ئەمریکا لە ئەگەری هاتنە ناوەوەی هێزەکانی بەرەی دژی داعش بۆ نێو خاکی سووریە، لاواز کردن و دواجار رووخانی رێژیمی سووریە نییە؟

– نوسرەتوڵڵا تاجیک لە سەروتاری رۆژی یەکشەممەی رۆژنامەی ئیعتماد دا دەڵێ: ئامانجی وڵاتانی عەرەبی سوننە لە بەشداری کردن لە شەڕی دژی داعش لە سووریە دا رووخانی رێژیمی سووریەیە. ئەمریکا دەبێ ئەمە بزانێ و نابێ وەک کەو سەری لە بن بەفر نێ.

– حەسەن هانی زدە لە گۆشەی یادداشتی رۆژی شەممەی رۆژنامەی شەرق دا دەڵێ: ئەو بەرەیە سیناریۆیەکە بۆ پیادە کردنی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە و دابەش کردنی عێراق بۆ سێ بەش کە بە بەشێک لە پرۆژەی جۆبایدێن دەژمێردرێ.

– رۆژنامەی کەیهان لە سەروتاری رۆژی شەممەی دا لە ژێر سەردێڕی " خەونی پێنج شەممەی ئۆباما" دەڵێ: ئۆباما لە بەرەبەری شکستێکی گەورەی هەڵبژاردن دایە و دەیەوێ بەم بەرەیە پێش بەم کارە بگرێ ... کە ئەمە لە خەونێک زیاتر نییە و ئەمریکا ناتوانێ بە هێرشی ئاسمانی زیانێکی ئەوتۆ بە داعش بگەیەنێ.

– لە یادداشتی رۆژی دووشەممەی رۆژنامەی حەمایەت دا هاتووە: واشیگتۆن بە پێکهێنانی ئەم بەرەیە بە دوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستانەی دایە کە لە ناوچەکە هەیبووە. درووست کردنی ئەم بەرە فۆرمالیتەیە بۆ بەدەست هێنانی رەواییە، لە پێناو گەیشتی ئەمریکا بە ئامانجەکانی. هەر لەم یادداشتە دا هاتووە کە ئەمریکا روانینێکی دوالیستی بە نیسبەت گرووپە تیرۆریستییەکان هەیە و، تەنیا شەڕ لە دژی ئەو گرووپانە دەکا کە بەرژەوەندیی ئەمریکا دەخەنە مەترسییەوە؛ ئەگەر داعش لەوە بەهێزتر بێ، بەرژەوەندیی رۆئاوا دەخاتە مەترسییەوە. داعش لە رادەیەک دا کارتێکی زەختە بۆ سەر عێراق و دەوڵەتانی دیکە.

سەعدووڵڵا زارعی لە سەروتاری رۆژی چوارشەممەی کەیهان دا دەڵێ: دەیانەوێ هێرشی نیزامی لە عێراقەوە دەست پێ بکەن و بۆ سووریە پەرە پێ بدەن. ئەگەر سەرکەوتوو بوون بۆ لایەنەکانی دیکەی بەرەی خۆراگریی بیگوازنەوە1.



سەرچاوە
Serchawe

## ئاکامگیری:

١) وەک دەردەکەوێ هەر دوو باڵەکە نیگەرانن لەوەی کە ئەو بەرەیە ئامانجی دیکەشی لە پشت بێ و بە تایبەت ئامانجی لێدان و رووخانی رێژیمی سووریەشی بە دواوە بێ.

٢) ئەم بەرەیە وەک هەوڵێک بۆ گەڕانەوە یان بەهێز کردنی هێژموونی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا لە قەڵەم دەدەن، بۆیە دژایەتی دەکەن.

٣) بەشداری پێ نەکردنی ئێران بە هەوڵێک بۆ بەرگرتن لە چوونەسەری پرێستیژی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی ئێران دەزانن.

٤) بەشداری(فەرمی)ی ئێران لەو بەرەیە دا بۆهەر دوو لا دەرەنجامی نەخوازراوی بەدواوە دەبێ: ئێران ئەمریکا بە دوژمنی خۆی دەزانێ و ئەمە بۆتە بەشێک لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی، بۆیە نایەوێ (بە فەرمی) لە گەڵ ئەمریکا لە بەرەیەک دا بێ. لە لایەکی دیکەش بەشداری پێکردنی ئێران لە بەرەی دژی تیرۆر دا تا رادەیەک گوتەی ئەمریکا سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ئێران لە تیرۆریزم بەتاڵ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەمەش دا دەبێ دژایەتیی وڵاتانی عەرەبی سووننە و لۆبی جولەکە بۆ بەشداریی ئێران لە وەها بەرەیەک دا لەبەرچاوبگیرێ.

٥) وەک دەگوترێ ئێران و ئەمریکا لە پرسی داعش دا راگۆڕینەوەیان هەبووە و، (لەوانەیە) لە داهاتووش دا هەیانبێ. ئەم دوو وڵاتە لە رابردوودا لە پرسی ئەفغانستان و عێراق دا هاوکاری کردەیی و مەیدانییان هەبووە، پێدەچێ ئەم جارەش لە رووبەرووبوونەوەی داعش دا( کە تا رادەیەک دووژمنی هاوبەشە) هاوکاری کردەیی و مەیدانیی رانەگەیەنراویان هەبووبێ و لە داهاتووش دا هەیانبێ.

٦) ئەوەی کە ریفۆرمخواز و ئوسوولگەرا وەک یەک لە بەرامبەر دەعوەت نەکرانی ئێران بۆ کۆبوونەوەی پاریس و بەشداری پێ نەکردنی لە بەرەی دژی داعش دا دژکردەوە نیشان دەدەن و خاوەن یەک هەڵوێستن، هەڵگری ئاماژەگەلێکە کە پێویستە لە خوێندنەوەی دۆخی سیاسیی ئێران دا رەچاو بکرێن.

### پەراوێز:

١)هێنانی ئەم بابەتانە لە سەروتاری رۆژنامەکانی ئێران بە زۆری "گواستنەوەی بە نێوەرۆک"(نقل بە مضمون)ە، تا گواستنەوەی وەک خۆی و بە دەق.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## پوختەیەک لەسەر داعش هۆکاری سەرهەڵدان و سەرچاوەی دارایی و رەهەندەکانی لە ناوبردنی



هەڵوێست میرانی

داعش کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دوای دەست بە سەرداگرتنی شاری موسڵ و سێ گۆشەی سوننی لە عێراق بەگشتی، خەلافەتی ئیسلامیان راگەیاند بەمەش پاشگری عێراق و شامیان لەناوی رێکخراوەکە کردەوە و ناویان نا دەوڵەتی ئیسلامی، داعش خاوەنی ئایدۆلۆجیای سەلەفی جیهادی یە و ئامانجیان گەڕانەوەی خەلافەت و جێبەجێ کردنی بنەماکانی شەریعەتە بە ویستی خۆیان، داعش لە پیِشدا لقێک بو لە رێکخراوی قاعیدە لە عێراق (جیهاد لە وڵاتی رافیدەین) ناوی لقەکە بو کە ئەبو موسعەب زەرقاوی وەک ئەمیری لقەکە دەست بەکاربو، پاش سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان رێکخراوەکەی دۆڵی رافیدەین بون بە دوباڵ و ئەو باڵەی زەرقاوی رێبەرایەتی دەکرد ناویان نا (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، دوای کوژرانی زەرقاوی لە لایەن سوپای عێراق رێکخراوەکە ئەبو حەمزەی موهاجیری وەک ئەمیری نوێ دانا، ئەبو حەمزە و چەند کەسێکی باڵای رێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی سوپای ئەمەریکا و عێراق کوژران...

گەردەلولی بەهاری عەرەبی و پێچانەوەی سوریا بۆ ناو گەردەلولەکە و بەردەوامی خۆپیشاندانەکان دژ بە رژێمەکەی ئەسەد، سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە سوریا هۆکاری سەرهەڵدانی چەند رێکخراوێکی چەکداری بون دیارترینیان گروپی چەکداری جەبهەی نوسرەیە، جەبهەی نوسرە بوە چەتری کۆکردنەوەی چەکدارە توندڕەوەکان و چەندین چەکداری جیهادی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، چەکدارانی داعشیش بەشێک بون لە پێکهاتەی رێکخراوە نوێکە لە سوریا، توانیان سود لە کێشە ناوخۆییەکانی سوریا وەربگرن لەناو گروپی چەگداری جەبهەی نوسرە خۆیان رێک بخەنەوە و دەست بە چالاکیە تیرۆریستیەکانیان بکەنەوە.

## بەشی دوویەم

دوای ئەوەی ئەبوبەکر بەغدادی و چەند سەرکردەیەکی پێشوی داعش لە جەبهەی نوسرە جیابونەوە، ئەبوبەکر بەغدادیان وەک ئەمیری داعش دەستنیشان کرد. دوای دەست بە سەرداگرتنی سێکوچکەی سوننە لە عێراق و سوریا داعش خەلافەتی ڕاگەیاند و ئەبوبەکر بەغدادی وەک خەلیفەی خەلافەتەکە خۆی نمایش کرد...

### سەرچاوەی دارایی داعش و ئەو وڵاتانەی گومانیان لەسەرە:

زۆر دەگوترێ لەسەر ئەو کەس و لایەن و وڵاتانەی کۆمەکی ماددی و سەربازی داعش دەکەن، لەوانە سعودیە و قەتەر و تورکیا و کوەیت پشتیوانی سەربازی و لۆجیکی داعشن، هەرچەندە ئەو وڵاتانە بە ڕەسمی پشتیوانی داعشیان نەکردوە، بەڵام لە ڕابردو و ئێستاش بە ئاشکرا پشتیوانی گروپە چەکدارەکانی ناو خاکی سوریا دەکەن لەوانە جەبهەی نوسرە، گروپی داعشیش بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لە ڕابردو لە گەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەیبو توانی ئەو کۆمەک و پشتیوانیە بەدەست بهێنێ بەتایبەت ئەوکاتەی بەشێک لە سەرکردە دیارەکانی ئێستای داعش لەناو جەبهەی نوسرە بون، هەروەها زۆرێک لە سەرمایەدار و شێخەکانی عەرەب بە ڕێگای جۆراوجۆر و لەژێر ناوی پشتیوانی لە جیهاد و بانگخوازی سەرمایەکی زۆر دەخەنە خزمەت داعش و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان، دوای کۆنترۆڵ کردنی چەند شارێکی سوننەنشین لە عێراق تەواوی پارەی بانکەکانیان کەوتە ژێردەست کە بە سەدان ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ، جگەلەوە چەندین بیرە نەوت لە سوریا و عێراق لەژێر چنگی داعشە، کە نەوتە خاوەکەی بە نرخێکی هەرزان بە چەند پاڵاوتگەیەکی نەوت لە سوریا و تورکیا دەفرۆشێت...

### فاکتەرەکانی لەناوچونی داعش:

پسپۆڕانی سەربازی ئاماژە بە چەند فاکتەرێک دەکەن بۆ بنبڕکردن و لەناوچونی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، گرینگترینیان پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی نوێیە لە ناوچەکە کە ئەمەریکا سەرکردایەتی ئەو هاوپەیمانیەتیە دەکات دژ بە داعش، ئەوەی وای کرد ئەمەریکا پەلە بکات لە ڕوبەڕوبونەوەی داعش لە ناوچەکە ئەوەیە مەترسیەکانی داعش بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوندایە، بۆ ئەم مەبەستە ئەمەریکا ستراتیجیەتی نوێ پەیڕەو دەکات و هەوڵ دەدات هاوپەیمانیەتی هەرێمی بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش پێک بهێنێت، ئەو هاوپەیمانیەتیە سعودیە و چەند وڵاتێکی عەرەبیش دەگرێتەوە، ئەمەریکا لەڕێی ئەم ستراتیژبە نوێیە دەیهەوێ سەرچاوەی دارایی داعش وشک بکات و ئەو وڵاتانە بخاتە ناو هاوپەیمانیەتیەکەوە، کە گومان دەکرێ دەست لە پشتی داعش بدەن، ستراتیژی نوێی ئۆباما دژی داعش فراوان و درێژ خایەنە، پرۆسەی سەنگەربەندی جیهانی دژی داعش پرۆسەیەکی درێژە و ماوەی سێ ساڵی بۆ دانراوە، وەک ئۆباما لە وتارەکەی ڕونی کردەوە ئەمەریکا بەشێوەیەکی سیستماتیک داعش لەناو دەبات وەک چۆن ڕێکخراوی قاعیدەیان بێ هێز



سەرچاوە Serchawe

کرد، راستە لە کاتی راگەیاندنی خەلافەت لە لایەن داعشەوە ئەبوبەکر بەغدادی لە شاری موسڵ دەرکەوت، بەڵام تەواوی ئیمکانیاتی سەربازی رێکخراوەکە و شوێنی حەوانەوەی سەرکردەکانی داعش و بارەگا سەرەکیەکانی رێکخراوەکە لە شاری رقةەی سوریایە، بەشێکی زۆر لەو چەکە پێشکەوتوانەی لە عێراق دەستی کەوت گواستیەوە بۆ ئەو شارە، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا لە راگەیاندنەکان ئاماژە بە مەترسیەکی تری داعش دەکرێ ئەویش بنیادنانی کارگەی دروستکردنی چەک و تەقەمەنیە بە سودوەرگرتن لە چەکدارە بیانیەکانی ناو ئەو رێکخراوە لە شاری رقةە،پسپۆڕانی سەربازی وای بۆدەچن هەرهەوڵێک بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بە هەر رێکخراو و گروپێکی چەکداری هێرش کردنە بۆ سەر مۆڵگە سەرەکیەکانی رێکخراوەکە، لەو سۆنگەیەوە ئەمەریکا و ئەنجومەنی ئاسایش بیر لە کۆتایی هێنان بە داعش دەکەنەوە، ئەویش هێرشی فراوانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان لە خاکی سوریا، ئەگەرچی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی داعش لە خاکی سوریا ئەسەد و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەخاتە یەک بەرە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە رژێمەکەی ئەسەد بگەڕێتەوە دۆخی پێش بەهاری عەرەبی و بەهای نێودەوڵەتی بۆ بگەڕێتەوە، کۆشکی سپی لە لێدوانەکانی ئاماژەی بە مەترسی ئەسەد دا لە ناوچەکە و ئەسەدی بە بەرپرسیار لە روداوەکانی ناوچەکە لەقەڵەم دا، ئەوەی وا دەکات ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بخاتە بەرەیەک لەگەڵ ئەسەد مەترسی زیاتری داعشە لە مەترسیەکانی ئەسەد بۆ تەواوی ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا مانەوەی سوریا بەو دۆخەی ئێستا مەترسی بەردەوام بون و بەهێزبونی داعشی هەیە، کەواتە بۆ بنبڕکردنی یەکجارەکی و هەڵتەکاندنی رەگ و ریشەی داعش و تەواوی ئەو رێکخراوانەی هەڵگری بیر و ئایدیای داعشین دەبێ لە سوریاوە دەست پێ بکرێ...

چاودێران وای بۆدەچن لەناوبردن و بنبڕکردنی چەکدارانی داعش لە عێراق ئاسانتر بێ وەک لە سوریا لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە ئەمەریکا رێککەوتنی ستراتیژی ئەمنی لەگەڵ عێراق هەیە، کوردستان کە بەشێکە لە عێراق و وەک ناوچەیەکی گرنگیش ئەمەریکا لێی دەڕوانێ، ئەمانەش فاکتەربون بۆئەوەی ئەمەریکا پەلە بکات لە لێدانی گورزی سەربازی لە چەکدارانی داعش کاتێک پێشڕەویان کرد بۆ باشوری کوردستان. حکومەتی عیراقی پێکهێنراوە و کورد و سوننەش بەشدارن، بڕیارە حکومەتی نوێ هەڵەکانی رابردوی حکومەتەکەی مالیکی دوبارە نەکاتەوە و سوننە پەراوێز نەخات و کێشە بۆ کورد دروست نەکات. بەشداری سوننە لە حکومەتی ناوەندی عێراق رێگا خۆشتر دەکا بۆ لەناوبردن و دەرکردنی داعش لە ناوچە سوننەنشینەکان، بەردەوامی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمەریکا و سوپای عێراق بە هەماهەنگی لە گەڵ هۆزە سوننەکان دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، چونکە تائێستاش شارە سوننەنشینەکان پشتیوانی داعشن، درێژترین کات بۆمانەوەی داعش لە ناوچە سوننەنشینەکان بەندە بە پشتگیری هۆزە سوننەکان و ترسی خەڵکی ئەو ناوچانەیە لە داعش...



سەرچاوە
Serchawe

**پێگەی ئێران لە بازنەی هاوپەیمانیەتی دژ بە داعش:**

کۆنگرەی پاریس بۆ بەرەنگاربونەوەی مەترسیەکانی داعش بەسترا، زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی و ناوچەیی ئامادەگیان لە کۆنگرەکە هەبو، ئێران بەهۆی پەراوێزخستنی نێودەوڵەتی و بەردەوامی کێشەکانی لە گەڵ وڵاتانی ئەوروپی بانگهێشتی کۆنگرەکە نەکرا، ئێران هەوڵ دەدا شوێن پێی خۆی لە هاوپەیمانیەتیەکە بکاتەوە و بەشێک بێ لەو هاوپەیمانیەتیەی ئەمەریکا بەنیازە لە دژی تیرۆر پێکبهێنێ، ئەگەرچی دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران پەیوەندیەکی دوژمنکارانەیە، لەگەڵ بەردەوامی گرژیەکانی ئێران لەگەڵ ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئێران دەیهەوێ بەشێک بێ لە هاوپەیمانیەتیەکە، ئامانجی ئێران بۆ بەشدار بون لە شەڕی دژ بە داعش هەوڵ دەدات کۆتایی بەو پەراوێزخستنەی بهێنێ و سزا سەپێنراوەکانی سەری کەمکرێتەوە، چونکە بۆ ئێران دەلیڤەیەکی زێرین رەخساوە نایهەوێ ئەودەلیڤەیە لە کیس خۆی بدات، دیوێکی تر وا دەکات ئێران هاوکاری هێزی هەرێمی بکات بۆ روبەڕوبونەوەی داعش ترسی ئێرانە لە پارێزگا سوننەنیشینەکانی ئەو وڵاتە و پەڕینەوەی پروشکی ئاگرەکەیە بۆ ناو خاکەکەی...

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## تورکیا پیلاندارێژی تاوانەکانی چەتەکانی داعشە لە دژی کورد



**ڕەزا شوان**

پەندێکی کوردیمان هەیە کە دەڵێت: "نە بە خۆشی زستان و، نە بە زەردەخەنەی دوژمن بڕوا مەکەن " .. ئاشکرا و لەبەر چاوە، کە تورکیا بە ئاشکرا پشتگیری لە چەتە بەکرێگیراوەکانی داعش و، گروپە توندڕەوە ئسلامییە تیرۆریستتەکانی دژ بە کورد دەکات و، چەکیان دەداتێ و، مەشقیان پێ دەکات و، یارمەتی لۆجستییان دەدا و، زانیاری و نهێنییان دەربارەی هێز و چەکەکانی پێشمەرگە و گەریلاکان کوردستان و هێزەکانی پاراستنی گەل، بە چەتە بەکرێگیراوەکانی داعش دەدات.. سوپای تورکیا بە ئاشکرا لە شاری (غازی ئەنتاب) و چەند شوێنێکی تردا، مەشق بە چەتەکانی داعش دەکات و، نەک هەر دەروازە سنوورییەکانی لەبەردەم هاتنی تیرۆریستان والا کردووە ، بەڵکو هەموو کارئاسانییەکیشی بۆ ئەو تیرۆریستانە کردوون، کە بۆ کردەوەی تیرۆریستی و بۆ شەڕکردن لە دژی کورد هاتوونەتە سوریا و عێراق، زۆر لەو تیرۆریستییانەی تا ئێستا لە لایەن پێشمەرگ و هێزی پاراستنی گەلەوە، بە دیل گیراون دانیان بەوەدا ناوە، کە لە سنووری تورکیاوە هاتوونەتە سوریا و عێراق و، لە لایەن موخابەراتی تورکیاوە یارمەتی دراون و کارئاسانیان بۆ کردوون، کە بچنە پاڵ داعش بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان.. بەلای تورکیاوە، چ شەنگال و چ کۆبانی و، هەولێر و، کەرکوک یا هەر ناوچەیەکی تری کوردستان بێت وەک یەک وان.. ئێستا دەردەکەوێت کە تورکیا بۆ لە گرتنی شاری موسڵ و، لە پەلاماردانی کوردستان، لە لایەن چەتەکانی داعشەوە بێ دەنگ بوو، هیچ هەڵوێستێکی فەرمی نەبووە.. بارمتەکانی تورکیاش لەلایەن داعشەوە، سیناریۆیەکی دارێژراوی گاڵتەجارییە.. تا ئێستاش تورکیا بە کردەوە دژایەتی بەشار ئەسەدی نەکردووە، بەڵکو تورکیا تەنها پیلانی لە دژی گەلی کوردمان لە رۆژئاوی کوردستان دارشتووە.. هەموو هەوڵێکی بۆ دژایەتیکردنی کوردمان بووە ، مەبەستی لەباربردنی ئەزموونە ئازادی و دیموکراتییەکانی رۆژئاوای کوردستانە.

رەجەب تەیب ئۆردووگان فرمێسکی بۆ منداڵانی غەزە دەڕشت، بەڵام نەک هەر تەنها فرمێسکی بۆ هەزاران منداڵ و ئافرەت و پیری کوژرا و ئاوارەبوونی بە هەزاران کورد و مەسیحی نەڕشتووە، بە ڵکو بسکەی سمێڵیشی دێت، چونکە ئەمە پیلانێکی گڵاوی ژێراوژێری نێوان تورکیا و چەتە بەکرێگیراوە داعشە.. هێرشی چەتەکانی داعیش بە قورسترین چەک، بە درندەترین شێوە، بۆ سەر کۆبانی و ناوچەکانی تری رۆژئاوا و باشووری کوردستان درێژەدانە بە جێبەجێکردنی ئەو پیلانە دارێژراوەی نێوان تورکیا و چەتەکانی داعش.. بە ئاشکرا دەستی تورکیای داگیرکەری باکووری کوردستان تێدایە و، هەر تورکیاشە نەخشەکێش و پیلان دارێژێتی هێرشەکانی چەتەکانی داعیش و ماعش بۆ سەر کۆبانی و شەنگال و ناوچەکانی تری باشوور و باکووری کوردستان، هەموو کوردێک ئەوە دەزانێت کە مەبەستیان داگیرکردنی کوردستان و،جینۆسایدی کوردە.. ئەمەیە هەڵوێستی دووڕوویی و دوو پێوەری تورکیای پارتی داد و گەشەکردن.. ئەمەیە رەوشت و کرداری کاربەدەستانی تورکیا . ئەمەیە پیلان و نیازە گڵاوەکانیان، لە دژی کورد و کوردستان، وەکو دەڵێن، تورکیا (لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخۆا و، لەگەڵ مەڕیشدا شین دەکا).. بۆیە هەرگیز جێی بڕوا و متمانە نین.

نە تورکیا و نە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی تا ئێستا، بە فەرمی پرۆتستۆی ئەو تاوانانەیان نەکردووە، کە بەدڕەوشتەکانی داعش و گرووپە تونڕەوە ئسلامییەکانە (بەرەی نوسرە) لە دژی گەلی کوردمان ئەنجامیان داون و هێشتا بەردەوامن لە تاوان کردن لە دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان.. بێ دەنگی و خۆ کەڕکردن و چاونووقاندن و خۆ لاڵ کردن لە ئاستی ئەم تاوانانە نا مرۆییانەدا کە دەرهەق بە کوردی ئازادیخواز دەکرێن، پشتگیریکردنە لە تاوان و لە تاوانباران، شەڕی بەکرێگیراوەکانی داعش لە دژی گەلی کوردمان، شەڕێکی رەگەزپەرستی عەرەبییە لە ژێر ناوی ئایینی ئیسلامدا.. داعیشەکان نە ئایینیان و نە ویژدانیان هەیە، درندەن و لە هەموو سۆزێکی مرۆڤایەتییش بەدەرن.. ئەوەی ناوی رەوشت و ئابڕوومەندییە نییانە.

ئەوەتا تورکیا لە پاداشتی، ئەو خزمەتە بێ سنوورەی پێشکەشی چەتەکانی داعشی کردوون و دەیکات، لە دژی گەلی کوردمان لە کوردستاندا، داعش بارمتەکانی تورکیای بەرەڵلا کردن - دەرنەچوون و گرتنی بارمتەکانی کونسوڵخانەی تورکیا لە شاری موسڵ سیناریۆیەکی دارێژراوی نێوان تورکیا وداعش بوو - ئەوەتا هێرشەکانی داعش بە قورسترین چەک بۆ سەر ناوچەی کۆبانی خۆڕاگر، هاوکاتن لەگەڵ بەرەڵلاکردنی بارمتەکانی تورکیا دا.. ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاش باش دەزانن کە تورکیا، مەشق بە چەتەکانی داعش دەکات و، هەموو یارمەتییەکیان دەدات، لە دژی گەلی کوردمان، بەڵام بە داخەوە کە بێ دەنگن لە ئاستی ئەم هاوتاوانییانەی تورکیا و داعش لە دژی کورد؟! شەڕی داعش، جێبەجێکردنی پراکتیکی پیلانێکی نێوچەییە لە دژی گەلی کوردمان بۆ لە ناوبردنی کورد و، وێرانکردنی کوردستان.. هەڵوێستی چەپەڵی تورکیا، لە دژی هێنانەدی خواستەکانی کورد، شتێکی ناکاوی و تازە نییە.. هەموو ئەو پیلانانەی کە تا ئێستا لە دژی گەلی کوردمان ئەنجام دراون.. (تورکیا کڵاوسووری پێش لەشکر بووە) و، رۆڵێکی ناپاکی گەورەی لە دژ بە گەلی کوردمان بینییەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

تورکیا ئەوە نەکات بە پیاوەتی و مرۆڤایەتی و بەزەیی بەسەر گەلی کوردمانەوە، کە ڕێی بە ئاوارەکانی کۆبانی داوە، کە بچنە خاکی باکووری کوردستانەوە.. ئەوان ڕوویان لە باکووری کوردستان کردووە، کە نیشتمانی خۆیانە و، خوشک و برا و کەسوکاری یەکترین، کە تا ئێستا لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە.. هۆیەکی سەرەکی ئاوارەبوونی خەڵکی کۆبانی و شەنگال، دەستی تورکیای تێدایە.. تورکیا وا خۆی پێشان دەدا، گوایە هەڵوێستێکی مرۆیی هەیە بەرانبەر بە ئاوارەبووەکانمان، ئەمەش بۆ پەردەپۆشی دەستێکەلاوی و پیلانە هاوبەشییەکانێتی، لەگەڵ چەتەکانی داعشدا.

پێویستە چیتر بێدەنگ نەبین، لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دڕندەکانی داعش لە لایەن تورکیاوە، لە دژی گەلی کوردمان .. داواش لە لایەنە نێو دەوڵەتییەکان دەکەین، کە بە دەنگی گەلی کوردەوە بێن، ئەگینا ئەنفالێکی تر بەڕێوەیە.

پێویستە ئێمەی کورد زیاتر وریابین و ئەوە بزانین، کە مەترسییەکی گەورە و، پیلانێکی چەپەڵ لەلایەن داعش و ناحەزانی کوردەوە لە ئارادایە لە دژی گەیشتنی گەلەکەمان بە مافە ڕەواکانی.. ئەمڕۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووسازدا تێدەپەڕێ و، لە زۆر لاوە پیلانیان بۆ داڕشتووین.. بۆیە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەکگرتن و، بە یەکێتی و، یەکرِیزی و، یەکدەنگی، یەک وتاری و، یەک هەڵوێستی ، یەک هێزی و، یەک بەرگری و، ڕێکخستنی ماڵی کورد هەیە.. پێویستە لە ئەمڕۆدا هەموومان پێشمەرگەی سەرسەختی کوردستان بین و، شەنگال و کۆبانی و، هەر بستێکی تری خاکی کوردستان بۆ کورد پیرۆزە و جیاوازی نییە.. هەموومان کوردین و کوردستانین.. ڕۆژ ڕۆژی کوردایەتییە، ڕۆژی شکۆداری و سەروەری و، بەرگری کردنە لە خاکی پیرۆزی کوردستانمان، ئەمەش ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی هەموو کورد و کورستان پروەرێکی دڵسۆزە.. لە سایەی یەکێتی و یەکرِیزی و خۆڕاگری و بەرگریی کردن و کۆڵنەدانماندا.. گەشبین و دڵنیاین کە سەردەکەتن بو ئێمەی کوردە و، داعش ماعش دەبەزێنین و، هەموو پیلانە گڵاوەکانی دوژمنانی گەلەکەشمان پووچەڵ دەکەینەوە.

داواش لە ڕەوەندی کوردمان لە هەندەران دەکەین، کە هەڵوێستێکی زیاتریان هەبێت و، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئاشکراکردنی، ئەم تاوان و پیلانانە ڤێزەوەنانە بدەن، کە لە دژی گەلی کوردی ئاشتی و ئازدیخوازمان ئەنجام دەدرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## داعش لێرە، دورویی لێرە



**عەبدوڵا مەحمود**

ئێرە، تەنها سوریاو عێراقو ئەو وڵاتانە نییە، کە ئێستا داعش تیادا لایەنێکی جەنگیە. ئێرە تەنها وڵاتانی شەرق زەدەی ئیسلام زەدە نیە کە کەلتوری ئیسلامی تیایاندا داسەپێنراوە، نا ئێرە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستڕالیایە، کە بەخەباتی لیبراوانەی سۆسیالیستی و ئازادیخوازی دین لە دەوڵەت جیاکراوەتەوە. ئەگەر لەوڵاتانی شەرقزەدەی ئیسلام زەدەدا، لەرێگای زۆرو لەرێگای یاساوە، دین بەشێکی جیانەکراوە لە دەوڵەت و سەرچاوەی یاسا و ریساکانی ئەم کۆمەڵگایانەیە.

دەوڵەت بەپێی یاساو بەنەخشەوە، لە رێگای وەزارەتی ئەوقافو سەدان رێگای ترەوە، ملیۆنەها دۆلار خەرجی کردنەوەی مزگەوتو قوتابخانەی‌و پەیمانگاو زانکۆی دینی دەکات.

بۆنەو رەمزو رێسا دینیەکان، وانەیەکی سەرەکی لە بواری خوێندنو پەرەوەردەن. ئەوا لەو وڵاتو دەوڵەتانەی دین دەمێکە کراوەتە کارێکی تایبەتی ئینسانەکان. دین لە دەوڵەتو یاساکانو پەروەدە، دورخراوەتەوە، بەڵام لە ژێر ناوی فرە کەلتوری "ماڵتی کەلچەریزم" دا، دەرگایان خستۆتە سەرپشت تا گروپە ئیسلامیەکان، پشت بکەنە یاساو رێسا مۆدێرنەکانو لە جێگایدا، بەئاشکراو لەئاستی کۆمەڵگادا پیادەی نەریتو یاسا ئیسلامیەکانی خۆیان بکەن.

هەرەشە لە مافەکانی سەرەتاییەکانی ئینسانو مافە فەردیەکانو دەستکەوتەکانی بکەنو هاوکات هەوڵی داسەپاندنی بەسەر کۆمەڵگادا بدەن و دانیشتوانی چاوترسێن بکەن. رێگاکردنەوە بۆ کردنەوەی مزگەوت و قوتابخانەی دینی. رێگادان بۆنواندنی چالاکیە دینیەکان. رێگەدان بەبانگدان و جەماعەت دابەستن و هەڵرشتنی پوڵ بۆیان. هەمو ئەمانە نەک هەر زەمینەی

سازکردوە، بۆ لێدان و سوکایەتی بە مناڵان، یان ڕێگەی کردۆتەوە بۆ نواندنی توندوتیژی جەسەدی و دەرونی و تا رادەی کوشتنی ژنان، بەڵکە بۆتە هۆی دیارکردنی هەمو نەریتیک بە پێوەری حەرام و حەڵاڵ. ئەمەش ژینگەیەکی دروستکردوە کە بتوانن کادرو سوپای، خوداو قورعان ئافرەندە بکەن. مەکۆکانی دروستکردنی ئینسانی تیرۆریست بەرهەم بهێنن. دیارە ئەم ئیسلامیانەی کە وڵاتانی ئەوروپی لەژێر ناوی فرە کەلتوری و فرەرەنگی و جیاوازیدا، ریگای پێداون پیادەی یاساو نەریتە ئیسلامیەکان بکەن، هاوکات لە پشتیوانیەکی زۆری مادی و لۆجیستکیان وڵاتە ئیسلامیەکان و گروپە ئیسلامیەکانی وەکو قاعیدو تالیبان و... تاد، بەهرەمەندن.

دیارە مافی دینداری و بێدینی، مافێکی سەرەتایی ئینسانییو تایبەتیە، تا ئەو جێگایە ڕێگا پێدراوە، کە نەبێتە هۆی هەرەشەو ترساندنو سوکایەتی بە ئینسانو ڕێگەگرتن لە یاسا گشتیەکانو دەستکەوتە ئینسانیەکانو مافە فەردیو مەدەنیەکان.

بەهرەمەندبونی هەموان لە یەکسانی حقوقیو باڵکێشانی یاساکان بەسەر هەمو دانیشتواندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی دینو نەژادو رەگەزو میللەتو بیروباوەردا... تاد، پرانسیپێکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەیە. هەر ڕێگاکردنەوەیەک بۆ دابەشکردنی یاساکان لە ژێر ناوی ریزگرتن لە دین مەزهەب و قەوم و نەژاد و بیروباوەرە جیاوازەکان، بەمانای تورِدانی پرانسیبی یەکسانییە. دەرگا کردنەوەیە بۆ خۆنواندنی دینی و مەزهەبی و قەومی و...تاد. ئەمە ئەو دەردەیە کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی "مۆدێرن" دنیا، گیرۆدەی بون وپشتیوانی دارایی و مەعنەوی و تەنانەت یاسایی لە گروپە قەومی و دینیەکان مەزهەبیەکانی، هاتو بۆ ئەو وڵاتانە، دەکەن. بەم کارەشیان نەک هەر جوداسازی، نەک زەمینە بۆ نواندنی توندوتیژی و بێمافی مناڵان و ژنان و پیشێلکردنی مافەفەردی و مەدەنیەکان، نەک هەر دەستبرن بۆ شێواندنی ئاسودەیی و ئاسایشی خەڵک، بەڵکو بۆتە هۆی ژینگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ئینسانی هەرەشە ئامێزو توندتیژ و دەمارگیری دینی و مەزهەبی و تیرۆیست. ئەو هەزاران هەزار تیرۆریستەی هەر ئێستا لە ریزەکانی ڕێکخراو گروپە چنگ بەخوێنەکانی قاعیدو تالێبان و داعش و بەرەی نوسرەو...تاد، دان.

لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستورالیادا، لەناو ئەو فەزایەدا کە ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە سازیانکردوە، دەرسی کوشتن و خۆتەقاندنەوە و سەربرینیان. خوێندوە.

دوروی هەر ئەم رژێم و وڵاتانە، هێندە ڕۆشنە چاوپۆشی هەڵناگرێت. ئەو وڵاتانە ئامادەن کۆمەکی دارایی و لۆجیستیکی و جبەخانەی سەربازی و پسپۆری جەنگی و پۆل پۆل فرۆکە و تەنانەت سوپاش بنێرن بۆ دەستکورتکردنەوە و وەکو دەڵێن لە



سەرچاوە
Serchawe

ناوبردنی تیرۆر و داعش و قاعیدە!!... کوشتن و لەناوبردنیان!، کەچی لەناو جەرگەی زۆرێک لە شارەکانی ئەوروپاو ئەمریکا و ئوسترالیادا، بە ئاڵای داعشەوە ئەندامان و هەڵسوڕاوانیان، کۆبونەوەو خۆپیشاندان دەکەن. پرسیار ئەوەیە بۆچی لەلایەکەوە هێرش دەکەنە سەریان و لەلایەکی تریشەوە، ئەندامان و هەڵسوراوانیان، کۆبونەوەو خۆپیشاندان دەکەن و دەستگیریان ناکەن؟ لە مزگەوتەکاندا و لەناو دەزگا جۆراوجۆرە دینی و چالاکیەکانیاندا، دەست بەسەریان ناکەن؟ بۆچی تەنها رێگاچارەی سەربازی دەگرنە بەرو لەدەستبردن بۆ رێگاکانی تر، خۆپارێزی دەکەن؟ بۆ سەرچاوە و هۆکارەکان و زەمینەو ژینگەی پێگرتنیان، لەبەین نابەن؟ بۆچی پشتیوانییە دارایی و مەعنەویەکانیان نابڕن؟ بۆچی چالاکی و مەراسیم و نمایشە دینیەکانیان، کەلەگەڵ ماف و ئازادی و مافە فەردیەکان و لەگەڵ پرانسیبی باڵکیشانی یەکسانی بەسەرهەموواندا، ناکۆکە، قەدەغە ناکەن؟ وە بۆ بەیاسا هەڵسورانیان یاساغ ناکەن؟

بانگەشەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی بۆسەر هێزە چەکدارەکانی داعش و مۆڵگەکانیان، ناتوانێ وەڵامێکی کارساز بێت. دنیای دوای ١١ سێبتەمبەر نیشانیدا ئەم رێگایە پوچە. بەکاربردنی هێزی سەربازی بە دوای روداوی ١١ی سێبتەمبەرەوە، نەک قاعیدەو تاڵیبانی لەناونەبرد، داعشی لە منداڵدانی قاعیدەدا، هێنایە دەرەوە. نەک تیرۆرو کردەی تیرۆریستی کەم نەکردەوە، پانتایی تیرۆری و نائەمنی، فراوانتر کردەوە. نەک گروپە تیرۆریستەکانیان لەبەین نەبرد، بەڵکو ژمارەیان زۆرتر و جغرافیای هەڵسورانیان بەرینترو بەرینتر بۆوە. دیارە بانگەشەی ئەم جارەی ئۆباماش بۆ روبەروبونەوەی داعش، لەوەی جۆرج بۆش زیاتر شانسی، سەرکەوتنی نابێت.

هەرەشەکانی ئەمریکا و دەستبردنی بۆ جەنگ هێندەی نمایشی هێزنیشاندان و هێز نواندنە لەئاستی جیهانیدا، هێندە پەیوەندی بە لەبەین بردنی داعش و کۆتاییهێنان بە تیرۆریزمەوە نییە. ریگاچارەی سەربازیش بەتەنها نەک ناتوانێت بە شوێنێک بگات، بەڵکە ئەمە دەتوانێ دوبارە دنیا لە ئاستێکی فراوانتردا، بخاتە بەردەم هەرەشەو جەنگی تیرۆریستی زیاتر و درێژ مەوداتر. کۆتایهێنان و کورتکردنەوەی دەستی تیرۆر و تیرۆریزم بەدەوڵەتی و نادەوڵەتیەوە، دەبێ بە لەبەینبردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ژینگەی گەرادانیان، بە نەخشەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی و یاسایی کۆمەڵایەتی و جەماوەری دەست پێبکات. کۆتایی هێنان بە تیرۆر بەبێ خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە روخاندنی رژێمە تیرۆریستەکان، بێئاکامە.

کۆتایی هێنان بە تیرۆر بەبێ خەبات بۆ لەبەین بردنی هەلاوردن و بێمافی چەوساندنەوە، بەبێ تێکۆشان لەدژی سەرکوت و برسێتی و گرانی و بێکاری، کە هۆکارن بۆ دروستکرنی کارگەی ئینسانی بێئومێد و هۆکاریشن بۆ پاڵپێوەنانی ئەو ئینسانە بێهیوایانە بۆ ناو گروپە تیرۆریستەکان، بەشوێنێک ناگات. بۆیە وەستانەوە بەروی تیرۆریزم و گروپی تیرۆریستی داعش و هاوشێوەکانی، وە روبەروبونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی، کە بواری بە سەرهەڵدانیان داوە، ئەرکی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

بزوتنەوە ئازادیخوازو یەکسانیخواز و پێشکەوتنخوازەکانە. ئەرکی ئەو ئینسانانەیە کە تێکۆشەری یەکسانی و ماف و شکۆی ئینسانین. پەردەهەڵماڵین و نیشاندانی ناوەرۆکی دژی ئینسانی رەوتە دینی و نەتەوەپەرست و نەژادپەرستەکان، بە وێنەی بزوتنەوەو حزب و رێکخراو گروپی نامۆ بە مافە جیهانداگرەکانی ئینسان، بەشێکی دانەبڕاو لەو خەباتەیە بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆرو تیرۆریزم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش چۆن ڕازی بوو بارمتە تورکەکان ئازاد بکا؟



**ئەمرە ئوسلو- تودەی زەمان**

**لە ئینگلیزییەوە: مەسعوود مەناف**

"قەیرانی بارمتە"ی نێوان تورکیا و دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام(داعش) لە ئاڵۆزترین و سەرسوڕهێنەرترین "قەیران"گەلێکە کە دەتوانێ ڕوبەڕووی میللەتێک ببێتەوە! کاتێک کۆنسووڵخانەی تورکیا لە مووسڵ بە ٤٩ دیپلۆمات، چەکدار و کارگێڕەوە کەوتە دەستی داعش، خەڵکێکی زۆر پرسی کە بۆچی بەر لەوەی داعش بگاتە ئەو شارە، کۆنسووڵخانەکە چۆڵ نەکرا؟

هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵێک لێدوانی دژبەیەک دران. سەرۆکوەزیر ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان کوتی کە ئەگەر بارمتەکان لەدەست گرووپێکی تۆقێنەری تیرۆریستی وەک داعشدا نەبوایەن، تورکیا بە ئاسانی دەیتوانی ڕزگاریان بکات بەڵام زۆربەی خەڵک ئەو ڕووداوەیان زیاتر بە چیرۆکێکی سیاسیی نێوان حکوومەتی ئاکەپە و داعش هەڵسەنگاند تا بارمتەگرتنێکی ڕاستەقینە.

ئاخر ڕەفتاری داعش لەگەڵ دیپلۆماتە تورکەکان، چ وەک ئەوە نەدەچوو کە ئەو کەسانەی بە بارمتە گرتبن! بۆ وێنە کۆنسووڵی تورکیا بە درێژایی ئەو ١٠٠ ڕۆژەی کە بەقسە بارمتە بوو، ئیزنی ئەوەی هەبوو کە لە مۆبیلەکەی کەڵک وەرگرێ! هەڵبەت داعش ڕێکخراوێکی گەمژە نییە و دەزانێ کە ئامێرێکی ئەلەکترۆنی لەم چەشنە دەتوانێ لە ڕێگەی سیگناڵەوە، شوێنی بارمتەکان بۆ دەزگا سیخوڕییەکان ئاشکرا بکات. کەوایە داعش دەبێ بەم هۆیە ئیزنی ئەو دیپلۆماتە تورکەی دابێ لە مۆبیلەکەی کەڵک وەرگرێ کە لە هێرشنەکردنی تورکیا بۆ ڕزگارکردنی ئەو بارمتانە دڵنیا بووبێت.

چیرۆکەی بەبارمتەگرتنی تورکەکان هەر وەک چەندە سەیر دەستپێیکردبوو، سەیرتریش کۆتایی هات و کۆڵێک پرسیاری بێ وەڵامی لەدوای خۆی جێهێشت!

**کۆنە دیپلۆماتێکی ئەمریکیی هاورێم، ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەو مژارە ورووژاند:**

"ئازادبوونی بارمتە تورکەکان هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بەڵام ئەو شتانەی کە لە میدیای تورکیادا باس دەکرێن فریان بە ڕاستییەوە نییە! تاقە گوللەیەکیش ناویژراوە، هیچ زەختێکی سەربازی لەئارادا نەبووە و تاقە فلووسێکیش بۆ ئازادی بارمتەکان نەدراوە. باشە ئەی چۆنە کە داعش ڕازی بووە وا بە سووک و هاسانی بارمتەکان ئازاد بکات؟ ئەو ماستە بێ موو نییە! ڕۆژنامەنووسانی ئێرە دەڵێن کە مومکینە تورکیا ڕەزامەندی لەسەر داخوازییەکی داعش، مەسەلەن بەشدارینەکردن لە ئۆپێراسیۆنەکانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، دەربڕیبێ."

ئەمانە چەند پرسیارن کە بێ وەڵام ماونەتەوە و ئێستاکە، جگە لەوانەی کە بەشداری مامەڵەکردن لەگەڵ داعش بوونە، کەس ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە. لەوەش گرینگتر، منیش فکر ناکەم کە میدیای تورکیا و بەتایبەت ڕاگەیاندنەکانی لایەنگری حکوومەت بتوانن زانیارییەکی باوەڕپێکراومان سەبارەت بە پرۆسەی وتوویژ لەگەڵ داعش پێبدەن.

ئەوە ڕەفتاری ئاسایی میدیای تورکیایە کە لە هەلومەرجەی هاوشێوەدا دەست بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک چیرۆکی پڕ لە حەماسەت و ساختەکاری بکات. چیرۆکگەلێک لە فریان بە ڕاستییەوە نییە. من لەو ڕۆژانەدا هیچ گوێ بە میدیای تورکی نادەم بۆیە کە دەزانم بە سالانی کات لازمە فێر بن سەبارەت بە ڕووداوی لەم چەشنە، هەواڵی ڕاست بڵاوبەکەنەوە.

ئەمە هەر لەکۆنەوە عادەتی میدیای تورکیا بووە. گیرانی عەبدوڵا ئۆجالان وەک نموونە. کاتێک ئۆجالان هێنرایەوە، میدیای تورکیا کۆڵێک چیرۆکەی پڕ لە حەماسەت و قارەمانەتیمان سەبارەت بە چۆنیەتی قۆڵبەستکرانیناوبراو دەرخواردی خەڵکی دا. گەلێک چیرۆکی هاوشێوەی تریش لەکاتی هێنانەوەی هەژماریک لە میلیتانەکانی تری پەکەکە، بۆ وێنە شەمدین ساکیک بڵاوکرانەوە.

کەوایە بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی گیران و ئازادکرانی بارمتەکان تێبگەی، میدیای تورکیا و بەتایبەت میدیاکانی لایەنگری حکوومەت، دوا جێگەن کە دەتوانی زانیارییەکی بەکەڵک و ڕاستیان تێدا پەیدا بکەی. بۆیە من بە باشتری دەزانم کە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەمبارەوە، زیاتر سەردانی میدیاکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن و بگرە لایەنگری داعش بکەم. تەوحیدخەبەر.



سەرچاوە
Serchawe

نێت، ماڵپەڕێکی لایەنگری داعش - کە بە ئازادی و ئاشکرا لە تورکیا وەشان دەکات - هەندێک زانیاریی سەرسوڕهێنەری سەبارەت بە هۆکاری ئازادبوونی بارمتەکان بڵاوکردۆتەوە. ئەو وێبسایتە نووسیویەتی کە تورکیا لەبەرانبەر ئازادکردنی بارمتەکانی، پێویست بەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە نابێ کە دژ بە داعش کەوتۆتە خۆ. سەیرە کە حکوومەتی تورکیا ئەکاونتی تویتێر و یوتیوبی ڕەخنەگرانی حکوومەت دادەخا بەڵام ڕێگە بە پرۆپاگەندەی ئازاد و ئاشکرای داعش لە تورکیا دەدات.

من وەک پسپۆرێکی بواری ئەمنی، ئەو ئەگەرە بەڕاست دەزانم کە تورکیا هەندێک بەڵێنی دابێ تا بەم شێوە بارمتەکان ئازاد بکات. وەک ماڵپەڕەکەی داعش بانگەشەی کردووە، تورکیا چەشنە گەرەنتییەکی بە داعش داوە تا بەشداری ئەو بەرە نەبێ کە بڕیارە شەڕی داعش بکات. ئەگەرێکی تر ئەوەیە کە تورکیا بەڵێنی بە داعش دابێ ئۆپێراسیۆنی هێزە نێودەوڵەتییەکان دژ بە داعش لە سووریا تا ماوەیەک دوا بخات تا بەڵکوو هەم دەرفەتێکی زیاتر بۆ خۆئامادەکردنی داعش بەرانبەر بە هێرشەکان بڕەخسێ و هەم بوار بۆ ئەوە بڕەخسێ کە جوگرافیایەکی زۆرتر داگیر بکات. ئەگەر بێژین ئەوانەش نامومکینن، لانیکەم دەتوانین بڵەین کە تورکیا لەوانەیە بەڵێنی دابێ ناوبژیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و داعش بکات تا بەڵکوو کۆتایی بە توندوتیژییە بێت.

دووهەم ئەگەر ئەوەیە کە تورکیا بەڵێنی بە داعش دابێ زانیاریی ستراتیژیکی بداتێ تا بتوانێ دوژمنانی لە عێراق و سووریا پێ شکەست بدات. لەڕاستیدا کاتێک داعش لە عێراق پاشەکشەی پێکرا، دەستی بە زنجیرە هێرشێک بۆ سەر کۆبانێ، قەڵای پەکەکە-پەیەدە کرد و تەنانەت هەندێک شوێنی ستراتیژیکیشی لەم ناوچە داگیر کرد. بە واتایەکی تر، ئەوە زۆر ئەستەمە کە داعش بێ زانیاریی ئیستخباراتی سەبارەت بە شوێنە ستراتیژیکەکانی ژێر دەستی یەپەگە و بێ چەکی قورس بتوانێ شەڕ لە بەرانبەر شەڕڤانانی بە ئەزموونی پەکەکە بباتەوە.

سێهەم ئەگەری ئەوەیە کە تورکیا یارمەتیی ڕاستەوخۆی داعشی کردبێ. بۆ وێنە بەدوور نییە کە تورکیا یارمەتیی ئابووری، چەک و تەقەمەنی و ئیستخباراتی دابێتەوە ئەو عەشیرەتانەی لایەنگری داعش کە ڕۆڵیان لە وتوویژ بۆ ئازادکردنی بارمتەکان گێڕابوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

# ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کوردو عیراق



مایکل نایتس

نا: ڕەمەزان شێخانی

یەکەمین هەنگاوی تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» لەدامەزراندنی بنکەیەکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەکوردستانی عیراق دەست پێدەکات، کوردستان پێگەیەکی نموونەییە وەک خاڵی دەستپێکردنی هەوڵە هاوبەشەکان دژ بەجیهادیەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە ئامانجی ئەو ڕێکخراوە، گوایە دوژمنێکی سەربازیو بنکەیەکە بۆ شکستەکانی جیهادییەکان لەمانگی ئاب دا. ئەوەش وایکردووە لەناوبردنو تێکشکاندنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە ئامانجی سەرەکی بێت.

ئەمریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببینێت لەڕێکخستنی ڕێککەوتنێک کە ببێتە هۆی پارێزگاری کردن لەو هاوپەیمانێتییەی کە لەعیراق دروستکراوە بۆ نەهێشتنی داعشو بەشداری چالاکانەی کورد لەوجەنگەدا، پێویستە واشنتۆن ڕێگە بگرێت لەگەڕانەوەی دانوستانەکانی نێوان بەغداو هەرێم کەتەنها بۆ باسکردنی هەڵەکانی یەکتر بێت.

## ڕۆڵی کورد لەشکاندنی داعشدا

هەوڵی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ شکست پێهێنانی داعش لەهەرێمی کوردستانەوە دەستی پێکرد، کە بووە بنکەیەک بۆ دوو سەرکەوتنی گەورە لەمانگی ئابی ڕابردوودا لەبەنداوی موسڵو شارۆچکەی ئامرلی. هێزەکانی پێشمەرگە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٧٥ هەزار کەس بەخێرایی لەهێرشە لەناکاوەکەی داعش خۆی کۆکردەوە بۆ کارئاسانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاو هێزەکانی عیراق.

## بەشی دوویەم

هەوڵەکانی لەناوبردنی داعش پێویستی بەکاتی زیاترەو خەرجی زیاتر پێویست دەبێت ئەگەر هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێدا نەبێت، چونکە لەوێوە بەئاسانی دەتوانرێت راستەوخۆ بگەیتە هێڵی پێشەوەی رێکخراوەکە لەباکووری عیراق.

هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی زیندووە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەبەر چەندین هۆکار لەوانە دەتوانێت رۆژانە ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بازارە جیهانییەکان بکات. کەواتە پاش ئەوەی داعش رێگەی گرت لەهەناردەکردنی نەوت لەباکووری عیراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆژانە ١٢٠ هەزار بەرمیل رەوانەی دەرەوە بکات، کە حکومەتی ئیتیحادی رێگەی هەناردەکردنی نییە، لەوەش گرنگتر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەتوانێت ئەلتەرناتیڤێکی جێگرەوە پێشکەش بەئەمریکا بکاتو سەرچاوەیەک بێت بۆ فشار خستنە سەر بەغدا ئەگەر سەرۆک وەزیرانی عیراق پابەند نەبێت بەجێبەجێکدرنی بەڵێنەکانییەوە.

### پێشبینیەکانی کورد

لەبەر ئەوەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ پەسەند نەکرا، دەوڵەت سیستەمی ١ - ١٢ جێبەجێدەکات، واتە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانو پارێزگاکان بری یەک لەسەر دوازدە بوودجەی ٢٠١٣ وەرگرن لەهەر مانگێکدا، بەڵام بەهۆی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر نەوت، هەولێر بودجەی کەمتر لەدوو مانگی وەرگرت، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت بری ٨،٥ ملیار دۆلار لەبەغدا وەرگرێتەوە.

### هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا لەوەزارەتی بەرگری عیراق دەکات چەک بدەنە هێزەکانی پێشمەرگەو مەشقو راهێنان بەهێزەکانی پێشمەرگە بکەن.

بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان حکومەتی فیدرالی مافی ئەوەی هەیە ئەو بارە چەکانە بپشکنێت کە رەوانە هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێن، ئەو وڵاتانەش داوا دەکەن بزانن کێ بەکاری دهێنێت. بەغدا سوورە لەسەر ئەوەی رێگە بگرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی چەکی پێشکەوتووی دژە تانکو دژە ئاسمانی، گوایە بەدەستهێنانی ئەو چەکانە بەکارهێنانە دژی حکومەتی ئیتیحادی نەک هێزەکانی داعش، کورد داوا دەکات حکومەتی ئیتیحادی بودجەی پێشمەرگە خەرج بکاتو مەشقو راهێنانیان پێبکات. عەبادی پشتیوانی بیرۆکەی پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات وەک بەشێک

لەهێزی پاسەوانی نیشتمانی.

سەبارەت بە نەوت حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکات رێگەی پێبدرێت راستەوخۆ نەوت بفرۆشێتو ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهانی بکات، لەچوارچێوەی رێککەوتن لەگەڵ بەغدادا، واتە راستەوخۆ زۆربەی داهاتەکانی نەوت رەوانەی هەولێر بکرێت، عەبادی رایگەیاند چوارچێوەی کۆتایی ئەو رێککەوتنە شەش مانگ دەخایەنێت ئەوەش دەبێتە مایەی دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجەی ٢٠١٥، ئەوەش وادەکات نەوتی کوردو نەوتی کەرکوک ماوەیەکی زۆر دوور بێت لەبازاڕەوە. هەروەک کورد خوازیارە مادەی ١٤٠ لەماوەی دووساڵدا چارەسەر بکرێت، لەرێگەی ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکانو ئەنجامدانی سەرژمێریو پاشان راپرسی لەپێناو گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

پێویستە بوترێت عەبادی دانوستانکارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوە شتێکی خراپ نییە، ئەو سووربوونەی یارمەتیدەری بوو حکومەت لەو رەوشە ئاڵۆزەدا پێکبهێنێت، ژمارەی ئەندامانی حکومەت کەمبکاتەوە بەرگەی فشارەکان بگرێتو بتوانێت کەسانی وەک حسێن شەهرستانیو هادی عامری لەوەزارەت سەرەکییەکانە دابمەزرێنێت، مانای وایە ئەو سووربوونە یارمەتی عەبادی دەدات لەگەڵ کوردا رێکبکەوێتو دەنگدەرە عەرەبەکانی قایل بکاتو جێگەی رێزیان بێت، ئەوەش پێچەوانەی مالکییە کە بەڵێنی زۆری دەداو جێبەجێی نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی باشی بەرامبەر کورد کرد وەک نیشانەی نیازپاکی خۆی کاتێک رۆژ نوری شاوەیسی وەک وەزیری دارایی دامەزراندو حسێن شەهرستانی گۆری بە عادل عەبدولمەهدی بۆ وەزیری نەوت کە کەسایەتییەکی نزیکە لەکوردەوە کە ئێستا بۆتە بەرپرسی یەکەمی کاروباری نەوت.

ئەو تیمە ئێستا پێویستی بەهاندانو پشتیوانی کوردە کەماوەی چەندین مانگە بێبەش کراون لەبودجە، هاوکات پێویستە ئەمریکا دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆمامەڵەکردن لەتەک عەبادیدا بەمەبەستی هاندانی عەبادی بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی دارایی بە کورد، لەگەڵ چاودێری کردنی ئەو رێوشوێنانەی لەسەری رێککەوتون، هەروەک پێویستە واشنتۆن هانی عەبادی بدات بۆ بایەخدان بەپێداویستییە دیپلۆماسییەکان بۆ هاوپەیمانانی جەنگ، واتە پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر پێویستە سەرکردەکانی کورد بۆ دەنگدەرانیان روونبکەنەوە کەمانەوەیان لەچوارچێوەی عیراقدا سوودی بەرجەستەی دەبێت، هاوکات پێویستە واشنتۆن لەچەند هەفتەی داهاتوودا داوا لەبەغدا بکات نەک بەتەنها بوودجەی مانگی ئەیلول رەوانەی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکو سلفەکانی دیکەی بەشە بودجەی کورد خەرج بکات کە ملیار دۆلارە، کە بەشە بوودجەی مانگەکانی رابردووە، پێویستە وەک دەستپێشخەری بێت بەبێ کۆتو بەند نەک وەک سلفەی بەشە داهاتی کورد کە لەئاییندەدا کورد پێشکەش بە بەغدا بکات.

## بەشی دوویەم

پێویستە سەرکردایەتی ناوەندیی ئەمریکا لەنزیکترین ماوەدا پسپۆڕانی سەربازیو یارمەتی سەربازی پێشکەش بەهەرێمی کوردستان بکات، وەک چەکی سووکی دژە تانک. لەکاتێکدا کە واشنتۆن فشار دەخاتە سەر وەزارەتی بەرگری عیراق بۆ پشتیوانی کردنی ئەو هەوڵانە. بەر لەکۆتایی ئەمساڵ پێویستە واشنتۆن هانی بەغدا بدات بۆ تەواوکردنی کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ لەسەر ئاستی داهاتی نەوتو بودجەی پێشمەرگە، بەوەش بوودجەی ٢٠١٥ دەبێتە چوارچێوەی سروشتی جێبەجێکردنی ئەو داواکاریانە. پێویستە ئەمریکا تا سەرەتای ساڵی نوێ بەرنامەیەکی بەرچاو دابنێت بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەو ئامادەکردنیان. هەروەک پێویستە هاوکارییەکانی ئەمریکا لەرێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە رەوانە بکرێن لە پێناو بەهێزکردنی ئەو دامەزراوەیەو سووککردنی هەژمونی حزبە سیاسیەکان بەسەر یەکە ئیدارییەکانەوە.

لەساڵی ٢٠١٥ ئەمریکا دەتوانێت بەچەندین رێگە پشتیوانی لەدەرکردنی یاسای دابەشکردنی داهاتەکان بکات، بەوەش نەخشەی تایبەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستانو پارێزگاکانی عیراق دیاری دەکرێن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت ئەمریکا پەلە بکات پرۆگرامەکەی بۆ فێرکردنی سیاسیە عیراقیەکان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی دابەشکردنی داهاتەکان بەشێوەی داهاتی هایدرۆکاربۆنی کە لەسەرتاسەری جیهاندا پەیرەو دەکرێت.

**پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتەکانی خۆرهەڵاتی دوور**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## ستراتیژیی نوێی ئەمریكا لەناوچەكەدا، لەغاو كردنی ئێرانە



**تالب قەیسەری**

پاش رووخانی رژێمی بەعسی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمریكاوەململانێی نێوان ئێران و ئەمریكا لەعێراقدا دەستی پێكرد و بەهۆی باڵادەستیی شیعەكان لەعێراقدا، ئێران ویستی هەیمەنەی خۆی بەسەر گۆڕەپانی سیاسەت لەم وڵاتەدا زاڵ بكات.

بەڵام سەرەڕای ئانەوەی كێشەو ئاریشەی زۆر لەلایەن ئێرانەوە، جۆرج بووش توانی تا رادەیەك پێش بەملهوڕییەكانی ئێران بگرێت.

دوای هاتنەسەركاری ئۆباما وەك سەرۆكی ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا و كشانەوەی هێزەكانی لەعێراق، ئێران هاتەسەر ئەو سفرەراخراوەو بەپراكتیك بووبەمەیدانداری ساحەی سیاسی عێراق تا بەكەیفی خۆی ئەسبی خۆی لەم وڵاتەدا تاو بدات. ئەم هەڵەسیاسییەی ئۆباما وایكرد زۆربەی سیاسەتوانانی دنیا ئۆباما رووبەڕووی رەخنەی توند بكەنەوە.

هێرشەكانی ئەم دواییەی داعش بۆ سەر عێراق بەگشتی و هەرێمی كوردستان بەتایبەتی وایكرد كەئەمریكا هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ تا لەرێگای دروستكردنی هاوپەیمانییەكی نوێوەئەو هەڵەی رابردووی خۆی لەعێراقدا قەرەبوو بكاتەوە.

ئەمجارە ئۆباما دەیەوێ بەناوی شەڕی داعشەوەپێگەی خۆی لەعێراقدا بەهێز بكات و هیلالی شیعەگەری بەرێبەرایەتی ئێران بەرەو لاوازی و نەمان ببات و بۆ هەتاهەتایەئەم ئەسپەسەركەشەلەغاو بكات. یەكەم هەنگاوی ئەمریكا بەلەسەركار لادانی مالیكی و دروستكردنی حكوومەتی عەبادی دەستی پێكرد و لەداهاتوودا ئەم هەنگاوەی بەلێدانی بەشارئەسەد و لاوازكردنی حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەكانی یەمەن و هاوپەیمانەكانی دیكەی ئێران دەست پێدەكات.

هاتنەوەی ئەمجارەی ئەمریكا بۆ ناو عێراق پاڵپشتێكی باشەهەم بۆ كورد و هەم بۆ عەرەبی سوننە، چونكوو پێش لەدووبارەكردنەوەی سیاسەتەتاك رەهەندییەكانی مالیكی ئەمجارەلەلایەن عەبادییەوەدەگرێ و رەنگەبەدانی ئیمتیازی زیاتر



سەرچاوە Serchawe

## بەشی دوویەم

وەک هەرێمێکی فدراڵ بەعەرەبەسوننەکان، عێراق بەرەو وڵاتێکی بەپراکتیک فدراڵ دابەش بکات و لەهێز و توانای ناوەند کەم کاتەوەو رەنگەدابەشبوونی عێراقیشی لێ بکەوێتەوە. ئەوەی زیاتر بەرچاو دەکەوێ ئەوەیەکەلەرووی بابەتییەوەهەرێمی کوردستان لەسەنگەری شەڕی دژ بەداعشدا کەوتۆتەناوچەقی رووداوەکانەوە کەئەمەلەباری سەربازی و سیاسی و سەقامگیرییەوەئاکامی باشی بۆ کوردستان دەبێت.

لەرووی سەربازییەوەهەرێمی کوردستان وەکوو هاوبەشێکی بەهێز لەرۆژهەڵاتی ناڤینـدا دەردەکەوێت و لەباری سیاسییەوەلەهەیمەنەی وڵاتانی نەیاری ناوچەکەدەردەچێت و لەباری ئەمنییەت و ئاسایشەوەخەڵک و حکوومەتی کوردستان دەورانێکی بێ سەرئێشەتا ساڵانێکی زۆر بەدوور لەفیتنەی داگیرکەران بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت ئەم پلانەنوێیەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەسەڵاتداری ئێرانی زۆر نیگەران و تورەکردووە، هەربۆیەئێران دەیەوێ بەهاندانی شیعەکانی عێراق پیش بەهاتنەوەی ئەمریکا بۆ عێراق بگرێت، دیارەتارادەیەک دەتوانێ کۆسپ و تەگەرەبۆ ئەمریکا دروست بکات بەڵام سەرەنجام لەم سیاسەتەیدا بەئاکام ناگات.

ئێستا شیعەکان دژی هاتنی هێزی سەربازی ئەمریکان بۆ وڵاتەکەیان و بەتایبەتی سەدرییەکان بەهەموو شێوەیەک دژی دەستێوەردانی دووبارەی ئەمریکان لەعێراقدا، عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لەچەند رۆژی رابردوودا وتی هاتنەوەی ئەمجارەی ئەمریکا بۆ ناوچەکەبەناوی شەڕی دژ بەداعش ناوچەکەدەکاتەبەرمیلێک لەباروت. لەلایەکی دیکەوەسوننەکان و کوردەکان لەو هەنگاوەی ئەمریکا بەتەواوی پشتیوانی دەکەن و وەک سوپاپ ئیتمینانێک لەبەرانبەر زێدەرۆییەکانی تایفەگەری شیعەدا لێی دەڕوانن. ئەوەراستییەکی حاشا هەڵنەگرەئێران بەئەمریکا ناوێرێت هەربۆیەهەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ تا پلانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا لەرێگای دەست وپێوەندییەکانیەوە رووبەڕووی شکست بکاتەوەو لەهەرێمی کوردستانیشدا لەرێگای درزخستنەناو ریزەکانی گەلی کوردەوەو هەروەها گوشاری ئابووری زەربەلەهاوپەیمانەکانی ئەمریکا بدات.

بەڵام پێموانییەئەم سیناریۆیەی ئێران هیچی لێ شین ببێ. هیوادارم لایەنەسیاسییەکانی باشووری کوردستان چاوێک بەسیاسەتی ناوچەیی خۆیاندا بخشێننەوەو بەو ئاکامەبگەن کەکارتی ئێران لەمعادلاتی سیاسیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی لەعێراقدا بەرەو سووتان دەچێت، بۆیەپێویستەلەگەڵ واقعدا مامەڵەبکەن و هەوڵی یەکخستن و پتەوکردنی ریزەکانی خۆیان بدەن. هیوادارم لەغاو کردنی ئێران و لاوازکردنی هیلالی شیعی لەعێراق و ناوچەکەدا ببێتەهۆی ئاشتی و ئارامی زیاتر بۆ گەلانی ناوچەبەتایبەتی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش، دروستکراوی ئێران، یان گەرای تورکیایە؟!



**گەرمیانی حەمەی پوور**

شرۆڤەکارانی سیاسی شیکردنەوەو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەم هێزە ئیسلامییە توندڕەوە هەبوو، بەڵام کردەوەکانی داعش زۆربەی بۆچوون و شیکردنەوەو لێکدانەوەکانیان هەڵدەگێڕایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە تێڕوانین لە کردەو پلانەکانیان ئەکرێت بۆچوونێکی جێگیر هەبێت بۆ ئەم گرووپە.

داعش لە جەوهەردا دژ بە ڕژێمی ئەسەد لە سوریا دامەزرا، بەڵام بە شەڕکردنی لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا زوو دەرکەوت کە ئەوەندەی کۆڵەکەیەکە بۆ مانەوەی ئەسەد و ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی، هێزێک نییە کورسییەکەی دیکتاتۆر لەق بکات.

ئەگەر ئەمە وای کردبێت بۆچوونی ئەوانەی داعشیان بە دروستکراوی ئێران داناوە، ئەوە بە دەستبەسەراگرتنی موسڵ و شکاندنی شکۆی حکومەتەکەی مالیکی دانراوی ئێران وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەم بۆچوونەی هەڵگێڕایەوە، بەڵام ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی ئەم گروپە توندڕەوە بۆ سەر ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق و گۆڕینی ئاراستەی شمشێرەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دیسان دەمانخاتەوە سەر هەمان بۆچوون کە ئێران شمشێرەکەی داعش ئاراستە دەکات، یا بە چەکی قورس و ڕۆکێتیش بە ناوی هاوکاریی پێشمەرگەوە لە داعش بدات.

زەمەن پیشانیداین داعش هێزێکە بۆ لێدانی کورد، تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و هەوڵی دووبارەکردنەوەی هەمان تاوان لە کۆبانێ و ئەو پەیوەندی و هاوکارییە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی تورکیاش بۆ داعش،

**بەشی دوویەم**

ڕاستییەک ڕوون دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە:

داعش هێزێکی دروستکراوێکی هەرێمییە، چەند وڵاتێکی ناوچەکەو جیهانیش ویستیان بە بەرژەوەندی خۆیان ئاراستەی بکەن، بەڵام خواستەکانی داعش بە تایبەت دوای ڕاگەیاندنی خەلافەت و بەرفراوان بوونی سنوورەکەی، سەرکێشی لە خواستی بەشێک لەو وڵاتانە کرد، هاوکات تا ئێستاش خزمەت بە خواستنی هەندێکیان دەکات لەوانە تورکیا، سیناریۆی بردنەوەی دیبلۆماتکارەنیشی ئەوە دەگەیەنێت پەیوەندی تورکیاو داعش بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی داعش دەگەڕێتەوە.

داعش وەک مەقاشی دەوڵەتانی دراوسێ بەکارهێنرا بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە کورد بە تایبەت باشووری کوردستان بەوەی ئەو هەوڵانەی هەیان بوو بۆ سەربەخۆیی لە بیری بکەن، چونکە توانی بەرگەگرتنی گروپێکی توندڕەویان نییە ئەگەر هاوکاری نێودەوڵەتی نەبێت، بۆ ڕۆژئاواش هەمان پەیام بوو لەگەڵیشیدا هەوڵێکی جدی بوو بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە خۆجێییەی بەخوێنی کوڕان و ئەو پارچەیە بەرهەم هاتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## کۆتایی شانۆگەریی کۆنسوڵگەریی تورکیا لەموسڵ



**د.محەمەد نورەدین**

ئـازادکردنی ٤٩ دیپلۆمـاتو فەرمـانبەرەکەی کونسـوڵگەری تـورکیـا لەموسـڵ، لەلایەن داعشـەوە، جێگەی سەرسـوڕمان نەبـوو، چونکە لەساتی یەکەمی دەستگیرکردنی ئەوان لەلایەن "داعش"ەوە، لە ١١ی مـانگی حوزەیرانی رابـردوودا، چەنـدین ئـامـاژەی پرسیاری گەورە لەسەر چۆنێتی دەستگیرکردنیان دروست بـوو، لەسایەی ئەو پاڵپشتیە ئاشکرایەی ئەنقەرە لەو رێکخراوەی دەکات.

**مامەڵەی تورکیا لەگەڵ داعش**

لەکاتێکدا داعش پرۆسەی جینۆسایدی رەگەزیو ئـایینیو مەزهەبـیو سەربەڕینی ئاشکرای پەیڕەودەکرد، هەر لەموسڵەوە بۆ تەلەعفەرو چیای شەنگال تا دەگاتە عەرسال لە لوبنانو هەروەها عین العرب کەزۆرینەیەکی کوردی تێدایە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە بەرپرسانی تورکیا لەهەموو ئەو ماوەیەی دیپلۆماتەکانی بەبـارمتە گیرابـوون، زۆر دڵنیـاو بـێ دەنگ بـوونو هیچ ترسێکیان لەچارەنووسی بارمتەکـان نەبـوو، خـودی حکومەتیش فەرمـانی بەدەزگـا راگەیـانـدنەکانی تورکیـا کردبـوو، ئەو مەسەلەیە لەراگەیاندنەکاندا نەوروژێن، بۆ رێگرتن لەهەر فاکتەرێک کە ببێتە لەمپەرێ لەبەردەم سیناریۆی دارێـژراوی نێوان ئەنقەرەو موسڵ (بەو پێیەی ئێستا پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامییە.)

ئازادکردنی بـارمتەکانیش، دواخرابوو بۆ کاتێکی سیاسی جیاواز بەلای تورکیاو داعشەوە، بەڵام وادیارە دواجار ئازادکردنیـان لەژێـر فشـاردابوو، نەک وەکـو ئەوەی پلانـی بـۆ دانرابـوو کە مـاوەیەکی زیـاتر بخایەنێت، چـونکە سـووربوونی هـاوپەیمـانی

بەشی دوویەم

نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی داعش لەعیراقو دواجار سوریا، ترسی لەلای ئەنقەرە دروستکرد، لەئەگەری زیان گەیشتن بەدیپلۆماتکارەکانی لە لای داعش، بۆیە پرۆسەی ئازادکردنەکەی بەشێوەیەکی خێرا ڕێکخست، بەپێی ئەو زانیاریانەی تورکیاش ئاشکرایکردووە، دیپلۆماتەکان لەشاری موسڵ دەستبەسەرکرابوونو هەینی رابردوو بەرەو سوریا بەرێکرابوون، لەوێشەوە لەرێگەی سنوورەوە بەرەو شاری ئاکچاکلی تورکیا برابوونو لەوێ هاکان فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا وەریگرتبوونو دواتریش بەرەو شاری شانلی ئۆرفە برابوون کە ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەچاوەڕوانیاندابوو.

## باسکردنی جیاواز بۆ ئازادکردنەکە

چۆنێتی ئازادکردنەکەش بەشێوەی جیاواز لەدەمی لایەنەکانەوە باسکرا، رەجەب تەیب ئەردۆگان لای خۆیەوە وتی؛ لەڕێگەی پرۆسەیەکی ئەمنیو سیاسیی وردەوە ئازادکراون، داود ئۆغلۆش رایگەیاند، پرۆسەی ئازادکردنەکە لەڕیگەی دانوستانەوە بووە، لای خۆیەوە داعش رایگەیاند، پرۆسەکە لەڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە بوو لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ئەوەش ئاشکرابووە، ئازادکردنەکە لەڕێگەی پرۆسەیەکی سەربازییەوە نەبووە وەکو تورکیا باسی لێوەدەکات، بەڵکو مەبەست لێی رێگریکردن بووە لەزیان گەیشتن بەبارمتەکان لەلایەنێکی سێهەمەوە لەکاتی گواستنەوەیان لەموسڵەوە بۆ تورکیا، بەتایبەت کە ئێستا شەڕو پێکدادان لەسەر سنوورەکان لەنێوان داعشو کورد دا هەیە، ئەردۆگان ئەوەی ئاشکراکردبوو، لەگەڵ سەرۆک باراک ئۆباماو هاوپەیمانانی لەباکووری ئەتڵەسیو لەمیانەی بەستنی لووتکەی ناتۆ، باسی لەدروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو کردووە لەسەر سنوورەکانی سوریا.

لای خۆیەوە دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەتەوەیی تورکیای ئۆپۆزسیۆن، رەخنەی توندی لەرەد فیعلی حکومەتی تورکیا گرت، لەسەر ئازادکردنی بارمتەکانو نیشانی شکستەکەیان وەکو سەرکەوتنو کارەساتەکە وەکو نەبەردییەک، روونیشیکردەوە پەیوەندیەکانی نێوان دادوگەشەپێدانو داعشیش هەروا بەنهێنی نامێنێتەوەو ئاشکرا دەبێت، ئەوجا دەزانین ئەو باجە چی بووە کە ئەنقەرە لەبەرامبەر ئازادکردنی دیپلۆماتکارەکان داویەتی.

## مامەڵەی داعش لەگەڵ بارمتەکان

گفتوگۆو دیدارەکانی ئۆزتورک یەڵمازی کونسوڵی تورکیاش لەموسڵ دوای ئازادکردنی لەگەڵ رۆژنامەکانی تورکیا، دەرخەری ئەوەبووە، لە لای داعش هیچ مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵدا نەکراوە، ئەمەو هەر یەک لەداود ئۆغلۆو ئەردۆگان-یش کە پێشوازیان لەبارمتەکان کردبوو، پەرۆشی ئەوەبوون ئازادکردنەکە وەکو سەرۆکەوتنێکی سیاسی گەورە بۆ دادوگەشەپێدان

نیشان بدەن، بەتایبەت دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بەرپرسیارێتی دەستگیرکردنی دیپلۆماتکارەکانی خستبووە ئەستۆی ئەو پارتەوە، بەهۆی خراپ خەمڵاندنی بارودۆخی عیراق، خودی داود ئۆغڵۆ-ش، دەیویست پرۆسەکە وەکو سەرکەوتنێکی گەورە نیشان بدات، لەکاتێکدا کەمال کلچداری سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن رەتیکردەوە موخاتەبەی داود ئۆغڵۆ وەکو سەرۆکی حکومەت بکاتو وەک بوکەڵەیەکی دەستی ئەردۆگان لێی دەڕوانی.

رەهەندی ناوخۆیی ئازادکردنی بارمتەکانیش نەیتوانی رەهەندی دەرەکی پرۆسەکە بشارێتەوە، لەسەرووی هەموویەوە کە تورکیا دەتوانێت لەرێگەی پەیوەندیەکانی بەداعشەوە، پرۆژەی دووبارە کێشانی نەخشەی ناوچەکە تێکبدات، ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی داوکارییەکانی ئەنقەرە بەهەند وەرنەگرێت سەبارەت بە پێویستی رووخاندنی رژێمی ئەسەدو دانانی ئەو مەسەلەیە وەکو ئامانجی سەرەکیی هەر هاوپەیمانێتیەکی دژ بەتیرۆر، ئەگەر نا ئەوا داعش ئەو هێزە دەبێت کە تورکیا هەڕەشەی پێ لە هەمووان دەکات.

## مەسجی تورکیا بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانان

مەسجەکانی تورکیاش بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکان تەنها تەئکیدکردنەوە نییە لەسەر هێزی ئەنقەرە لەرێگەی داعشو تواناى لەتەحەکوم کردن بەو رێکخراوەوە، بۆ نموونە ئازادکردنی بارمتەکان، بەڵکو لەرێگەی «هێرشی نوێی داعش» بۆ سەر ناوچە کوردیەکانی سوریاوەیە، بەتایبەت لەعەین ئەلعەرەب-کۆبانی، کەمەسجێکی توندی تورکیابوو بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەوەی کە لەلایەک داعش راستیەکەو ناتوانرێت بەسەریدا تێپەڕێتو لەلایەکی تریش، رێگری لەپێدانی رۆڵ بە پێشمەرگەو پارتی کرێکارانو کوردی سوریا لەو شەڕەی دژ بەدەوڵەتی ئیسلامی دەکرێت، کە ئەمەش بەلای تورکیاوە جێگەی قبووڵکردن نییەو بینیمان وەڵامی تورکیا لەرێگەی داعشەوە هات، بەداگیرکردنی دەیان گوندی کوردستانی سوریا، وەکو سەرەتایەک بۆ داگیرکردنی عەین ئەلعەرەبو ناوچەکانی تری کوردستانی سوریا.

گومانیشی تێدا نییە کە ئازادکردنی بارمتەکانی تورکیا لەرووی تیۆرییەوە تورکیا ئیحراج دەکات، بەو پێیەی تورکیا پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە بەهۆی بارمتەکانیەوە ناتوانێت بێتە ناو بەرەی دژ بەداعش، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت هەڵوێستی تورکیا پێشبینی بکرێت لەدوای ئازادبوونی بارمتەکانی، چونکە بەشداری نەکردنی تورکیا لەو هاوپەیمانێتیە تەنها پەیوەندی بەبارمتەکانەوە نییەو ئەو جۆرە هاوپەیمانیتیە دەبێتە هۆی لاوازکردنی داعشی داردەستی سەرەکی ئەنقەرە، بەهۆیەوە کاریگەری زیاتری لەناوچەکەدا دەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێتیەکە مەبەستی رووخاندنی رژێمی سوریا نییە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: گۆران فەتحی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

## ئایندەی داعش بەرەو کوێ؟!



عومەر عەلی غەفوور

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بەو نەهجە بێئەندازە دڕ و توندڕەوانەی گرتیەبەر و جاڕی جەنگی دژی هەموو جیهان دا، هەمان هەڵەی کەمەرشکێنی "ناردنەدەرەوەی شۆڕش"ی دووبارە کردەوە کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نزیکەی ٣٥ ساڵ لەمەوبەر کردی و بەهۆیەوە دەوڵەتانی ناوچەکە و خۆرئاوای کردە دوژمنی خۆی، سەرەنجامەکەیشی چۆکدادانی بوو لە بەرانبەر سوپای عێراقدا (کە ژمارەی دانیشتوانی پێنجیەکی ژمارەی دانیشتوانی ئێران بوو) و ئیمام خومەینی رابەری گەورەی شۆڕش خۆی راشکاوانە دانی بەوەدا نا کە رازیبوونی بە وەستانی جەنگ وەک خواردنەوەی پەرداخێک ژەهر بووە.

دەستگرتنی داعش بەسەر بەشێکی بەرفراوانی خاکی سووریا و دوای ئەویش ناوچەی سوننەنشینی عەرەبی عێراق و پێڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی کەمە ئاینی و مەزەبییەکانی ئەو ناوچەیە، پاشتریش پەلاماردانی کوردستان و ئاشکراکردنی پلانە فراوانخوازییە سنوورنەناسەکەی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە سەروویانەوە ئەمەریکا و ئەورووپای لە مەترسییەکانی راچڵەکاند و گەلەکۆمەیەکیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەست پێ کرد، دیارترینیان راگەیاندنی ستراتیژی ئەمەریکا بوو بۆ لەناوبردنی داعش لە ١٠ی ئەم مانگە (ئەیلوول) لەلایەن سەرۆک باراک ئۆباماوە. بۆیە پێ دەچێ داعش، زوو یان درەنگ، ژەهراوی سیاسەتە سەرچڵ و بێمنەتانەکەی بخواتەوە.

### خیلافەتە ئیسلامییەکەی داعش

مەترسی داعش لە راگەیاندنی خیلافەتدا نییە، چونکە بیرۆکەی گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی - وەک رەمزی یەکێتیی ئومەتی ئیسلامی و بەگوتەی ئیبن خەلدوون: جێبەجێکاری ئیمامەتی دین و سیاسەتی دنیا- هی داعش نییە، هەر لەوکاتەوە

خیلافەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن كەمال ئەتاتوركەوە هەڵوەشێنرایەوە، هەوڵەكان بۆ زیندووكردنەوەی دەستیان پێ كردووە. ئیخوان موسلیمین كە بە دایكی بزووتنەوە ئیسلامییەكان ناوزەد دەكرێ و تەنیا ٣ ساڵ پاش رووخانی خیلافەت لەلایەن حەسەن بەنناوە دامەزراوە، كاركردن بۆ گێڕانەوەی خیلافەت لە سەرووی ئامانجەكانی خۆیەوە دادەنێت. بەننا راشكاوانە دەڵێت "ئیخوان موسلیمین بیرۆكەی خیلافەت و كاركردن بۆ گێڕانەوەی لە سەرووی مەنهەجەكانیانەوە دادەنێن..".(مجموعە رسائل الامام الشهيد حسن البنا، بەشی دووەم لا ٧١).

بەڵام لە كاتێكدا ئیخوان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە رێگەی پەروەردە و گۆڕینی تاك و خێزانی مسوڵمان و خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی، واتە گۆڕینی هەرەم لە بنكەوە بۆ لوتكەی گرتەبەر، لە ژێر عەبای ئیخوان چەندین دەستە و تاقم دەرچوون كە ئەو رێبازەیان پێ هەرس نەكرا و بەپێچەوانەوە، باوەڕیان وابوو تا رژێمەكان نەگۆڕێن سیستم ناگۆڕێ و رژێمەكانیش بەزۆر نەبێ كورسییەكانیان بەجێ ناهێڵن، بۆیە رێبازی جیهادی چەكداری و توندوتیژی، واتە گۆڕین لە لوتكەوە بۆ بنكەیان گرتەبەر بۆ لەناوبردنی ئەو رژێمە عەلمانییانە و گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی. پێشتر لە میسر، جەزائیر، ئەفغانستان، چیچان، سۆماڵ، عێراق و كوردستانی خۆشمان ئەو جۆرە بزووتنەوانە هەبوون.

كەواتە نە خیلافەت و نە جیهادی چەكداری (توندوتیژی) داهێنانی داعش نین، داعش بەشێكە لەو تەوژمە ئیسلامییەی باوەڕی بە بەكارهێنانی چەك و زەبر و زەنگ هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەدیهێنانی ئامانجە دینییەكان. هەروەها هەندێكیان ئیمارەتیشیان راگەیاندووە، بەڵام هیچیان وەك داعش خیلافەتی ئیسلامیی سنوورنەناسیان رانەگەیاندووە و بەو شێوەیەی داعش دەیكات جاری جەنگیان دژی دنیا نەداوە و كەمە ئاینی و مەزهەبییەكانیان پاكتاو و دەربەدەر نەكردووە.

راستییەكەی وشەی خەلیفە (واتە: جێنشین)یش، خۆی وشەیەكە بەشەر دایانناوە نەك دەق. ناوێك بوو مسوڵمانان لەو كەسەیان نا كە پاش مردنی پێغەمبەر (د.خ) بوو بە جێنشینی، ئەویش ئەبوبەكری سدیق بوو. پاش ئەو عومەری كوڕی خەتاب هات، ئەم دەبووە (جێنشینی جێنشین)، بەو شێوەیە دەبوو بۆ خەلیفەكانی دواتر زنجیرەیەك (جێنشین) ریز بكرێت، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەو كێشەیە لە سەردەمی عومەردا وشەی (ئەمیرولموئمینین) بۆ خەلیفە داهێنرا. كەواتە ئەوەی لە شەرعدا بوونی گرنگە، پێشەوایە، ئیتر ئاساییە ئەگەر ناوی خەلیفە بێت، یان ئەمیر یان سەرۆك، یان پاشا یان هەر شتێكی تر.

ئەگەر دەگوترێ پێویستە یەك خیلافەت و یەك خەلیفە هەبێ و سنوور نەبێت، ئەوە مەعلوومە پاش خەلیفەی راشیدیی سێیەم (عوسمانی كوڕی عەففان) بەدەگمەن نەبێ ئوممەتی ئیسلامی هەمووی لە سایەی یەك خەلیفە یان سەرۆكدا نەبووە.



سەرچاوە Serchawe

بەڵکو زیاد لە سەرۆک و خەلیفەیەک هەبوون و هەریەکەیان خۆی بە دانە شەرعییەکە زانیوە.

جگە لەوەیش، هەندێ حوکم هەن تایبەت بە ئەهلی کیتاب (خاوەن ئاینەکانی تر) وەک جزیەدان، زۆر لە بیرمەندانی ئیسلامیی نوێ باوەڕیان وایە -لەوانە سەلیم ئەلعەووا و فەهمی هوەیدی - ئەو حوکمە تایبەت بووە بەو سەردەمە و وەک بەدەلێک لە باتی بەشدارینەکردنی رۆڵەکانی ئەو تایفانە لە سوپایەکی مسوڵماندا داویانە، بەڵام ئێستە کە سوپای نیشتمانی هەیە و هەمووان تێیدا بەشدارن، ئیتر پێویست بە جزیەدان نەماوە و هەمووان وەک هاووڵاتی باج و خەراجی رەسمی دەدەنە دەوڵەت. هەروەها بەهەمان مەنتیق دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا جزیەی هەڵگرتووە.

سەیر لەوەدایە داعش پێڕەوی لە کۆنترین و رادیکاڵیترین و رەقترین بۆچوونەکان دەکات، بۆیە بەو کارانەی دەیانکات جگە لە بەکوشتدانی هەزاران گەنج کە بە نیەتپاکیی خۆیان بەمەبەستی خزمەتکردنی ئیسلام دەچنە ریزەکانی، کە ئەوە تاوان و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، ناوچەکەیش دەکاتە کوانووی جەنگ و کاولکاری و مەیدانی ساغکردنەوەی چەکە کەڵەکە بووەکانی وڵاتانی زلهێز کە لە ئەدەبیاتی جیهادییەکاندا بە "سەرانی کوفر" و "ئیستیکباری عالەمی" ناو دەبرێن. بەوەیش داعش لە کاتێکدا پشتی موسڵمانان دەشکێنێت، راستەوخۆ باسکی (کوفر) بەهێز دەکات.

### کێشە لە خیلافەتدا نییە، لە سیاسەتدایە

بە بڕوای بەندە داعش دەیتوانی لەو ناوچانەی لە عێراق دەستی بەسەردا گرتوون بمایە، تەنانەت ئەگەر لە جاڕدانی خیلافەتەکەیشی پاشگەز نەبوایەتەوە، بەو مەرجەی هەندێ عەقڵانی و ئینسانی سیاسەت و مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بکردایە.

ئیسلامیبوونی دەسەڵات و رژێمەکەی داعش هیچ سەیر نییە و دەکرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش وەک دیفاکتۆیەک مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەگەر نییەتپاکیی خۆی پیشان بدایە. وەک ئەوەی سەرکردایەتییەکی ناسراوی هەبووایە کە بکرێ قسەیان لەگەڵ بکرێ و هەڵوێستی فەرمی ئەو رێکخراوەیان رابگەیاندایە، تا هەر هەرزەکارێک نەیەت پەیجێک بەناوی داعشەوە بکاتەوە و هەواڵ و هەڵوێست رابگەیەنێت. دەرگەی بەرووی رۆژنامەنووساندا بکردایەتەوە و رێزی بگرتنایە (نەک بیانڕفێنێ و لە ملیان بدا). رای بگەیاندایە ئەوان دەیانەوێ لەرێی پەیامەکەیانەوە خزمەت بکەن و بنیات بنێن نەک خەڵک بتۆقێنن و وڵات و دنیا وێران بکەن. کاتێ مووسڵ و سەلاحەدینیان گرت، نوێنەری کەمینەکانی ئاینییان بانگ بکردایە و دڵنیایان بکردنایەتەوە کە کەس دەستیان بۆ درێژ ناکات و سەر و

ماڵ و ئاینیان پارێزراو دەبێت (نەک پاکتاو و دەربەدەریان بکەن و پەرستگەکانیان بتەقێنێتەوە)، بە شیعەکانیان رابگەیاندایە کە ئەوان بۆ نەهێشتنی ستەمی تایفی هاتوون و نایانەوێ ئەوانیش هەمان سیاسەتی حکوومەتە تایفییەکەی نووری مالیکی دووبارە بکەنەوە و سەر و ماڵیان بپاراستنایە، بگرە بۆ پێشاندانی نیازپاکیی خۆیشیان ئەوان سەرباز و قوتابییانی شیعەیان ئازاد بکردایە کە کەوتبوونە دەستیان بەو مەرجەی نەبنەوە ئامرازی پاکتاوکردنی تایفی (نەک شیعەقڕان بەرپا بکەن و خوێنساردانە هەزاران قوتابی گوللەباران بکەن). هەرێمی کوردستانی دڵنیا بکردایە لەوەی هاوسێیەکی باش و بێزیان دەبێ و رێز لە تایبەتمەندی و ئەزموونەکەی دەگرێت. ئەو چاوقایمییە بێ ئەندازەیەی لە ئەنجامدان و پێشاندانی توندوتیژی و کوشت و بڕی هەزاران کەس لە نەیارانی لە ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان بە خەرج نەدایە. بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رابگەیاندایە کە ئەو ئامانجی بەگژداچوونەوەی ستەم و زۆرداریی رژێمەکانی ناوچەکەیە و لە بەرنامەیدا نییە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئارامیی جیهان دروست بکات. پەیامی ئاشتی و دۆستایەتی بۆ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بناردایە و داوای بکردایە متمانەی پێ بکەن و دانی پێدا بنێن.

ئەگەر داعش ئەمانەی بکردایە و دنیای لە خۆی نەتۆقاندایە، هیچ دوور نەبوو سێگۆشەی سونە ببووایەتە هەرێمێکی سەربەخۆ و ئەبوبەکر بەغدادی ببێتە سەرۆکی ئەو هەرێمە و سەرەنجام حکوومەتی عێراق و دەوروبەریش وەک ئەمری واقیع مامەڵەیان لەگەڵ بکردایە و بمایەتەوە. هەروەها هیچ دوور نەبوو زلهێزێکی وەک رووسیا یان چین لە دژی هەژموونی ئەمەریکا، بە ناراستەوخۆیش بووایە پاڵپشتییان بکردایە و رەگی لە عێراق دابکوتایە. پێم وایە ئەوکاتە بەرزکردنەوەی دروشمی پیادەکردنی شەریعەتیش کێشە نەدەبوو، ئەوەتا ئەفغانستان، ئێران، سعوودیە و تا رادەیەکیش سوودان بە فەرمی دەوڵەتی ئیسلامین و هەموولایەک دانی پێدا ناون.

بەڵام سەرکردەکانی داعش هیچ لەمانەیان نەکرد، بەڵکو رێک وەک چۆن خۆتەقاندنەوە تاکتیکێکی شەڕکردنیانە، لۆژیکێکی خۆکوژانەیان لە سیاسەتیشدا پێڕەو کرد، بەدڵنیاییەوە لەپاڵ ئەو قەسابخانەیەی ئەو خۆتەقاندنەوەیە بۆ دەوروبەرەکانی ساز دەکات، سەری رێکخراوەکە و خیلافەتەکەیشی دەخوا.

ئیمام خومەینی پاش ٨ ساڵ شەڕی خوێناوی لەگەڵ سەدام حسێن و کوژرانی سەتان هەزار کەس لەو شەڕەدا، گەیشتە قەناعەت کە سووربوون لەسەر دروشمی "جنگ جنگ تا پیروزی" و ناردنە دەرەوەی شۆڕش و دژایەتیکردنی دەرودراوسێ و وڵاتانی دەستڕۆیشتووی دنیا، دەبێتە سەرەخۆرەی کۆمارە ساواکە و ئامانجە ئاینییەکانیشی، بۆیە ئازایانە و بەر لەوەی کار لە کار بترازێ و بواری پاشەکشە نەمێنێت، پەرداخە ژەهرە تاڵەکەی خواردەوە و ملی دا بە راگرتنی جەنگ لەگەڵ عێراق. ئەو دۆڕانە رێژەییە سەرکەوتن بوو بۆ رێژیمی ئیسلامیی ئێران، چونکە لە مەرگێکی موحەقەق دووری خستەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووەم

داعش کە دەبوو پەندی لە ئەزموونەکەی ئێران وەربگرتایە و بەگژ هەموو دنیا و هەموو بەها مرۆڤایەتی و سەردەمییەکاندا نەچێتەوە، هەمان ئەزموون و بگرە رادیکاڵانەتر لەویش دووبارە دەکاتەوە، بۆیە هەمان چارەنووسی لە بەردەمدایە و ئەو رۆژە دێ ئەویش لە بەردەم زەبری ئەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتییەدا جامێ ژەهر بخواتەوە. جا ئەگەر وەک سەرکردەکانی ئێران هێندە ژیر بێ بەر لەوەی کار لە کار بترازێ بڵێت "زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە" و ژەهری ملدان بە ئەمری واقیع بخواتەوە، ئەوە دەشێ بەسەر زیندوو بمێنێت، ئەگینا خواردنەوەی ژەهرە بکوژ و سەرەخۆرەکە دەبێتە تاکە بژارەی بەردەمی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## تەنێ هەر هێرشی هەوایی ناتوانێ پێشی داعش بگرێ



**پاتریک کاکبرن** (ڕۆژنامەی ئیندیپندنت)

**وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی**

وتووێژ لەگەڵ گشت ئەوانەی لە سووریا و لە عێراق لەو قەیرانییەوە گلاون، دەتوانێ هەر هەمان دەستکەوتی هەبێ کە فرۆکە تۆڕنادۆیەکان وەدەستی دێنن. بریتانیاش لەگەڵ شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی کەوتووە لە چوارچێوەیەکی سیاسی دا کە ئەگەر دەستەوەستانی نەبێ شکان دەستەبەر دەکا. مجلیسی عەوام بەحەق نیگەرانی دەربڕێ لە دەستێوەردانێکی لاوەکی دیکەی لە عێراق، سووریا یان جێگای دیکە دا کە ئاخرە کەی دیار نییە.

بەڵام، لەکاتێکدا نوێنەری پارلمان بەوە دەزانن کە بریتانیا دەچێتە نێو مەیدانێکی لوغمەوە، بەڵام وەنەبێ بە باشی بۆیان لێک بکرێتەوە کە لوغمەکان لە کوێ چێندراوان و دەکرێ لەمەڕ ئەوان چ بکرێ. هەر وەک ساڵی ٢٠٠٣، ئەمریکا و بریتانیا خۆیان داوێژنە نێو زنجیرەیەک کێشەی بەیەکەوە گرێدراو لە عێراق و سووریا  کە تێیاندا  کایەکارانی سەرەکی ڕۆژەوی زۆر جیاوازیان هەیە لەوەی کە بە ڕواڵەت دەینوێنن.

بڕوانە هیرشی هەموولایەی ئێستای داعش بە دژی مەڵبەندی کوردی کۆبانێ لە باکووری سووریا لە سەر سنووری تورکیا، کە ٣٠٠٠٠٠ کورد تێیدا ناچار بوون لێی دەرکەون و هەتا دێ ژمارەیان کەم و کەمتر دەبێتەوە لەکاتێکدا بە دژی ئەو جۆرە تفەنگچییانەی داعش شەڕ دەکەن کە چەکی زۆر باشتریان پێیە. تا ئێستا نیزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کوردیی سووریە لەوێ دەرکەتوون و لە سنووری تورکیا پەڕیونەتەوە.

## بەشی دوویەم

لێرەش وەک جێی دی، ئەمریکا دەیتوانی هێزی هەوایی بە کار بهێنێ و پێشی هێرشی میلیتانەکانی داعش بگرێ. ئەوە پەلامارە هەواییەکانی ئەمریکا بوو کە لە مانگی ئووت یارمەتی کرد هەولێر پێتەختی کوردستانی عێراق بپارێزدرێ، کەوا بێ بۆچی هەمان شت لە کۆبانێ ناکرێ؟

سەیرە، هەتا دوێنێ ئەمریکا هێزی هەوایی لە هەموو جێیەکی سووریا بەکاردەهێنا جگە لە کۆبانێ نەبێ کە لەوێ داعش هێرشی هەرە سەختی خۆی بۆ سەر ئەو شارە دەست پێکردووە لەو کاتەوە کە هێرشەکانی سەر سووریا دەستیان پێ کردووە.

لەوێ داعش دەستی بە سەر ٦٤ گوند دا گرتووە، و تانک و گوللەی تۆپ و ئەو چەک و تفاقە بە کار دەهێنێ کە لە ئەرتەشەکانی عێراق و سووریە دەستی کەتوون. باشە ئەمریکاییەکان لەو رووەوە بۆ بێدەنگن؟ وا وێدەچێ ئەوە بە دنەی ئەوە بێ کە نایانەوێ تورکیا لە خۆیان دڵمەند بکەن کە هیچ کات لای لە کانتۆنە کوردییە نێوە سەربەخۆییەکان نەکردووەتەوە.

ئەو کانتۆنانە زێدی زۆربەی دوو میلیۆن و نیوی کەمایەتی کوردن کە لە ساڵی ٢٠١١ وە لە سنووری باشوور سەریان هەڵداوە.

بەکردەوەکانی ئاشکرا بەڵگەی پتەو ڕوو دەکەون کە تورکیا بەرژەوەندییەکی زۆر لە بەکارهێنانی داعش بە دژی کوردەکان دا دەبینێ. ئەو نووچەگەهانی لە مەیدانن و لە نێو خاکی تورکیاوە هەلومەرجەکە دەشوێپێنن دەڵێن میلیتانەکانی داعش حەوتووی ڕابردوو بە هاسانی لە سنوور دەپەڕینەوە و دەهاتن و دەچوون، بە پێچەوانە ئەو کوردانەی تورکیا کە دەیانەویست بچنە شەڕی داعش پێشیان پێ دەگیرا.

چاوەدێرێک لە تورکیاوە دەپرسێ: "بۆچی هێشتاش شەڕکەرانی داعش لە سنوورەوە ڕێگایان دەدرێ بێنە نێو تورکیا و لێرە لە نەخۆشخانەکانی تورکیا برینەکانیان تەداوی بکرێ، لە کاتێکدا ئەو ستافە داو دەرمانییەی کە برینی ناڕاەزایی دەربڕانی نا توند و تیژی مەیدانی گەزی بە تاوانی "یارمەتیدانی تێرۆریسم" محاکەمە دەکرێن؟

سەرەڕای ئەو هەموو قسە و هەڵوێستانەی کە سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک ڕاگەیاند لە مەڕ دژایەتی داعش، میلیتانەکانی ئەو ڕێکخستنە بە دەرجەیەک لە وێهەڵکردنەوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

ئەوە بەجوانی لەو وێنانەی جووڵانەوەی پۆلیس لە چەند خۆپیشاندان لە جادەی ئیستیقلال کە لە ماوەی حەوتووی ڕابردوو یەک لە دوای کران دەرکەوت.

یەکەمیان خۆپیشاندانێک بوو لە لایەن لایەنگرانی داعش کە ئاڵایەکی سپی درێژیان هەڵدا بوو و پۆلیس کاری پێیان نەبوو. وێنەی دوویەم هەر لە هەمان خەیابان ڕۆژی دواتر دەستەیەک نیشان دەدا کە نارەزایی نیشان دەدەن لە ئاست پەروەردەی تۆبزی دینی و پۆلیسی هەڵ دەئاوێشکەتە سەریان و لێیان دەدا.

ئەو قسەیە مانای ئەوە نییە کە حکوومەتی تورک بە تەواوی دەستی لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبێ، بەڵام خۆ لەکۆڵ کردنەوە لە سەرۆک کۆمار بەشار ئەلئەسەد و هەر وەها لاواز کردنی کوردەکانی سووریا لە کارەکانی هەرە دەستبەجێن لە ڕۆژەوی ئاغای ئەردۆغان دا.

دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە قەبووڵ کردنی ئەو بۆچوونە تووشی هەمان هەڵە دێ کە لە ئەفغانستان کردی لە دوای ساڵی ٢٠٠١ کاتێک هیچ وەڵامی ئەو پشتیوانییە شاراوە گرینگانەی نەدایەوە کە پاکستان لە تالیبانی دەکرد. چەندین دیپلۆماتی ئەمریکایی دواتر ئەوەیان بە هەڵەیەکی گەورە دانا کە لە سەرەتاوە بووە هۆی فەشەل هێنانی دەستێوەردانی ئەمێرکایی و بریتانیایی لە ئەفغانستان.

ئەو پنتەی لێرە دا مرۆڤ دەبێ لە بیری بێ ئەوەیە، لە کاتێکدا کە بریتانیا یەکەم دەستێوەردانی نیزامی خۆی لە عێراقدا دەکا کە تا ئاستێکی زۆر کارێکی سەمبۆلیکە، دەبێ بزانێ ئەوەی کە لەو قەیرانییە دا بە ڕێگای نیزامی دا دەکرێ وەدەست بهێندرێ زۆر بەرتەنگە.

ئەوەش بەو دیمەنانەی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی کردەوەی نیزامی دا دادەپۆشرێن کەبە ڕێی ئەوانەوە پسپۆڕە نیزامییەکان باسی ئەو خەسارە گەورانەیان دەکرد کە لە داعش دراون و بینەرانی تێلێویزیۆنانیش بە هەڵپەوە چاویان لەو مووشەک و بۆمبانە دەبڕی کە گۆیا مەقەڕی فەرماندەریی و ناوەندە کۆنترۆڵەکانی داعش تێک دەڕووخێنن.

بەڵام داعش ئەرتەشێکی پارتیزانی یە و خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرە لە بۆمبا باران کران لە لایەن هێزیی هەوایی ئەمریکا، عێراق و سووریاوە. بەجێیە کە وەبیر بهێنینەوە کە ئەمریکاییەکان ١٥٠٠٠٠ سەربازیان لە عێراق هەبوو و بە هێزێکی پتەوی هەوایی لە سەر سەریان لە دووندی دەستێوەردان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧دا و لە گەڵ ئەوەش نەیانتوانی



سەرچاوە
Serchawe

ئەڵقاعیدە و خۆڕاگریی دەستە سوننییەکانی دی لە عێراق لەنێو بەرن. هیچ هۆیەک نییە بیسەلمێنێ کە ئەوجار لە جاری پێشوو جیاوازە.

لە عێراق و سووریا دەورێک هەیە بۆ هێزی هەوایی دەرەکی کە بیگێڕێ ئەویش جووڵانەوەیە وەک هێزێکی ئاگرکوژێن بۆ پێشگرتن لە شاڵاوی داعش بۆ سەر هەولێر لە مانگی ئووت دا یان ئەوەی کە ئێستا دەکرێ لە کۆبانێ بگرێ.

بەڵام زیاتر لەو دەورە بەرتەسک بەڵام گرینگە هێرشە هەواییەکان زوو دەکرێ کارتێکەرێ بەراوەژوویان هەبێ. هەموو بەوە بەستراوەتەوە کە لەو شەڕە نێوخۆییە چەند لایەنییانە دا ئەو هێرشە هەوایی یە لە بەرژەوەندی کێ دا دەکار دەکرێ. لێرە دایە کە نەزانیی سیاسی یان خۆ هەڵخەڵەتاندن بە مەترسی دەبێ.

وەک ڕاگەیاندنی وەزیری بەرگری بریتانیا میکاییل فالۆن کە گوتی ئێمە هێرشە هەواییەکانی بریتانیا بۆ پشتیوانی لەو حکوومەتە نوێیە بنکەفراوان و نوێنەرەی عێراقی سەرۆک وەزیر حەیدەر ئەلعەبادی بەکار دەهێنین. بە ڕواڵەت سوننییەکانی عێراق وەو حکوومەتە هەڵدەکەن، بە پێچەوانەی حکوومەتی سەرۆکوەزیر نووری ئەلمالیکی کە شیعەکان بە سەری دا زاڵ بوون و هەتابڵێی پێکهاتەیەکی تائیفی بوو. ئەو دیمەنەی ئاغای فالۆن بەدەستەوەی دەدا ئەوەیە کە تۆمەز هێرشە هەواییەکانی ئەمریکا، بریتانیا یان فەڕانسیی یارمەتی دەکا بە ڕێگاکردنەوە بۆ پێشمەرگەی کورد یان ئەرتەشی عێراق، دوایە ئەوان بە باوەشی ئاواڵەوە لە لایەن سوننییەکانی مووسڵەوە پێشوازییان لێ دەکرێ. بەڵام هیچکام لەوانە ڕاست نین.

حکوومەتی تازەی عێراق کەم تا زۆر هەر وەک ئەوەی ڕابردوو وایە و لەوانە بە ڕواڵەت کەمتر تائیفی بێ. هێزی هەر کاریگەری شەڕکەری حکوومەتی بەغدا ئەو میلیشیا شیعانەن کە ئێرانییەکان بەڕێوەیان دەبەن و لە بەر هێندێک هۆیان سوننییەکان لێیان تۆقیون.

ئەمن لە ساڵی ٢٠٠٣ تەجروبەم کرد کاتێک پێشمەرگەی کورد مووسڵیان گرت کە زۆربەی دانیشتوانی سوننی بوون ولە پێشڕۆییەکەیاندا لە ژێر چەتری هەوایی ئەمریکایی دا بوون. ئەرتەشی عێراق خەریک بوو هەڵدەوەشا لە بەر ئەوە لە مووسڵ چ خۆڕاگرییەک ناکرا تا ئەو کاتەی کوردەکان چوونە ناوی. لە سەرەتاوە شاییلۆغانی ئەوە بوو کە سەدام کەوتووە. بەڵام ئەو زۆر زوو بە ترس و تووڕەیی جێی گیراوە و خەڵک بەوە جاڕز بوون جڵەوی کارەکان کەوتووەتە دەست کوردەکان. تەقە دەستییێکرد لە کاتێکدا بە بڵیندگۆ خەڵک دەنگ دەدران و داوایان لێدەکرا مەتەریزان ساز کەن و پێشی کوردان بگرن.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

ئەمن لە هەولێرەوە چووبوومە وێندەریّ و ئاژۆرەکەم کوردێک بوو بە ناوی یۆسف کە وەختا بوو لەتوپەتی کەن کاتێک جەماعەت لە مزگەوتێکی سونییان دەرکەوتبوون و زانیبوویان کە پلاکی ئۆتۆمۆبیلەکە ئی ئەستانێکی کوردی یە.

ئەمن سەری گەڕەکی مەسیحییانیشم دا کە هی سەدەکانی نێوەڕاست بوو بەڵام کاتێک گەڕامەوە دەبینم یۆسف زۆر تێک چووە و پێی گوتم لەوانە بوو بە دەست خەڵکی نەیار بکووژریّ کە بەردەوام هاواریان دەکرد" با بیکووژین و ماشێنەکەش ئاور تێ بەردەین"

ئەوەی کە بریتانیا سەرباقی ناردنی فڕۆکەی تۆرنادۆ بیکا ئەوەیە کە دەبێ ئەوەندەی لە دەستی دی حەول بدا بۆ ساز کردنی وتوویژ لە نێوان یاریکارە سەرەکییەکانی دەرەکی لە قەیرانی عێراق - سووریا. ئەو یاریکارانە بریتین لە ئەمریکا، ڕووسییە، عەرەبستانی سعوودی و ئێران و هەروەها یاریکارە نێوکۆییەکان وەکوو حکوومەتی سووریا، کوردەکانی سووریا و ئۆپۆزیسیۆنی نا داعشی ئەسەد.

تەنیا ڕێگا بۆ خاشەبڕ کردنی داعش لە درێژخایەندا گەڕانە بە دووی ڕێگایەک دا بۆ کەمکردنەوەی قەیرانییەکە بۆ ئەوەی کە لایەنە نێوکۆییەکان ئەو هەستیان لا دروست نەبێ کە خەریکن بۆ ڕزگاری گیانی خۆیان شەڕ دەکەن. لە بناوانەوە داعش ماشێنێکی شەڕە، و تا ئەو کاتەی کە شەڕی سووریا درێژە دەکێشێ ناکریّ تێکوە بپێچریّ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئاڵۆزییەکانی شەڕی لەناوبردنی داعش



**حەسەن یاسین**

ئۆباما، ئەگەر بەدرەنگ وەختیشەوەبێت، دواجار مەترسیو هەڕەشەکانی (داعش)ی لەچوارچێوەی ستراتیژی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر داعش (هێرشی ئاسمانی)و تێکشکاندنو پاشان لەناوبردنی خستەڕوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوەشی راگەیاند، کەپرۆسەی لەناوبردنی داعش درێژخایەنەو سێ ساڵی دەوێ!

لەناوبردنی داعش پرۆسەیەکە زۆر پتر لەسێ ساڵ دەخایەنێ، ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی داعشو هاوشێوەی داعش تەنیا بەسێ ساڵ لەناوناچن. هەموو لایەک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەداعش نوێنەری ئیسلام نییەو ئیسلام بەرییە لەو رەفتارو کردەوانەی کەداعش ئەنجامیان دەدات، بەڵام هیچ لایەکیان باس لەو پەروەردە ئایینییە ناکەن کەلەنێو زۆر وڵاتی موسڵماندا بەڕێوەدەچێو مناڵانی موسڵمانی پێ گۆش دەکرێ، ئەو پەروەردەیەی کەئەگەر چاکسازیی تێدانەکرێ، سەرەنجام دەبێتەهۆی ئەوەی ناخی مرۆڤی موسڵمان ببێ بەزەمینەیەکی رەخساو بۆ قبوڵکردنی داعش.

ئێستا ئەمریکا خەریکی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتییە بۆ لێدانی داعش لەنێو عیراقو کوردستانو سوریادا، لەنێو سوریاشدا دەیەوێ پشت بەئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو ببەستێتو هاوکارییان بکات، بەڵام تا ئێستا دیار نییە داخۆ کێن ئەو لایەنانەی کەلەلایەن ئەمریکاوە بەئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو حسابن، ئایا تەنیا ئەو لایەنانەن کەلەنێو سوپای ئازاددان؟ ئایا هێزە سیاسیو سەربازییەکانی کوردانی سوریاش دەگرێتەوە؟ ئایا بەرەی نوسرەش دەگرێتەوە؟ لەکاتێکدا دیارو ئاشکرایە بەرەی نوسرە لقێکی رێکخراوی قاعیدەیە!

## بەشی دوویەم

تائێستا ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەمریکاو بەشداریکردن لەپێشکەشکردنی هاوکاری بۆ لێدانی داعش دەربڕیوە، بەو دەوڵەتانەشەوە کەپەنجەی پێشکەشکردنی هاوکاریی جۆراوجۆر بەداعشیان بۆ رادەکێشرێ.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەبڕیار ئەوەی دەرخست کەهەر لایەنو دەوڵەتێک هاوکاری داعش بێت، ئەوا رووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێتەوە، لەکاتێکدا دەبوایە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش بەشێک بێت لەهەڵمەتی لەناوبردنی داعش، کەچی دەوڵەتێکی وەک قەتەر کەگومانی زۆر هەیە هاوکاری داعش بێت، دەکرێ بەهاوکارو بەشداری هاوپەیمانێتیی لەناوبردنی داعش!

لەناوبردنی داعش پێویستیی بەلێدانی داعش لەنێو خاکی سوریاوە هەیە، کەچی تائێستا ئەمریکا سورە لەسەر ئەوەی بەبێ پرسی سوریا، لەنێو سوریاوە گورزی ئاسمانی لەداعش بوەشێنێ، دەوڵەتی سوریا هێشتا هێزی ئاسمانیی بەهێزو کارایەو ئەگەر بوێرێ دەتوانێ کێشە بۆ ئەمریکا بنێتەوەو لەنێو خاکی خۆیەوە زیان بەو پرۆژەیەی ئەمریکا بگەیەنێ.

روسیاو ئێران کەتائێستا ئەوانن نەیانهێشتووە رژێمی ئەسەد بڕووخێ، هەردووکیان دژی داعشن، بەڵام تائێستا دیار نییە ئەو دوو دەوڵەتە بەهێزە چ رۆڵێکیان دژی داعش دەبێتو بەچ شێوەیەک بەشداریی لەناوبردنی داعش دەکەن.

داعش ئێستا هەڕەشەی نێودەوڵەتیی لەسەرەو هەڵمەتێکی گەورە بۆ لەناوبردنی بەڕێوەیە، کەچی هێرشەکانی خۆی بۆسەر کوردانی سوریا چڕکردۆتەوەو لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی کوبانێدایەو ئەگەر بۆیان بچێتەسەر ئەوەی لەشنگال کردیان خراپتر بەسەر کوردانی رۆژئاوای کوردستان دێنن، دیارنییە داخۆ کاردانەوەی نێودەوڵەتی بۆ ئەمە چی دەبێ، بەڵام لەسەر کوردی باشوورو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی پێویستە زوو بەکردەوە، بەهاواریانەوە بچێت، پێش ئەوەی کارەساتێکی گەورە رووبدات.

چوونی بەشێک لەهێزی دژە تیرۆر لەسلێمانییەوە بەرەو کوبانێ، هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و جێبەجێکردنی ئەرکی نەتەوایەتیمانە، بەڵام پێویستە پێشکەشکردنی هاوکاریی پێشمەرگانە بەکوبانێ بەبەشداریی هەموومان بێتو گشتگیربێتو کەس بەبیانووی جۆراوجۆر خۆی لێ نەدزێتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام



هیوا مەجید

دەوڵەتی ئیسلامی رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندنداندایە و ژمارەی لایەنگرانی لە گۆشە و کەناری جیهان زۆرتر و زۆرتر دەبن. بەڵام لایەنگرانی بەشێوەیەکی سەرەکی لە رەگەزی عەرەب، پاکستانی، چیچانی و دواتر نەتەوەکانی ترن. کەواتە تەرکیز زۆرتر لەسەر هەندێ نەتەوەیە، شوێنی سەرەکیی کردەکەشیان جگە لە ئەفغانستان وڵاتانی عەرەبین بە تایبەتی عێراق و سووریا. وردتر بڵێین بەشی عەرەبی سوننەنشینی ئەم وڵاتانە. کەواتە نەخشەی گردبوونەوەی جوگرافیایی و مرۆڤی ئەم گرووپە تا رادەیەک دیار و بەرچاوە. ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ خوێندنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گرووپانە. تەنانەت لە پاکستان و ئەفغانستانیش یان سەرکردە سەرەکییەکانیان هەڵگری رەگەزنامەی عەرەبین یان لەلایەن یەکێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن. لێرەدا بەکورتی هەندێ خاڵ دەخەینە روو کە دەکرێت هۆکار بن لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گرووپانە.

١- یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بریتییە لە خەونبینینی جیهانی ئیسلام بە رابردوو لە بری داهاتوو، بەتایبەتیش سەردەمی خەلیفەکان کە بە سەردەمی زێرین ناو دەبردرێت. لە راستیدا دەکرێت ئەمەش بە خۆ بەکەمزانینی زۆربەی دانیشتوانی جیهانی ئیسلامی/عەرەبی سەرچاو گرتبێت لە هەمبەر ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجی و مرۆڤی و کولتوورییانەی کە لە زۆر لە بەشەکانی تری جیهاندا رووی دا و جیهانی ئیسلام لێ بە دوور مایەوە. جیهانی ئیسلامی لەبری هەوڵدان بۆ گەیشتن بەم جیهانە، پەنا بۆ رابردوو دەبات. لە کاتی نەبوونی ئیرادە و نەهێشتنی دەرفەت بۆ پێشکەوتن خەونبینین بە ئەفسانەی!!! رابردوو باشترین پەناگەیە. لەلایەکی ترەوە، خودی سەردەمی زێرین کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام بووە، پەیڕەوانیشی زۆرتر لە نیمچە دورگەی عەرەبی بوون (واتە تەنیا یەک نەتەوە) پڕ بووە لە کێشمەکێش لەسەر دەسەڵات تا لە دوایین جار خودی خەلیفەکان کوژران.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەمانە هاوەڵی پێغەمبەر بوون، لەلایەن خزم و کەسوکاری خۆیانەوە کوژران، ئایا دەکرێت لە سەردەمی ئێستەدا کە جیهانی ئیسلام فرەنەتەوە، فرەزمان و تەنانەت فرەتەفسیرە سەبارەت بە دەقە ئاینییەکان لەلایەن خەلیفەوە بەڕێوە ببردرێت؟ یاخود بە بەرچاوگرتنی ئەم مێژووە، دروستە هەوڵی گەڕانەوە بۆ رابردوو بدەین؟

٢- توندڕەویی زۆرێک لە پیاوانی ئاینی و تیۆریسیەنی رەوتە ئیسلامییەکان. بە سەیرکردن بە داڕێژەرانی نەهجی ئیسلامگەرایی وەک تیۆری و وەک سیستەم، دەبینین کە بۆ رێکخستن و چالاکی نواندن، سوودیان لە رێکخستنە شمووليیەکانی جیهانی کۆمۆنیزم وەرگرتووە. واتە جیهانێک کە خۆی لە خۆیدا رەتی هەر جۆرە هزرێکی بەرامبەر دەکاتەوە جیا لە خۆی. لە لایەکی ترەوە، بارگاویبوونی رێکخستنە ئیسلامییەکان بە دەقی سەر و سروشتی کە لە گشت دەقە ئایینی و زەمینییەکانی تر بە باشتر دەزانێت، ئەم رەوتانەی لە توندڕەوی و رەتی بەرامبەر نزیکتر کردەوە.

٣- تەفزیلکردنی ئیسلام بەسەر ئاینەکانی ترەوە. بۆ پێکاندنی ئامانجەکانیان، تەنیا خاڵی دووەم بەس نەبوو، بۆیە هەوڵ درا جیاکاری ئاینی بکرێت و سەیری مێژوو و بارودۆخی دیمۆگرافی سەرهەڵدانی ئاینەکان نەکرێت. لەبری ئەمەش زۆربەی تیۆریسییەکانی ئیسلامی بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ باس لە بالایی ئاینی ئیسلام بەسەر ئاینەکانی تردا دەکەن، بەتایبەتیش ئاینە زەمینییەکان. کردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و تەنانەت دەستووری زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیش، ئاماژەن بۆ ئەم جۆرە هزرکردنەوەیە.

٤- کردنی جیهان بە دیندار (موسڵمان) و کافر (ناموسڵمان). بۆ گەیشتن بە ئامانجی خاڵی سێیەم جیان بە دوو دەستە دابەش کرا موسڵمان و کافر. ئەم خاڵە تەنانەت لە گفتوگۆ رۆژانەی کۆمەڵگەی کوردی وشەی کافر زۆر بەکار دێت بۆ ئاینەکانی تر و بەتایبەتیش بۆ کریستانییەکان. ئەمە لە کاتێکدایە کە مرۆڤ و هزر و کولتوورەکان بە بەردەوامی لە هاتوچۆ و تێکەڵبووندان و چیتر ناکرێت جیهان بەسەر ئەم دوو چینەدا دابەش بکرێت. بۆیە ئەم رەوتانە پشتیان بە خاڵی پێنجەم بەست بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

٥- بینینی ئاین وەک دەقێکی وشک و بەچاوێلکەی رابردوو. واتە هەر جۆرە نوێگەرییەک و خوێندنەوەیەکی سەردەمییانە بۆ دەقەکانی ئاین بە زیانی ئەم گرووپانە دەشکێتەوە. لەم میانەشدا زۆرتر پشتیان بەو دەقانە دەبەستن کە لە بارودۆخەکی دیارکراودا دابەزیون و دەکرێت بۆ سەردەمی ئێستە بەرهەمهێنەری توندوتیژی بێت. بۆ نموونە هیچ کام لەم گرووپانە و تەنانەت زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی (جیا لە وڵاتە سیکۆلارەکان کە نزیکەی ١٠ وڵاتن) و پیاوە ئاینییەکان پشت بە دەقی (لا اکراه فی الدین) نابەستن و پشت بەو دەقە دەبەستن کە هەرجۆرە ئاین گۆڕینێک، کوفرە و سزای کافریش کوشتنە. ئەم

جۆرە هزرکردنە تەنانەت لە ناوەندە ئاکادیمییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت و راڤە کۆنەکان باڵادەستترن. لە کاتێکدا چۆنەکە گشت راڤەکان هەڵقووڵاوی هزری مرۆڤن دەکرێت، بە سادەیی رەت بکرێنەوە یا لەگەڵ کەشی سەردەمدا نەگونجێت.

٦- کردنی ئاین بە گشت شتێک. ئەم نەهجە بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ئیخوانییەکان زۆر بەرجەستە بوو و لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو لەلایەن عەرەبستانی سعوودیەوە زۆر بەرەوی پێ درا و چەندین سەنتەر و ناوەندیی زانستی و بازرگانی و ئابووری و هاوکاری بە پێشگری 'ئیسلامی' کرانەوە و پیاوە ئاینییەکانیش بۆ دەستکەوتی مادی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی زۆرتر زەقیان کردەوە. ئەمەش بارگرانییەکی لە رادەبەدەر بۆ ئاین دروست دەکات. دروشمی 'ئیسلام چارەسەرە" دروشمێکی بەرجەستەیە. بەڵام ئاین بەگشتی ناتوانێت لاوازیی سەربازیی، لەرزۆکی دامودەزگە سیاسییەکان و خەوتوویی سیستەمی ئابووریی و کەموکورپی پزیشکی چارەسەر بکات. ئاین، فیزیک و کیمیا و هونەر و لۆژیک و فەلسەفە نییە. لەوانەیە بۆیە لە بەرنامەی خوێندندا، داعش ئەم بوارانەی لە بەرنامەی خوێندندا سڕییەوە.

٧- ئاینیبوونی سیستەمی پەروەردە: لێرەدا مەبەست سیستەمی پەروەردە تەنیا قوتابخانە ناگرێتەوە. بەڵکو هەر لە ژیانی ناو خێزانی، قوتابخانە. مزگەوت و تیڤییەکانیش دەگرێتەوە. بەگشتی لەم وڵاتانەدا پەروەردەیی ئاین رۆڵێکی باڵای هەیە. چەندین کێبەرکێی ئاینی لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە، لەسەر تەلەڤزیۆنەکان، لە ناو بەرنامەکانی حکوومەت دەبینرێت. ئاین بەشێکە لە کۆمەڵگە و کەسایەتی تاک، بەڵام بە ئایدیۆلۆجیاکردنی و بەمەبەستی بە دەستهێنانی دەستکەوتی مادی و پێگەی سیاسی-کۆمەڵایەتی کێشە دروست دەکات. هەروەها سیستەمی پەروەردەیی ئەم وڵاتانە رێگە لە هەر جۆرە شرۆڤەیەکی جیاواز لە شرۆڤەی دەسەڵات و شرۆڤەی باو دەگرێت و دەق لە چوارچێوەی کات و شوێنی کۆندا راڤە دەکات، نەک بە پێی پێداویستی سەردەم. دەربەدەربوونی ئەو بیرمەندانەی بۆ وڵاتانی رۆژئاوا کە هەڵگری روونگەیەکی نوێن بۆ ئاین دەرخەریی ئەم راستییەن.

٨- نیشاندانی سێکۆلاریزم وەک نەهجەیەکی دژەئاین و دژەخوا و بێ رەوشتی و... ئەم تێگەیشتنە تەنانەت لە ناو چینی هەڵگریی بڕوانامەی بەرزیش دەبینرێت. ئەم پڕوپاگەندەیە کانگەی سەرەکی بریتییە لە وڵاتانی عەرەبی و زانایانی ئاینی لە جیهانی عەرەب و دواتر ئێران. ئەمە لە کاتێکدایە کە ١٠ وڵاتی زۆرینەی موسڵماننشین کە نزیکەی نیوەی ژمارەی گشتی موسڵمانانە وڵاتی سێکۆلارن، کەچی یەک وڵاتی عەرەبی، وڵاتی سێکۆلار نییە. ئەم جۆرە هزرکردنە بەرتەسکە کە لە خاڵی هەفتەمدا باس کرا، بوو بەهۆی رێگەگرتن لە ئاڵوگۆڕیی هزریی ئاینی و دەرکردنی فەتوا لە دژی ئەوانەی کە ئاینی بەچاوەکی تر دەبینن.

**بەشی دوویەم**

٩- ململانێی توندی شیعە و سوننە لەلایەک و گرووپە ئیسلامییەکان و دەسەڵات لەلایەکی ترەوە. ئەمە کوشندەترین دەردە لە جیهانی ئیسلامی. لە جیهانی مەسیحی ئەم شەڕە بە ترۆپک گەیشت، بەڵام دواجار سیستەمێکی سکۆلاری لێ کەوتەوە. بەڵام لە جیهانی ئیسلامی/رۆژهەڵاتی ناڤین چونکە خودی سنووری وڵاتەکانیان سنووری دەستکردن و دەسەڵاتدارییی دیکتاتۆرین، بۆیە ئەم ململانێیە گوازراوتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە. لە کاتی سەرهەڵدانی هەر گرووپێکی چەکداریی تیرۆریستی لە دژی وڵاتێک، ئەم گرووپە لەلایەن وڵاتێکی ترەوە پشتگیریی کراوە.

گشت ئەم فاکتەرانە و چەندین فاکتەری تر هۆکاری سەرهەڵدانی بیری توندڕەویی لە وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینە. هەروەها هەر جۆرە گۆڕانکارییەک پێویستە لەسەر هەردوو ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگەدا ئەنجام بدرێت.

* قوتابیی ساڵی دووەمی دکتۆرا لە زانکۆی بەنگۆری بەریتانیا - بەشی زانستە سیاسییەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## ئاڵۆزییەکانی شەڕی لەناوبردنی داعش



**حەسەن یاسین**

ئۆباما، ئەگەر بەدرەنگ وەختیشەوەبێت، دواجار مەترسیو هەڕەشەکانی (داعش)ی لەچوارچێوەی ستراتیژی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر داعش (هێرشی ئاسمانی)و تێکشکاندنو پاشان لەناوبردنی خستەڕوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوەشی راگەیاند، کە پرۆسەی لەناوبردنی داعش درێژخایەنەو سێ ساڵی دەوێ!

لەناوبردنی داعش پرۆسەیەکە زۆر پتر لەسێ ساڵ دەخایەنێ، ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی داعشو هاوشێوەی داعش تەنیا بەسێ ساڵ لەناوناچن. هەموو لایەک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەداعش نوێنەری ئیسلام نییەو ئیسلام بەرییە لەو رەفتارو کردەوانەی کەداعش ئەنجامیان دەدات، بەڵام هیچ لایەکیان باس لەو پەروەردە ئایینییە ناکەن کەلەنێو زۆر وڵاتی موسڵماندا بەڕێوەدەچێو منداڵانی موسڵمانی پێ گۆش دەکرێ، ئەو پەروەردەیەی کەئەگەر چاکسازیی تێدانەکرێ، سەرەنجام دەبێتەهۆی ئەوەی ناخی مرۆڤی موسڵمان ببێ بەزەمینەیەکی رەخساو بۆ قبوڵکردنی داعش.

ئێستا ئەمریکا خەریکی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتییە بۆ لێدانی داعش لەنێو عیراقو کوردستانو سوریادا، لەنێو سوریاشدا دەیەوێ پشت بەئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو ببەستێتو هاوکارییان بکات، بەڵام تا ئێستا دیار نییە داخۆ کێن ئەو لایەنانەی کەلەلایەن ئەمریکاوە بەئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو حسابن، ئایا تەنیا ئەو لایەنانەن کەلەنێو سوپای ئازاددان؟ ئایا هێزە سیاسیو سەربازییەکانی کوردانی سوریاش دەگرێتەوە؟ ئایا بەرەی نوسرەش دەگرێتەوە؟ لەکاتێکدا دیارو ئاشکرایە بەرەی نوسرە لقێکی رێکخراوی قاعیدەیە!

## بەشی دوویەم

تائێستا ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەمریکاو بەشداریکردن لەپێشکەشکردنی هاوکاری بۆ لێدانی داعش دەربڕیوە، بەو دەوڵەتانەشەوە کەپەنجەی پێشکەشکردنی هاوکاریی جۆراوجۆر بەداعشیان بۆ رادەکێشرێ.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەبڕیار ئەوەی دەرخست کەهەر لایەنو دەوڵەتێک هاوکاری داعش بێت، ئەوا رووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێتەوە، لەکاتێکدا دەبوایە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش بەشێک بێت لەهەڵمەتی لەناوبردنی داعش، کەچی دەوڵەتێکی وەک قەتەر کەگومانی زۆر هەیە هاوکاری داعش بێت، دەکرێ بەهاوکارو بەشداری هاوپەیمانێتیی لەناوبردنی داعش!

لەناوبردنی داعش پێویستیی بەلێدانی داعش لەنێو خاکی سوریاوە هەیە، کەچی تائێستا ئەمریکا سورە لەسەر ئەوەی بەبێ پرسی سوریا، لەنێو سوریاوە گورزی ئاسمانی لەداعش بوەشێنێ، دەوڵەتی سوریا هێشتا هێزی ئاسمانیی بەهێزو کارایەو ئەگەر بوێرێ دەتوانێ کێشە بۆ ئەمریکا بنێتەوەو لەنێو خاکی خۆیەوە زیان بەو پرۆژەیەی ئەمریکا بگەیەنێ.

روسیاو ئێران کەتائێستا ئەوانن نەیانهێشتووە رژێمی ئەسەد بڕووخێ، هەردووکیان دژی داعشن، بەڵام تائێستا دیار نییە ئەو دوو دەوڵەتە بەهێزە چ رۆڵێکیان دژی داعش دەبێتو بەچ شێوەیەک بەشداریی لەناوبردنی داعش دەکەن.

داعش ئێستا هەڕەشەی نێودەوڵەتیی لەسەرەو هەڵمەتێکی گەورە بۆ لەناوبردنی بەڕێوەیە، کەچی هێرشەکانی خۆی بۆسەر کوردانی سوریا چڕکردۆتەوەو لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی کوبانێدایەو ئەگەر بۆیان بچێتەسەر ئەوەی لەشنگال کردیان خراپتر بەسەر کوردانی رۆژئاوای کوردستان دێنن، دیارنییە داخۆ کاردانەوەی نێودەوڵەتی بۆ ئەمە چی دەبێ، بەڵام لەسەر کوردی باشوورو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی پێویستە زوو بەکردەوە، بەهاواریانەوە بچێت، پێش ئەوەی کارەساتێکی گەورە رووبدات.

چوونی بەشێک لەهێزی دژە تیرۆر لەسلێمانییەوە بەرەو کوبانێ، هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و جێبەجێکردنی ئەرکی نەتەوایەتیمانە، بەڵام پێویستە پێشکەشکردنی هاوکاریی پێشمەرگانە بەکوبانێ بەبەشداریی هەمووماں بێتو گشتگیربێتو کەس بەبیانووی جۆراوجۆر خۆی لێ نەدزێتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## تورکیاو داعش، خەلافەت دژی کورد؟



ئاسۆ عەبدوڵلەتیف

پرسگیری کانتۆنەکانی رۆژئاوا بەتایبەتی "کوبانی" رۆژەڤی گەرمە، جەنراڵەکانی سوپای تورکیا بە درێژایی ٥٠ ساڵی رابردوو هێندەی ئەمساڵ تەنگاونەبوون بەرانبەر بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی، یەکێک لەو جەنراڵە خانەنشینکراوانەی سوپای تورکیا لە زاری رۆژنامەنوسێکەوە دەڵێت زەبری ئەمجارەی کوردەکان تەقینەوەو کوشتن نیەو کاریگەرترەو دەنگی زیاترە لە گوێماندا، مەبەستی راگەیاندنی هەرێمەکانی رۆژئاوایە، کە هاوسنوری ناوچەیەکی فراوانی باکوری کوردستانە، بە بڕوای چاودێرانیش تورکەکان، بە عوسمانلییە نوێ و کۆنەکانەوە لە شۆرشی دێرسیمەوە پشتوێنیان لێ کردۆتەوەو خەریکی ناوماڵی خۆیانن و تەنانەت شۆرش و تەڤگەری قەندیلیش هێندەی ئەو سێ کانتۆنە، تورکیای هەراسان نەکردوە.

چونکە ئەم کانتۆنانە بە دیوە مەدەنی و ئابوریەکەیدا بە شۆرشی پەمەیی باکورو پەکەکە دێتە هەژمارکردن، لە ٢١ - ١ - ٢٠١٤ یەکەم کانتۆن کە بەناوی "جەزیرە" راگەیانرا کە بریتی بوو لە ٢٢ وەزیر و سەرۆکێک و دوو جێگر، هەستت بەوە ئەکرد "پەیەدە" وەک پارتێکی حوکمرانی پەروەردەبوی ناو لەپی PKK خواستی ئەوەی هەیە بمێنێتەوەو زەمینەسازی دەکات بۆ فەراهەمکردنی کەشی ئازاد و تەرجومەکردنی بیردۆزو روانینەکانی (ئاپۆ) هەستت بەوە دەکرد ئەم هێزە خوازیارە پەیرەوی هەمان تێزو بیرکردنەوەی عەبدوڵا ئۆچ ئالان بکەن، چونکە پەکەکەش خواستی ئەوەی هەیە ئەم ئەزموونەی رۆژئاوا جیاواز بێت و مەدەنیانە دەبکەوێت، بۆ داهاتووی خۆیان لە باکوری کوردستان، وە بۆ رای گشتی تورکیاش ئەم دیوە مەدەنیە حوکمرانیەی پەکەکە دەربخەن کە بۆ رای گشتی کاریگەرترە، تا بیسەلمێنن توانستی خۆبەرێوەبەرییان هەیە بەبێ چەک، واتە لای پەکەکە چەکداماڵین و هاتنە خوارەوە لە قەندیل یەکسانە بە حوکمرانی سەربەخۆ یان کۆنفیدراڵی و

بەشی دوویەم

خۆسەری دیموکراتی چ لە باکوربێت یان لە رۆژئاوا بۆ PKK.

ئەگەرنا وەهمێکی گەورەیە ئاشبەتاڵ بە شۆرشێکی چەکداری بکرێت بەبێ حکومەتێکی ئۆتۆنۆم، واتە ئۆتۆنۆمیزەکردنی شار لەبەرانبەر هاتنە خوارەوە لە شاخ یەکێکە لە دیدە سیاسیەکانی ئاپۆو تەرحێکە بۆ سەرمێزی گفتوگۆکانی ئاشتی کە تورکیا پێی رازی نیە.

کەواتە لە بنەرەتدا کانتۆنەکان مانیفێستکردنی بەرگرینامە شۆرشگێریەکانی ئۆچ ئالانە، ئۆچ ئالان لە کتێبی بەرگریکردن لە گەلێک دەڵێت "ئازادی کۆمەڵگا کە بە ئازادی تاک تێپەر نەبوبێت و ئازادی تاک کە پشت بە ئازادی کۆمەڵگا نەبەستێت، لە کۆتاییدا مەحکومی ژێرکەوتنە ل ٤٥٦" بۆیە تورکیا بە هەموو شێوەیەک دژ ئەوەستێتەوە بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی ئەو کانتۆنانە چ لە رێگەی خۆی و داخستنی سنورەکان و چ لە رێگەی "داعش" و دۆستەکانی لە ناو سوریاو لە عێراق، رەنگە لە روی ئابوریشەوە ئەم کانتۆنانە کۆمەکی گەورە بە PKK بکەن لەکاتێکدا "کوبانێ و عەفرین" بە زەیتون و گەنم و جۆو دانەوێڵە بەناوبانگەو تەنها لە هەرێمێکی وەک "جەزیرە"شدا زیاتر لە ١٧٠٠ بیرە نەوتی تێدایە کە بەتەواوی پەکەکە لە رێکخراوێکی تیرۆریستیەوە وەک تورکان ئەڵێن، ئەکاتە هێزێکی سیاسی و ئابوری کاریگەری ناوچەکە، بۆیە بە هەر رێگایەکی رەواو نارەوا، ئێستا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە داعش و ئەمریکاو هاوپەیمانان بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی.

رەنگە هەر ئەمەش بێت تورکیاو ئەمریکای نیگەرانکردووە ئەگەرێن بە شوێن کارتێکی فشاردا بۆ چۆڵکردنی "کۆبانی" و شکستهێنان بە ئەزمونی کانتۆنەکانی رۆژئاوا (جزیرە - عفرین) کە لەلایەن پەیەدەو یەپەگەوە بەرێوە دەبرێن.

دیارترین دەرکەوت و مژاری سیاسی ئێستا دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی و بازنەیەکی دژە فرینە لە رۆژئاوای کوردستان، ئەمریکا ئەخوازێت شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ بدۆزێتەوە، تورکیاش تا ئەو هەنگاوە نەنرێت نایەتە ناو هاوپەیمانێتیەکەی ئەمریکاوە، کە پەکەکە بە مەترسیەکی گەورەی ئەزانێت بۆ ناوچەکەو بە توندی لەلایەن کۆما جڤاکێن کوردستان KCK رەدکرایەوە، چاودێرێکی نزیک لە KCK ووتی: "پلانگێریەکە دیارە بۆ چۆڵکردنی رۆژئاوایە بەتایبەتی کوبانی، هەندێ میدیای چەواشەکاریش کار لەسەر ئاوارەبونی ملیۆنی کوردان ئەکەن بۆ تورکیا، بەبێ ئەوەی باس لە بەرخودانی مەزنی شەرڤانانی کوبانی بکەن، ئەیانەوێت ناوچەی ئارام دروست بکەن بۆ لێدان لە ناوچەیەک کە خۆی ئارام بوەو ئەوان تێکیانداوە، ئەگەر ناوچەی ئارامیان ئەوێت بۆ نایەن هەرێمەکانمان ئارام بکەن" یان وەک ساڵح موسلیم دەڵێت "ئەمریکا ئەگەر دژی داعشە بۆ نایەن هاوکاری ئێمە بکەن راستەوخۆ کە یەک ساڵ و نیوە شەڕی رامالینی داعش ئەکەین"

کەواتە هەموو ئەمانە پێویستی بە دانوستان و بریاری سیاسی هەیەو کورد لە ئێستادا جگە لە شەڕ چارەیەکی تری نیە، دەرگای دانوستان کاتێک نەکرایەوە دەرگای شەڕ بە ئاسانی ئەکرێتەوە، تورکیا ئێستا ئەیەوێت ئەو دەرگایە بکرێتەوەو ئەو شەڕەی دەوێت تا ئەوراقەکان بەتەواوی تێکەڵ بکات و دەستێوەردانە گەورەکە بکات، چونکە تورکیا لە ئیحراجیەکی گەورەدایە بەرانبەر یەکلایی نەبونەوە بۆ لایەنگیری داعش و هاوپەیمانان، ئاخۆ کامیان هەڵدەبژێرێت، ئاکپارتی و چەهەپەو مەهەپە و تەنانەت گوڵەنیەکان، هەڵوێستیان روون نیەو پارادۆکسی گەورە هەیە لە سیاسەتی ئێستای ئەنکەرەدا، بۆیە تورکیا نایەوێت بە دانوستان پرسەکان یەکلایی بکرێتەوە، ئەوەی ناوی لێنراوە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بە بنبەست گەشتووە، پەیوەندی تورکیاش بە داعشەوە لەدوای گێرانەوەی بارمتەکان و لۆگۆو مارکەی تورکی لەسەر کەرەستەو تەقەمەنیەکانی داعش بوە بە شتێکی باوەرپێکراوو هێندەی تر تورکیای ئیحراجکردوەو بەئاسانی ناتوانێت لەم داوە بچێتە دەرەوە، تابێت ئەو درزانە گەورەتر دەبن و ئاسۆی چارەسەریەکانیش تاریکتر دەبن، تورکیا یەک رێگەی لە پێشە ئەویش ئەوەیە گفتوگۆی جددی لەگەڵ پەکەکە دەستپێبکاتەوە، بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە و وازهێنان لە دەستێوەردان بۆ کانتۆنەکانی رۆژئاوا، چونکە ئەگەر پەکەکە بیەوێت لە رێگەی HPG هێزی پاراستنی گەل بە ئاسانی دەتوانێت تورکیا وەک سوریا لێ بکات و هیچ نەبێت ناوچە کوردیەکانی باکور بەرەو نائارامی و ئانارشیزم بەرێت، وەک چۆن دەیتوانی بە ئاسانی ئاگری خۆپیشاندانەکانی پارکی کەزی تەقسیم لە ئەستەنبوڵ، خۆش بکات و یارمەتی چەپە رادیکاڵەکان و توندرەوەکانی دژ بە ئۆردوغان بدات، بەڵام بە خاتری دانوستانەکانی ئیمرالی و چارەنوسی گفتوگۆکان، هەموو چالاکیەکانی خۆی راگرت، ئاکپارتی و ئۆردوغان و تەنانەت "هاکان فیدان"ی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری میتیش ئەم راستیانە دەزانن، لەلایەکی ترەوە بەشێک لە ئابوری تورکیا کە بەستراوە بە بۆریە نەوتیەکانی کوردستانی باشوورەوە بۆ ناو تورکیا، بە رێگای پیاسەکردنی ئێوارانی بەردەم گەریلاکاندا گوزەر دەکات و لەبەردەم رەحمەتی لولەی تفەنگەکانی گەریلادایەو هەرکات بیانەوێ ئەیکەنە ئامانجی سەربازی.

**پرسگیری باشوری کوردستان و داعش.**

گرفتی سەرەکی سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لە باشور پرسی دانوستانە، هێشتا بە پێوەرە کلاسیکیەکان و عاتیفەسازی ئایدۆلۆژیانەوە داوای ماف و ئازادیەکانی دەکات، نەبوونی سیستمێکی رادیکاڵ و پێداگیر لەسەر چەمکی دانوستان و گەمەی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرانبەر یەکێکە لە گرفتە بنچینەییەکانی کورد، دەکرێت بۆ ئەم پرسە راو بۆچونی پسپۆران و رۆژنامەنوسان و جالیاتی کوردی و بەشێک لە دەستورناس و یاساناسان وەرگیرێت تا باشتر و قوڵتر دەستنیشانی پێگەو رۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی قۆناغی ئاییندە بکرێت، بەتایبەتی پێکهێنانی ئەنجومەنی دانوستاندن و کۆنگرەی نەتەوەیی و داستنیشانکردنی هێڵە ستراتیجیەکانی کارکردنی ئایندە، تا لەوە زیاتر هەر حیزبەو بە جیا نەکەوێتە داواکردنی بەش و



سەرچاوە
Serchawe

پێگەی خۆی لە ئایندە، چونکە ئەم فەوزایەی ئێستا هەیە لە نێوەندی سیاسی بریاردانی کورد بەتایبەتی لە رۆژئاواو باشور، بە زیان ئەشکێتەوە بۆ ئاینده، دەبێت پەرلەمانی کوردستان بە جددی ئەم پرۆژەو پرسە بجوڵێنێتەوەو کاری لەسەر بکات و وەزیفەی خۆی ئەنجام بدات، چونکە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە کە پێشتر پەرلەمان خۆی قسەی لەبارەوە کرد لە ٦ - ٨ - ٢٠١٢ دەبێتە بەشێک لە ستراتیجی نەتەوەیی، چونکە بۆ ئەم بەشەی هەرێم بەتایبەتی "باشور".

گرفت و کێشەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا نیە بە تەنها، بەڵکو لەگەڵ ئەو حکومەتە ئیقلیمیانەشدایە کە بەبەردەوامی بەغدا ئەجوڵێنن و لە بەغداوە کێشە بۆ هەرێم دروست ئەکەن و نەخشەی سیاسی ئەگۆرن، وەک چۆن بینیمان بە بەکارهێنانی کارتی "داعش و گەرانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و کارەساتی جینۆسایدی شەنگال و پاکتاوکردنی ئاینی کە هەموویان دژی ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد بوون" پێگەی هەرێمیان لاوازکردو دوریان خستەوە لە خەونی سەربەخۆیی، وە بینیمان چۆن ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ناوچەکەیان خستە مەترسیەوە و نەیانهێشت بە پارەی نەوت بودجە دابین بکات بۆ هاولاتیان و ملکەچی بریارەکانی مەرکەزی بکەنەوە، لەم قۆناغەدا ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت دانوستانی دەرەوەی هەرێمیش بکات بەتایبەتی تورکیا، کە پێویستە بە کۆی پەیوەندیەکاندا بچینەوە لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا و هیچ نەبێت کاریگەری ئەرێنی نەک نەرێنی دابنرێت لەسەر کێشەکانی رۆژئاوای کوردستان و تورکیا، وە ئەنجومەنەکە خاڵ بخاتە سەر کوردستانی گەورەو کێشەکانی رۆژئاوای کوردستان و پرسی نەوت ومووچەو تەڤگەرو چڤات و رێکخراوە کوردیەکانی تاراوگەو دروستکردنی لۆبی کوردی لە وڵاتە رۆژئاواییی و ئەوروپییەکان، تا لە ئایندە کاربکرێت کورد پەرلەمانتاری هەبێت لە یەکێتی ئەوروپا، پێویستە ئەو ئەنجومەنە دەستەی بەدواداچون بێت بۆ کارکردن و چالاکی بەردەوام بۆ بەرەسمی ناساندنی کورد لە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێک لە وزە بەنرخەکانی دانوستاندن وەک پاڵنەرێک بۆ سەرخستنی وتووێژو بەدەستهێنانی ماف و دەستکەوت بریتیە لە فاکتەری دەرەکی و کۆدەنگی، کە لە شەری داعش بینیمان چەند هەژارو بێ گوتاو دیسکۆرس بوین، ئەگەر بریاربێت کورد دانوستاندن بکات لەسەر کێشەو مافە هەڵپەسێردراوەکانی پێویستە سەرەتا گەلی کورد ئەجندای نیشتیمانی و نەتەوەیی هەبێت و کۆی لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەو ئەجندایە کۆک و تەبا بن. ئەمە ئەو راستە هێڵە نەتەوەی و نیشتیمانیەیە کە تورکیا بە بەردەوامی خوازیارە تێکی بدات و رەنگرێژی سیاسەتەکانی خۆی بکات و کوردیش بەکار بهێنێت و وەبەرهێنانیش لە نەوتی ژێر زەویەکەشیدا بکات.

سەرچاوە: ماڵپەری هاوڵاتی - رێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## لەناوبردنی داعش چەندی تێدەچێت؟




**ئامادەکردنی: لاوک ئەمجەد**

لەدوای (١٠)ی حوزەیرانەوە ئەو بەشە جوگرافیەی رێکخراوی داعش کۆنترۆڵیکردوە، دەکاتە یەک لەسەر سێی عێراق و سوریا، پێشبینیش دەکرێت ژمارەی چەکدارانی داعش بۆ (١٠٠) هەزار چەکدار بەرزببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوپەیمانێتیەکی بەرفراوان بە رابەرایەتی ئەمەریکا بۆ جەنگی دژ بەو رێکخراوە پێکهێندراوە و ئەوەش بودجەیەکی زۆری دەوێت.

خاڵی وەرچەرخاندنی هێزی داعش دەگەرێتەوە بۆ بەرواری (١٠-٦ - ٢٠١٤)، کاتێک کە پەلاماری (پارێزگای موسڵ)یداو توانی بەشەو رۆژێک شاری موسڵ و زۆرینەی ئەو پارێزگایە داگیر بکات و سوپای عێراق دوچاری هەلاتن و شکان بکات. دواتر لە (٢٩ - ٦ - ٢٠١٤) دا (ابوبکر بغدادی) لەمزگەوتی گەورەی موسڵ خۆی بە خەلیفە ناساند و داوای کرد ئومەتی ئیسلامی بەیعەتی پێبدەن. لێرە بەدواوە داعش ستراتیژیەتی خۆی راگەیاند و نەخشەی دەوڵەتەکەی بلاوکردەوە و کەوتە پەلاماردانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق. بەمەشەوە نەوەستا تەنانەت هێرشەکانی سنوری ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە.

لەئێستاشدا داعش چەندین سەرچاوەی دارایی هەیە، کە گرنگترینیان فرۆشتنی ئەو نەوتانەی لەژێر دەسەلاتی خۆیدایە لەگەڵ وەرگرتنی بەیعەت لەهۆزەکان و بازرگانیکردن بە هاولاتیانەوە.

لەماوەی چەند رۆژی رابردودا داعش شێوازی شەرکردنی خۆی گۆری و لەئێستادا بە ژمارەیەکی کەم و گروپی بچوک بچوک شەری شار بەشار و گەرەک بە گەرەک دەکات.

لەرۆژی (٢٣)ی ئەیلولەوە هێرشی ئەمەریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر ئەو ڕێکخراوە لەسوریا دەستپێیکرد، ئەوەش جگە لەپەکخستنی پێشڕەوییەکانی داعش، بوە هۆی پێشڕەویکردنی سوپای ڕژێمەکەی ئەسەدو کۆنترۆڵکردنەوەی (١٥) ناوچەی گرنگ لەسوریا.

ئەو بۆردومانانە هاوکار بو بۆ ئەوەی بەشێک لەچەکدارانی ئۆپۆزسیۆن بچنە نێو ریزی ڕێکخراوی داعش و بەیعەتیان پێ بدەن بۆ ڕێگریکردن لەبۆردومانی پێگە ستراتیژییەکان لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانەوە.

ئەوەش وایکرد رەخنەی زۆر ئاڕاستەی ئەو شێوازی بۆردومانکردنە بگیرێت، بەوەی جگە لەخەرجکردنی بڕە پارەیەکی زۆر، دەستکەوتێکی ئەوتۆی تێدا نیە بۆ سنوردارکردنی تواناکانی داعش.

بەشێک لەچاودێرانی سیاسی رۆژئاوا پێیانوایە، هێرشی ئاسمانی بەس نیە بۆ وەدەرنانی چەکدارانی داعش لەدەیان شار و ناوچەی سوریا و عێراق، بەڵکو پێویستی بە هێزی زەمینی و روبەڕوبونەوەی چەکداری هەیە بۆ لەناوبردنی ئەو گروپە توندڕەوە.

هەروەها هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر عێراق لەوەدا سەرکەوتوبو کە ڕێگری بکات لەکۆمەڵکوژی و کۆچی بە کۆمەڵی کەمە نەتەوەکان لەباشوری بەغداو ئەنبار و ناوچەکانی دیکە.

لە (٢٣)ی مانگی ئەیلولەوە زیاتر لە (٣٠) هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر پێگەکانی داعش لەسوریا، لەعێراقیش لەسەرەتای مانگی ئابەوە (٢٠٠) هێرشی ئاسمانی لەلایەن ئەمەریکا و فەرەنساوە ئەنجامدراوە، ئەوەش وایکرد کە داعش لەسنورەکانی هەرێم دوربخاتەوە و هەندێک ناوچەی کوردستانی دەرەوەی هەرێمیش کۆنترۆڵ بکەن، وەکو ئامرلی و جەلەولاو چەند ناوچەیەکی دیکە.

### تێچوی هێرشە ئاسمانییەکان

تا ئێستا (٤٧) موشەکی جۆری تۆماهۆک ئاڕاستەی سوریا کراوە، نرخی هەر موشەکێکیش لەنێوان (١ بۆ ٢) ملیۆن دۆلاردایە، جگە لەوەش ئەو فڕۆکانەی هێرشەکانی پێ ئەنجامدەدرێت، خەرجی زۆریان هەیە و کۆی گشتی تێچوی ئەو هێرشانەش گەیشتوەتە (١٢٠) ملیۆن دۆلار، بەپێی ئامارەکانی پینتاگۆنیش بەهۆی ئەو هێرشانەوە (١٢٠) چەکدار کوژراون،



سەرچاوە
Serchawe

کە (٧٠) چەکدارییان سەر بە داعشەو (٥٠) چەکدارەکەی دیکەش سەر بە بەرەی نوسرەن، بەوپێیەش کوشتنی هەر چەکدارێک ملیۆنێک دۆلار خەرجییەکەیەتی.

کۆی تێچوی هێرشەکانی ئەمەریکاو فەرەنسا بۆ سەر چەکدارانی داعش لەعێراق (١٦٠) ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندوە.

ئەمەریکا بۆ هێرشەکانی، فڕۆکەخانەی ئوردن بەکاردەهێنێت لەگەڵ کەشتی فڕۆکە هەڵگری تایبەت بەخۆی لەکەنداوی عەرەبی نزیک قەتەر، جگە لەوەش فەرەنسا لەبنکەی سەربازی تایبەت بەخۆی لەناوچەی زەفرەی ئیمارات دەرچونە ئاسمانییەکانی ئەنجامدەدات.

نرخی یەک سەعات دەرچونی ئەو فڕۆکانە (٣١.٣٢٠) هەزار دۆلارە، واتە بۆ هەر چرکەیەک (٨٧) دۆلار دەکەوێت.

ئەوەی زۆربەی چاودێران و شارەزایان لەسەری کۆکن، ئەوەیە هێرشی ئاسمانی بەس نیە بۆ پێکانی ئامانجەکان، بەڵکو پێویستی بە هێزی وشکانی هەیە بۆ لەناوبردنی گروپە توندڕەوەکان، چونکە جگە لەخەرجکردنی دەیان ملیۆن دۆلار، تائێستا ئەو هێرشە ئاسمانییانە نەیتوانیوە بڕوا بە یەک ملیۆن و (٨٠٠) هەزار ئاوارە بهێنێت کە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

### پینتاگۆن قسەی خۆی هەیە

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دەڵێت مانگانە هێرشەکانی ئەمەریکا بۆسەر داعش لەسوریاو عێراق یەک ملیار دۆلاری تێدەچێت، هەرچەندە ئەم ژمارەیە بەراورد ناکرێت بە جەنگی ئەفغانستان.

چاک هیگڵ، وەزیری بەرگری ئەمەریکا لەکۆنگرەیکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: هێرشەکانی ئەمەریکا لە (٨)ی مانگی ئابەوە بۆ سەر داعش لەعێراق و لە (٢٣)ی ئەیلولیش بۆسەر داعش لەسوریا، رۆژانە (٧ بۆ ١٠) ملیۆن دۆلاری تێدەچێت.

بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی بەگری ئەمەریکا باس لەوە دەکەن، کە ئەو ژمارەیە تەنها لای کەمی هەژمارکراوە و لەئایندەیەکی نزیکدا وەزارەتی بەگری ئەمەریکا توشی کێشەی دارایی دەکات، هەر بۆیە داوا لەکۆنگرێسی ئەمەریکا کراوە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ ئەو جەنگە زیاد بکرێت.

مارتن دمبسی، فەرماندەی سوپای ئەمەریکا رایگەیاند: پێشبینی کێشەی دارایی دەکەین لەئایندەیەکی نزیکدا، چونکە رۆژ بە رۆژ خەرجی هێرشەکان بۆ سەر چەکدارانی داعش لەسوریاو عێراق زیاد دەکات و مانگانە نزیک دەبێتەوە لەیەک ملیار دۆلار.

بەپێی هەندێک زانیاری رۆژنامەوانیش، تەنها تێچوی هێرشەکانی ئەمەریکا بۆسەر داعش لەسوریا بە بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوی سەربازی و هەروەها هاوکاری لۆجستی، لەساڵێکدا دەگاتە (١٠) ملیار دۆلار.

لای خۆشیەوە تۆد هاریسۆن، تویژەر لەناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و دارایی ئەمەریکا دەڵێت: تێچوی جەنگی ئەفغانستان هەفتانە (١) ملیار دۆلار بوە، جگە لەوەش جەنگی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە بۆ ساڵی (٢٠١١) زیاتر لە (١) ترلیۆن دۆلار بوە.

### دەرچونە چاودێرییەکان گرانترینن

لەم جەنگە نوێیەدا ئۆباما بەڵێنیدا سەرباز رەوانەی گۆڕەپانەکان نەکات، بەڵام ئێستا نزیکەی (١٦٠٠) سەربازی ئەمەریکا بۆ پاراستنی دیبلۆماتکارانی ئەمەریکا لەعێراقن و پێشبینیش دەکرێت لەدرێژەی ئەو جەنگەدا ژمارەکە رو لەهەڵکشان بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی خەرجییەکانیان.

لەکاتی هێرشە ئاسمانییەکانی ناتۆ بۆ سەر لیبیا لەساڵی (٢٠١١)دا، پشکی خەرجی ئەمەریکا لەم جەنگدا لەماوەی حەوت مانگدا یەک ملیار دۆلار بوە.

لەوبارەیەوە گۆردن ئادەمز، مامۆستای زانکۆ لەئەمەریکاو بەرپرسی بودجە لەسەردەمی سەرۆکایەتی بێڵ کلینتۆندا رایگەیاند: لەحاڵەتی بەردەوامبونی ئەم جەنگە، خەرجی ساڵانەی لەنێوان (١٥) بۆ (٢٠) ملیار دۆلاردا دەبێت و لەوەش پشکی شێر بۆ دەرچونی چاودێرییەکان دەبێت.

ناوبراو دەڵێت: تەنها هێرشی ئاسمانی هۆکاری زۆری خەرجییەکان نیە، بەڵکو بەردەوامی چاودێریکردن لەرێگەی فڕۆکەوە بەسەر ئەو روبەرە فراوانەدا بەشێوەیەکی بەردەوام، هۆکاری سەرەکی خەرجی ئەو جەنگەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بەوتەی بەرپرسـانی وەزارەتـی بەرگـری ئەمەریکـا، رۆژانە لەعێـراق فـرۆکە ئەمەریکییەکـان (٦٠) دەرچـونی سـەربازی ئەنجامدەدەن و پێشبینیش دەکرێت ئەو دەرچونانە ماوەی سێ ساڵ بەردەوامی هەبێت.

لەمساڵیشدا پێنتاگۆن بـوجەی سندوقی جەنگی ئەمەریکـای بـۆ (٨٥) مليـار دۆلار بەرزکـردەوە، پێشبینیش دەکرێت لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان خەرجی پێنتاگۆن کەمدەبێتەوە.

### ئەمەریکا گرانترین موشەکی لەم جەنگەدا بەکارهێنا؟

موشەکی تۆماهۆک کە رۆژی (٢٣)ی ئەیلول هێزی دەریایی ئەمەریکا بۆ بۆردومـانکردنی چەکدارانی داعش لەسوریا بەکـاری هێنا، بە یەکێک لەبەهێزترین و وردترین موشەکەکانی سوپای ئەمەریکا دادەنرێت. ئەو موشەکە لەرێگەی کەشتی ژێر دەریـاو کەشتی جەنگییەوە هەڵدەدرێت و بەهاوکاری مانگی دەستکرد ئاڕاستەی ئامانجەکە دەکرێت.

تۆمـاهۆک لەکۆمەڵەی موشـەکی کـروزە و چەنـدین تایبەتمەنـدی هەیە، وەک سیسـتمی (جی پـی ئێس) و دەستنیشـانکردنی خێراییەکەی و ئاستی بەرز و نزمی.

هەروەها یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی موشەکی تۆماهۆک ئەوەیە، دەتوانێت ئامانجی جوڵاو بپێکێت.

یەکەم موشەکی تۆماهۆک لەساڵی (١٩٨٣)دا لەلایەن کۆمپانیاکانی جەنەڕاڵ مۆتـۆرز و ماکدۆنـاڵد دۆگلاسەوە بەرهەمهێنـرا، ئێستاش نرخی یەکێک لەو موشەکانە لەنێوان (٥٠٠) هەزار دۆلار بۆ زیاتر لەیەک ملیۆن دۆلاردایە.

کلاوەی موشەکەکە لەحاڵەتی ئاساییدا توانای هەڵگرتنی (٤٥٠) کیلۆگرام مادەی تەقەمەنـی هەیە و جگە لەوەش مەوداکەی تـا (٢٥٠٠) کیلـۆمەترە، هەروەهـا دەشـتوانرێت کـلاوەی ئەتـۆمی لێببەسـترێت و خێراییەکەشـی دەگـاتە (٨٨٠) کیلـۆمەتر لەسەعاتێکدا.

### ئەو وڵاتانەی خاوەنی موشەکی تۆماهۆکن

هەیەکە لەوڵاتـانی ئەمەریکا و بەریتـانیا خـاوەنی ئەو جۆرە موشەکەن و بـۆ یەکەمجـار هێـزی دەریـایی ئەمەریکـا لەجەنگی عێراق لەساڵی (١٩٩١)دا بەکاریهێنا، هاوکات ئەمەریکا (٦٠٠٠) موشەکی لەو جۆرەی هەیە.

بەشی دوویەم

### ناوی تۆماهۆک لەچیەوە هاتوە؟

تۆماهۆک یەکێکە لەجۆرەکانی (تەور) لەئەمەریکای باکورو لەلایەن هیندیە سورەکانەوە بەکارهێنراوە، تەورەکە بچوکەو دەسکێکی ئاسنی پێوەیەو لەشەڕی روبەڕودا بەکارهێنراوە، سەرەتاش دەمی تەورەکە بەرد بوە، بەڵام دواتر گۆڕدراوە بۆ ئاسن و درێژییەکەی کەمتر لە (٦٠) سانتیمەتر بوە، کێشەکەشی (٢٦٠ بۆ ٥٧٠) گرام بوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# رووی شاراوەی داعش و سیاسەتی کوردی



**سەید فەرهاد حەیدەری**

پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە لایەن داعش، ئەو ئیمکانە بە دەوڵەت و سیاسەتمەدارەکانی دەدا کە ئاواتو ئامانجە لەمێژینەکانیان لە ناوچەکە بەسەرکەوتوو ببینن.

وێدەچێ پێش هەرەشە بەربڵاوەکەی داعش بۆ عێراق، سیاسەتمەدارانی تورک هاووڵاتیانی کوردیان واتێگەیاندبوو کە ئەگەر داعش لەشەڕ لەگەڵ بەغدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، وڵاتی عێراق لێکهەڵدەوەشێ‌و لە نێوان شیعەکان و سوونەکانو کوردەکان دابەش دەکرێ‌و بەمشێوەیە کوردەکان دەتوانن بە خێرایی سەربەخۆیی رابگەیەنن. تەنانەت هەندێ لە کەسایەتییە کوردەکان بە ئاشکرا رایاندەگەیاند کە تورکیا، تورکیای پێشوو نەماوە و ئیتر ئەوان دژبە کوردو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەڵوێست ناگرن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە تا ڕادەیەک دەکرێ هۆکاری پاساوهەڵنەگری پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە ئێزدیو کاکەییەکان، پێش گەیشتنی هێزەکانی داعش بەو ئەو ناوچانە بزانین. بەداخەوە چۆڵکردنی ناوچەی ئێزدییەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، بووە هۆی کوژرانو ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس لە ئێزدییەکانو ژنانو کچانی ئێزدی لەلایەن داعشەوە دەستبەسەر کران.

دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا لە سەرەتانی قەیرانی سوریا و عێراق، سنوورەکانی ئەو وڵاتەیان بەرووی دەیان هەزار تیرۆریست لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا کردەوە کە بۆ پەیوەستبوون بە گروپی داعش روویان لە عێراقو سوریا



سەرچاوە
Serchawe

دەکرد، تیرۆریستە برینداربووەکانیانی داعشیان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر دەکرد، پێداویستیە سەربازییەکانیان دابین دەکردن و بۆ بەهێزکردنی لایەنی ماددی، نەوتیان لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکڕی.

کوڕی ئاغای ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، یەکێ لە شانازییەکانی ئەوەیە کە وێنەی لەگەڵ جینایەتکارێکدا گرتووە کە سەری بڕاوی پێنج کەسی لەبەر دەستە، لە وێنە بڵاوکراوەکاندا هەر ئەو جینایەتکارە لە سەر تەختی نەخۆشخانەو دوای چارەسەری، نەک بەتەنیا لەگەڵ کوڕی ئەردۆغان، بەڵکوو لەگەڵ چەندین کەسایەتی ئەمنییەتی تورکیا دەبیندرێ.

ئەمڕۆ سەرۆککۆماری نوێو سەرۆک وەزیری پێشووی تورکیا ئاغای ئەردۆغان کە هەست بە روحی سولەیمان پاشا لە دەروونی خۆیدا دەکات، لە پەرلەمانی تورکیا ئیزن ئەوە وەردەگرێ بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ سوریاو عێراق لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش شەر بکات، شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوەیەک کە خودی تورکیا لە دامەزراندن و پێگەیاندنی ئەودا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە.

رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریستەکان بیانوویەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە نەوتییەکان لەسەر خاکی کوردستان کە تورکیا هەمیشە ئیدعای خاوەندارییەتی ئەو ناوچانەی هەبووە. براوەی دیکەی ئەو گەمەیە ئەمریکاو وڵاتە ئوروپییەکانن کە حزووری هێزی سەربازیو سیاسی دووبارەی خۆیان لە ناوچەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دابین دەکەن.

نابێ لەبیرمان بچێ کە سەری ئێرانییەکانیش لەو نێوەدا بێکڵاو نەماوەتەوە و بە ئاگاداریی تەواو لەگەڵ ئەمریکاو ئوروپا، حکوومەتی عێراق بە سەرۆک وەزیرێکی نوێ سپێردراوە کە یەکێک لە مۆرەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانە. ئەوەی کە دەبیندرێ ئەوەیە کە تاکە دۆڕاوی ئەو گەمەیە نەتەوەی کوردە. بەداخەوە پێشبینییە هەڵەکان، کوردستانی گەیاندۆتە سەر ڕێیەکی مەترسیدار. ئەگەر سیاسەتێکی دروست پەیرەو نەکرێ، نابێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەڵگەی سەربەخۆیی کوردستانمان پێ بدرێت.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە نەتەوەی کوردیش بەو چارەنووسی ئێزدییەکانو کاکەییەکان گرفتار دەبێ کە بەجێهێشترانو کچە مێرمنداڵەکانیان لە جومعە بازارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەفرۆشترێن. جێگای داخە کە ناباوەڕیو نەبوونی ئەمنییەت لە نێوان نەتەوەی کورد گەیشتۆتە ئەو جێیەی کە بەشێک لە پەیرەوانی ئایینی کاکەیی لە ترسی دراوسێی موسوڵمانو ئیسلامی داعش، رایانگەیاندووە کە موسوڵمانن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

هەڵبەت نابێ رەخنە لەوان بگرین، چونکە هەلومەرجو تەنیایی خەڵکی کاکەیی بەتەواوی هەستی پێدەکردرێ. نە هێزێک بۆ بەرگری لەوان بوونی هەیە و نە ئیمکاناتێک بۆ بەرگریی لە خۆیان شک دەبەن. تا ئەوکاتەی دەمارگرژییە مەزهەبییەکان لە کوردستان بەسەر هەستە نەتەوایەتییەکاندا زاڵ بێت، نە هاووڵاتییەک مانای هەیەو نە ئەمنییەتێک بۆ خەڵکی ناموسوڵمان بوونی دەبێت. ئەگەر رەخنەیەک هەیە، رووی لە بەرپرسانو سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستانە کە هیوادارم بە دوور لە زمانی سیاسی تواناى وەڵامدانەوەیان هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

بەشی دوویەم

# هەڵە ستراتیژیکەکانی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی داعش



حسێن مەعرووف پوور

داگیر کردنی مووسڵ لەلایەن داعش و هەوڵی ئەوان بۆ پێشڕەوی بەرەو ناوچە ناوەندییەکانی عێراق لەوانە بەغدا و خۆبواردنیان لە هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خوێندەوەی جیاوازی لەلایەن بەرپرسانی عێراق و هەندێ کارناس و شرۆڤەوانی سیاسی بەدواوە بوو.

"دەبێ داعش بە ڕوانگەی ستراتێژی سەربازی شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەوان بە دروستی لێکبدرێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بکرێت."

## دەستپێک:

داگیر کردنی مووسڵ لەلایەن داعش و هەوڵی ئەوان بۆ پێشڕەوی بەرەو ناوچە ناوەندییەکانی عێراق لەوانە بەغدا و خۆبواردنیان لە هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خوێندەوەی جیاوازی لەلایەن بەرپرسانی عێراق و هەندێ کارناس و شرۆڤەوانی سیاسی بەدواوە بوو.

هەندێ لە کاربەدەستانی عێراقی، کارناسان و شرۆڤەوانانی سیاسی، هەولێریان بە هاوکاری کردنی هێزەکانی داعش دژی دەوڵەتی ناوەندی عێراق تۆمەتبار دەکرد و هەندێ لایەنی دیکە پێیان وابوو کە ئامانجی داعش ڕووخاندنی دەوڵەتی ناوەندی و داگیر کردنی بەغدایە، کەواتە نایانەوێت هاوکات لە دوو بەرەدا واتە لە بەرەیکەدا دژی کوردەکان لە باکوور و لە باشووردا شەڕ لەگەڵ دەوڵەت بکەن.

## بەشی دوویەم

بە ڕای نووسەر، ڕاستی ئەوەیە کە شرۆڤەی هەڵسوکەوتی داعش بە ڕوانگەی سیاسی بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی شرۆڤەوانان و کارناسانی سیاسی نەتوانن شرۆڤەیەکی دروست و ڕاست لە هەڵسوکەوتی ئەم گرووپە بخەنە ڕوو، چونکوو شرۆڤەی سیاسی لەسەر بنەمای ناسین و لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکان لەسەر میحوەری دەسەڵات دەوەستێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ گرووپی داعش بەرژەوەندییەکان (بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و...) گرینگایەتی نییە بەڵکوو ئەوە بۆ داعش گرینگایەتی هەیە و دەتوانێ وەک ئامانجی داعش دابنرێت، بەرفراوان کردنەوەی بازنەی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئەو گرووپەیە.

نووسەر لەم وتارەدا بە بەرچن کردنی هەڵە ستراتێژیکەکانی کوردەکان بۆ بەرەوڕبوونەوەی داعش هەوڵ دەدات ئەم گریمانە بسەلمێنێت: "دەبێ داعش بە ڕوانگەی سەربازی (ستراتێژی سەربازی) شرۆڤە بکەین بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت و کردەوەکانی بە باشی بخەملێت و لەسەر ئەو بنەمایە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بکرێت."

### ستراتێژی سەربازی چییە؟

لیدل هارت لە تیئۆریسینەکانی ستراتێژی لە پێناسەی "ستراتێژی سەربازی" دەڵێت: "ستراتێژی سەربازی هونەری دابەش کردن و بەکارهێنانی توانستی سەربازی بە مەبەستی هێنانەدی بە تەواوەتی ئامانجەکانی ستراتێژییە."

ستراتێژیستەکان بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ستراتێژییەکی سەرکەوتوو لە کۆمەڵەی بنەماکان کۆبکەنەوە. ناپیلئۆن ١١٥ بنەما و سوون تزوو ١٣ بنەمای لە کتێبی خۆی بە ناوی هونەری شەڕ خستۆتە ڕوو.

"ئارتوو.ئێف.لایکر" مامۆستای ستراتێژی سەربازی کۆلیژی شەڕ لە ئەمەریکا ستراتێژی بە دەرئەنجامی کۆی سێ بنەمای سەرەکیت ئامانجەکان، شێوە و ئامێرەکان ڕادەگەیێنن.

هێزی زەوینی سوپای ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بریارنامەیەکی تایبەتی خۆیدا چەند خاڵێکی وەکوو بنەمای ستراتێژیک ناو بردوە، ئەو خاڵانە بریتین لە ئامانج، ئافەند، چڕکردنەوەی هێز، کەڵک لێوەرگرتن، هێزی جووڵە، یەکدەنگی لە فەرماندەیی، ئاسایش، سادەیی، خافڵ خستن، ئێستا لەسەر بنەمای ئەم بناغە ستراتێژیکانە هەڵەکانی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی داعش لێکدەدەینەوە.



سەرچاوە Serchawe

بەشی دوویەم

### ١- ئامانج

مەبەست لە ئامانج، هیدایەتی ئۆپراسیۆنی سەربازییە بەرەولای ئامانجێکی ڕوون و یەکلایی و نێزیک. یەکەمین هەڵەی ستراتیژی کوردەکان بەراوردی نادروست لە ئامانج بوو کە ئەوەش سەرچاوەی لە نەناسینی دوژمنی "داعش" دەگرت.

گرووپی داعش پاش داگیر کردنی چەندین ناوچە لە سووریا و عێراق لەسەر بنەمای ئامانجە سەرەکییەکەی کە بەرفراوان کردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیە و هەروەها داگیر کردنی دیکەی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بوو، ستراتیژی هێرشی گرتۆتەبەر و لە بەرانبەریشدا کوردەکان لەپێناو ئامانجەکانی خۆیدا کە پاراستنی ناوچە کێشەلەسەرەکان و لاواز کردنی زیاتری دەوڵەتی نووری مالیکی بوو سیاسەتی بەرگری گرتەبەر کە ئەوەش سەرچاوە لە هەستی نادروست و هەڵە لە چییەتی داعش گرتبوو.

### تێگەیشتنی هەڵەی کوردی عێراق لە چییەتی داعش

تێگەیشتنی کوردی عێراق و زۆربەی شرۆڤەکاران و کارناسان لە پێکهاتەی تەکنیکی و توانستی سەربازی و ئیمکاناتی داعش هەڵە و خوێندنەوەی ئەوان لە داعش گرووپێکی چەکداری میلیشیایی بوو و لەسەر ئەم بنەمایانە داعشیان شرۆڤە دەکرد و هەر بەپێی ئەم ناسینەش بوو کە هەندێ بەرپرسی سەربازی کورد لە کاتی داگیر کردنی ناوچەی شەنگال و جەلەولا و... لەلایەن داعش پاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە داعش گرووپێکی میلیشیاییە و ناوچەیەک کۆنترۆڵ دەکات و پاشان بەجێدێڵێت و پاشەکشێ پێشمەرگە لە شارەکانی شەنگال و جەلەولا و... تاکتیکی بوە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەرچی داعش ڕواڵەتی گرووپە پارتیزانییەکانی هەیە بەڵام وەک سوپایەکی کلاسیک شەڕ دەکات و ئەگەرچی وەک گرووپە پارتیزانییەکانی توانای شەڕی ڕێکنەخراو و هەڵاتنی بەپەلە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی هەیە بەڵام وەک سوپایەکی کلاسیک هێزی پێویست، چەک و جیهازاتی پێشکەوتوو، ناوچەی جوگرافیایی بەرفراوان و هەروەها توانایی و ئیمکاناتی لۆجستیکی بۆ ئیدارەی شار یان شوێنی کۆنترۆڵ کراویان هەیە ئەوەش بەهۆی هاوکاری بەعسییەکانە لەگەڵ داعش و بە ئاسانی دەتوانن ڕاگەیاندنەکان و ئیمکاناتی وڵاتێک بگرنە دەست و بەرفراوان کردنەوەی ئەو شوێنخانەی کە داگیریان کردوە لە گرینگترین بنەماکانی شەڕی ئەم گرووپەیە.

ڕەنگە هەر بەم بۆنەوە بوو کە ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتیک (PYD) کە زیاتر لە دوو ساڵە لە کوردستانی سووریا شەڕ لەگەڵ داعش دەکات، دەڵێت: بارزانی هێشتا لە چییەتی داعش باش تێنەگەیشتوە.

### لە ستراتیژی بەرگری هەرێمی کوردستان تا ستراتیژی هێرشی

لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمدا کە داعش چەند بەش لە مووسڵ و ناوچە سوننەنشینەکانی داگیر کرد، هەڵوێستی کوردەکان ئەمە بوو کە تەنیا لە کاتی پێویست دا بەرگری لە خۆیان دەکەن، هاوکات "هەڵگورد حیکمەت" بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی "شرق الاوسط" لەندەن، ئامانجی ستراتیژی ئێستای وەزارەتی پێشمەرگەی بە بەرگری لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان ڕاگەیاندوە. هەر بۆیە وەزارەتی پێشمەرگە لە فەرماننامەیەکدا داوای لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم ناوچەکان کردوە کە خەندەق لەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی تێدا جێگیر کراوە، لەوانە مووسڵ و کەرکووک هەڵبکەنن.

ستراتێژی بەرگری کوردەکان هاوشێوەی ستراتێژی هەڵەی فەڕەنسا لە شەڕی جیهانی دووەم بوو. فەڕەنسا بە دوکترینی سەربازی تەواو بەرگری هاتە مەیدانی شەڕی جیهانی دوەم و قەڵغانێکی بە ناو هێڵی ماگینۆت لە سنووری ڕۆژهەڵاتی خۆیدا کردەوە کە بە گومانی بەرپرسانی ئەم وڵاتە "دژەهەڵنەگر" بوو، بەڵام ئەم هێڵە بەرگرییە، بە هێرشی ئەڵمانییەکان تێکشکا.

دوای خەست بوونەوەی هێرشەکانی ئەندامانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام و کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی کوردنشینی عێراق کە پێشتر لە دەستی پێشمەرگە بوو، لەلایەن داعش، ستراتێژی هەڵەی کوردەکان ئاشکرا بوو و هەر بۆیە، مەسعوود بارزانی، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان فەرمانی شەڕ لەگەڵ داعش و گۆڕانی ستراتێژی بەرگری بۆ ستراتێژی هێرشی دەرکرد.

### ٢- ئافەند، چڕ کردنەوە و کەڵک وەرگرتنی باس لە هێز

ئافەند بە مانای داگیر کردن، کۆنترۆڵ و کەڵک وەرگرتن لە ئامانجە. کوردەکانی عێراق ئەگەرچی لە بەشی ئافەندا بە باشی کاریان کرد و لە کورترین ماوەدا ئەو ناوچانەی کە بە کێشەلەسەر دەناسرین کۆنترۆڵ کرد و هێزەکانیان تێدا جێگیر کرد بەڵام لە چڕ کردنەوەی هێز و بەکارهێنانی هێزدا تووشی هەڵەی لێکدانەوەی بوون و لە ئاکامدا ئەو ناوچانەیان لە دەستەوە بوو.



سەرچاوە
Serchawe

### هەڵەی ستراتیژیک لە چڕ کردنەوەی هێز لەلایەن کوردەوە

"چڕ کردنەوەی هێز" بنەمایەکی دیکەیە لە ستراتیژی سەربازی کە بە مانای چڕ کردنەوەی هێز لە کات و شوێنی گونجاوە. گرووپی داعش بۆ جێبەجێ کردنی بنەمای چڕ کردنەوەی هێز، هێزەکانی خۆی بەردەوام لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کرد دەگواستەوە و بەپێی ئەو ئامانجانەی کە بووی لە کات و شوێنی گونجاودا هێزەکانی جێگیر دەکرد.

"مایکل نایت" تویژەری "سەنتەری واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین" و کارناسی پرسە سەربازی و ئەمنییەکان سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەما ستراتیژیکە لەلایەن کوردەکانەوە دەڵێت: هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بوو بە باشی لە شوێنی گونجاودا جێگیر نەکران.

ئەم کارناسەی بابەتی ستراتیژی سەربازی بە فارن پاڵسی دەڵێت: "ناوچەکانی شەنگال و ڕەبیعە قەراخێکی دوور و درێژە هاوسنووری سووریا و لە قووڵایی ناوچە ژێر دەسەڵاتەکانی داعش لە عێراقدا کە چاودێری کردنی پێویست بە ژمارەیەکی زۆر هێزی پێشمەرگە دەکات بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لە هێزەکانی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژەکانی سەرەتای دەستپێکی هێرشی داعش بۆ ناوچەکە، لەو دەڤەرە جێگیر کران."

**دەتوانین هۆکارەکانی ژێرەوە بۆ ئەم هەڵە ستراتیژیکەی کوردەکان باس بکەین:**

١- کوردەکان پێش لە هێرشی داعش بۆ سەر ڕۆژئاوای نەینەوا، لە ناوچەکانی جەلەولا و سەعدیە تووشیاری شەڕێکی خەست لەگەڵ داعش بوون و هەر بۆیە زیاتر هێزەکانیان لەم ناوچانە چڕ کردبووەوە.

٢- پارێزگا و شاری نەوتخێزی کەرکووک شوێنێکی دیکەی مۆڵدانی هێزەکانی پێشمەرگە بوو. لەمبارەوە مایکل نایت دەڵێت: هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر لە دەڤەری کەرکوک دا جێگیر کراون. ئەو ناوچەیەی کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکرات هەوڵ دەدەن هەریەکەیان دەسەڵاتی زیاتری تێدا وەدەست بێنێت:

### هەڵەی باشی بەکارهێنانی هێزەکان

ئەوپەڕی کەڵک وەرگرتن لە هێز، لە بنەما ستراتیژیکەکاندا بە مانای بەکارهێنانی کەمترین هێزە بۆ ئەو پرسانەی کە لە

یەکەمایەتیدا نین، داعش بۆ کەڵک وەرگرتنی باشتر لە هێزەکانی، ئەو کاتەی کە ناوچەیەک کۆنترۆڵ دەکات، دەسبەجێ والی یان ئەمیرێک بۆ ئەو ناوچە دادەنێت و کاروباری ناوچەکە دەداتە دەستی عەشیرەکان و هێزە بەعسییەکانی هاوپەیمانی خۆی و هێزەکانی خۆی بۆ بەکارهێنان لە شوێنێکی هەستیارتر دەگوازێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ.

لەلایەکی دیکەوە کوردەکان بەهۆی ئەو شەڕەی کە تووشی بوون نەیانتوانی باش کەڵک لە هێزەکانیان وەرگرن، ئەگەرچی لە ژمارە و چۆنایەتی بەکارهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری ورد بەدەستەوە نییە بەڵام دەکرێت ئەم دوو خاڵە وەک بەکارهێنانی نەگونجاو لە پێشمەرگە باس بکەین.

هێزە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕێگری لە دزەی چەکداران و دەستوپەیوەندەکانی داعش و دەوڵەتی ناوەندی لە ئەگەری تێکشکاندنی داعش، بۆ ناو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، لە دەڤەری مووسڵ دا خەندەقیان هەڵکەند و ئەم کارە بەشێک لە وزە و توانایی پێشمەرگەی بەخۆوە تایبەتدا. بەشێکی دیکە لە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکووک جێگیر کرابوون و بەم بۆنەوە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کێڵگە نەوتییەکانی داوودگۆرکە، قەرەچەم، نمرە ۸۸، بسارەلۆ سەربەشاخ و داستان لە نێزیکی دووبەز کە ۲۸۰ بیری نەوتی تێدایە کۆنترۆڵ کرد و فەرمانبەرانی خۆیان لەم ناوچەیە دانا کە بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم کێڵگانە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی نەوتی کەرکووک کە سەرجەمیان کورد و خەڵکی ناوچەکە بوون چاودێری دەکران، پێویست نەبوو هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەکار بێت.

### ٣- جووڵە، ئاسایش و خافڵگیری

"جووڵە" لە بنەما ستراتیژیکەکاندا بەو مانایە دێت کە بە شلک و شیاوی هێزی شەڕکەری خۆمان دوژمن لە دۆخێکی نالەباردا گرفتار بکەین و "ئاسایش" واتا ڕێگە نەدەین کە دوژمن بگاتە دەستکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو و "خافڵگیری" واتا لە کات و شوێنێکدا کە دوژمن چاوەڕوان ناکات هێرشی بکەینە سەر.

ستراتیژی بەرگری کوردەکان لە بەرانبەر داعش، بە کردەوە ڕێگری دەکات لەوەی هێزی پێشمەرگە بە شلک و شیاوی بتوانێ جووڵە بکات و لەلایەکی دیکەوە ئەو دەرفەتەی بۆ داعش مسۆگەر دەکرد کە دڵنیا بێت لە کات و شوێنی نادیارەوە هێرشی ناکرێتە سەر و خافڵگیر نابێت و لە باری ستراتیژی ئەمنیشەوە کۆنترۆڵ کردنی بەنداوی مووسڵ و ناحیەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا لەلایەن داعش کە لە دەستی پێشمەرگەدا بوو نیشانی دا کە داعش توانیویەتی بە شێوەیەکی چاوەڕوان

نەکراو بە سەر کوردەکاندا سەرکەوێت.

#### ٤- یەکدەنگی لە فەرمانەدەیی

"یەکدەنگی لە فەرماندەیی" وەک یەکێک لە بنەماکانی ستراتیژی سەربازی بەو مانایە دێت کە سەرەتا و لە هەر جۆرە ئامانجێکدا دڵنیا بین لەوەی چالاکییەکان لەلایەن یەک فەرماندەیی بەرپرسەوە چاودێری دەکرێت و لەژێر فەرمانی ئەو فەرماندەییەدایە.

لە گرووپی داعش فەرماندەکان و ئەمیرانی زۆر هەیە بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو هەموو ئەمیرە و فەرماندە جۆرێک فەرماندەیی یەکریز و یەکدەنگ لە ڕێبەرایەتی ئەو گرووپەدا هەیە کە هەموان لە هەر پلە و پایەیەکدا بن دەبێ گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە بن کە لەلایەن خەلیفەی داعشەوە دەردەکرێت و بچووکترین مل پێچدان سزای توندی بەدواوە دەبێت. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەرچی وەزارەتێک بە ناوی پێشمەرگە هەیە و مەسعوود بارزانی وەک فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان دەناسرێت و لە باری یاساییەوە سەرۆکی هەرێمە بەڵام لە کردەوەدا بەهۆی بەندیواری هێزەکانی پێشمەرگە بە پارتە جیاوازەکانەوە فەرماندەیی هاوبەش بوونی نییە. لەمبارەوە هەندێ لە ڕاپۆرتەکان لە یەکەم ڕۆژەکانی هێرشی داعش بۆ سەر ناوچە کێشەلەسەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان باس لە سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان فەرماندەکانی پێشمەرگەی هەرێم سەر بە دوو حزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکرات دەکەن. بۆ وێنە کاتێک کە مەحموود سەنگاوی گەڕایەوە سەر پۆستی فەرماندەیی خۆی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، فەرماندەکانی پارتی ئامادە نەبوون هاوکاری لەگەڵ بکەن و هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی جەلەولا کە پاش پاشەکشێ سوپای عێراق لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرابوو بەهۆی ناکۆکی نێوان فەرماندەکانی پێشمەرگە، بکەوێتە دەستی داعش. لەمبارەوە "فوئاد حسێن" سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی دایە سەرهەڵدانی کێشە لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و ئەوەی بە یەکێک لە هۆکارەکانی پاشەکشێ هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند.

"مایکل نایت"یش لاوازی ڕێبەری و فەرماندەیی بە یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی پێشمەرگە لە بەرانبەر داعش ناو بردوە. ناکارامەیی کوردەکان لە جێبەجێ کردنی ئەم بنەما ستراتیژیکە زۆر گرینگە بوە هۆی ئەوەی کە دوای پاشەکشێ کوردەکان لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی لە پارێزگای نەینەوا، وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەلایەن باڵادەستەکەی خۆی، مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی گشتی هێزی سەربازی هەرێمی کوردستان، ڕابسپێردرێت بۆ ڕێکخستنی سەرجەم هێزەکان و چاکسازی بکات لە کاری یەکریز کردنی سەرجەم پێشمەرگەکان و پێشمەرگە وەک هێزێکی سەربازی



سەرچاوە
Serchawe

هاوبەش ڕێکبخات بێ ئەوەی پارتەکان دەستێوەردان بکەن.

## کۆتایی

ئەگەرچی کوردەکانی عێراق توانییان بەپەلە بۆشایی دەسەڵات لە ناوچە کێشەلەسەرەکان لە بەرژەوەندی خۆیان پڕ بکەنەوە بەڵام هەڵە ستراتیژیکەکانی ئەوان کە سەرچاوەی لە بێ ئەزموونی و نەناسینی چییەتی گرووپی داعشەوە داگرت بوە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێک لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵیان کردبوو، لە دەستیان بچێت. هەڵەکانی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی داعش بەهۆی ڕوانگەی سیاسی بوو کە کورد و زۆربەی کارناسان و شرۆڤەکارانی سیاسی لەسەر ئەم گرووپە بوویان و بەپێی ئەم ڕوانگە سیاسییە بوو کە کوردەکان لە لێکدانەوەکەی خۆیاندا زیاتر لەوەی کە هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە بەرانبەر هێرشی داعش، هەوڵیان دەدا بۆ لاواز کردنی دەوڵەتی مالیکی و بەرفراوان کردنەوەی دەسەڵات و دزەی خۆیان لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و هەر بۆیە ستراتیژی بەرگرییان گرتەبەر و دەستیان دایە هەڵکۆڵینی خەندەق.

ڕوانگەی کوردەکانی عێراق بە داعش وەک گرووپێکی میلیشیایی بوو و هەر بۆیە دوکتورینی بەرگری خۆی دارشتبوو و تەنیا پاش داگیر کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای نەینەوا بوو کە بارزانی ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ یەک گرووپ دا شەڕ ناکەن بەڵکوو ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بوونەتەوە.

کوردەکانی عێراق دوای پاشەکشێ لە بەرانبەر داعش دوکتورینی بەرگری خۆیان گۆڕا بۆ دوکتورینی هێرشبەرانە و تا ئێستاش توانیویانە لە بواری دیپلۆماتیک دا وڵاتانی جیهان قەناعەت پێبێنن کە یارمەتییان بدەن لە شەڕ دژی داعش.
لە کۆتاییدا بە لێکدانەوەی هەڵە ستراتیژیکەکانی کوردەکان لە شەڕ لەگەڵ داعش دەتوانین بەم دەرئەنجامە بگەیین کە ئەوەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ داعش دیاری دەکات نەک بەرژەوەندی و دەستکەوتە سیاسییەکانە بەڵکوو توانستی سەربازی ئەم گرووپەیە و ئەم گرووپەش بەپێی توانایی سەربازی خۆی و بە ستراتیژییەکی سەربازی ئامانجەکانی دەستنیشان دەکات و بەو پێیەش ناوی پێکهاتەکەی دەگۆڕێت و کاتێک کە تەنیا لە عێراق دا چالاکی دەکرد ناو خۆی نا "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق" و کاتێک بازنەی چالاکییەکەی تا سووریا بڵاو کردەوە ناوی گرووپەکەی نا "دەوڵەتی ئیسلامی شام و عێراق" و ئێستاش کە چاوی بڕیوەتە جیهانی ئیسلام ناوەکەی گۆڕاوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

بەشی دوویەم

## داعش زادەی سیاسەتی نادروست و ململانێی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات



نازم عومەر دەباغ

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و دواوەوە بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی بیری مارکسیزم و لینینیزم و دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا وەکو سەرمایەدار و کۆلۆنیالیزم دژی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سۆسیالیزم کەوتنە بەرنامەڕێژی بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم، هەروەها کە بینیمان ئەمەش لە ڕێگای پشتیوانیکردنی بزووتنەوە ئاینییەکان بە تایبەت بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە کرا چونکە ئەمانە لەگەڵ سۆڤیەت هاوسنوور بوون بە تایبەت دوای ئەوەی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد، کە دواتریش ئەفغانەکان گروپە سەلەفییەکانیان پێکهێناو بە سەرهەڵدانی ئوسامە بنلادەن لە عەرەبستانەوە، لە لایەن گروپە وەهابییەکانەوە پشتیوانی کراو توانییان تاڵیبان لە ئەفغانستان پێکبێنن، بە بەهێزبوونی ئەم گروپە بەرەو ئامانجی دیکە هاندران و لە کۆتاییشدا گروپی قاعیدەی لێ دروست بوو کە بوونە دوو باڵی سەرەکی توندڕەوی لە ناوچەکەدا، لە درێژەدا بوونە دژبەری ڕۆژئاوا و ئەمریکایان کردە ئامانج و لووتکەی ئەم دژایەتیکردنەش تەقاندنەوەی تاوەرەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیی بوو لە ١١ی سیبتەمبەری ٢٠١١.

دوای ئەوە ئەمریکا کەوتە بیرکردنەوەی تۆڵە و بۆ ئەم مەبەستەش هاوپەیمانییان دروست کرد و پەلاماری ئەفغانستان درا و تاڵیبان و قاعیدەیان شکاند بەڵام ئەمانە بە تەواوی لەناو نەچوون واش دیاربوو کە یان نەتوانرا یان خود مەبەستی ئەوەیان بوو کە لە داهاتوودا بە مەبەستی هەندێ مەرامی تایبەت بەکار بهێنرێن بەڵام ئاکامی نەخوازراوی ئەم بڕیارە ئەوە بوو کە قاعیدە و تەکفیرییەکان بوونە مەترسییەکی گەورە.

هەروەها کە بینیمان شەڕی ئەفغانستان، داگیرکردنی کوێت و قەیرانی عیراق هەموویان بە هاوپەیمانی کراو لە عیراقیش سەدام رووخێندرا و سیستمێکی نوێی سیاسی هاتە ئاراوە، لە ئەنجامدا هێزە بەعسی و تەکفیری و سەلەفییەکان لە



سەرچاوە
Serchawe

عیراقدا پەرش و بڵاوبوونەوەو کەوتنە دژایەتیکردنی عیراقی تازە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوە بوو کە پاشماوەکانی ئەمانە لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی وڵاتدا دوور نەخرانەوە کە ئەمەش پرسیارێکی گرنگ دروست دەکات، ئەم رەوتەش رۆژ لەدوای رۆژ رادەی خراپەکاری و تەقاندنەوەکانی خۆیان زیادتر کرد و ژمارەیەکیس لە قاعیدە و بەعسییە کۆنەکان رژانە سوریاوە. کە ئەوکاتیش سوریا بە بیانووی پارێزگاری لە پاشماوەی بەعس و هاوسۆزی بۆیان و دژایەتی کردنی دەسەڵاتی زۆرینەی کورد و شیعە داڵدەی دەدان.

لێرەدا پێویستە باسێک بکەین لەسەر ئەو بارودۆخەی لە ئەفغانستان و عیراق و ناوچەکە هاتە کایەوە بە خراپ ئیدارەکردنی رژێمەکان و هەست نەکردن بە دەرهاوێشتەژکان کە بوونە هۆی سازکردنی زەمینەیەک کە هەرچی زیاتر تەکفیری و سەلەفییەکان گەشە بکەن و شان بە شانی ئەوانیش قاعیدە چالاکییەکانی خۆی گەشە پێدا. لە ئەوروپا و جیهانی دەرەوەشدا ئەم بیروباوەڕانە کەوتنە ناو فیکر و هزری گەنجە موسڵمانەکانەوە کە لە بارێکی دەروونی جیاوازدا دەژیان، هەروەها لە عیراق و سوریاش زەمینە و بارودۆخێک ئامادە کرا کە زیاتر گەشە بکەن چونکە دەسەڵاتی عیراق کەوتە دەست زۆرینەی شیعەوە کە بە خراپ ئیدارەکردنی رژێم لە لایەن مالکییەوە و دەرپەراندنی سوننەکان و باش خزمەت نەکردنی هاووڵاتیانی عیراق بە تایبەت لە ناوچە سوننەنشینەکانی وایکرد رێژەی نارەزایی و دژایەتی دژی حکومەتی عیراق و دەوڵەتی قانون گەشە بکات، تا ئەو ئاستەی کە چەندین جار خۆپیشاندان و جۆرێک لە راپەڕین دروست بوو کە بووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی فەلوجە و ئەنبار.

لە سوریادا بە دەستێوەردانی دەرەکی و لە هەندێ لاوە بە تایبەت بە گواستنەوەی سیاسەتی تاکرەوی و خۆسەپاندنی رژێمی بەشار ئەسەد زەمینەیەک سازکرا کە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە کێشەو راپەڕین دروست ببێت، بە تایبەت لە لایەن ئیخوان و سەلەفییەکانی حەڵەب و حمس و... هەروەها نارەزایی کوردەکان لە حکومەتی ناوەندی کە مێژوویەکی کۆنی هەیەو شوناسی کوردی لەم وڵاتەدا ساڵانێکی زۆر پشتگوێ خرابوو و سەرەکیترین مافە ئینسانییەکانی کوردەکان پێشێل کرابوون، لە ئاکامدا بە دابەزاندنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی رێگا بۆ چالاکی گروپە سەلەفی و تەکفیرییەکان کرایەوەو بەمەش چالاکییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشە پێدا.

جەماعەتێکیش بەناوی ئەرتەشی ئازاد و نوسرەی ئیسلامی و هەروەها کورد کەوتنە دژایەتی کردنی بەشار ئەسەد، لێرەدا بوو کە تورکیا، عەرەبستان، قەتەر و وڵاتانی ئەوروپایی بە مەبەستی جیاواز و بە شێوەی راستەوخۆ کەوتنە پشتیوانی کردنی هەموو ئەوانەی دژی بەشار ئەسەد بووبوونەوە، جگە لە کوردەکان کە ئەوانیش رێگایەکی دیکەیان گرتە بەر.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دوویەم**

لەم بارودۆخەدا قاعیدەی عیراق و کۆنە بەعسییەکان بەرهەڵستکارەکانی خۆیان گواستەوە بۆ سوریا و تێکەڵ بوون بە ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوری و کوردیان پەراوێز خست، پشتیوانییە بێ حیساب و لەرادە بەدەرەکان بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا بووە هۆی بەهێزبوونی ئەوانەو لە دواییدا سەیرکرا کە ئەمانە لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەردەچن و بێ توانایی ئەرتەشی ئازادی سوریاش وایکرد کە بەعسییە سەدامییەکان و قاعیدەی عیراق زۆر بەهێزتر بن.

دوای ئەم بەهێزبوونە بوو کە قاعیدەی عیراق، بەعسییە کۆنەکان، سەلەفییەکان، تەکفیرییەکان و بەشێک لە ئیخوانی سوریا یەکیان گرت و دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شامیان دروست کرد، واتا "داعش". بەرنامەی داعش پێکەتابوو لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، قبوڵنەکردنی هەموو بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆجیایەکی دیکە جگە لە خۆیان و تەکفیرکردنی هەموان، کەوتنە کاری تیرۆریستی و کوشتن و بڕین و تۆقاندن، لەم ڕەوتەشدا تا ئەو جێگایەی گەشەیان کرد کە چالاکییەکانی خۆیان لە سوریاوە گەیاندە عیراقیش و توانی لە ناوچە سوننەنشینەکانی عیراق، موسڵ، تکریت و بەشێک لە ناوچەکانی سامەڕاو کەرکوک و دیالە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و توانییان ئەمانە ببەستن بە فەلوجەو ئەنبارەوە، کە هۆکاری یەکەمی ئەم سەرکەوتنەشیان بێتوانایی سوپای عیراق بوو کە مالکی بە متمانە لەسەر کۆنە ئەفسەرەکانی بەعسی ناو سوپای عیراق پێکی هێنابوو بۆیە لە ماوەیەکی کورتی چەند کاتژمێری نزیک یەک سەد هەزار سەربازی عیراقی پەرش و بڵاوبوونەوە و ناوچەکە کەوتە دەست داعش و تەنها ئەو ناوچانە مانەوە کە پێشمەرگەی کوردستانی لێبوو.

ئەمە ئاکامی ئەو بارودۆخە بوو کە بە هۆی خراپ ئیدارەکردنی مالکییەوە هاتبووە ئاراوەو زۆرینەی سوننەی بێبەش کردبوو کە بووە هۆی گەشەکردنی داعش و دژایەتیکردنی مالکی لە لایەن سوننەکانی لێکەوتەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە یەکگرتنی نێوان بەعسییەکان، قاعیدە، سەلەفی و تەکفیرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە ئیسلامییەی کە لە سەرەتای دامەزرادنی بەعسەوە بڕوای بە یەکگرتوویی سوریا، میسر و عیراق بوو و ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ کەوتوونەتە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەو هەوڵی زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەدەن.

داعش بە پشتیوانی ئەوانەی کە لە عیراقی یەکگرتوو و بەهێزبوونی کورد و شیعە ڕقیان بوو و ماوەیەک لە بیری تۆڵەسەندنەوەدا بوون کەوتنە زیاتر پەلاماردان و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتەکانیان کە بەندە لە چاوپێکەوتنێکدا لە رابردوودا باسم لەوە کرد کە لە هەلێکی ڕەخساودا داعش پەلاماری کوردستان دەدات و ئەوە بوو کردی.
ئەڵبەت هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوەکانی ناوچەکە بوو، دوای هێرشی داعش بۆ سەر



سەرچاوە Serchawe

کوردستان زیاتر لە هەمیشە هەست بە مەترسییەکانی داعش کرا و بۆیە دەم و دەست جیهان شڵەژاو کەوتنە هەڵوێست وەرگرتن و هەڵوێست دەربڕین، کە لەم بوارەدا وڵاتانی ناوچەو جیهان لە دوو بەرەدا دابەش کران:

١- ئەو وڵاتانەی کەوتنە جموجۆڵ بۆ پشتیوانیکردنی عیراق و کورد لە بەرەنگاربوونەوەی داعش.

٢- ئەو وڵاتانەی لە نزیک یان دوور بێدەنگ بوون و هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان نەنواند دژی داعش.

ئەم دابەشبوونە هەڵگری راستییەکە، بۆ ئەوانەی ئامادەی هاوکاری سەربازی و مرۆڤایەتی بوون و لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتییەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش نابێت جارێکی دیکە لەبەر مەرامە تایبەتییەکان و بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە کاتی واتا لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا هاوکاریی یەکتر بن و دوایی لێبگەڕێن و رووداوەکانی داهاتوو هاوشێوەی رابردووی ئەفغانستان و عیراق دووپات ببنەوە. ئەگەر چاوێک بە ئەزموونی وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا بخشێنین دەبینین کە ئەگەر پلان و بەرنامەی توکمە و دووربینانە نەبێت داعشێکی خراپتر و برینداریتر دەکەوێتە گیانی مرۆڤایەتی و جیهان و ناوچەکە تووشی مەترسی دەکات. نەهێڵین ناوچەکەو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین ببنە خۆراکی کێشەکان و کێشە دوولایەنە و چەندلایەنەکان لەسەر گیان و ماڵی ئەمان یەکلا نەبێتەوە، بەداخەوە زۆر جاریش بە لەناوبردنی دیکتاتۆرێک، دیکتاتۆرێکی خراپتر هاتووەتە سەر دەسەڵات و ئەمەش وایکردووە کە خەڵک هەوڵی لەناوبردنی بەردەوامی دیکتاتۆرە نوێکان دەدەن و بەداخەوە ئەم بارودۆخە زۆرجار بەردەوام دەبێت.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم داعش زۆر لەو قەبارەیە بچوکترە کە هەیە چونکە پێکهاتەی داعش پێکهاتووە لە بەرەیەکی زۆرێک لەو سوننانەی دژی حکومەتی نوێی عیراقن کە خاوەن بیرورای جیاوازیشن بە تایبەت لە بواری دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی و داهاتووی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکەو جیهاندا.

نابێت لە یادیش بکەین کە داعش هێزێکی بێوڵات و بێ نیشتمانە، داعش بە جۆرێک یەکەمین رێکخراوی تیرۆریستی جیهانە کە فۆرمی نێودەوڵەتی لەخۆ گرتووە، لە گرنگترین ئامانجیان دامەزراندنی وڵات و نیشتمانێکی تایبەت بە خۆیانە، لە ئێستادا توانیویانە تا رادەیەک ئەم ئامانجە بێننە دی، بۆیە شەڕی ئێستا بۆ ئەوان شەڕی مردن و سەرکەوتن یان مان و نەمانە، ئەوان بە دڵنیاییەوە دوای خۆیان و بە شکست خواردنیان لە عیراقدا، تەنها و تەنها وێرانی بەجێ دەهێڵن. ئەگەریش سەرکەون بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەنەوە کە ئەڵبەت هیچ هێزێکی ئیسلامی دیکە پشتیوانییان ناکات، چونکە داعش لە خۆیدا ناتوانێت هیچ خوێندنەوەیەکی دیکە لە ئیسلام پەسەند بکات، بۆیە لەناوبردنی و



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دوویەم**

**ریشەکێشکردنی ئەم گروپە پێویستەو دەبێت بە پلانێکی توکمە لەناو ببرێن، لە هەمان کاتدا زەمینەکانی سەرهەڵدانی وەها گروپێک لە ناوچەکەدا وشک بکرێت، ئەزموونی رابردوو سەلماندوویەتی بە سەرهەڵدانی گروپە نوێکان، رادەی توندڕەوی و تاوان و جەنایەتەکانییان گەشە دەکات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## گرینگترین کێشە و بەرەی ستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چییە؟




**مایکڵ دۆران**

دامەزراوەی برۆکینگز لە وتارێکی شرۆڤەیی و لە نووسینی مایکڵ دۆران هاوکار و ئەندامی باڵای ناوەندی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و شرۆڤەکاری باڵای پرسە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تیشک دەخاتە سەر هەلومەرجی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لێکیدەداتەوە.

**کوردپرێس**؛ نووسەری ئەم بابەتە چەندین مژاری گرینگ و لەوان سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی داعش، پرسی بەرنامەی ناڤۆکی ئێران و پەرەگرتنی دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە بە گرینگترین کێشە و بەرەکانی بەردەم ئەمەریکا دەزانێت و هەروەها چەند ڕێکارێک بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیل دەخاتەڕوو بۆ درێژەپێدانی هەلومەرجی ئێستای پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین.

لە وتارەکەدا هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ دروست کردنی ئاشتییەکی جێگیر لەگەڵ فەلەستین بە نرخ لێکدراوەتەوە کە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت هەوڵەکانی خۆی لەسەر پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لەوان پرسی ئێران و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی داعش چڕ بکاتەوە.

**– هێشتاکەش چارەسەربوونی قەیرانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین زۆر دوورە**

سەرەڕای خواستی زۆری ئەمەریکا و ئەورووپا بۆ ناو بژێڤانکاری و چارەسەرکردنی قەیرانی ئیسرائیل و فەلەستین ئێستاشی



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ بێت گەیشتن بە ئاشتییەکی سەقامگیر دوورە. لە ئێستادا ماوەی ٤٧ ساڵ لە شەڕی شەش ڕۆژە تێدەپەڕێت و کاتی ئەوە هاتووە وای بۆ بچین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هیچ شتێکی دیکە وەکوو ڕێککەوتنێکی کاتی، جێگیر و هەمیشەیی نییە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئێستا ئەمەریکا چ دەورێک دەبینێت.

**– گەیشتن بە ئاشتییەکی سەقامگیر لە دەوڵەتی ئۆباما و تەنانەت دەوڵەتەکانی داهاتووش زۆر ئاستەمە**

دەبێ سەرکردەکانی ئەمەریکا یەکجار و بۆ هەمیشەیی ئەو بیرۆکەیە ڕەتبکەنەوە کە ململانێیەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بە گرینگترین کێشەی ستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دادەنێت.

لە حاڵێکدا هیچ یەک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمەریکا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە فەرمی دانیان بەو بیرۆکەیە دانەناوە بەڵام لە سەردەمی جەیمی کارتر بە دواوە و سەرجەم وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا لە سایرۆس وەنس بە دواوە باوەڕیان بە ئەم بابەتە بووە کە داڕشتنی سیاسەتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە مانای دەستپێکردن و چاودێری کردنی "پڕۆسەی دروست کردنی ئاشتی" دەبێت.

بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە گەیشتن بە ئەو ئاشتییە لە دەوڵەتی ئۆباما و دیکەی دەوڵەتە داهاتووەکانی ئەمەریکاش دوور بێت و دەستیان نەکەوێت. تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێککەوتنەش لواو بێت سوودەکانی ئەمەریکا بۆ ئەمەریکا زۆر کەمترە لەوەی سەرکردەکانی ئەمەریکا چاوەڕوانی دەکەن.

**– گرینگترین هەڕەشەکانی دژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین**

بەڵام پاساوی ئەم بابەتە بۆ ئەمەریکا چییە؟ ئەم بابەتە زۆر هۆکار لە خۆ دەگرێت بەڵام هۆکاری گرینگ و مانای دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ململانێیەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بۆتەهۆی هەژاندنی ڕای گشتیی جیهانی و سەرەنجی میدیا جیهانییەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

سەرۆک کۆمارەکانی ئەمەریکا تا ئێستا ئەم گرێتینە سیاسییەی بابەتەکەیان تێکەڵ کردووە بە گرینگایەتی ستراتیژیکی بابەتەکەوە. ئەگەر ململانییەک بتوانێت گرژییەکی لەم ئاستە دروست بکات.

## بەشی دوویەم

بە بێ گومان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پرسە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان بەڵام ئەوە ڕاست نییە.

لە ئێستادا سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) و بەرەوپێش چوونی بەرنامەی ناڤۆکی ئێرانە و هەروەها پەرەگرتنی نفووز و کاریگەری ئێران لە سەرتاسەری ناوچەکە و ئەمانەش هیچ پێوەندییەکی نییە بە ململانێیەکانی ئیسرائیل و فەلەستێن و بە تەواوەتی جیاوازە.

تەنانەت ئەگەریش ڕێککەوتننامەی ئاشتی واژۆ بکرێت ئاسۆی سیاسی داهاتووی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناڤین وەک خۆی دەمێنێتەوە و گەلێک کێشە و بەرەی قورس دەخاتە بەردەم ئەمەریکا.

### - بەرەو ڕووبوونەوەی پرسەکانی ئێستا گەلێک کێشەی قورس بۆ دەوڵەتی ئۆباما دروست کردووە.

بەرەوڕووبوونەوەی ئەم پرسانە و چارەسەرکردنی ئەم هەڕەشە گرینگانە گەلێک کێشەی بۆ دەوڵەتی ئۆباما دروست کردووە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئۆباما هەوڵ ئەدات بۆ ڕازی کردنی ئێران و وەستاندنی بەرنامەی ناڤۆکی ئێران و هەروەها جێگیرکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراق و سووریا لە لایەکی دیکەوە ئۆباما و دەوڵەتەکەی خۆیان دوور دەگرن لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و تەنانەت قبوول کردنی دەوری ڕێبەرایەتی ئەمەریکا لە پرس و بابەتە گرینگە جیهانییەکان.

### - مامڵەی دووفاقی ئەمەریکا لەگەڵ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین

پێدەچێت لە ئێستادا ئۆباما بە ڕاگەیاندنی ستراتیژیای نوێی وڵاتەکەی بۆ "لاوازکردن و لە ناوبردنی گرووپی تیرۆریستی داعش" ئەو دووری گرتنەی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ڕێبەرایەتی جیهان شکاندبێت، بەڵام کەمپەینی سەربازی نوێ دژ بە هەڵوێست و سیاسەتە پێشووەکانی ئۆبامایە لە عێراق و سووریا و ئێستاش کردەوەی دووفاقی و ناتەبای ئۆباما ئێستاش دەردەکەوێت.

ئۆباما لە لێدوانێکدا تەنیا باسی هێرشە ئاسمانییەکانی کرد بۆ سەر داعش کە تەنیا ئەو گرووپە لاواز دەکات و لە ناوی نابات بۆیە ئۆباما ئێستاش دوو دڵە و نیگەرانە و ئەگەرچی لە ڕووەوە ئامادەی شەڕە بەڵام لە ناخەوە لە ڕێگایەکی دەرچوون لەم قەیرانە دەگەڕێت.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

- مژاری هاوکاری ئەمەریکا و ئێران هۆکاری نیگەرانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبییە

ئیسرائیل بە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی مەترسی و هەڕەشەکانی ئاشتی لەگەڵ فەلەستین پێویستی بە پشتیوانی و پشتیوانی ئەمەریکایە بەڵام بەوەشەوە بەڵێنە درێژخایێن و پابەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە جێ پێشبینی کردن نییە.

نەک هەر نەتەنیاهو بەڵکوو عەرەبستان، میسر، ئەردەن و ئیماراتیش پرسیاریان خستەسەر توانا و متمانەی ئەمەریکا بەتایبەت پاش ئەم هەلومەرجەی ئێستا و لە بەرەنگاربوونەوەی داعش پەیامە دژ بە یەکەکانی ئۆباما هاوکاتە لەگەڵ هاوکاری قووڵ تری ئێران و ئەمەریکا (ئێران وەکوو گەورەترین ڕکابەری هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەرمەریکا)

- هێزی سەربازی ئێران بە فەرماندەیی "قاسم سلێمانی" ئیمرالیان ئازاد کرد

یەک هەفتە پێش لێدوانەکەی ئۆباما هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمەریکا تیشکیان خستەسەر ئەو هێزە سەربازییەی کە شاری ئامرلی لە گەمارۆی داعش ئازاد کرد لە حاڵێکدا کە فڕۆکەکانی ئەمەریکا هێرشی ئاسمانیان دەکردە سەر مۆڵگەکانی داعش. هێزی سەربازی شیعە و سەربازانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە شەڕی زەوینی داعشدا بوون. تەنیا هێزێکی شیعە کە لە ئێرانەوە مەشقیان پێکرا بوو توانیان کۆنترۆڵی ئەو شارە بگرنەوە دەست و سەرجەم ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ئەم هێزانە لە ژێر فەرمان و چاودێری قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قورسی ئێران کاریان کردووە.

- ئایا ئەمەریکا باڵی یاریدەری ئێران بوو بە هێرشە ئاسمانییەکان؟

ئایا لەم ئۆپراسیۆنە ئەمەریکا بە هێرشە ئاسمانییەکان وەکوو باڵی یاریدەری ئێران کاریکردووە؟ ئایا هەڤگرایی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا لە شەڕی داعش دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی داواکارییەکانی واشنتحن لە بارەی بەرنامەی ناڤۆکی ئێرانەوە؟ ئایا واشنتۆن بەهۆی سەرنجی زیاتری ئێران چیتر گرینگی ناداتە ڕاوێژ و نیگەرانییەکانی هاوپەیمانە هەمیشەییەکانی لە ناوچەکە؟ هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمەریکا کە بەهۆی تووشی ئەم دوو دڵی و نیگەرانییە ببوون بە ئامانجی پاراستنی خۆیان لەم هەلومەرجە هەستان بە پێکهێنانی ئیئتیلافێک کە لەگەڵ هەموو وڵاتان و لەوان ئیسرائیل هاوکاری و پێوەندی باشی هەیە.

بێنیامین نەتانیاهو لە لێدوانەکانی ئەم دواییەی خۆی ئاماژە ئەداتە ئەم گۆڕانە بەرچاوە لە ناوچەکە باس لە "ئاسۆی سیاسی نوێ" دەکات لە ناوچە.



سەرچاوە Serchawe

ئەوەش دیار نییە کە ئاخۆ ئەم ئیئتیلافە نوێیە چاوەڕوانییەکانی تورکیا بەدی دەهێنێت یان خۆدنا و ئەوە پێویستی بە تێپەڕینی کاتە بەڵام ئەم ڕووداوە لە خۆیدا دەتوانێت ببێتە بناغە و بنەڕەتێک بۆ ستراتیژیای نوێ و گشتگیری ئەمەریکا.

**– هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دۆخی ئێستای نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا**

دروست کردنی ئیئتیلافی بەربلاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ ئەوەی پێشوازی بکەین لە یەکگرتووریی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەش تەڤلی ئیئتیلافەکە بکەین. ئەوەش لە خۆیدا دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەمەریکا کە نەک هەر گرووپی داعش بە تەواوەتی تێک شکێنێت بەڵکوو هاوکات ئێران و سووریاش بخاتە پەراوێزەوە.
جگە لەوەش ئەمە دەتوانێت یاریدەر بێت لە پاراستنی دۆخی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین هەر وەک پێشتر ئابرامز لە ڕاپۆرتی خۆیدا باسی دەکات.
زۆربەی ئیسرائیلییەکان و تەنانەت ژمارەیەکی زۆری سیاسەتوانەکانی باڵی ڕاستی دەوڵەتی ئیسرائیل دژ بەوەن ئیسرائیل فەرمان بکاتە سەر زیاتر لە ٤ میلیۆن فەلەستینی و بۆیە تەنانەت ئەگەر هیواکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن دابەزێت بەوەشەوە ڕێگەچارەی "دوو وڵات" وەکوو تاکە بەربژارە و ڕێگا لەم هەلومەرجەدا دەمێنێتەوە.

**– دروست کردنی ڕێککەوتنی نافەرمی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین**

لە گۆڕەپانی ململانێ و کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەکرێ لە جێ هەوڵ بۆ دیداری نەتانیاهوو و مەحموود عەباس و یان هەوڵ یا چارەسەر کردنی سەرجەم ناکۆکی و شەڕەکان ئەم ئیئتیلافە نوێیە بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەتوانێت سیاسەتێکی میانەڕەو و بەسوودتر بەدی بهێنێت ئەوەی کەم هەلومەرجەی ئێستا بە کەڵک و گونجاوە دروست کردنی یەکپارچەییەکی سەقامگیر و سەربەخۆ لە کەرتی ڕۆژئاوا.

هەڵبەت ئەو یەکپارچەییە ناکرێت بە شێوەی فەرمی بریتیبێت چونکە قبووڵ کردنی ئەو کارە بۆ فەلەستینییەکان بە مانای وازهێنانیانە لە مافە نەتەوایەتییەکانیان، بەڵام پێدەچێت ڕێگای هەبێت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێک یاسای نافەرمی لەم هەلومەرجەدا یاسایەک کە بتوانێت ئەم دۆخەی ئێستا بەهێزتر بکات و تەنانەت ڕێککەوتنی زیاتری لێکەوێتەوە و هاوکات یاریدەر بێت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەر دوو لا دەکرێ ئەو کۆمەڵە یاسایە وەکوو ڕێککەوتنێکی نەنووسراو دابنرێت.

**– کردەوەکانی ئیسرائیل بۆ پاراستن و بەردەوامی ڕێککەوتنی نەنووسراوە لەگەڵ فەلەستین**



سەرچاوە
Serchawe

بۆ نموونە هەڵوێستی ئیسرائیل لە درێژەپێدانی دروست کردنی شارۆچکەی زیاتر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری ئەم ڕەوشە نوێیە دروست دەکات و بە مانای پێشێل کردنی ئەو ڕێککەوتنە نەنووسراوە دێت لە لایەن ئیسرائیلەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕێگا دەکاتەوە بۆ نارەزایی دەربڕینی ئەمەریکا و هاوپەیمانە نوێیەکانی ئیسرائیل (وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە) لە بەرانبەردا ئەم ڕێککەوتنە نەنووسراوەیە دروست کردنی شارۆچکەکانی لە سنوورەکانی ناوخۆی ئیسرائیل و شارەکانی ئیسرائیل بە مەترسییەکەی جیددی لێکداتەوە چونکە دواجار لە کۆتاییدا هەموو لایەک لەسەر ئەم بابەتە کۆک دەبن کە ئەو ناوچانە بە بەشێکی خاکی ئیسرائیل دادەنرێن.

**- نموونەیەکی لەمبارەوە گەڵاڵە بەرفراوان کردنی ناوچەیی A دەبێت.**

بەشێکی کەرتی ڕۆژئاوا کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە کۆنترۆڵی فەلەستینییەکان دایە بەڵام لێرەشدا ئەگەرچی گەیشتن بە ئاشتییەکی تەواو نامومکین دەبێت بەڵام دەکرێ ئەو ناوچە هێدی هێدی بەرفراوان بکرێت تاکوو تێکەڵ ببێت بە ناوچەی B کە کۆنترۆڵ کردنی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دابەش کراوە.
هەروەها ئەوەش لواو دەبێت کە ناوچەی B بەرفراوان بکرێت تاکوو بەشێکی ناوچەی C لە خۆ بگرێت کە بە تەواوەتی لە کۆنترۆڵی ئیسرائیل دایە

**- نابێت ئەمەریکا پرسە گرینگەکانی ناوچە لە یاد بکات**

لە بەرانبەر پشتیوانییەکی لەم جۆرە بۆ جووڵەی فەلەستین بەرەو سەربەخۆیی ئیسرائیل دەتوانێت هەندێ داواکاری ڕەوای لە دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین و وڵاتانی عەرەبی پشتیوانی فەلەستین هەبێت و داوایان لێ بکات لە بەرانبەردا هەڵوێستی هاوشێوە لە پرسە ئەمنییەکان بنوێنن.

چاودێری کردن و ئیدارەدانی پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەم ڕێککەوتنە نەنووسراوەیە کارێکی وا نییە کە شایەتی بەدەست هێنانی خەڵاتی نوبێلی ئاشتی بێت بەڵام گرینگایەتی ئەم کارە لەوە دایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لەوان بەرەنگاربوونەوەی داعش و پرسی ئێران لە یاد نەکات.

ژێدەر: ماڵپەڕی ئیشراف

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئاستەنگی شەڕی ناتۆ لەگەڵ داعش، لە نێوان تورکیا و کوردا



**عارف باوەجانی**

سیاسەتی شەرکردن و لە بەین بردنی گرووپی تروریستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام داعش بووەتە پلانی کاری سەرەکی ئەمساڵی ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی ناتۆ. بە تایبەت لە کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی هاوپەیمانی ناتۆدا لە سەپتەمبەری ٢٠١٤، کە سەرۆکی ٢٨ وڵات لە شاری نیوپۆرتی وێڵزی بەریتانیا بەڕێوەچوو. لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوە لوتکەیەدا بە تێکرا لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کەرێکخراوی داعش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر جیهان، و بە تایبەت یەکێک لە وڵاتانی ناتۆ کە تورکیایە، کە هاپێچی تورکیا ئاماژەش بە مەترسی لە سەر ئێراق و سوریاش کرا. بریار درا کە ناتۆ لە جەنگدا بێت بۆ لە بەینداني داعش. هەر لەو کۆبوونەوەش کە ئەو کات مەسەلەی کۆبانی نەهاتبووە پێش ئەندامانی هاوپەیمانی ناتۆ لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە هاوکاری و پشتگری ئەمنی بۆ کوردستان و ئێراق بنێرن.

### کورتە پێناسەیەکی ناتۆ.

**ناتۆ یان ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی، کە بە ئینگلیزییەکەی دەبێتە،**

**North Atlantic Treaty Organisation ) NATO)**

ئەم ڕێکخراوە لە ٤ - ٤ - ١٩٤٩ لە واشیینگتۆن دی سی دامەزراوە. لە سەردەمی کۆتایی شەری دووەمی جیهانی لەو کاتەدا لە لایەن ١٢ وڵاتی هاوپەیمانی دەریای ئەتڵەسی، لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئەم ڕێکخراوە هاوبەشە دروستبکەن. کۆنگرە بە کۆنگرە ژمارەی ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە پەرەی سەند. ئیستا ژمارەی وڵاتانی ئەندام ٢٨ وڵاتە. سکرتێری گشتی

## بەشی دوویەم

ئێستای ناتۆ (یان سۆێلتەنبەرگ) سەرۆكوەزیرانی پێشووی وڵاتی نەرویژە.

وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ بریتن لە ئەمریكا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، توركیا، لاتیڤیا، ئیسپانیا، هۆڵەندا، بەلجیكا، پورتوگال، كەنەدا، كۆماری چیك، دانیمارك، بولگاریا، یۆنان، نۆرویژ ، كرواتیا، كرواتیا، رۆمانیا، ئەستۆنیا، مەجەرستان، ئایسلەند، ئەلبانیا،لیتوانیا، لۆكسەمبۆرگ، سلۆڤاكیا، سلۆڤینیا.

هەروەهابارەگای‌سەرەكی‌رێكخراوەكەلەشاری‌برۆكسلی‌پایتەختی(بەلجیكا)یە.

### توركیا بۆ لە بەرامبەر بە شەری داعش وا دەكات.

توركیا كە یەكێكە لە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ و بە پێی هەڵكەوتە جۆگرافیایەكەی بۆ ناتۆ گەلێک گرنگە، هەربۆیەش ناتۆ زۆر جار لەبەر بەرژەوەندییەكانی توركیا زۆر كاری خۆی لەو وڵاتەوە ئەنجام نەداوە.

لە بواری نزیكبوونەوەی داعش بۆ سەر شاری كوبانی كە دەبێتە هاوسنووری باكوری كوردستان، كە خراوەتە سەر توركیا و كە یەكێكە لە وڵاتانی ناتۆ. ئەم دۆزەش زیاتر ناتۆی سەرقاڵكردوە كە چۆن بەرەنگاری داعش ببنەوە. لەم بوارەوە ناتۆ و جیهان بە باشێ سیاسەتی نارونی توركیا لەبەرامبەر بە داعش هەست پێدەكەن.

بگرە بۆچوونی زۆربەی ناوەند و ئەنیسیتۆ و رۆژنامەكانی جیهانیش بە ڕاشكاوانە باسی هاوكاری توركیا لەگەڵ داعش دەكەن. هیندێک بەڵگەی ئاشكرا بووی ناوخۆی توركیا لە ڕێگەی میدیاكانیانەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بەڵام ئایا توركیا بوونی ئەم گروپە بە مەترسی نازانێت یا چی مەبەستێكی دیكەی هەیە لە پشتگیری كردنی ئەم گروپە.

توركیا هەمیشە لای مەبەست بووە كە كورد لە هیچ كام لە رووداوەكانی ناوچەكە پر دەستكەوت نەبێت. ئەمەش وەک میراتێكی مێژویی لە ئەتاتورک و پەیمانە شوومەكەی لۆزانەوە بۆیان ماوەتەوە. هەر لە یەكەم شەری ئەمریكا لەگەڵ ئێراق لە ساڵی ١٩٩١ بە ئاشكرا توركیا نیگرانی وڵاتەكەی لە پێشكەوتنی كورد لە ئاكامی ئەو شەرە بە جیمس بیكری وەزیری دەرەوەی ئەو كاتی ئەمریكا وتووە. دیسانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەگەری ڕەزایەتی دەربرینی بە كارهێنانی خاكەكەی بۆ شەری دژی ئێراق، چەند مەرجی دژواری هەبووە كە هەموو مەرجەكانی بە دژی كورد بووە.



سەرچاوە
Serchawe

کە مەرجەکانی قبووڵ نەکرا و لە شەری ٢٠٠٣ ئەمریکا بە دژی ئێراق بەشداری نەکرد، و بگرە رێگەشی نەدا لە رێگەی ئاسمانی وئەرزیشەوە لە ناوچەی تورکیا بۆ هێرش بردنە سەر ئێراق کەڵک وەرگیرێت.

بەردەوامیش لە رێگەی ناتۆ و چالاکیە دیپلوماتییەکانی لە ئاست جیهان بە دژی کورد کاریکردوە. هەوڵێکی زۆر و باجێکی زۆریدا بە ئەمریکا بۆ ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان بخاتە نێو لیستی تروریستی ئەو وڵاتەو وڵاتانی ئوروپاییەوە. هەروەها بەردەوام لە هەوڵداندابوو بۆ داخستنی تەلەفزۆینە کوردییەکانی نزیک لە پێکاکا بۆ ئەوەی دەنگی ئەو رێکخراوە نەگاتە نێۆ کوردانی باکور. بەڵام هەرچەند توانی کاناڵەکانی میدیا و مید و رۆژ بە داخستن بدات، لەو پرۆسەی شکەستی هێنا وچوون هەر تەلەفزۆینێکی بە دانی خەرجێکی زۆر بە داخستن دەدا، دەبینرا رۆژی دواتر و بە ناوێکی دیکەوە هەمان تەلەفزۆین دەستبەکار دەبووەوە. تورکیا دەزانێت کە گەریلاکانی پێکاکا و لایەنەکانی دیکەی نزیک لە پێکاکا لەم چەند ساڵانەدا تەنیا بە کەلەشینکۆف و چەکی سووک ئەمنیەتی ئەو وڵاتەیان بە تەواوی خستووەتەوە مەترسییەوە. تورکیایان تووشی خەرجییەکی زۆری سەربازی کردوە.

ترسی لەوە هەیە کە ئەگەر چەک و کەرەسەی سەربازای پێشکەوتوو بگاتە یەکینەکانی پاراستنی گەل، دەبێتە هۆی بە هێزبوونی کانتونەکانی کوردی لەو هەرێمانە. ئەمەش بۆ تورکیا زیاتر نیگرانی دروست دەکات.

تورکیا بە ناتۆی وتووە ئەگەر ئێوە هێزەکانی یەپەگە پر چەک بکەن بە مانای ئەوەیە پێکاکا پر چەک دەکەن بە دژی وڵاتێک کە ئەندامی خۆتانە. ئەم جۆرە بیانوو دۆزینەوەی تورکیا بۆ ناتۆ نیگرانی درستکردوە. لە حەفتەی پێشوو دیتمان کە سکرتێری گشتی ناتۆ بەسەردانێکی رەسمی گەیشتەوڵاتی تورکیا، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا چۆر چۆلۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا. یەکێک لە قسەکانی بۆ رۆژنامەنووسانی ئاشکرا کرد، کە ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی بۆ تورکیا ئەوەیە کە ناتۆ ئاواتە خوازە هەموو وڵاتانی ئەندام لەم هاوپەیمانییە بۆ لەناوبردنی تیرۆر یەکهەڵوێستبن و رازی نەبن. وەزیری دەرەوەی تورکیا لە وڵامی رۆژنامە نووساندا وتی وڵاتەکەمان سیاسیەتی تایبەت بە خۆمان هەیەبۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لەناوچەکەدا. بە لایەکی دیکەوە منەتی ئەوەی خستە سەر جیهان کە نزیکەی ملۆێن و نیوێک پەنابەری کورد و غەیرە کورد لە سوریا ئاوارەی تورکیا بوون و ئێمە خەرجیان دەدەین. باسی ئەوەشی کرد کە هاتنی داعش بۆ سەر سنوورەکانی تورکیا مەترسییەبۆ سەر ئارامی وڵاتەکەمان، بەڵام ئێمەهەموو ئامادەکارییەکەمان کردوەبۆ بەرەنگاربوونەوەیان. یانی بە کورتییەکەی داگیرکردنی کوبانی بۆ ئەوان گرنگ نییە بەڵام ئەگەر بێنە پێشترەوە ئەو کات بەرەنگارییان دەبنەوە. بۆ مەسەلەی پەنابەریش دیارە تورکیا ئاواتی ئەوەیە لە ناوچە کوردستانیەکان هەمیشە شەر و نا ئارامی بێت و خەڵک بە ناچاری ئاوارەی لای ئەوان بن، و کورد هەمیشە داماو و زەلیل بکرێت، تا ببێتە مەترسیەک بۆ سەر کوردانی

## بەشی دووەم

باکوریش، هەرچەند ورەی کوردانی باکور هەرگیز دانەبزیوەو پێچەوانەکەشی لەم حەفتەدا بینرا کە چی نائارامییەکی خستە ناو تەواوی تورکیاوە. یان سۆلتەنبەرگی سکرتێری گشتی ناتۆ نەیشاردەوە کە سەردانەکەی بۆ تورکیا بۆ ئەوەیە کە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە داعش تێبگات. ئەوەشی دووپاتکردوە کە داعش مەترسیەبۆ هەموو جیهان نەک تەنها بۆ وڵاتانی عیراق و سووریا، هەروەها ناتۆ ئامادەیەهەموو جۆرەهاوکاریەک پێشکەش بەوڵاتی تورکیا بکات لەپێناو بەگژداچوونەوەی تیرۆر لەناوچەکە.

لە ناو ئاخانی قسەکانیدا چەند جار باسی لە زەرورەتی یەکبوونی وڵاتانی ناتۆ دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر بە داعش، بە قسەکانی ناوبراودا دیارە کە ناتۆ لەگەڵ تورکیا کێشەیەکی گەورەیان هەیە بۆ لێدانی داعش و هاکاری کردنی کوردانی رۆژئاوا.

### کورد دەبێت چی بکات.

کورد بە هۆی لێهاتووی و خۆراگری وبەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ گەورەترین گروپی تروریستی جیهانی لە مێژوودا، میدیای جیهان و ناتۆ، رێکخراوە مەزنەکانی جیهان و وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی تووشی شۆک و سەرقاڵی کردوە. ئیستا لەهەر تاکێکی سەرشەقام و گەشتیاری جیهانی بپرسی، کورد چییە و پێشمەرگە چییە، یەکسەر بە ئەرێنی و خۆشحاڵییەوە وڵامت دەداتەوە.

بەڵام مخابن لەم کاتە گرنگەدا، لە نێو کورداندا ناکۆکی وشەرە ڕاگەیاندن و خۆسەپاندن و گوێ نەگرتن لە یەکتر وەک پیشەی هەمیشەیی پەرە دەستێنێت، دەسکەوت و گرنگییەکان دەهێنێتە ئاستێکی خوارەوە. ئیستا کورد پێویستە زۆر پەلە کۆنگرەیەک لە ژێر ناوی ئاشتەواوی لە کوردستان ببەستێت و لیژنەی سەرپەرەستی ئاشتی و دژی شەری براکوژی بە پەلە دروستبکرێت. رێگری لە هێرشی میدیای کورد بە دژ یەکتر بگیرێت. کورد بە لیژنەیەکی پێکهاتووی نوێنەرایەتی هەر چوارپارچەی کوردستان، لەگەڵ جیهان و ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان بکەوێتە دیالۆگ و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نێو گۆرەپانەکانی جیهان بجووڵێنێت. هەروەک چۆن هەموو لایەک بە پێێ بەرژەوەندی خۆی بە دەم کوردستانەوە دێن یا دژایەتی کورد دەکەن. ئەم خۆراگرییە گرنگەی جیهان بکاتە دۆزێکی جیهانی و هەوێنەکەشی ببێتە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەگەر برا لە دژ برا بێ..



**عومەر عەلی غەفوور**

گەلی کورد لە مێژووی خۆیدا کوشتەی دەستی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان رۆڵەکانی بووە، لەبەرئەوە پەندی زۆریشی لەبارەی بایەخی برایەتی و مەترسیی لێکترازان بەرهەم هێناوە، وەک دەڵێت: "برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لەلای خودا بێت"، "دار کرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی"، یان "دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێت". "خێر بۆ خوێش نەک بۆ دەروێش" یان "تا ماڵ گەرەکی بێ لە مزگەوت حەرامە". "خزم گۆشتیشت بخوا ئێسکت ناشکێنێت" یان "دەست شکا گەردن ئەیگرێتە خۆی".

بەڵام سەرەڕای ئەم حیکمەتە میللییانە کە زادەی ئەزموونە تفت و تاڵەکانی کوردن، هێشتایش کورد عاری نەگرتووە و نەیتوانیوە بەسەر ئەو خۆخۆری و خۆپەسەندییەیدا زاڵ بێت، کە دەشێ سەرەخۆرەی ئەزموون و دەسکەوتەکانی دەیان ساڵ خەبات و بەرخۆدان و دەردیسەری و قوربانیدان بێت.

بینیمان کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پاش چەند کۆبوونەوەیەک، بەهۆی ئەو دەردە مێژووییەوە شکستی هێنا و بەهیچ ئاکامێک نەگەیشت. بینیمان لە خۆرئاوای کوردستان یەپەگە لە کاتێکدا بەدوژمنی جۆراوجۆر و نەیار بە پرسی رەوای کورد دەورە دراوە، ئامادە نییە دەرفەت بە هێزە کوردیەکانی تر بدات چمکێکی ئەو بارە قورسەی لەگەڵ هەڵبگرن، بگرە ئامادەیە لەگەڵ بەرەی ئیسلامی و سوپای ئازادی سووریادا کە عەرەبن، هاوپەیمانی و هاوسەنگەری بکات، بەڵام لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تر ئەوە ناکات.

**بەشی دوویەم**

بینیمان پاش ئەو شاڵاوە بەرفراوانەی داعش و داگیرکردنی شەنگال و زومار و تا دەگاتە گوێڕ و مەخموور، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گەرمەی ئەو شەڕی مان و نەمانەی کورد بەرانبەر دوژمنێکی سەرسەخت و دڕ، کەوتنە شەڕە پەڕۆ و یەکتر داشۆرین و هەرلایەک تانەی لە شکست و پاشەکشەی بەرانبەر دەدا و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی بەهی خۆی دەدانە قەڵەم. هەردوو حزبی حوکمڕانی کوردستان، لەبری ئەوەی لەو دۆخە هەستیارەدا ناکۆکی و سەرنجەکانیان بخەنە لاوە و گوتاریان یەک بخەن و ریزەکانیان پتەوتر بکەن، بەداخەوە، ناکۆکییەکەیان تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ و لە شەڕی ئۆرگانەکانی سێبەر و لێدوانی بێ باوک و دایکەوە، دەگوێزێتەوە بۆ شەڕی راستەوخۆ و راشکاو و رەسمی.

دەرهاویشتەکانی شەڕی داسەپاوی داعش، بە لەناوچوونی داعش لەناو ناچن و هیچ دوور نییە ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەلایەک و پارتی و یەپەگە/پەکەکە لەلایەکی ترەوە بەتایبەت پاش جێگیربوونی هێزەکانی پەکەکە لە چیای شنگال، لەلای سێیەمیشەوە دەرکەوتنی سەرەتاکانی ناکۆکی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردستانی ئێران پاش کێشانەوەی هێزەکانیان لە بەرەکانی شەڕ دژی داعش (وەک دەڵێن بە فشاری ئێران) و پاشتر دەست پێکردنەوەی چالاکیی پارتیزانییان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، کە دەشێ ئەوە ئێران لە هەرێم بئاڵۆسکێنێتەوە. هیچ دوور نییە ئەو ناکۆکییانە پاش قۆناغی داعشیش ببنە گرێیەک لە بەربینی هەرێمی کوردستان و هەڕەشە لەسەر ئاسایش و سەقامگیرییەکەی.

ئێستە کاتی ئەوەیە جارێکی تر ئاوڕ لە حیکمەتی نێو پەندەکانی ئەزموونی ژیانی گەلی کورد بدەینەوە و بە وردی لێیان رابمێنینەوە، تا بزانین ئەگەر پێچەوانەی ئەو حیکمەتانە رەفتار بکەین چ دەقەومێ؟! ئەوکاتە تێ دەگەین، راستە ئێمە نەتەوەیەکی گەورە و بەهێز نین کە بتوانین بەسەر نەتەوە سەردەستەکان و دوژمنە دەرەکییەکانماندا زاڵ بین، بەڵام ئێمە لاواز نین، هیچ گەل و نەتەوەیەک لاواز نییە، چونکە مەحەک رۆحی قووڵی نەتەوەیە و نەتەوە گەورە بێ یان بچووک خاوەنی ئەو رۆحەیە، کە زامنی مانەوەی نەتەوەیە بەو مەرجەی ئەو رۆحە بە شکۆداری و یەکگرتوویی و پاکی بمێنێتەوە. واتە دەشێ نەتەوەیەکی گەورە بە ژمارە و کەرەستە، بەڵام لاواز لە رۆح و دارِزاو بەدەست خۆخۆری و گەنەخۆرییەوە، ببەزێت، لە کاتێکدا نەتەوەیەکی بچووک بە ژمارە و کەرەستە، بەڵام تۆکمە لە رۆحدا بیباتەوە. ئێمە دەتوانین ببینە ئەمەیان.

دەشێ هەندێ جار لاوازیی فیزیکیی نەتەوە یان وڵاتێک خاڵی هێزی بێت، چونکە هێزی بەهێزی بەرپرس، نەک نابەرپرسی وەک داعش، خۆی لە پەلاماردانی هێزی بێ هێز لا دەدات. هاوکات دەشێ لەبەر ئەو بێ هێزییە خەڵکانی بەهێز لەسەری



سەرچاوە Serchawe

**بەشی دوویەم**

بێنە جواب. ئەوەبوو ساڵی ١٩٩٠ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر داگیرکردنی وڵاتی بچووک و لاوازی کوێت هاتنە جواب. پاش کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر کورد هاتە جواب. پاشتر لەسەر گەلی کۆسۆڤۆ هاتە جواب. پاشتر لەسەر لبنان هاتە جواب و سوپای سووریای لەو وڵاتە وەدەر نا. وا ئەمجارەیش بەشی زۆری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەشێکیشی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان هاتوونەتە جواب، لە کاتێکدا پاش گرتنی ئەنبار و مووسڵ و سەلاحەدین لەلایەن داعشەوە نەهاتنە جواب، لانیکەم لەبەرئەوەی حکوومەتی عێراق خاوەن سوپایەکی بە رواڵەت بەهێز و پڕچەک بوو.

هەروەها تێ دەگەین "ئەگەر برا لە دژ برا بێ، مەگەر رەحم لەلای خودا بێ" و "دار کرمی لە خۆی هەبێ عەمر کۆتایە و.. دەقلێشێ". دیسان لە حاڵەتی ناتەباییدا "خێر بۆ دەروێش ئەبێ نەک بۆ خوێش" و "تا مزگەوت گەرەکی بێ دەبێ ماڵ زەقەی چاوی بێ" و "خزم نەک هەر گۆشتت دەخوا بەڵکو ئێسکیشت وردوخاش دەکات" و "گەردن حاشا لە دەستی شکاوی دەکات".

ئەمە ئەو حیکمەتەیە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پەڕی دڵیان هەڵیکۆڵن، ئەگینا....

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی : ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## داعش فەزاحەتێک بۆ رادیکالیزمی راستەقینە



**سلۆڤی ژیژک**

لەم چەند مانگەدا فەزاحەتێک خەریکە روو دەدات، بە هێزبوونی داعش دوایین پەردەی چیرۆکە درێژەکەی شۆڕشی دژە ئەمپریالیزمە، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دروستکردنی سنووره خۆسەرەکان لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە سەری هەڵدا و لە هەمان کاتیشدا داعش بەشێکە لە شەڕی دژی سەرمایەداری جیهانی کە بەرەنگاری حکوومەتە میللییەکان دەبێتەوە. بەڵام ئەو شتەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ترسێکی زۆر و سەرسڕمان ببێتە سیفەتێکی تر لە داعش (بە نیسبەت شۆڕشەکانی تری پێشتر لە خۆیەوە) ئەمەیە: گوتەکانی ئەندامانی دیار و بەهێزی داعش بە روونی ئاشکرای دەکەن کە ئەرکی حکوومەت هەرگیز بەڕێوەبردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی نەتەوەیی، وەک سەلامەت و دژبوون بە برسیەتی نییە، واتا داعش رووی راستەقینەی شتێک بەناوی حکوومەت نمایش دەکات و ئەو شتەی کە بەڕاستی گرنگە ژیانی دینی و ئەم دڵەڕاوکێیەیە کە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی کڕنۆش بکات بۆ یاساکانی دین. رێک بەم هۆیەیە کە داعش کەم تا زۆر بێشەرمانە کارەساتە مرۆڤییەکان بەشتێکی ئاسایی لە بازنەی دەسەڵاتی خۆیدا سەیر دەکات. دروشمەکە ئەمەیە "پەرەستاری لە دین و خۆشگوزەرانی پەرەستاری لە خۆتە". نیشتەجێبوون لەم درز و بۆشاییەدایە کە مانای دەسەڵاتی داعش لە دەسەڵاتی مودێرنی رۆژئاوا کە میشل فۆکۆ پێی دەگوت "بیو-دەسەڵات" جیا دەکاتەوە. ئەو شتەی کە ژیانی تاکەکان رێک دەخات بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی گشتی گەرەنتی بکات و لەم رێگەوە حکوومەت بکات: دەسەڵاتی خەلافەت بەتەواوی "بیو-دەسەڵات، هەمان دەوڵەتی خۆشگوزەرانی- دەوڵەتی ئاسوودەیی" رەت دەکاتەوە.

چ شتێک داعش دەکاتە بەر لە مۆدێرنە؟ جگە لەمەی کە دەبینین داعش کەیسێکی زەبەلاحی بەرەنگاربوونەوەیە بۆ مۆدێرنیزاسیۆن، دەبێت ئەمەش بە باشی تێ بگەین کە داعش کەیسێکە لە مودێرنیزاسیۆنی بەلاڕێداچوو و نیشتەجێبوو لە مۆدێرنازیسیۆنی کۆنەپارێز کە بە "ژیانەوەی مەیجی" لە سەدەی ١٩ زایینی لە ژاپۆن دەستی پێ کرد (ژیانەوەی عەزەمەتی ئیمپڕاتۆری ژاپۆن بە خێرای بە پیشەسازیکردنی هەموو کۆمەڵگەی ژاپۆن بە دەستی مەیجی ئیمپڕاتۆر.



سەرچاوە
Serchawe

گونجاوترین وێنە لە خەلیفە ئەبوبەکر، بەو کاتژمێرە سویسرایەوە لە دەستیدا، لێرەدا بووەتە سیمبول. داعش بە باشی لە موزایەدەی سەر ئینتەرنێت و ئاڵوگۆڕی تیجاریدا ڕێکخراوە. ئەگەرچی لەم ئامێرە بان مۆدێرنانە بۆ پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیای دینی سوود وەردەگرێت، بەڵام ئەمانە ئەوەندە شتێکی کۆنە پارێزانە نین کە وەک بزاڤێکی خۆبەخشانە دەسەڵاتێکی بەرفراوان دروست بکەن. کەواتە ئێمە نابێت فەرامۆشی بکەین کە ئەم وێنەیە لە ڕێکخراوێکی لە رادەبەدەر تۆکمەوە بۆ نامۆکردنی بابەتەکە دروست کراوە، واتا لە ئەگەری نەبوونی ئەم نهێنییانە، ئەم ڕێکخراوە هیچ نییە. ئایا چەوسانەوە دینییەکە کە هێزە لۆکاڵییەکانی داعش تەواوکەرین، بەڕاستی ئەرکە و دەبێت بەجێ بێت؟ لە حاڵێکدا کە داعش خۆی بە دوژمنی ئازادییەکانی ڕۆژئاوا دەزانێت، واتا لای وایە جیهانی مۆدێرنە جیهانی نەگریسی و گوناهەکانە، کەچی خۆی ڕۆژانە بێشەرمانە ناشیرینترین کارەکان وەک، کوشتار و دەستدرێژی و تیرۆر و.. دەکات.

ئەگەر وردتر بڕوانین، تێ دەگەین کە جامخانەی قارەمانییەکانی داعش کە هەرچی شتە دەخاتە مەترسییەوە، زیاترین نهێنی و ناڕوونی لە خۆ گرتووە. زۆر پێشتر لە ئێستە، فریدریش نیچە تێگەیشت کە چۆن کولتووری ڕۆژئاوا رووە و دواین مرۆڤ دەڕوات، بوونەوەرێکی خەمسارد، بێ هیچ سۆز و بەرپرسیارییەک. بوونەوەرێکی خەسێندراو لە خولیا و ئارەزوو، ماندوو لە ژیان، ئەم مرۆڤە ئامادە نییە هیچ ریسکێک بکات، تەنیا بەدوای ئاسایش و خۆشگوزەرانییە. ژەهرێکی بچووک لە ئێستەدا بۆ ئەوەی لە دواییدا خەونێکی خۆش دروست بکات. ژەهرێکی بەربڵاو بۆ دواین سات، بۆ مەرگێکی خۆش. ئەوان خاوەن خۆشییە بچووکەکانی ڕۆژن و خاوەن خۆشییە بچووکەکانی شەو. لە هەمان کاتدا ئاورێکی زۆر لە سەلامەتی دەدەنەوە. ئەمە قسەی دواین مرۆڤە: "ئێمە بەختەوەریمان دۆزییەوە" بەڵام گێل و نەزان و کوێرن.

ڕەنگە ئەمە وەک درزێک لە نێوان جیهانی یەکەمی سەرخۆش و پەرچەکرداری رادیکالیزم دەرکەوێت کە بەردەوام لە پەرەسەندندایە، واتا دووجەمسەری ڕێبەری کردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودە و پڕ لە سامان، یان ژیانێکی خۆبەخش بە کۆمەڵێک بەهای ئاسمانی. ئایا ئەمە هەمان ئاناتاگۆنیسمی نیچەیی نییە لە نێوان نیهیلیزمی خەمسارد و نیهیلیزمی چالاک؟ ئێمە لە ڕۆژئاوا دواین مرۆڤەکانی نیچەین، لەناو گەمژەییەکدا بەناوی خۆشییەکانی ژیان، لە حاڵێکدا مسوڵمانانی رادیکاڵ ئامادەن هەرچی شتیان هەیە بیخەنە مەترسییەوە، تێوەگلاو لە شەڕێکدا کە خۆشیان لەناو دەبات. ویلیام باتلەر لە کتێبی "هاتنی دووهەم" ڕەنگە بە وردی ئەم دۆخەی باس کردبێت، "باشەکان بێبەرین لە هەرجۆرە ئیمانێک، بەڵام خراپەکان لێوانرێژن لە ئەکتیڤبوون و ئیمان". ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە لەم درزەی ئێستەی نێوان لیبراڵە خوێنساردەکان و رادیکاڵە پڕ جووڵە و ئەکتیڤەکان. باشەکان ناتوانن زیاتر لەمە و بەتەواوی خۆ تێوە بگلێنن، بەڵام خراپەکان تەژین لە راسیسم و دین و گەمژەیی و خورافەی سێکسی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

## سەرۆ قادر: داعش درێژکراوەی کولتووری بەدەویی عەرەبییە



فەرهاد عومەر

سەرۆ قادر، نووسەر و چاودێری سیاسی لە میانەی کۆڕێکدا لە ماڵی وەفایی، باس لە هاتنی داعش و کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات و تیشک دەخاتە سەر میکانیزمەکانی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و دەڵێت: "مانەوی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەمانای نەمانی ئێمە دێت، چونکە عێراق خۆی توانای مانەوەی نەماوە".

سەرۆ قادر لە سەرەتای کۆڕەکەیدا باسی لە کاریگەری ئەم شەڕە لەسەر هەرێمی کوردستان کرد و گوتی "ئێستە کوردستان و عێراق لە تەنگوچەڵەمەیەکی مان و نەماندایە، تەنیا تەنگوچەڵەمەیەکی ئاسایی نییە بڵێین تێ دەپەڕێت، عێراق کە زیاد لە ٨٠ ساڵ بەر لە ئێستە دروست کراوە، ئێستە لە تەنگوچەڵەمەی مانەوەدایە و ئەگەری هەیە نەمێنێت و ئەوەی ئێستە لە دونیادا باس دەکرێت، ئەو نەخشەیەی سایکس بیکۆیە کە لە ئەنجامی باڵادەستی سیاسەتی بەریتانیا و فەڕەنسا هاتە ئاراوە، ئێستە دوای زیاتر لە ٨٠ ساڵ، لەسەر رووخانە و دادەڕمێت و ئێمەش وەک کوردستان لە ناو چەقی ئەو داڕمانەداین، ماوەی چەند ساڵێکە باس لە مان و نەمانی عێراق دەکرێت، بەڵام ماوەی ٨ مانگە داخلی پرۆسەی نەمان بووە، لە دوو مانگی رابردوودا عێراق داخلی ئاشی خوێن بووە ئەو نەخشەیەی کە دەبوایە بووبایە بە تێگەیشتنی هەموو لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و کاریگەر لەسەر دۆخی ناوچەکە دانابایە و بگۆڕدرایە، کە ئەوەش زۆر دوور بوو بێتە ئاراوە، ئێستە بەخوێن ئەو گۆڕانکارییە روو دەدات".

سەرۆ قادر سەبارەت بەمانەوەی کورد لەگەڵ عێراق لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا گوتی: "مانەوەی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەمانای نەمانی ئێمە دێت، چونکە عێراق خۆی توانای مانەوەی نەماوە، بەڵام کارێکی ئاسانیش نییە و میکانیزمێکی گونجاویش نییە



سەرچاوە Serchawe

بۆ ئەم جیابوونەوەیە لە عێراقدا، تەنیا عێراقیش نییە کە ئەم گرفتەی هەیە، بەڵکو زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر ئەو کێشەیان هەیە".

گوتی: "عەقڵییەت و کولتووری عەرەبی و ئیسلامی تەحەکوم بەسەر ناوچەکەوە دەکات، ئەو تەحەکومەش تەنیا تەحەکومکردنێکی مرۆیی نییە بەقەدەر ئەوەی کە وا ئاینی ئیسلام ئاینی کۆمەڵگەی بەدەویی عەرەبییە، ئەو کۆمەڵگە بەدەوییە عەرەبییە تەحەمولی گۆڕانکاری ناکات، سەلەفیەتی ئیسلامی بووە بە ئایدیۆلۆژیای زیندووڕاگرتنی کولتووری بەدەویی عەرەبی کە نە دەوڵەت لەناوخۆیدا قبووڵ دەکات و نە پێشکەوتن قبووڵ دەکات و روانگەیەکی روونی هەیە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە لە شوێنی خۆی کە ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستەیە".

ئەو نووسەرە لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە "ئەو رەفتارەی ئێمە لە داعش دەیبینین لە مووسڵ و رەقعە و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی، هەمان ئەو رەفتارەیە کە ٨٠ ساڵە لە سعوودیە جێبەجێ دەکرێت، ئەمە پاشماوەی کۆمەڵگەی بەدەویی عەرەبییە کە فتووحاتیان دەست پێ کرد، کەسایەتیی داعش، کەسایەتیی موجاهیدی فاتیحی ئیسلامییە".

سەرۆ قادر باسی لەوەش کرد، کاتێک ئیسلام دێتە ناو کۆمەڵگەکانی کوردی و ئێرانی و تورکی، تێکەڵ بە کولتووری ئەو ناوچانە دەبێت و لەگەڵیان دەگونجێت، بۆیە وەک ئەو گوتی "ئەو ئیسلامەی کۆمەڵگەی کوردی و ئێرانی و تورکی، هیچی لەو ئیسلامە ناچێت کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیی بەدەوی وەرگیراوە".

لە بەشێکی تری قسەکانیدا باسی لە شەڕی داعش کرد و گوتی "هەموو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ئەوانەی بیر لە ئایندەی ناوچەکە دەکەنەوە، دەڵێن ئەم شەڕە بە ئاسانی کۆتایی نایەت، بۆیە پرۆسەی سەربەخۆیی ئێمەش کارێکی ئاسان نییە، ئەم قسەیە بەمانای ئەوە نییە کە سەربەخۆیی نابێت، بەڵکو بەمانای ئەوەیە کە دەبێت زۆر بەقووڵی بیر لەوە بکەینەوە کە هەموو تواناکانی ناو کۆمەڵگە بخەینە گەڕ و توانای بەردەوامیمان هەبێت".

لە بەشێکی تری کۆڕەکەیدا سەرۆ قادر گوتی: "داعش پێشانمان دەدات کە نابێت بەهیچ شێوەیەک دین نزیکی سیاسەت بکەوێتەوە".

هاوکات سعوودیە و قوتابخانە دینییەکانی ئەو وڵاتەی بە سەرچاوەی سەرەکیی داعش دانا و تەنانەت باسی لەوەش کرد کە لە رووی ئابوورییەوە سعوودیە و وڵاتانی کەنداو پشتیوانی دارایی داعش دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

سەبارەت بەوەی کە داعش بۆ لە کاتێکدا مووسڵ و تکریتی داگیر کردبوو لە بەغدا نزیک ببووەوە، بەڵام لە پڕ بایدایەوە بۆ هەولێر و هێرشی کردە سەر کورد. ئەو نووسەرە گوتی "بێگومان ئەو بڕیارانە لەلایەن دەزگە هەواڵگرییە جیهانییەکان و لە ژوورە تاریکەکاندا دەدرێت، بۆیە بە روونی نازاندرێت چۆن ئەو بڕیارە دراوە، بەڵام گومانی تێدا نییە گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئەوەی کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی بە منگەمنگیش بێت تا رادەیەک لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتنە رێککەوتن، ئەوەی پێی دەگوترێت پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان، ببوو بە پرۆژەیەک و سەرمێزی وڵاتانی دەوروبەری قەرەباڵغ کردبوو".

دەڵێت: "گومانی تێدا نییە کە ئێران و تورکیا و کەنداو دەستیان لەم بڕیارەی داعشدا هەیە کە هیچ نەبێت جارێ ئەم گاڵەگاڵی سەربەخۆیی کوردییە دوور بخەنەوە تا بتوانن هەریەک لەبەرەی خۆیدا بیر لە بەرەی خۆی بکاتەوە، ئەمە واقیعی سیاسیی ئێمەیە، چەند رۆژێک بەر لە ئێستە لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی ئەتۆمی ئێراندا کە عەلی ویلایەتی سەرپەرشتی دەکات، گوتیان دواجار سەرکەوتین کە کوردمان هێنایە ناو شەڕی داعشەوە، ئەم قسەیە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین ئەوانیش رۆڵێکیان هەبووە لە بابەتەکەدا".

هاوکات سەرۆ قادر باسی لەوە کرد کە بەشداریکردنی ئەمەریکا بەو خێراییە لە شەڕەکەدا بۆ ئێران و تورکیا و کەنداویش جێگەی سەرسڕمان بوو، هاوکات ئیسرائیلیش رۆڵی هەیە و لەو وڵاتانەیە کە بێ لایەن نییە لە داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

لە کۆتایی کۆڕەکەیدا سەرۆ قادر گوتی "دەبێت هەوڵ بدەین کاریگەری گەنجانی ئێمە بە داعش تا دەکرێ کەم بکرێتەوە، هەروەها دەبێت حکوومەت لە رووی ئەمنی و سەلامەتیی کۆمەڵگەوە پرۆژەیەکی روونی  هەبێت بۆ ئەوەی خەڵک تێی بگەن و هاوکاری بکەن، هاوکات دەبێت سوود لە توانای مرۆیی بەشەکانی تری کوردستانیش وەربگرێت، چونکە ئێمە لە یەکلاوە لەگەڵ کولتووری بەدەویی عەرەبی دراوسێین، بەڵام لە سێ لای ترەوە لەگەڵ ناوچە کوردییەکان هاوسنوورین، لەم ئەزموونەشدا دەرکەوت کە کوردستان دەکرێت پشت بەهێزی مرۆیی و نەتەوەیی میللەتی خۆی لە سێ پارچەکەی تر ببەستێت و دەبێت حکوومەتی هەرێم نە شەرمی لێ بکات و نە بیشارێتەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە  -  رێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیا لە دوڕییانی کورد و داعشدا



**د.فایق گۆلپی**

لەو کاتەوە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دژی گەلی کورد دەستی بە هێرش و کاری تیرۆریستی کردوە، تورکیا تاوانبار دەکرێت بەوەی پشتگیری داعش دەکات، ئەم تاوانبارکردنەی تورکیا بە پشتیوانی داعش، تەنها لە لایەن کوردەوە نیە، چەندان دەزگای مرۆیی نێودەولەتی، دەزگای ڕاگەیاندنی کوردستانی و تورکی جیهانی، پەیمانی ناتۆ ولاتانی زلهێز، تورکیایان بە پشتیوانیکردنی داعش تومەتبار کردوە.

هەرەشەی عەبدوللا ئوجئالان و بەرپرسانی تری کورد بۆ سەر تورکیا،کە ئەگەر تورکیا هاوکاری خۆی بۆ داعش رانەگرێت و پشتیوانی کۆبانێ نەکات، ئاگر بەسی نیوان پ ک ک و حکومەتی تورکیا کۆتایی دێت و تورکیاش روبەروی ئەگەرێکی وەک عراق و سوریا دەبێتەوە، وە فشاری هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی تیرۆر لەسەر تورکیا، بۆ ئەوەی تورکیا وەک ولاتێکی ئەندامی ناتۆ بەشداری جەنگی دژی تیرۆر بکات، حکومەتی تورکیای ناچار کرد دەربارەی شەری دژی داعش پرۆژەیەک بداتە پەرلەمان، رۆژی ٢ - ١٠ - ٢٠١٤ پەرلەمانی تورکیا بریاری شەری دژی داعشی لەدەرەوەی سنوری ولاتی تورکیا پەسەند کرد،بەلام وا ماوەی ٦ رۆژ بەسەر رەزامەندی پەرلەمانی تورکیا تیپەری و تا ئیستە سوپای تورکیا هێچ جالاکیەکی دژی داعش ئەنجام نەداوە، لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیا کۆمەلیک مەرجی بۆ بەشداریکردنی شەرلە دژی داعش داناوە، مەرجەکانی بۆ ئەوەیە خۆی لە شەری داعش بدزێتەوە، ئەمریکاش لە لای خۆیەوە مەرجەکانی تورکیای قبول نەکردوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەرجەکانی تورکیا جێبەجێبکرین، هێندەی سیاسەتەکانی داعش زیان بە ئاسایش و ئارامی ناوچەکە و جیهان دەگەیەنن.

لە دوای دەرچونی بریاری پەرلەمانی تورکیاوە، هیزەکانی سوپای تورکیا سنوری کۆبانێیان تەنیوە و رێگری لە هاتوچۆی

خەڵک دەکەن و ناهێڵن کەس لە نیوان باکور و رۆژئاوای کوردستاندا هاتوجۆ بکات، رێگە نادەن کەس لە باکوری کوردستانەوە بچێتە کۆبانێ، ئەو کەسانەی لە کۆبانی دەردەچن و دەچنە باکوری کوردستان، حکومەتی تورکیا دەستگیریان دەکات. ئەم سیاسەتەی حکومەتی تورکیا دژی بەرخۆدانی کۆبانێ، و هێرشە بەردەوامەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، پالی بە خەلکی باکوری کوردستانەوە نا رۆژی ٧ - ١٠ بچنە سەر شەقامەکانی تورکیا و شارەکانی باکوری کوردستان و دژی سیاسەتی حکومەتی داد و گەشە پیدان نارەزایی نیشانبدەن،بەرامبەر بە نارەزایی خەلکی کوردستان، هیزە ئەمنیەکانی حکومەتی تورکیا توند و تیژیان بەکارهیناو و١٨ هەژدە هاولاتی مەدەنیان شەهید کرد و نزیکەی سەد کەسیان زیندانی کرد، باری نائاسایی و ریگری هاتوچۆیان لە چەندین شاری باکوری کوردستاندا راگەیاند و رەوشی ئەمنی تورکیا تێکچو.

شانبەشانی بەرخۆدانی کۆبانێ و نارەزایی خەلکی مەدەنی باکوری کوردستان، گەلی کورد لە هەرچوار پارجەی کوردستان و لە زۆرێک لە ولاتانی جیهاندا رژانە سەر شەقام و چونە بەردەم سەفارەتی تورکیا و ولاتانی بریار بەدەستی جیهان،داوای پشتگیری بەرخۆدانی کۆبانی دەکەن و داوای لە ناوبردنی داعش دەکەن و سیاسەتی تورکیا ریسوا دەکەن کە پشتگیری داعش دەکات،ئەم جۆرە چالاکیانەی کورد لە لایەکەوە یەکێتی خەباتی سیاسی خەلکی کوردستانی گەشە پێداوە، لە لایەکی تریشەوە سەرنجی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد راکێشاوە، بە تایبەتی کە خەباتی گەلی کورد لەم کاتەدا دژی تیرۆرە و دژایەتی تیرۆریش لە ١١ - ٩ - ٢٠٠١ ستراتیجی سەرەکی هاوپەیمانی نێودەولەتیە.

لە ماوەی دوو رۆژی رابوردودا هەلمەتە سەربازیەکانی هاوپەیمانان دژی بنکە و بارەگاکانی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ توندبوە و زیانی گەورەی بە هیز و چەک و تەقەمەنی داعش گەیاندوە و سودی زۆری بە بەرخۆدانی کۆبانێ گەیاندوە، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا باس لەوە دەکات کە پشتیوانی بەرخۆدانی کۆبانێ دەکات و ریگە نادات کۆبانێ بکەوێت، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەلێت پشتیوانی کۆبانێ دەکەین، نەتەوە یەکگرتوەکان باس لە کارەساتی مرۆیی دەکات ئەگەر بە زوترین کات هاوکاری کۆبانێ نەکرێت. ئەمەش نیشانی دەدات کە کۆمەلگای نێدەولەتی دژی داعشەو پشتیوانی لە بەرخۆدانی کۆبانێ و تێکۆشانی گەلی کورد دەکات.

دەتوانین بلێین لە ئاستی ناوجەی رۆژهەلاتی ناوراستدا یەکیتیەک لە نیوان گەلی کوردی پارجەکانی کوردستاندا دژی داعش و تورکیا دروستبوە،لە ئاستی جیهانیشدا پشتیوانیەک بۆ تیکۆشانی گەلی کورد و بۆ دژایەتی تیرۆری داعش دروستبوە، هەر لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی نێدەولەتی بە چاوی گومانەوە سەیری سیاسەتی تورکیا دەکات بەرامبەر بە داعش. ئەگەر تورکیا بە زوترین کات سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە داعش نەگۆرێت و راستەوخۆ بەشداری شەری دژی داعش نەکات، ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەلویستی هاوپەیمانی نێودەولەتی بەرامبەر بە تورکیا بگۆوردرێت و چیتر ئەمریکا و

بەشی دوویەم

ئەوروپا وەک دۆست مامەڵە لەگەل تورکیادا نەکەن.

بەو شیوەیە دەبینین لە ئەنجامی شەری نێوان گەلی کورد و داعشدا هاوسەنگی و هاوکیشە سیاسیەکان بەرەوگۆرانکاری دەچن، تورکیاش لە نیوان دورێیانی کوردو داعشدا وەستاوە، ئەگەر دژی داعش بوەستێتەوە، ناتوانێت چیتر دژایەتی دۆزی رەوای گەلی کورد بکات و دۆزی کورد جەند هەنگاوێک پێشدەکەوێت، سیاسەتی نەتەوەپەرستانە و نادیمۆکراتی تورکیا ئەو گۆرانکاریەی پێ هەرس ناکرێت. ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر پشتیوانیکردنی داعش و شەری داعش نەکات، پشتگیری گەلی کورد و کۆمەلگای نێودەولەتی دەدۆرێنێت و ئەگەری ئەوە هەیە روبەروی چارەنوسی ولاتانی بەهاری عەرەبی وەک سوریا و میسر و یەمەن ببێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەرکی، ئەنتی فەندەمێنتالیستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان



ئەنوەر حسێن

بەدوای مەترسییەکانی داعش، دەبێت کۆمەڵگەی کوردی خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێت، رەگ و رەهەندەکانی ئیسلامی سیاسیو مەترسییەکانی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەر بەفاکتەرە جۆراوجۆرەکان بگیرێت کە دەبنە گەشەی فەندەمێنتالیزم و داعشیزم.

دەبێت پێداچوونەوە بە بەرنامەو پرۆگرامی خوێندنگا سەرەتاییەکاندا بکرێت، تا دەگاتە زانکۆکان، نابێت رێگا بدرێت وانەو پرۆگرامێک کە دەبێتە میکانیزم و داینەمۆی بەرهەمهێنانی ئەم فۆرمە لەکۆمەڵگەو خوێندنگاکاندا بخوێنرێت، کە سیستمی پەروەردە بەنائاگاییەوە بۆ کۆمەڵگە دەیانخوڵقێنێت و بەرهەمیان دەهێنێت.

پەروەردەی ئێمە رۆڵی هەیە لەبەرهەمهێنانی منداڵێک لەسەرەتاییەوە بەو فۆرمە کە دواجار دەگاتە زانکۆ، دەچێتە سودان دکتۆرا وەردەگرێت، لەزانکۆیەک کە سەرچاوەی ئیرهابی فیکریو فۆرمی رەوایەتیدانە بەداعشو بەربەریەتەکەی دەدات.

دیقەت بدەن زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی ماجستێرو دکتۆراکەیان لەسودانو بەشێک لەوڵاتانی عەرەبی وەرگرتووە، لەرووداوەکانی داعشو کوردستان ئامادەنەبوون هیچ بڵێن، کەواتە ناکرێت سیستمی پەروەردە، زانکۆکان، وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو حکومەت رێگا بە بەرهەمهێنانی خوێندکارو مامۆستای وا بدات، کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی فکرو عەقڵیەتی رەوایەتیدان بەداعشو لێکچووەکانیان، دەبێت ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانەی لێکهەڵوەشێنرێت کە لەگەڕەکەکانی شارو شارۆچکەکان بوونەتەهۆی کردنەوەی حوجرەو خوێندنگاکانی ماڵان بۆ بەرهەمهێنانی منداڵانو گەنجان بەفیکرێکی مەزهەبی سەلەفی.

**بەشی دوویەم**

دەبێت قسە لەسەر میتۆلۆجیای ئایین بکرێت لەکۆمەڵگەدا، دەبێت دەست بۆ سوننەت و خورافیاتەکانی ببرێت و هەموو ئەو سیمبولو رەمزانەی داعشو فەندەمێنتالیزم بەرهەمیانهێناون، قسەیان لەسەر بکرێت.

ناکرێت بەناوی تابۆ و حەرامکراوەنەکانەوە، هەموو ئەو چەمک و رەمزانەی کە هەزاران پرسیار بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بێ قسەو بێ وەڵام بهێڵرێنەوە.

دەبێت شەرم نەکرێت کە مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسیو گروپە فەندەمێنتاڵەکان باسبکرێت، کە چۆن هەڕەشە لەئازادی، مافی شارۆمەند بوون، پلورالیزم، مافە مەدەنییەکانی خەڵک و سیستمی سیکۆیلار دەکەن، لەژێر ناوی ئاینو مەزهەبدا.

تازەترین جینایەت و وەحشەتگەرییەک کە لەسایەی گروپێکی مەزهەبیو دینی ئیسلامی لەسەدەی بیست و یەکدا خوڵقاوە، بەرهەمهێنانی داعشو داعشیزمە، لەکاتێکدا هێشتا هەموو هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان پرۆتستۆیەکی جددی ناکەنو هەندێکیان شەرمنانە دەڵێن ئەوە نموونەی ئیسلامی سیاسی نییە، هەندێکیان ترسنۆکانە داکۆکیان لێدەکەن.

لەکوێ یەکێک لەڕەهبەرانی حزبێکی ئیسلامی، بڵێت کوژراوەکانی داعش شەهیدن؟! حزبەکەی، حکومەت و کۆمەڵگەش هیچ وەڵامێکی نەبێت بۆ ئەم بۆچوونە مەترسیدارە، کە تەنها ئاماژە نییە بۆ بۆچوونێکی سادە، هێندەی پەیوەندی بەوابەستەگی ئیدۆلۆژیو فکرییەوە هەیەو ئارەزوو دەکات خۆشی یەکێک بێت لەو کوژراوانەو یەکێک لەڕەهبەرانی ئەم گروپە.

ئەمە بۆچوونە لەچوارچێوەی ئازادیدا، داکۆکیە لەداعشو وەحشیەتەکانی یان قەناعەت و بڕوابوونە بەڕێبازو میتۆدەکەیان، کە لەئاینو مەزهەبەوە سەرچاوەی گرتووەو داکۆکی لێدەکەن.

کە دڵنیام لەناو هێزە ئیسلامییەکانی ترو لەناو بەرزترین ئاستی خوێندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا کە زانکۆیە، بەشێک لەو مامۆستایانە، پشتیوانی لەم بۆچوونو میتۆدە دەکەن، بەڵام شەرمنانە دەریدەبڕن یان بانگەشەی بۆ دەکەن.

بۆیە دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەپلەی یەکەم وەڵام بداتەوە، کە ئایا، خەرجی دکتۆرایەک دەکات کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی فکری ئیرهاب و توندوتیژی؟ ئایا بوونی چەندین کۆلێژو پەیمانگای دینی پێداچوونەوەی جددی ناوێت؟ ئەگەر هەشبن، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێریدا بن و نەبنە زادەی فکرێک کە کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەزهەبی بەرن، زانکۆ نەبێتە شوێن و گەرای ئەم گروپانە.



سەرچاوە
Serchawe

دەبێت قسە لەسەر ئەو بەربەریەتە بکرێت کە هێزو گروپەگەلی ئیسلامی فەندەمێنتاڵ لەهەموو دنیادا خوڵقاندوویانە، لەژێر ناوی دین و مەزهەبدا.

بزووتنەوەی نەجاتی جەزائیر لەساڵانی (١٩٩٢ - ١٩٩٤) وەکو هێزێکی ئیسلامی، سەلەفیو جیهادی لەسایەی عەباسی مەدەنیو عەلی بالحاج لەدەیەی نەوەدەکان، بەهەزاران منداڵیان فڕاند، سەربڕیو بەدەیان هەزار کەس کوژرانو تیرۆرکران لەژێر ناوی عەقیدەو بیروباوەڕی سەپاندنی ئیسلامیو کۆمەڵگەیان کردە قەسابخانەیەک کە جۆرێک بوو لەوەحشیەت و بەربەریەتی.

بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی سۆماڵ، لەدوای (٢٠٠٣ - ٢٠٠٦) بووەتە هۆی کوشتنی هەزاران سۆماڵی بەناوی راگەیاندنی جیهادو بڵاوکردنەوەی مەزهەب و سەپاندنی دادگای ئیسلامی لەژێر سایەی عەدەن هاشی فەرح ئیرۆ، موختار عەلی زوبێر لەڕووی فیکریو ئایدۆلۆژیاوە لایەنگری قاعیدەن، ئەم بزووتنەوەیە بەهەزاران کەسیان سەربڕیو کوشت لەژێر ناوی دەسەڵاتی ئیسلامیو جێبەجێکردنی دادگای ئیسلامی لەسۆماڵدا.

جینایەتەکانیان بێ وێنەیە دەرهەق کۆمەڵگەیەکی برسیو رەش و رووت، کە رۆژانە زۆربەی خەڵکەکەی پێویستیان بە یەک دۆلار یان ژەمێک نانە، ئەوان بەناوی دینو حوکمی شەریعەتی ئیسلامی جەهەنەمێکیان خولقاندووەو وڵاتیان کردووەتە خەفەکانو ترسو تۆقاندنو مل پەڕاندن.

لەتازەترینی ئەم گروپە ئیسلامییە تیرۆریستانە، گروپی بۆکۆ حەرامە لەنایجیریا، کە گروپێکی ئیسلامی، سەلەفی، جیهادییە، بەقسەی خۆیان لەپێناو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەمکارانە دەکەن، کە تۆمەتبارن بەتیرۆر، کوشتن، رفاندن، لاقەکردنی ژنانو منداڵان، کە بەتالیبانی نایجیریا ناسراون، لەلایەن ئەبوبەکر شیکاو سەرکردایەتی دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٢ـەوە دامەزراوە، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خەریکی تیرۆر، کوشتنو تەقینەوەو سەربڕینی خەڵکی ئەو وڵاتەن، بوونەتە گروپێکی ئیسلامی مەترسیدار لەو وڵاتە، کچانو ژنان بەبارمتە دەگرنو دەفرێننو فەزایەکی مەترسیداریان پێکهێنا.

قاعیدەو تاڵیبانیش بۆ هەموو جیهان ناسراون کە لەژێر ناوی مەزهەبیو ئیسلامدا چیان بەسەر مرۆڤایەتیو خەڵکی ئەفغانستاندا هێنا.



سەرچاوە Serchawe

لەوانەش تازەتر، گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لەلایەن ئیخوان موسلمینی میسریو سەپاندنی هەموو یاسا داسەپێنراوەکان بەسەر خەڵکیدا، بێ گوێدانە خواست و ئارەزووی ئەوانو پاشانیش نارەزایەتیو تووڕەبوونی خەڵک بوو لەم هێزەو لابردنیان بوو لەدەسەڵاتدا.

داعشیش، کە دواپلەی دڕندەییو وەحشیەتەو بەناوی ئیسلام و مەزهەبەوە چی دەکات لەعیراقو سوریاو شەنگال...؟!

هەموو ئەوانە دەبێت لەسیستمی پەروەردەی هەرێم، لەناو زانکۆو میدیاکانی کوردستاندا قسەو باسی جددیان لەسەر بکرێت، کە بێگومان کاریگەریو رەنگدانەوەیان هەبووەو رەگی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتووریو ئایدۆلۆژی تێدایەو کاریگەری داناوە. ئەمانە رۆڵی نوخبەی کوردییە، کە هەم بەر بەو مەترسییانە بگرێت، هەم پێشڕەوی ئەو مەدە مەدەنیە بکات کە دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردستان لەم مەترسییانە دووربخاتەوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە، ئیتر هێندە شەرمنانە، سیکۆلاربوونی خۆی نەشارێتەوەو ئەگەر قەرارە سیکۆلار ببێت، دەبێت سادەترین پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە ئیعلان بکات و رێگا خۆشکات بۆ دروستکردنی فەزایەکی وا لەکۆمەڵگەدا کە ئینسان رەنگ و بۆی سیکۆلاریزە بوون بەم کۆمەڵگەیەوە ببینێت و بەئاسانی بتوانێت رەمزەکانی بناسێتەوە، چونکە سیکۆلاریزەبوون تەنها بەدروشم و مۆبیلیزەکردن نابێت، بەڵکو پێویستی بەقوربانیدانو شکاندنی بت و بەربەستەکان هەیە، پێویستی بەمیدیایەکی ئازاو ئازاد هەیە، قسە لەسەر ئازادییەکانی تاک و فەراهەمبوونی مافەکانی بکات.

پێویستە خواست و داخوازییەکانی کوڕانو کچانو تاکەکانی کۆمەڵگە لەژێر هیچ پاساو و بیانو و باوێک و سوننەت و ترسی گروپەگەلی مەزهەبی رێگری لێنەکرێت، وەک چۆن ناکرێت رێگری لەئازادییە فەردییەکانو ئایینی دینەکانی خەڵک لەچوارچێوەی مافەکانو یاسادا بکرێت.

واتا دەکرێت گەنجێک خەریکی تقوسی دینی خۆی بێت، بەهەمانشێوە گەنجێکی تر لەنادی کلابێک خواستەکانی خۆی بەرجەستە بکات.

ئەمانە بەپلەی یەکەم، ئیشی حکومەتێکە، کە شەرمنانە دەڵێت سیکۆلارم، بەڵام زۆرجار لەڕووخسارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی رۆژانەی سوننەتگەراو موحافیزکارانە دەبینرێت، چۆن بەئەرکی خۆی دەزانێت رێز لەپیرۆزیو مقەدساتی خەڵک بگیرێت، ئاواش ئەرکیەتی رێز لەئیرادەی بەرامبەر گەنجانی ئەم وڵاتە بگیرێت، کە دەیەوێت بچێتە نادی کلاب یان شوێنی تەرفیهی، رابواردنو کاتبەسەربردنو دەبێت ئاسانکاری بۆ ئەم خواستانە بکات.



سەرچاوە
Serchawe

دەبێت ئازایانە بڕیاربدات، دین بۆ دینداران‌و سیاسەت بۆ سیاسیەکان‌و نابێت ڕێگا بدات حوجرەی گەڕەکەکان‌و مزگەوتەکان ببنە شوێنی بەرهەمهێنان‌و بەلارێدابردنی گەنجانێک، هەر پەروەردەیان بکات بۆ ناو داعش‌و فەلسەفەکەی، بۆ سەربڕین‌و ئیرهاب و توندوتیژی‌و وەحشیەتگەرییەک کە بێ نموونەیە.

روونە کە هەر ئەم کارو کردەوانەیە، کە دەیان گەنجی ئەم وڵاتەی والێکردووە رووبکەنە ریزەکانی داعش‌و گروپە فەندەمێنتاڵەکان.

بێگومان ئەگەر حوجرەکان‌و مزگەوتەکان بۆ ئەمکارانە بن، وەزارەتی ئەقاف لەجیاتی کاری ڕێزگرتن لەئاینە جیاوازەکان بێت، بەڵام بێت تەفسیری هۆمۆسیکسواڵ بکات بۆ مەسەلەی جێندەر، هەرئەوەی لێ بەرهەمدێت.

ئەرکی حزبە سیاسییەکانە، ئەگەر خۆیان بەمەدەنی‌و عەلمانی، مەدەنی، قەومی‌و مارکیسیت دەزانن، ئازایانە بێنە مەیدان‌و بەرگری لەئامانج، ئارمان‌و مانیفێستی حزبەکەیان‌و کۆمەڵگە بکەن.

دەبێت حزبەکان‌و نوخبەی ناو ئەو حزبانە، ڕۆڵیان هەبێت لەدەرخستنی واقعیەتی مەترسی ئەم گروپانەو ئامانج و ئایدۆلۆژییەکەیان، چونکە مەرج نییە ئەم شەڕە تەنها شەڕی عەسکەری‌و چەکداری بێت، بەڵکو ئەرکی حزبی کوردی، حکومەت، ڕۆشنبیران، ڕووناکبیران‌و نوخبەیە، کە پێگەو زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەم گروپە هەڵوەشێنێت، نابێت ڕێگای پێبدرێت ئەو هەموو زەمینە کۆمەڵایەتییەی بۆ فەراهەمبکرێت، چونکە یەکەم دوژمنی خۆیەتی کە هەڵدەکوتێتە سەر بونیە، ئایدۆلۆژی حزبی کوردی‌و رکەبەرەکانی بەناوی جیهادو لەڕێ لادەر، کافرو مولحیدو مشرک.

نابێت ئەم ئەرکە بۆ تەنها حزبێک جێبهێڵرێت، بەڵکو کارو پرۆژەی دەستە جەمعی بەواقیعی دەوێت، لەبواری پەروەردەو زانکۆ، ڕێکخراوی مەدەنی، میدیا، حزب و حکومەت.

ناکرێت خۆ لەم بەرپرسیارێتییە بدزرێتەوە بەناوی جۆراوجۆرەوە، ئەوە لەکاتێکدا دەبێت ڕێزبگیرێت لەبیروڕاو قەناعەتی دینی ئەو کەسانەی تەنهاو بەموجەرەدی سەیری دین دەکەن، واتا چۆن ڕێز لەهاووڵاتیەکی مەسیحی یان ئێزدی‌و کاکەیی دەگرێت، هەرئاواش ڕێز لەهاووڵاتیەکی موسوڵمان بگیرێت، کە خەریکی تقوس‌و مەسەلەی دینی شەفعی خۆیەتی.

بەڵام لەوە بترازێت، دەبێت لەسەری بوەستین‌و مەترسییەکانی بۆ کۆمەڵگە روونبکرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە، هەوڵی وا نەبووە، لەلایەک حزب و نوخبەو میدیاوە، بەڵام قسەکە ئەوەیە، هەمەلایەنەو گشتی نەبووە.

بۆیە نابێت ئەم شۆڕشە مەدەنییە، ئەنتی فێندەمێنتاڵە، بۆ حزبێک لەناو حزبێکیش بۆ چەند کەسێک جێبهێڵرێت، یان تەنها کاری یەک کەناڵی میدیایی بێت و سنوور بۆ ئەو بەرنامانە دابنرێت، کە رۆڵیان هەیە لەگەشەی فیکری خەڵکیو مەترسی مەزهەبیو ئایدۆلۆژیەکەی.

واتا بەدوای دەرکەوتنو دەرکەوتەی داعشدا، کۆمەڵگەی کوردی لەبەردەم پرسیارگەلێکی جددیو پڕکێشەدایە، دەبێت کۆمەڵگە ببێتە گروپێکی ئەنتی فەندەمێنتاڵ، بەپرۆسەی مەدەنیانەو لەسەرخۆ، کە هەموو شەریحەو لایەنەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداربن، بەپلەی یەکەم حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردەو ئەوقاف و سیستمی پەروەردەو دواتر میدیاو نوخبەو رووناکبیران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## پێگەی کورد لەنەخشەی سیاسیی دوای داعشدا



هیوا محەمەد

کورد لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول تا نەکسەی ١٩٧٤و دوای ئەوەش ئەو بەڵێنانەی کە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە پێی دراوە هەمویان سەرزارەکی بوون، هەربۆیەش هیچ کات ئەمریکا پابەند نەبوە پێوەی، ئەم ووتەیە مەلا مستەفا بارازانی لەرۆژنامەی کەیهاندا لەکەرەج لەچاوپێکەوتنێکدا لەدوای نەکسەی شۆڕش باسی کردوەو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت، دەبوا ئێمە وەک پروتوکۆلێک هاوکاریو بەڵێنەکانی ئەمریکامان لەگەڵیان واژۆبکردایە تاوەکو ئێستا ڕێگەمان لێ بگرتنایە لەوەی کە وەفایان بۆ بەڵێنەکانیان نیە. ئەمرۆ دوای نزیکەی چل ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو هاوپەیمانییە یەک لایەن بەرژەوەندی پارێزراوەدا، بەهۆی ئەم بارو دۆخەوە کوردستان بوەتە ترمیناڵی فرەرەگەزی سەربازو هێنانی هەمەچەشنەی چەکو تەقەمەنی کە تیایدا بابەت لەناوبردنی داعشەو بکەری سەرەکیش کوردەکانە وەک هێزی پێشمەرگە هاوکاریو پشتگیریشمان ئەو وولاتانەن کە دەیانەوێت لەگۆرەپانی ئێمەدا تۆپەکە بێتو بچێتو هەر لێرەش یەک لایی بێتەوە. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تا ئێستا لەوە نادوێن کە کورد مافی بوون بەدەوڵەتی هەیەو هیچ بەرنامەیەکیان پێ نیە بۆ گرانتی کردنی ئەوەی کە لەعیراقدا پێگەی هەرێم وەک وڵاتێکی فیدراڵ لەگەڵ عیراق بەهێز دەکەن (ئەگەر هەبێت دەبێ بەئاشکراو بەپروتوکۆل بێت) لەسەرەتای ئەم ساڵەوە ٢٠١٤ کێشەی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەستی پێکردوە، کەچی ئەمریکا نەیتوانی قورسایی خۆی بەکاربێنێتو ئەم کێشەیە چارەسەربکات، هەموان هەر لەسەرۆکی ئەمریکاو تا میرکڵی ئەلمانیاو هولاندی فەرەنسا، دەڵێن بژی پێشمەرگە، چونکە کاریان پێمانە، بەڵام پروتوکۆلێک نابینین تیایدا پاشەرۆژێکمان بۆ دیاری بکات، کە بتوانین بەیاسا تیادا بحەسێینەوەو چی دی وڵاتانی دراوسێ مۆڕەمان لێ نەکەن.

لەکۆنگرەی پاریسیش کە لەلایەن وڵاتانی ناتۆوە بەسترا سەبارەت بەمەترسی داعشو وەڵامدانەوەی، کەچی سەرەرای ئەوەی

نوێنەری کوردیش تێیدا بەشداربوو، بەڵام لەبەیاننامەی کۆتاییدا، هیچ باسی کوردو پێگەی کورد نەبوو، هەرچی هەڵدەستێ بەشانو باڵی هێزی پێشمەرگەدا هەڵدەدات هەروەک ئەوەی بەشی ئێمە بەس بەتەنها ئافەرین بێت تاخۆمان بەکوشت بدەین. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کیری لەبری ئەوەی لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە باشەی کورد هەیەتی لەدژی تیرور بەرز بنرخێنێتو هەوڵی چەسپاندنی زیاتری پێگەی کورد بدات لەناوچەکە، دەڵێت دەبێ بەغدا دان بەهێزی پێشمەرگەدا بنێتو سوپاسی بکات (جا خۆ ئەمە وەک نۆتی شوجاعە وایەو هیچی تر)، دەڵێن لەشەڕدا زمانی شەڕ بەکاردێتو یەکلاکەرەوەیە، ئێمە لەمەشیاندا لەگەڵ ئەو هەموو شەهیدەی دەیدەین کەچی هەر لێبوردەین، ئێمە لەدەوروبەری کەرکوک داکۆکی دەکەینو لەولاوە عامری سەدرییەکان دێتو دەڵێ دەبێت پێشمەرگە لەشوێنەکانی دەرەوەی هەرێم بکشێتەوە، دوای ئاسایی بوونەوەی بارو دۆخەکە.

سەروکی پێشوی ئەمریکا بیل کلنتون لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ سی ئێن ئێن لەبارەی بارودوخی ناوچەکەو داعش باسی کورد بەمجۆرە دەکات: دەزانین کە کوردو پێشمەرگە ئامادەن بۆ شەڕ، ئەگەر هاوکارییان بکەینو یارمەتییان پێشکەش بکەین ئەوە شەڕ دەتوانێ بەردەوام بێت تا ئەو جێگەی کە پێویستە، لەلایەکی ترەوە پۆل بریمەری حاکمی پێشوی ئەمریکا لەسەر عیراق کە شارەزایی زۆری لەکەیسەکانی عیراقو کوردستان هەیە لەچاوپێکەوتنێکیدا کە لەرۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنیدا لەگەڵی کراوە لەوەڵامی پرسیارێک کە دەڵێت: ئایا دوای لەناوبردنی داعش دەبێت چی بکرێت؟ ئایا نەخشەیەکی سیاسی ستراتیژی لەئارادا هەیە بۆ گەڕانەوەی ژیان بۆ عیراق؟ پۆل بریمەر لەوەڵامدا دەڵێت: نەخێر نیە، بەڵام من ئەوەت پێ دەڵێم کە پێموایە دەبێت بکرێت، کێشەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت، ئەوەی لەئێستادا دەیبینین دارمانی هەیکەلی سیاسی ناوچەکەیە کە سەد ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە نەک تەنها دارمانی هەیکەلی سایکس بیکو کە دەگەڕێتەوە بۆ عیراقو سوریاو لوبنان، لەدوای کۆتایی هاتن بەداعشو ئەگەر شەقام گرییەکە گەڕایەوە بۆ عیراقو سوریا ئەوە دەبێت کۆنگرەیەکی هەرێمی ببەسترێت، کە تیایدا بەرژەوەندی هەمو لایەنەکان دیاری بکرێت، چۆنێتی رێکخستنەوەی ئەو ناوچەیە بۆ سەد ساڵی تر دابرێژرێتەوە، روڵی گونجاوی ئێرانیەکان چی دەبێت؟ چۆن پارسەنگی هێزی نێوان عەلەوییەکانو سوننەکان لەسوریا رادەگیرێت؟ یان ئەوانی تر وەک دورزییەکانو کریستیانەکان؟ دەبێ چاو بەهەموو شتەکاندا بخشێندرێتەوە، ئەمەش چەند ساڵی دەوێو هەروا پێویستیشی بەجوڵانە بەرەو بەرنامەو سەقامگیری، من روئیایەکم نیە، بەڵام ئەتوانم بڵێم چۆن ببێت، دەبێت هەندێک وڵات بەشێوەیەک بۆ ناوچەکە بڕوانن کە بەرژەوەندی خۆیان تیایدا پارێزراوبێت لەوانەش ، وڵاتانی کەنداوی عەرەب، ئەردەن، سوریا، عیراق ،لوبنان، ئەمە دەبێت رووبدات، بەڵام چەند ساڵێکی دەوێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کوان ئەوانەی پشتگیرمانن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیو پێگەی کورد لەوەی لەسەرەتادا باسی لێوەکرا لەلایەن زۆرێک لەبەرپرسانی هەرێمو نووسەرو رۆژنامەنووسانو زۆر سەرکۆنەی ئەوانەکرا کە بۆچی هاوار

ناکەن بۆ دروستبونی دەوڵەتی کوردیو خەڵکی پێ جوڵێندرا، وەک مزایەدەی سیاسیو گوایە ئەم شەڕە مژدەی دروستبونی دەوڵەتی کوردیمان دەداتێ لەکوێی بەرنامەی ئەم بەرپرسە کۆنو تازانەی ئەمریکادایە؟ لەکوێی کۆبونەوەکەی پاریسدایە؟ کەوابوو دوای ئەوەی کە داعش لەناودەبەین بەچەکی ئەمریکیو خوێنی کوردی ئیدی هەمان تاسو حەمامەکەی نیوان هەولێرو بەغدا دەستپێدەکاتەوە تارووداوێکی ترو شەنگالێکی تر؟ ئایا پڕچەککردنی کورد کە تەنها بەمەبەستی لێدانی داعش دەبێت بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیو ئابوریو جێگەی هەرێمو رۆڵی لەعیراقو ناوچەکە یان هەردەبێت هەوڵی خۆدەربازکردن بدەین لەتۆڕی جاڵجاڵوکەی تورکو پریشکی ئاگری شەڕی تائیفی؟ بەڵێنەکانی تورکەکان بەرامبەر بەچییە واحکومەتی گەیاندوە بەو ئاقارو متمانەیەی کە پروتوکۆلی ٥٠ ساڵەی فروشتنی نەوتی لەگەڵدا مۆربکات؟ یان بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد لەچ کونجێکی ئەو پرۆتۆکۆلەدایە کاتێک دەبینین، تورکیا چۆن لەگۆڕەپانی رووداوەکاندا تەراتێن دەکات، ئەی ئەوە تورکیا نیە رێخۆش دەکات، تا داعش کوبانێ بگرێت؟ هەر ئەوان نین بەرهەمهێنەری داعشو هاوشێوەکانی داعشن؟ ئەوە کوردە حزبوللاییەکانی باکوور نەبوون، بەبەرچاوی میتەکانەوە هاووڵاتیانی کوردیان کوشت؟ ئەی حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم لەکوێی ئەم هاوکێشانەدا خۆیان دەبیننەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## مەترسیدارترین شەش ژنی داعشی




**عەبدولکەریم شێخانی**

لەسایەی قەیرانی سوریاو بڵاوبوونەوەی چەکدارانی رێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی - داعش) لەگەلێک شوێن لەسەر خاکی عیراقو دوای ئەو هەموو تاوانو کوشتارو فەتوای ئەو پەڕگرتووانەی رایانگەیاندن، رۆڵی ژنی داعش بەجۆرێک دەرکەوت، تا وای لێهات کە هەندێکیان لەجیهانی عەرەبو دەرەوەشی ناوبانگیان دەرکرد، لەبەرئەو رۆڵە دیارەی لەو رێکخراوەدا دەیگێڕن. لەنێو ئەوانەشدا شەش ژن لەپێشی پێشەوەی ئەو لیستەیە کەرۆژنامەی (دێیلی مێل)ی بەریتانی خستوونیەتە بەر چاو.

### ١- دوو جومکە بەریتانیاییەکە

(سەلما زەهرە)ی بەبنەچە سۆماڵیو بەرەگەزنامە بەریتانی، مانگێک لەمەوبەر چوون بۆ سوریا بۆ چوونە نێو ریزەکانی داعشو مێرکردن بەپیاوانی ئەو رێکخراوە یەکێکیان ناوی خۆی نا (ام جەعفەر) بۆ رەوتکردن لەگەڵ بیروباوەڕە ئاینییەکە کە ئەو رێکخراوە پەیڕەوی دەکات. لەهەمان کاتیشدا هەردووکیان دانیان بەوەدانا کە بەو نازناوەیان (دوو جومکە تیرۆریستەکە) زۆر بەختیارو دڵخۆشن. رۆژنامەکە ئەوشی راگەیاند کە ئەو دوو خوشکە جومکە بەلێنیان داوە نەگەڕێنەوە بۆ بەریتانیاو ئێستا مەشق لەسەر بەکارهێنانی (نارنجۆک)و تفەنگی کلاشینکۆف دەکەن.

### ٢- ام المقداد

ئەمە بە(شازادە ژنی) داعش ناسراوەو بەرپرسی ئەوەیە کە ژنو کچی پارێزگای (ئەنبار)ی عیراقی بێنێتە نێو رێزەکانی رێکخراوەوە. تەمەنی (٤٥) ساڵەو لەکانوونی دووەمی رابردوو هێزە ئەمنییەکانی عیراقی بۆیان رەخساو دەستگیریان کرد.



سەرچاوە
Serchawe

### ٣- ام مهاجر

(ام مهاجر) بەرپرسی (کەتیبەیەکە لەشاری رقە لەسوریا کە لە (٦٠) ژن پێک دێت. (ام مهاجر) رەگەزنامەی تونسی هەیەو لەعیراقەوە چووەتە سوریا لەگەڵ مێردەکەی دوای ئەوەی کچەکانی لەگەورە بەرپرسەکانی داعش مارەکرد.
ئەو کەتیبەیە بەوە بەناوبانگە کە ئەندامەکانی بەدەمامکی رەش دەموچاویان دەشارنەوەو هەمیشە چەکی کوشندەیان پێیە.
ئەو رێکخراوە چەکدارە مانگانە تەنیا (٣٠٠) دۆلار دەدات بەو سەربازە ژنانە. یەکێک لەمەرجەکانی پەیوەندیی کردن بەکەتیبەکانی داعشی ژنان ئەوەیە کە دەبێ ئەو پەیوەندیکەرە کچ بێتو تەمەنیشی لە(١٨)ساڵ کەمتر نەبێتو کە (٢٥) ساڵیش زیاتر نەبێت.

### ٤- ندی معیض القحطانی (اخت حلیبیب)

نازناوی (ندی القحطانی) پێ بەخشراوە. ئەو یەکەمین جەنگاوەری ژنە کە چووبێتە نێو رێکخراوی داعشەوەو لەگەڵ براکەی کە یەکێکە لەئەندامە تیرۆریستەکان چووەتە نێو ئەو رێکخراوەوەو ناوی خۆیشی ناوە (اخت حلیبیب) هۆی بەجێ هێشتنی مێردەکەیو منداڵەکانی، وەکو خۆی دەڵێ: ئەوەیە کە زۆربەی زۆری پیاوەکانی ترسنۆکنو ئەوەشی راگەیاند کەنیازی وایە کردەوەیەکی خۆکوژی بکات بۆ ئەوەی ببێت بە یەکەم ژنی خۆکوژ لەنێو رێکخراوی داعشدا.

### ٥- ام لیث

(ام لیث) قسە لەگەڵ ژنێک دەکات، کە لەئینگلتەرەوە دەچێتە سوریاو دەڵێ دەبێ هەموو ژنانی عەرەب چاو لەو بکەنو بچنە نێو ریزەکانی داعشەوەو ئامۆژگاری ئەوەشیکردن کە گوێ لەوە قسەو قسەڵۆکانە نەدەن کە خەڵک لەبارەیانەوە دەیانکەن سەبارەت بە (جیهاد النکاح) و هانی ئەوەشیان دەدات کە ببن بەژنە شەهید.

### ٦- ام جاریە

کەناڵی (العربیە) دەڵێت: کە(ام جاریە) دەستە خوشکی (ام لیث)ەو لاپەڕەی لەسەر face book هەیە بەئینگلیزی دەنووسێت، هەمیشە وێنەی سەرکەوتنەکانی داعشو داگیرکردنی شارەکانی سوریا بڵاودەکاتەوە، لەوانەش وێنەی سەربڕینی سەربازەکانو جیاکردنەوە سەریان لەلاشەکەیان کە لەجەژنی رەمەزان روویدا.
لەڕۆیتەرزەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## ئامانج لەبونی داعش



ئومێد خدر

بەرلەوەی باس لە ئامانج لە دروستکردنی گروپی تیرۆرستی داعش لەلایەن وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە بکەین، پێویستە پێناسەیەکی کورتی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بکەین، داعش رێکخراوێکی جیهادی چەکداری توندڕەوی ئیسلامییە، وەکو رەوتێکی سوننی شۆڕشگێڕ خۆیان ناساندوە و مەبەستییانە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بونیاد بنێنەوە.

داعش وەکو گروپێک و ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی بەرەی سوننە لەژێر پەردەی ئیسلام دروست بوە، بۆ بەرژەوەندی و گێڕانەوەی هاوسەنگی هێزو کەمکردنەوەی هەژمونی شیعە مەزهەب لە ناوچەکەد. داعش وەکو کارەکتەرێکی نارەسمی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان شتێکی واردە هەروەکو چۆن ئێران چەندین ئەکتەری نارەسمی وەکو حەماس و حیزبوڵا و هێزە سیاسیە شیعەکانی عێراقی بەدەستەوەیە، کە لەرێگەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکیەوە دەیانجوڵێنێت بەئاراستەی بەرژەوەندیەکانی و فراوانبونی هەژمونی وەکو میکانزمێک ململانێی هەژمونیان پێ دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێن داعش میکانیزمە بەدەست هێزە هەرێمایەتی و نیودەوڵەتیەکانی بەرەی سونە مەزهەب، وەکو وڵاتەکانی قەتەر و سعودیە و تورکیا بێت کە ئەمانە زیاتر لەسەر رۆژئاوا و ئەمەریکا حساب دە کرێن، دەتوانین لێرەدا ئەم پرسیار بخەینەڕو کە ئایا داعش بۆ تەنها لە عێراق و سوریا دەجەنگن؟ کە ئەم دو وڵاتە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان سەر بە مەزهەبی شیعەن و دەکەونە ستراتیجی هیلالی شیعی ئێرانەوە. دەتوانین لە سێ خاڵدا ئامانجی داعش و بەکارهێنانی داعش رونبکەینەوە.

١- دەرکەوتنی داعش لە عێراق بۆ لاوازکردنی هێزە شیعەکان بو، کە لەچەند ساڵی رابردودا بە ئەقڵێکی تاکڕەوانە سیاسەتی عێراقیان بەڕێوە دەبرد بەبێ حساب کردن بۆ سوننەکان، ئێران لەچەند ساڵی رابردو بەتەواوەتی هەژمونی خۆی

سەپاند بو بە سەر حکومەتی بەغدادا.

٢- یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی داعش بریتە لە لەناوبردنی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، کە پێش چەند هەفتەیەک لەلێدان و پەلاماری داعش بۆ سەر کوردستان بەگەرمی باسی لێوەدەکرا تا کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکایەتی هەرێم پەرلەمانی کوردستانی راسپارد بۆ پەلەکردن لە دروستکردنی دەستەی راپرسی بۆ ریفراندۆم و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەمە جگەلەوەی کە چەندین هەوڵی دیپلۆماسی و سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی درا بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بینیمان لە چاوترکانێکدا داعش هێرشی کردەسەر شەنگال و مەخمور و جەلەولا و داگیریکردن ئەمە پەیامێک بو دژی خواستی گەلی کورد بۆ پرۆژەی سەربەخۆیی نەتەوەی لەمکاتەدا.

٣- ئامانجێکی دیکە لەبونی داعش بریتیە لە بەرژەوەندی ئابوری وڵاتە زلهێزەکان، کە لەرێگەی شەڕی داعشەوە بازاڕێکی گەرمیان فەراهەم کردوە بۆ کۆمپانیاکانی چەک و تەقەمەنی وڵاتە زلهێزەکان کە لە یەک کاتدا چەک بە داعش و سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە دەفرۆشن، ئەمە شتیکی تازە نییە هەروەکو چۆن لەکاتی جەنگی جیهانی دوەم هە ندێک لە بازرگانە گەورەکانی ئەمەریکا تەنها کاریان خۆشکردنی ئاگری جەنگ بو لە پێناو ساغ کردنەوەی کەلوپەلە جەنگییەکانیان. ئەمانە چەند ئامانجێکن لە ئامانجەکانی دروستکردنی داعش، دەکرێت چەندین ئامانجی تر لەپشت دروستکردنی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییەوە هەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

## داعش‌و مان



حەسەن یاسین

مانو نەمانی داعش، لێدانو لەناوبردنی داعشن، ئەمڕۆ بۆتە خەمی هەموو ئەوانەی کە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی تەماشای داعش دەکەن. کەسانی وا هەن کە لەدڵەوە نیگەرانن بەوەی کە سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما ئاماژەی بەوە کردووە کە لەناوبردنی داعش پێویستی بە سێ ساڵ هەیە!

داعش لەپڕێکدا پەیدا نەبووە. (١٥)ی ئەم مانگە، هەشت ساڵی تەواو بەسەر تەمەنی پەیدابوونی داعشدا تێپەڕی، پێش ئەوەش داعشییە تیرۆریستەکان لەناو گرووپە تیرۆریستییەکانی نێو عیراقدا سەرگەرمی کاری تیرۆریستی بوون.

سێ ساڵ بۆ لەناوبردنی داعش زۆر نییە، داعش ئێستا ڕێکخراوێکی بەهێزی پڕ چەکو جبەخانەیە، لەڕووی ئابوورییەوە توانایەکی گەورەی هەیە، لەڕووی چەکدارییەوە سوپایەکی دڕو شەڕکەری هەیە. چەکدارەکانی هەموو کردەوەیەکی کوشتن بەجۆرەها شێوازی دڕندانە، مادام لەخزمەتی سەرخستنی ئەجێندای داعشدا بێت، بەڕەواو واجبێکی موسڵمانانە دەزانن. داعش، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسیی سوننەگەرە، ئێستا هەواداری لەناو ئەوانەدا زۆرە کە سوننەگەری لایان ئایدۆلۆژیایە.

داعش لەنێو ئەو کوردانەدا کە موسڵمانبوونەکەیان لەمەزهەبی سوننەدا وەک ئایدیۆلۆژیایەک زەفکردۆتەوە، هەواداری هەیە. داعش تا ئێستا گرنگییەکی زۆری بەدژایەتییکردنی شیعە داوەو ئەگەر لای ڕێکخراوی قاعیدە دژایەتیی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا لەپلەی یەکەمدا بووبێت، ئەوا لای داعش شیعە دوژمنی پلە یەکە!

بەشی دوویەم

مانی داعش تەنیا نەبەستراوەتەوە بەو گورزە سەربازییانەی کە لێیدەوەشێنرێ، چونکە داعش تەنیا هێزێکی سەربازی نییە تا بەتەنیا بەڕێگای لێدانی گورزی سەربازی لەناوبچێت، بەڵکو داعش رێکخراوێکی تیرۆریستیی خاوەن فیکرو ئایدیۆلۆژیایە، بۆیە بەقەد لێدانی گورزی سەربازی، لێدان لەفیکری داعش گرنگە بۆ لەناوبردنی داعش.

داعش دوای داگیرکردنی شاری موسڵ خەلافەتی ئیسلامیی راگەیاند، کەچی کەمو دەگمەن بوون ئەو شارەزا موسڵمانانەی کە دژی ئەو خەلافەتە هاتنە دەنگ. هاتنە دەنگەکەش تا ئێستا شەرمنانەو بەهیچ شێوەیەک ئومێدبەخش نییە.
لەچەند رۆژی رابردوودا باس لەوە دەکرا کە شاری بەغدا هەڕەشەی گەورەی داعشی لەسەرە، کەچی لەهەواڵەکاندا بیستم کە لەچەند کۆلێجێکی زانکۆکانی بەغدا کچانو کوڕان لەنێو پۆلەکانی خوێندندا لەیەکتر جیاکراونەتەوە! سەیرە خەڵکو دەسەڵات لەبەغدا لەژێر هەڕەشەی داعشدان، کەچی هەمان ئەو دەسەڵاتدارنەی بەغدا فیکری داعش جێبەجێ دەکەنو کچانو کوڕانی زانکۆ لەیەکتر جیا دەکەنەوە!

نەمانی داعش پێویستی بەکاتە، چونکە لەناوبردنی فیکری داعش پێویستی بەلەناوبردنی ئەو هۆکارانە هەیە کە بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی داعش.
عیراق یەکێکە لەوڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکان لەڕووی داهاتەوە، کەچی خەڵکەکەی لە گەلە هەرە هەژارو نەدارەکانی دینایە.

دەسەڵاتدارانی عیراق لەماوەی یانزە ساڵی رابردووی دوای رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن-دا نەیانتوانیوە ئاستی بژێویی خەڵک ببەنە سەرەوەو باشی بکەن. نەیانتوانیوە ژێرخانی ئابووریی وڵات بەهێزو تۆکمە بکەن. نەیانتوانیوە بێکاری کەم بکەنەوە، بەڵکو رۆژ بەڕۆژ بێکاری روو لەزیادبوونە. نەیانتوانیوە پەرە بەسیستمی پەروەردەو خوێندن بدەنو ئاستی بەرز بکەنەوە. نەیانتوانیوە ئاستی زانکۆکانی عیراق پێشبخەن، بەڵکو رۆژ بەڕۆژ ئاستی زانکۆکان لەدابەزیندایەو لەڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سەددام حوسەیندا ئاستیان لەئێستا باشتربوو. نەیانتوانیوە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵدا دابین بکەن، بەڵکو هەمیشە پەرەیان بەململانێی تایەفەگەری داوەو کێشەکانی نێوان شیعەو سوننەیان بەرەو پتر زەقکردنەوە بردووە.


کەواتە لەعیراقێکدا ئەمە حاڵی بێت، ئەمە سیستمی فەرمانڕەواییەکەی بێت، بێگومان مانی داعش کاتی زیاتر دەخایەنێتو تەمەنی درێژ دەبێتو رەنگە لەو سێ ساڵەش پتر بێت کە سەرۆکی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی داعش دایناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیاو ئەگەری بەشداری نەکردنی لەشەڕی دژ بەداعشدا



**فەرید ئەسەسەرد**

ئەگەرچی تورکیا رایگەیاندووە کە ناتوانێ لەدەرەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش بێ، بەڵام بەکردەوە هێشتا هیچ هەنگاوێکی بۆ بەرجەستە کردنی ئەم راگەیاندنە نە ناوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تورکیا هێشتا دوو دڵەو بەزەحمەت خۆی پێ ساغ دەکرێتەوە.

ئەگەر تورکیا مەسەلەی بەشداری کردنی یەکلا کردەوەو بڕیاریدا ببێ بەئەندامێکی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتیەکە، دەبێ پابەند بێ لەو رۆڵەی کە بۆی دیار دەکرێ‌و دەشێ داوای لێ بکرێ رەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان بدات کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئاسمان‌و زەمینی بۆ هێرش کردنە سەر داعش بەکار بێنێ، یاخود دەبێت داوای لێ بکرێ گورزی ئاسمانی لەداعش بوەشێنێ یاخود، ئەگەر پێویستی کرد، رەنگە داوای لێبکرێ هێزی زەمینی یان تۆپخانە لەهەندێ شوێنی سوریا بخاتە گەڕ، یان هێزی چەترباز لەهەندێ شوێن دابەزێنێ، سەرباری هاوکاری لەبواری هەواڵگری‌و کۆنترۆڵکردنی سنووری لەگەڵ سوریا.

بەڵێ تورکیا هێشتا سورە لەسەر ئەوەی بەبێ نرخ ئەم کارە ناکات، تورکیا بەرامبەر بە بەشداریی لەهاوپەیمانییەکەدا، مەرجی داناوە کە دەبێ زۆنێکی پارێزراو لەباکووری سوریا پێکبهێنرێ‌و مەسەلەی تێکشکاندنی داعش بە مەسەلەی رووخاندنی رژێمی ئەسەدەوە ببەسترێتەوە. ئەم دوو مەرجەش لەواشنتن بەهەند وەرنەگیراون.

مەرجەکان نیشانی دەدەن کە تورکیا هێشتا خۆی لەگرێ کوێرەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی سوریاو مانەوەی رژێمی ئەسەد رزگار نەکردووە. ئەمەش گومانێکی زۆر سەبارەت بە لۆجیکی سیاسەتی تورکیا دەوروژێنێت. پێش هەڵایسانی راپەڕین

## بەشی دوویەم

لەسوریا، تورکیا رژێمی ئەسەدی بەهاوپەیمانی ستراتیجیی خۆی دادەنا. لەپاش راپەڕین بەچەند مانگێک، کتوپڕ رژێمی ئەسەد لەهاوپەیمانێکی ستراتیجییەوە بووە دوژمنێکی ستراتیجیو زۆری نەبرد لەئەستەنبول بووە مەکۆی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا. لە مەسەلەی کوردیش هەڵوێستی تورکیا لۆجیکی تێدا نییە. لەکاتێکدا ئەنکەرە وتوویژ لەگەڵ پەکەکەو سەرکردە زیندانیکراوەکەی دەکاتو پرۆسەیەکی بەناوینیشانی پرۆسەی چارەسەرەوە دەست پێ کردووە، دەستەکەوتەکانی کوردی سوریا بەمایەی هەڕەشە دەزانێو دژی پێکهێنانی کانتۆنەکان کار دەکات.


دوودڵیی تورکیا لەبەشداریکردن لەدژی تیرۆری داعش نیشانی دەدات، کە تورکیا شەڕی دژ بەداعش وا لێکدەداتەوە کە شەڕێکە لەگەڵ بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانیدا ناگونجێت.

بەردەوامبوونی تورکیا لەسەر ئەم هەڵوێستە کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی خۆیو کوردی سوریاو کوردی عیراق بەجێ دێڵێو هەروەها ئاسەواری خراپی لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا دەبێ. لێرە زۆر زەحمەتە رۆژئاوا تورکیا بە بەشێکی جیهانی ئازاد دابنێو رەنگە ئەمە لەبەرەنجامی کۆتاییدا رۆژئاوا بباتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەی تورکیا وەک ئەندامێکی پەیمانی ناتۆ شتێکی بێهودەیە.

ئەگەر لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا هێزەکانی عیراقو هێزی پێشمەرگە لەهەندێ شەرگەو هێزەکانی یەپەگە لەکۆبانی، بەیارمەتیی گورزە ئاسمانییەکانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، هەندێ سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبێنن، دەشێ هەلومەرجێکی وا لەمەیدانی شەڕەکەدا بەدی بێت کە تێیدا شەڕەکە پێویستی بە بەشداربوونی تورکیا نەبێت. ئەوسا، وەک چۆن هێزەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣ بەبێ بەکارهێنانی بنکەی ئینچەرلیکو بەبێ کردنەوەی بەرەیەکی تر لەباکوور، ئامانجەکەیان بەدەست هێناو رژێمی عیراقیان رووخاند، ئەمجارەش هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بەبێ بەشداریی تورکیا دەتوانێ ئامانجەکانی بەدی بێنێ. ئەم سیناریۆیە دەشێ لێکەوتەی سیاسیی گەورەی لێ بکەوێتەوەو تورکیا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەک لایەنێکی گۆشەگیرو فەرامۆشکراو بهێڵێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## کوردستان هەر یەک کوردستانە




**عەبدولکەریم شێخانی**

ئەوە دەوروبەری چەند حەفتەیە ڕێکخراوی داعشی (زۆڵە) ناشەرعییەکەی (القاعدە) هێرشەکانی خۆی بۆ سەر خۆرئاوای کوردستان چڕکردۆتەوە، بەتایبەتیش بۆ سەر شاری (کۆبانێ) کە شەڕڤانە ئازاو بەجەرگەکانی بەکوڕو کچ و ژن و پیاوەوە بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و نەبەردییەوە روبەڕووی دوژمنێکی دڵڕەشی دڵڕەقی تاریکیپەرستی دژ بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی وەستاون کە تازەترین چەکی بەدەستەوەیەو هەمووشیانی لەسەربازگەکانی عیراق دەست کەوتووە، کاتێک کە سوپای عیراق، یان وردتر بڵێین ئەفسەرە پلە بەرزەکانی سوپای عیراق بەرگە ئەفسەرییەکانی خۆیان فڕێ داو بەتای دژداشەوە، بەڵێ تەنیا بەتای دژشداشەوەو هیچی دیکە، بێ شەرمانە هەڵاتن و روویان لەهەرێمی کوردستان کردو وەکو دەڵێن: (ئەو هەموو خەڵکەیان بەگورگان خواردوو دا)ز ئەو ئەفسەرانەی خەریک بوون خۆیان دەکرد بەعەنتەر بەسەر ئێمەی کورد دا، بەڵام لەموسڵ تەنیا تاقە تەقەیەکیشیان نەکرد، مەگەر تەقەی ترس نەبێ و چەکدارە ریش درێژەکان دوایان کەوتن، بەڵام بۆیان نەگیران، چونکە تاژی نەیاندەگەیشتێ.

داعشەکان، دڕەندەیی نەما نەیکەن لە(تەلەعفەر) و (زەمار)، بەتایبەتیش لە(شنگال) کە ویژدانی مردووی مرۆڤایەتی لەخەوی مەرگ بێدار کردەوە، ئەمە سەرەڕای تاوانەکانیان بەرامبەر بەمەسیحییەکان (کوردە شەبەکەکان کە رووی هۆلاکۆو جەنگیزخان و تەیموورلەنگیان سپی کردەوە) بەداخەوە هەندێک کەس پێیان وابوو داعش هێرش ناکاتە سەر کوردستان، بەڵام هەر زوو ئەو رایە بەهەڵە دەرچوو، باشترین نموونەش ئەو بەرەی شەڕەیە کە درێژییەکەی (١٢٠٠کم) زیاترەو ئەو هەموو شەهیدە کە پێشمەرگە بوێرەکان داویانە بۆ داکۆکی کردن لەکوردو کوردستان و هەر زووش نیازە گڵاوەکەی داعش ساغ بووەوە کە ئامانجی گەلی کوردە، چونکە بیروباوەڕی داعش دووفاقە، هەم ئیسلامیی توندڕەو، هەم رەگەزپەرستی عەرەبی پەڕگرو کورد کەوتووەتە نێوان ئەو دوو بەردئاشە، هەر لەو روانگەیەشەوە هێرشەکانی خۆیان بۆ سەرکۆبانێ چڕکردەوەو



سەرچاوە
Serchawe

بەمەش بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە گەورەترین دوژمنی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو مافی چارەی خۆنووسینی کوردن و ئەو هێرشەشیان بووە هۆی دەربەدەرکردن و کۆچ و رەوی سەدان هەزار کوردی کۆبانی و گوندەکانی دەوروبەری بەرەو تورکیا کە ئەویش لەجیاتی یارمەتی دانیان، سنووری لێ داخستن و تەقەی لێ کردن و (سەعدیی شیرازی) گوتەنی (گورگ زادە عاقبت گورگ شود)، واتە ئەوەی لەگورگ بێ سەرەنجام هەر دەبێت بەگورگ، ئەی ئەوە نییە ئەوان تائێستا وێنەی (مستەفا کەمالی گورگە بۆریان) لەژوور سەری خۆیان هەڵواسوە؟! رووداوەکانی ئەم دواییەی کۆبانی، هەموو کوردی هەژاندو هێنانیە سەر شەقام و تەنانەت هەندێک ویژدانی مردووشی لەخەوی مەرگ بێدار کردەوە، بەڵام تورکیایان تێدا نەبوو، کورد سەلماندی کە کورد هەر یەک کوردەو کوردستانیش یەک کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

# داعش لەنێوان ناوەوەو دەرەوەی ئیسلامدا



موحسین ئەدیب

کورتە باسێکە لەکتێبی(خوێندنەوەیەکی ریشەییانە بۆ سەلەفییزمو داعشیزم)، کە هەوڵدەدەم لەئایندەیەکی نزیکدا بەچاپی بگەیەنەم.

### رەخنە لەنێوان وتن و نەوتندا

رەخنە، ئەگەرچی کایەیەکە بۆ خوێندنەوەی دیاردەو بیرەکان، بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لەیەکتر، واتە ئەبێت رەخنە توانای ئەوەمان پێببەخشێت جیاوازی نێوان شتەکان ببینین، بەم مانایە رەخنە پرۆسەیەکە بەتەنها توانای هەڵسەنگاندنی شتەکانمان پێنابەخشێت، بەڵکو بەشدارییەکی جۆریش دەکات لەبەرهەمهێنانی مەعریفەدا، بێگومان ئەگەر ئەرکێکیی تەقلیدیش بۆ رەخنە بەڕەوا ببێنین، ئەوا بریتییە لە دەسنیشانکردنو وردکردنەوەو توێتوێکردنو دواجار تێپەڕاندنی ئەوەی کە هەیە. بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە کە خودی (رەخنە) خۆی لەقەیراندابێت، بەو مانایەی نە توانای وردکردنەوە، نەتوانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی هەبێت.

ئەگەرچی رەخنەکردنی جدی لای ئێمە، وەک پێویست بوونی نییەو خۆی نەسەپاندوە، بۆیە نەمانتوانیوە وەک پێویست کایەکان رەخنەبکەینو بەرچاوڕوونی ببەخشینە دەوربەر. هاوکات گەر جۆرێک لەرەخنەش بوونی هەبێت، ئەوا گرفتی گەورەی ئەوەیە، یان کایەیەک بەهیچ شێوەیەک رەخنە ناکات، یان کە رەخنەشیکرد ئەوا زۆر گشتیو رەها دەیخوێنێتەوە.

بێگومان بەمەبەست (رەخنە نەکردن) دەخەمە ریزی (رەخنەکردن)ەوە، چونکە وەک چۆن غیابی رەخنەو خوێندنەوەی

ڕەخنەییانە، بریتییە لەبێدەگییەکی کوشندەو هیچمان پێناڵێت، بوونو زیندوویی میللەتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەهەمان شێوەش، ڕەخنەی گشتیش هیچ نییە جگە لەدیوێکی دیکەی ڕەخنە نەکردن، چونکە ئەم جۆرە لەڕەخنەکردنیش، ئەگەر چی لە رووکەشدا بریتییە لەدەنگە دەنگو غەڵبەغەڵبێک، بەڵام لەجەوهەردا قڕوکپییەکی قووڵە، بەئەندازەی گشتی بوونی، توانای وتنی هیچ شتێکی تایبەتی نییە، واتە بێدەنگەییەکە لەبێدەنگی بێدەنگتر.

### داعش لەناو ئیسلام، داعش لە دەرەوەی ئیسلام

لەدوای ئەوەی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقو شام)، لەچەند مانگی رابردودا، ئامادەگییەکی بەهێزی لەعێراقدا پەیدا کرد، لەو روەشەوە، کە دالی (ئیسلام) دێتە ناوەوە، داعشو بەنێو داعشیشدا ئیسلام وەک ئاین، لەدوو ئاڕاستەوە یان لەدوو روانگەی تەواو دژبەیەکەوە رەخنە دەکرێن:

**ئاڕاستەی یەکەم**: کە زیاتر ئیسلامییەکان بەسیاسیو ناسیاسییانەوە نوێنەرایەتی دەکەن، رایان وایە کە داعشو داعشیزم لەئاینی ئیسلامەوە دوورنو هیچ پەیوەندییەکیان بەئیسلامەوە نییە، زۆرجار بە گومڕاو ئەگەر زۆر خاتریشیان بگرن بەخەواریج(پێشتر لەوتارێکدا خاڵە جەوهەرییە جیاوازەکانی نێوان داعشو خەواریجمان رونکردەوە، لەسەر ئەوەش وەستاین بۆچی سەلەفەییەکان داعشو خەواریج وەک یەک دەبینن) لەقەڵەمیان دەدەنو هەندێکیش پێیان وایە ئەمانە کافرنو بەکرێگیراوی ئەمریکاو ئیسرائیلن.

**ئاڕاستەی دووەم**: کە زیاتر چەپە ئایدۆلۆژیستەکانو چەپ مەشرەبەکانو ئەوانەی لەدەرەوەی کایەی ئایندا خۆیان دەبیننەوە، هەم وەک بڕواو هەمیش وەک مومارەسە نوێنەرایەتی دەکەن. پێیان وایە ئەمەی داعش دەیکات، هیچ نییە جگە لە تەرجەمە کردنێکی ئەمانەتپا ڕێزانەی خودی ئیسلام، ئیسلام دواجار ئەم جۆرە لەدەسەڵاتو فەرمانڕەوایی بەرهەمدەهێنێتو بەرهەم هێناوە، بەکورتی ئیسلام یەکسانە بەداعشو داعش یەکسانە بەئیسلام، بۆیە ناشێت چاوەڕێی وێنەیەک بین لەئیسلام، جوانتر بێت لەوێنەی داعش.

ئەگەرچی ئەم دوو ئاڕاستەیەو ئەم دووجۆرە لەرەخنەکردن(یەکەمیان لەداعشو دووەمیان لەئیسلام) لەرووکەشدا زۆر جیاوازن، بەڵام لەراستیدا لەزۆر روەوە لەیەکدەچنو دەشێت بەدوو دیوی دراوێک تەماشایان بکەین.

**خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو ئاڕاستەیە:**

١- هەردوکیان، دوو ئاڕاستەی کۆنو سواو و دوبارەنو لەبیرنەکردنەوەیەکی کوشندەوە دێن، توانای ئەوەیان نییە هیچ بڵێن لەسەر ئەوەی پێیدەوترێت داعشو داعشیزم.

٢- هەردوکیان، خاڵین لە پرۆسەی وردکردنەوە، واتە وردکردنەوەو توێکردنی جەستەی داعشیزم، لەکاتێکدا یەکێک لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی رەخنەو خوێندنەوەی رەخنەییانە، بریتییە لەشیتەڵکردنەوەو وردکردنەوەی شتەکان.

٣- زاڵی جۆرێک لەتەممەڵی، زمانحاڵانی ئەم دوو ئاڕاستەیە، نوێنەرایەتی دوو گروپی تەممەڵ دەکەن، یەکەمیان بەوەی هیچ پەیوەندییەک لەنێوان داعشو ئیسلامدا نابینێت، ئامادە نییە خۆی هیلاک بکاتو جۆری ئەم پەیوەندیە بدۆزێتەوە، لانی کەم پێمان بڵێت لەکوێدا پەتی داعش بەئیسلامەوە گرێدراوەو لەکوێدا لێکدەبچڕێن. دوەمیشیان رستەیەکی ئامادەو سادەیەو ئامادە نییە هیچ ئیسلامێک ببینێت، جگەلە ئیسلامەکەی داعش، لەراستیشدا مەسەلەکە ئەوەیە، ئەوانە نە داعشیان ناسیوە، نەئیسلام.

٤- نائامادەیی زانستی بوونو بابەتی بوون، هەردوو ئاڕاستەکە لانی کەمی بابەتیبوونو زانستیبوون تێیاندا نائامادەیە، بەجۆرێک یەکەمیان، نە ئامادەیە دالی ئیسلام لە ناوی دەوڵەتەکەی داعشدا بخوێنێتەوە، نە هەموو ئەو ئایەتو حەدیسانەش دەبینێت کە داعشیەکان لەهۆشیارییەکی تایبەتەوە، بۆ هەموو جوڵەو کارو کردەوەو وەرگرتنی هەڵویستەکانیان دەیانهێننەوە. ئاڕاستەی دووەمیش ناتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان ئیسلامێکی نیمچە دوورگەی عەرەبیو ئیسلامێکی چەند هەزار کەسی تەمەن سی ساڵ، لەگەڵ ئیسلامێکدا کە تەمەنی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵەو و زیاتر لەملیارێک دواکەوتەی هەیەو لەکۆی گۆی زەویدا بڵاوبوونەتەوە.

٥- ئەم دوو ئاڕاستەیە هەردووکیان، وەک یەک شەرعیەت دەدەن بەسیاسی بوونی ئیسلامو دەوڵەتی ئیسلامی بەرەوا دەبینن، یەکەمیان بەوەی پێی وایە ئەگەر ئەوان دەسەڵاتیان بەدەست بێت، ئەوا وێنەیەکی جوانی ئیسلام پیشاندەدەن. دووەمیشیان شەرعیەت بەدەوڵەتی دینی دەدات، بەڵام پێی وایە کە دەوڵەتێکی ناشیرینو درندەیە، لەجەوهەردا ئەم دوو بینشە هەردوکیان لە رەهەندێکەوە دێن کە بڕوایان بەئاوێتەیی ئاینو دەوڵەت هەیە.

٦- هەردوو ئاڕاستەکە مامەڵە لەگەڵ ئیسلامێکی بان مێژوویدا دەکەن(ئەمە هەمان روانینی سەلەفییەتە بۆ ئیسلامو

بەشی دوویەم

خەتەرناکترین روانینە): ئاڕاستەی دووەم کە داعش وەک وێنەی راستەقینەی جەوهەری ئیسلام دەبینێت، پێشی وایە داعشو هاوشێوەکانی تاکە نوێنەری راستەقینەی ئیسلامن، وەک ئاڕاستەی یەکەم، ئیسلام لە لەدەرەوەی مێژوودا دەبینێت، ناشێت ئیسلامێک کە زیاتر لە ١٤ سەدە تەمەنییەتیو لەو مێژووە دورودرێژەشدا زیاتر لەسەدان فۆرمی وەرگرتوە، سەدان مەزهەبو تێزی جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە، یەک جۆری ببینین، دەبێت دان بەوەدا بنێین، ئیسلام لەناو مێژوودایە، بەگوزەریشی بەناو مێژوودا چەندین بەرگی گۆڕیوەو شوناسی جیاوازی لەجوگرافیا جیاوازەکانو سەردەمە جیاوازەکاندا وەرگرتوە، ئەم ئاڕاستەیە هێشتا ئەوە نابینێت، ئێستا ئیسلام ئاینی زیاتر لەملیارێک مرۆڤە، ئەم مرۆڤانەش سەر بەچەندین نەتەوەی جیاوازو هەڵگری زمانی جیاوازن، ئینتیمایان بۆ چەندین کلتورو بیرکردنەوەو ژیاری جیاواز هەیە، دەشێت هەندێک وێنەی ئیسلاممان قەبوڵبێتو هەندێکیشی رەتکەینەوە، بەڵام هەرگیز ناشێت ئیسلام لەدەرەوەی مێژوودا ببینین.

بەمپێیەو لەمخاڵە هاوبەشانەی ئەم دوو ئاڕاستەیەوە لەوەش دەگەین، ئەگەرچی ئەم دوو ئاڕاستەیە پێیان وایە دووئاڕاستەی تەواو جیاوازن، بەڵام لەراستیدا زۆر لێکدەچن، هەربۆیەش، هەر دوکیان وەک یەک، ئەگەرچی پێیان وایە هەموو شتێکیان وتوە، بەڵام هیچیان نەوتوە، نەلەسەر داعشیزمو نە لەسەر ئیسلامیش.

## خاڵە جیاوازەکانی ئەم دوو ئاڕاستەیە:

### ئاڕاستەی یەکەم:

بۆ ئەوەی تێزەکەمان رونتربکەینەوە، پێویستیمان بە روونکردنەوەی خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم دوو ئاڕاستەیەش هەیە.

سەبارەت بە ئاڕاستەی یەکەم کە پێی وایە ئەمانە دوورن لەئیسلامەوەو هەندێکیکیش هەر پێیان وایە ئەمانە فریان بەئیسلامەوە نییە، لێرەشەوە ئیدی پرسی تەکفیرکردنیانو بەگومڕاو بەخەواریج لەقەڵەمدانیان زۆر ئاسان دەبێت، لێرەوە بۆ تیشکخستنە سەر مەترسیداری ئەم جۆرە لەبینش بۆ داعشیزم ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین، وەک ئەدگارە سەرەکییەکانی ئەم ئاڕاستەیە:

- نەبینینی هۆشیاری داعشییەکان: ئەم ئاڕاستەیە تا ئەوپەڕی نالۆژیکییە، بەجۆرێک داعشو داعشییەکان بەخەڵکانێکی خاوەن هۆشیاری نابینێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەمە راستە، چونکە لۆژیکی نییە، هێزێک هەر لەخۆیەوە بێ ئامادەگی هۆشیاری، ناوی دەوڵەتەکەی بنێت ئیسلامی، بۆ هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدات، ئەو هەڵوێستانەی وەریان دەگرێت چەندین ئایەتو حەدیس وەک بەڵگە ریزدەکات، واتە ئەوەی دەیکەنو ئەوەی نایکەن دەیبەستنەوە بە تیکستە دینیەکانەوە، بۆیە

هەرگیز لۆژیکی نییە، پێمان وابێت ئەمانە پەیوەندیان بەئیسلامەوە نییە.

- توندڕەوی ئیسلامی میانەڕەو!: ئەگەرچی زۆرێک لەزمان حاڵانی ئەم ئاڕاستەیە خۆیان بە ئیسلامیو موسوڵمانی (میانەڕەو) لەقەڵەمدەدەنو بەمجۆرە رەخنەیەشیان لەداعش، دەیانەوێت میانەڕەوبوونی خۆیان تۆختربکەنەوە، بەڵام لەراستیدا زمانی بەکافربینینو بەلەدیندرچوویی گروپەکان هیچ نییە لەلۆژیکو زمانی راستەقینەی داعشو داعشیزم(*)، بۆیە پەنابردن بۆ ئەم جۆرە زمانە تەسلیمبوونە بەلۆژیکی بەرامبەر، یاریکردنە لەمەیدانی ئەویتردا، هەر کاتێکیش لەمەیدانی بەرامبەردا گەمەت کردو هەمان زمانو یاسای ئەوت جێبەجێکرد، مانای ئەوەیە بەر لەراگەیاندنی ئەنجامی گەمەکە دۆڕاوی. لەمەش مەترسیدارتر ئەم جۆرە بیشنە ئەوەشی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتوە مادام ئەویتر بەکافرو گومڕا لەقەڵەمدەدات، یانی ئەوەی خۆی بەگروپی سەرفراز(الفرقە الناجیە) لەقەڵەمدەدات، لەکاتێکدا یەکێک لەو بیرۆکە مەترسیدارانەی داعشو داعشییەکانی بەم دەردە بردوە، بینینی خۆیانە وەک گروپی سەرفراز!، لێرەوە ئەم جۆرە بینینە نەک تۆمەتی توندڕەوبوونیان لێوەرناگرێتەوە، بەڵکو توندڕەوبوونیان دەسەلمێنێت.

- نائامادەگی بوێری: لەجۆری بۆچوونی ئەم ئاڕاستەیەدا بوێری بوونی نییە، واتە نایەوێت دەست بخاتە سەربرینەکە، موراجەعەیەکی ریشەیی بۆ میتۆدو بیرکردنەوەو ئەدەبیاتی خۆی بکات، ناوێرێت دەست بۆ رەهەندە ئاینیو فیکرییەکانی داعش بەرێت، راڤەیەکی دی بۆ دەقەکان بکات، توانای ئەوەی نییە دەستکاری پێگەی دەقەکانو پەیوەندی نێوان دەقو مێژوو، نێوان بەداوەتو ئیسلامو نێوان ئیسلامو دەسەڵات بکات، بۆیە زۆرسانا دێتو بەناوی موقەدەسەوە ناو لەنەیارەکانی دەنێتو لەناو مەنزومەی مەوروسی دینیدا ئەوانی دی بەکافرو لەئاییندەرچوو بەکرێگیراو دەناسێنێت.

- کێشەی ئەم ئاڕاستەیە ئەوەیە نایەوێت دان بەو حەقیەقەتە تاڵەدا بنێت کە تیرۆر وزەو خۆراک لەئاینەوە وەردەگرێت، یەکێکە لەسەرچاوە زەنگینەکانی تیرۆرو توندوتیژی، ئەم دانپێدانانە زۆر گرنگو جیاکەرەوەیە، ئەم جۆرە لەئیسلامو موسوڵمانی(میانەڕەو) وەک ئەوەی کاردینالڵ راتسنغر(کەدواتر دەبێتە پاپا بندکتی شانزەهەمی ڤاتیکان) لەمانگی کانونی دوەمی ساڵی ٢٠٠٤ لەدیالۆگێکیدا لەگەڵ هابرماسو جیهاندا دانی بەوەدانا ئاینیش وەک عەقڵ لەتەنگەژەدایە، ئەو ووتی:"چەندین نەخۆشی خەتەرناک بەرۆکی ئاینیان گرتوە"و بەدیاریکراوی لەبڵاوبونەوەی تیرۆردا بەرجەستە دەبێتو لەسەر دەمارگیری ئاینی خۆی دەژێنێتو سەرچاوە دەگرێت( ).

## ئاڕاستەی دووەم:

هەرچی سەبارەت بەزەقترین ئەدگاری ئاڕاستەی دووەمە، پێویستە تیشکی بخەینە سەر دوو خاڵی جەوهەرییە:

**یەکەم**: ناواقیعی بوونو ناعەمەلی بوون: گریمان زمانحاڵەکانی ئەم ئاڕاستەیە، بۆچوونەکەیان تەواو راستە، بەڵام لەراستیدا بۆچوونێکی تەواو ناواقیعیو نا عەمەلییە، لەبەر ساناترین هۆکار، ئیسلام وەک ئاینو وەک مومارەسەش زیاتر لەچوارده سەدەیە هەیە، سەبارەت بەئێمەش لانی کەم ١٢٠٠ ساڵە ئاینمانەو تێکەڵاوی کۆی کایەکانی ژیانی کوردەواری بووە، بەم رەخنە شمولییە، ناتوانین ئەلفێکی بەرامبەر بڵێینو لەمەیدانی کوردی بیکەینە دەرەوە، بەپێچەوانەوە دوورمان دەخاتەوە لەئەسڵی مەسەلەکە.

**دووەم**: مەترسی بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی: مەترسی ئەم بۆچوونە لەرەهەندە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکەیدا بەرجەستەیە، لەو رەوە، مادام ئیسلام یانی داعشو داعش یانی ئیسلام، کەواتە وەک چۆن بۆمان رەوایە شەڕی داعشییەکان بکەینو تەفروتونایان بکەین، هەمان مافیشمان هەیەو بۆمان رەوایە شەڕی کۆی ئیسلامیەکانو موسوڵمانە مولتەزیمەکانیش بکەین، بەسۆفییەکانیشەوە!.

لێرەوە ئەو روانینە دەسلمێت، کە بەتەنها لەوەدا کێشەمان لەگەڵ ئەم ئاڕاستەیەدا نییە، کەلە بیرنەکردنەوەیەکی کوشندەوە دێت، بەڵکو زیاتر مەترسیەکەی لەوەدایە کە دێت، ئاشتی کۆمەلایەتیو پێکەوە ژیانو ئازادی رادەربڕینو دیالۆگ رووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورە دەکاتەوە، ڕێگا نادات ئەوەی هابرماس ناوی ناوە(بواری گشتی) هەناسە بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئایندەی كوردستان لە شەڕی داعشدا.



ئاسۆ كەمال

كوردستان بووەتە مەیدانێكی شەڕی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دژ بەداعش بەڵام ڕێڕەو وئایندەی ئەم شەڕە نەبەدەست خەڵكی كوردستانە و نە یەكێتی وپارتیش چارەنوسی شەڕەكەیان بەدەستە. ئاشكرایە دەور و سیاسەتی یەكێتی و پارتی پاشكۆی سیاسەتی باڵادەستی ئەمەریكا و یاریكردن لەسەر پەتی شەڕی دوو قوتبی نێوان دەوڵەتەكانی ناوچەكەیە كە لایەكی ئێرانە ولاكەی تری توركیا وسعودیە و خلیجە.ئەوەی وا دەكا خەبات و بەرگری جەماوەری ببێتە هێزێكی سەربەخۆ وكاریگەر لەم شەڕەدا بونی سیاسەت و ستراتیژیەكی ڕۆشنە لەلایەن ئەو هێزانەی دەیانەوێ ئایندەیەكی جیاواز لە سیاسەتی یەكێتی وپارتی بەدی بێنن.

### سیاسەتی یەكێتی و پارتی لە شەڕی داعشدا.

وێناكردنی داعش وەك گروپێكی توندڕەوی ئینسان كوژ كەدەبێ شەڕیان لەدژ بكرێ هەموو سیاسەتی ڕاگەیەندراوی یەكێتی وپارتیە.بەڵام سیاسەتی ڕانەگەیەندراوی ئەم دوو هێزە خۆی لە هەڵوێست و تاكتیك و پەیوەندیەكانیان بە لایەنەكانی بەرەی شەڕی داعشەوە دەردەخا.

داعش ئێستا بووەتە بەشێك لەواقعیەتی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و نیشاندانی وەك گروپێكی توندڕەو بۆ شاردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە كە هۆی سەرهەڵدان ومانەوەی هێزێكی فاشستی ئیسلامی لەم ناوچەیەدا كردۆتە ئەمری واقیع. ستراتیژی نادیار و چاوەڕوانی شەڕی درێژخایەنی چەند ساڵی لەگەڵ داعش و بزوتنەوەی فاشیزمی ئیسلامیدا نیشانەی ئەم واقعیەتەن. ئەم فاشیزمە ئیسلامیە لەسەر چەند تەوەرێك كاردەكا و مانەوەی خۆی لەو كێشانەدا

دەبینێتەوە،کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم**: ژینگەی داعش لەکێشەی بنبەستی سیاسی و ئابوری لە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەلایەک دابەشکردنی ئەم ناوچەیەی بە چەند شێخنشینێک کە داهاتێکی خەیاڵی نەوت و گازیان لەبەردەستدایە بەژمارەیەکی کەمی چەند ملیۆنی دانیشتوانەوە و بوونی چەندین دەوڵەتی گەورەی وەک میسر و تونس و ئوردون و سوریا بەچەند سەد ملێون بێکارەوە. ئەم دابەشکردنە ئیمپریالیستیەی بازاڕی کاروسەرمایە بوەتە مایەی کەڵەکەبونی سەرمایەی نەوتی لەدەستی شاو ئەمیرەکانی کەنداو و دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەک و ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزانی کرێکاران و بێ مافی سیاسی و ئابوری زۆربەی دانیشتوانی هەژاری ئەم ناوچەیە لەلایەکی ترەوە. ئەمەریکا و هاوپەیمانە ئیمپریالیستەکانی لەڕێگەی کۆنترۆڵی بازاڕوقەرزدارکردنی ئەم ناوچەیە و کۆمەک بەسوپا ودەزگای جاسوسی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی و دانانی بنکەی سەربازی ئەمریکی و بەرپاکردنی دووشەڕی کەنداو و درێژەدان بەپشتیوانی داگیرکردنی فەلەستین ،وەک سەرچاوەی نەهامەتیەکانی خەڵکی ئەم دەرکەوتوە و فاشیزمی ئیسلامی ئەلقاعیدە و داعش بەهەمان شێوەی نازیزمی ئەڵمانی دەتوانێ ڕێگای دەرچونی خەڵکی هەژاری ئەم ناوچەیە لەدەست ئەمەریکا و شێخنشین و دیکتاتۆرە ناسیونالیستەکان بە ئایدیۆلۆژی و بەدیلی خەلافەتی ئیسلامیەوە گرێ بدا . ٢٤ساڵی ڕابردوی مێژووی باڵادەستی ئەمەریکا لە ناوچەکە و سیستەمە نوێیە تاک هێزیەکەی جیهانی فاشیزم و تیرۆریزمی ئیسلامی کردۆتە هێز و بزوتنەوەیەکی سیاسی لەم ناوچەیەدا کە وەک باڵێکی بورژوازی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەڵێن وبەدیلی خەلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی کردۆتە واقعیەتێک کە شەڕێکی وەحشیانە دەکا بۆ خۆسەپاندن و قبوڵکردنی لەلایەن ئەمەریکا و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواوە.

نادیاری ماوە و ئایندەی شەڕی ئەمەریکا و ستراتیژی ئۆباما دژ بەداعش لێرەدایە کە ئەمەریکا بەسازان لەگەڵ باڵی ئیخوان موسلمینی ئەم فاشیزمە ئیسلامیەدا هەیە وەک لەمیسر بینیمان و ئێستا لەسوریا وەک ئۆپۆزسیۆنی میانەڕەو کۆمەکیان دەکا چونکە لەبەرامبەر شەپۆلی شۆڕش و بەهاری عەرەبیدا بینیمان کە چۆن ئەم بەدیلە ئیسلامیە توانای پاشەکشەی بە رادیکال بونەوەی ئەو ناڕەزایەتیە کرێکاری و جەماوەریە ئازادیخوازەی ئەم وڵاتانە هەیە ،بەڵام کێشەی لەگەڵ باڵی توندڕەوی ئەم بەدیلە ئیسلامیەدا هەیە کە زیانی ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی ئێستای ئەمەریکا و ناجێگیریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکا کە لەوانەیە ڕەقیبە جیهانی و ناوچەییەکانی ئەمەریکا وەک ڕوسیا وئێران سودی لێوەرگرن و باڵانسی هێز لەم ناوچەیە لەدژی ئەمەریکا بچەرخێ لەکاتێکدا دوای شکستی تەجروبەی داگیرکردنی عێراق و دەستێوەردانی سوریا ئەم ئەگەرە جدی بوەتەوە.

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە نیشانمان دەدا کە هەرچەند بۆمبارانەکانی ئەمەریکا لەدژی داعش کاریگەریان هەبوە لەسەر

**بەشی دوویەم**

بەرتەسکردنەوەی هێرشەكانی ئەم فاشیزمە ئیسلامیە بەڵام ستراتیژی ئەمەریكا توانای شكست پێهێنانی خەتەری ئەم فاشیزمە و داعش و ئەلقاعیدە و باڵەكانی تری نیە و پاشكۆیەتی پارتی و یەكێتی بۆ ستراتیژی ئەمەریكا و ملكەچكردنیان بەتەسلیم بونەوە بە پرۆسەی سیاسی شكستخواردوی عێراق و گەڕانەوە بۆ بەغداد ڕەهاكردنی چارەنوسی كوردستانە لە چاوەڕانی بێهودەی گۆدۆدا. لەم سیاسەتەی پاشكۆیەتی پارتی ویەكێتی بۆ ستراتیژی ئەمەریكا لەشەڕی دژی داعشدا دیارنیە كە تاكەی دەبێ كوردستان بەشێك بێت لە عێراق و سوریا تا شەڕی داعش و ئەلقاعیدە و هێزێكی تری سونەی توندڕەو بكا بۆ پاراستنی یەكپارچەیی عێراق و سوریا. خەڵكی كوردستان لەم ستراتیژەی ئەمەریكا گۆشتی دەمی تۆپی بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكایە نەک هێزێک كە لەپیناو پاراستنی خۆیدا سنورەكانی لەداعش پاک بكاتەوە. دەیە و نیویكە شەڕی دژی تیرۆریزمی ئیسلامی ئەمەریكا بەرپاكراوە و هێشتا لەگەرمەیدایە بۆیە بەستنەوەی پاراستنی كوردستان بەم شەڕە درێژخایەن و نادیارەی ئەمەریكاوە بەمانای قوربانی كردنی ژیان وچارەنوسی نەوەیەكی تریشە بەم شەڕە ئیمپریالیستیە نادیارە. ئەمە سیاسەتی شكستخواردوی پارتی و یەكێتیە كە شەڕی ئێستای داعش ناكاتە شەڕێک كە جەماوەری خەڵكی كوردستان بە قەناعەت و بە گەرموگوڕیەوە بەشداری تێدابكا و دەبێتە شەڕێكی دیفاعی ناچاری بۆ خۆپاراستن لە فاشیزم و بەربەریەتی داعش. جیاوازی شەڕی كوبانی تائێستا لەشەڕی كوردستانی عێراق لێرەدایە كە كۆبانی نەبوەتە پاشكۆی شەڕ و سیاسەتی ئەمەریكا و شەڕ دژی ئەسەد و پاراستنی یەكپارچەیی سوریا و شەڕی پاراستنی كۆبانی و چارەنوسی ئیدارە خۆجێییەكەیەتی. هەركات كۆبانی بەستراپەوە بە سیاسەتی بەرەكانی شەڕی ناوچەكە و لەنێوان ئێران و توركیاوە وەک كوردستانی عێراق بەكارهێنرا ئەوكات توشی هەمان چارەنوسی كوردستانی عێراق دەبێتەوە. گفتوگۆكانی ساڵح موسلیمی هاوسەرۆكی پەیەدە لەگەڵ میتی توركیادا تائێستا دوری ئەم هێزەی لە تەسلیم بون بە پاشكۆیەتی بۆ بەشداری شەڕی وەكالەتی دووقوتبی ناوچەكە نیشان دەدا و ئەمە ورەی بەرگری جەماوەری لەم شارەدا ڕاگرتوە.

**دووەم**: داعش، بارمتەگیری شەڕی قوتبە ناوچەییەكان لە ناجێگیری هێزهاوسەنگی جیهانیدا. دوای دوو دەیە لە تاک جەمسەری ئەمەریكا و هەوڵی سەپاندنی سیستەمی نوێی جیهانیدا ئەمڕۆ ناجێگریەک لە هاوسەنگی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمەریكا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەكانی لەگەڵ ڕوسیا و چیندا دروست بوە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وەک یەكێک لە ناوچە بوركانیە سیاسیەكان لە دوای شكستی ئەمەریكا لە عێراق و سوریادا و بەهاری عەرەبیەوە ناجێگیریەكی سەرتاپاگیری بەخۆیەوە بینیوە. دوو قوتبی ناوچەیی كە لایەكیان ئێران و دەسەڵاتی شیعە لە عێراق ولوبنان و حكومەتی بەشار ئەسەد و كەمایەتیە شیعەكانی كەنداوە و لایەكەی تری سعودیە و قەتەر و میرنشینەكانی كەنداو و دەوڵەتی توركیایە كە هەریەكەیان خەریكی هێنانەئارای سیستەمێكی نوێن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە خۆی لە ئیمپراتۆریەتی هیلالی شیعە، ئیمپراتۆریەتی سونەی ئۆردوگانی ئیخوانی و وەهابی دا دەبینێتەوە. ئەم ململانێیە تایتڵی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

شەڕی سونە و شیعەی پێدراوە تاکو بتوانێ پاساوی ئایدیۆلۆژی ئەم شەڕە ناوچەییەی پێ بکەن. عێراق و سوریا ئێستا مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە ناوچەییە و لایەنە شیعە و سونەکان لە عێراق و سوریا و لوبنان شەڕی بەوەکالەتی ئەم دوو قوتبە ناوچەییە دەکەن . دیاریکردنی چارەنوسی عێراق و سوریا بۆ هەرکام لەم دوو قوتبە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی و ئابوری باڵادەستی و نەخشەی ئیمپراتۆریەکەیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

فاشیزمی ئیسلامی ئەلقاعیدە و داعش لە عێراق و سوریادا ئەم تایتڵی شەڕی سونە و شیعەی بەبارمتە گرتوە و خۆی کردۆتە نوێنەری بەرەی سونە دژ بەدەسەڵاتی شیعە لەناوچەکە و جیهانی عەرەبیدا. کۆمەکی ملیاران دۆلاری سعودیە و قەتەر و هاوکاری تورکیا بۆ پڕچەکردن و هێزکۆکردنەوە بۆ داعش لە سوریادا فرسەتی ئەوەی بەم هێزە بەخشی کە نەخشەی ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد بگۆڕێت بە ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە سوریا و عێراقدا . بەمەش لە ناکۆکی و شەڕی ئیمپراتۆریەتە شیعە وئیخوانی و وەهابیەکاندا ئەمرۆ ئیمپراتۆریەتی فاشیزمی داعش دەژی و ئەو هێزەی سعودیە و قەتەر و تورکیا دژی شیعە کۆی دەکەنەوە دەبێتە سەربازی خەلافەتی داعش وەک لە عێراقدا دەبیبنین کە هێزە سونەکان ئایندەی بەدەسەڵات گەیشتنی خۆیان لەمانەوەی فشاری داعش و ئەلقاعیدەدا دەبینن.هاوکات تورکیا ئایندەی خەلافەتی ئیخوانیە ئۆردوگانیەکەی لە مانەوەی داعش و باڵە ئیخوانیەکانی تری لە سوریا و میسر و تونسدا دەبینێتەوە. بۆ سعودیە مانەوەی فاشیزمی وەهابی بەشێکە لەستراتیژیەتی پاراستنی شانشینە نەوتیەکەی لەبەرامبەر خەتەری سەرهەڵدانەوەی شەپۆلی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی بەهاری عەرەبی لە جیهانی عەرەبیدا دروستی کردوە.

سیاسەتی یەکێتی و پارتی لەم شەڕە ناوچەییەی دوو قوتبی ئێران و تورکیادا بەئاشکرا دابەشبون و پاشکۆیەتی ویاریکردنی ئەم دوو حیزبە بووە لە نێوان ئەم دوو قوتبەدا . ئەم پاشکۆیەتیە بۆ ئێران و تورکیا بوەتە بەشێک لە ستراتیژی مانەوەی دەسەڵاتی ئەم دوو میلیشیا دەسەڵاتدارەی کوردستان. لە ئێستاشدا کە داعش شەڕی ئەم دوو قوتبەی لە کوردستاندا کردۆتە بەشێک لە مەیدانی ململانێی ئێران و تورکیا وسعودیە، یەکێتی شەڕی هێشتنەوەی باڵادەستی ئێران لە عێراقدا دەکا و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی کردۆتە بەرەی شەڕی ئێران دژ بەداعش و چونە شەڕی ئامرلی نیشانی دا کە ئەم شەڕە بۆ یەکێتی تەنیا شەڕی پاراستنی سنورەکانی کوردستان نیە لە داعش بەڵکو بەشداری شەڕی ئێران و شیعەی عێراقیشە دژ بە داعش. ئەمە خۆبەستنەوە و چارەنوسی کوردستان بەستنەوەیە بە شەڕی ئێران و دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق لەسەر باڵادەستیان لە عێراقدا. هەرچی پارتیشە لە پاشکۆیەتی بۆ هەڵوێستی هاوکاری تورکیادا بۆ پێشڕەویەکانی داعش لە موسڵدا خەڵکی شەنگالی کردە قوربانی نائامادەییەکانی خۆی بۆ پارێزگاری لەو بەشە لە خەڵکی کوردستان کە لەژێر هەڕەشەی دڕندانەی داعشدا بون. پارتی ئێستا لە تورکیا زیاتر پاساوبۆهەلوێستی ئاشکرای تورکیا لە درێژەپێدانی پاڵپشتیە ناڕاستەوخۆکانی بۆ داعش دەکا.

## بەشی دوویەم

لەم شەڕە ناوچەییەدا کە شەڕی دژی داعش بووەتە بەشێکی یەکێتی و پارتی ستراتیژیان دەبێ خۆبەستنەوە بێ بە یەکپارچەیی عێراق و بەشداری لە حکومەتی عێراقدا. چارەنوسی شەڕ و پێشمەرگە و چەک و پێداویستیەکانی شەڕ بەندە بە ملدانیان بە مەرجەکانی بەغداد بۆ هەناردەی نەوت و وازهێنان لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان. ئەم مەرجانە واتە بەشداری لە شەڕی نەکەوتنی حکومەتی شیعەی عێراق و هێشتنەوەی باڵای دەستی ئێراندا و پاشکۆیەتی کوردستان بۆ ئەم ستراتیژیە. ئەمە ئەگەر سیاسەتی ڕانەگەیەندراوی یەکێتی بێ لەم شەڕەدا دژی داعش و بەکوشتدانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا وەک سلیمان بەگ و ئامرلی، ئەوا بۆ پارتی سەرەڕای بەشداری لە حکومەتی عێراقدا ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی کە لەگەڵ پاشکۆیەتی بۆ سیاسەتەکانی تورکیا و پشکی شێردان بە کۆمپانیا نەوتی و بازرگانیەکانی تورکیادا دێتەوە. ئاوڕنەدانەوەی تورکیا لە پارتی لە کاتی هێرشی داعشدا پارتی ڕوبەڕوی داکشانێکی مەعنەوی و سیاسی کردۆتەوە لەبەرامبەر یەکێتیدا لە شەڕی دژی داعشدا کە ئێران پشتیوانی دەکا و ترسی گۆڕینی باڵانسی هێزی بۆ پارتی دروست کرد.هاوسنوربونی پارتی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستانیشدا و بونی ڕکابەری پەکەکە وایکردوە کە پارتی شەڕی داعش وەک شەڕێک بۆ سەرخۆی سەیردەکا نەک شەڕێک کە بۆ خەڵکی کوردستان پێویستە بەرەیەکی دژی داعش لە کوردستان و ڕۆژئاوا پێک بێنێ کە هاوکاری و پشتیوانی یەکتر بکەن دژی دوژمنی هاوبەش.

هەربۆیە دەبینین کە یەکێتی وپارتی لەشەڕی دژی داعشدا کێرڤی هێرش و بەرگریان بەپێی ئێران و تورکیا و شەڕە ناوچەییەکە دەچێتە پێش و هیچ ئایندە و ستراتیژیەک بۆسەرکەوتن بەسەر داعشدا دیارنیە. مانەوە لە عێراق و لە خۆبەستنەوە بە تاکتیک و سیاسەتی دەولەتەکانی ناوچەکەوە کەوتنە ناو بەرداشی شەڕی دژی داعشە لەلایەک ،وەک بەشێک لە شەڕی دژی سونە لەعێراقدا و لەلایەکی تریشەوە شەڕی دژی حکومەتی شیعەیە کە تورکیا لە بەرامبەر ڕێگاکردنەوە بۆ ناردنی نەوت و بازرگانیکردن لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا بەکاری دێنێ.

ستراتیژی شەڕی دژی داعش تاکو پەیوەست بێ بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پرۆسەی بەناو دیموکراتی ئەمەریکا لە عێراق و ڕیگرتن لە کەوتنی حکومەتی شیعە و مانەوە لەبازنەی بەتاڵی شەڕی سونە و شیعەدا و پاشکۆیەتی بۆ شەڕی ئێران و تورکیا بێ لە عێراق و سوریادا ئەوا ئایندەیەکی نابێ و خەتەری سەرهەڵدانەوەی داعش و ئەلقاعیدە و هەر هێزێکی تری فاشیزمی ئیسلامی سونە یان شیعە هەیە کە کوردستان وەک بەشێک لە عێراق و مەیدانی شەڕی ناوچەکە پەلامار بدەن. دەرچوون لەم شەڕە و شکست پێهێنانی داعش و فاشیزمی ئیسلامی لە کوردستاندا لە دەرچون لە بازنەی شەڕی شیعەو سونە لە عێراق و دوو قوتبی ئێران و تورکیادایە. ئەم سیاسەتە ستراتیژی شەڕی دژی داعش دەکاتە پاراستنی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە داعش و لایەنەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستە ئیسلامیانەی عێراق و ناوچەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## فرۆکەکانی داعش بەسەر سەرمەوە



**سەربەست جیهاد**

هەرەشە نیوەی شەڕە، جاران وا دەگوترا، بەڵام پێدەچێ لەم سەردەمی پۆست زانیاریەدا هەڕەشەو گرۆگیف لەنیوەی شەڕ پتربێ. داعش هەرچی لە دەستی بێ لەساحەی جەنگی دەروونی بەو ئیمکاناتە سنووردارە میدیایەی خۆی، دریغی ناکاو بەشێک لە ئینجازاتیشی هەر لە سەرینی ئەو شەڕە دەروونییەوەیە. هەرچەندە باش لە کاریگەری تێکدەرانەی جەنگی دەروونی و پڕوپاگەندەی شەڕ تێدەگەین و دەبەرابەری داعشیش وەسیلەمان لەبەردەستدایە، بەڵام مخابن بێ ئەوەی شعوری پێ بکەین دەبینە لایەنی نەیاری خۆمان لەو جەنگەی دژی خۆمان بەڕێوە دەچێ، بێ ئەوەی هەست پێ بکەین میدیامان موسەخەر کردووە بۆ شەڕێک کە تیرۆر لە دژمان بەرپای کردووە، کە ئەصل ئەوە بوو پێچەوانە با.

دەزانم ئاسنی سارد دەکوتمەوە، دەزانم نە ئەو ستوونەو نە دەیانی پێش ئەو و چەندانی دوای ئەو، دەزانم دەیان تێبینی و رەخنەو گازەندەی توێژەرو پسپۆڕی راگەیاندن، میدیای ئێمە لەو رێچکە هەڵدێرە رزگار ناکا کە لەوەتەی داعش شەڕی بەسەرماندا سەپاندووە، گرتوویە بەرو بڕیاریشیداوە رێگەکە نەگۆڕێ، بەڵام چ بکەم دڵم بەرایی نادا بەبەر چاوو گوێچکەمەوە داوو دەزگاکانی راگەیاندن بە دەزگاکانی حزکەی خۆشمانەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن دیعایەی داعشی دووبارەو دەبارە بکەنەوەو خۆیان بکەنە بوقی پڕوپاگەندەی تیرۆریستان و منیش هیچ نەکەم و هیچ نەڵێم، خۆم ناگرم کاتێک دەبینم بێ پەردە شەڕی دەروونی دژی گەلەکەم بۆ حیسابی تیرۆرو لەجیاتی تیرۆریستان لە میدیای خۆمانەوە بەڕێوەدەچێ، کەچی نە حکومەت مووی لێ دەبزوێ و نەیاسا بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی دامەزراوەو رۆژنامەنووسان.

رۆژانە میدیای کوردستانی بە تەقلیدی میدیای وڵاتانی عەرەب و میدیای دنیای پڕ لە فەوزای وڵاتانی بەڵا لێدراوی

## بەشی دوویەم

(بەهاری عەرەبی) بۆڵتێنێک خەبەری داعشیمان بۆ سازدەکاو هەموو سەری سەعاتان بۆمان دووبارە دەکاتەوە، سا ئەمە خوایە ئێمەی وەرگری ماڵوێران رازی و بێنیاز لە زانیاری بکاو دەروونمان تێر ئاو بکا. دڕندەیی جەلادەکانی داعش و وێنەکانی سەرپەڕاندن و رەشەکوشتن و ئاوس بوونی کچۆڵە نەمساییەکەو هەموو ئەو هەواڵە گەرم نەرمانەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بابەتە سەرەکی و گرنگەکانی نەشرەکانی رادێوو تەلەفزێون و لاپەڕەکانی رۆژنامە کاغەزی و ئەلکترۆنییەکان و ..هتد پێکدەهێنن. بەشی هەرە زۆری ئەو هەواڵ و باس و خواسانە لەوانەن یان ئیعلامی داعش یان هاووسو و هاوسۆزەکانی بەمەبەست و بۆ مەبەست بڵاویان دەکەنەوەو میدیای ئێمەش هەر بە پەلەو بەبێ ساغکردنەوەو تەحقیقکردن لە ئەصلی رووداوەکان و راستگۆیی سەرچاوەکان، جارێک نا دەیان و بگرە سەدان جار تیکراری دەکەنەوە، نەوەک خودا نەکەرانە یەکێک دوان خەبەرەکانی داعشیان نەبیستبێ و لەو زانیارییە بە سوودو پێویستانە بێ بەش ببن.

ئەم هەفتەیە فڕۆکەکانی داعش و مەشق و راهێنانی فڕۆکەوانان و بەشداری ئەفسەرانی سوپای بەعسی روخاوو و مەترسییەکانی هێزی هەوایی و گۆڕانی باڵانسی هێز، بابەتی گەرمی هەواڵ و حیکایەتەکانی راپۆرتەکان بوو، هێندەی لەسەر رۆیشتن گەیاندیانە ئەوەی گوایە وەزارەتی پێشمەرگە لە کۆبوونەوەی داهاتوویان لەگەڵ هاوپەیمانان بە تەمان داوای چەکی دژە فڕۆکە بکەن.

ئەم هەواڵە یەکێک لە بابەتەکانی هەڕەشەو جەنگی دەروونییە کە دوای چڕبوونەوەی بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان و دەرکەوتنی زوعفی داعش بە قەصدو بە فەبرەکە وێنەو داڕشتنی بۆ کراوە، کەچی لە میدیای ئێمەدا بێ شعور کردن بە کاریگەرییەکەی، ئەو هەموو مەساحەیەی بۆ تەرخانکرا.

لەڕاستیدا فڕۆکەی داعش تەنیا لە فەزای مەجازی قابیلی فڕینە، هەر بۆیە داعش بە ناچاری لە تویتەر تەیارەکەیان فڕاند، میدیاش بەتایبەتی میدیای ئێمە هێنایانە دنیای واقیعەوەو منیش فڕۆکەی میگ ٢٣ی داعشم بەسەر سەرمەوە دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیاش بەرژەوەندیی هەیە



**هاوڕا باوەیس**

لەوکاتەی مەترسیەکانی گرووپی تیرۆرستی داعش رووی لەعیراقو سوریا کردووە بەتایبەت دوای هێرشی ئەو گرووپە بۆ عیراقو داگیرکردنی موسڵو دەست بەسەراگرتنی چەکیکی زۆر کە سوپای عیراق بێ بەرگری بۆی بەجێ هێشتن، هەروەها رووداوەکانی دواتری داگیرکردنی شەنگالو قەتڵو عامی خەڵکە سڤیلەکەیو بازرگانیکردن بەخوشکانمان لەشەنگال، هەرئەوکات ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا هەستیان بەمەترسی گەورەی ئەو گروپە تیرۆرستیە کرد، هەستیانکرد هەم نەتەوەیەکی دۆستیانو هەمیش بەرژەوەندی خۆیان لەعیراقو هەرێمی کوردستان لەمەترسیەدایە، بۆیە ئەمریکا راستەوخۆ هاتە سەرخەتو وڵاتانی هاندا تا بەدەم کوردەوە بچنو هاوکاری کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، بۆیە لەڕێگەی ئەم ئاگادارکردنەوەو بانگەوازەی ئەمریکاوە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاواو ناوچەکە هاتنە سەرخەتو هاوکاری بەپەلەی لۆجستیو سەربازیان گەیاندە هەرێمی کوردستانو پێشمەرگە، بەمەش هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک مەترسی ئەو گرووپەی کەم کردەوە لەهەرێمی کوردستان، راستە ئەمریکاو هاوپەیمانان بەرژەوەندیان لەهەرێمی کوردستاندا هەیەو مافی خۆشیانە بەرگری لەو بەرژەوەندیەیانەیان بکەن، چونکە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا پاراستنیشی دەبێت دوولایەنە بێت، ئەمریکا بەتەواوی لەوە تێگەشت کە ئەو شەڕەی کورد دژی گروپی تیرۆرستی داعش دەیکات، تەنها شەڕی کورد نییەو شەڕی بەرەنگاربوونەوەی گرووپێکی تیرۆرستە کە بەم دواییانە بووەتە مەترسی بۆسەر هەموو جیهان بەهۆی ئەوەی کە لەزۆربەی وڵاتانەوە لەهەموو دنیا خەڵکانی تونرەو و مەترسیدار روویان تێکردووە، ئەمریکاو هاوپەیمانان بەرژەوەندیان لەهەرێم هەیە ئەمە راستو روونە، هەندێک لایەن هاوکاری ئەمریکا بۆ کورد دەگەڕێننەوە بۆ ئەمەو دەڵێن ئەمریکا لەبەر چاوی کاڵی کورد نەهاتووە شەڕی دژی داعش بۆ کورد بکات، بەڵکو شەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات، لەبەرامبەردا چۆن ئەمریکاو هاوپەیمان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، ئاوهاش تورکیا ئەگەر زیاتری نەبێت هێندەی ئەوانی هەیە، بەڵام

**بەشی دوویەم**

تورکیاو حکومەتەمەی ئەردرغان بەپێچەوانەی ئەمریکاو هاوپەیمانان نەک هاوکاری هەرێمی کوردستانو تەنانەت شەڕی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆشی نەکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشکر هاوکاری ئەو گرووپە تیرۆرستەی کردو ئامادە نەبوو بێتە بەرەی شەڕی دژی ئەو گرووپە لەکاتێکدا بە بەرچاویانەوە کوردستانیان وێران دەکردو خەڵکە سڤیلەکانیان دەکردە قوربانیو لەولاشەوە بەبەرچاوی هەموو دونیاوە چەکدارانی ئەو گرووپە لەناو خاکی تورکیا دەسوڕانەوەو بریندارەکانیان چارەسەر دەکرد، تورکیاش لەگوێ کاڵتری پێ نەدەوتن، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە تورکیاو حکومەتەکەی ئەردۆغان بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ هەرێم دانییەو تەنها تورکیا بەرژەوەندی لەگەڵ لایەنێک هەیەو رێککەوتنەکەش رێککەوتنی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی دوو وڵات نییە، بەڵکو رێککەوتنی نێوان چەند کەسێکە لەتورکیاو هەرێم، ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بکەین، بۆ ئەم رووداوانە لەوە تێدەگەین کە تورکیا ئەو بەرژەوەندیانەی لەگەڵ ئەو گرووپە تیرۆرستەدا هەیەتی پاراستنی بەگرنگتر زانی لەو بەرژەوەندیانەی کە لەگەڵ کورد هەیەتی، بەڵام داخم بۆ ئەوەیە کە تا ئێستاش دۆستانی تورکیا لەهەرێم یان خۆیان لەو واقیعە دەدزنەوە یان تێنەگەشتوون لەسیاسەتی تورکیا یان درکیان بەو کارتانە نەکردووە کە کورد دەتوانێت بیدات بەڕووی تورکیادا، کە نوخبەیەکی زۆر لەسەرجەم چینو توێژەکانی هەرێمی کوردستان تێگەشتوون کە دڵنیام ئەوان خۆیانی لێ دەدزنەوە، تەنانەت وڵاتانی ئەمریکاو هاوپەیمانانیش بەئاشکرا ئەوەیان بەتورکیا وتووە کە دەست لەهاوکاری ئەو گرووپە هەڵگرێت ئەگینا سزای نێودەوڵەتی دەدرێت، دەرنەچوونی تورکیاش بەئەندام بوونی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەندی بەو پرسەوە هەبوو، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لەبەرامبەر ئەو هەموو دژایەتیەی تورکیا بۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانو بەتایبەت رۆژئاواو پشت کردنە کۆبانێو لەبەرامبەردا هاوکاریکردنی ئەو گرووپە بۆ قەتڵو عامی کوردان، هەرێمی کوردستان بەو مامەڵەیەدا بچێتەوە کە لەگەڵ تورکیادا هەیەتیو ئەو کارتانە فڕێبداتە بەردەم بەرپرسانی حکومەتی تورکیا بۆ پاشگەزبوونەوەی لەهەڵوێستەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش و تەنینەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان



هەڵمەت (عومەر) مەعرووفی

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە بابەتێکدا کاک موختار هوشمەند لە ماڵپەڕی کوردپادا، ئاماژەی بە هەبوونی داعش و داعشی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دابوو و هەندێک زانیاری وردیش لەناو بابەتەکەیدا دەبیندرا، ئێستا ئەو ڕاستیانە زیاتر دەکەونە بەر چاو و ڕواڵەتێکی کرداریانەتری بەخۆیەوە گرتووە.

هەبوونی لایەن و لایەنگری ئیسلامی و ئیسلامیە جیاوازەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا مێژوویەکی زۆر قووڵی نییە و هیچ کاتیش نەیتوانیوە زۆر قووڵ لە ناخی ئەو جڤاکەوە و بیتەنێت، ئەم مێژوویە لە درێژخایەنترینیاندا وەک سیستەم یان شێوەیەکی سیستماتیک، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و دەست پێبوونەوەی بزووتنەوەی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆی، کە وێنە و نمودی کردادری و سەرەکی ئەم دیاردەیە لە سنە و لەلایەن ئەحمەد مفتی زادەی کوڕی "مەلا مەحموودی موفتی"ی کوڕی "عەللامە عەبدولای دشەیی"، خەڵکی دشەی لای پاوەیە کە خۆی سەرەتا ئەندامی حیزبی دێمۆکرات و هەڵسووڕاوی ئەم حیزبە بووە و دواتر لە زیندان تووشی ئاڵوگۆڕی دەروونی دێت و دەبێت بە ئیسلامی و توانی تا ماوەیەکی درێژخایەن لە ڕووداوەکانی ئەو ساتی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەور بگێڕێت و بە مردنی ناوبراویش هەرچەند لاوازییەک بە ڕوخساری موفتی زادەییەکانەوە بینرا، بەلام هەمدیسانیش هەر بزوتنەوە و چالاکیان بەردەوام و لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا و تەنانەت لە بەشێک لە باشووریش، کۆڕ و کۆمەڵە و هەڵسوڕانی خۆیان هەیە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا زۆرترین لایەنگرەکانی لەو شارانەدا دەبینرێن: سنە، سەقز، سەردەشت و میراوای سەردەشت و ڕەبەت و بانە و بۆکان.

## بەشی دوویەم

بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ساڵانێکیشە کە ئیخوانەکان هەڵسوڕاویان هەیە و کار و چالاکی و ڕێکخستنیان هەیە و تروپکی هەڵسووڕاوییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٣٧٦ تا ١٣٨٥ی هەتاوی کە لەو ساڵانەدا کەسانێک بە جلوبەرگی عەرەبی یان بەلووچییەوە دەهاتن بۆ گوند و شارەکانی کوردستان و شەمۆلەیان دەگرتەوە و لەبەرچی خەڵک دەمانەوە کە لە لایەن خەڵکەوە بە گومانەوە سەیریان دەکرا، لەو ناوەدا لە هەندێک شار هەڵسووڕاویان زۆر بوو و هەندێک مەلا لە هەندێک شاری کوردستانەوە ساڵانە دەچوون بۆ زاهیدان و بەشداری کۆبوونەوەکانیان دەکرد و کەسێک بەناوە (شێخ محەممەد ساڵح پڕدڵ) کە کاسێت و ڤیدیۆکانی وەک ئایاتی قورئان سەیری دەکرا، دەورێکی زۆری هەبوو لەناو ئەم کەسانەدا، لەو مەلا کوردانەی کە زۆر سەردانی زاهیدان و بەشداری ئەو کۆبوونەوانەیان دەکرد دەتوانین ئاماژە بدەین بە: مەلا حوسێن قەیتەرانی کە لە بۆکان مەلایە، مەلا محەممەدی کۆسە (گوندی کۆسەی بۆکان) کە ئەو دوو ناوبراوە بە هاوکاری یەکتی و هاوڕێیەتی بەناوبانگ بوون و لە گوندی کۆسە تەشکیلاتێکیان وەڕێ خستبوو و کلاس و دەوریان هەبوو کە پێدەچێ ساڵانێکە دەستیان تێکەڵاوی ئەلقاعیدە و لە ئێستاشدا تێکەڵاوی داعش کردبێت. لە مهاباد کلاس و دەوری ئاغای مەعرووفی لە مزگەوتی فەقیران، خۆی ساڵیانێکە ناوبانگێکی هەیە و خۆی باسێکی درێژە کە من خۆی لێدەبوێرم، هەروەها لە مزگەوتی بیلالی حەبەشی لە باغی شایەگان ئەو دەرس و دەور و کۆبوونەوانە بەردەوام بوون کە سەرەکی ترین بەڕێوەبەرەکان بە کورتی ناوین (خ.م - م.س - م.ر) بوو و ئێستاش ئەو تۆخیە ئایینیە لە ناوبراواندا هەیە، هەروەها لە ئێستاشدا زۆربەی چالاکی ئەو گرووپە لە مزگەوتی بەری مەدرەسە و لەلایەن مەلایەک بە ناوی «مەلا فەتاح شێخی» یەوە دەکرێت کە ناوبراو مێژوویەکی زۆری لە چەپەڵی هەیە و خولێکیش شۆرای شار بووە و ساڵانێکی دوورودرێژە مەلای ئەو مزگەوتەیە لە مهاباد و ئیستاش بەگوڕترین کۆبوونەوەکان لە لای ئەوەوە ڕێک دەخرێن و ئەو کەسانەی کە لە مهاباد لەو دواییانە رۆیشتوون بۆ ناو داعش لە ئەندامانی ئەو مزگەوت و لە لایەنگرانی مەلا فەتاح و بەشدارانی کۆڕەکەی ئەون.لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ و لە زێوەی مەرگەوەر، گرووپە ئیسلامیەکان ساڵانێکە تێکۆشانیان هەیە و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئیسلامی و تەنانەت شایی ئیسلامی بەڕێوە دەبەن و لە ماڵێکدا کە بەناوی ماڵی نیهاد (کەسێکی باشووری کە لە رۆژهەڵات دەژیا و لە کردەوەیەکی گوماناویدا کوژرا) کۆبوونەوە و کلاسەکانیان بەڕێوەدەبەن و کلاسی زمانی ئینگلیسی و عەرەبیشیان هەیە، کە لەو ناوەدا دەتوانین ئاماژە بە دەور و چالاکی و بەڕێوەبەری مەلاعەبدوولا ئەلیزادە کە ناوبراو ئێستا و بە هەبوونی دوو ناسنامەی ئێرانی و ئێراقی و هەبوونی دوو ژن، ماڵێکی لە شاری سۆران و لە گەڕەکێکی ئەو شارە داناوە و لەوێ دەژی و هاوکات خەریکی مێشداری و کاری ترە کە گومانی ماددەی هۆشبەریشی لێدەکرێت و لەو ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەوڵەمەند بووە، قسەکەری ئەو جەماعەتەش کەسێکە بە ناوی نایب کە بەرپرسی ئەحمەدی خانی بوو لەزێوەی مەرگەوەر، کە ناوبراو لە زۆرێک لە کۆبوونەوەکاندا کورد بە هیچ و بێ مێژوو و بی ناوەڕۆک دەزانێ، لێرەدا باس لە کێشە تاکەسیەکانی ناوبراو و وەرچەرخانەکانی ناکەم. هەروەها لە گوندی ڕاژان هەبوونیان چڕ و پڕە و زۆرتر کەسانی سەر بە ئیخوانن و هەروەها مەلایەک بە ناوی مەلا محەممەد تاهیر ئەندامی دەعوەت و ئیسلاحە و کۆڕ و

کۆبوونەوەی هەیە و لە ناو گەنجەکانیشدا رەخنەی کردووە.

بەڵام ئێستا رەوتی ئیسلامیزاسیۆن لە رۆژهەڵاتی کوردستان چۆتە ئاقارو قۆناغێکی ترەوە، ئەو ئاقارەش بە هاتنە ئارای داعش دەستی پێکردووە و بەرەو هەڵگیرسان دەڕوات و پێویستی بە هزر و دۆزینەوەی رێگاچارە هەیە، ئەستەم بوون و هەستیار بوونی ئەو دۆخە کاتێک دەبینرێت و دەزانرێت کە دەبینین فەرمانگەی ئیتلاعاتی شارە کوردییە سنوورییەکان نامەی مەحرەمانە بۆ دادستانی دادگاکان دەنێرێت کە: «بە پێی زانیاری پشتڕاست کراوە، داعش بە لەبەرکردنی جلی کوردی و بە لە سینگدانی ئاڵای کوردستان لە ئێراقەوە دێن بۆ ناو گوندەکانی ئێران (مەبەست رۆژهەڵاتی کوردستانە) و دەڕۆنە ناو شارەکان و رێکخستن دەکەن و ئێستاش رێکخستنیان بە هێزە» (تێبینی: ئەو دەقە پشتڕاستە و دەقی نامەکان بینراوە لە لای نووسەری ئەم بابەتەوە)، هەروەها خاڵێکی تر بۆ مەترسیدارتربوونی ئەو دیاردەیە لە ئێستادا، بێسەرو شوێن بوونی کەسانێکی ئایینی و ئیسلامییە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەم رۆژانەدا ئەوە بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو، بۆ نموونە لە مهاباد بە پێی زانیاری پشتڕاستکراوە، سێ کەس نادیارن لە بۆکان ٢ کەس لە بانە ٢ کەس لە سنە ٤ کەس. ئەو دیاردەیە جێی دڵەڕاوکێیە و پێویستی بە تێڕامان هەیە. هەروەها شیاوی ئاماژەیە کە بە پێی زانیارییەکانی رادیۆ نەوا « رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کەبەداعش ناسراوە، پەلیهاویشتووەبۆ چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان و نەک هەر ژمارەیەک لەگەنجانی ئەو بەشەی کوردستان بەشداری ریزەکانی دەکات، بەڵکوو یارمەتی دارایی لەخەڵکی وەردەگرێت.

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردە، سەلەفیەتوندڕەوەکانی کورد لەناوچەی جوانرۆی رۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتی دارایی بۆ رێکخراوی داعش کۆدەکەنەوە، تەنانەت باس لەوەش دەکرێت هەڕەشەیان لەو بازرگان و کاسبکارانەکردووەکەئامادەنیین هاوکاری دارایی بدەنەئەو گروپەتوندڕەوە.

هاوکات بەگوێرەی زانیاریەکان تەنیا لەماوەی ١٥ رۆژی رابردوودا ١٢ گەنجی دانیشتووی شاری پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەری توانیویانەخۆیان بگەیەننەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لەعێراق.

ماوەیەک بەر لەئێستاش چوار مێرمنداڵی دانیشتووی گوندێکی شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ سەروشوێن بوون، چەند سەرچاوەیەک باسیان لەوەکردووەبەئەگەرێکی زۆر ئەو مێرمنداڵانەپەلکێشی ناو داعش کرابن، بەڵام کەس و کارەکانیان باس لەوەدەکەن منداڵەکانیان رفێنراون»(سەرچاوە: http://cnnr.co/ رێکەوتی: تەممووز ٢٥, ٢٠١٤).

بەڵام ئەوەی کە بۆ سەرەڕای ئەوەی کە لایەنە ئیسلامییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هیچ کات پێگەیەکی وا بەهێزیان



سەرچاوە
Serchawe

نەبووە، بەڵام لە ئێستادا و بە هاتنی داعش وا بۆتە فاکت و لە شوێنی خۆیەتی کە ببێتە دڵەڕاوکێ بەڕای من چەند هۆکارێکی هەیە بە شێوەی خوارەوە:

١- لاواز بوونی حیزب و لایەنە کوردییەکان و نەبوونی چالاکی بۆ دەستەبەر بوونی مافەکان و لەناو بردنی زۆرداری ئایینی و چەوسانەوەی ئایین زاکان لە ئێران و کوردستاندا، ئەو ناچالاکییەی هێزە کوردیەکان بوەتە هۆکارێک بۆ هاتنە ئارای بۆشاییەک لە ناو لاوەکاندا کە لایەنە ئیسلامییەکان بە قازانجی خۆیان بەکاری دێنن و کەڵکی لێوەردەگرن.

٢- داعش زۆر ئازادی سەیر و سەمەرەی داوە بە ئەندامانی خۆی کە بۆ کەسانی ئایینی کە ئەم ئازادییانە بۆ ئەوان هەم چێژێکی دونیایی تێدایە و هەم بەهەشتی، هاندانێکی زۆری تێدایە، لەناو داعشدا بەڕێوەچوون ئاسان و سێکس بەلاش و بە پێی فیلە و دەتوانی لە پێناو شەڕ لە ڕێگای خوادا لەگەڵ کەنیشکی زۆربەی شوێنەکانی دونیا و بێ بەرامبەر و بە شێوەیەکی کە ئەوان دەڵێن ئیسلامیە و پەسەندی خوای لەگەڵە، سێکس بکەیت کە ئەمە هاندەرێکی باشە بۆ کەسانی ئایینی بۆ پەیوەست بوون بەو گرووپەوە.

٣- داعش ڕۆژ بە ڕۆژ هێز دەگرێ و بی سنوور پەرە دەستێنێت و ئەوە تەنیا کوردیشە کە بە شێوەی سیستماتیک لەگەڵی بەرەو روویە، وڵاتانی تر هێشتا زۆربەیان دوو دڵن، ئەمریکاش تەنیا بە فرۆکە شەڕی لەگەڵ دەکات و داعشیش زۆر ملهوڕانە تاکتیکی نوێ دێنێتە ئاراوە و پەڕ و پۆ داوێژێت و ئەوەش هیوا لە ناو ئیسلامیەکاندا دەخوڵقێنێت.

٤- ئێستا داعش تەنیا زلهێزی ئیسلامی و گرووپەکانی تر کڕ و بێ دەنگ و نادیارن، ئەوەش تەنیا دەرفەتە بۆ کەسانی ئیسلامی کە پێی پەیوەست بن و لە بڕواکانی پێشووی خۆیان بپرینگێنەوە و بچنە ناو ڕیزەکانیەوە.

٥- هەوونی بواری ئابووری و پەروەردەی هەڵەی ئیسلامی و نەبوونی کۆنترۆڵی بنەماڵەکان لەسەر منداڵەکانیان لە هاتووچۆی مزگەوتەکانیش هۆکارێکی ترە بۆ ڕۆیشتنی خەڵکی بۆ ناو ئەو گرووپە.

٦- کۆماری ئیسلامی هەمیشە بۆ سڕینەوە هەستی نەتەوایەتی وەک ئامرازێکی باش کەڵکی لە گرووپە ئیسلامیەکان وەرگرتووە.

ئەوەی ڕاستی ئەو پرسکرێژە و دیفاکتۆیە ئەوەیە کە ئێستا داعش خەریکە لە ڕۆژهەڵاتدا پەرە دەستێنێت کە بە سرنجدان

## بەشی دوویەم

بە ڕەوتی ڕووداوەکان و هاتنە ئارای ئەگەری گۆڕانکاری لە ئێراندا، ئەم کێشەیە دەتوانێت کێشەی قووڵی لە داهاتوو و لە ئێستادا بەدوای خۆیەوە هەبێت و بەرپرسیاری سەرەکی لەم پرسەشدا لە دوا ڕۆژ ولە ئێستاشدا تەنیا بنەماڵە و حیزبە کوردیەکانن.

شیاوی ئامـاژەیە کە ئەو شـەپۆلە ئـاییینیەی کە لە ڕۆژهەڵاتـدا هەبـووە و هەیە لە کـۆن و ئێسـتادا بنـاغە و بنـاوانەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئیسـلامییەکانی باشـووری کوردسـتان و لای بیـارە و لەوێـیە کە سـەرهەڵدانیان کـردووە و خـزاونەتە ڕۆژهەڵاتەوە، کەواتە ئەرکی شارەکانی شنۆ و سەردەشت و بـانە و مەریـوان زۆر قـووڵترە لە شـارەکانی تـر، بە هـۆی ئەوەی کە ئەم شـارانە هەم سـنوورین و هەمـیش سوونەنشـین، هەر بـۆیەش دەبـی ئەنـدامانی حیزبەکـان لەو شـارانە راسـپێردراوی تایبەتیان هەبێت و زانیاری تایبەت ببەخشن بە حیزبەکانیـان و لەسـەر هەست بـن و لە هەر چرەیەک وریـا بـن و وشیاری خۆیان بپارێزن و لەسەر هەست بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## کوردو داعشو ئەوانی دیکە!



ئەکرەمی میهرداد

تیرۆرستو فاشیستەکانی داعش هەموو جیهانیان تووشی تاسان کرد، بەئاسان داگیرکردنی شارە گەورەکانی عیراقو سوریا لەموسڵو تکریتو ئەنبارەوە هەتا رەققەو دێرەزۆر. زیاتر لەساڵێکە داعش بەئازادی لەنێوان عیراقو سوریا چالاکیو تاوانی تیرۆرو کۆکوژی ئەنجام دەدات، چەند مانگێکیشە بەرەو شاڵاوو لافاوی داگیرکردنی شارو ناوچەکان لەفراوانیو بەهێز بووندایەو لەشکرەکانی عیراقو سوریاو ئۆپۆزسیۆنی سوریاش خۆیان لەبەرامبەر ئەو شاڵاوانە نەدەگرتو دەنگوباسەکانی پێشڕەویو دڕندایەتی داعش هەمووانی ترساند. بەڵام بەرەنگاریو بەرخودانی کوردستان بەگشتیو کۆبانێ بەتایبەتی رێگرێکی گەورەو کۆسپێکی مەزن بوون لەبەرامبەر تیرۆرو فاشیزمی ئیسلامیدا، لەکاتێکدا لەشکرە بەهێزەکانی عیراقو سوریا لەبەردەم ئەم تیرۆرستو فاسیشتانە هەڵدەهاتن، کوردستانو کۆبانێ کەوتنە بەرگریو پاشان بەرەو هێرشی دژ راسانو ئێستا پەیامێکی گرنگو مەزنیاندا بەوڵاتانی دەوروبەرو جیهان. لەترسناکترینو کاریگەرترین وەچەرخانی سیاسیو مێژوویيدا کوردستان وتی ئێمە پابەندین بەئازادیو پاراستنی کوردایەتی خۆمانو ئازایەتی کۆبانیش گەواهی ئەم هەڵوێستەمانە. بەرگریو بەرخۆدانی کوردو کۆبانی لەکاتێکدایە کە هەموو دەسەڵاتو حکومەتەکانی ناوچەکەو هەریەکەو بەشێوازێک لەگەڵ داعش دەستیان تێکەڵ کردووە، یان نەخشیان هەبووە لەهاوکاریو بەهێزکردنیان.

### تورکیا لەخەونی عوسمانی رزگاری نەبووە

تورکیای ژێر دەسەڵاتی عوسمانیە تازەکانو ئیسلامیە ئیخوانیەکان بەئاشکراو نهێنی هەرچی بۆ کرابێت لەهاوکاریو پاڵپشتی داعش لەدژی کورد درێغی نەکردووەو تەنانەت پرۆسەی بەناو ئاشتیو چارەسەری دوو ساڵی رابردووشی فەرامۆشکردو ئێستا خۆی کردۆتە سەنگەرو قەڵغانی بەرگری سیاسیو دیپلۆماسی جیهانی لەبەرژەوەندی داعش، بەهەموو

ڕێگاکان دەیەوێت پەلامارە جیهانیەکان بۆ سەر داعش بەکەمترین زیان تەواو ببێتو هەموو بەهانەو ڕێگرییەکان دەخاتە کار بۆ بەشداری نەکردن لەجەنگی دژی داعش.

تورکیا هێشتا لەخەونی ئیسلامیو عوسمانی ڕزگاری نەبووەو دوای ئەوەی کە هەموو ڕێگاکانی سیاسەتو بەرژەوەندیو وڵاتانی لەخۆی داخست، ئێستا دەیەوێت بەڕێگای داعشەوە نەخشو مێژووی نوێی تۆمار بکات، یان بەپیلانو دادۆشینی سیاسی، دەیەوێت هاوپەیمانی جیهانی دژی تیرۆر تەفرە بداتو لەهەموو ئەمانەشدا دوژمنایەتی سەرەکی خۆی لەیاد نەچووەو تەنانەت لەگەڵ شەیتانیشدا لەدژی کورد ڕێکدەکەوێ.

عیراقی عەرەبی بەسەر شیعەو سوننەدا دابەشبووەو جەنگی ئاشکراو نهێنی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە ڕێگرە لەوەی کە بەناو دەوڵەتی عیراق دەرۆستی داعش بێتو هێزە چەکدارەکانی هەتا دێت لەپاشەکشەدانو ئێستا داعشەکان لەپێشڕەویو دەست پێشکەری سەربازیو جەنگیدان. هەردوو مۆدێلی عیراقی عەرەبی بۆ دەوڵەتو حکومەتداری، واتە مۆدێلە بەناو نیشتمانیەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی(سوننە)و بەعسیو دەسەڵاتی میلیتاریو موخابەراتی سەدام حسێنو مۆدێلی دەوڵەتی تایفیو ئایینی شیعەکان نەیانتوانی ڕێگربن لەسەرهەڵدانو بەهێزبوونی ئەم وەحشیگەرییە ئیسلامیو عەرەبیەو لاوازو بێدەسەڵاتن بەرامبەر پێشڕەویو سەرکەوتنەکانی. لەعیراقی عەرەبیدا کارەسات سەرکەوتو ئێستا دوژمنایەتی نێوان سوننەو شیعەی عیراقی جەنگی مێژوویی ئەوانمان لەسەرەتای ئیسلامبوونی عیراقدا بۆ دووبارە دەکەنەوە، یان ئەو سەرەتاو زەمینانەمان بیر دەهێننەوە کە کارەساتو کۆکوژی نێوان ڕواندییەکانو نێوان سربو کرواتو بۆسنیەکانیان کردە مەرگەساتی ئەو وڵاتانە!

لەسوریا ڕژێمی بەعسیو عەلەوی لەپاشەکشەدایەو بەهەزار حاڵ پایتەختو ناوچەکانی عەلەوی نشینی بەدەستەوە ماوەو هەتا بێت ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامیو تیرۆریستی لەبەهێزبووندانو زیاتر لەنیوەی وڵاتیان داگیرکردووە. بەناو شۆڕشی سوریاو ئۆپۆزیسیۆنی سوریا خەریکە بەتەواوی لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیە تیرۆریستو فاشیستەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێنو لەناویشیاندا هاوسەنگی هێزو جەنگ لەبەرژەوەندیی باڵە هەرە فاشیستو دڕندەکانە کە ئەوانیش داعشو نوسرەو ناوە ئیسلامیەکانی دیکەن. ڕژێمی سوریا بەفەرامۆشکردنی هەندێک ناوچەو دژایەتی نەکردنی تیرۆرو فاشیزمی ئیسلامی، یان هاوکاری نهێنی دەیویست بەجیهان بسەلمێنێ کە شۆڕشی سوریا جگە لەتیرۆر شتێکی دیکە نییە. هەرچەندە ئەم هەڵوێستە دەرەنجامێکی ڕاستو چاوەڕوانکراوی لێ پەیدا بوو، کە ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لەلایەن تیرۆریزمو فاشیزمی ئیسلامیەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام بەهاو قوربانیەکەی کارەساتو مەرگەساتی خەڵکی بەدیاری هێنا، یان سوریا کرایە مەیدانێکی ئازادو بێ چاودێری بۆ پێشڕەویو بەهێزبوونی ئەو تیرۆرو فاشیزمە.

بەشی دوویەم

## کورد کۆسپی بەردەمی داعشە

تورکیاو ئێرانو سوریاو بەشێک لەدەسەڵاتی عیراقیش دڵخۆش بوون بەرامبەر هێزو توانای رێکخراوە جیهادییە تیرۆریستەکان، وڵاتانی سوننەی عەرەبو لەسەرووی هەمووشیانەوە شانشینی عەرەبی سعودی هەناوی رۆحیو ئایینی سەرهەڵدانیانە. ئەگەرچی هاوپەیمانیەکی بەهێزی جیهانی لەدژی داعشو فاشیزمی ئیسلامی دروست بووە، بەڵام نەخشی نادیارو ناکاریگەریی دەوڵەتانی عەرەبیو ئیسلامی توانای ئەم هاوپەیمانیە وەکو پێویست دەرناخات. جەنگی دژی داعشو فاشیزمی ئیسلامی ترسناکترینو کاریگەرترین سەردەمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، چونکە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە چوونەتە ناو ئەم هاوپەیمانیە جیهانیە ئەوانە بوون کە دەوری بەهێزو کارایان هەبووە لەدروستکردنو بەهێزبوونی ئەم تیرۆرو فاشیزمەدا.

لەناو هەموو ئەو کارەساتانەی کە دەسەڵاتەکانی تورکیاو عیراقو سوریاو دەوڵەتانی سوننەی عەرەبیو ڕەوتی تیرۆرو فاشیزمی ئیسلامی بەسەر خەڵکو وڵاتانیان هێنا، هێشتا کۆبانی لەبەرگریو شکاندنی ترسو وەحشەتەکانی داعشو پیلانو نامەردییەکانی تورکیاو فەرامۆشیو بێدەربەستی عیراقو سوریاو دەرەقەت نەهاتنی کوردانی دیکەدایە. لەسەردەمی پێشڕەویو بەهێزبوونی تیرۆرو فاشیزمی ئیسلامیدا تەنها کورد توانی بەرامبەر پەلامارو هێرشەکانی ئەو دڕندانە بوەستێو پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤانەکانی کوردبوون کە بۆ یەکەمجار ئەوانیان شکاندو سەدانو هەزارانیان کوشتن. ئەگەرچی داعشو کۆنەبەعسیەکانو شوێنکەوتوانی سوننیو ئیسلامی لەجەلەولاو مەخمورو شنگالو دەشتی موسڵو کانتۆنەکانی رۆژئاوا کوردیان بەسەختی بریندار کردووەو سەدانو هەزارانیان کردۆتە قوربانی دینو سیاسەتەکانیان، بەڵام بەرەنگاریو هێرشی کورد ئەو ریگرو سەنگەرە بەهێزە بوو کە نە خۆیانو نە دەوڵەتانی ترسنۆکی (عیراق، سوریا، تورکیا)و نە دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندی لەگەڵیان (سوننەی عەرەب) چاوەڕوانیان نەدەکردو نە ئەمریکاو روسیاو وڵاتانی دیکەی جیهانیش نەیاندەزانی کورد بەهێزترین بەرگریو کۆسپە لەبەردەمی داعش.

پەیامی کوردو لەپێشەوەی کوردیش پەیامی کۆبانی بۆ هەموو جیهانو وڵاتانی ناوچەکە ئەوەیە کە کورد لەم سەردەمی کارەساتو فاشیزمە ئیسلامیەدا ئازادو ئازایانە داکۆکی لەخۆیو لەئازادی دەکاتو هێندەی بتوانێ بەرەنگاری ئەو لافاوە دەبێتەوە. هەروەکو چۆن سربەکانو سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمەی یوگوسلافیا تەسلیمی نازیەکانی ئەڵمانیا نەبوونو سەریشیان بۆ ستالینو لەشکرو سیاسەتەکانی نەوی نەکردو بوونە رزگارکەری هەموو ئەو نەتەوانەی کە پاشان وڵاتانی یوگوسلافیان دامەزراند. هەروەکو چۆن پۆڵۆنیای دابەشکراو و داگیرکراو لەلایەن روسیاو ئەڵمانو نەمسا قەڵای شۆڕشو ئازادیو دژی کۆنەپەرستی بوو لەسەدەی نۆزدەو نیشتمانی دژایەتی نازیزمو فاشیزم بوو سەرەڕای داگیرکردنی لەلایەن

## بەشی دوویەم

ئەڵمانەکانەوە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، کوردیش دەتوانێو دەبێ هەمان چارەنووسو ڕێگا بگرێتەبەرو قەڵاو نیشتمانی بەرنگاری بێت لەدژی کۆنەپەرستیو فاشیزمی ئیسلامیو عەرەبی.

کورد هەرچەند خاونی دەوڵەت نییەو هێزە جیهانیەکان ئەو مافەیان بۆ رەوا نەبینیوەو دەوڵەتانی داگیرکاریش نەیانهێشتووە بەسەروەریو سەربەخۆیی بگات، بەڵام زیاتر لەهەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بەرامبەر کارەساتەکانی فاشیزمی ئیسلامی سەربەرزانە راوەستاوەو ئێستا هێزو نیشتمانی کورد بوونەتە سەنگەری دژایەتی داعشو هاوشێوەکانیو یەکەمجار کوردستان بوو کە ڕێگای لەهێرشو لافاوەکانی داعش گرت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## ئەوروپییەکانی ناو داعش



ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

هەڵەیەکی زۆر باو لەنێو هەموو میدیاکانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێتو لەبەرژەوەندی ڕێکخراوی چەتەگەری نێودەوڵەتی داعش کەوتۆتەوە، کە ئەویش بەهەڵە تێگەیشتن یاخود بەهەڵە ئاماژەکردنە بۆ ئەو کەسانەی کە لەئەوروپاوە چوونەتە نێو ریزەکانی داعش. ئەم هەڵەیە میدیا کوردییەکانیش دووپاتی دەکەنەوە، بەبێ ئەوی بزانن باجەکەی قورس دەکەوێتەوە لەسەر تێگەشتنی خەڵکی سادەو بەقازانجی تیرۆریستانی داعش تەواو دەبێت.

ئاماژەکردن بۆ ئەوەی گوایا گەنجی ئەوروپی بەکۆمەڵ(بەسەدانو هەزارەها) کەسیان لەئەوروپاوە دەبنە داعشو خۆبەخشانە دێنە ریزەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەو خۆیان بەکوشت دەدەن، تەواو هەڵەیە، چونکە ئەوانەی لەئەوروپاوە دەگەڕێنەوە بۆ نێو ریزەکانی داعش، بەشی هەرە زۆریان ئەو کەسانەن کە لەبنەڕەتدا لەوڵاتە ئیسلامیەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپاو جگە لەو رەگەزنامە ئەروپییانەی کە پاش ماوەیەک لەمانەوەیان وەکو مافێکی یاسایی وەریانگرتووە، هیچ شتێک بەئەوروپایان نابەستێتەوە.

بەشی هەرە زۆری ئەو بێگانە ئەوروپییانەی کە پەیوەندی بەڕیزەکانی داعشەوە دەکەن، ئەو عەرەبو کۆچ بەرە موسڵمانانەن کە لەنەوەی دووەمو سێیەمی کۆچبەری ئەو وڵاتە عەرەبیو ئەفریقیانەن کە دایکو باوکیان کاتی خۆی لەشەستو حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە پێناوی دابینکردنی کارو ژیانێکی شایستەی مرۆڤ لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا وەکو کرێکاری میوان کۆچیان بۆ ئەوروپا کردووە. یاخود ئەو پەنابەرانەن کە بەهۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو مرۆیی وڵاتەکانی خۆیان بەجێهێشتووەو لەیەکێک لەو وڵاتە ئەوروپیانە مافی نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە.

## بەشی دوویەم

### بۆچی ئەوانەی هەڵگری رەگەزنامەی ئەوروپین‌و پەیوەندی بەداعشەوە دەکەن؟

بەپێی داتاو ئامارەکانی زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی، هاووڵاتیانی بێگانە لەئەوروپا، بەتایبەت ئەوانەی کە لەوڵاتە عەرەبی‌و موسڵمانەکانەوە چوونەتە ئەوروپا، دووچاری گرفتێکی زۆر مەزن دەبن‌و نەک ناتوانن لەناو کۆمەڵگەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە، بەڵکو دەبنە بارو قورسایی بۆ سەر وڵاتی خانەخوێ. ئاوێتەبوون یاخود (integration) یەکێکە لەو گرفتانە. پێودانگی ئاوێتەبوونی بێگانەکان لەئەوروپا پشت بەپێگەی سۆشیال ئیکۆنۆمی‌و سۆشیال کەلتووری بێگانەکان دەبەستێت، واتە کەسی بێگانە تا چەندە توانیویەتی لەرێگای کارو فێربوونی زمانەوە پێگەی گونجاوی خۆی وەربگرێت‌و بتوانێت کەسێکی بەنرخ بێت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە باوەشی بۆ کردونەتەوە.

ئامارەکان لەوڵاتانی ئەوروپا ئەوە نیشان دەدەن، کە هاووڵاتیانی بەرەگەز عەرەب‌و ئەوانەی لەوڵاتە ئیسلامیەکانەوە کۆچیان کردووە، پێنج هێندەی هەموو هاووڵاتیانی دیکە تاوانیان ئەنجامداوە. رێژەی بێکاری لەناو هەمان ئەو گرووپانەدا شەش هێندەی رێژەی بێکاریە لەناو گرووپەکانی دیکەدا. ئەم راستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە رەوەندی ئیسلامی بەگشتی‌و رەوەندی عەرەبی بەتایبەتی شکستی خواردووە لەپرۆسەی ئاوێتەبووندا. کاتێک ئەو رەوەندە تووشی شکست دەبێت، بێگومان لەبەرامبەردا پەرچەکرداری نەخوازراو دروست دەبێت، گرنگترین و دیارترین ئەو پەرچەکردارانەش ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە شکست خواردووانە بەتوندی بگەرێنەوە بۆ کەلتوورو دابونەریتی خۆیان‌و تووشی داخران‌و پەراوێزبوون‌و نامۆبوون بێن لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا.

ئیسلامی سیاسی لەئەوروپا زۆر ئۆپۆرتۆنیستانە توانیویەتی کار لەنێو ئەو تاکە نامۆو پەراگەندو شکستخواردووانەی نێو کۆمەڵگای ئەوروپی (مەسیحی) بکات‌و بەرێگای تایبەتی خۆی‌و بەپرۆسەیەکی ئایینی- کەلتووری- دەروونی بتوانێت ئۆباڵی هەموو شکستەکانی ئەو تاکانە بخاتە ئەستۆی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان‌و نەک تەنها بەرەو لادان‌و تۆڵەسەندنەوەیان بەرێت، بەڵکو بتوانێت زۆربەی هەرە زۆریان بکاتە بۆمبێکی تەوقیتکراو لەدژی کۆمەڵگاکانی خۆیان. ئیسلامی سیاسی لێرەدا سوود لە لێبووردەیی‌و یاساکانی مافی مرۆڤ‌و دیموکراسیەتی خۆرئاوا دەبینێت‌و توانیویەتی ئەو یاساو مافانە لەبەرژەوەندی سیاسی خۆیدا بەکار بێنێت.

### تەور وەشێنەکە

داعش‌و زۆربەی هەوادارانی ئیسلامی سیاسی هەمیشە بەشانازییەوە لەپەیجو رۆژنامەو نوسراوەکانی خۆیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو کەسە ئەوروپیە(مەسیحیانەی) کە سەنگەر دەگوێزنەوەو دێنە نێو ئایینی ئیسلامەوە هەمیشە روو

لەهەڵکشانە. هەتا ئێرە بابەتەکە زۆر ئاساییە، چونکە مرۆڤ ئازادە چ ئایینێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت یاخود هەرگیز هیچ ئایینێکیشی نەبێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە هەندێک سەرنجو تێبینی وردە لەسەر ئەم بابەتە کە هەتا ئێستا کەمترین قسەی لەسەر کراوە.

ئەوەی ئیسلامی سیاسیو داعشو (جارانیش قاعیدە) شانازی پێوە دەکەن، کۆمەڵە کارێکی تەبشیرییە کە تەنها ئیسلامیەکان ئەنجامی نادەن، بەڵکو مەسیحیەکانیش بەجیاوازی فوتابخانەو مەزهەبەکانیانەوە بەسەرکەوتوویی ئەنجامی دەدەن، کە لێرەدا من راشکاوانە باسی دەکەمو بەبەڵگەشەوە دیومە کە ژمارەی ئەو موسڵمانانەی ئایینی خۆیان دەگۆڕن بۆ سەر ئایینەکانی دیکە بەتایبەت بۆ سەر ئایینی مەسیحی دەیانجار لەژمارەی ئەو مەسیحیانە زیاترە کە دەبنە ئیسلام. سەرنجێکی دیکەی گرنگیش ئەوەیە کە داخۆ کێن ئەو مەسیحیانەی کە دەبنە موسڵمانو بەپێچەوانەشەوە کێن ئەو موسڵمانانەی کە دەبنە مەسیحی؟ بۆچی هەمیشە ئەو مەسیحیانەی کە دەبنە موسڵمان ناویان دیارو ئاشکرایەو دەنگدانەوە دروست دەکەن، کەچی هیچ کەس نازانێتو نابینێت کە موسڵمانێک دەبێتە مەسیحی. هۆکاری ئەمە زۆرن، هەرە گرنگترین هۆکارەکان لەئامانجی کردەوەی تەبشیرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو موسڵمانانەی کە دەبنە مەسیحی تەنها ئایینەکەی خۆیان دەگۆڕنو ئیتر وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی خۆیان دەگوزەرێنن، وێرای ئەوەش ناتوانن خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە وەکو مورتەدو هەڵگەڕاوە لەدین تەماشا دەکرێنو خوێنیان حەڵاڵ دەکرێت. لەملاوە وێنەکە تەواو پێچەوانەیە، ئەو مەسیحیانەی دەبنە موسڵمان لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە، دەکرێنە ئەندامێکی گرووپی ئیسلامی سیاسیو لەهەموو بوارە سیاسیەکاندا دیسان وەگەڕ دەخرێنەوەو نمایش دەکرێن، ئەم کارەش بۆ ئیسلامی سیاسی ئاسانە، چونکە ئەو مەسیحیانەی واز لەئایینی خۆیان دەهێنن ناکرێنە مورتەدو کەسیش فەتوای کوشتنیان نادات، وێڕای ئەوەش بەسوود وەرگرتن لەبنەماکانی دیموکراسیەتی خۆرئاوای(مەسیحی) دیسانەوە ئازادن لەگۆڕینی ئایینی خۆیانو نمایش کردنی بیروباوەڕی تازەیان.

بائێستا بزانین زیاتر کام گرووپە لەئەوروپییەکان دەبنە پاروی چەورو ئاسان بۆ ئیسلامی سیاسیو پاشان زۆر بەئاسانتر دەکرێنە پرۆژەی جیهادیو تیرۆرو ئەنجامدانی تاوان. بەڵگەو پێدراوەکان ئەوە دەسلمێنن کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی دەبنە پاروی ئاسان بۆ ئیسلامی سیاسی دوو گرووپن. یەکەمیان ئەوانەن کە لەرێگای هاوسەریی ئەم کارە دەکەن، واتە کەسێکی ئەورووپی لەرێگای هاوسەریی ئایینەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئیسلام، ئەمە رەنگە کارێکی زۆر ئاساییو سادە بێتو خۆشەویستی هاوسەر ئەم کارە ئاساییو ئاسان بکات. دووەمیان ئەوانەن کە لەپەراوێزی کۆمەڵگەدانو بەهۆیەک لەهۆیەکان، لەسەر تاوانکردنو بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ئالودەبوون. ئەم بەشەی دووەم زیاترین ژمارەی ئەو کەسانەن کە دەکەونە نێو بۆسەی ئیسلامی سیاسیو زۆرترین ژمارەشیان ئەوانەن کە لەئێستادا لەنێو ریزەکانی داعشو قاعیدەدا کارە کۆنەکانی خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

تەور وەشێنەکەی نیویۆرکی ئەمریکا (زایل تومسون) کە هەفتەی پێشوو، بەتەورێکەوە هێرشی کردە سەر پۆلیسی ئەو وڵاتە، تەنها لەماوەی یەک ساڵدا شەش جار بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەوە، دەستگیرکراوە، وێرای ئەوەش بەهۆی ئاڵودەبوونی بەمادەی هۆشبەرەوە ساڵی ٢٠٠٣ لەسوپای ئەمریکا دەرکراوە. بەهەمان شێوە، هێرشبەرەکەی کەنەدا(میشێل زیهاف بیباو) وێرای ئەوەی ئاڵودەی مادە هۆشبەرەکان بووە، دەیان تاوانی دزیکردنو هەوڵی کوشتنی لەسەر بووە. ئەم جۆرە کەسانە نەک تەنها بۆ ئیسلامی سیاسی بەئاسانی دەخرێنە سەر هێڵی تاوان، بەڵکو باندەکانی مافیاو چەتەگەریش بەشی خۆیان لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە کەسانە بەردەکەویت. کارێکی دیکەی قێزەونی ئیسلامی سیاسی کە لەنێو خودی وڵاتانی ئیسلامی ئەنجامی دەدەن، مامەڵەیەکی بازرگانی قێزونە لەگەڵ ئەستێرەکانی هونەرو نواندنو سەما، بەڵگەی زۆر ئاشکرا هەن، لەسەر ئەوەی کە تۆڕەکانی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ میدیاکارانی ئافرەتو کچانی نێو جیهانی سەماو نمایشکردنی جلوبەرگ بەرامبەر بەچەند ملیۆن دۆلارێک(کە بێگومان سەرچاوەکەی دەوڵەتانی کەنداوە)، لەگەڵ ئەو کەسانەدا رێکدەکەون کە تۆبەکردنی خۆیانو گەڕانەوە بۆ ئیسلام راگەینو بەجلی باڵاپۆشەوە چەند جارێک لەکەناڵەکانی ئیسلامی سیاسییەوە بەئاشکرا خۆیان نمایش بکەنو هونەرمەندانەو بەچاوی پڕ فرمێسکەوە تۆبەکردنو پەشیمانی خۆیان راگەیەنن، ئیتر لەبەرچاوان ون بن. خۆرئاوا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە ئاگرە سورە لەماڵەکەی خۆی دوورخاتەوەو هەمیشە شەڕەکە لەناو ماڵی خۆرهەڵاتی ناوین خۆیدا بێت. لەپێناو ئەم تاکتیکەدا رێگایان بەئیسلامی سیاسیداوە، لەناو دڵی ئەوروپادا بەشێوەیەکی زۆر ترسناک گەشەی سیاسیو ئایدۆلۆژیو توندڕەویو تیرۆریستی بکەن، ئاخەر ئەوانە تەنها لەوڵاتێکی وەکو هۆڵەندا ٤٥٨ مزگەوتو لەئەڵمانیا نزیکەی ٢٩٠٠ مزگەوتیان لەژێر دەستدایە، هەموو یاخود زۆربەی ئەو شوێنانە بۆ ئەو ئامانجانە بەکار دەهێنن.

ئەمڕۆ هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە، هەوڵدەدەن شەڕی داعش لەخۆیان دووربێتو کەسانی دیکە لەجیاتی ئەوان ئەو جەنگە بکات، بەڵام ئەوان بزانن یاخود نەزانن، جەنگ لەدژی تیرۆر ئەمڕۆ لەئەوروپا پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغێکی تازەو بووە بەجەنگ بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی، ئاخر تەنها لەماوەی یەک هەفتەدا دوو هەواداری داعش بەتەورو تفەنگەوە هەڵمەتەکانی خۆیان دەستپێکردووە، ئایا ئەوروپییەکان چاوەڕوانی ئەوە دەبن کە هەموو ئەندامانی ئیسلامی سیاسی، هەریەکە لەماڵی خۆیەوە بەکێردێکەوە بێتە سەر جادەو بکەوێتە گیانی هاووڵاتیانی ئەورپی، یاخود چاوەڕێی دووبارە بوونەوەی هێرشەکانی سێپتێمبەر دەکەن؟ پێدەچێت لەقۆناغی داهاتوودا هەڵوێستی ئەوروپییەکان بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی بگاتە ئاستێکی زۆر رادیکاڵانەو گۆڕانێکی جەوهەری بەرامبەر بەئیسلامی سیاسی لەئەوروپا بێتە گۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

بەشی دوویەم

## داعش... دەرهێنانی لە ریشە



مەحمود رەزا

داعش دیاردەیەکی نامۆیە یان لە دایک بوی هەلومەرجێکی  بابەتیی لە بار؟

ئاخۆ هاوپەیمانیی ناودەوڵەتی ئەتوانێ داعش لە ناو بەرێ؟

رەگی داعش چۆن وشک ئەکرێ؟

**هەوڵ ئەدەم لە خوارەوە زۆر بە کورتی وەڵامی ئەو ٣ پرسیارە بدەمەوە:**

**یەکەم**: هەلومەرجی بابەتیی لەدایک بون و پەرەسەندنی داعش:

داعش لە ناو ئەم زەمینانەدا رەگی دا کوتیوە. یان باشترە بڵێم: لە ناو ئەم زەمینانەدا لە دایک بوە:

**١. ١. زەمینەی فیکری:**

**یەکەم**: فیقهی ئیسلامیی سونی و شیعی یەکتر کافر ئەکەن. هەروەها باقی ئاینە ئاسمانی و نا ئاسمانیەکانی تر یش کافر ئەکەن، وەکو: جو، فەلە، ئێزیدی، کاکەیی، سابئی، بوزی، کۆنفۆشی و... هتد.

**دوەم**: پەروەردەی ئاینی و خێزانی و کۆمەڵایەتی لە دنیای ئیسلاما پەرە بە فیکری توندوتیژی ئەدەن.

**سێیەم**: پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانە ئاینییەکانی وڵاتانی ئیسلامیدا. چ پرۆگرامی وانەی ئاین بێ لە قوتابخانە حوکمەتییەکانا یاخود پەیمانگە و زانستگە و ناوەندە بە ناوبانگەکانی ئیسلام وەکو: جامیعەی ئەزهەر، پرۆگرامی وانەی ئاین لە هەمو وڵاتانی ئیسلامی و حەوزەکانی نەجەف و قوم لە عیراق و ئێران.

**چوارەم**: پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای گەیاندن و زۆر بونی (موفتی میدیایی) و پاشاگەردانی لە خیتابی مەزهەبی سونە دا و نە بونی مەرجەع و مەرجەعی میانڕۆ.

**پێنجەم**: ململانێی توند لە نێوان شیعە و سونە دا لە سەر هەژمون و سڕینەوەی یەکتر.

### ١. ٢. زەمینەی سیاسی:

**یەکەم**: مێژوی ئیسلام لە چەرخی سەدری ئیسلامەوە (٦٣٢ - ٦٦٢ ز) بیگرە تا بە دەوڵەتی ئەمەوی (٦٦٢ - ٧٥٠ ز)، عەباسی (٧٥٠ - ١٥١٧ ز)، عوسمانی (١٢٩٩ - ١٩٢٣ ز) و سەفەویا ( ١٥٠١ - ١٧٣٦ ز) تێ ئە پەڕێ، پڕیێتی لە توندو تیژی. بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمەویەکانەوە تا کۆتایی عوسمانییەکان، بە هیچ جۆرێ رەحم و بەزەیی و پێوەندیی خوێن نە یان توانیوە دەستی باوک لە قرتاندنی سەری کوڕ و دەستی کوڕ لە پەڕاندنی سەری باوک و دەستی برا لە بڕینی سەری برا بگێڕنەوە. شەڕ لە سەر دەسەڵات و سامان و نفوز بڕیاردەر بوە لە نێوان حاکم و سوڵتان و ئەمیر و سولالەکانی ئیسلاما.

**دوەم**: فەشەلی پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوە، نەتەوە - دەوڵەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.

**سێیەم**: زوڵمی دنیای پێشکەوتو لە دنیای دواکەوتو: باکوری هێڵی ئیستیوا لە باشوری هێڵی ئیستیوا، یان جیهانی خۆرئاوا لە دنیای خۆرهەڵات، لە روی سیاسی و ئابورییە وە.

**چوارەم**: نە بونی دیمۆکراتی و بونی حاکمی ناعادل و زاڵم و دەس پیس لە سەر کورسیی حوکمڕانی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی دا.

### ١. ٣. زەمینەی ئابوری:



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم**: دواکەوتویی ئابوری و نزمیی ئاستی گوزەران.

**دووەم**: پشت بەستن بە ئابوریی سەرانە و ئابوریی یەک رشتە و، بەرزیی رێژەی بێکاری و نزمیی ئاستی خزمەتگوزاری.

**سێیەم**: پەرەسەندنی گەندەڵی بۆ رادەی کوشندە.

**چوارەم**: بایەخ نە دان بە زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی.

### ١. ٤. زەمینەی کۆمەڵایەتی:

**یەکەم**: نزمیی ئاستی وشیاری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی.

**دووەم**: فەرامۆشکردنی سامانی مرۆیی و بەرز نە کردنەوەی تواناکانی.

**سێیەم**: بەرزیی رادەی هەژاری و نەخوێنەواری.

**چوارەم**: نەبونی دادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و قانونی.

**دووەم**: هاوپەیمانیی ناودەوڵەتی داعشی پێ لە ناو ئەچێ؟

بێگومان ئەگەر بۆ لەناوبردنی داعش بە تەنیا چارەسەری ئەمنی و عەسکەری بگیرێتە بەر، داعش رەنگە لاواز ببێ، یا بۆ ماوەیەک نزیک ببێتەوە لە مردن، بەڵام هەرگیز لە ناو ناچێ. قابیلی ئەوەیە لە داعش دڕندە تر یش دروست ببێ.

ئەوەی بەلای منەوە سەیرە بونی ژمارەیەک دەوڵەتە لە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەدا کە خۆیان بەشێکن لە خولقێنەر و ئەفراندنی زەمینەی فیکری و سیاسی و مادی و کۆمەڵایەتی بۆ دروستبونی قاعیدە و داعش و باقی رێکخراوە تیرۆرستییەکانی هاونمونەیان.

بۆ نمونە، سعودیە و قەتەر و تورکیا و ئێران لەو وڵاتانەن کە رۆڵی سەرەکیان هەیە لە خۆشکردنی زەمینەی توندوتیژیی ئاینی و مەزەبی و و بەهێز بونی داعش و، لە فەراهەم کردنی زەمینەی شەڕ و توندوتیژیی بەردەوام لە ناوچەکە، کەچی ئەم وڵاتانە یان ئەندامی هاوپەیمانێتییەکەن یاخود بە کردەوە بەشدارن لە شەڕکردنی داعش دا.

تا ئێستا ئامانجی کۆتایی لەم هاوپەیمانێتییە و میکانیزمی لە ناوبردنی داعش تەمومژیان لەسەرە. گومانم هەیە بتوانرێ بەم شێوەیە هەمو زەمینە یارمەتی دەرەکانی پەیدا بونی داعش لە ناو ببرێن.

**سێیەم**: رەگی داعش چۆن وشک ئە کرێ؟

پێموا نیە داعش و نمونەکانی بەم پلان و میکانیزمەی هاوپەیمانیی ناودەوڵەتی لە ناو بچن. هێرشی ئاسمانی ئەتوانێ بە شێنەیی لاوازی بکا، بەڵام نای کوژێ. تەنانەت ئەگەر هێرشی زەمینیی هاوپەیمانان یشی بێتە سەر، هەر ئەتوانێ بۆ ماوەیەک سست و سڕ و لاوازی بکا.

ئەگەر بویسترێ رەگی داعش و نمونەکانی بە یەکجاری و بۆ ئەبەد وشک بکرێ، ئەبێ (رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، جامیعەی عەرەبی، رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و ناوەندە ئەکادیمییە ئیسلامییەکانی دنیا) پێکەوە پلانێکی ستراتیجیی هەمەلایەنەی درێژ خایەنە (خطة استراتیجیة شاملة وطویلة الامد) دابنێن و جێبەجێ بکەن بۆ:

### ٣. ١. چاکسازی لە فیکر و فیقهی ئیسلامی دا.

بە بڕوام کۆمەڵێ فاکتەری نوێ سەریان هەڵداوە کە ئەکرێ (ئیستیسمار) بکرێن بۆ چاکسازی لە ئاینی ئیسلاما، وەکو:

- بێزاریی ئیسلامی سونەتی، ئیسلامی رەسمی (حوکمەتی)، بەشێک لە ئیسلامی سیاسی و، تەنانەت ئیسلامی قاعیدی و بنلادن یش، لە مۆدێلی داعش؛
- زەرەر مەند بونی زیاتری ئاینی ئیسلام و زڕانی زیاتری ناوبانگی وڵاتانی ئیسلامی لە سەرتاسەری دنیا، بە هۆی رەفتارەکانی داعشە وە؛
- دابەزینی هەژمونی ئیخوانەکان لە دوای بەهاری عەرەبی لە میسر، بە هۆی کودێتا وە (وەکو هەنێ نوسەر و ئیخوانەکان ئەیڵێن).



سەرچاوە
Serchawe

- دابەزینی هەژمونی ئیخوانەکان لە تونس لە دوا هەڵبژاردنی پارلەمانیا (٢٦ - ١٠ - ٢٠١٤). ئەمە دڵخۆشکەرە نەک لەبەر ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی حیزبی بزوتنەوەی نەهزە زۆر دا بەزی و بوە حیزبی دوەم (١٥- ١٦) کورسی لە دوای حیزبی یەکەمەوەیە)، بەڵکو لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی نەهزە ئەنجامەکەی قەبوڵ کرد و لە تونسی پایتەخت لە بەردەم بارەگای سەرەکیی نەهزە دا لایەنگرەکانی شایی خۆشی یان گێرا. ئەمە دەلالەتێکی ئاشکرایە بۆ خاوبونەوەی دەمارگیریی ئاینی لە تونس.
- دابەزینی هەژمونی ئیسلامی سیاسی لە لیبیا لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتی یەوە. ئەنجامی هەڵبژاردن لە لیبیا، لە ٢١ - ٧ - ٢٠١٤ راگەیەنرا، ئیخوانەکان و هاوپەیمانەکانیان لە ٢٠٠ کورسی، تەنیا ٢٣ کورسییان هێنا.

٣. ٢. گۆڕینی بنەڕەتیی پرۆگرامی ئاینی لە خوێندنگە و پەیمانگە و دانشگەکانی وڵاتانی ئیسلامیا. بە جۆرێک کە بە تەنیا تەرکیز بکرێتە سەر ئەو ئایەت و سورەت و فەرمودانەی باسی ئازادیی ئاینی (لكم دينكم ولي ديني) و پێکەوە ژیانی ئاینی و مەزەبی و ئاشتیی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەکەن.

کۆماری عەرەبی میسر لە رێگەی دو وەزارەتەوە دەستی کردوە بە هەڵمەتێکی چاکسازیی دینی: وەزارەتی (الاسرة والسكان) کتێبێکی دەر کردوە بە ناوی (القيم المشتركة ) بۆ ئەوەی منالانی مەکتەب لە تەمەنی ٤ - ١٢ ساڵ بیخوێنن. وەزارەتی (التربية والتعليم) یش بڕیاری داوە وانەی "الاخلاق" بخرێتە جێگەی "التربية الدينية" لە تەواوی خوێندنگەکانی میسر دا. ئەمە هەلومەرجی بابەتی سەپاندویەتی.

٣. ٣. گۆڕینی بنەڕەتیی پەروەردەی ئاینی و خێزانی و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامی دا.

٣. ٤. دروستکردنی دامەزراوەی پرۆفیشناڵ بۆ حیواری ئاینەکان، مەزهەبەکان و شارستانێتییەکان. لە پێناوی نەهێشتنی زەمینەی ناکۆکی و، زاڵکردنی کلتوری پێکەوە ژیان. بە تایبەت کێشە و ململانێی نێوان هەردو ئاینزای سونە و شیعە کە، گەورە ترین بەشی هەیە لە دروستبونی داعش و رێکخراوە ئیسلامییە تیرۆرستەکانی سونە و شیعە دا.

٣. ٥. دروستکردنی گوشاری پەی دەر پەی لە لایەن دنیای دیمۆکراسییەوە لەسەر وڵاتانی داخراوی ئیسلامی بۆ کرانەوە لە ناو خۆیا و بە روی دنیای دەرەوەشا و، پشتیوانی کردنی مەعنەوی ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی ئەیانەوێ لە ناوەوە گۆڕین دروست بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

٣. ٦. چارەسەر کردنی کێشە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو، کێشەی کورد، کێشەی فەلەستین، کێشەی بەلوچ، سوریا و عیراق و ئێران و.. هتد. چونکە ئیسلامی سیاسی و رژێمە نادیمۆکراتییەکانی ناوچەکە ئیش لەسەر ئەم کێشانە ئەکەن بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان.

٣. ٧. داڕایەتی کردنی گەندەڵی و کۆنترۆڵ کردنی و، یارمەتی دانی وڵاتانی هەژار و دوا کەوتو بۆ بوژاندنەوەی ئابوری و دیمۆکراتیزە کردنی سیستمی حوکمڕانی و پەرەپێدانی سامانی مرۆیی.

٣. ٨. شان بەشانی هەمو ئەوانە، شەڕی عەسکەری و ئەمنی و ئابوری و مرۆیی داعش و تیرۆر بە هەمو رەهەندەکانیانەوە. ئەگەر ئەمانە نە کرێن، داعش و نمونەکانی ئێستا بشمرن، سبەی لە بەرگێکی ترا سەر هەڵ ئەدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## داعشو هەڵبژاردنی تونس



**سەربەست جیهاد**

نەهزە لەحزبی حاکمەوە گەڕاوەتەوە بۆ حزبی مەحکوم. سەرباری هەموو کۆششەکانیان لەمانۆڕدان و خۆڕەنگکردن و ئیدیعای میانڕەوی و بڕوابوون بەبەهاکانی پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و داشکاندن بەلای مەدەنییەت و حوکمی قانون و سەروەری هاونیشتمانی، ئیخوانییەکانی تونس لەهەڵبژاردنی گشتی، زۆرینەیان لەدەستداو بوونە پلە دوو.

بەپێی داتا بەراییەکان، نیدائی تونس بە بەدەستهێنانی ٨٣ کورسی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنە. نیدائی تونس، بزووتنەوەیەکی تازە سەرهەڵداوە لەنێو گەرداوی بەهاری عەرەبی و لەپەرچەکرداری هەڵچوونی شەپۆلی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئەزمەگرتووی دوای فەوزاو هەڵلاو بگری ئیخوانییەکان، دەرکەوتووە. نیدائی تونس ساباتی کۆکەرەوەی رەوتەکانی نیشتمانی عەلمانییەو لەبەرامبەر باهۆزی ئیسلامییەکان لە ٢٠١٢ەوە وەکو کێو خۆی راگرتووەو ئەمڕۆژانەش بەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان، نەیارەکانی بۆڕداوە.

بردنەوەی نیدائی تونس لەدۆخێکدایە، قامچی تیرۆر لەوپەڕی رۆژئاوای ئەفریقاوە تائەوپەڕی رۆژهەڵاتی ئاسیا هەڕەشە لەژیان و مەجدی مرۆڤ دەکات و سنوورەکانی جوگرافیاو ئەخلاق و کۆمەڵگا دەسڕێتەوەو نەزمەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێکدەترازێنێ. سەرکەوتنەکە لە کاتێکدایە توندڕەوی فکرو عەقیدەو رەفتار گەیشتۆتە ئەوجی ناحەزی و دزێوی. هەر لە سەرینی هەڵچوونی توندڕەوی بوو، هەر بەهۆی تەمەدودی داعش و پەرەگرتنی تیرۆریستانی ئەنصاری شەریعەی تونس و تەشەنەسەندنی ئیرهابی بیت المقدسیەکانی میصرو ئاژاوەچیەکانی لیبیا بوو، روئیاکان لێڵکرابوون و کەم کەس پێشبینی دەکرد لە زەرفێکی وادا هەڵبژاردنی تونس بە ئارامی و بێ تەقینەوەو دروستکردنی فەوزا تێبپەڕێ، چ جای سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی سکۆلار.

## بەشی دوویەم

ئەگەرچی نوسخەی تونسی ئیخوانی لەچاو کۆپیەکانی دیکەی برایان لە میصرو لیبیاو مەغریب و ئوردن و سوریاو تەنانەت لە کوردستانی خۆشمان، بە ئەندازەیەکی زۆر جیاوازەو ئیجتهادو تەئویلیان لەسەر تێکستەکان فەرقی هەیەو تێڕوانینیان بۆ دنیاو قیامەت و شەرع و دەوڵەت لە براکانی دیکە پێشکەوترە، بەڵام دەرکەوت هیچی ئەمانە بەدەردی هاونیشتمانی ئەم عەصرە ناخوا و مرۆڤی سەردەمی پۆست زانیاری بە هاسانی فریو ناخواو تەسلیمی چاوڕاو نابێ. وەکی دی، تەجروبەی نەهزە لە دەسەڵاتدارێتی دوای بێ بەندوباری (بەهاری تونس) لەگەڵ ئەزمونی ئیخوانی میصر، هەر بەراورد ناکرێ، بەڵام دیسانەوە هاونیشتمانی تونس ئەو کۆپیەشی بە شایستەی پشپێبەستن و حوکمڕانی نەزانی.

لە ئاستی حوکمڕانی (نەهزە) پاشەکشەی کردووەو دەرفەتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بەرتەسک بۆتەوە. هەرچەندە نەهزە ٦٩ کورسی بەدەستهێناوەو هێشتا دووەم بڕاوەی هەڵبژاردنە، بەڵام شەریکەکانی جارانی (مەرزوقی و بن جەعفەر)ی لەدەستداوە، بەمەش توانای مانۆڕدان و دانوستانی کەم بۆتەوەو بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی چانصی لاواز بووە. ئەم پاشەکشەیە هەڵبەت لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، لە تونس و تا ئەندازەیەک لەجیهانی عەرەب و ئیسلام و لەنێو ریزی براکانیشی کاریگەری سلبی دەبێ.

نەهزە کە بە نمونەی حوکمڕانی ئیسلامی میانڕەو حیساب دەکراو لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان ئیشادە بەئەزمونی حوکمڕانی دەدرا، وا لەلایەن زۆرینەی هاونیشتمانەکانییەوە قبوڵ ناکرێ و متمانەی لێوەردەگیرێتەوەو بەمەش حوکم و دنیا بینی و پرۆگرام و دروشمەکانی، خەون و ئاواتەکانی، دووچاری کۆسپ و ئاستەنگی دەبێ و لەبەرامبەردا هیوای مەدەنیەت و عەلمانیەت شکۆفە دەکا.

شکستی نەهزە بەهۆی مقاوەمەو خۆڕاگرتنی بەرەی پێشکەوتخوازو سکۆلار بوو لە بەرامبەر گێژەڵوکەی توندڕەوی و تیرۆرو دەسەڵات و حوکمی ئیسلامی سیاسی.. مقاوەمە پیرۆزە چ لە تونس بێ یان لە کۆبانێ و جەلەولا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ ئەمریکا:ئەم ئەستێڵە کەی ماسیی لێدەبڕێت؟



هیوا محەمەد

دەڵـێن داعـش کەسـانی تیرۆریسـتی ڕێکخـراونو تواناکانیـان زۆر زیـاترە لەوەی سـوپایەکی بـێ دەوڵەت بـن، هەرچەنـدە بیرمەنـدی ئـەمریکی فوکـۆ یامـا دەڵێـت: هەنـدێ کلاشـینکۆف بەدەسـتنو ئـەوەی دەیڵـێن خەیاڵـەو هیچـی تـر، فۆکـۆ یامـا بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکانی سیاسەتمەدارانی جیهانەو تەنانەت لەگەڵ هی ئەوانەشدا یەک ناگرێتەوە کە لەمەیدانی جەنگدا ڕوو بەڕوویان دەجەنگنو باس لەتواناکانیان دەکەن، کەوابوو شەڕ لـەدژی داعش یـان لێدانی داعش لەگـەڵ لێدانی لیبیاو عیراقی سەردەمی سەدامو تالیبانی ئەفغانستان جیـاوازە، لەمانـەدا وڵاتـدارێتیو سوپای ڕێکخراو و پێگـەی سـەربازی پتەو و چەکی پێشکەوتوو و فرۆکەو تانکو هەموو جۆرە چەکێک هەبوو، لای داعش نە پێگەی چەسپاوی سەربازیو نە فرۆکەو فرۆکەخانـەو نەوڵاتـدارێتیو سنووری نێودەوڵـەتی هەیـە، ئـەوەی داعـش هەیـەتی لەسـەر ئۆتومبێلـە هەمـەرو میک زەمینییەکانەو لە ڕقەوە دەیهێنێت بۆ جەلەولاو بە پێچەوانەشەوە.


سەرەتا وتیان داعش کەهاتن موسڵیان گرت نزیکەی ٢٥٠٠ کەسێک بوون، دوای سێ مانگ وتیان تا ٣١٥٠٠ کەس دەبن ئەمە لەکاتێکدا کە ڕۆژانە بە پێی هەواڵەکان لەنێوان ٥٠ بۆ ٧٠ کەسیان لێ دەکوژرێت. ڕیکخراوێکی تیرۆریستی ئەگـەر لـەماوەی تەنها چوار مانگدا توانیبێتی لەگەڵ ئەو هەموو کوژراوەی دەیدات دە هێنـدە زیـادی کردبێتو بـەردەوام لـەزیاد بووندا بێت جێگەی سەر سوڕمانو گومانە. سـەدام خۆیو سوپاکەیو عیراقەکەی نـەیان تـوانی ئەوەنـدە خۆڕابگرن لەبەرامبـەر هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکاو هاو پەیمانەکانی، کەچی ئەگـەرچی تـائێستا زیـاتر لـە ٣٠٠ لێدانی ئاسمانی بە فرۆکەو موشەک کراوەتە سەر داعش لەعیراقو سوریا، بـەڵام داعشو هێرشەکانیان ڕوو لەهەڵکشانە. بـە پێی زانیارییـەکان هـەر موشەکێکی تۆمـا هـوک کـە لەسـەر پشـتی کەشتییەکانەوە لەسوریا بەداعشـەوە نـراوە، تێچـوی هەریەکـەیان ٥،١ مليـۆن دۆلارە، یـان سوڕانەوەی هەر سەعاتێکی فرۆکەیەک ٦٨ هەزار دۆلاری تێدەچێت، ئەگەر ئەمانە ڕاستبن کە لەسەر زاری وەزیری بەرگری

ئەمریکا خۆی وتراوە، ئەی دەبێت هەر موشەکێک چەند زیانی گیانیو ماڵی بەداعش گەیاند بێت، خۆ ناکرێت هەر موشەکێک دە کەس بکوژێت، یان هەر سەعاتی فرۆکەیەک خانوویەک بڕووخێنێت! هەمیشە دەرئەنجامی شەڕ دوو شت دیاری دەکات، یەکەم جۆری چەکو تەقەمەنیو دووەم ژمارەو توانای سەربازەکان، لەمانەدا دەتوانین بڵێین دژە داعشەکان بە پێشمەرگەو سوپای عیراقو خۆبەخشە عەشایەرو مەزهەبیەکانو هاوپەیمانانەوە زۆر زیاترن لەژمارەی داعشەکان، تواناو جۆری چەکەکانیش هەر زۆر لەهی ئەوان پێشکەوتووترن، بەڵام رۆژانە دەبینین داعش بەرەو هەڵکشان دەڕوات، بۆیە لێرەدا پرسیار دروست دەبێت، ئایا داعش ئەو ئەستێڵی ماسییەیە کە خاوەندارێتیەکەی ئەمریکایەو چەند ماسی لێ بگیرێت ئەو دوو هێندەی تێ دەکاتەوە؟ یان داعش لەوە ترازاوە کە تەنها ئەو چەند کلاشینکۆف بەدەستە بێت، کە فۆکۆ یاما باسیان لێوە دەکات. یان عیراقو سوریا کراوەتە گۆرەپانی ئەسپ سواریو هەر لایەنەو ئەسپی خۆی تێدا تاو دەداتو تەپو تۆزەکەشی دەکەن بەسەروچاوی خەڵکەکەیداو قوربانی یەکەمیش ئەو گەلانەن کە لەم ناوچەیەدا دەژینو پشکی شێریش بەر کورد دەکەوێت. بۆ پرسیاری یەکەم دەتوانین بڵێین بە پێناسە کردنی تورکیاو هاوکارییەکانی بۆ داعشو ناردنی چەکداری تیرۆریستو مەشق پێ کردنیان لەئەنقەرەوەو لەگەرەکی حاجی بەیرامو چوونیان بۆ سوریا بەمۆڵەتی تورکیو بەو پێیەی تورکیا ئەندامی ناتۆیەو ئەڵقە لەگوێی ئەمریکایە، ئەوە دەکرێت بڵێین ئەمریکا خۆی ماسیەکان( داعشەکان) دەخاتەوە ناو ئەستێڵەکە بۆیە تەواو نابن. بەوەش کە داعش رۆژانە روو لەزیاد بوونە، ئەوە دەتوانین بڵێین فۆکۆ یاما هەڵەیەو ئەوانە لەئێستادا فراوانترن لەوەی وەک رێکخراوێکی دیاریکراو یان سنووردار تەماشا بکرێنو مەترسییان لەهەڵکشانەو پێ دەچێت نەک ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو کەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقاو هیندو پاکستانو ئەوروپاو کەنەداش بگرێتەوە، گەر وابڕوات ئەو تیرۆریستانە لقیان لێ دروست دەبێتو هێرشی چەکداریش دەکەنە سەر دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەو خەڵکەکەی بەمەش لەناو بردنیان زۆر قورسترو هەزینە هەڵگرتر دەبێت، خۆ رەنگە وای لێ بێت وڵاتان بەفرۆشتنی نەوتە یەدەگەکەشیان رانەگەن تا ئەوەندە چەکی ئەمریکی بکڕن بۆ لێدانی داعش.

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین هەڵوێستی تورکیا لەبەرامبەر کورد، دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت کە تورکیا دەوێت شەڕ لەسەرخاکی کوردان بێتو بەکۆمەڵ لێیان شەهید ببێتو شارو گوندیان لێ وێران بکرێت، لەهەمووش گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ بپرسین خێرە لەگەڵ دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەڕێگەی تورکیای دوژمنی دێرینەوە ئەم بەزمە هاتە ناوچەکەوەو لەمەش سەیرتر ئەوەیە خێرە داعش نەوت دەفرۆشێت بە تورکیاو کەچی ئەمریکا هیچ ناڵێو نەمان بیست ئەو فرۆکانە تەنکەرێکی نەوت هەڵگر بسوتێنن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## داعش تەواودەبێت



محەممەد رەئوف

داعش تەواودەبێت، ئیسلام دەمینێ، داعش تەواودەبێت و کوردستان و نەتەوەی کورد دەمێنن، چی ڕوودەدات؟ چی بکەین باشە؟

گەشبینی من لەوێوە سەرچاوەدەگرێت و دەستپێدەکات کە ئەو کتێب و نووسراو و لێکۆڵینەوانەی ئەم ماوەیە خوێندنمەوە و لەگەڵ ڕووداوەکان و هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکان و دۆخی تایبەتی عێراق و سووریا بەراووردم کردن، گەیشتمە ئەو بڕوایە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سێ جۆر دەوڵەت و حکومەت هەن:

**یەکەم**: جۆی یەکەم کە سێ دەوڵەتن ئیسرائیل، تورکیا و ئێران، بە تەواوی مانا دەوڵەتن، چونکە خاوەنی بڕیار و سەروەری تەواو و توانای مانۆڕی سیاسی و ئابووریی و سنووری جێگیرن و دەستووری ڕیزلێگیراوی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

**دووەم**: تەنها دوو دەوڵەت هەن کە بەشێک لەو خاڵانەی هێزی سەرەوەیان تێدایە و بەشێکیان تێدانییە، ئەوانیش بریتین لە میسر و سعودیە.

**سێیەم**: بریتین لە هەموو دەوڵەتەکانی دیکەی نێوان میسر و ئێران جگە لە عێراق و سووریا، ئەو دەوڵەتانە کە نزیکەی ٨ دەوڵەتن، هەر هەموویان کەمتر پێکهێنەرەکانی هێز و مێژوو و سەروەریان تێدایە و بە دەوڵەتی پلە سێ دێنە هەژمارکردن.

**هەڵوێست و پێگەی سیاسی و یاریکردنی هەرسێ جۆرەکە بەمشێوەیە دەبیندرێن و دەردەکەون:**

**جۆری یەکەم؛** ئیسرائیل، تورکیا و ئێران، خۆیان یاریزانن و توانای مانۆڕیان هەیە و بەشەڕاکەت نەبێت ناچنە هیچ شەڕو هاوپەیمانێتییەکەوە و ریسک و مجازفە بە وڵات و گەلەکانیان ناکەن، بە پێی پلانی ستراتیژی سەربەخۆی خۆیان نەبێت فشاری کەس قبوڵناکەن و ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیشیان بە پێی پێوەر و ستاندارە جیهانییەکانە، بۆیە کە یاری دەکەن خۆیان یاریزانن و جێگە و پێگەیان دیارە و کەس یاریان پێناکات.

**جۆری دووەم؛** میسر و سعودیە، خۆیان یاریزانی سەرەکی نین و توانای مانۆڕی سەربەخۆیان نییە و زۆربەی کات لە دڵەڕاوکێدان، بەڵام توانای ئەوەیان هەیە رۆڵیان پێبدرێت و یاریان پێبکرێ و لە هاوکێشەکاندا وەک یاریزان دەردەخرێن، ئەم دوو دەوڵەتە ئایندەیان رۆشن نییە، چونکە تا ئێستا نەیانتوانیوە قەیرانەکانیان تێپەڕێنن و سەرەتای قەیرانی گەورەی سعودیە لە یەمەن و حوسییەکانەوە دەستیپێکردووە و کێشەی نێوان سعودیە و یەمەنیش زور کۆن و قەیراناوییە، سەرەتای ئایندەیەکی نادیاری میسریش لە کودەتاکەوە دەستیپێکردوە و ئێستاش قەیرانی قیبتییەکان و هەڵایسان و داڕووخانی ئابووری و سەرهەڵدانی توندڕەوی و قەرز و منەتەکانی کەنداو و ئیسرائیل بەردەوامی کودەتا تا گەیشتووەتە نێو زانکۆکان و چەندەها قەیرانی دیکە سیمای ئەمڕۆی دەوڵەتی میسرن.

**جۆری سێیەم؛** (٨ دەوڵەتەکە کە بریتییە لە کەنداوییەکان، ئەردەن و لوبنان): ئەم دەوڵەتانە، نە یاریزانی تەواون و نەیاری قورسییان پێدەکەن، بەڵام رۆڵێکی رەمزیان پێدەدەن لەبەرانبەر پاراستن و پاسەوانیکردنیان و ئەرکیشیان دوو جۆرە، ئەوانەیان کە پارە و نەوتیان هەیە دەبێت بە سەخاوەت بەشداری یاری و مانۆڕەکان بکەن و ئەوانیشیان پارەیان نییە دەبێت خاک و وڵاتەکەیان لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت و هەڵوێستیشیان تەنها و پابەندبوونە بەبڕیارە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانەوە.

ئەوەی کە جیامانکردەوە لە نێو هەموو وڵاتەکاندا بریتییە لە (عێراق، سووریا). ئەم دوو دەوڵەتە ئێستا لە ریزی هیچ لەو سێ جۆرە دەوڵەتانە نین و هیچ مانا و رەگەزێکی هێز و پێزو دەوڵەت و سەروەریان نەماوەو و توانای مانۆڕیان نییە، ئابووری و سنوور و دۆخی ناوخۆشیان لە سفرەوە نزیکە، ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر مێزی گفتوگۆ و نەخشەڕێگای هاوپەیمانان و دەوڵەتەکانی دراوسێ باس لە شێوازی ئایندەیەکی نوێیان دەکرێت، کە دەبێت چۆن بێت، ئایا چۆن بکرێنەوە بە دەوڵەت؟ یان چۆن دابەشکرێن؟ جوگرافیای نوێ یان چۆن بێت؟. چۆن دەتوانن بکەونەوە سەرپێ؟

ئەمرۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و گەلی کوردستان لەم دۆخەدا دەجوڵێ وسیاسەت دەکات و پەیوەندییەکانی ڕێکدەخات. دیارە دەبێت باش بزانین ئێمە دەوڵەت نین بەڵکو تا ئەمرۆ بەشێکین لە دەوڵەتێکی (فاشل)، بەڵام دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و نەتەوییمان جیاوازە، کاتێک دەڵێم: ئێمە دەوڵەت نین کەواتە نابێت چاوەڕوانی لەوەبکەین کورد بتوانێت یاری یان مانۆڕبکات یان چاو لە دەوڵەتان بکات، بەڵکو کورد دەتوانێت لەنێو ئەم هاوکێشە قورس و هەستیاریانەدا بەهاوکاری نێودەوڵەتی و بەسازان لەگەڵ (ئێران و تورکیا) خۆی رزگاربکات لەم دوو دەوڵەتە (فاشلە - هەڵتەکاوە)،

ئەمەش بەوە دەکرێت سنووری خۆی نەبەزێنێت و ئەو سیاسەتەی گرتوویەتیەبەر بەردەوام بێت کە بریتییە لە:

- پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان و نەبەزاندنی سنووری جوغرافیای کوردستان (ئەلبەت ئەم رۆشتنە بو کۆبانێ جگە لە هەندێک لایەنی عێراقی هەمووال ل سەری کۆکن).
- بەهێزکردنی ریزەکانی ناوخۆ.
- بەشداری لە حکومڕانی بەغدا تا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ جوابمان دەکەن و دەبێت هەمیشە، (UN، ئەمریکاو تورکیا و ئێران) بکەین بەشایەت بەسەریانەوە و جوان دۆکیومێنتی بکەین.
- کەیسی مەزڵومیەتەکان بەردەوام بەگەرم و گوڕی راگرین لە سەنتەرەکانی دونیا و نابێت بهێڵین لەبیر دەوڵەتان بچنەوە.
- ژێرخانی حوکمڕانی کوردستان ئامادەکەین و سڵنەکەینەوە لە چاکسازی و بنیاتنانی حکومەتی دامەزراوەی و ڕێگەنەدەین پرنسیپەکانی بەرنامەی کابینەی هەشت ساردبێتەوە یان ساردبکرێتەوە لەبەر کورت بینی حیزبی.
- ئەم بەدەمەوەهاتن و هاوکارییە نێودەوڵەتییە بە فرسەتێکی مێژوویی وەرگرین و مامەڵەی بکەین، بەپێی بەرنامە و پلانێکی ستراتیژی و وەک تەنها رووداوێک و بەرپەرچداندانەوەی تیرۆر سەیری نەکەین.

لێرەوە دەڵێم: دەبێت وەک بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی و ئایندەیی مامەڵەی تیرۆر و توندوتیژی بکەین، جا لە هەر کوێوە بێت ئیتر بەناوی ئاینەوە بێت، یان بەناوی عەلمانی و ئایدۆلۆژیاکەوە بێت یان هەرشتێکی دیکە، چونکە تیرۆر کە دەکاتە (رەفزی بەرانبەر یان ئەوی دیکە) پڕاو پڕ دەکاتە (رەفزی ژیان و بزاوتی ژیان و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ) بۆیە ناکرێت مامەڵەی نەرم و رێکەوتن لەگەڵ تیرۆر یان بیرکردنەوەی تیرۆرانە بکەین.

ئەمرۆ لە کوردستاندا هەموو هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوێستی روون و ئاشکرایان بەرانبەر بە تیرۆر و توندوتیژی وەرگرتووە و پەرلەمان و حکومەتیان پێکهیناوە و کە پەرلەمان و حکومەت دوو دەزگای حوکمرانی حکومەتی

## بەشی دوویەم

مەدەنین بۆیە پێویست ناکات، نە ئیسلامیەکان دیفاع لە خۆیان بکەن و نە کەسانی عەلمانیش بۆیان هەیە تۆمەت بدەن نە لە ئیسلام و نە لە ئیسلامیەکانیش، چونکە ئەوەی کە تیرۆر و تۆقاندنی کردوە بە بەرنامەو ستراتیژ و نایشارێتەوە، وەک داعش و هاوشێوەکانی لەهەرکوێ بن ئەوانە بەدزیەوە و لەشەو و لەکاتی غەفڵەتدا نایکەن، بەڵکو بە ئاشکراو بە شانازی پێوەکردنەوە دەیکەن و حەزیش دەکەن خەڵک وێنەو گرتە ڤیدیویەکانیان بڵاوبکاتەوە کە بەرجەستەی تیرۆرە.

ئەم داعشەش تەواودەبێت و لەهاوشێوەکانی مێژوویان وەک (خەوارج) نەبەهێزترن و نە نوێژ و رۆژووشیان زیاتر و باشترە، ئەم ئاڵا رەشەش کە چەندجارێک لە مێژوودا دووبارەبووەتەوە و هەرئێستا چوار ئاڵای رەش بە دەست چوار گرووپەوەن لە( ئەفغانستان و پاکستان و عێراق و سووریا)، لەوانەیە هیتریش پەیدابێت و ئەمەش کۆتایی پێدێت زووبێت یان درەنگ، لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیەک بە ئاینەدە بکەم ئەویش ئەوەیە داعش لەبەر ئەوەی بزوتنەوەیەکی (افراگ)ییە بێگومان (تفریگ) ی بە دواداایت، (افراگ )واتە رۆچوون و زیادەرەوی و (تفریگ)یش پێچەوانەکەیەتی، ئێستا ئەو دینەی ئەوان باسیدەکەن و ممارەسەی دەکەن و ئەو شەرەی ئەوان دەستیانپێکردووە و ئەو جەبهەی ئەوان کردوویانەتەوە، هیچ گومانی تێدانییە کە بەکەس هەڵناگیرێ و ناگاتە ئەنجام، بۆیە کە هەڵوەشانەوە و کەوتن و پوکانەوە دەستپێدەکات ئەوکاتە هەر لەناو داعشدا کۆمەڵێک گەنج پەیدادەبن دژ بەدین و ئیسلام قسەدەکەن و فتوای سەیر و سەمەرە دەدەن، واز لە عیبادەتە بنەڕەتییەکانیش دێنن و دەیانەوێت قەرەبووی هەڵەکان بەو شێوەیەبکەنەوە، بەڵام دەبێت دڵنیابین ئەمانیش دەڕۆن و ئیسلام و ئایین دەمێنێتەوە.

بۆیە پێویستناکات کوردستان و میدیاکان و حیزبەکان و سەرکردەکان و رۆشنبیرەکان بەم بابەتەوە سەرقاڵ کەن، بەڵکو بابەتە هەمووماناەوە سەرقاڵی ئەوەبین چۆن کەڵک و سوود وەرگرین لەم هەلومەرجە رەخساوە و لەم دۆخە گونجاوە، ئیتر موزایەدەی دیینی و حیزبی و سیاسی بەسە و ماوەیەکە بەتەواوی بێتام بووە و هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، هەموو دونیای دەرەوە چاودێریمان دەکات بزانن چۆن هەنگاو دەنێین و چی دەکەین؟ ئەو پشتگرییە سیاسی و سەربازییە چۆن وەبەرهەم دێنین، ئەو چەکانە چی لێ دەکەین و چۆن بەکاریان دەهێنین؟ ئەو قەیرانە ئابوورییە چۆن تێدەپەڕێنین؟ ئەو حکومەتە لەم تەنگژەیەدا چۆن دەخەینەگەڕ لەبەرژەوەندی هاوڵاتی و دۆخەکە؟ لە کۆتاییدا رای من ئەوەیە چەندە موزایەدات و خۆ خەریککردن بەشتی لاوەکیەوە بێمانایە ئەوەندەش سیاسەتکردن بە عاتیفە بێمانایە، بۆیە پێویستە تواناکان لە دراسەو لێکۆلینەوە بە گەڕبخرێن و قسە و لێکۆڵینەوە بۆ ئاینده بکەین و واز لەو رۆژ بەڕێکردنە بهێنین.

* سەرۆکی ئەنجوومەنی سەکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## شەڕی دوای داعش



**عەبدوڵڵا ڕێشاوی**

من نازانم ئایا لەدوای داعش هیچ شەڕێکی دیکە چاوەڕێی کورد دەکات یان نا؟ هیوادارم ئەمە دوایین شەڕی نەک تەنیا کوردستان بەڵکو ناوچەکەش بێت، بەڵام زۆر ئاماژە پێماندەڵێن شەڕی داعش درێژە بکێشێت یان نا، پێدەچێت لەدوای ئەم شەڕە هەندێک شەڕی دیکە یەخەی کورد بگرن کە شەڕی داعش بەراورد بەو شەڕانە بۆ کورد سەفا و سەیران بووبێت.

هەر شەڕێکی دیکەش دەبێت بابێت، تەنیا شەڕی نەگریسی کورد- کورد نەبێت، کە خوانەخواست ئەگەر شەڕێکی لەم چەشنە ڕوویداتەوە، ئیدی ئەو قسە حەرامە حەڵاڵ دەبێت کە کابرا گوتبووی "تف لە کوردبوونی خۆم دەکەم". چونکە ئەوکات ئەوە ئێمە نین کە تف دەکەین، بەڵکو ئەوە خودا و جیهانن کە نەفرەتمان لێدەکەن.

لەسەر ئەگەری شەڕی ناوخۆ قسە ناکەم، چونکە تەنانەت ناتوانم بیریشی لێبکەمەوە، بەڵام ئەوەی قسەی لەسەر دەکەم، فەتیلەکانی ئاگری جەنگە لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان.

ئەوانەی خۆشباوەڕ بوون بەوەی بەلادانی مالیکی و هاتنی عەبادی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەبێت، پاشان هەموو کێشەکانیان بە دەستبەکاربوونی وەزیرەکانەوە بەستەوە، ئێستا دەبێت بزانن کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەوە قووڵترن بە نیشاندانی نیەتسافی و نیشاندانی ئەوەی کە بەڵێ لەگەڵ عێراق دەمێنینەوە، کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر ببن.

ئەوانەی کە داوای چوونەوەی کوردیان بۆ بەغدا دەکرد، هەر لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تا جەنتڵمانەکانی واشنتن و تا ئاخوندەکانی ئێران، دەبێت ئەوانیش بیرێکی نوێ لە تێڕوانینەکانیان بۆ پەیوەندییەکانی کورد و بەغدا

بکەنەوە.

ئەو چاودێر و پارلەمانتارانەش کە زۆر خۆشباوەڕانە پێیانوابوو بە دەستبەکاربوونی وەزیرەکانی کورد لەبەغدا خۆری ئاشتی و ئارامی بەسەر بەغدا و هەولێردا هەڵدێت، ئەوانیش دەبێت بیرێک لە خۆشباوەڕیی خۆیان بکەنەوە.

لەسەرەتای شەڕی داعشەوە گوتمان عێراق دەبێت یان هەڵبوەشێتەوە یان لانیکەم سنووری نێوان هەرێمەکانی دابڕێژرێتەوە، دەستی هەرێمەکان لە یەخەی بەغدا و دەستی بەغداش لەیەخەی هەرێمەکانی کورد و سوننە بکرێتەوە و چیدی چزووی ئەم ئاژاوەیە -کە عێراق خۆیەتی - دەربهێنرێ.

تێناگەم ئەمریکییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چییان لەعێراق دەوێت؟ ئەمریکاییەکان ڕێزی ئەو هەموو خوێنەی خۆیان ناگرن کە بۆ ئازادیی گەلانی عێراق ڕشتیان؟ ئەوان هاتن عێراق چۆن بوو، ڕۆیشتن و عێراق هەر وەک خۆی بوو. تا بەم ڕۆژە گەیشت کە دەیانەوێت درێژەشی پێبدەن.

ئایا ئەمریکییەکان بە چ بیرکردنەوەیەک چاوەڕێی دەرکەوتنی عێراقێکی نوێیان لەسەر هەمان پایەکانی عێراقی کۆن دەکرد.

بەداخەوە ئێستاش لەدوای شەڕی داعش، ئەمریکا و جیهان هەر سوورن لەسەر ئەوەی هەڵەکەی ٢٠٠٣ درێژە پێبدەن. هەڵەکەش ئەوەیە کە ئەوان لەهەمان هاوکێشە چاوەڕێی نەتیجەیەکی جیاواز دەکەن.

هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهەڵەدا چوو کە وایانزانی کێشەی عێراق سەدامە و ئەوەی لەدوای سەدام دێت غاندیە. لەڕاستیدا کێشەی عێراق سەدام نەبوو، بەڵکو کێشەی سەدام، عێراق بوو.

ئێستاش لەپاش ئەو هەموو فەتیلی جەنگەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، کەچی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان هەروەک ئەوەی پسپۆڕ نەبێت لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان و چارەسەری قەیران و ململانێکاندا، دێت و تکا و ڕجا لە پێکهاتەکانی عێراق دەکات بچنەوە بەغدا.

ئەو چونکە پسپۆڕ نییە و بەتەنیا پیاوێکی نیەت باشە، پێیوایە کە کورد چووەوە بەغدا و سوننەکان لە حکومەتدا

**بەشی دوویەم**

دەستبەکار بوون، ئیدی عێراق دەبێتە ماستی مەیبیو، عێراق لەشەو و ڕۆژێکدا دەبێتە وڵاتی ئاشتی و دیموکراتی!

کورد بۆئەوەی لەشەڕی بەغدا رزگاری بێت، دەبێت لەخودی بەغدا رزگاری بێت، بەغداش بۆئەوەی لە سەرئێشەی هەرێم چارەسەر بێت، دەبێت لەهەرێم خۆی و ئەو کوردستانە گەورەیەش کە ئەمڕۆ هەمووی ڕژاوەتە باوەشیەوە رزگاری ببێت.

هەتا بەغدا هەرێمی کوردستان بە بەشێک لەخۆی بزانێت، هەردەبێت چاوی تێببڕێت، دەستی بۆ بەرێت، هەڕەشەی لێبکات و گرژی لەگەڵ دروستبکات.

هیچمان لەدوای شەڕی داعش خوازیاری شەڕێکی دیکە نین، بەڵام لەوانەشە ئاوات بخوازین کە شەڕی داعش درێژە بکێشێت بۆئەوەی شەڕی گەورەتر لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا روونەدات. چونکە هەنگاوەکان بە خواری و بەناڕێکی دەستیانپێکردووە و لەسەر هەمان بنەماکانی پێشوو بونیاد دەنرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

بەشی دوویەم

## داعش و ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەوان



شەهلا دەباغی

ئەوەندەی بیرم بێ لە وروژاندنی باسی حەساس نەترساوم. چونکە پێموایە لەو باسانەدایە کە ئینسانەکان دەتوانن بە هێندێک "حەقیقەت" یان باشتر بلێم "بنەما" بگەن. ڕاستە زۆر بنەمای فکریم لای خۆم ساخ کردۆتەوە بەڵام دیسان ئەوە بەو مانایە نییە کە ئینسان نەتوانی لەگەڵ باوەڕەکانی خۆی "چالش" بکا.

لە ٨ و ١٥ ی ئۆکتۆبردا دوو نوسینم دانا لە سەر ئەوە کە کورد نابێ هەرگیز لە کاتی جەنگ دا وەک داعشەکان ڕەفتار بکا. بەڵام زۆر کەس پێیوایە کە ئەو بیرو بۆچوونە هەوەڵەن لە "منطق اخلاق بردە" ڕا دێ و دوهەمەن بۆ وڵاتی سوئید دەبێ نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە داعشی تێدایە. ئەوە بۆ کە چەند دۆست بە نووسین و قسە ڕای خۆیان دەربڕێ. هێندێک دۆست وتیان "بەڵێ دەبێ هەر هەمان ڕەفتار بکەین" و هێندێک وتیان "نەخێر نابێ ئێمە وەک داعش بین".

دوای هێنانە گۆڕی ئەو باسە کە "ئایا درووستە کە بە هەمان مێتۆدی داعش لە گەڵ ئەو داعشانەی کە ئەسیر دەبن، ڕەفتار کرێ" لە ٢٤ی ئۆکتوبردا و هێنانە گۆڕی هێندێک باسی حەساس وەک "گون بڕین" و دیسان دوای بیستنی چەندان ڕا و بۆچوون، هەر هاتمەوە سەر "تەشی و ریسەکەی خۆم" و بە قەناعەتێکی زیاترەوە کە:

١- من خۆم ناتوانم ئەو کارە بکەم و پرنسیپەکانی خۆم وەلا نێم و لە نەفسی خۆمدا ئینسانێک نیم بتوانم کەس ئازار بدەم. هاوکات باوەرم بەوەیە کە "قوربانی" بم باشترە تا "قاتڵ". دەزانم لە ڕوانگەی دەسەڵات و بۆچوونەکانی فەلسەفەی سیاسی، ئەوە بە ئەخلاقی "بەردە" ناو دەبردرێ، بەڵام لەوە ناترسم و هەر پێم درووستە کە کورد لە سەر بنەماکانی ئینسانی خۆی کار بکا و بۆ گەیشتن بە ئامانج دوچاری هەڵەی وا نەبێ چونکە ئەو جۆرە هەڵانە دەتوانن ئاکامی زۆر

خەراپییان لە سەر کولتوری ناوخۆیی و پەروەردە هەبێ. کەوایە کارێک کە لە دەست خۆم نەیە بۆ خەڵک تەجویز ناکەم.

٢- ناکرێ ئەو بناخە فکرییە کە چەند ساڵە هەموومان کاری لەسەر دەکەین وەک بنەماکانی فکری و ئەخلاقی بۆ "مافی مرۆڤ" لە خۆماندا بکوژین چونکە تووشی دوژمنێکی پیس وەک "داعش" بووین.

٣- نابی بە هیچ جۆرێک پەرەبدرێتە "کولتوری بەربەریەت و وەحشیگەری".

هەر بۆیە دوو بۆچوونم کە لە ١٥ و ٨ی ئۆکتۆبردا ، واتە پێش ئەو باسە، نووسی بوون، لێرەدا ئەو دوو بۆچوونە دیسان بڵاودەکەمەوە:

## پرنسیپەکانی ڕەفتار لەگەڵ ئەسیر و جەستەی کوژراوان

**کورد بە هەڵویستی ئەو چەند مانگە بۆتە جێگای شانازی و کڕینەوەی کەرامەتی ئینسان. لەو ڕوانگەوە:**

١. ئینسان کوشتن لە نەفسی خۆیدا پیسە. ئەوەکە کورد تووشی شەڕ بووە، کورد خۆی نەیویستووە، کەوایە تکایە با ئێمە وەک داعشەکان بەهاکانی ئینسانی و ئەخلاقی خۆمان لە سایەی شەر لە دەست نەدەین.

٢. پێ لە مافی ئینسانی ئەسیر نەنێین تەنانەت ئەگەر ئەو ئەسیرە خوێنرێژێکی سەربڕی وەک داعش بێ. ئەگەر ئێمەی کورد وەک داعشییەکان ڕەفتار بکەین و بچینە خانی بێئەخلاقی ئەوان ئەو کات فەرقمان چییە؟

٣. بڵاوکردنی ئەوە کە داعش سەر بڕدراوە، بە قازنجی کورد ناشکێتەوە، تەنانەت رۆژئاواییەکان کە ئێستا دژی داعشن سبەی دەتوانن وەک دێکۆمێنت لەو وێنانە بە دژی کورد کە پێی لە بەڵگەنامەکانی جیهانی ناوە، کەڵک وەرگرن.

٤. تکایە ئەو جۆرە وێنانە بڵاو مەکەنەوە. چ هی داعش و چ هی کورد.

### * جەنگ. برینەکانی و ئەخلاق

خۆشم لە ناو ئەو شەڕە دابام ڕەنگە هەر نەمتوانی با بە سەر هەستەکانم دا کە برینداره زاڵ بم. خەمێکی قوڵ ڕووحی



سەرچاوە
Serchawe

هەموومانی ئەنگاوتوە.

لە جەنگدا ئینسانیەت دەمرێ بەڵام نە لە لای هەموو کەس. سرووشتی جەنگ بەدکارە بەڵام هەن کە هەر ئینسان دەمێننەوە. هەن کە لە باری ئەخلاقییەوە ناچنە "بەرەی داعش".

١- گەلی کورد هەمیشە بە "ئینسانیەت و ئەخلاقی سیاسی" بەرزی کەرامەتی ئینسانی خۆی ڕاگرتووە. ئەو پرنسیپە وای کردووە کە ئەگەر کورد لە باری سیاسیشەوە سەرکەوتوو نەبووبێ بەڵام "ئینسان" ماوەتەوە. هەر بۆیە هیوادارم کە کاتێک ئەسیری داعش دەگرن و یان کوژراوەکان دەکەونە بەر دەست وەک ئینسانێک کە وەفادارە بە پرنسیپی ئەخلاقی، ددان بە سەر جەرگمان دا بگرن و ئینسانی ڕەفتار بکەین. لێیان مەدەن، بە پێڵاو مەچنە سەر جەستەیان، ڕیشیان مەکێش و هتد... ئەوانیش هەر ئینسانن بەڵام ئینسانێک کە "ئینسانیەتی" خۆیان فەرامۆش کردووە. ئێمەی کورد نابێ تەنانەت کاتی شەڕ لەگەڵ داعش "ئینسانیەت"ی خۆمان فەرامۆش بکەین.

٢- پێ لە مافی ئینسانی ئەسیر نەنێن تەنانەت ئەگەر ئەو ئەسیرە خوێنرێژێکی سەربڕی وەک داعش بێ. ئەگەر ئێمەی کورد وەک داعشییەکان ڕەفتار بکەین و بچینە خانی بێئەخلاقی ئەوان ئەو کات فەرقمان چییە؟

٣- بڵاوکردنی ئەوە کە داعش سەر بڕدراوە، بە قازنجی کورد ناشکێتەوە، تەنانەت ڕۆژئاواییەکان کە ئێستا دژی داعشن سبەی دەتوانن وەک دیکۆمێنت لەو وێنانە بە دژی کورد کە پێی لە بەڵگەنامەکانی جیهانی ناوە، کەڵک وەرگرن.

٤- تکایە ئەو جۆرە وێنانە بڵاو مەکەنەوە. چ هی داعش و چ هی کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## داعش وەک ڕەشەبایەکی ستاندارد



**دانا ئیبراهیم**

هاتنی داعش بۆموصڵ وەک هاتنێک نەبوو بۆشوینێکی موقەدەس، دەست گرتن بەسەگەورەترین بەنداوی عێراقداخۆیی لەخۆیدا ئامانج تەقاندنەوەی بەنداوەکە نەبوو، هێرش کردنە سەرشەنگال هێرشێکی دژە دین نەبوو کوشتنی منداڵ و پیر ڕفاندنی ئافرەتانی ئیزدی، یان ئەگەر ورد بینەوە لەسەربڕینی شێوازی تراژیدی ڕۆژنامە نوسانی بیانی و ناوخۆ چیمان پێئەڵێن؟

**بەکورتی بیرخستنەوەیەک**

سەرەتاهاتنی داعش بۆموصڵ هاتنێکی موقەدەسانە نەبوو بەڵکو هاتنێک بوو لەڕوی ستراتیجیەوە شوینەکە محافەزەیەکی گەورەی عیراقە، وەزۆرترین چەک وئەسلەحەی تیابوو لەهەموشی گرنگتر ئەوەبوبەرەیەک هەیە لەوشوینە سەرەتای هاتنی داعش کۆمەڵێک لەخەڵکانی سونە پێشوازیان لێ کرد. وەوایان زانی ئەمە هاتنێکە دژی حکومەتی عێراقی وە جارێکی ترحەق بۆسونەدەگەڕێتەوە،هەرئەمەبوو زۆرێک لەهێزە سونەعەشایەرەکان دوای داعش کەوتن.

لێرەدا بەم بەهێزیەوە بۆزیاتر گەورەکردنی خۆیان ئەوەبوە (ئەبوبەکر البغدادی) خۆی کرد بەخەلیفی مسوڵمانان. لەهەموش گرنگرتر دەست گرتن بەسەر بەنداویی موصڵ کەگ ورەترین بەنداو بو لەعێراقدا، وەتەقاندنەوەی زۆر مەترسی دار بوو، دوابەدوای ئەوانە هێرش کرایە سەرشەنگال کەس تێنەگەشت ئایا شەڕی دینە؟ یان شەڕی چی؟!! وە ئەنفال کردنی کچان و ژنانی شەنگال ودەست درێژ کردنەسەریان وە فرۆشتنیان و گەمارۆدانی چیایی شەنگال بۆماوەیەک و برسی کرد ن و مردنی

تراژیدی ئیزدیەکان، وە دوای ئەوەش سەربڕی ڕۆژنامە نوسانی بیانی ناوخۆ دواتر ڕوکرنە کۆبانی مانای چیە؟ ئەپرسم ئایا خەلافەتەکەی بغدادی زینوکردنەوەی فتحی ئیسلامە کەهەزارساڵ پێش ئیستا ئەکرا؟ یان ئەمە ئەبدێت کردنی ڕێخراوی (القاعیده)یە ودوبارە دەیە وی کارگەلێکی دانسقە بۆ ئەمریکا بکات؟

## ئەگەر کەمێک وردبینەوە ئامانج لەم هەمووە کردەوە جۆراو جۆرە چین؟

بەخەلیفە بوەنی ئەبوبەکری بەغدادی و دروست کردنی دەوڵەت ڕیکلامێکی گەورەبوو بۆناساندنی داعش بەمسوڵمانانی دونیا وە دنگدانەوەی گەورەشی بەدوای خۆیدا هێنا ئەوە بوو هەندێک لە بانگ خوازانی جیهانی پشت گیری بون و هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە، یان لابردنی سورەت (الکافیرن) لەقورئانداو حوکمە جیاوازەکانیان مسوڵمانانی جیهانی بەتایبەتی میانڕەوەکانی توشی شۆک کرد.

ریکلام کردن بۆئەو ئەودەوڵەتەهێشتا کەم بووە پەلاماردانی بۆشەنگال خۆیی لەخۆیداشەڕی ئاینی ئیسلام و کافرنە بوو. ئەکرێ بپرسن باشە شەنگال چیە تائەوەندە موهیم بوو ئەمریکاو ئەوروپاو بگرە قارەکانی تریش هاتنەدەنگ؟ لەوەڵامدا دەڵێین: هەمیش کەمینە کەیسێکی گەورەیەو زۆرحەساسە لەجیهاندا داعش دوای ئەوەی خۆی پڕچەک کرد، وەبە هاوکاری میدیا جیهانیەکان ڕیکلامێکی باشی بۆخۆی کرد وە بۆ دواجار خۆناساندن و پێکانی ئامانجی گەورەرە، کەیسی کەمینەی جولان ئەوەبو دەرگای یەکەمی بۆ ئەمریکا کردەوە.

## ئامانجە گەورە کە چیبوو؟

یازدەی سێپتەمبەر دەرگایەک بو(القاعیده)کردیەوە بەسەر ئەمریکاداو شەرعیەتی دابە ئەمریکا تاخۆی جارێکی تر ئەبدیت بکاتەوەو خۆی بەجیهان بناسێنی بەتایبە تی (شەرقی ئەوصەت)وە بەتایەبەتی تر عیراقو ئەفغانستان. بەبۆچونی من درگای یازدەی سێپتەم بەر بچوکتر بوو لەدەرگای شەنگال دەرگای شەنگال هێند گەورەیە ئەمریکای زیاتر سەروەرکرد بەسەرجیهاندا و دەرگای شەنگال هەرچەندە لەعێراقە بەڵام دووبارە ناساندنەوەی یەتی بەئێران وە نزیکردنەوەی ئەمریکایە لەسنوری ئێران لەهەمانکاتدا هاتنی داعش شکاندنی شرعیەتی ڕێخراوی (ئەلقاعیده)یە چونکە چیتر ئیشی بەوڕێخراوە نەماوە وە ئەوئیشە گرنگانەی داعش دەیکات وەک کورد گوتەنی (القاعیده دەبێ عەرەبانەکەی خۆی ڕابکێشی) ئێستا بێکارترین ڕێخراو ڕێخراوی القاعیدەیە.



سەرچاوە Serchawe

ئیتر داعش ئەوباتوندەیە ک سنور نازانێ ودەبێ هەمو وڵاتان بگەڕێ بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی لەهەموشیان گرنگتر ئێرانە، ئیتر کێشەیەکی گەورە دەکەوێتە وڵاتانی عەرەبییەوە، هاتنی داعش واتە گۆڕینی نەخشەی وڵاتانی شەرق. بۆیە زۆر گونجاو نیە ناسنامە بۆ داعش دروست بکرێ و یاخود تەحلیلی هەڵەی بۆبکرێ لەم هاتنی شەڕەدا دەرئەنجام دەبینینەوە، هەندێک وڵات قازانج دەکەن وە هەندێکی تریش زەرەر. بەبۆچونی من کوردستان چەندە مەینەتی کێشاوە بەدەست داعشەوە لەداهاتودا سودی خۆی دەبینێ چونکە هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە فرۆشتنی شەڕە بەتورکیا ئێران سوریای پەرتەوازە لەم نێوەندەدا کورد هاوکاری ئەمریکا بکات وەیەک دەنگ و یەک بۆچون بێ دە توانی پارچەکانی تری لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریایەک بخاتە وە.

وە من پێش بینی ئەکەم ساڵی (٢٠٢٠) ڕوبدات چونکە ئەوکات ئیران شەڕی دەرەکی و ناوەکی یەخەی دەگرێ چونکە لەناوخۆدا خەڵکی خۆی هیچ بەوحوکمەتە ڕازی نیە وە لەبەرامبەر ئەوەشدا کوردانی ئیران هەن ئەوانیش بەهەمان شێوە چاوەڕێی بچوکترین چالاکی ئەکەن لەسەرو هەموو ئەوانیشەوە ئەمریکا عاقڵانە شەڕی لەگەڵدەکات. لەهەمان کاتدا تائەو کاتە شتێک نامێنی بەناوی یەک پارچەی عێراق بەهۆی شەڕی تائیفی خۆیانەوە کەلەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەو دەستی پێکردوە بۆ کوردستانی باکوریش هێندە هێز و حیزب و گروپ و چاوکراوی خەڵک هەیە کە چاوەڕێ دەکرێ ئەمرۆ یان سبەی جیاببنەوە، وە سوریاش هەمومان باش ئەزانین بەڕەکە لای ئەوانەوەدڕاوە و جارێ چاک بونەوەی ئەستەمە بۆیە ئەوە لەهەموی ئاسانتر دەبێ.

لەڕاستیدا قسەگەلێک هەن زۆر ئازاربەخشن یان ئەتوانین بڵێین کۆمەڵێک تەحلیلی هەڵە هەن لەلایانە ڕۆشن بیرانی گەورەوە دەکرێن کاتێک لێیان ورد ئەبیتەوە، دەزانی ئەمە هەڵ هێنجانەوەی قسەگەلێکی ناو حیزبەکەیانن، وەئامانج لەقسەی ئەوحیزبانە فەرز کردنی بۆچونی خۆیانەو پەک خستنی حیزبە ئیسلامیەکانە.

لەکاتێکا تۆورد بەرەوە ئەمە قسەی دڵی خودی ڕۆشن بیرەکە نیە، بەڵکو لەڕێگەی ئەورۆشن بیرانەوە بەزۆر دەیانەوێ بڵێن ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامە، راستو ڕەوان بڵێن ئامانج لەم جۆری قسەکردنە ناشرین کردنی ئەحزابی ئیسلامی و زائیدەن ناشرین کردنی ئاینی ئیسلامە کە ئیستاحالی حازر بەناوی خودی ئەوئاینەوە کوشتن و بڕین دەکرێ. بۆیە بەبۆچونی من ئەوەی ڕۆشن بیران دەیلێن سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی عرزی واقیعە، وەک کوردەواری دەڵێ کابرا قاچی شکاوە و سەری بۆئە پێچن.

هەرلەوکاتەی مۆدێلی شەڕو کوشتن نەما لەغەرب، ئیتر دوای ئەوە بۆمەرامی سیاسی ئەمریکا و وڵاتانی تر دەست برا بۆ

## بەشی دوویەم

جومگەیەکی بەقوەت کە زۆرترین بابەت لەخۆدەگرێ ئەویش جومگەی (جیهادی ئیسلامیی)ە چونکە هەتائەم ساتەوەختەش وە تاکۆتای دونیا جیلێک هەن ئەم جیلە هەمیشە لەگەڵ ئەم جیهادەدان چونکە عەقیدەیان هێندە زۆرە وەک بڵێ کەفو کوڵی گرتوەو لێی دەڕژێ هەمیشە عەودالی بچوک ترین چالاکین وە هەمیشە ڕێگە بەخۆیان دەدەن بەهەمو جۆری کوشت نو بڕینێک. ئەمریکاش هەر ڕۆژەو بەمۆدێلێکی ناوەوە دێت ڕۆژێ قاعیدە لەئەفغانستان ڕۆژێ بەچەندین وردە گروپی تیرۆرستی لەعیراق و دواجار بۆ زیاتر شەرعیەت دان بەخۆی وەنزیک بونەوەی لەئێران و کۆی بەرژەوەندیەکانی تری دەستی کردوە بەدروست کردنی دەوڵەتێکی باغەی ئیسلامی بێ ناسنامە، دەیان کات بەمەلیک بۆئەوەی بەرژەوەندیە بالآکانی خۆی سەربگرێ.

ئیتر نەئەمەی کەناوی داعشە ڕوی راستەقینەی ئیسلامە، وەداعش دارەسحراویەکەی دەستی ئەمریکایە، پێشوتر هەڵیدایە ئەفغانستان وتی ببەبە(القاعیدە) فیعلەن بوبە(القاعیدە) وە ئامانجەکانی سەری گرت وە بەرهەمەکەی دوریەوە ئێستاش هەمان عەصا هەڵیداوەتەوە بوە بە (داعش) تا (٥٠) ساڵی تر کاری خۆی دەکات وە ئەبدێت کردەکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەت لەسەردەمی داعشدا



**ئاراس فەتاح**

سیاسەت چ لەئاستی دەوڵەتیی‌و چ لەئاستی نێودەوڵەتییدا بەرەو ئەوە دەڕوات لەکردەیەکی ستراتیژییەوە ببێتەسیستەمێک بۆ ئاگرکوژاندنەوە. بەمانایەکی تر سیاسەت کاتی نەماوە بۆ بیرکردنەوە، قوڵییەک لەکردەکانیدا بەدیناکرێت، بەڵکو ئەوەندە کاتی هەیە کە پەرچەکردار بەرامبەر بەپێشهاتە مەترسییدارەکان نیشانبداتو چارەسەری خێراو پینەدۆزیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەم حاڵەتەش هەمو شتێک بێت، بەمانا فەلسەفییەکەی، سیاسەت نییە، بەڵکو پتربەڕێوەبردنی قەیرانەکانە.

ئەولەوییاتی سیاسەت لەمڕۆدا بریتییە لەکوژاندنەوەی ئاگرەکان، نەک پێشبینیی‌و ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی ئاگرکەوتنەوە. پێدەچێت ئەو سەردەمە زێڕینەی سیاسەت بەسەرچوبێت کە کاری سەرەکیی چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان بو، بەڵکو فۆکەسە سەرەکییەکەی لەمڕۆدا لەسەر تێپەڕاندنی قەیرانە هەنوکەییەکانو ئیدارەکردنی ململانێکانە کە زۆرینەی کاتەکان بەڕێگای تەرخانکردنی کۆمەکی دارایی‌و ئینسانیی یان چالاکی سەربازیی سنوردار چارەسەردەکرێن.

جێگای سەرنجو تێڕامانە کە ڕێگرتن لەداتەپینی سیستەمی ئابوریی لەهەندێک وڵاتانی خۆرئاوا بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە، لەزۆر ڕووەوە هاوتەریبە بەهەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەداکەوتنی کۆی سیستەمی دەوڵەتیی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای هێرشەکانی داعش لەسوریاوە بۆ سەر عێراقو کوردستان. ئەم حاڵەتەش بوە بە بەشێک لەسایکۆلۆژیای مرۆڤەکان، چونکی هەمو لایەنەکان لەسەر چاندنی ترسو دڵەڕاوکێ کاردەکەن. دۆخێک خوڵقێنراوە کە مرۆڤەکان بیر لە پاشخانی گرفتەکان نەکەنەوەو بەدوای وەڵامی پرسیارە نەکراوەکاندا نەگەڕێن، بەڵکو چاوەڕوانی چارەسەری هەنوکەیی‌و دەستبەجێ بن، بۆ ئەوەی لەو دۆخە ناکاوو نائاساییە دەربازیان بێت. بۆ نمونە پرسەکە ئەوە نییە کە قەیرانی دارایی لەخۆرئاوا چۆن دروستبو یاخود گروپی داعش لەخۆرهەڵاتی ناوین چۆن سەریهەڵداو گەشەیسەندو بۆچی‌و چۆن بو بەم هێزە هیولایی‌و دڕندەو

کارەساتهێنەرە، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە چۆن ئەم دۆخە لەئێستادا تێپەڕێنرێت، چونکی مەترسیی راستەوخۆی بۆ سەر ژیانی ئینسانو کۆمەڵگاکان هەیە.

سەرهەڵدانی هەمو قەیرانێک روبەروی ئەو راستییەمان دەکاتەوە کە سیاسەت کاتی نەماوە بۆ بیرکردنەوە، بەڵکو توشی تەنگەنەفەسیی هاتوە، کەوتۆتە ژێر باری گرفتی ئیدارەی ململانێکانەوە. چۆنێتی بڕیاردانو پیادەکردنی سیاسەت لەسەرەتای هێرشەکانی داعشدا ئەو راستییەمان بۆ بەیاندەکات کە دەوڵەتە زلهێزەکان توشی چەندین بەربەستی یاساییو لۆگیستییو ئیداریی دەبنەوە، تاوەکو بڕیارەکانیان دەچنە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. ئەم دۆخەش تەنها بۆ قوربانییەکان کارەساتبار نییە، چونکی چاوەڕوانی بڕیاری هەنوکەیی سیاسەتن بۆ رزگارکردنیان، وەکو لەشەنگالدا بینیمان، بەڵکو بەپلەی یەکەم کردەی سیاسەت خۆی دەبێت بە قوربانییو متمانەی خەڵک دەدۆڕێنێت، چونکی وەزیفە سەرەکییەکەی کە پاراستنو رێزگرتنی ژیانی ئینسانەکانە، لەدەستدەدات.

هەمو چڵەسیستەمەکان subsystem لەکۆمەڵگادا لەژێر زەبری خێراییدان، تاکە چڵەسیستەمێک کە تیایدا بەلنگەشەلێ دوای روداوەکان دەکەوێت، خودی سیاسەتە. کۆمەڵگای نوێ لەڕوی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئابورییەوە لەخێراییەکی بێوێنەدایە، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەهەمانشێوە چەندین گۆڕانی قوڵ لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستبوە، لەوێنەی ئینتەرنێتو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە سیاسەت جگە لەسانسۆر کەرەسەیەکی تری بەدەستەوە نییە بۆ روبەروبونەوەیان. لەناو ئەم خێراییە زۆرەدا سیاسەت دەستەپاچە وەستاوە، لە وڵاتانی خۆرئاوادا دۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێک تەنانەت فریای ئەو ریفۆرمانەش نەکەوێت کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا وەکو پەیمان بەدەنگدەری داوە. ئەمەش وایکردوە کە لەزۆرینەی پەرلەمانەکانی وڵاتاندا لۆدێک بۆ پڕۆژەی ریفۆرمەکان دروستبێت کە سیاسەت فریای تێپەڕاندنیان نەکەوێت، چونکی کاتی گفتوگۆکردنی بۆیان نییە یان کاتی زۆری دەوێت بۆ رێکەوتنو سازانی نێوان هێزە جیاوازەکان لەسەریان.

گەر ئاوڕ لەدۆخی کوردستانیش بدەینەوە، ئەم هەقیقەتە بەشێوەیەکی مەترسیدارترو کارەساتبارتر خۆی دەنوێنێت، بەچەشنێک دەشێت بڵێین کە ئەم جەنگە زۆرەملێیەی توشمان بوە باشترین فرسەتە بۆ ئەوەی سیاسەت بەتەواوی غائیب بێت. حزبەکان بێگوێدان بەرێکارە یاساییو دەستورییەکان، چەندین مانگیان پێویستە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت. دوای پێکهێنانی حکومەتیش جگە لەدابەشکردنی وەزارەتەکان لەئاستی سەرەوە شتێک نابینین ناوی دابەشکردنی دەسەڵاتو بەشەهبوون بێت لەئاستی خوارەوە. دەشێت بەهەمان میتۆدو پرنسیپ بۆ دروستکردنی حکومەتە خۆجێییەکانیش ئەوەندە کاتیان بوێت، چونکی هیچ لایەنێکی دۆڕاو رێز لەدەنگی دەنگدەر ناگرێتو ئامادەی پشودانی سیاسیی نییە لەدەسەڵاتدا. شەڕی داعشیش دۆخێکی خوڵقاندوە کە سیاسەت بەتەواوی لەکاربکەوێت، نەک تەنها لەبەرئەوەی دوای هێرشەکانی داعش

**بەشی دوویەم**

بۆ سەر کوردستان توشی شۆک بو، بەڵکو زۆرینەی سیاسەتمەداران بەبەرگی پێشمەرگەو سەربازییەوە لەبەرەکانی جەنگەوە وەکو شەرڤانێک دەرکەونو کاتیان بۆ سیاسەت نەماوە. دۆخی سلێمانیش لەدوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەشێت باشترین نمونەی ئەم حاڵەتە بێت. میدیاکانیش بەشێوەیەکی گشتیی هێندەی ڕاو بۆچونی جەنەراڵە سیاسییو هونەرییەکانیان بەلاوە گرنگە، ئەوەندە بۆچونی هونەرمەندێک یان رۆشنبیرێکیان سەبارەت بەژیانو کۆمەڵگا بەلاوە گرنگ نییە، چونکی لەدۆخی جەنگدا بەکەڵک نایەن.

داعش دەستکاریی کۆی کردەی سیاسەتی لەدونیای نوێی ئێمەو جیهاندا کرد. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەرامبەر بەم دڕندەییبونە شوێنێک، فەزایەک ماوە کە سیاسەتی تێدا بکەین؟ رادیکاڵیبونی فەزای سیاسیی لەسەر بنەمای ئایینی یان ئایدیۆلۆژیی گۆڕستانی سیاسەتە، چونکی لەمڕۆدا هەمو ئەو هێزو دەنگانەی دەیانەوێت گۆڕانی قوڵو بونیادیی گەورەو سەرتاسەریی بنیاتبنێن، بەر سنورەکانی سیاسەت خۆی دەکەون. بکەرە رادیکاڵە "بان - مێژوییەکان"یش لەباشترین حاڵەتدا نمونەی داعشێکی نادینییمان بۆ بەرهەمدەهێنن. پرسیارەکە لەجەوهەردا بەرادیکاڵکردنی زیاتری سیاسەت نییە بۆ ئەوەی رزگارمان بکات، بەڵکو دەرهێنانێتی لەدەست ئەم رادیکاڵییەتە سەلەفییو بونیادگەرییە کە دەیەوێت هەمو دونیامان لەسەر مەنزومەیەکی تاقانەی فیکریی یان ئایینی بۆ بگۆڕێتو بنیاتبنێت.

داعش دۆخیکی نێونەتەوەیی خوڵقاند کە سیاسەت لەهەمو کاتێک زیاتر رەهەندێکی ناوخۆیی نێونەتەوەیی لەخۆی بگرێت. بەمانایەکی تر سیاسەتی دەرەوە چیدی سیاسەتی دەوڵەتێک نییە کە تەنها بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی لەچاوبگرێت، بەڵکو سیاسەتی ناوخۆیی نێونەتەوەیی جێگای بەسیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی نەتەوەیی لەق کردوە. بێگومان ئەم مۆدێلە نوێیە پێویستیی بەتێفکرینی زۆرتر هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتانی خۆرئاوا دوژمنە ناوەکییەکان نین، بەڵکو مەترسییەکان رەهەندێکی گلۆبالیان وەرگرتوە، کە هەمو دەوڵەتەکان راستەوخۆ لەژێر هەڕەشەیدان. ژمارەیەکی زۆر لەبکەرانی گروپە تیرۆریستەکان هاوڵاتیی دەوڵەتانی دور نین، کەسانێک نین کە گەیشتنیان بە خۆرئاوا مەحاڵ بێت، بەڵکو دەتوانن بەئاسانی بگەن بەمەرکەزی ئەو وڵاتانە، چونکی خاوەنی پاسەپۆرتی جیاوازی دەوڵەتانی ئەوروپییو ئەمەریکییو کەنەدییو ئوسترالیین. هەر ئەم واقیعە نوێیەشە وایکردوە کە مەترسییەکان چیدی وەکو مەترسیی دەرەکیی روت تەماشانەکرێن، بەڵکو وەکو مەترسییەکی واقیعیی ناوخۆیی نێونەتەوەیی.

بۆ ئەوەی سیاسەت جارێکی تر حورمەتی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، دەبێت لەم وەزیفەی ئاگرکوژێنەوەیە رزگاری بێتو ببێتەوە بەکردەیەکی ستراتیژیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## شەڕی داعش بە خێر گەڕایەوە بۆ کورد!



عەبدولڕحمان موهەندیس

راستە شەری داعش بەرۆکی گرتین، زیانی گیانی و ماددی و دەرونی زۆری پێگەیاندین، لەوکاتەی هەرێمی کوردستان لەقەیرانێکی قورسی دارایی و ئابوری و کۆمەڵی کێشەی ناوخۆییدایە، بەلام هەروەکو لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتوە "عسی ان تکرهوا شيئا وهو خير لكم..."، خۆشبەختانە ئاماژەکانی شەڕەکە بە قازانج و سودی زۆر بۆ ئێستاو داهاتوی کورد هەیە، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١- سەرەڕای ئەوەی کورد ئیلتیزامێکی بەهێزی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە، بە کردەوە سەلماندی تاکە نەتەوەیە لەنێو نەتەوەکانی دیکەی موسوڵمان، ئامادەیە قوربانی زۆر بدات بۆ بەرەنگاربونەوەی گروپێک کە بەناوی ئیسلامەوە شەڕمان لەگەڵدا دەکات، لەوکاتەی وا خەریکە تورکیا ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانیەی جارانی لەگەڵ ئەمەریکا و رۆژئاوا، بەرەو لاوازی و ساردی دەڕوات، باشترین ئەلتەرناتیفیش لەناوچەکەدا کوردە، لەلایەک کورد پێویستی بە پشتگیری وڵاتانی دەسترۆیشتو و کاریگەری سەر سیاسەتی جیهانیە بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی، لەهەمان کاتیشدا ئەمەریکا و رۆژئاوا پێویستیەکی زۆریان بە شەریکێکی سەر زەوی وەکو کوردە، بۆ بەرەنگاربونەوەو شەڕی تیرۆریستی جیهانی، چونکە دۆستایەتی لەلای ئەوان گرێدراوە بە بەرژەوەندی، بەرژەوەندی کوردیش پێویستی بە دۆستایەتیەکی لەو شێوەیە.

٢- شەڕەکان سەلماندیان هەر یەکە لەحیزبە کوردستانیە خاوەن هێزە چەکدارەکان، بەتەنیا ناتوانن بەردەوام بن لەشەڕی داعشدا، ئەگەر هاوکاری و پشتگیری دیکەیان لەگەڵدا نەبێ، لە شەڕەکانی باشوری کوردستاندا بە درێژایی بەرەکانی

جەنگ، ئەگەر گورزی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا لەلایەک و هاوکاری گەریلاکان لەلایەکی دیکەوە نەبوایە، ئەوا مەترسی زۆر هەبو لەسەر هەردو شاری هەولێرو کەرکوک، هەروەها هەرچەندە بەرگری و خەباتی شەرڤانانی کۆبانێ گەیشتە لوتکە و دەنگی دایەوە، بەڵام هاوکاری و پشتگیری ئەمەریکاو هەرێم نەبوایە، هەروەکو لەلێدوانەکانی هەڤالانی کانتۆنی کۆبانێ ئاماژەیان پێ دەکرد، ئەوا کۆمەڵکوژی و وێرانکاری ترسناک رویدەدا، ئەوەش وا دەخوازێ کە هێزە چەکدارەکانمان لەژێر دەسەڵاتی حیزبەوە بگۆڕین بۆ هێزی نیشتیمانی و سوپای هەموان.

٣- سیاسەتی دانانی هەمو هێلکەکان لە ناو سەبەتەی وڵاتێکی ئیقلیمی شکستیهێنا، ئەوەتا تا دوێنێ تورکیا ئامادەیی خۆی نیشان دەدا کە پشتگیری لەسەربەخۆیی هەرێم دەکات، بەڵام کە هەرێم کەوتە ژێر هەڕەشەی داعشەوە نەک هەر هاوکاری نەکردین، بەڵکو لەبەرژەوەندی داعش کاری دەکرد.

ئەگەر بتوانین پەند لەشکست و خاڵە لاوازەکان وەربگرین، چارەسەری کارا و گونجاومان هەبێ بۆ لەدەستنەدانی ئەو هەل و دەرفەتە زێڕینیەی بۆ گەلی کورد رەخساوە، بۆ خۆراستکردنەوە و هەنگاونان بەرەو بە هێزکردنی پێگەی کورد لەنێو هاوکێشەی سیاسەت و ململانێی پرۆسەی گۆڕانکاری لەرۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، حەتمەن ئەوکات کورد پشکی شیاوی خۆی لەدەسکەوتەکان بەردەکەوێت، هەنگاوەکان بەرەو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو ئاڵاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان خێرا و کاریگەر دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش، ستراتیژی هێنانەوە پاشی مەسەلەی کورد



خالید حەسەنپور

لە کەس شاراوە نیە کە داعش واتا دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاکامی پێشرەوییەکانی شیعە بەگشتیو کۆماری ئیسلامی ئیران بەتایبەتی، لە سووریە ودواتر لە عیراق لە دایکبوو.کاتێک ئەو هێزە هاتە سەرگۆرەپانی سیاسی سووریە، بەشێکی بەرچاوو لە وڵاتانی سوونەنشین بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعوودی و تورکیە، هەرکام بە تێروانینی خۆی هەوڵیندا کە ئەجیندا و ئارستەی سیاسی نیزامی ئەو رێکخراوە بەسوودی خۆیان بگۆرن. عەرەبستانی سعوودی کە ساڵانێکە باج دەداتە رێکخراوە ئیسلامییە توندئاژۆکان، بۆئەوەی لە داوێنی خۆی دووریان کاتەوەو هەروها ئیمارات و قەتەر دەمێکە نیگەرانی پەرەگرتنی نفووزی بەرەی شیعە بە سەرۆکایەتی ئێرانن. ئەو مەترسییە کاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کە کۆماری ئیسلامی بەدوای باڵادەستی شیعەکان لە عێراق و قەیرانی سووریەدا، ئەوەندی دیکە پەرەی بە نفوزی سیاسی و سەربازی خۆی لە ناوچە بەگشتی و لەو دوو وڵاتەدا. بە کورتی داعش لەلایەن تەوەری سوونیەوە وەک قەڵغانێک بەرامبەر بە زیادە خوازییەکانی شیعە و کۆماری ئیسلامی چاو لێدەکرا.

بەڵام داعش کە قەرار بوو ببێتە ئەو قەڵغانە بەرامبەر بە نفووزی شیعە، لە رەوتی خۆیدا، بوو بە هاندەرێکی گوشاری جیدی لەسەر دووبەشی پەرەگرتووی جووڵانەوەی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان. داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) کە قەرارە رەسالەتەکەی پاراستنی سوونییەکان لە باڵادەستیی شیعە بێ، شەڕی نەتەوەیەک دەکات کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی پێرەویی لە مەزهەبی سوونە دەکات. ئەگەر ئەو رێکخراوە بەهۆی پێوەندی گوماناوی کوردەکانی سووریە دەگەڵ بەشار ئەسەد، پەلاماری ئەو بەشە دەدات، پەلاماری بۆسەر باشووری کوردستان کە هەتا ئێستا وەک ناوچەیەک لە عێراق گوێرایەڵی دەوڵەتی باڵادەستی شێعە نەبووە، لە پێناووکام ئامانج دایە؟ ئایا ئەو رێکخراوە دیهەوێ دەپێشدا بەشێوەیەکی

ئامانجدار ناوچەی خیلافەتەکەی کە کوردستانیش دەگرێتەوە، داگیر بکات و لەبوارەدا ئەولەویتی سەبازییەکەی لەنێوبردنی ئاڵقە لاوازەکانە؟ یان لەرەوتی پەرەگرتنی خۆیدا پێکهاتەی ئەو رێکخراوە کە زۆربەیان لە تورک و عەرەبی شۆڤینیست پێکدێن، بە سەر رەسالەتەکەیدا کە شەر دژی نفوزی شیعەیە زاڵبوە و دیهەوێ جووڵانەوەی پەرەگرتووی کورد بەرەو پاشەوە بگێرێتەوە؟

راستێەکەی ئەویە کە داعش ئامانجدار یان بێ ئامانج هەتا ئێستا لە کرداردا لە هەموو روویەکەوە خزمەت بە ئامانج و ئارەزوەکانی ئەو وڵاتانە دەکات کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و لە نێوو ئەوانیشدا زیاتر لەهەموویان بە تورکیە. تورکیە بە درێژای مێژوو ترسی لە پەرەگرتنی جووڵانەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بووە بۆ ئەوەی رەووڕەوەی خەباتەکەی لەکار بخات، هەموو رێگایکی گرتۆتەبەر. دوای ئەوەی هێڵی ٣٦ لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ پاراستنی بەشێک لە باشوری کوردستان راگەیەندرا، ئەو وڵاتە هەموو جارێ بەبیانووی جۆراوجۆر سنووری باشووری کوردستانی تێدەپەراند و بەردەوام گوندەکانی سەرسنووری بۆمباران دەکرد. بەڵام پاش رووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن لە ساڵی ٩٣ دا و پاشان گۆرینی یاسای بنەڕەتی عێراق و پەسەندی سیستمی فیدراڵی لە لایەن پێکهاتەکانی ئێراقەوە، تورکیە کەوتە نێوان دووڕێیانێکەوە. رێگای یەکەم ئەوە بوو کە هەروەک پێشوو دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەویان لەلایەک بە گوێرەی یاسای بنەرەتی عێراق - کە کوردستان بە بەشێک لە عێراق بەحیساب دهات - مومکین نەبوو. هەروەها لە لایەکی دیکەوە دەگەڵ ئەمریکا کە لەو دەوریەدا بەکردوە حاکمی عێراق بوو رووبەروو دەبوو. بۆیە تورکیە ناچار بوو کە رێگای دووهەم کە رێگای تەعامولو هاوکاری دەگەڵ هەرێمی کوردستانە هەڵبژێرێ .

پاش ئەوەی حکوومەتی دادوگەشە بە رێبەرایەتی ئەردۆغان هاتەسەرکار هەڵویستی تورکیە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان رۆژبەرۆژ پێشەوەچوونی زیاتری بە خۆیەوە دەبینی، بەجۆرێک کە تورکەکان ئەوجار بەسیاسەتێکی بەتەوای نوێوە مامەڵەیان دەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرد. پێویستیەکانی ئابووری و بارودۆخی ئەمنییەتی ئەو وڵاتە بوونە دوو تەوەرەی بنەڕەتی کە لەو دەوریەداو لە نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز لە عێراقدا، ئانکارا و هەولێری زیاتر یەکانگیر کرد. پارتی دادوگەشە بۆئەوی لە کۆمەڵگای تورکیەدا رەگ داکوتێ و وەکوو پارتە ئیسلامیەکانی پێشخۆی لێنەیە، پێویستی بە قەڵەمبازێکی ئابووری و بووژانەوەی ژێرساختی تورکیە هەبوو. ئەوەش بەبێ تەرکیز کردنەسەر باری ئەمنییەتی زەحمەت بوو.

هەرێمی کوردستان لەوچەند ساڵەدا توانی هەم دەروازەیەکی ئاواڵەبێ بۆ گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە و هەم لە نفوزو دەسەڵاتی خۆی بۆ سنووردار کردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دژی تورکیە کەڵک وەرگرێ. ئاستی



سەرچاوە
Serchawe

هاوکارییەکانی ئەم دوولایەنە گەیشتە جێگایێک کە تورکیە نەوتی هەرێمی کوردستانی بەبێ پەسەندی دەوڵەتی عێراق ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات. ئەو دوو دەستکەوتە، گەشەی ئابووری بارودۆخی ئەمنییەتی لە تورکیەدا بەبێ دانی دەورێکی زیاتری سیاسی بە حکوومەتی هەرێم لە ناوچەیەکی فیدراڵەوە بۆ نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ مومکین نەبوو.

پێبەپێی قووڵبوونەوەی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڵ تورکیە، لەلایەک هەرێم زیاتر پاڵی وەتورکییە دەدا و لەلایەکی دیکەوە لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق دوورتر دەکەوتەوە. ئەوەی زیاتر پاڵی بەوپڕۆسەوە دەنا، پێشێلکارییە نایاسایییەکانی دەوڵەتی مالکی بوو، کە ڕەچاوی پەیماننامەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی نەدەکرد.

لەو قۆناغەدا هەرێمی کوردستان لەنێوان درێژەدانی ئەو دۆخە کە بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی نایاسایی سیستەمی فیدراڵی و لێئەستاندنەوەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی یاسایی هەرێم لەلایەن دەوڵەتی مالیکییەوە و پرۆسەی سەربەخۆیو بەدەوڵەتبووندا، یەکیان هەڵبژێرێ. سەرۆکایەتیو حکوومەتی هەرێم بەسەرنجدان بە دووپاتبوونەوەی مێژووی هەڵسوکەوتی حکوومەتی ناوەندی دەگەڵ کورد، ڕێگای دووهەم واتا ڕێگای هەڵبڕانی کوردستانی باشووری لە عێراقی گرتەبەر. هەڵبژاردنی ڕێگایەکی ئەوتۆ لەو ڕووەوە کە باشوری کوردستان هەم لە ئاستی عێراقدا تووشی گیروگرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری دەکرد، و هەم لە ئاستی ناوچەدا مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی بەش یان بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورد دروست دەکرد، هاسان نەبوو. ئەوەبوو کە حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی تورکیە ڕێککەوتن کە نەوتی هەرێمی کوردستان لەرێگای وڵاتی توکیەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکەن. دیارە ئەو کارە بەبێ وەئەستۆگرتنی ڕۆڵێکی سیاسی لە لایەن حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان مومکین نەبوو. دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە ئەوە بووکە حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەک خۆ لە بەرەسمی ناسینی کانتۆنەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بپارێزن و لەرووی ئابورییەوە تەنانەت جۆرێک گەمارۆیان بخەنە سەر، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکایەتی هەرێم بۆخۆی هاتە نێو پرۆسەی ئاشتی و بە بانگهێشتنی سەرۆک کۆماری تورکیە ئەردۆغان، بۆ بووژانەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان حکوومەتی تورکیە و پارتی کریکانی کوردستان، بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە شاری دیاربکر کرد.

هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی شارەگێکی ئابووری کە بتوانێ هەرێم لەسەرپێی خۆیڕاگرێ و کۆتایی بە بەسترانەوە بە حکوومەتی مالکی بهێنێ، - کە بە ئەجێندای سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران تەگەرەی دەخستە سەر ڕێگای هەرێمی کوردستان - جگە لەوەکە لە نەوعی خۆیدا بە نیسبەت مەسەلەی کورد شتێکی نوێبوو، تاقیکاریو ئەزموونێکی زۆریشی بۆ کورد بەگشتی تێدا بوو. ئەویش ئەوەیە کە لەو جۆغرافیا سیاسییەدا کە کورد تێیدا دەژی، هەربەشێک لەکوردستان ئەگەر بیهەوێ بەرەو سەبەخۆیی ئابووری و سیاسی هەنگاو بنێ، - لەنەبوونی پشتیوانێکی

نێونەتەویی - ناچارە دەبێ دەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بکەوێتە مامەڵەوە. ئەو هاوکارییەش بمانەوێ و نەمانەوێ بە خانەی جۆرێک مامەڵە لەسەر کوردی بەشەکانی دیکەدا تێدەپەرێ. هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ سەربەخۆیی ئابووری هەتا ئەو کاتە بەجێو دروستن کە لەرووی ئامانجە گەورەکەدا بە زیانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەشکێتەوەو هەموو هێلکەکان لە قەرتاڵەی تورکیەدا نەهاوێ.

هاوهەنگاو دەگەڵ پەرەئەستاندنەکانی ئابووریو سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیەدا، بارودۆخی سووریەش بە هاتنە مەیدانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام) ئەوەندەی دیکە بەرەو شڵەژان دەچوو. کوردەکانی سووریە هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریەدا، ستراتیژی سێهەمیان گرتەبەر و رایانگەیاند کە ئەوان نە لە دژی بەشار ئەسەدو نە لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە شەڕ دەکەن. بەشارئەسەدیش کە لەناوچەکانی دیکەی سووریەدا گوشاری لەسەربوو، لەهەنگاوێکی تاکتیکیدا هێزەکانی لەکوردستانی رۆژئاوا بردەدەرێ. ئەو بەتاڵاییە بەهێزەکانی پەیەدە کە سەر بە p.k.kن، پڕکرایەوە. ئەو سیاسەتە ئەگەرچی بە رواڵەت سیاسەتێکی دروستبوو، بەڵام بە سەرنجدان بە کەشی سیاسی زاڵ بەسەر دژبەرانی سووریە و رووبەری خاک رادەی حەشیمەتی کوردی ئەوڵاتە بە نیسبەت پێکهاتەکانی دیکەی سووریە، کارێکی هاسان نەبوو. ئاکامی ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەویکە لەلایەک کوردی رۆژئاوا نەتوانی دەگەڵ ئۆپۆزیسیوونی لیبراڵ و ئامالٌ دێموکراتێکی ئەو وڵاتە بکەوێتە ناو یەکیەتی و بەرێکەوە. لە نەبوونی دوورە دیمەنی بەرەیەکی ئەوتۆدا کە کورد و خەباتەکەی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری دژی رێژیمی ئەسەد لێک گرێ بدا، بەدیلی دژەکورد بەگشتی و کوردی سووریە بە تایبەتی کە لەتورکیە و داعش پێک دەهات، زۆرترین هەلی بۆلێدانی کورد لەو وڵاتە وەدەست کەوت.

تورکیە نیگەرانی ئەوەیە کە کوردەکانی سووریە لەئەنجامی ئەو ئاڵوگۆرانەدا کە بۆیان هاتۆتەپێشی، هەم لەئاستی دەرەوەدا و هەم لەئاستی نێوخۆدا زیاتر ببنە خاوەن رۆڵی خۆیان. بێجگە لەوە بوونی سنوورێکی هاوبەش لەنێوان دووبەشی کوردستانی باکوور و رۆژئاوا و پێوەندی قووڵی مێژوویی و کلتووری و زمانی نێوان ئەو دوو بەشەی کوردستان و لەوەش گرینگتر بەدەستەوە گرتنی جڵەوی خەباتی کوردستانی سووریە لەلایەن پێکاکاوە - کە تورکیە بە دوژمنی ژمارەیەکی خۆیدەزانی - ناتوانێ نەبێتە مایەی ترسونیگەرانی ئەو وڵاتە. لە راستیدا پێکاکا بە بەدەستەوەگرتنی رێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردەکانی سووریە، بەکردەوە بەرەیەکی دیکەی لەدژی تورکیە کردۆتەوە. بۆیە دەکرێ پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیە و پێکاکاش هەر لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگێنین. پێبەپێی پەرەئەستاندنەکانی رۆڵی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیە و پێکاکاش لە رێگای بەرێز ئۆجەلانەوە دێتە ناو رۆژەوی سیاسی تورکیەوە. ئامانجی سەرەکی تورکیە لە ئاشتی دەگەڵ پێکاکا، سەرگەرمکردنی ئەو رێکخراوەیە، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بباتەوە و کۆتایی بەو حکوومەتە بهێنێ کە بە حکوومەتی خۆبەرێوەبەری کوردەکانی سوورییە ناسراوە. ئیدارەی ئێستای تورکیە لە



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی كورد لە باشوور و باكووردا، بە پێچەوانەی دەوڵەتەكانی پێشخۆی كە هەرجۆرە سازشێكیان دەگەڵ كورد رەد دەكردەوە، لە سیاسەتێكی گەلێک مەترسیدار پێرەوی دەكات. لەلایەک دەگەڵ پێكاكا گفتۆگۆی ئاشتی وەرێخستوە و لەلایەكی دیكەوە هەرهەمان پێكاكا كە قەرارە ئاشتی دەگەڵ بكات، لەكووبانی دیهەوێ بەدەست داعش كۆتایی پێبهێنێ. روونو ئاشكرایە كە توركیەی ئێستا لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی كورد بەگشتی و باكووری كوردستان بەتایبەتی، لە سیاسەتیكی دوولایەنە و دووروویانە كە خۆی لە گۆپاڵو شیرینیدا دەبینێتەوە پێرەوی دەكات.

هەڵسوكەوت و مامەڵەی دەوڵەتی توركیە دەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان، بەرلەوەی لە قەناعەتێكی سیاسییەوە سەرچاوە بگرێ، پێوەندی بە رێئال پۆلتیک (واقعبینی سیاسی) سەبارەت بەوكیانەی كوردەوە هەیە كە دووفاكتۆ لەلایەن بەشێک لەوڵاتانی رۆژئاوا بە فەرمی ناسراوە. هەرلەو كاتەدا توركیە باش دەزانێ كە لەنەبوونی دەوڵەتێكی بەهێز لە بەغدادا، كێشەكانی ئەمنی و ئابووری بە چارەسەر نەكراوێو هەڵپەسێراوی دەمێننەوە. بۆیە زەروورەتی سیاسی ئەمنی وادەكات كە ئەمرۆ توركیە دەگەڵ هەرێمی كوردستان بكەوێتە مامەڵەوە. بەڵام دەگەڵ هەموو پێوەندییە چڕوپڕەكانی ئابووری و سیاسی ئانكارا دەگەڵ هەولێر، هەڵەیە كەوا بیربكرێتەوە، كە توركیە مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری كوردستان دەپەژرێنێ یان وەک دەڵێن لە بەرامبەریدا - بێدەنگ - دەبێ. بەپێچەوانە ئیمكانی ئەوە زۆرە كە راگەیاندنی سەبەخۆیی باشوور ببێتە نوقتە گۆرانێكی نوێ بەنیسبەت ئەوچەند ساڵەی دوایی لە سیاسەتی توركیەدا. هۆكاری ئەوەش بەرلەوەی پێوەندی هەبێ بە خودی سەربەخۆیی باشووری كوردستانەوە، پێوەندی هەیە بە بارودۆخی سووریە بە گشتی و وەزعی كوردەكانی سوریە بە تایبەتی. چونكە ناكرێ توركیە لە دوورەدیمەنی سیاسیدا ئەوە نەبینێ كە لە حاڵەتی پێكهاتنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ لە باشووری كوردستاندا - هەرچەند ئەمرۆ جڵەوی سیاسی جووڵانەوەی كوردی سووریە بەدەست پێكاكاوەیە - بەڵام لەدوارۆژدا وەرچەرخانێک پێكنەیە و ئەو دووپارچەیە بەرەو یەكگرتنەوە هەنگاو هەڵنەهێننەوە. بۆ سناریۆیەكی ئەوتۆش بارودۆخی شڵەژاوو قەیراناوی سووریە یارمەتیدەرێكی جیدی دەبێت. هەربۆیە كاربەدەستانی وردو درشتی توركیە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی سوریەدا، هەمیشە پێ لەسەر كارلابردنی رێژیمی ئەسەد دا دەگرن. تەنانەت یەكێک لەمەرجە سەرەكییەكانی توركیە بۆ شەڕ دژی داعش، رووخاندی رێژیمی ئەسەدە لەلایەن بەرەی وڵاتانی دژی داعشە. بەڵام لە نەبوونی كۆدەنگییەكی نێونەتەویی سەبارەت بە لادانی رێژیمی نێووبراو، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، دەتوانێ باشترین گوزینەی توركیە لانیكەم لە كورت ماوە، بۆ گەیشتن بەئامانجە درێژخایەنەكانی لە سوریەدا بێ. داعش لەلایەک بە گوشار بۆسەر رۆژئاوای كوردستان، ناهێلێ كورد لەوبەشە پشوو بدات و دەستی وەبەرخۆی كەوێتەوە، بۆئەوەی ئەزموونێكی سەركەوتوو پێشانی جیهانیان بدات و لەلایكی دیكەوە بەگرتنی پانتای خاک و گوشار لەسەر رێژیمی ئەسەد، بە كردەوە پێشی نفووزی بەرەی شعە لەو وڵاتە دەگرێ.

بەڵام داعش بۆكورد دەتوانێ هەم هەڕەشەو مەترسی بێ و هەم فورسەت. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە هێرشەكەی

بۆسەر باشووری کوردستان، توانی داواکانی کورد لەوبەشدا لە سەربەخۆیڕا بۆ هاتنەوە ناوو بازنەی عێراق، بگۆری. ئەوەش نیشانیدا کە کورد لەوبەشەدا هێشتا لە پێگەیکی ئەوەندە بەهێزدا نیە کە دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبێنێ. بەڵام هۆکاری ئەوە بەرلەوەی دەرەکی بێت زیاتر نێوخۆییە. لەوپێوەندیەدا وردبوونەوە لە پرۆسەی ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانی عێراق، پاش هێرشەکەی داعش مەسەلەکەمان باشتر بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەگەرچی پرسی ڕێفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی هەرێم لە بەغدا، لەسەرەتادا ئیجماعێکی گشتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی لەگەڵ نەبوو، بەڵام دابڕانی بەکردەوەی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی خوارووی عێراق پاش هێرشی داعش، دەرفەتێکی وایخولقاند کە تەنانەت ئەولایەنانەی کە دژی ڕێفراندۆمەکەشبوون، دژایەتییەکی جیدی پڕوسەکەیان نەدەکرد. بەڵام پاش ئەوەی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانیدا و بەشێکی بەرچاوی لەناوچەکان داگیرکرد، کارتەکە هەڵگەرایەوە و پرسی ڕێفراندۆم وەبن کەوت و هەلومەرجەکە پارسەنگی هێزی بەسوودی لایەنە ناوچەیی و عێراقی وکوردییەکان گۆری کە خوازیاری مانەوەی کورد لە ئێراقدا بوون. ئەوەش دریخست کە کورد لە باشووری کوردستان یەکدەست نین و ئەو یەکدەست نەبوونەش بەرلەوەی پێوەندی بەخودی ئامانجەکە واتا سەربەخۆییەوە هەبێ، پێوەندی بەکێشەی دەسەڵات و نفوزی سیاسییەوە هەیە.

هەروەک لەسەرەوە باسکرا داعش هەر بەتەنیا هەرەشە نیە بۆسەر کورد بەڵکوو فورسەتیشە. لەبارودۆخێکدا کە جیهانی ئیسلام بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەناو ئاگری بناژۆیی ئیسلامیدا دەسووتێ و ڕۆژ نیە کە گروپێکی توندئاژۆ سەرهەڵنەدا، کوردستانو گەڵی کورد بەپشتبەستن بە بەها و نرخە نەتەویی و کلتوورییەکانی، کە ڕەگەکەی لە نێوو مێژووی دوورو درێژی ئەو گەلەدا پاراوو دەبێ، بەئاراستەی خۆی کە دێموکراسیو حکوومەتی سیکۆلار و پێکەوە ژیانی ئایینو ناسنامەکانە، ڕێگا دەبڕێ. ئەو بایەخە بەرزە ئینسانی و نەتەوەییانە ناتوانێ لە ناوچەیەکدا کە بناژۆیی ئیسلامی خەریکە دەبێتە بیری زاڵ و دەگەڵ خۆیی نیفرەت بڵاودەکاتەوە و دەچێنێ، نەکەوێتەبەر نەزەری جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرن. ئەگەر دیاردەی بناژۆخوازیی ئیسلامی بەگشتی و داعش نەبایە، پێشاندانی ئەو کلتورە ئینسانییە بەهێزە، بۆ نەتەویەکی بێدەوڵەتی وەک کورد مومکین نەدەبوو. لەمێژبوو لە ڕۆژئاوا شیمانەی ئەوەدەکرا کە کوردەکان تەنیا نەتەوەک بن کە لەڕووی ئاینی و کلتوورییەوە پتانسێلی ئەویان تێدابێ کە نەکەونە ژێرشوێنەواری بناژۆیی ئیسلامی بە گشتی و داعش بە تایبەتییەوە. خۆڕاگری بێوێنەی کچانو کوڕانی کوردی ڕۆژئاوا لە کووبانی بەرامبەر بە ئەهریمەنی ڕەشی داعش، حەقانییەتی کورد و ڕێبازەکەی پێشانی جیهاندا. لەچاوی دونیای مۆدێرندا، ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدا، شەڕە لەنێوان تاریکی و ڕووناکاییداو شاڵاوی هاوکارییە مرۆڤی و سیاسیو سەربازییەکانی ڕۆژئاوا، نیشانەی بەرز نرخاندی ئەو خەباتەیە. ئەوانە هەموویان پێکەوە زەوینێکی ئەوتۆی پێکهێناوە، کە کوردەکان چیدیکە ئەکتەرێکی لاوەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، بەڵکوو کورد لە سەر ئەرزی واقیعدا ئەکتەرێکی سەرەکییە.

سەچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیاو داعش، پارتیو پەیەدە



**سەرتیپ جەوهەر**

پێدەچێت پلانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پێینابێتە قۆناغێکی پێشکەوتوی جێبەجێبونو خەریکە نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنورەکانی بەتەواوی کاڵدەبێتەوە، هەندێک دابەشدەبنو هەندێکی دیکەش لەنوێ دروستدەبن. دوو هۆکار لەپشتی دوبارە دابەشبونی ناوچەکەن، یەکەمیان بونی ئەجێندای وڵاتانی زلهێز بۆ دوبارە داڕشتنەوەی نەخشتەی ناوچەکە، دوەمیشیان ویستی گەلانی ناوچەکەو بۆ دەربازبون لەو بارودۆخەی سەد ساڵە قەفەسکێشی کردونو ناچاری کردون بۆ ژیانێکی (بەزۆر) لەگەڵ نەتەوەو پێکهاتەی دیکە، بەنمونە گەلی کورد ژیانی لەگەڵ عەرەبو تورکو فارس.

سەرەتاکانی ئەم دابەشبونە نوێیەی ناوچەکە دەرکەوتوەو پێدەچێت کورد وەک دیارترین یاریزان ژمارەیەکی نوێ تۆماربکاتو کوردستان ببێتە سەنتەری گۆڕانکارییەکان، ئێستا بەکردەوە عیراق و سوریا دابەشبوون، ماوەتەوە ئەم دابەشبوونە ڕێکبخرێت و چوارچێوەیەکی ڕەسمیی و دنپێدانانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی وەربگرێت. وڵاتانی ناوچە کەسەرباری هەوڵدانیان بۆ ڕێگریکردن لەگەشەکردنی پرسی کورد بەڵام پێدەچێت بەرامبەر گوشاری وڵاتانی زلهێز بەتایبەت ئەمریکا دەستەوەستان بمێنن باشترین بەڵگەش لەپرسی کۆبانیدا تورکیا هەموو هەوڵێکی خستەگەر بۆ خستنی شارەکە بەڵام ئەمریکا ڕێگریی لێکرد.

کاتێک ئەسەد زەمینەی بۆدروستکردنی داعش ڕەخساند ویستی بەقوتکردنەوەی داعش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەمۆی داخوازییەکانی بکات و ترسی لەناوچوون لەخۆ دوربخاتەوەو خۆی وەک باشترین ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات پێشانبدات، تورکیاش هاوکاریی و پشتیوانی داعشی کرد بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە ڕێگەپێدانێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت بۆ ڕێگریکردن



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دوویەم

لەئەگەری دروستبونی هەر کیانێکی کورد لەسوریا، بۆیە پرسی هاوکاریکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لێدانی داعشی بەستەوە بەدروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاو لە باکوری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) بەڵام بۆی نەچووەسەر.

تورکیا ویستی لەڕێی هەڕەشەی داعشەوە گوشار بۆسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروستبکات و کۆبانی بکاتە تەڵەیەک و لەورێگەیەوە هێز بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بنێرێت و لەورێگەیە بەر لەچەکەرەی هەر کیانێکی کوردی بگرێت، بەڵام هاوکێشەکە سەرنخون بویەوەو تورکیا خۆی کەوتە ئەو تەڵەیەی ئەمریکا ئامادەی کردبوو. ئەمریکاییەکان رازینەبوون سازش بۆ تورکیا بکەن لە پێناو بەکارهێنانی بنکەی ئەنچەرلیک، لەکاتێکدا هەر فرۆکەیەکی ئەمریکا لە کەنداوەوە تا دەگاتە کۆبانێ و بۆ لێدانی ئامانجێکی داعش هەندێجار لەئاسمانەوە پێویستی بەدووجار پڕکردنەوەی سوتەمەنی دەبێت، ئەمەش لەلایەک سەرئێشەیە بۆ سوپای ئەمریکاو لەلایەکی دیکە خەرجی ئەم ئۆپەراسیۆنانە زۆر زیاتر دەکات.

پێشبینیدەکرێت تورکیا روبەرووی زیانێکی گەورەبێت لەپەیوەندییەکانیدا، بەتایبەت سیاسەتە سەرەڕۆکانی ئەردۆگان وایکردووە تورکیا بەرەو دابڕێت لەتێگەیشتنی جیهان بۆ تیرۆرو بەرەو گۆشەگیربوون هەنگاوبنێت لەسەرئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتیی، چونکە پشتیوانیکردنی گروپێکی مەترسیداری تیرۆریی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاسان نییە، هەر ئەمەیە رەنگە وابکات ئەمریکا بیر لە دۆزینەوەی بنکەیەکی ئەلتەرناتیڤی ئەنجەریک بکاتەوە بۆ بەکارهێنانی لەئۆپەراسیۆنی سەربازییدا، سەرەنجام کارتێکی بەهێزی تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ بسوتێت.

لەگەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا، ئەمریکا توانی لەدورەوەو لەئاسمانەوە هێرش بکاتە سەر داعش و کارتی گوشاری تورکیا بەتاڵبکاتەوە، بەتایبەت دوای گەیاندنی هاوکاری لۆجستی سەربازی بۆ شەرڤانانی کورد لە کۆبانێ، هاوکا کاتێک لێپرسراوێکی باڵای ئەمریکا ووتی بەپێی یاسا پەیەدە پەکەکە نییەو لای ئەمریکا بەتیرۆریی نەناسراوە، کارتێکی دیکەی گوشاربوو ئەمریکا پێشانی ئەنکەرەیداو وەک بەرپەرچدانەوەیەک بەرامبەر هەڵسوکەوتە هەڵەشەکانی ئەنکەرە.

لەپرسی پەیەدەو ڕۆژئاوا هەریەکە لەتورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشور زۆر لەیەکترییەوە نزیکن، هەڵسوکەوتەکانی پارتی بەلێدانی خەندەق لەسەر سنورو گرتنی دەروازە بەرەو رووی ڕۆژئاواو سەردانیکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ باکورو بەشداریکردن لەئاهەنگی تایبەت لەگەڵ ئەردۆغان و دروستکردنی حزبی کارتۆنی بەرامبەر پەکەکەو پەیەدەگەواهیدەرێکی باشن بۆ ئەم راستییە.

لەدوای گەیاندنی هاوکاریی لەئاسمانەوە بۆ کۆبانێ و دانیشتنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ پەیەدەو لێدوانەکەی



سەرچاوە
Serchawe

وەزارەتی دەرەوە لەبارەی تیرۆریی نەبوونی پەیەدە، دەستبەجێ سیاسەتی تورکیا و دواتر پارتیش بەرامبەر رۆژئاوا گۆڕانی بەسەرداهات، دانیشتنەکەی دهۆک و ناردنی پێشمەرگە دەرەنجامی گۆڕانی سیاسەتی هەردوولایەن بوو بەرامبەر پەیەدە.
کاتێک فرۆکەکانی ئەمریکا هێرشیانکردە سەر داعش لەنزیک هەولێرو ناوچەکانی دیکە، وتیان لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمریکاو کونسڵخانەی ئەمریکا لەهەولێرن بۆیە ئەمریکا پەلەیکرد لەلێدانی داعش، بەڵام کاتێک هەمان فرۆکە هێرشیان کردە سەر کۆبانی ئیدی هیچ گومان نەما کە ئەجێنداو پلانێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ دابەشکردنی ناوچەکە، تورکیاش تێدەگات ناتوانێت بەرلەو دابەشبونە بگرێت بۆیە دەیەوێت لانیکەم بتوانێت جێ پێیەک لەناوچەکانی کوردستان دروستبکات.

گۆڕانی سیاسەتی تورکیاو پارتی بەرامبەر پەیەدە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ پەیەدەو جددی بونی واشنتۆن بۆ پێگەیاندنی رۆژئاوا، دووەمیشیان بەرەوپێشچونی ئیدارەی رۆژئاوا بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان چونکە تێگەیشتن ئەگەر حزبەکانی ئەنەکەسە بەشداربکەن لەئیدارەی هەرێمی رۆژئاوا ئەوا کات لەخزمەتیاندا نابێت و لەمەودوا رۆژئاوا راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەمریکادا دەکات، بۆیە هەردوولا کەوتنە هەوڵ بۆ ئەوەی هیچیتر لەدەست نەدەن.

ئەم گروپانەی پارتی دروستیکردون لەگەڵ چەند پارتێکی دیکەی رۆژئاوا لەژێرناوی (ئەنەکەسە) کۆیکردونەتەوە ئەندامی ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریان، کە بارەگای سەرەکییان لەتورکیایەو راستەوخۆ لەلایەن ئەنکەرە هاوکاریی دەکرێنو هەڵگری ئەجێندای تورکیان بۆ روخاندنی رژێمی بەشار ئەسەدو دژایەتیکردنی پەیەدە لەرۆژئاوا.

کۆبونەوەی دهۆک لەسەر پێشنیاری پارتی بوو، مەسعود بارزانی هەوڵی جددیدا بۆ ئەوەی گوشاری زیاتر بخاتە سەر پەیەدە، گوشارەکانی داعش بۆسەر کۆبانی دەرفەتێکی باش بوو بۆئەوەی بارزانی تێگەیشتنی پەیەدە بگۆڕێت و نەرمی بنوێنن بۆ گەڕانەوەی ئەنەکەسە بۆ رۆژاوا، بەڵام سەرینەگرت! ئەو رێککەوتنەی کراو ئیمزاکرا دیسان بەمردوویی لەدایکبوو، چونکە رێککەوتنەکە چۆنییەتی بەشداریی لەئیدارەی هەرێمی رۆژئاواو بەشداریی لە هێزی پاراستنی گەل (یەپەگە)دا نەبوو بەڵکو تەنها رێککەوتنکرا لەسەر چۆنییەتی پێکهێنانی پەرلەمانێکی کاتیی بۆ رۆژئاوا کە ئەویش گرفتی زۆری لەبەردەمدایەو ریوشوێنی پێکهێنان و کارکردنی زۆر زەحمەتە. چونکە حزبەکانی ناو ئەنەکەسە کە زۆربەیان پارتی دروستیکردوون یان هاوکارییان دەکات ریشەی جەماوەرییان نییە یان زۆر لاوازە، هاوکات هێزی چەکدارییان نییە مەگەر ئەو یەکە چەکدارییانە نەبێت کە پارتی لە باشوری کوردستان لە ئاوارەکانی رۆژئاوا دروستیکردووە. هاوکات پەیەدە لەوە تێدەگات هەرچۆنێک دەرگا بەرووی بەشێک لە حزبەکانی رۆژئاوادا بکاتەوە ئەوا دەرگا بەسەر کێشەی دیکە بۆخۆیان دەکەنەوە بەتایبەت لەوە تێدەگەن ساڵانی پێشو پارتی لەرێی ناردنی سوتەمەنی و هەندێک کۆمەکی دیکە لەژێرناوی

ڕێکخراوی خێرخوازی بارزانی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بارودۆخی کوردستانی رۆژئـاوا دروستدەکات کە لـەدۆخێکی ئـابوریی زۆرخراپدا دەژین و رەنگە لەرووی جەماوەرییەوە بکەونە ژێر کاریگەریی ئەم هاوکارییانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق‌و شام چۆن دروستبو؟!



فەرەیدون کونجرینی

داعش و شەهید کردنی(مەشعەت تەمۆ) یەک یادو تێڕوانینە.

سەرەتایەکی ڕوون، ڕۆژی هەینی ٧ - ١٠ - ٢٠١١ چەند چەکدارێک لە شاری قامشلۆ تەقەیان لە مەشعەل تەمۆ گوتەبێژی رەسمی ( رەوتی ئایندەی کورد) و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا کرد و لە ئەنجامدا ئەو سەرکردە چالاکوانە کوردە گیانی سپارد.

ئێمەی کورد ساڵانێک بەدرێژای بونمان وەک نەتەوە ژێردەستەبوین و چەوسێندراوینەوە لە فشاری چوار دەوڵەتدا هێندە تاوانی نامرۆڤانەیان ئەنجامداوە بە جینۆساید هەژماردەکرێت، هاوشێوەی یەک بەسیاسەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کورد کردووە ئاستی دڕەنەیی خۆیان نیشانداوە کەپێکهاتەی یەک سیاسەت و ئامانجیان هەیە و بەردەوامن لە بنەبڕ کردن و سەرکوتکردنی گەلی کورد (ترکیا و ئێران و سوریاو ئێراق)ە، هەروەرزەو بە پلانێک لە هەوڵدابوون کوردستان و نەتەوەی کورد کۆتابکەن.

دوای ئەوەی سەرکۆمار و دیکتاتۆری سەدەی ٢٠ سەدام حسێن هەڵەیەکی نێودەوڵەتی کرد و هێرشی کردە سەر کوەیت، بەسیاسەتە دیکتاتۆریەکەی وایدەزانی دانیشتوانی باکوری وڵاتەکەی کە کودنشینەو بەزۆر لکاوە بە عێراقەوە ناوی نیشتمان و نەتەوەیان لە بیرکردووەو چیتر دوای ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی گوندەکان و کوشتنی سەرکردەو نەمانی چالاکیەکانیان بنەبڕکراوەو ناو و نیشانی خۆیان لەدەستداوە و بیری نەتەوایەتی نەماوە بەو ئاکامەی لەگەڵ کوردا

بەشی دوویەم

ئەنجامی دابوو، هێزەکانی خۆی لە ناوچە کوردیەکان گواستەوە بۆ جەنگی کوایت، جگە لە چەند هەزار ئەفسەرێکی سنور باکوری ئێراق، هیچی لە هێزەکانی نەهێشتەوە بەهۆی دڵنیایی لە بێهێزی چالاکی پارتیزانی و هەمو ئەو جموجۆڵەی کورد ئەنجامی دابو لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا.

بە پێچەوانەوە دەرفەتێکی باش رەخسا بۆ کوردانی باشوری کوردستان و ئامانجی ویستەکانیان بەدەستهێنا و تواندرا دوای ئەوەی ئێراق کوەیتی داگیر کرد لە ساڵی ١٩٩١دا وڵاتانی هاوپەیمان پەلاماری هێزەداگیرکارەکەی ئێراقیدا و تێکشکێندرا، لەڕوی بەرگری کردنەوە ئێراق لاواز بو، نەخشەڕێگای پلانی کوردانی باشور دەستی پێکردو بڕیاردرا ڕاپەڕینی سەرتاسەری ئەنجام بدرێت و خواستەکانیان بەدی بێنن و هەرێمێک دابمەزرێنن کە تا ئێستا بەردەوامەو دژی سیستەمی دیکتاتۆری کاری کردوە لەسەر ئاستی جیهان متمانەی نێودەوڵەتی پێ بەخشراوە.

دوای ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ جەنگی دژە تیرۆر دەستی پێکرد، هەرێمی کوردستان چۆن دژ بە دیکتاتۆری هاتە ناو کایەی سیاسی نێودەوڵەتیەوە لە جەنگی دژە تیرۆریشدا تا ئەم ساتەوەختە هەنگاوی باشی ناوە، باشتر بۆ هاوکاری و پێکەوە کارکردن، پشتیوانی جیهانی کردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆرست و گروپە توندڕەوەکان و تواندراوە خۆیان لە قوژبنێکی سیاسەتی ئەمریکاو جیهان بەگشتی جێبکەنەوە متمانەی ئەو ئەرکەیان بەدەست هێناوەو توانیویانە هەنگاوی خۆناساندنیان لەم چەند وشە ڕیزکراوە وەک نەتەوە هاوپەیمانبن.

بەهۆی هێرشەکانی گروپە توندڕەوەکانەوە باشتر لە ڕابوردو تا بەهاری ئەرەبی و جەنگی ناوخۆی سوریاو لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش پەیوەندیە جیهانی و هاوکاریەکانیان پێکەوە گرێبەستکردو کاری مرۆیی دەکەن بۆ بەرژەوەندی گشتی.. داعش

بەڵێ لەگەڵ سەرهەڵدانی چالاکی بەهاری ئەرەبی دوای وڵاتی (تونس) لە سوریا جموجۆڵی مەدەنی دژ بە رژێمی بەشار ئەسەد دەستی پێکرد و هەنگاونانی ئەم ئامانجەی لێکەوتەوە کە بەرهەمەکەی (داعشە) بۆتە مەترسی هەمو جیهان و ئایندەیان، پوچەڵکردنەوەیانە.

## گەڕانەوە بۆ سەرتای وتار

بڕیار بو مەشعەل تەمۆ بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، کۆبونەوەکان لە ساڵی ٢٠١١ دا لە ترکیا ئەنجام



سەرچاوە Serchawe

دەدرا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێک بە هەماهەنگی لایەنە کانی سوریا تا ڕوخان و نەمانی حوکمی بەشار ئەسەرد کۆتا بکەن و دەوڵەتێکی فرە پارت و پەرلەمانێکی فرەلایەن دابمەزرێنن، لەناویاندا رێکخراوێکی ئیسلامی تێدابوو هەرچەندە خۆیان نەناساندبو کە زۆرینەی ئەندامەکانی ئەو گروپە ئیسلامیە بەشداربون لە سەرجەم کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە لە ترکیا ئەنجام دەدرا یەکێک لەوان ئەبو بەکر بەغدادی بووە.

لەم جەنگەداو دوای هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و شەڕی دژ بە کورد ترکیاو ئەڵمانیا لە کۆتایی مانگی هەشتی ٢٠١٤ دا ئاشکرایان کرد کە ساڵی ٢٠١١ کاتی رێکستنی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هاوکاری مادی کراون زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا پشتیوانیان لێکردون بۆ ڕوخانی دەوڵەتی سوریاوەبەست لە نەمانی بەشار ئەسەد، سەرجەم ئەو هاوکاریانە بۆ گروپە ئیسلامیەکان مایەوەو خۆیان پێ ڕێک خست دوای شکستی ئەنجومەنکە لە ترکیا.

رۆژی هەینی ٢٠١١ - ١٠ - ٧ بڕیاربوو مەشعەت تەمۆ لە کۆبونەوەی ئەنجومەندا بەشداربێت لە وڵاتی ترکیا ئەو دیاری کراوە بڕیاربو بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ بە ڕێگای قاچاخدا بگاتە شوێنی مەبەست لە ترکیا، بەڵام بەداخەوە لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری قامیشلۆ کۆمەڵێک چەکدار دەسرێژیان لێ کردو شەهید کرا.

ئێوارەی هەمان رۆژ ٢٠١١ - ١٠ - ٧ کۆبونەوەی ئەنجومەن دەستی پێکرد و باس لە گرنگترین ئەندام کرا، ئەندامەکانی ناو ئەنجومەن زۆرینەیان دانیشتوی دەرەوەی وڵاتی سوریابون سەرەتا باس لە شەهید کردنی سەرۆکی دیاری کراوی ئەنجومەنەکە مەشعەت تەمۆ کرا کە چەند چەکدارێک شەهیدیان کردووە لە ڕۆژئاوای کوردستان شاری قامیشلۆ و کۆبونەوەکە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە بڕیارەکان و دواخرا بۆ ڕۆژێکی دیاری نەکراو، بەڕێوەبەری ئەنجون ئاماژەی بەوەکرد هۆکاری بەشدار نەبونی بەرەی نوسرە لەم کۆبونەوەدا چیە دوای ئەوەی ئاگار کراونەتەوە و بەشدار نەبون، ئەندامێکی لایەنی ئیسلامی لە ئەنجومەندا دەڵێت ئەوانە گێرە شێوێنن و بەناوی ئیسلامەوە ئامانجێکی تایبەت بەخۆیان هەیە هەمان کەس کە یەکێکە لەو گروپە ئیسلامیەیی بەناوی، الله رسول محمد خۆیان ناساندبوو پێشنیاری ئەوەی کرد کە هەمو لایەکمان بگەڕێینەوە سوریاو لە ناوچە جیاجیاکاندا دەست بکەین بە چالاکی و گروپ گروپ پێکەوە بجەنگین دژ بە حکومەتی سوریا، پێشنیارەکەی جێی خۆی گرت و بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تا ئەم ساتەوەختە ئەندامەکانی ئەنجومەن بەشدار نەبونەتەوە لە کۆبونەوەی لەو جۆرە، لە ژێر ناوی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

لەدوای گەڕانەوەی زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە ناوەراستی مانگی ١٠ی ٢٠١١دا بۆ وڵاتی سوریا پەیوەندی دروست



سەرچاوە
Serchawe

بوو شوێنیان لەناو خۆیاندا پێ دەزاندرا بەر لەوەی دابمەزرێن لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستکرا بە تیرۆر کردنی ئەو کەسانەی گەڕابونەوە سوریا تیرۆر کردنیان بووە تۆقاندن و سەرکوتکردنی ئەوانەی بەنیازی خەباتی مەدەنی بوون دژ بە حکومەتی بەشار ئەسەد.

لایەنێکی بەهێز مایەوە لە ناوچەکەدا کە نەیدەتوانی بەشداربێت لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریادا کە لە ترکیا دەبەسترا، ئەو لایەنەش کوردی بوو(پەکەکە و یەپەگە)

لایەنی هەبوی ئەم پلانە لە ناوچەکەدا ئیسلامیەکان بون! واتە ئیسلامیەکان لە سەرەتای نەخشە ڕێگای ئەنجومەنەوە بۆیان ئاشکرابوو کێن ئەوانەی لە جەنگی دژ بە حکومەتی سوریا شەڕ دەکەن خۆیان بەمجۆرە جێ کردەوە و بونە زلە هێزی ناچەکە.

گروپە ئیسلامیەکان بە ئاڵای (لاالە الاالله،الله رسول محمد) هێرشیان کردە سەر چەکدارانی کوردو زەبری کوشندەیان لێدان، لەم دەنگدانەوەیاندا خۆیان ناساند بە دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق - شام لەئاکامدا شەڕێکی زۆر خوێناوی لە نێوان داعش و کوردانی ڕۆژ ئاواو بەرەی نوسرە هاتە ئاراوە، لەئەنجامی ئەم شەڕ و پێکدادانەی نێوانیان داعش توانی سەرکەوتن بەسەر بەرەی نوسرە بهێنێت، دوای ئەم شەڕ و پێکدادانە داعش توانی چەند شارۆچکەیەکی نێوان سوریا و عێراق کۆنترۆڵ بکات کە پێشوتر لەژێر کۆنترۆڵی بەرەی نوسرەدا بوو، لەدوای ئەم گۆرانکاریانە داعش توانی ڕومادی و فەلوجە بکاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەدوای ئەمانەش وەک دەزانرێت موسڵیان کۆنترۆڵ کرد.

داعش گروپێکی تیرۆرست و یاخین ئەم گروپە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان کردە فەرمان بەو وەرگێڕانەی خۆیان بۆی دەکەن دەستیان کرد بە هێرشی بەرفراوان دژ بە کوردانی ڕۆژئاواو دەسەڵاتی سوریا و لەم ساڵی ٢٠١٤ دا ئێراقی گرتەوەو ڕوبەڕوی گەلی کورد شەڕدەکات.

ئەوەی لەم جەنگەدا زۆر کرنگترە هەوڵی بۆ بدرێت پێکەوە کارکردن و دەست لەناو دەستی کوردە کە ئامانجی هاوڕابون و کارکردنیان پەیوەستە بە سەرکردایەتی کوردەوە، دەبێت یەکریزبن، ئەرکە لە ئێستادا کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی تۆکمە تر بکەین بۆ داهاتو، تا ئامانجە نیشتمانیەکانمان بەدەست بێنین گەلی کورد یەکەمین و سەرکەوتوترین پاڵەوانی جیهانە کە دژی تیرۆر دەجەنگێت بۆ لەناوبردن و گەڕانەوەی ئارامی و سەقام گیری جیهان.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی دوویەم

ماوەی پتر لە ٢٣ ساڵە هەرێمی کوردستان ئازاد کراوەو کورد لە بەردەستە کردن و گەڕانەوەی مافەکانی خۆیدایە، لە هەمان کاتدا لەنێو خۆیاندا ململانێی سیاسی حیزبی دەکەن لە پێناو داهات و دەرماڵەی هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی. ساڵانێکی زیاتر لە پێنج ساڵ شەڕی ناوخۆیان کرد لەپێناو دەسەڵاتدا و شەڕی ناوخۆیان ئەنجامدا دژ بەیەکتری پتر لە ٣٣ هەزار پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنی کوژران و ژمارەیەکی یەکجار زۆر دیارنەماون و بێسەرو شوێنن جەنگی ناوخۆ کۆتایی هات و چەکەکانیان زامن کرد، بەڵام لەلایەکی ترەوە جەنگێکی تر سەری هەڵداوەو تا ئێستاش بەردەوامە و خەڵکی ناوچەکە نیگەرانن لەم جنگە سیاسیەیی هەیە لەنێوان سەرکردەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیا داعش دەبووژێنێتەوەو شارەکانی سنووریش ماڵی موجاهیدەکانن



داریوس ئەلدەرویش

تاوانی تورکیا بەیارمەتیدانی (داعش) و کۆمەڵە جیهادییەکانی دیکە بەرپرسیارانی تورکیای بێزار کردووە، تا ئەو ڕادەیەی وەڵامی ئەوان هەمیشە خێراو توندەو داوای بەڵگەو سەلماندنی ئەم توشبوونە دەکەن‌و ئەگەر واش نەکەن بێگومان ئەو کەسانەی کە تورکیا تاوانبار دەکەن «خائینن».

بەپێی قسەکانی ئەردۆغان، هەرچەندە زۆر پرسی ڕۆژنامەوانی‌و زانیاری دەربارەی ئەم تاوانبارکردنە هەیە. بەڵام خۆرئاوا دەیەوێت بەڵگەی هەواڵگریی هەبێت‌و هەربۆیەش دەست دەپارێزن لەئاشکراکردنیان، لەوانەشە بۆ ئەوەبێت کە ناتۆ سەغڵەت نەکەن لەئاڕاستەکردنی ئەو نامەیەی کە (نابێت تورکیا ئەم سیاسەتە درێژەی هەبێت).

بەپێی وتەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا. ڕاپۆرتە میدیایەکانی خۆرئاوا باسی ژمارەی جیهادییە بیانییەکان لەسوریا دەکەن‌و زۆربەشیان دڵنیایی لەبوونی جیهادییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکەنەوە.

ئەو ڕاپۆرتەی کە واشنتۆن پۆست دەربارەی ئەو ژمارانە بڵاویکردۆتەوە دەڵێت تونس لەپێشەوەی هەموو وڵاتانەو ژمارەی جیهادییەکانیان لەسوریا نزیک دەبێتەوە لە ٣٠٠٠، بەڵام دەیخاتە ئاستی ئەمریکاو هەندێک دەوڵەتی ئەوروپا کە هەریەکەیان نزیکەی ٤٠٠ موجاهیدیان لەسوریایە.

بەڵام، ئایا دەتوانین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی تورکیای وەکو (میللییەت) و (جمهوریەت) فەرامۆش بکەین کە باسی ٣٠٠٠ هەزار موجاهیدی تورکیا دەکەن کە بەسەر داعش‌و بەرەی نوسرەدا دابەشبوون؟ یان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا لەبیربەینەوە کە

ئاماژە بۆ ژمارەی ١٠٠٠ تا ٣٠٠٠ موجاهید دەکەن؟

لەئەنجامی ئەو زانیاریانەی کە دەستی رۆژنامەی ئەلحەیات کەوتووەو لەلایەن ئەو رۆژنامەوانانەوە کە لەنزیک کۆبانیو سەرێکانی لەجەنگی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لەدژی داعش دەست کەوتوون، باس لەبوونێکی بەهێزی تورکیا دەکەن لەم جەنگانەو کۆمەڵە جیهادییەکان لەژێر فەرمانی سەرکردە تورکەکانی داعشدا دەجەنگنو لەئەنجامی ئەو زانیاریانەی کە لەدزەکردنی پەیوەندییە بێسیمەکانی داعشەوە پەیدابوون باس لەو تورکانە دەکەن کە سەرکردایەتی پرۆسە سەربازییەکان دەکەن، ئەمانەش سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری وێنەی ئەو ناسنامە تورکیانەی کە لەگیرفانی دیلو کوژراوەکانی داعشدا دەستی پێشمەرگەو یەپەگە کەوتوون.

ئەگەر تەماشایەکی خێرای بابەتەکانی ناو رۆژنامە ئۆپۆزسیۆنە تورکییەکان بکەین، وەڵامی پرسیاری پەیداکردنی جەنگاوەرانی داعش لەتورکیامان دەست دەکەوێت. رۆژنامەی (تودەیس زەمانی) ئینگلیزی لەتورکیا لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی چالاکییە بانگخوازیەکانی هەندێک لەرێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان بڵاوکردۆتەوە، یەکێک لەو رێکخراوانە بەناوی hisader ئاڵاکەی لەئاڵاکەی داعش دەچێت. بەڕێوەبەری رێکخراوەکە وتویەتی کە ئەم ئاڵایە هەمان ئاڵای کۆنی ئیسلامییە کە لەماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابردوودا هەبووەو هیچ پەیوەندییەکی بەداعشەوە نیە. بەڵام خۆی دزیەوە لەو راپۆرتانەی کە لە (حوریەت) دا بڵاوبوونەتەوە کە تووڕەییو پەلاماری هەندێک لەو خێزانانەی باسکردبوو کە کوڕەکانیان لەلایەن ئەم رێکخراوە کراون بەچەکدارو ڕەوانەی داعش کراون لەسوریا.

رۆژنامەوان (ئەفازل فورات) کە زۆرجار لەسەر ئەم بابەتە کاریکردووە دەڵێت: «نزیکەی ٤٠ ساڵ دەبێت کۆمەڵە یارمەتیدەرەکانی جیهاد لەتورکیا کاردەکەنو بەنهێنیو پەیگیری لەم مەیدانەدا چالاک بوون، خەڵک ناتوانێ بەئاشکرا کەسەکان ببینێو لەخەڵک جیاجیان بکەنەوە. ئەوان تەنها لەڤیدیۆکانی سەر یوتیوبو سایتە تایبەتیەکاندا دەرئەکەون».

دواتریش دەڵێ «لەئەستانبولو دیاربەکرو ئەدەنەو زیاتر لە ٢٥ شاری دیکەشدا خاوەنی خوێندنگای نارەسمین، و لەوێ «خۆبەخشە»کان فێری جیهادو مردن لەڕێگای خوداو بەهەشت دەکەن. لەهەفتەیەکدا سێ رۆژ بەتەواوی دەرسیان پێدەڵێنو راهێنانیان فێردەکەنو ساڵانە ٥٠ هەتا ١٠٠ لاو دەنێرن بۆ ناوچەکانی جەنگ لەئەفغانستانو سوریاو چیچان».

### دۆزینەوەکە تەواو نهێنی نییە

دۆزینەوەو ئامادەکردنی جەنگاوەرە جیهادییەکان لەتوریکا بەتەواوی نهێنی نییە، هەر ئەم رۆژنامەوانە دەڵێت: «تورکیا

بەپارە هاوکاریان ناکاتو لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانیشەوە ناسراون، بەڵام چاویان لێدەپۆشن. ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە دەیان شوێنی چاپو بڵاوکردنەوەیان هەیە، لەدەیان پێگەو سایتی ئەلکترۆنیدا فیدیۆ سازکراوەکانیان پەخش دەکەن.

پاشان دەڵێت: «سەرۆک یان گەورەکەیان لەناوچەی باجلاری ئەستانبول نووسینگەی هەیە بەناوی (حەنزەڵە)و شوێنو زانیارییەکانی ئەم نووسینگەیەش لەلایەن موخابەراتەوە زانراون، بەڵام چاوپۆشیان لێدەکەن. پێش ماوەیەک ئەو بەڕێوەبەرەیان گرت، بەڵام دوایی ئازادیان کرد. ئەم کەسە لەلایەن موخابەراتەوە بە «باوکی حەنزەلە» ناسراوە. کەسانی دیکەشیان لێدەگیرێتو بەڵام دوایی ئازاد دەکرێن، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە ڕاستیەکە لەخەڵک بشارنەوە تەنانەت کەسێکیان ئازادکرد کە دەبوایە دادگایی بکرایە. لەلایەکی دیکەشەوە، لەتورکیا هەندێک ماڵ و جێگە هەن کە بە«ماڵی موجاهیدین» ناسراونو گوایە بەنهێنی کار دەکەن».

یەکێک لەو ڕۆژنامەوانانەی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، کاری زۆری کردبوو لەسەر مەسەلەی جیهادییەکانو دەڵێت: هەر ماڵێک ١٥ جیهادی تێدایە کە لەوڵاتانی وەکو لیبیاو تونسو ئەوروپاوە هاتوون یان لەسوریاوە هاتوون یان دەچن بۆ سوریا، ماوەیەک لەوێ بەسەردەبەنو پاشان دەیانبەن بۆ سوریا.

لەبارەی ئەم ماڵانەوە ڕاپۆرتی زۆری ڕۆژنامەوانی ئامادەکراونو لەناویشیاندا ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانێکی دانیمارکییە کە هاوڕێی جیهادییەکان بوو کە لە دانیمارکەوە هاتبوون.

سنووری سوریاو تورکیاش بووەتە شوێنی باسوخواسی ڕاگەیاندن بۆ ئاسانکردنی پەڕینەوەی چەکدارانی داعش. لەم شەڕانەی دواییدا لە کۆبانی کەناڵی IMC ی تورکی لەپەخشی ڕاستەوخۆدا لەسنووری نێوان کۆبانیو تورکیا پەڕینەوەی چەکدارانی پیشاندا کە دەیوت چەکداری داعش بوون. لەڤیدیۆی ئەم کەناڵەدا پەڕینەوەی ئەو چەکدارانە لەهێڵی ئاسنی نێوان هەردوو وڵات پیشاندا لەکۆبانیو جەنگی نێوان هەردولاشی پەخش کرد کە یەکینەکانی پاراستنی گەل تەقەیان لێدەکات.

ئەم زانیاریو تاوانانە دەگاتە شوێنێک کە ڕۆژنامەی (ئایدنلک) لەگەڵ یەکێک لەچەکدارانی داعش چاوپێکەوتنی سازدابوو کاتێک بۆ چارەسەر چوو بوو بۆ ئەنکەرە، لەوێشدا سوپاسی تورکیا دەکات بۆ یارمەتیو ئاسانکاری پەڕینەوەیان بۆ سوریاو عێراق، «ئەگەر ئاسانکاری تورکیا نەبوایە بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی نەیدەتوانی بەم ڕەوشە بگات».

ڕۆژنامەوانی تورکی شارەزا «قەدری گۆرسیل» تورکیای بە «ئۆتۆسترادی موجاهیدین» ناوبردووە، چونکە ئاسانکاریو

خزمەتەکانی تورکیا پەڕینەوەی ئەوانی خێراترکردووە. چارەسەری داعشەکان لەنەخۆشخانەکان بۆتە پرسێکی دیکەی تورکیاو قسەی یەکێک لەژنە پەرستارەکان لەشاری مێرسین ڕای گشتی هەژان. ئەم پەرستارە سکاڵایەکی داوە بەپارلەمانو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسو لەوێدا دەڵێ ئەو نەخۆشخانەیەی ئەو کاری لێدەکات چارەسەری زۆرێک لەخەڵکی ئاوارەی سوریای کردووە، بەڵام لەم دواییەدا سەرنجمداوە کە زۆربەی ئەوانەی چارەسەریان بۆدەکرێت داعش بوون. پاشان دەڵێت: «منو هاوڕێکانم زۆرمان پێناخۆشە کە چارەسەری ئەو کەسانە دەکەین کە سەری خەڵک دەبڕن. ئەو کەسانەش کە بۆ چارەسەر دەهێنرێن بەناوی خوازراوەوە دێن. بەڵام سەرەنجام زانیاریمان دەستکەوت کە یەکێک لەسەرکردەکانی داعش بەناوی (محەمەد عەلی) لەرۆژی ٧ی ئۆگەستدا بەژووری ٣٢٣ بوو.

زۆرێک لەپاسەوانەکانی ئەو سەرکردە داعشە چواردەوری نەخۆشخانەکەیان دابوو، بەڵام لەم سکاڵایەدا ناوی نەخۆشخانەکەی مێرسین مان دەست نەکەوت. ئەندامانی پارتی گەلی کۆماری ئۆپۆزسیۆن هەندێک وێنەیان لەپارلەمان پیشاندا کە کەسێک بەناوی (ئەبو محەممەد) کە سەرکردەیەکی داعشەو لەنەخۆشخانەیەکی ئەنتاکیا چارەسەر دەکرێت.

### مەسەلەی چارەسەرکردنەکەی دەرخست

جەنگەکانی کۆبانی مەسەلەی چارەسەری داعشەکانی لەنەخۆشخانەکانی تورکیا زیاتر دەرخست. چالاکوانە کوردەکان لەپێگەکانی فەیسبووکو تویتەردا ناوی هەندێک لەو نەخۆشخانانەیان بڵاوکردۆتەوە کە برینداەرکانی داعش چارەسەر دەکەن. بەڵام بەهۆی ڕێوشوێنی ئاسایشەوە نەمانتوانی دڵنیابین لەراستی ئەم نەخۆشخانانە.

هەوڵی زۆرێک لەرۆژنامەوانەکانی بۆ وێنەگرتنی نەخۆشخانەیەک لەشاری ئۆرفە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەو نەخۆشخانەیە پەسەند نەکراو ئەمەش گومانەکانی زیاتر کرد، چونکە هەندێک لەژوورەکان پاسەوانی توندی ئاسایشیان لەسەرە.

پێوەرە دووڕوەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیاش نکۆلی لەم هەواڵانە نەکرد، بەڵکو دەڵێت ناتوانین چارەسەری خەڵک نەکەینو ئەرکی مرۆیی خۆمان جێبەجێ نەکەینو کارمان بەسەر ئەوەنییە کە نەخۆشەکان کێن. هەرچەندە لەرووی تیۆریو پزیشکییەوە ئەم داوەرییە ڕاستە، بەڵام بۆچی ڕێگا دەدەن بەو جیهادیانە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سوریا.

پەرستارەکەی مێرسین لەگەڵ رۆژنامەی (تەرەف)ی ئۆپۆزسیۆنی چەپڕەو دەڵێ: «ئەوان ڕێگا بەو کەسانە دەدەن لەدوای چارەسەر بگەڕێنەوە سوریا، بەڵام ئەندامە مەدەنیەکانی بەڕێوەبەریتی خۆسەری کانتۆنەکانی کوردس سوریا دەگرن».

### تورکەکان لەناو داعشدا

بێگومان تورکیا تاکە دەوڵەت نییە کە هاووڵاتیانی پەیوەندییان بەداعشەوە کردووە. بەڵام ئەم بوونە هەندێک جیاوازی لەوانی دیکە هەیە.

ڕۆژنامەوانی تورکی (ر.س) دەڵێ: «جەنگاوەرە تورکییەکان ئەوانە بوون کە شارەزا بوون لەقەناسەداو داعشیشی لەشەڕی سەریٚ کانیدا وەگەڕیخستن. هەندێک شتی تۆمارکراو هەن دەیسەلمێنن کە ئەوان سەرکردایەتی شەڕەکانی لادێکانی سەریٚ کانیان کردووە. تورکەکان زیاتر لەسەرکردایەتی جەنگەکانی داعشدا هەن‌و لەوانەدا نین کە خۆیان دەتەقێننەوە.

لەعێراق لەنێوان ۳ ئەیلول‌و و ١٤ تشرینی یەکەمدا، لەنێوان ١٣ لەو خۆکوژانە تەنها دوانیان تورکن، ئەوانی دیکەیان عەرەبن. ئەوانەش کە لەکۆبانی‌و حەسەکە لەمانگی تشرینی یەکەمدا خۆیان تەقاندۆتەوە کە سیانیان تورک نەبوون.

لەوێش نۆ کەس خۆیان تەقاندەوە کە تورکیان تێدا نەبوو.

ئەفازل فورات هەندێک لایەنی دیکەش دەبینێ لەپەیوەندی تورکیاو تیرۆریستانی ئیسلامیدا: «ماوەی ٤٠ ساڵ دەبێت حکومەت چاویان لێدەپۆشێ‌و هەرچەندە پارمەتیان نادات، بەڵام دوژمنایەتیشیان ناکات. هەندێکجار کەسێک یان زیاتریان لێدەگرن لێدەگرن بەڵام دوایی ئازادیان دەکەن. بڕوام وایە موخابەراتی تورکی دەیەوێت ئەوان لەدەستی خۆیدا بن، چونکە ئەوان کاری خراپ بەرامبەر ڕەوشی ئاسایشی تورکیا ناکەن. بەم شێوەیە موخابەرات هەم چاودێریان دەکات‌و هەم کۆنترۆڵیشیان دەکات.

**ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا پرسێکی دیکەی هەستیار دەروژێنن، ئەویش فرۆشتنی نەوتی داعشە لەتورکیا.**

نوێنەری شاری هاتای (ئەنتاکیا) لەسەر لیستی پارتی گەلی کۆماری لەپارلەمان باس لەبوونی بۆری نەوتی داعش دەکەن لەتورکیا لەنێوان دێهاتەکانی شارەکانی هاتای‌و ئورفەو کلس. ئەو ٨٠٠ ملیۆن دۆلارەی کە داعش لەنەوت دەستی کەوتووە لەو ناوچانەدا بووە.

جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس لێدوانێکی وەکو ئەمەی داوە کە

«داعش بەفرۆشتنی نەوتو بەرێگای ناشەرعی پارە پەیدا ناکات لەتورکیاو لوبنان».

وەڵامی حکومەتی تورکیا لەسەر زمانی وەزیری وزەیان دەڵێ: «حکومەتەکەی گرێبەستی نەوتیان لەگەڵ ١٣ دەوڵەت هەیەو داعش هیچکام لەوان نییە.» بەڵام باسی فرۆشتنی ناشەرعی نەوتی نەکردووە لەناو خاکی تورکیا یان بەهۆی قاچاخچییەکانەوە، گرنگ ئەوەیە نەوت بگاتە تورکیا.


سەرچاوە: الحياة، ٣٠ ئۆکتوبری ٢٠١٤

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئەکرەمی میهرداد

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

## هەریسەی نەوت، کێ خێری لەداعش بینی؟



زاگرۆس رێباز

داعش هێشتا هەناسەدەدات، تورکیا هەروا تەماشای دەکات، هاوپەیمانێتیی رۆژئاواییەکان لەجوڵەدایە، کورد رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزدەکاتەوەو عیراقیش دەیەوێ نە شیشی ئەمریکی بسوتی و نە کەبابی ئێرانی. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵەوە نرخی نەوتی خاو بەرێژەی ٢٠% دابەزیوە، ئەم رێژەیەش داهاتی ساڵانەی ناخاڵسی جیهان بەرێژەی ٠,٥-١,٥% دەگۆڕێت. دابەزینی نرخی نەوت لە قازانجی خەزێنەی هەندێکە لەسەر حسابی گیرفانی هەندێکی دیکە و ئەم سوودوزیانە لەهەر فاکتەرێکی دیکە زیاتر جدیەتی هاوپەیمانان لەسەر سڕینەوەی داعش لەسەر نەخشە دیاریدەکات.

دابەزینی نرخی نەوت بەرادەیەکی زۆر سەری ئەو وڵاتانە دێنێتەئێش کە تەواوی داهاتیان لەسەر بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتە. ئەم سەرێشەیە وڵاتی سعودیەی ناچارکرد وەک هەوڵێک بۆ رێگرتن لەدابەزینی زیاتری نرخی نەوت قەبارەی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت لە ١٠ ملیۆن بەرمیلەوە کەمبکاتەوە بۆ ٩,٦ ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەم هەوڵە شکستی پێهێنرا کاتێک یەکسەر چەند وڵاتێکی دیکەی ناو ئۆپیک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزکردەوە (هەرێمی کوردستانیش هەمان موژدەی دایە رۆژئاوا کە لەناوەڕاستی ٢٠١٥ رێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی دەگەیەنێتە نیوملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا) و بەمەش دۆستانی خۆرئاوا لەناو ئۆپیک ئاستی هەناردەکردنی نەوتی رۆژانەی ئۆپیکیان لە٣١ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکداوەک خۆی هێشتەوە.

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ لەدژی هێزی تیرۆر بەردەوامە. سعودیە، گەورەترین هەناردەکەری نەوت لەجیهان بەهۆی پێشڕەوی حوسیەکانی یەمەن تووشی نائارامی بووەو لەلێدانی داعشیش تێوەگلێنردراوە، ئێران دووەم هەناردەکەری نەوت تووشی شەڕێکی ناراستەوخۆ بووە لەهەردوو وڵاتی عیراق و سوریا، روسیای سێیەم گەورەترین هەناردەکەری نەوت لەجیهان

هێشتا گرفتاری قەیرانی ئۆکراینەو دڵێکیشی لای رژێمی سوریای هاوپەیمانیەتی کە لەدۆخێکی خراپدایە، هەریەک لەعیراق و نایجیریاش کە پنجەم و شەشەم گەورەترین هەناردەکەری نەوتن لەجیهان بەدەست داعش و بۆکۆحەرامەوە لەرووی ئاسایش و ئابووریەوە ئیفلیجن. جگە لەم گرفتاریانەی بەرۆکی گەورەترین وڵاتانی هەناردەکەری نەوتیان گرتووە، لەدیوانی ئابووریاندا دابەزینی نرخی نەوت بۆتە دڵتەزێنترین هەواڵیساڵ و بوونەتە گەورەترین دۆڕاوەکانی گەمەی نرخی نەوتی خاو.

لەبەرامبەردا، براوە گەورەکانی گەمەکە بریتین لە گەورەترین وڵاتە هاوردەکارەکانی نەوت و خودی (ئابووری جیهان). بەپێی داتاکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بەگشتی لەرۆژێکدا ٩٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لەسەرانسەی جیهان بەرهەمدێت، کە ئەگەر نرخی نەوت ١١٥ دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێک (وەک چاوەڕواندەکرا) بەهای مامەڵەی نەوت لەساڵێکدا بریتی دەبوو لە ٣,٨ ترلیۆن دۆلار. بەڵام کاتێک نرخی بەرمیلێک نەوت دابەزێتە سەر ٨٥ دۆلار (کە ئێستا دابەزیوە بۆ ٧٨ دۆلار)، بەهای مامەڵەی نەوتیش دادەبەزێتە سەر ٢,٨ ترلیۆن دۆلار. ئەو "یەک ترلیۆن" دۆلار جیاوازیەی بەهای نەوتی خاو لەساڵێکدا لەگیرفانی وڵاتانی بەرهەمهێنەرو هەناردەکەرەوە دەچێتە ناو گیرفانی وڵاتانی هاوردەکەر و بەکاربەر، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا و چین.

لەراپۆرتێکی گۆڤاری (کوارتز)دا ئاماژەبەوەدراوە کە دابەزینی نرخی نەوت بەپلەی سەرەکی دەچێتە خانەی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی هەر یەک لەوڵاتانی ئەمریکاو چین و ئۆکراین و پۆلەنداو ئەڵمانیاو کۆریای باشوورو ژاپۆن، کە حاڵی حازر پێنج لەم وڵاتانە هاوپەیمانی ئەمریکان لەشەڕی دژی تیرۆر، شەشەمیشیان (چین) لەناو هاوپەیمانێتیەکەی ئەمریکا دایە لەدژی داعش. لەکاتێکدا هاتنی داعش بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و دابەزینی نرخی نەوتیش خێرێکی باشی بۆ ئەم وڵاتانە تێدایە، هەر ئەم وڵاتانەش خاوەنداریێتیی ئەو بەرە سەربازیە دەکەن کە بۆ لەناوبردنی داعش هیوایان لەسەر هەڵچنراوە.

بە نموونە، گۆڤاری ئیکۆنۆمیست سەرەتای ئەم مانگە لەراپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە "چین کەدوای ئەمریکا گەورەترین هاوردەکاری نەوتە لەجیهان بەدابەزینی هەر دۆلارێک لەنرخی یەک بەرمیل نەوتی خاو لەبودجەی ساڵانەیدا ٢,١ ملیارد دۆلاری بۆ گەڕاوەتەوە". ئەمە بەو مانایەدێت کە دابەزینی نرخی نەوت لەمانگی شەشی ئەمساڵەوە تا ئێستا زیاتر لە ٦٠ ملیارد دۆلاری لەبودجەی تەرخانکراو بۆ کڕینی نەوت گەڕاندۆتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی چین کە "سوپاسنامەیەک قەرزاری داعشە".

## بەشی دوویەم

بە پێچەوانەی بۆچوونی باوی شەقام، هاتنی داعش خێرێکی زۆری بۆ هەندێ وڵات تێدابوو کە بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشەی داعش هیوایان لەسەر هەڵچنراوە. لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە کاریگەریەکانی دابەزینی نرخی نەوتی خاو کە لە گۆڤارە ئابووریە دیارەکانی جیهان بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوەدەدەن کە براوەی سەرەکیی دابەزینی نرخی نەوت ئەو وڵاتانەن کە نەوت دەکڕن و زەرەمەندە سەرەکیەکانیش ئەوانەن کە نەوت دەفرۆشن. بەلەجیاتی دانان،براوەی سەرەکیی پێشڕەویەکانی داعش کە بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و هەژاندنی ئابووریی وڵاتانی روسیا و ئێران و عیراق و پادشاکانی کەنداو بریتین لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپاو ئاسیای دوور.

لەکاتێکدا لەمیدیای ناوخۆ و جیهانیشدا وا دەردەکەوێت شەڕ دژی تیرۆر بە ڕەهایی و تەواوی لە پێناو مرۆڤایەتی و دیموکراسی و ڕێگرتنە لەتراژیدیای نوێ دەرهەق بەکورد، شارەزایانی مارکێتی وزە نەیانشاردۆتەوە کە نرخی نەوت کارتی بردنەوەی گەمە سیاسیەکانە. ئەم راستیە هەموو ئەو دروشمە عاتیفی و رووکەشانە دەباتەژێر پرسیار کە لەبەڵێنەکانی رۆژئاواوە سەرچاوەدەگرن گوایە دەیانەوێ گەلانی ناوچەکە ببەنە ناو بەهەشتی دیموکراسی و ئازادی و سەربەخۆییەوە. بۆیە کاتێک باس لە پشتیوانیی رۆژئاوا دەکرێت بۆ سەربەخۆیی زیاتری هەرێمی کوردستان لەمەلەفی فرۆشتنی نەوتدا (کە هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ ئەم بانگەشەیە دیارنیە) دەبێ ئەو بەڵێنە لەچوارچێوەی بەرژەوندیی ئابووری و سیاسیی رۆژئاواوە تەماشابکرێت نەک رەوایی دۆزی کوردو تراژیدیا و نەهامەتیەکانی گەلانی ناوچەکە. ئەمەش هاوکات بەرپرسیارێتیی هەرێمی کوردستان زەقتر دەکاتەوە لە دارِشتنی ستراتیجێکی زیرەکانە لەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی نەوت (لەناوخۆ) و بازاڕی نەوت (لەدەرەوە)، چونکە لەراستیدا شینەکە بۆ هەریسەی نەوتە.

سەرچاوە: ماڵپەری هاوڵاتی - رێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe